# ڕامان RAMAN

165

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی پازدە/ شوباتی ٢٠١١

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 4494662 - 003248
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەڕۆکی ڕامان

● **سەروتار**


– کولتوور و نەریتی خوێندنەوە/ سەرنووسەر/ 3


● **دەق**


– کەنداوی فریشتە/ لەیلا سالْحی/ 5
– سروودی زەوی/ سەباح ڕەنجدەر/ 8
– سەردولکەکانی دایکم/ محەمەد باوەکر/ 12
– بەسە دەلالا من/ کالیْ قوردیسی/ 14
– پەیامی دوورگەی چۆلْ و هۆلْ/ لە فەڕەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 15
– دەستێک لە بەهەشت/ جەبار جەمال غەریب/ 19
– دوا کسپەی زامێکی بەردین/ سەعید سلێمانی/ 38
– نەعلەتا کووچکان/ ردڤان قەرەئاسلان/ 42
– جنۆکە/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 47


● **هەڤپەیڤین**


– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەلْ ڕێزدار (ئەحمەدی قازی)ی نووسەر و وەرگێڕ/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 52


● **ڕەخنە و لێکۆلْینەوە**


– ڕاڤەی هێرمنۆتیکی چامەیەکی مەولەوی/ عادلْ محەمەدپوور/ 66
– میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە لێکۆلْینەوەی ئەدەبیدا/ ڕێبین خەلیلْ قادر/ 73
– ڕەنگدانەوەی دیاردەی چینایەتی لە پەندی کوردیدا/ د. عادل گەرمیانی/ 80


● **هزر و فەلسەفە**


– پرۆلیگۆمینا: چەند پێشەکییەک بۆ هەر میتافیزیکێکی دواڕۆژ/ لە ئەلْمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 92
– چۆن لە جەستە تێبگەین..؟/ پێشڕەو عەبدوللاّ/ 108


● **بیرەوەری**


– سانەوی هەولێری کوڕان و چەند بیرەوەرییەک/ باکووری/ 119


● **مێژوو**


– شوێنەوارە دێرینەکەی دوین و ڕیشەی بنەمالْەی سەلاّحەدین/ عەباس سلێمان سمایل/ 123


● **وتار**


– فۆرمالیستی ڕووسی/ لە فارسییەوە: ئەحمەدی چاک/ 127
– عەبدوللاّ جەوهەر، نووسەرێک لە پەراوێزدا/ ئارام سدیق/ 132
– کتێبا جەلوە و مەسحەفا ڕەش، کتێبی پیرۆزی ئێزدییان/ ئاسۆس محەمەد قادر/ 136
– ماغوت جۆرێکی تری شیعر/ سەنگەر قوباد/ 138


● **هونەر**


– هونەرمەندە نەمرەکانی هۆرامان، هەر بە نەمری دەمێننەوە/ دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی/ 142


● **خوێندنەوەی کتێب**


– هەلْکشان بەرەو ڕۆشنایی/ پشکۆ نەجمەدین/ 147
– مەسیح لە خاچ دەدەنەوە/ هاشم سەڕاج/ 151
– دیوانە نوێیەکەی سامی عەودالْ و چەند ڕاستییەک/ جەواد حەمەدبەگ/ 154


● **نرخاندن**


– «ڕامان» وەک ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی نووسینی کوردی/ وریا ئەحمەد/ 158


● **نامە**


– نامەیەک لە شاعیری جوانەمەرگ (دلْشاد مەریوانی)یەوە/ ئا: تاهیر عوسمان/ 159


● **سووکە لەنگەر**


– ئایا شیعر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی وەردەگێڕدرێ؟/ ئەحمەد دلْزار/ 160

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# کولتوور و نەریتی خوێندنەوە

سەرنووسەر

* جێگای سەرنجە کە دەبینین لەلای ئێمە جۆرە خوێنەرێک بەدەرکەوتوون، بە هەموو بیرورِایەکی دەیخوێننەوە سەرسامن، بەداخەوە ئەوانە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ ئاراستە بکرێن و لەبەر سادەیی و رووکەشیی بیر و لێکدانەوەیان، بە رێگەی مێشک شووشتنەوە، هەر کەسێک بیەوێ و چۆنی ویست بەو شێوەیە ئاراستەیان دەکات. واتە جۆر و شێوەی خوێندنەوەکانیان بەو ئاراستەیەدا دەبرێن کە دەیانەوێ و مەبەستیانە بیبەن، لەبەر ئەوەش کە بایی ئەوەندە حەسانەیەکی فیکری و رۆشنبیری، یان هێزێکی ناوەکی دارێژراو و پتەویان نییە، بۆیە ناتوانن لەبەردەم تەوژمی ئەو ئاراستە کردن و شێوەی خوێندنەوانە بەرگە بگرن و خۆ رابگرن، ئەوەش بۆ خۆی مەترسییەکی زۆری لەسەر ئاوەز و بیرکردنەوەی ئەو جۆرە لە خوێنەران و خوێندنەوەکانیان دروست کردووە، بەزۆریش ئەو لایەن و رێکخراوانە ئەو کارە دەکەن و ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەن کە حزبیان بۆ پیرۆزییەکانی خەڵکی داناوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی بەسەر چین و توێژێکی زۆری ناو کۆمەڵ بەجێ هێشتووە، بە تایبەتیش کالای ئەو کاریگەرییە نەرێنی و کلێشەییە زۆرتر بەسەر لاواندا ساغ دەکرێتەوە و دەرخواردیان دەدرێ، ئەوانەش بەزۆریی ئەو لاوانەن کە بۆشاییەکی رۆحی و دەروونییان هەیە و لە ئاکامی شەڕ و شۆڕ و جەنگە زۆرەکانەوە تووشی رەشبینی و هیوابراوی کراون، بۆیە ژیان و چارەنووسی خۆیان داوەتە دەست کەسانێک کە بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەیان دەکەن، پاشان لەبەر بێ ئیشی و دەست بەتاڵی و نائومێد بوونیانەوە، ئەوانە هەوڵیان داوە بەهۆی بوونی ئەو هەل و دەرفەت و کەلێنانەوە، بچنە ناو مێشکیانەوە، ئەوانیش بۆ گوزارشت کردن لە یاخی بوون و تووڕە بوونی خۆیان بچنە پاڵ ئەو پارت و لایەنە ئایینی و توندڕەوانەوە، بۆیە ئەوانیش لەلای خۆیان زۆرتر هانیان دەدەن بۆ بە پیرەوەچوونی بیرورِای کلێشەیی و ئامادەوە، ئەو لاوانەش بەبێ هیچ قووڵبوونەوە و وردبوونەوەیەک، هەرچی ئەوان وتیان بەکوڵک و مووەوە لێیان وەردەگرن و وەک تووتی دەیانڵێنەوە، بۆیە ناتوانن ویست و هەڵوێستێکی سەربەخۆ و روون و تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەرانبەر بەوەی لەو دنیایە و لە دەوروبەر و لەناو میللەت و نەتەوەکەیاندا روودەدات و دەگوزەرێ.

* ئەم سەردەمەی ئێمە کە سەردەمی «راگەیاندن»ـە و دەسەلاتی راگەیاندنی تێدا زاڵە و دەستی بەسەر سەرجەم کەناڵەکانی دیکەدا گرتووە، زاڵبوونی ئەو دەسەلاتە و کاریگەرییەکانیشی بە قەدەر زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای لایەنە سیاسییەکانە لە کوردستاندا. گوێگر و خوێنەری ئێمە لە رێی کەناڵەکانی میدیاوە، یان لە رێگەی زاڵبوونی دەسەلاتی حزبییەوە، بیرورِای کلێشەیی و حازر بە دەستیان پێ دەگات، یان لە رێگای کەناڵەکانی حزبەوە کە خۆیان هەواداریانن و کاری تێدا دەکەن و باوەڕیان پێیانە، یان راستەوخۆ لە رێگەی بەرپرسەکانیانەوە ئەو بیرورِایانەیان پێ دەگات، لەو کاتەشدا خوێنەرەکە زۆر

پێویستی بە سۆراخکردن و پرسیار و گەڕان و خوێندنەوە و خۆ هیلاک کردن و بیرکردنەوە نامێنێ، تا بەدوای زانیاری نوێ و چاوگ و سەرچاوەی خۆ ڕۆشنبیرکردندا بگەڕێ و بیکاتە خاوەنی بیروڕای تایبەت بەخۆی، بۆیە بیروڕای ئەو خوێنەرانە، بیروڕای وەستاو و باون و زۆرتر لەلایەن ڕاگەیاندن و ئایدیۆلۆژیای حزبە دۆگماکانیانەوە بەگوێیان دادەرێ، چونکە ئێستا کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی حزبی و جارانیش پێش ڕاپەڕین کۆمەڵگایەکی سەربازی بوو، بۆیە ئەو شێوەی کارکردنە بەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوە و چێژی تاکەکانی ناو کۆمەڵگای ئەمڕۆکەماندا باڵی کێشاوە و لەو سەرچاوانەوە زانیاری خۆی بە دەست دەهێنێ، کە هیچ ئاییندەیەکی نییە و نابێت. وێڕای ئەوەش خوێنەری ئێمە سوود لەو جەدەلە وەرناگرێ کە لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێمەدا بەرچاوی دەکەوێ، چونکە زیاتر مشتومڕ و جەدەلی شەخسین، لەجیاتی ئەوەی جەدەلێکی شیکاریانە بێ و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان بکات و عەقڵی بجوولێنێ.

* ئەوە لەولا بوەستێ، هەندێک کولتوور و خوو و نەریتی «خوێندنەوە»ش هەیە پێوەندیی بە ساقامگیریی باری دەروونیی کەسەکەوە هەیە، یان پێوەندیی بە سەقامگیریی باری سیاسی و ئاساییشی وڵاتەوە هەیە، کە لە وڵاتێکدا سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش نەبوو، ئەوە بێ گومان ئۆقرەیی دەروونییش دروست نابێت. ئەوانەی جێ گۆڕکێی زۆر دەکەن و لە شوێنێکدا تۆتکە ناگرن و جێگیر نابن و هەر ڕۆژەی لە کۆڵان و گەڕەکێکدا، یان لە شار و شارۆچکەیەکدا بارگەو بنە دادەنێن، ئنجا ئەو شوێن گواستنەوەیە بەهۆی جەنگ و شەڕوشۆڕەکانەوە بێت، یان بەهۆی گەڕان بەدوای بژێوی ژیان و نان و ئیش پەیداکردنەوە بێت، یان بەهۆی وەزیفەوە بێت، ئەوە ئەو جۆرە کەسانە سەقامگیریی لە دڵ و دەروونیاندا دروست نابێت، لە کاتێکدا «سەقامگیری» بۆ خۆشی وا زوو بەدەست نایەت، بەڵکو لەپاش چەندین ساڵ دێتە دی، کە هاتە دی ئەوکاتە ئەو ئارامی و سەقامگیرییە زۆر لە خزمەتی نووسین و خوێندنەوەدا دەبێت. کەشوهەوای «خوێندنەوە» دەبێ لە ژینگەیەکی گونجاودا هەڵسوڕێ، پێش هەر شتێک «خوێندنەوە» خۆ بۆ تەرخان کردنی دەوێت، واتە کاتێک مرۆڤ دەتوانێ بە باشی و بە قووڵی بخوێنێتەوە و بەپیر خوێندنەوەوە بچێت کە مێشک و زەین و دەروونی ساف و بێ گرێوگۆڵ و هەستەکانی لێڵ و شێڵوو نەبێت، واتە لە ڕووی دەروونی و زیهنییەوە ئامادەبوونێکی تەواوی بۆ «خوێندنەوە» تێدا بێت و عیشقێکی بەرانبەر بە خوێندنەوە تێدا دروست بووبێ، ئنجا ئەو کەشە لە بارە زەمینەکەی لە ماڵەوە بۆی سازکرابێ، یان لە قوتابخانەدا بۆی ڕەخسابێ، تا بتوانێت بە باشی پێشوازی لەو زانیاری و تیور و مەعریفە و چەمکانە بکات کە دەیانخوێنێتەوە و وەریان دەگرێ.


* بۆ ئەوەی خوێندنەوەش ببێتە کولتوور و خوو و نەریتێک لەلای تاکەکانی کۆمەڵ، دەبێ هەر لە منداڵییەوە، کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەی، یان خۆی کتێبخانەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت. ناکرێ و نەبووە نووسەرێک، خوێنەرێک بۆ نووسین و خوێندنەوە و بۆ مەبەستی پێوەندی گەرموگوڕ و بەردەوام لەگەڵ کتێب، بێ کتێبخانە بێ، زۆر گرنگ و پێویستە نووسەر کتێبخانەی هەبێت، دەتوانم بڵێم گۆچانی دەستی نووسەر کتێبخانەکەیەتی. جاری وا هەیە نووسەر پێویستی بە گەڕانەوە بۆ لای هەندێ کتێب هەیە تا وەکو (سەرچاوە) سوودیان لێ ببینێ. ئەگەر شاعیران و چیرۆکنووسەکان، یادەوەری و بیرەوەرییەکانیان بۆ نووسینی شیعر و چیرۆکەکانیان فریایان بکەوێ، ئەوە ڕۆماننووسینیش پێویستی بە خوێندنەوە و زانیاری پەیداکردنە لە زۆر زانیاری و کایەی ڕۆشنبیری وەک: (پیشەسازی، کشتوکاڵ، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، تەکنیک و تەکنۆلۆژیا، سێکس... تاد) هەروەها زانیاری ورد لە بارەی پیشەکان و ئاژەڵەکان دەبێ بخوێنێتەوە و بزانێ کە لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەیدا بۆ گرێچنی ڕووداوەکان، یان کارەکتەر و کەسایەتییەکانی، پێویستی بەو زانیاریانە دەبێ، ئەوە لە کاتێکدا بۆ باسکار و لێکۆڵینڤان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان هەر مەپرسە بوونی کتێبخانە چەندە پێویستە.

* لەمەولا پێویستە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشماندا ڕووبەر و پانتاییەکی پانوبەرین بۆ گرفتی خوێندنەوە و نەخوێندنەوە تەرخان بکەین، هەروەک چۆن گرنگیشە بایەخێکی زەق و بەرچاو بە هەڵخستن و دەرخستنی کاکڵە و پوختەی بیرۆکەی کتێبە بەناوبانگ و گرنگەکان بدرێن، تا وەک فۆرمێک لە فۆرمەکانی خزمەت گەیاندن بە بواری داهێنان و ئەوەی لەو بوارەدا بەدی هاتووە دەربکەوێت. نووسەری گەورە کە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکا، هەمیشە خوێنەر بە خاوەنی توانا و هۆشیاری دەزانێ، بۆیە هەرگیز هەوڵ نادات بە بابەتی ڕووکەش و زانیاری سواو گاڵتە بە عەقڵیان بکات، لێرەوەیە مەبەستێتی هەمیشە خۆراکێکی ڕۆشنبیریی قورس و چەوریان دەرخوارد بدرێ، یان بیروهزرێکیان پێشکەش بکرێ کە بەرهەمی پەلەپرۆزێ و هەڵپە کردن و کاری سەرپێیی نەبێت، ئەوەندەی زادەی قووڵبوونەوە و ڕامان و کاری پشوودرێژی بێ و بەشێنەیی نووسرابێت، ئەمەش تەنیا ڕێگایەکە بۆ گێڕانەوەی حیکمەت و مەعریفەیەک کە ماوەیەکە بەهۆی پەشۆکانی ڕۆژگار و گەچرانی زەمەن و شڵەژانی ڕوحەوە ونمان کردووە و لە دەستمان داوە.

# کەنداوی فریشتە

لەیلا سالْحی
(بۆکان)

وا داییسێ
منالێک لە شۆڕەبی و ئاو
ڕەنگە سبەی پیاوێک دادێ لە ڕەز و نوور
دەستەکانی
تامی بەژنی ئاسمان دەدەن.
بەردەوامە
حوکماتی نیشتمانەکان
هیمالیا دەربەندی ڕووان و لاوژە و
ئەو کیژانەی شەتڵی پەرین.
سەما دەکا کیژی مانگ و
بوێرانە وەگیان دەهێنێ ئارەزوو.
لەت لەت لەت فوارە دەکا ئەم جەستەیە
دێراو دێراو ئەم بەژنە شکۆفە دەکا
ئێسکی ڕەزێکە فێی عەشق گرتوویەتی و
زگی هەموو چرۆی شەڕاب
چاو نەترساو
دەدوێ بە ڕاوێژی لەشی و
دەرژێتە ئامێزی زنار
دەڕوێ و دەڕوێ و تا ئەو ساتەی ڕاجەی زنار
دەتوێتەوە
ئەم لەشە کەروێشکەی گڕە و
ئاوس دەبێ هەتا چرا
سەما دەکەن
کیژۆڵانی هیمالیا.
بەردەوامە
سروودی نیشتمانەکان
کچانی خاتوو خوای حەریر
دەبن بە بووکی چەمی زەرد
لەسەر سینگیان ئاوەڵ دووانەی مانگ نووستووە و
قژیان تاڤگەی ئاوریشمە
فێنکترین لقەکانی عەشیرەتی حەیزەران و
دایکی شکۆن
قەڵافەتیان لە ماڵی کەوانی ئاودا دەپشکوێ و
نیهانترین گەلاوێژی لەشی خۆیان
لە سوونامی لەشی خاقاندا پێدەکەن.



شەو دەکێڵن و
دەستەکانیان دادەچێنن
بەروبوویان ساواکانی ئوقیانووسە
ئەم ڕەگەزە مێیانەیە
خۆر خستوویە.
بەردەوامە
ژیانی نیشتمانەکان
ئێرە مولکی هەڵفڕینە و
باڵی تەوار ئالآیەتی
کیژێک فێنکتر لە سەحەر؛
لە ڕۆژهەڵآتی ئەو کیژە زێئووس هەڵدێ و
نوور دەدێرێتە پەراسووی جەستەیەوە
دایڕشتووە خوای شەڕاب و
ڕەگ بە ڕەگی
لە داری ئێرگز چێ بووە
کۆپلەیەکە لە ئووقیانووسی کۆتر و
مەساحەتێکە لە بەهەشت
پەلاماری شکۆی دەدا شوالیەی مەست
ئاوەدان دەبێ ئەو لە شە و
شوالیە
سواری ئەسپێکی زێوینە و
هەڕەشە لە هەتاو دەکا
برا بەشی ئاسمانە.
بەردەوامە
پێکەنینی وڵاتەکان
هێرەمێک مێوینەی ڕووناک
یازدە ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ لە ناخیا دەچەمێنەوە
شەپۆل شەپۆل، شەپۆل دەدا ئەم پەیکەرە
چراخانی وردە ماسییە و
بەهار لە لەشیا مەییوە
کچی ئیمپراتووری نیل
شاژنی ڕووبارەکانە.
باسکەکانی ئەو پەیکەرە وەک ڕەگی نیل
پاشای هەتاو دەگرێتە خۆ و
دەیبارێنێتە خاکییەوە و ئاوس دەبێ
لە خەونی هەر فیرعەونێکدا
هەردەم لە گەرووی نیلەوە
سندووقێکی چێوی دەڕوێ و
لەناویدا کۆرپەیەکی زێڕین چڵ دەدا
بەردەوامە
تەمەنی نیشتمانەکان
لە وڵاتێکا دوو باڵندەی هاودرەخت هەن
بەرلەوەی یەکتر بنۆشن ویشک دەبن

بەدی دەکەم کەنداوێکی پڕاوپڕ لە کیژی تەزیو
کیژی یەکەم:
ئاناهیتا
جامی پاییز بە دەستەوە
بەشداری خەزەڵوەر دەکا.
کیژی دووەم:
کچێکی سارد
خاتوونێکی باسک بەفرین
کوێستانێکی دوورە نەورۆز.
کیژی سێیەم:
بەشێک لە هەندەسەی تاریک
پێرسەفوونە
تەشەنە دەکاتە پێستییەوە
کیژی چوارەم:
باکووری ئەم کیژە گڕە و
داوێنی دووکەڵ دەناڵێ
ئەهریمەن ئێرەی ڕنیوە.
کیژی پێنجەم:
ئەم کیژە هێشووی برینە و
زامدارێکە بەبێ سنوور.
کیژی شەشەم:
هەتا نێو قەدی باڵای خۆی خواردۆتەوە و
سەرخۆش لە بەرامەی خوێنی
هەتا خۆی پاشەکشە دەکا.
کیژی حەوتەم:
چۆک دادەدەم
ئەو گیانە گیانی جەیحوونە
ئەوە هاژەی
داوێنی پڕ لە خوناوەی تریفەیە
لەشی جەیحوونی ئەم کیژە
ڕەهێڵەی شکستی مانگە و
دەڕژێتە ناو مرۆڤەوە
ئەم جەستە بەژنی بەیانە و
دوورە دەستە لە خۆرنشین
ئەم لافاوە ناحەجمێ تا بەرد و سەحەر هەڵناوێری
دانامەزرێ
تا کەنداوی فریشتەکان.
لەناو دەمی ئەلبورزەوە
پیاوێک لە ڕەوەزی زەمان
بینای میرێک لە قوڕقوشم
کەوانداری ئێوارەیە و
ڕاساوە بەرەو بەربەیان
چاوەکانی دوو ماسی وەنەوشە گرتوون

کەوانداریک
هەتەر دەکاتە تیرەوە و
لەشی بڕ دەکا تا سنوور...
ئەستێرەکان دەکوژێنەوە
تاریک دادێ هەڵفڕین و
تیر دەکشێتە ناو شەوەوە.
لەشی جەیحوون هیچ کەوانداریک نایپێکێ و
کیژی حەوتەم
دوو گیان دەبێ بە بەتاڵ و
نیوەی لەشی دەبێتە بەرد...
دانایی‌یسێ هیچ مناڵێک لە شۆڕە بی و
هیچ پیاوێکیش لە ڕەز و نوور
لەو ئاسمانەدا نایە.
ئەم کیشوەرە نیشتمانی درۆینەیە
درۆینەی چاو
درۆینەی دڵ
درۆینەی دەست کە عازەبە بۆ هەڵفڕین
درۆینەی پێی پیرۆزی نوور
درۆینەی کچ
ئەو ساتانەی دەمی دەبێتە کانی سوور
درۆینەی کوڕ
ئەو کاتانەی لەشی دەبێتە مێرگی مانگ
درۆینەی باڵ
درۆینەی ئەژنۆی گەزیزە
درۆینە تا گەرووی چنار
ورزێرانی تاریکایی
ڕوحی مناڵانی سبەی لە داسی پاییز دەدەن و
ئارەزووی شەنوکەو دەکەن.
ئەم شاخانە
وەرهەمی کام نیشتمانن وا هەموو دەم
هەر نەشتەرگەری لێ دەکەن؟
ئا ئەم دارستانە ڕووتە
ئێسک بەندی کام بەهاری ئاخر شەڕە؟
ئەم ئاسمانە
بینایی کام خوداوەندە ڕۆڕژاوە؟
ئەم کەنداوە
لەشی کێیە پەنگی خواردووە؟
جیهان بێ دەنگ
ڕووە و کۆسار زریکاندم
ئێرە نیشتمانی کێیە؟
وەڵامی داوە
ئێرە نیشتمانی کێیە؟

**پەراوێز:**

**١- هیمالیا: زنجیرە کێوەکانی هیمالیا لە باکووری هیند کە وەک ڕەمزی ئەو وڵاتە ناسراون.**

**٢- ڕاجە: مەبەست مەهاڕاجەکانی هیندە، واتە فیئۆدالەکانی ئەم وڵاتە.**

**٣- حەریر: ئاوریشم کە ڕەمزی وڵاتی چینە. ئەو وڵاتە بە درێژایی مێژوو کانگای حەریر بووە.**

**٤- حەیزەران: گیایەکە کە لەسەر سنوورەکانی وڵاتی چین زۆر دەڕوێ.**

**٥- خاقان: نازناوی پادشایانی وڵاتی چینە.**

**٦- زێئووس: خوداوەندی یۆنانییەکانی کەونارایە.**

**٧- شوالیە: جەنگاوەرانی ڕێزداری ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.**

**٨- نیل: چۆمێکە لە میسر و بە درێژترین چۆمی جیهان ناسراوە.**

**٩- مەبەست «ڕەع» خودای هەتاوە لە فەرهەنگی میسری کەونارادا.**

**١٠- فیرعەون: نازناوی پادشایانی میسرە.**

**١١- ئاناهیتا: خاتووخودای ئاوەکان لە کولتووری ئێرانی کەونارادا.**

**١٢- پێرسەفوونە: خاتووخودای تاریکی.**

**١٣- ئەهریمەن: شەیتان. دژی ئەهوورامەزدایە لە ئایینی زەردەشتیدا.**


**١٤- جەیحوون: چۆمێک بوو کە سنووری نێوان ئێران و توووران بوو لە ئێرانی کەونارادا، ئێستا دەکەوێتە ئاسیای ناوەڕاستەوە.**

**١٥- ئەلبوورز: زنجیرە کێوی باکووری ئێران کە لە ئەفسانەکانی ئێراندا جێگەی تایبەتی هەیە، لە ئەفسانەی ئارەشی کەوانداردا بڕیار دەدرێ بۆ تەواوبوونی شەڕی نێوان ئێران و توووران باشترین کەوانداری ئێران لەسەر کێوی ئەلبوورزەوە تیرێک بەرەو ڕۆژهەڵات بهاوێ، تیرەکە لە هەر کوێ بکەوێ ئەو شوێنە دەبێتە سنووری نێوان ئێران و توووران. ئارەش وەک باشترین کەواندار هەڵدەبژێردرێ و لە ئەلبوورزەوە تیرەکە بەرەو ڕۆژهەڵات دەهاوێ، هەموو هێزی خۆی دەبەخشێ بە تیرەکە. ئەهوورامەزدا فریشتەیەک دەکاتە پاسەوانی تیرەکە و لە ئاکامدا تیرەکە لەسەر چەمی جەیحوون لە دارە گوێزێک دەدرێ و ئیتر جەیحوون دەبێتە سنووری ئێران و توووران (واتە وڵاتی تورکان)، ئارەش پاش هاویشتنی تیرەکە جوانەمەرگ دەبێ.**

# سروودی زەوی

سەباح ڕەنجدەر

زەوی مەی خانەدانی خواردووەتەوە
قەت لەبیرم ناکات
پیاڵەیەک مەیم لە زەوی خانەدان وەرگرت
لە ڕۆژێکی نزیکدا دێت
دەستی سێبووری و پڕ ختووکەی لەسەر دڵم دادەنێ
بە ترپەی دەڵێت پشوو بدە ماندووی
ماندووبوون باڵێکە بۆ کۆچ کردن
گۆشت و دەمار و خوێنی بەهرەداران پەینی زەوین
باران وەک ئەوەی ڕاز و نهێنییەکم پێ بڵێ
یان بەختەوەری خۆی ئاشکرا بکات
دەنگی نزم کردووەتەوە و بە نەرمی لەگۆڕم دەدا
ئیدی دەبێ من گۆڕ جێ بهێڵم و بێمە دەرێ
ئایا بەرانبەری دەتوانم چی بکەم و چیم پێ دەکرێ
چاوەکانی زەوی گرانبوون
تاسام
واقم وڕما
باڵندە بەسەر
پێڵوو و
خولیا و
یاد و
چڵی ڕاهێنەر بۆ خۆشخوانی بڵاوبوونەتەوە
مرۆڤیش بەسەر پێستی دراو
مار هەناوی زەوی کون کردووە
خۆریش لە ئاسۆدا برژانگی چاوی دەرسکێ
ڕوونبوونەوەی بیلبیلە یاڵی ئەسپ دەخەملێنێ
زەردەخەنەیەک لە دەموچاوی زەوی پەیدا بوو
لە پڕ نەما
مامزی تۆقیو ئاوڕ لە کانی و ئاو دەداتەوە
کانی و ئاو دەبنە ئاوێنەی شەو و ڕۆژی مامز
مامز ڕووەو کانی و ئاو دەجمێن
زەوی جارێک چاوی کردەوە و دای خستەوە
لە چاوی خۆشی دوور نەکەوتەوە
کەوی پەڕ و تووک خۆڵەمێشی بەشارێدا ناڕوات
ئەو چاوانەی مرۆڤ هەیەتی
زەویش هەیەتی
چاو ئەو شتە دەدۆزێتەوە کە بۆی داگیرساوە



دەچێتەوە سەر هەموو ڕووناکییەک
ڕووناکی بەختەوەری خۆی ئاشکرا دەکات
واتە بێ گومانبوون لە بینینی بێگەردیی ئاسمان و
بۆنخۆشی پەرژینی باخچە
ئەی ئەفسوونی دڵ چاوت هاوتای هەڵاتنی خۆرە
کراسی سروشتیش گەردی نەگرتووە
ئەگەر دڵم بشکێنی گەردەلوول کراسی سروشت
لە ڕستەی ماڵان دەڕفێنێ
خۆر سبەینان تامی نان دەکات و بە ئەمەک و خورپەدارە
جوان لە کونی کەروێشک دەدا
کەروێشک ئاکاری خۆر دەناسێ و دەزانی ئەمەکی چییە
ئاگاداری دەکاتەوە لە ترپەی پێی ڕاوچی و بوومەلەرزە
گوێڕایەڵی ئەو خۆرەیە کە هەڵدێ
بەڵام نازانێ هی زەوییە، یان ئاسمان
ئەفسوونی دڵ خۆر لە دڵەوەش هەڵدێ
هێزی خۆری دڵ گیاندار چاڕس ناکات
کەروێشک بە قوونەقوون
لەم ژوور بۆ ئەو ژوور چاوشارکێی لەگەڵدا دەکردین
خەنەیی
چاو سوور
ترپەی پێی مۆسیقا
خرمەی ددانی پێوەندی زەوی
کە دەچووە بەر خۆر
تووکی ڕەنگی دەگۆڕا
کەروێشکی کێوی لەپێناو کونی خۆی سروشت دەپارێزێ
هی ماڵیش بە دڵشکاوی ڕا دەکات
لەناو چاوەی مێزدا گوێی لە ئاسن دەسوێ
بەیانیش لە زەنگی کاتژمێری دادراوە دەترسێت
پارچە لبادێکی دامە دامە ڕادەخات لەسەری دادەنیشێ
چاوی بە دەوری خۆیدا دەگێڕێ و دڵخۆشی بەچکەکانی
وەردەگرێت
ئەو سەوزەیەی خانمی ماڵ پاکی کردووەتەوە دەیخوات
خانمی ماڵ ڕۆبێکی قاوەیی پۆشیوە
پرچی بە تۆقەیەکی حەلوایی هەڵداوەتەوە
ئەنگوستیلەی ئەڵماسیش لە پەنجەی شەوق لە کانی و
ئاو دەدا
گوان پڕ بوون دوای سەوزە خواردن و پشوودانە
لە پەنجەرەیەکی گەنمڕەنگدا
ڕووناکییەک بە نیگایەکی گەرم خۆی پێشان دا
دەڵێت کەروێشک دۆستێک لەم ژوورەدا
تەپاوتل دەدا و خەریکە دەزووی ئاوریشمینی گیانبازی
لەدەست بەردەبێ
هیچ شتێک نەماوە ئازارم نەدا
پاکترین خاک ئەو پارچەیەیە

کۆتر کلکی لێ دەخشێنێ
خوشک و برا شکۆمەندەکانم کۆتر
بە دەنووک گۆڕێکم لە ناوی بۆ خۆش کەن
هێندەی زەردێنەی هێلکەیەک
ئاهەکانمی لەناو دەترووکێ
کە هێلکە دەترووکێ
زەوی بۆ ماوەیەکی زۆر
لە سۆراخی هەوێنی هیوادا
دەستی لەناو نیازی بێگەرد گەرم دەبێتەوە
بە ئاسوودەییشەوە بەرزی دەکاتەوە بۆ لای دڵ و چاوی
نائومێدییەکی قووڵ ناخی زەوی بەردەدا
سەیری دڵ و چاوی زەویم کرد
ڕەنگی تێک چوو
وەک لەوە بترسێت
لەبەردەم جامخانەیەکدا بوەستم
نهێنییەکی ئاشکرا و بۆنی مورتکی تەڕ لەگەڵ بۆنی
دەسکێشی کیژێک بەراورد بکەم
دەماری گرژ بوو
بەنمە بارانێک خاو بووەوە
درەنگ تەماشای ئاسمانم کرد
نهێنی ئاسمان ئەفسوونی دڵە
ئەفسوونی دڵ یارمەتی دام بۆ
پێشبڕکێ و
کێبڕکێ و
بەرزبوونەوە و
پشوودان
پارچە گۆشتی دڵم
کەوتووەتە سەر زەوی
مێرووستان دەورەیان داوە
ئاهی گەرمی دڵم
سمێری مێرووستانی هەڵکڕووزاند
سەرنجێکی ڕاڕا
دەمی سۆندەی ئاوی خستە
سەر شارە مێرووستان
لە تەنیشتیدا ئاگرێکی کردەوە
لە یەک دوو هەنگاو بەولاوەتر
دووپشک لەناو کۆمەڵێک ئێسکدا مردار بووەتەوە
خەڵکانێک بە ترسەوە دێنە بەر هەتاوی بەهار
پەیام لە زەمینی دوورەوە دێت
پێش نوێژم پێ دەبەخشێ
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لە
چاوی نزیک دەکاتەوە
دڵم سەرڕێژە لە جوانی
جوانی دڵی خودایە

خودا گەرمایی دڵی زەوییە
زەوی جیهانێکی تەواوە لەنێوان ئاسک و کیسەڵ
سەد جۆگەی لە چاوی هەڵگرتووە
بۆ دڵخۆشی ڕەنگ و چڵ و ناوکی میوە
ڕەنگ و چڵ و ناوکی میوە
گڵێنەی چاویان خۆش دەوێ و خۆیان لە بای توند
دەپارێزن
دەستم لەسەر دڵم لادەبەم
قۆچ و برِبڕە
پروپاگەندە بۆچی دەکەن
یان چییان لێوە بزر دەبێ
گای ئێسک پتەو و پڕ خوێن و گۆشت و چاومانگ
وەک پاڵەوان لە دایک بووە
ڕۆژێک زەوی لەسەر قۆچەکانی فڕێ دەدا
مرۆڤیش لەسەر بڕبڕەی پشتی دەهێڵێتەوە
گایەک هەموو گایەکانە و سزادراوی پەڕۆی سوورە
بە ددانی پانی پەلکە شفتی دەخوا
نیوەڕۆیانیش خۆر
قۆچ و بڕبڕەی پشتی ڕووناک ناکاتەوە
قوربانییەکانی ددانی گا و ددانی مشار
مەی خانەدانی زەوییان خواردووەتەوە و بەختەوەری
خۆیان ئاشکرا دەکەن
تۆفانێک بەسەرزەوی دەڕژێ
بێ شەرمێکی درۆزن بووەتە پیاوێک لە خوێن و گۆشتی
زەوی
بەسەر کەشتییەوە هێما و ئاماژە دەدا
ڕەنگ سەرقاڵە بە سەرکێشیی چڵەوە
زەوی هەست بە لەرزینی خۆی دەکات
خۆی بە کەوانەی ئاسمان گرتووە
ئەرێ لە بەهەشتدا کەس لە دووبارە مردن دەترسێ
ئایا بەهەشت باڵندەی تێدایە
سەرگەردان بفرن و ئارام بنیشنەوە
یان بۆ سەر زەمین هەموو شتێکی لەسەر دەژی
بەهەشتیش تەنیا مرۆڤ
کێش زار بۆ بەختی هەڵدەدا
چ دەدۆڕێنێت
خانەکانی زار پیرۆزەی چاوەزاران
پیرۆزە موچڕکی سارد بە خانەکانی لەشیدا دێت و
ناوچەوانێکی بێ بەهرەیە
ناوچەوانی بەختمان بچووکە
جێگای نووسینی هەموو ویستەکانی تێدا نابێتەوە
بە شەقامێکی نیمچە تاریکدا دەڕۆمە ناو ژیان
چی بکەمە نموونەی ژیانم
بەرد مردوون، یان خەوتوون

یان لە قووڵاییەکی ناقۆڵا و کوشندەدان
خەونیان نەبووەتە خەندەی ئومێد و نایەنە دەنگ
بە دەنگهاتنی بەرد دەنگی مارشی شەڕە
ئاو خۆی بەکەناردا دەدا
بێ دەنگی دەهێنێتە دەنگ
لەوەتەی بەرد هاتووەتە دەنگ و خۆشەویستی ڕوون
کردووەتەوە
خەبەری نێوان بەرگی کتێب و قەوان خۆش بووە
بە پەنجەمۆری یەکەمین نهێنی سەرسام بووم
غەزەل موتربەیەکی بێ وێنەیە
لە هەموو درەختە بەردارەکان
لکوپۆپی درەختی بەرداری ماڵ
بەسەر دیواری حەوشەوە هاتوونەتە دەرێ
دوورییەکی ئاڵۆز
ئاوی خەواڵووی ناو گۆزە بخۆرەوە
شووشە تورشیات و ڕادیۆ لە تاق و پەنجەرە بەرانبەر
یەکدی دادەندرێن
سرووود خوێنی زەوی بە کاغەزی پەیام کفن کراوە
بەرەو گیانی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێ
بەردەوامیش ئاوڕ لە قەڵا دەداتەوە
دەگاتە دیداری ئەڤیندااران
زەویم بینی سوورهەڵگەڕا بوو
گوێی لە سروودخوێنی خۆی گرتبوو
لەپێشت و خوێنگری دەپرسی
خۆر لەترێ دەدا
کووپە بیر لە ڕسکانی شەراب دەکاتەوە
پیاوێک بە نازی ژن و منداڵەکانی دەورە دراوە لە خەو
دەڕوا
پەرداخێکی گوڵگوڵی بەدەستەوەیە
لە کووپە نزیک دەبێتەوە
دوای سپی کردنی ڕێواسێکی مزر و قومێک
لە کووپەی دڵخۆش و لێو تەڕ بە ستایش و ماچ دوور
دەکەوێتەوە
ئاگرێک لەگیانی پەیدا دەبێ و دەبێتە سۆز و بەزەیی خودا
بەیانییە و منداڵەکانم تازە لە خەو هەستاون
سۆبە هەوای متبەخی خۆش کردووە و شەکردان پڕە
گۆرانییەک بۆ ئاکاری ئەم ژوورە
گۆرانییەک بۆ تیشکی ناو دەنووکی باڵندەی ڕاهێندراو بۆ
خۆشخوانی
گۆرانییەک بۆ لێکدانی باڵی
گۆرانییەک بۆ کۆچکردوو
لە گۆرانییەکی نائومێددا
زار بۆ دوو بەختی هەڵدەدەم
پرد جەستەیەکی ساردوسڕە

بەسەر ئاوەوە درێژ کراوە
مرۆڤ سروشت نابەزێنێ
ئێمە ئەوکات مەزن و بەختەوەر دەبین
کۆمەڵێک باڵندەی کاغەزی فڕێ دەینە ئاسمان
بەسەر میوەی نایلۆن بنیشنەوە
مەترسیی سروشت
ئاگر کەوتنەوە
بورکان
هەڵبزرکانی مانگ
سوێربوونی ئاو
هەڵۆ دەنووک لە پێستی پڵینگ دەدا
ئاوازی گۆرانییەکی پەند ئامێز بەرز دەبێتەوە
کۆمەڵێک تەوار کۆرسن
تاووسیش ڕەنگی کوژراوە و عەوداڵی تێکەڵکردنی ڕەنگی دیکەیە
بای سارد خەریکە دەیکوژێ و لە ڕەنج و بەدبەختی دەمێنێتەوە
بێ شەرمێکی درۆزن
ناو لەپی لەیەکتری خشاند
قاوەی گرتەوە و لەبنی فنجانەکەدا وێنەی
ڕەگی درەختێکی بینی دەچووە ناو بلووری چرایەک
کیسەڵ لە شەرمی خۆیدا چووەوە ناو خۆی و قەپێلکی توندتر کرد
پیتی زی ئێوان
کازێوە و زەردەپەڕ
ئاخاوتن و نەوای خۆم
دیدار و ناوهێنانی خۆم
ئاهەنگ و هاتنەگۆی خۆم
سڵاو و دروودی خۆم
ڕووە و زێد و کتێبخانە و گۆڕەپانی شار ئاشکرا دەکەم
دڵخۆشە ئەو ئاگرەی لەبن مەنجەڵی خواردنی ماڵان هەڵت کرد
زەوی دەستی لەسەر دڵە
نیوەڕۆ وەرە ئەی ئەفسوونی دڵ
بەروبوومی زەوی لەناو ڕووناکیدایە
چاوساغی و هاوڕێیەتیت دەکات
خودا سروشت شەرمەزار ناکات
کەپووم لە نزیک میوەی موتربەکراو کورژ کردەوە و بیرم لە زیرەکی و تا هەتایەی زەوی کردەوە
کەروێشکێک لەناو قۆپەنەگیادا بەچکەکانی فێرە چاوبزی دەکات
کێشکەیەکیش بەسەر هەڵۆیەکی مۆمیاکراودا نیشتەوە
نیشانە و حیکمەتی زەوی تازە خۆشکراو بۆ نەمام و بەر و چاوگەشبوون

پەیام لە زەمینی دوورەوە دێت
پێشنویژیم پێدەبەخشێ
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لە چاوی نزیک دەکاتەوە
قەت دڵی وا پڕ کازێوە و زەردەپەڕی نەدیوە
لەوەتەی دڵم بیندراوە
خەبەری هەوا خۆش بووە
ماسی خۆی لە ڕەگی درەخت دەدا
مەلیش لە چڵەپۆپە
ماسی و مەل خۆیان تار و تەریک ناگرن
مارێک لەناو شووشەیەکی داخراودا
بیر لەوە دەکاتەوە چۆن خۆی
لەلکی درەختێک بئالێنێ
لە پارێزی نیشتنەوەی بەچکە کێشکەیەکی کەم ئەزموون دا
پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لەچاوی نزیک دەکاتەوە
پیاڵەیەک مەیم لە زەوی خانەدانەوە دەداتێ
ترپەی دڵی هەمیشە خوداییم و دەنگدانەوەی دڵشکاوان
بە ئەسپایی بە درەختەوە دەنووسێت
لە سێبەری گەرمی درەختەکەدا بزەیەک بۆ کامێرا بکە
حەکایەتی مردن کەمێک لە ژیان درێژترە
گوێچکە ماسی ڕۆخ ڕووبار هەڵگرەوە
فڕێی دەرەوە ناو ئاو
بیر لەوە دەکەینەوە چل شەو و چل ڕۆژە لەبەر خۆردا دانیشتووی
نان و
ئاو و
کتێب و
نامۆیی نەبوون
لەناو دەستەکانت ئەم دیو ئەودیو دەکەیت
دەستت بخەوێت
ڕیشۆڵەکانی شار شوێنیان نامێنێ تێیدا بخەون
پەنجەت درەختی بنەماڵەی باڵندەیە و بەخشندەیی دەنوێنێت
قۆزاخەیەک دەکرێتەوە
کۆمەڵێک گەنمەشامی برژاوی لە دەوردا ڕژاوە
زەوی جارێک چاوی کردەوە و دای خست
لەچاوی خۆشی دوور نەکەوتەوە

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ هەولێر**

# سەردولکەکانی دایکم

محەمەد باوەکر



هەموو کەس لە ئادەم نەکەوتۆتەوە
هەر کەسێکیش لە ئاخافتنم، تێ نەگات
بەهەشت بەچاوی خۆی نابینێت.
گشت شتێک لە دڵمدا پەنهان دراوە
نازدارەکان دەڵێی بندڕیسکەن
هەر لێم نابنەوە.

## زیندە خەون

زەوی بە مردنی ئاو دەژی
کەسی تر بە ئاو تێر نابێت
تەنیا نەهەنگ نەبێت.
ئێمەی ڕووت و قووت
وەک کرمی نێو بەفران
لەپاڵ خەڵوەتداین
بۆیە ئاگری تاریکی تەنیا لە تراویلکەی مەرگدا
دەکوژێتەوە.

## خەمەکان

کەس بە شەقامی سپیدا ڕەت نابێت

## ژیانی مردووان

مردوو خواردنی دەوێت
چیتر پاشەڕۆک بژار ناکەین
ڕوح، برسی و داماوە
لەگەڵ لاشەی کتێبان دەخەوێ.
مەسیح لەزاری مریەمی مەجدەلییەوە
هانای بۆ هێنام
گوتی:
نمایندەی زیندووانم دوای مردن.

## پێنج ئیمام

دەوبەستەی گورگان
لای فریادڕەسی لەمەچێترانە
هاودەرد و دووگردی نوێژ
ئەوەندە نەرمونیان بوون، نەخشەکانی سەر بەرماڵەکەی

به فرمێسکان ڕەش کردەوە و
جۆلانەکەش نەبزفت.

**پێکەنین**

ئەوەندە هێمن و بێ دەنگ بوو
لە بێ دەنگییان زەماوەندی لافیتە هەڵواسراوەکانی
قەڵاتی سڕپییەوە.

**ماتەمین**

شل و خاو، هەردەم خەمی پلکە مامزی تازیەگێڕی
سەرلەنوێ تازە دەکردەوە،
تەمۆخەکانی هەورازە نەفت و سەیدی پێسەری
هەنجن بەهەنجن دەکرد.


**وتەکان**

دەیگوت:
١ – ئاسمان نێرە و زەمینیش مێیە بیدۆشن.
٢ – گەردۆنەی وڵاخ جنۆکە ڕەوێنەوەیە.
٣ – مایینی بەحری لای ڕاستی حەڵاڵە.
٤ – ڕێوی سەگ بوو، ئێمەش دەمانخوارد.
٥ – هەردەم دەیگوت و دەیگوتەوە
(خۆزگە، تەنیا مردن هەبووایە.. پیر بوون نەبووایە.)
هۆدە... دایکە ئەفسوونێکی گێڕایەوە
باڵەکان قاچن بەسەر لاشەی مشتاخە جوانەکاندا
ڕەت دەبن.
دایک دەیگوت:
چیتر دەست لە کێلان وەرمەدەن
نەوەک بازەکە لەسەر ئێمە هەڵنەنیشێتەوە.
دایک لەدوای لە گۆڕنانیشدا
لەجیاتی ژمارە بیست
دەیگوت: دووجار، دە.
ساڵ، پاڵی بە ساڵ داو
سوێندی ئەو، هەر بە ئاگر بوو..
(بەو ئاگرە ئەمساڵ زستان نابینم).
سەگەکانیش خەویان هات
کەچی ئێمە هەر نەخەوتین.

**هەولێر/ ٢٠١٠**

# بەسە دەلالا من

کالێ قوردیسی
(ستەنبۆل)



کا دەستێ خوە
بەسە
ئەڤین زۆرە
دەلالا من
من بەزدایە
ئەز گەڕ بوومە
ئەز ڕەڤیمە
ئەز شەوتی مە
لێ دیسا ژێ ژ بۆنا تە

ژ تاریا هەزار سالانە ئەز هاتمە

مە نە ڕە
کو لنگ سەقەتم
دەست ژێ کریمە
جان شەوتیمە
هەموو ژ بەر ئەڤینا تە یە

ئەڤینا تە
غەدار و دژوارە
من گەللەکی تەشینە
لێ ب دزی بێژم تە
چڤاسی
هار و دژوار بە
هن بێتر شیرینە
ئەوێ غەدار و هۆڤ و سرت
کوو ناهێلە
دەستێ تە
تێکەڤە دەستێ من
ئەز ناترسم ژ وی ئەو دترسی ژ هێرسا من

خەما نەکە چاڤڕەشا من
ئەزێ تە ژێ بستینم

ژ سێ ڕەنگان تاجا تە چێکم
ژ خوینا پلنگان ڕوویێ تە سۆرکم
ژ هەستیێ شێران
قەسرەکێ ژ تەڕا لێ کم
د نیڤێ دلێ خوە دە جیهێ تە چێکم
دە وەرە
کەرەمکە
فەرمۆ ڕوونە ل سەر تەختێ دلێ من
دا تو خوەشکە برینا من
شاهی بکە ئەڤینا من
بەسە بەسە دەلالا من

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا کۆشعرا (کانیا دلان) ڕووپەلێن (٤١-٤٢) هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن دەزگەهێ پەری یە و ل سالا (٢٠٠٥)ێ ل چاپخانەیا کەیهان ماتباسی ل ستەنبۆل هاتیە چاپکرن.**

**«رامان»**

# پەیامی دوورگەی چۆڵ و هۆڵ

**فیلیپ سووپۆ**
**Philipe Soupault**

رۆژی باران رۆژی خوێن
باران دەبارێ و دڵۆپ دڵۆپ قوڕ دەچێنێ
چاوەڕێ دەکەم با بوەستێ و دەریا ئارام بێتەوە
گوێم لێیە
هێشتا زایەڵە زایەڵە گوێم لە هەموو سەدا و هەرایەکە
چرپە چرپە گەورەکان و گشت زەنگەکان،
بێ دەنگ دەبم و وەختی ئەوەش هاتووە بێ دەنگ بم،
هەڵەم گەر بێ دەنگ بم
زەریای چواردەورەم سوورە
خێزاوی دەریا کە کەف لەگەڵ خۆی دێنێ
بۆنی گەنی و ئازار
پاشماوەی خنکاوەکانی دوێنێ و ئێسکی سپی و ئێسکی بۆر
تامی خوێ دەگەیەننە دەموچاو و برینەکان دەزوورێنەوە،
خێزاوی دەریا «چرا»(١)ی گەورە و بزۆک و تاریک و
ڕەنگ وەنەوشەیی وەک گوڵ دەداتە پێش خۆی
وێڕای گرژینەوەیەک خۆی وەردەسووڕێنێ و زەردەخەنەیەک
لەسەر لێوەکانیەتی.
دەیانناسمەوە ناویان لێ دەنێم و خەبەریان لێ دەدەم و بە نەفرەتیان دەکەم
بە تەنیام لەسەر ئەم دوورگەیە کە خۆم دۆزیومەتەوە
لە ڕۆژێکی پڕ لە ڕەشەبا و بێزهاتنەوە
سەرمامە و شەویش ئەوەندە لەسەرخۆ وەک مەرگ نزیک دەبێتەوە
هەموو هاوارێک کە نەمدەویست گوێم لێیان بێ
هەموو قیژەیەک کە پێش ئێوارە دەکەوێ و
بێ دەنگییە ئیجبارییەکەی
دێن و پێم دەڵێن کە چیتر وەختم نییە بە فیڕۆی بدەم
لە لێوار نزیک دەبمەوە
ئێوارەیەک وەک ئێوارەیەکی تر و
بەرانبەر زەریای تەواو سوور هاوار دەکەم
کە هێشتا تەواوی سەری لە داردراوەکانی لەسەر دێت و دەچێ
تەواوی چاوە ئازاردراوەکان و دەستەبڕاوەکان
تەواوی گیانی ئەوانەی کە بزربوون بێ ئەوەی پاشماوەیەک
بەجێ بهێڵن
لەگەڵ ئەمەش من تەنیام
سەرم وەردەگێڕم شەبەنگ و تارماییەکان بانگم دەکەن
من تەنیام لەم چۆڵ و هۆڵییە
ڕێگا دەگرمەوە بەر کە بەرەو خۆ سەرزەنشت کردنەوەی خۆم دەبا
هەموو ئەوانەی چاوەڕێیان دەکردم ڕۆیشتن

**لە فڕەنسییەوە:**
**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(سەرۆکی بەشی فەرەنسی –**
**زانکۆی سەلاحەدین)**

منیش بەجێم هێشتن تا بۆ هەتا هەتایێ نەیانبینمەوە
بۆ ئەوەی نەزانم کە هێشتا لەوان ماندووترم
لەوان مکوڕترم لە بێ دەنگ کردنی خۆم بۆ ئەوەی بە خەبەریان نەهێنم
لە خەوی شەوانی بێ خەون
یادگاری چاوەکانیانم بینی و بۆنی دەستەکانیان
گەروویان بێ بەزەیی و بێ سۆز دەگرتم
کەچی لە ڕاستیدا
ڕوخساری ژاکاوی بینەرە نەمرەکان سەیریان دەکردین
کە شێت و وێتە زۆرەکان دەوەڕین
لەو کاتەی چارەنووسی تەنیا گزنگێکە و
باوەڕ و دڵنیایی لەناو تەم دەڕەوییەوە
دووکەڵی هەڵساو لە هەموو شوێنێک جیهانی دادەپۆشی
هەناسەدان لە پشتی کورت و خێرا زیاتر نییە
چاو پڕ لە فرمێسک و دەم بە توندی داخراوە
هەتا بانگی ناوێکی زۆر ناسکیش ناکەم
هەتا بڕگەیەکیش کە سۆز و ژیانە
ئەوەندە بەس نییە ئەو سێبەرە بشکێنن
کە وەک گورگ نزیک دەبێتەوە
وەک ئەوەی دەیەوێ یەکێک بکوژێ.
* * *
مەرگ لە کەناری غوبار پیاسە دەکا
سپی و هەڵپەنماو بە دووکەڵی بیرەوەری
ئاماژە دەدا و چاو دەتروووکێنێ و خۆی دادەنووسێنێ
قیت دەبێتەوە و بێ هیچ وشەیەک پێشنیاری
ئەبەدی و لەبیرکردن و نەبوون دەکا
دەفرۆشێ و مامەڵە دەکا و قەول دەدا
هەنگاو و شێواز و تەنیاییەکەی دەناسمەوە
باوەش دەکاتەوە پێشوازی دەکا و هەڵدێ.
* * *
لە هەراو ئاپۆڕە خۆم دوور دەخەمەوە کە دەمگەیەننە زەریا
دەگەڕێمەوە سەرچاوەی ئەم ڕووبارە کە لەناو تەم وەک مار پێچاوپێچ هەڵدەکشێ.
وەک حاجییەکی ئاوارە و ڕووت و قووت چاوەکانی دەڕوانن
شوێن پێیەکان دەدۆزمەوە و دژی ئەوەم
ئەو شوێن پێیە بە هی خۆم دابنێم کە هی من بوو
درەختەکان بەژن و باڵای قاچاخچی و ڕێگرەکانیان هەیە
سەوزاییە بەرزەکانیش لە هەر چوار لام دەلەرزێ
بۆنی هێمنی و بەریەککەوتنی چڵەکان
لە خشۆکێک ئاگادارم دەکەنەوە
ئەو کرمانەی بە هەراو زەنای خۆیان لەناو قوڕ دەژین
بۆقەکان کە هەردەم وەکو خۆیانن
قورباخەکان کە تەنیا دوو دەنگیان هەیە و دووبارەی دەکەنەوە
قاڵۆنچەش کە خۆراکی پیساییە
بە دانیشتنەوە لە لێواری ئەو ڕێگایە دەوەستم
کە خۆم کێشاومە
وەک گورگێکی تەنیا کە برسییەتی هاری کردووە و

ئەو ڕێگایەش دەپێوم کە پێشتر کێشاومە و دەمەوێ
بۆ هەمیشە لە بیری بکەم
داوای بێ دەنگی دەکەم و دواجاریش شەو زۆر لەسەرخۆیە
بارانی گلۆتەی گەورەی ساردی دەبارێ
هەرا و زەنایان وەک هی مرۆڤە
بۆ جەژنی زۆنگاو کە درێژ دەبێتەوە و گەورە دەبێ و دەورەم دەگرێ
مۆسیقای ئاوی بۆگەن و بلّقە بلّقی خەمبار
لەناو گیای سوێر و خاکی شل و خاو وەک نەخۆش
کۆنەگەنی تازەبووەوە کە جورئەت ناکەم پێی لێ دانێم
تا وێرای گرمەگرم خستنە ناو بلّقەکان بەرز دەبێتەوە و
دەیانکوژێنێتەوە
کە بانگی فەرمانڕەوایی ورێنە، یان هی نۆکەری دەدا
کەڕ و کوێر و لاڵ لووتم دەگرم و
هەنگاو بە هەنگاو خۆم پیس دەکەم
بۆ گەیشتن بەو پارچە خاکە وشکە
دوور لە گیانەوەرە تێنووەکانی ئاوی خوێناوی
خەمی خۆم وەک منداڵێکی برسی لە کۆڵ دەنێم و
پێ لەسەر ئەو دوورگۆکە دادەنێم کە سەرسووڕمان دەورەی داوە
با چاکی کرد هەڵیکرد هاوارەکان بەبیر بهێنێتەوە
دوا هەنسک و خڕەی سینگ و نغرۆبوونەکان
شەپۆلەکان هێرش بۆ سەر لێواری چۆڵ و هۆڵ دەبەن
هەموو ئەو شتانەی دەمەوێ لەبیریان کەم فڕێ دەدەنە بەر پێیەکانم
هەموو ئەو شتانەی ناتوانم لەبیریان کەم کە دەتوانین لەبیریان کەین
باسکم درێژ دەکەم و هەراوهۆریا سەرهەڵدەدا
پەیامبەری بەدبەختی و زایەڵەی ڕابردوو
کە خۆی بەرەو ئاسمانی بۆر وەردەسووڕێنێ وەک لە یادکردن و گەوهەرەکان
پێش هەڵاتنیان هێنانی زستان و بێ باکی
هێشتا هاوار دەکەم و کەس وەڵام ناداتەوە
هیوا بە تریسکە ڕووناکییەکانی ئاسۆ دەخوازم و دەجووڵێمەوە
بڕیارم داوە ڕابکەم و هاوار بکەم و دەستەکانم درێژ بکەم
ئۆقیانووس هێشتا سوورە و قوڕیش هێشتا دەبارێ،
بینیم ئاگری ئاسۆ ڕۆژان و شەوان هەڵدەلووشێ و
گوێشم لەم جەژنەی تۆقان و نیگەرانی بووە
مۆسیقای ناشتن و لاڵانەوە
لە کاتێکدا هیچ شتێکی تر نییە بۆ بیستن
سەرەنجام هیوام خواست کە مەرگ تاقە ئومێدە
بۆ ئەوەی بە ئێجگاری لە کۆڵمان بێتەوە
دڵنیایی پێکەنینم بەرانبەر ڕوخسارەکان بەرزکردەوە
ڕوخساری ئەوانەی نەیاندەناسیم
ساتێک چاوم داخست بۆ ئەوەی مس و خوێن نەبینم
کە ئۆقیانووسیان داپۆشیوە و لەبەر هەتاوی شەفەق تریسکەی دێ و
بە ڕێگاکانی یاداشتدا گوزەر دەکەم
باریکە ڕێگای بیرەوەرییەکان هەمان ڕێگای گۆڕستانە،
بەرینە وەک ژیانم بێ دەرگا و بێ سنوورە
لە هەموو چوارڕیانێک دەوەستم


که هاوڕێیەک لێی چاوەڕێم دەکا و چیتر ناوم نازانێ
ئاو لە هەر چوار لاوە دەخەوێ و خەون دەبینێ
بەرەو زەمەنی لەرزیو وەک شێتی هەڵدەکشێ
خۆم لەوە دوور دەخەمەوە کە چەندان ساڵ پێشتر دامەزراوە
بێ جووڵە کەچی زەمەن تێدەپەڕێ و فەزا هەڵدێ
ناتوانم چاوەکانم داخەم و گوێیەکانم بگرم
دەستم و لووتم و زمانم ببڕم هاواردەکەم
هەردەم بێهوودە لە دووکەڵی ئەو بایە هاوارێک
دەمی کراوەتەوە و ئاماژەی لاڵی چڵە مردووەکان
چونکە لەوێ وەک هەورەکان کۆبوونەتەوە
ئەوانەی دەیانەوێ ئەوانەی لێیان هەڵدێم ئەوانەی داوا دەکەن و
داوای بەخشین دەکەن لە بەشی خۆیان لە مافیان
وەک چوار هەزار و ملیۆنێک کەڕ هاوار دەکەن
ئەو هارانەی هێشتا لە ترسان دەلەرزن، بەلام برسییەتی هەڵدەلووشن
ئەوانەی دەیانەوێ ساتی گوێجاو بتۆزنەوە
دەستیان بەرەو ئاسمانێک لە مشکی بەرزدەکەنەوە بەرەو ئەستێرە شێتەکان
بەرەو خۆر کە لە دەریایەک لە خوێن لە دایک بووە
منگەمنگ دەکەن و پێشنیار دەکەن و سوێند دەخۆن و دڵنیایی دەکەن
کلۆیەکان کە لەناو ئاپۆرە و بگرە و بەردە پرۆتێستۆیانە
ئاپۆرەی خەڵک لە پێشانگاکان هەتا دەنگی گەواڵە و هەورەتریشقەش دادەپۆشن
بە ئاستەم برووسکەکانی ڕەنگی بنەوشەیی دەناسینەوە
مەرجانەکان کە شەق دەبن و ئاسمان دەدرێنن
کاتێ کە قوماشە ڕەشەکان دەکەونە سەر مردووەکان
پێش ئەوەی پێڕا بگەن دوا هەنسکی سەرەمەرگ بدەن
گەواڵەی چل هەزار شەو و گەواڵەی چل هەزار ڕۆژ
نە بێ ئومێدی دڵ بریندارەکان
نە هەراوهۆریای قین کە وەک تیری ئاگرهاوێژ گیشەی دێ
کاتێ کە بازی پڕ لە کێچ و ئەسپێ نزیک دەبێتەوە
فانتۆمی(٢) پاڵەوانە زیندووەکانی شەفەق
ئاگر و خوێن کە سەرادووی مردووەکان دەنێ و پێشتر قوڕ هەڵیلووشیون
لە یەک ساتدا لەگەڵ خۆر سەردەکەون
هیچ شتێک ناپارێزن نە خۆڵ و نە سوێند و قەولەکان
هەموو شتێک خوراوە.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**١- چراو، ڕۆنانی وشەیەکە لە: چرا و ناو، کە ناوی جۆرە ماسییەکی دەریایە، فەرەنسییەکەی Medus -ە و بە عەرەبی پێی دەگوترێ: قندیل البحر.**

**٢- فانتۆم - fantome، واتە: تارمایی، شبح.**

**3- Philippe Souault, Poemes et Poesies, ed. Grasset. Paris. 1973**



# دەستێک لە بەهەشت

**جەبار جەمال غەریب**

پێشکەشە بە مەحموود دەوڵەت ئابادی
ڕۆماننووسی گەورەی ئێران

**موو**

تەنها بیرم لە یەک شت دەکردەوە "ژمارە"، دەمتوانی چەندی دەکرێت ژمارە لەبەرکەم و لەبیرخۆشمی بەرمەوە. تا ئێستا ژمارەی ئەو مۆبائیلانەی بەکارم هێناون گەیشتوونەتە سی و حەوت، تەنها بیست و یەک دانەیانم ماوە، ئەوانی دیکەشم شکاندوون، یان داومن بە برادەرەکانم.

ژمارەی هەر هەموویانم لە بەربوو، دەشمزانی هەر یەکەیان چەندەم دانەیە کڕیومە. یەکەم ژمارەم بە پازدە کۆتایی دەهات و دوا ژمارەشم بە چل و نۆ. ژیانم، هاوڕێکانم و کاتەکانم هەمووی هەر ژمارە بوو. تا ڕۆژێک زەنگێکم بۆ هات و گوتی:

– مەرجم کردووە یەکەم کەس هەر کێ بێت، نهێنی خۆمی پێ بڵێم.

من پرسیم:

– چەندەمین کەسم؟

– نۆیەم بەڵام پێم بڵێ، تەمەنت چەندە؟

– هەژدە ساڵ و سێ مانگ و نۆ ڕۆژ.

بە نووزەوە گوتی:

– تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

ئەو تەلەفۆنەم بە نۆیەم سیمکارت بۆ هات. من لە تەمەنێکدا نەبووم چاوەڕێ کەم. بەدەست منیش نییە، ڕۆژەکان بێ پرس تێدەپەڕین. سەرەڕای هەموو ئەوانەش ژمارەی سیمکارتەکانم ڕۆژ بەرۆژ زیادیان دەکرد و بە دەیان دەنگی دیکەم لەپشت هێڵەکانەوە گوێ لێدەبوو. یەکەم یەکترناسینی من لە دەنگەوە بوو، تەنها دەنگەکان دەناسم. کچێک

که تەمەنی تەنها سێزدە ساڵ و نیو بێت و بەژمارەیەکی قاچاخ تەلەفۆنم بۆ بکات لە وەستانی پشت هێڵەکەوە، لەیەکەم هەناسەی توند و پڕ ترس و دڵەڕاوکێیەوە، لە هەمان کاتدا خۆشەکانییەوە، دەیبینم چۆن جەستە باریک و ئاگر تێبەربووەکەی لەبن ماکسییە تەنکە سوورەکەیەوە دەلەرزێت. گوێی بۆ دەگرم و هەست بە قورسی لێوەکانی دەکەم لە کاتی گوتنی هەر وشەیەک، بۆ ئەوەی ورەی بدەمێ، پێی دەڵێم "قوربانی ئەو ئازایەتییەت بم" ئەویش بە دەنگێک کە تەنها پیتی شینی پێ دەگوترێ دەڵێت "خۆششم دەوێی" من لەگەڵ ئەو وشەیە دەلەرزم و خەریکە بڕشێمەوە، خزم و کەس و دراوسێی ئەو کچە ترساوە، دەبینم بە چەقۆ و بێڵ و کوتکەوە بەرەو ڕووم دێن و لەبن پێی خۆیانم دەنێن و خەریکە بمکوژن. من ئاوام لێهاتووە ئێستا لەگەڵ بیستنی ئەو وشەیە پێش ئەوەی بەتەواوی ببوریمەوە مۆبائیلەکە دادەخەم. نازانم چەندەم جارە لەدوای ئەو وشەیە دنیام بەسەردا وێران دەکەن.

دەنگ ناسینەوە هونەرێکە بە هۆی مۆبائیلەوە فێری بووم. هەر کەسێک لەو دیویەوە بوەستێ و قسە بکات، من دەزانم چ مەبەستێکی هەیە. دەرگای ماڵەکان با هەر دابخرێن و دیوارەکان بەرزتر بن، مادام مۆبائیل هەیە من زۆر بە ئاسانی دەچمە بن بەتانی و ژێرپشتی کچەکانەوە. لە دەنگی قووڵ و دووری ئەو کچانە دەترسێم کە تەمەنی خۆیان لە ژووورە تەنهاکاندا سەرف کردووە و ئێستا لە مۆبائیلدا بە ئاگا هاتوون. دەنگی ئەوان دەنگێکی بریندار و سەرگەردان و هەندێ جاریش خەمخۆرانە بوو. نەدەوێرام لەگەڵ ئەوان باسی ڕەنگی چاو و حەز و ئەو شتانە بکەم. تا یەکێکیان ڕۆژێک پێی گوتم "تەمەنت چەندە؟" منیش هەر وەک ئەوەی پوورم لێم بپرسێ گوتم "خەریکە دەبمە بیست". ئەو زۆر لە دەنگە خۆڵەمێشییەکەی خۆی زیاتر پرسی:

– کوێ و کوێت مووی لێهاتووە؟

من زۆر بێ مێشکانە گوتم:

– سەر لێوم.

ئەو گوتی:

– ماچێکم لە لێوت بدەیە.

من گوتم:

– چەنەگەشم.

ئەو گوتی:

– ماچێکم لە چەنەگەت بدەیە.

من گوتم:

– لە بن باڵیشم.

ئەو گوتی:

– ماچێکم لەبن باڵت بدەیە.

من بێ دەنگ بووم! ئەو گوتی:

– کوێی دیکەت؟

من قسەیەکم بۆ نەهات و هەناسەیەکی ناچاریم هەڵکێشا، ئەو گوتی:

– شەرم مەکە، کوێی دیکەت؟

من بۆ خۆ ڕزگارکردن گوتم:

– سەری زمانم.

ئەو بەوپەڕی حەزەوە گوتی:

– ماچێکم لەسەری زمانت بدەیە.

ئیدی ئەو دەنگە ئەوەندە نزیک بووە لێم وەبەر مووەکانی جەستەم دەکەوت.

تاکە دەنگێک هەبوو لەمن بە ئاگاتر. دەنگی کچێکی هاوتەمەنی خۆم بوو. ئەو ئازایانەتر قسەی دەکرد و زۆر جار بەگاڵتەوە جنێوی پێدەدام و من پێی شاگەشکە دەبووم. ئەو کوڕەکانی ئەو وڵاتەی بە خوێڕی و درۆزن و گاڵتەجاڕ دەزانی و من پێم دەگوت "من وانیم من ئازا و بوێرم"

ئەو دەیگوت "دڵسۆزیشی"

من خێرا دەمگوت "زۆر"

ئەو دەیگوت "نامکەیتە حیکایەت بۆ پێکەنینی برادەرەکانت، ئەگەر بن باڵمت پیشان دەم"

من دەمگوت "هەرگیز"

ئەو دەیگوت "هەڵم ناخەڵەتێنی و پێم ڕانابوێری"

من دەمگوت "نەخێر"

ئەو دەیگوت "تۆ کوڕنیت تۆ قەحبە و درۆزنی"

بەشێک لەو دەنگانەی بەر ڕوحم دەکەوتن و دەمویست وەک کوڕێکی سادە و گێل کەداوی عەشق دەیانگرێت و بەریان نادات، تەواو وەک ئەو مشکانەی بەلەزگەی سیکۆتینەوە دەبن و زیقە و هاواریان دەگاتە ئاسمان، بەڵام سیکۆتین بەریان نادات وردە وردە هەموو لەشیان دەگرێتەوە.

بابم وەک ئەو شەیتانانەی لە فیلمە سیحرییەکاندان، هەستی بەچەکەرەی ئەو حەزەم کرد و گوتی:

– سوورێن ئەو هەموو تەلەفۆنە بۆ کێ دەکەی؟

– بۆ هاوڕێکانم.

– تەنها بۆ کچان نەبێت کەیفی خۆتە.

دواتر هێمنتر وەک ئەو سیحربازانەی ددانە درێژ و شاخ کەرکەدەنەکانیان و نینۆکە ئاسن و چاوە ئاگرەکانیان فڕێدابێت، گوتی:

– کوڕم هەرگیز باوەڕت بە کچ نەبێت، ئەو کچانەی تەلەفۆنت بۆ دەکەن تەواونین، یان برا و ئامۆزا و خزمە بە ویقاڕ و سەرسەختەکانی دەزانن و کۆڵان کۆڵان بە دواتدا

دەگـەڕێن و ددان و دەست و هەمـوو ئێسـقـانەکـانت دەشکێنن.

منیش زۆر بێ باک و سادە، گوتم:

– بابە من نامەوێ دڵی کچی ئەوان بشکێنم، تەنها گوێ لە قسەی دڵیان دەگرم و ئەگەر پێویست بوو لە سەر مۆبائیل بۆیان دەگریم.

بابم وەک شێت سەرەتا ددانە شاخ کەرکەدەنەکانی دانایەوە و گوێی گرتم و گوتی:

– کوڕی سەگ گوێ لە دەرد و ژەهرەمارەکانی من بگرە. ئەوان نازانن قسەی دڵ چییە، کچ واتا موسیبەت و قوڕبەسەری .

– ئەی ئەگەر بە ڕاستی خۆشم بوێن؟

بابم هەر قسە بێ ماناکانی دووبارە دەکردەوە و منیش خێرا خێرا و بە نهێنی ئەو زەنگانەم دەبڕی کە لە سەر یەک بۆم دەهاتن. بە ڕاستی لەوەتەی مۆبائیل پەیدا بووە، من هەستم بەلێدانی دڵم نەکردووە، ئەوە لێدەدات، لە ناو باخەڵم و لەبن قایشی پشتم و لەژێر سەرینەکەم.بابم هاواری دەکرد و گوتی:

– یەک جاریش بەڕاستی گوێ لە زەنگی دڵت بگرە.

من گوتم:

– ئەو پارچە گۆشتە چی دەڵێت؟ چەند کیفە خوێنێک و چەند پارچە دەماری ناشیرن و چڵکنە.

ئەو هێمنتر، بەڵام جددی و بەباوەڕەوە و گوتی:

– ئەو پارچە گۆشتە دەتوانێ ڕێنماییت کات.

من کەپەنجەیەکم لە باخەڵمدا هەر خەریکی بێ دەنگ کردنی زەنگەکان بوو، لەبەر ئەو هەموو پەشێوییەی بابم گوتم:

– ڕاست دەکەی هەوڵ دەدەم گوێی لێ بگرم.

– وەرە تەنیشتم من دوازدە ساڵان بووم کە عاشقی کچێک بووم. سێ ساڵی تەواو دوای کەوتم بێ گومان لە ڕێگای قوتابخانە، بێ ئەوەی بهێڵم کچە پێ بزانێ.

منیش لە پڕ لە قاقای پێکەنینم دا و گوتم:

– ئەی بۆ دوای دەکەوتی؟ ئەوەش ڕێنمایی دڵ.

لە وزەمدا نەماو وەڵامی یەکێک لە تەلەفۆنەکانم دایەوە، کچێکی زۆر هار بوو، گوتم:

– هێندە تەلەفۆن مەکە لەگەڵ بابم قسەدەکەم.

ئەویش لەوسەری هێڵەکەوە هاواری کرد:

–هەی گوو بەڕیشی بابت.

## تاریکی

ئێستا لای من لەزەت لە دەنگدایە، دەچمە ژێر لێفەکەم و چاوەکانم دادەخەم و گوێ دەگرم و لەو سەری هێڵەکەوە دەنگێک دەڵێت:

– دەنگت بۆ ئەوەندە نەرمە، دەڵێی کرێمی سەر کێکە.

من دەڵێم:

–چاوت چ ڕەنگە؟

ئەو دەڵێت: سەوز.

دەڵێم:

– قژت؟

دەڵێ:

– ڕەش ؟

دەڵێم:

– پێستت؟

دەڵێ:

– تۆزێک ئەسمەر.

بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بمێنێ لێفەکە لەسەر خۆم لادەدەم و دەڵێم:

– تۆ ئەو شێوەیەی من دەمەوێت.

لە پڕ لەجێگاکەم دێمەدەرێ و بەو تاریکییە سەرم توند بە دەرگای کەنتۆرەکەدا دەکێشم و دەکەومەوە سەر جێگاکەم.

ماوەیەک کاس دەبم و سەرم دەخەمە ژێر سەرینەکەم و دیسانەوە تەلەفۆنی باخەڵی چەپم دەلەرێتەوە، دەستی پێدا دەنێم، بێ ئەوەی قسە بکەم گوێ ڕادەدێرم، ئەو دەڵێت:

– تەنهای؟

– نا، تاریکیم لەگەڵدایە.

ئەو دەڵێت:

– ئەو تاریکییە منم. وابزانە منت لەتەنیشتم.

دەنگی لەو دەنگانە بوو، بۆنی دەهات. بۆنێک وەک ڤانێلا. زانیم لێوەکانی پڕ و پان و ڕوومەتی گۆشتن و مەمکی گەورەیە و باڵای سەد و شەست و حەوت سانتیمەترە و پێڵاوی سی و هەشت لەپێ دەکات و سمتی قەڵەوە و ئەولاولای کەمەری بەرز بوونەوە و پەنجەکانی قەڵەو و تۆزێک کورتن. گوتم:

– تۆ من دەناسی؟

– دە ڕۆژ لەمەوبەر تەلەفۆنت بۆ کردم وەڵامم نەدایەوە.

پرسیم:

– ئەدی ئەو شەو چۆنە گونت هەستاوە و تەلەفۆنم بۆ دەکەی؟

گوتی:

– نەمتوانی دەنگت لەبیر کەم.

– دەنگم خۆشە؟

– شیرینە؟

گوتم:

– چیت لەبەرە؟

گوتی:
– کراس و بیجامەیەکی شیری لووس.
گوتم:
– دایان کەنە.
دەنگی کــز بوو وەک هەناســەی ســواربێت، دووبارە گوتمەوە:
– ئەو کراس و بیجامە نەحلەتییە داکەنە.
گوتی:
– ئاخررر.. نابێ.
– بۆ؟
– شەرم دەکەم
– بۆ کێت لە گەڵە؟
– کەس.
گوتم:
– ئەی شەرم لە کێ دەکەی؟
– تۆ.
– من خۆ لە وێ نیم.
گوتی:
– نا ئەوەتا دەنگت چۆتە..گوێمەوە، ئەوەتا بۆ خۆت لە بەرانبەرم دانیشتووی.
گوتم:
– کەواتە کلۆپەکان بکوژێنەوە، جا دایکەنە.
تاوێک دەنگی نەمـاو، خشـەخش و هاشـەیەک هاتنە بەر گوێم و گوتم:
– داتکەند؟
بە نووزەوە گوتی:
– ئممم.
گوتم:
– چی دیکەت؟ ئەو دەرپێ و مـــەمکدانە ڕەشـــەش داکەنە.
گوتی:
– ناتوانم، دەخنکێم.
گوتم:
– خۆ ناچییە ناو دەریاوە، هەر لەژێر بەتانییـەکەتەوە دایانکەنە.
– نا، هەناســەم ســوار دەبێت، ســوار ســوار دەبێت، خەریکە بخنکێم.
منیش بەو پەڕی دڵسافییەوە گوتم:
– چیت سوار دەبێت؟
ئەو قـوڕگی گیـرابوو، وەک بـاری ئەو دنیـایەی لەسـەر شان بێت، پرسییەوە:
– چیم سوار دەبێت؟ ئا..ئا..بەسە ئەو قسانە مەکە.
من گوتم:
– باشە دەستت بە کوێتەوەیە؟
ئەو گوتی:
– بەمۆبائیلەکەمەوەیە.
– ئەی دەستی ڕاستت؟
ئەو گوتی:
– دەستی ڕاستم!
هەستم کرد دەستی دەگۆڕی و ئەوجارە بەدەستی ڕاستی مۆبائیلەکەی گرت، ئەو دەستە ڕاستە نەحلەتییە لەکوێوە هات، بۆ ئەوەندە گەرمە خەریکە گوێم بسووتێنێ.
گوتم:
– بۆ دەستت گۆڕی؟ دەستی ڕاستت بە کوێتەوە بوو؟ بۆ ئەوەندە گەرمە؟
ئەو گوتی:
– هەی شەیتان ئەوە لەکوێوە سەیرم دەکەی؟
گوتم:
– تۆ لە مـاڵی خـۆتانی کە نازانم لە کوێیـە. لەوێش لە ژوورەکـەی خـۆتدا و لەژێر جـێگاکـەت، من چۆن دەتوانم سەیرتکەم؟
– توخوا پێم بڵێ بۆ مەمکی چەپت شێن بۆتەوە؟
– مۆبائیلەکەم لەوێ دەشارمەوە.
من گوتم:
– خۆزگەم بە مۆبائیلەکەت.

**شیری خاو**

ئێـــســـتـــا زۆر کـــەم ڕەنگ و ڕوو دەناسم، لە ڕێگای دەمووچاوەوە ناتوانم دۆست و دوژمن لێک جیا بکەمەوە. هەر کە لەو دیو هێڵـەکەشەوە گوێم لە دەنگی نێرینەیەک دەبێت وەک ئەوەی زەردەواڵـەیەک بکەوێتـە ناو باخچـەی پەپوولەکانمەوە، دەنگی ئەو نێرانە هەمیشە تووڕە و گڕ و دڕکـاوین. یەکـســـەر دەپرسن، ها چیت دەوێت؟ دەڵـێم، بەڵێ؟ ســـەرم لێـــدەشـــێـــوێت وەک ئەوەی منداڵ بم و بەپایسکیلی سێ تایەوە لەهەر چوار لاوە لۆریم بۆ بێت، ئەو لەو ســـەرەوە دەڵـێت: لاڵ بووی؟ هەندێکیـــان کـــە تووڕەترن، دەڵـێن: بێ ئەدەب جـارێکی دیکە تەلەفـۆن مەکەوە. درەنگتر کچە لەناو تاریکییەکی وەک ژەهرەوە دەڵێت: ببوورە ئەوە برا سەرشێتەکەم بوو وەڵامی دایەوە. بێ گومـان من هەر لە دەنگییەوە دەزانم ئەو لەرینەوەیە لە نزیکـیـــــەوە دێت. دەنگێکی دیکە لەوپەڕی تۆقین و گـەشکەوە دەڵێت: مـاڵـمـان شـێـواوە تا سێ ڕۆژی دیکە تەلەفۆن مەکەوە. ئەو دەنگە لە ئاودەستەوە لەگەڵ خوڕەی ئاو دەهات.
هەمـــوو ئەو ئامـــێـــرە مـــۆبائیـــلانەی تێک دەچوون و بەکەڵـک نەدەهاتن هەڵـم دەگرتن و بەڕیز لەسـەر لێـواری

ئەو مەکتەبە بچووکەم دادەنا کە کتێبەکانم تێدا هەڵدەگرتن. دەمتوانی یەکەیەکە ڕۆژی کڕینی ئامێرەکان و سیمکارتەکان و ماوەی کارکردنیان وەک هۆنراوە گرانەکانی وانەی عەرەبی بڵێمەوە. دەمزانی چ کچێکم لەکام ئامێرەوە ناسیوە. هەریەکە و بەناوی یەکێکیانمەوە کردبوو. من ئێستا لەو باوەڕەشدام ڕۆژێک دکتۆرەکان لە ڕێگای دەنگەوە بەشی زۆری نەخۆشییەکان دەست نیشان بکەن. تاکە ڕێگای گەشەکردنیشم تێگەیشتنم بووە لەو دەنگانە. ئێستا کە خۆم بەراورد دەکەم بەو کوڕە گێل و نەزانەی یەکەم جار قسەم لەگەڵ کچان دەکرد تەریق دەبمەوە. دەزانم لەزەت لە دەنگ وەربگرم. دەنگی ئەو کچە زیقنانەی جارێ نەبوونە چواردەساڵ شێتم دەکات. باسی ڕەنگی چاویان، یان بۆیەی دەستیان، یان ڕەنگی ژێرکراسەکەیان بکەی خەریکە گەشکە بگرن.

دەنگی هیچ کەسێک، نەهی باب و داک، نەهی مامۆستاو هاوڕێ و مەلای مزگەوت، هێندەی دەنگی ئەو ژنانە ئارامبەخش نییە کە لە سەرووی سی ساڵییەوەن. ئەو دەنگانە سروشتی ئەو ئۆقیانووسانەیان هەیە لەو پەڕی هێمنیدا ژیان بۆ ملیۆنان گیاندار دابین دەکەن. ڕۆژێک دەنگی یەکێک لەو ژنانە ژیانی بەتەواوی گۆڕیم، وەک دڵۆپە شیلەیەک لە هەنجیرێکی بەجێماوی کۆتایی پاییز بەربێتەوە سەر مێروولەیەکی زەردی هەرە بچووک. ئەو دەنگە ئاوا بەهەمان شیرینی و قورسی و لووسییەوە کەوتە سەرم، کەوتە سەرم و منیش تەواو وەک مێروولە هەرە زەردە ناکامڵ و باریکەکان لەناویدا غەرق غەرق بووم. دڵۆپە شیلەی هەنجیرێکی کۆتایی پاییز، خەست و فێنک و ژیانهێن. بۆنی دارێکی مێی، هەزار ساڵ مێی لێدەهات. دیارە پیاو لە هەر تەمەنێک دابێت بەو بۆنە دەگەشێتەوە. ئەگەر پیاوێک تەمەنی سەد ساڵ بێت و بۆنی مێخەک، یان بن باڵی، یان بۆنی پێڵاوەکانی سەندرێلای لێوە بێت، ئەوە بۆنی دەکات و بە دڵێکی ئارامەوە بەرەو بەهەشت دەداتە شەقەی باڵ. ئەو دەنگە سی ساڵییە، یان ئەو شیلە هەنجیرە ڕووناکە تەواو لەوکاتەدا کەوتە سەر من و دایپۆشیم کە لەبەر هەیوانی ماڵی خۆیان دانیشتبوو، لاقەکانی لێڕاکێشابوون و پێیە ڕووتەکانی خستبوونە سەر یەک، من لە دەنگییەوە دەمزانی چەند بە ئارامییەوە و چەند بەهێمنی سەیری پەنجەکانی پێی دەکات و گاڵتە بەو قامکەی دەکات تۆزێک لەوانی دیکە درێژترە. هەر لەوکاتەی بۆنی شیلەکەی وەک جاڵجاڵۆکە شەتەکی دابووم، ئەو مۆبائیلەکەی بەپەنجە درێژ و باریکەکانی بە گوێیەوە نابوو. لێوە گەرمە بێ سووراوەکەی لەوکاتەی بەمنی دەگوت "بۆنی شیری خاو لەدەمت دێت" گنجی ورد وردیان دەکرد، هەر ئەوەندەی من لەو سەری هێڵەکەوە بیانبینم. من هەر لەژێر ئەو دڵۆپە شیلەی هەنجیرەوە گوتم "توخوا بیلێوە بۆنی شیری خاو لە کوێم دێت؟" ئەویش زۆر سادە، بەڵام هەر بە هەمان شیلەوە گوتی "لە دەمت ئەی خودایە چۆن دەمی من لەناو دەمە گۆشتنەکەی ئەو دەهاتەدەرێ. بەهەمان زۆڵی و حەرامزادەییەوە، بەڵام سادە سادە پرسیمەوە "بۆنی چی؟" ئەو گوتی "شیری خاو" من بەوپەڕی بەرائەتەوە گوتم "لەوەتەی هەم دەمەوێت جارێک تەنها جارێک تامی شیری خاو بکەم" ئەو بەمەبەستەوە پرسی "تەمەنت چەندە؟" گوتم "لە دووی زانکۆم" ئەو گوتی "بە دوای کەسێکدا بگەڕێ وەک خۆت بۆنی شیری خاو لەدەمی بێت" من گوتم "ناتوانم، ناتوانم ئەو کچانەی زانکۆکەی من تەنها دیکۆرن، ئەو دیویان نییە، نازانم کێن، تووڕەبوون و گریان و پێکەنینیان لێک جیاناکەمەوە. ئەوان وەک بووکە شووشە دەڕۆن، وەک باربی ناو جامخانەکان تەوقە دەکەن. قسەکانیان نابێ ڕەق بێت، نابێ نەرم بێت، نابێ هیچ مانایەکیان هەبێ، نابێ هیچیان لێ تێبگەی. نابێ نەوەک دۆست، نەوەک دوژمن، نەوەک دەزگیران، نەوەک کەپڵ دەرکەون. ئەوان دەبێ وەک فریشتە تەواو وەک فریشتە ببینی" نازانم ئەو لەکەیەوە مۆبائیلەکەی داخستبوو، بەڵام من هەر بەردەوام بووم "من وەک تەختەیەک، وەک موقەبایەک دەچمە زانکۆ، وەک تەرمێک دەچمە ناو تابووتی زانکۆوە، هیچ کچێک لەزانکۆ نیو ئەوەندەی تۆ نەیدواندووم. لە زانکۆ قەدەغەیە، قەدەغەیە هەست و شعوورت هەبێت. قەدەقەیە گوڵێک بۆن کەی. من نیم، لە زانکۆ نیم. من لێرە، لەناو ئەو مۆبائیلەدا هەم، لە ناو ئەو هێڵەدا، لەناو ئەو هەوایەدا هەم کە بۆ لای تۆم دەگوازێتەوە. من لەو ژوورە تاریکەی خۆمدا هەم، گەورەترین لەزەتی من کوژانەوەی گڵۆپەکان و مەملەکەتی تاریکییە. من تەنها لە تاریکیدا ئازادم، لەو ژوورە چڵکن و بچووک و وێرانەی خۆمدا ئازادم. لەو ژوورەدا ڕستەی پڕ کیبریا و حورمەت و ئەخلاق و بۆگەن و پیسی مامۆستا و مەلاکان بێزارم ناکەن. کەس ناپرسێ لەگەڵ کێ قسەدەکەی، چ گویەک دەخۆی، خۆم ڕووت دەکەمەوە و کەس پێم ناڵێ سەری لووتت دیارە. کەس پێم ناڵێ قۆپچەی ڕیخەڵۆکانت داخە. لەو هەموو ساڵەدا نەدار و شەقی مامۆستا و نە تف و بەڵغەمی باوکم و نەهەڕەشە مردووەکانی مەلا و وانەکانی خوێندن، نەیانتوانی بە قسەم بێنن. ئەو ئامێرە بچووکە، ئەو مۆبائیلە نایلۆنە دڵم دەگوازێتەوە بۆ هەر شوێنێک بمەوێ. ئەو ئامێرە کەدەڵێن لە ژەهر دروست کراوە بە قسەم دێنێت و چ مەینەتییەک ساڵانێکە ڕشتویانەتە ناو دەروونمەوە دەردێنێ. کەس

ئەوەندەی ئەو ئامێرە گوێی لێنەگرتووم و حورمەتی بۆ دانەناوم.

دیسانەوە لەتاریکیدا هەستم کرد کەوتوومەتە ژێر دڵۆپە شیلەی هەنجیرێکی مۆر مۆر. مامۆستای من ئێستا مێروولەیەکە، حەکیمی من ئێستا مێروولەیەکە پێم بڵێ لە ژێر قورسایی ئەو دڵۆپە گەورە و شیرین و بۆنداره چۆن هەناسە بدەم؟ پێم بڵێ ژیان چ تامێکی هەیە؟ پێم بڵێ غەرق بوونی پێیەکانم تا بینەقاقا لە شیلەیەکی وا خەستدا چ حیکمەتێکە! هەموو دنیا دەبێ لە مێروولەیەکەوە فێربێت چۆن لەژێر ئەو شیلە خەستەدا چاو هەڵێنێ و هەناسەبدات!

ئەمڕۆ بەیانی هەر لەخۆمەوە هەست دەکەم باڵام چەند سانتیمەترێک بە ژیان لەناو شیلەدا زیادی کردووە، ئیدی سەد و حەفتا سانتیمەتر نیم و بوومەتە سەد و حەفتاوپێنج. مۆبائیلەکەم وەک دەسکە گوڵێکی لە ڕزین نەهاتوو دەخەمە باخەڵەکەی سەر دڵم و با شەپۆلە موگناتیسییەکانی چەند دەتوانن لێدانی دڵم ڕاگرن. بەیەک بانگکردنی داکم دەچمە خوارێ، بەوپەڕی زەوقەوە مرەبای هەنجیر دەخۆم و لێدەگەڕێم چەندی حەزدەکەن دڵۆپە شیلە زێڕینەکان لە پارووەکەم بکەونە خوارێ و تەپ بکەونە سەر مێروولەیەکی وێڵ کە بۆنی شیلەی کردووە. قوومە ئاوێک دەخۆمەوە و پەنجەیەکم بەوپەڕی خۆشەویستی وسیحربازییەوە لەسەری لووتی داکم دەدەم و پێی دەڵێم "تۆ دڵی منی" ئەو گەشدەبێتەوە و هیچی پێ ناگوترێ. لە ماڵ دێمەدەرێ و هەتاوێک هەر بەهەمان ڕەنگی زێڕی مرەبا لەو مانگی دوازدەیەدا لە دەموچاوم دەدات وگەرمییەکی ناسک دەچێتە ناو پێستی تەنک و خوێنمەوە. ئەی خودایە ئەمڕۆ چەند لە خۆم ڕازیم و نازانم بەو باڵا گونجاو و دڵە گەرم وجەستە پتەوەمەوە بۆ دەبێ نەفرم. بەختیاری لەسەر کراسە سوورە ئاڵەکەم و پانتۆڵە کاوبۆ ڕەشەکەم پاڵی داوەتەوە. بەختم چەند جوان کراوەتەوە، ئاخر دەنگی ژنێکی سی ساڵە کەم نییە!

لەسەر سووچی کۆڵانەکەمان دەوەستم، مارسیدسە ڕەشە کۆنەکەی مامۆستای هەرە زیرەک و فەیلەسووفەکەمان دەبینم، دەگاتە لای من و دەوەستێ و پەنجەرەکەی دەکاتەوە و دەڵێ "ئەمڕۆ تۆم ناسییەوە، لەگەڕەکی خۆمانی؟ سەرکەوە"

ئەگەر سوورێنە ڕووخاو و مردووەکەی دوێنێ بام و ئەو دڵۆپە شیلە سی ساڵییە بە سەرمدا نەڕژابا، نەمامۆستا دەیدیتم و نەمنیش جورئەتی ئەوەم دەکرد لەگەڵی سەرکەوم، کەتاکە کەسە ئەوەندە شەرمی لێ بکەم و ڕێزی بگرم. من لەوە ساویلکەترم هاوڕێگای مامۆستایەکی وا بە هەیبەت بم. نەک هەر ئەوە ئەگەر ئەمڕۆ من ئەوەندە بەختەوەر نەبام و مامۆستاش بە ڕوویەکی ئەوەندە خۆشەوە سامی نەشکاندبام هەرگیز جورئەتی ئەوەم نەدەکرد هەر ناویشی بەدەمدا بێنم.

## مامۆستا کەیوان

مامۆستا کەیوان ئەوە ئەو ناوە بوو کە ئێمە یەکەم جار ئەو زاتەمان تێدا ناسی. ڕیشێکی تۆپی درێژی بەردابۆوە، قژی پشتەسەر و لاجانگەکانی درێژکردبۆوە و لەدواوە بەستبوونی، مووەکانی ڕیش و سەری ئەوەندە سپی بوون لە کراسی ئەو فریشتانە دەچوون لە چیرۆکە کۆنەکانەوە شۆڕدەبوونەوە و لە ملمان دەخشان. ئەو بەڕوویەکی خۆش و دوو چاوی گەشەوە کەهەمیشە ئاوێکی ڕوونیان تێدابوو، گوتی "باش بوو قوتابییەکی خۆمم لە دەرەوەی زانکۆ ناسییەوە" من بەوپەڕی شەرمەوە سەرێکم بۆ لای سوڕاند و هەستم کرد هەرچی خوێنی لەشم هەیە بەرەو دەموچاوم هێرش دێنێت". نەمزانی ئەو لەرزینە ئی مۆبائیلەکەی سەر سنگمە، یان دڵم لەرزی گرتووە. ئەو زۆر بە هێمنی گوتی"وەڵام دەوە" من زەنگەکەم پچڕاندو گوتم "هاوڕێکانمن لە زانکۆ ئێستا دەگەمە لایان"

قوتابی هەموو بەشەکان مامۆستا کەیوانیان دەناسی، بە جلە سپییەکانی و ڕیش و پرچە سپی و درێژەکەی. ئەو لە ئەورووپا گەڕابۆوە، کوردییەکی دەوڵەمەند، بەڵام بەلای ئێمەوە سەیری دەزانی. کەسانێک دەیانگوت خەڵکی سلێمانییە، زۆرێکیش دەیانگوت نەبابە ئێرانییە و بۆ خۆشی فارسە. هەرئێوارەی ئەو ڕۆژەی منی گەیاندە زانکۆ، نانی ئێوارەم بۆ خستە سەر سینییەک و بەرەو ماڵەکەی بەرێ کەتم کە چەند ماڵێک لەلای ماڵی ئێمەوە بوو. لەسەر دیوارە نزمەکەیانەوە سەیری باخچە فراوانەکەیم کرد کەسم نەدیت. زۆر کپ و هێمن بوو. نەمتوانی لە دەرگا بدەم و ویستم بگەڕێمەوە، گوێم لێبوو مامۆستا لەدواوە بانگم دەکات، منیش هەر ئەوەندە گوتم "ویستم ئەو ئێوارەیە بە سازکردنی خواردنەوە کاتت نەڕوات" وەختێک وەک منداڵێک سەری مەنجەڵەکانی هەڵدەدایەوە گوتی "زۆر دەمێکە ئەو خواردنە کوردی و گەرمانەم نەخواردووە".

من وەک سروشتی خۆم گوێ نادەمە واتای قسەکانی بەرانبەرەکەم و هەر لە دەنگییەوە، لە لەرەو تۆنییەوە زانیم تەنهایە و حەز بە هاوڕێیەتی من دەکات. پرۆفیسۆر لە خانوویەکی گەورە و کۆن دەژیا، گەراجێکی نزم و باخچەیەکی پڕ و بڵاو و فراوانی هەبوو. هەفتەی چەند جارێک شەوانە ژوورە پڕ مۆبائیلەکەی خۆم جێ دەهێشت و دەچوومە ژوورە پڕ حیکمەتەکەی مامۆستا. من تەنها

له ژووره بێ سەروبەرەکەی خۆمدا دەمتوانی گوێ لەو کچانە بگرم کە هەرگیز ڕۆژێک هەوڵم نەدا بیانبینم. هەرچەندە من ئیدی تەنها یەک دڵم هەیە ئەویش لەبن شیلەیەکی ئەستوور بەبارستەیەکی سیساڵە لێدەدات. جەنابی پرۆفیسۆریش کەسێکی دەویست گوێی هەبێ نەک دەم. ئەو خەزنەی زانیاری و حیکمەت بوو، دەروونی ئەو لەگوێوە هەڵدەهێنجرا. من تاکە قوتابی بووم زانیم پرۆفیسۆر نەک فارس نییە، بەڵکو هەر ئێرانیش نییە، بەڵام ئەو وڵاتە وردە وردە وەک هەوا و خواردن چۆتە ناو لەشییەوە و لەپێکهاتەی دڵی هاوبەشن. ئەو لە گەڕەکی ئەسحابە سپی لەو شاری سلێمانیەی خۆمان لە دایک دەبێت. باوکی ناوی حەمە ڕێحانە دەبێت و لەو قەیسەری نەقیبە خەریک کۆڵکێشی و گواستنەوەی کەلوپەلی دوکاندارەکان دەبێت. دایکیشی خەجەی سلێمانە ڕەشکە، هەر لەبەرماڵەکەی خۆیان دێبەر دروست دەکات و سەوزە و سڵق بەتەواوی گەڕەک دەفرۆشێ. ئەوانەی کاتێک بۆ باسکردم کە لە تەلەفزیۆنەوە تەماشای ڕاپۆرتێکمان دەکرد، شۆڤڵێک خەریکی تێکدانی شەخسەکەی ئەسحابە سپی بوو. ئەو گوتی "ئەو کاتە شوورەی بەدەورەوە نەبوو، بێ گومان بە خەیاڵی من" دواتر تۆزێک پێکەنی و پرسی "سورێن، ئەرێ لە هەولێر سینەما هەیە؟" من گوتم "ئێستا نا" ئەو گوتی "تاکە خۆشی و یادگاری ئەو سەردەمەی منداڵیم سینەما بوو. هیچ فیلمێکی ئەو سەردەمە نەبوو نەمدیبێ" من لێم پرسی "ئێستا سەردانی سلێمانی دەکەی؟" ئەو گوتی "هەرگیز، شارەزای نیم، شارەکە گۆڕاوە و کەسیش لەو شارە من ناناسێ"

من زۆر منداڵانە و نەشارەزایانە گوتم "ئەی داک و بابت، کەسوکاریان؟" سوور هەڵگەڕام و هەستم کرد زیاد چوومە پێش و زۆرم گوت. ئەو تۆزێک غەمبارانە و هەندێکیش فەرامۆشکارانە گوتی "من وێنەی دایک و باوکمم لەزەین سڕاوتەوە، تەنها ناوەکانیانم لەبیرماوە، ئەویش لەسەر پەساپۆرتەکەم نا." تۆزێک بێ دەنگ بوو، کاتێکی ویست تا خۆی کۆکردەوە، جا گوتی "ڕامان کرد بۆ ئێران، هەر ئێمە نا، کورد هەمووی، یان بەشی زۆری، من ئەو کاتە منداڵ، یان مێرمنداڵ بووم، لەکاتی پەڕینەوەمان لە ڕووبارێک، کە پێیان دەگوت ئاوی ڕەش، بەلەمەکەمان وەرگەڕاو هەموو کەوتینە ناو قووڵایی ئاوەکە. دەستم بە دەستی بابمەوە بوو، ئەو دەیویست دایکیشم بێنێ. من لەو ڕووداوە تەنها کەفی چڕی ئاوەکەم لەبیر ماوە، ئەوەش دەزانم هەر سێکمان و خەڵکەکەی سەر بەلەمەکە هەمووومان مردین. نازانم دوای چەند خۆم لە ژێر دەستی چەند کەسێکی غەریبدا دیتەوە و ئاویان لەسکم بەتاڵ دەکرد، تەنها چوار کەسمان لەو بەلەمە ڕزگار بووین، من و منداڵێکی لەمن بچووکتر و پیاوێکی پیر و ژنێکی سی ساڵە."

لەگەڵ وشەی سی ساڵە کێچ کەوتە ناو مۆخم و بەپەلە هەستام و جەنابی دکتۆر ئەو شەپرێوی و پەلەپەلەی منی بەلاوە سەیر بوو. تەنها گوتی "دەرگاکە لە دوای خۆتەوە داخە."

ئەو وشەیە منی بردەوە ناو ژووره تەنها و تاریکەکەی خۆم. جلەکانم داکەندو چوومەوە ژێر جێگاکەم، ژمارەی ئەو خانمە سی ساڵەم لێدا کە لەسەر ژمارەکەیم نووسیبوو شیلەی سی ساڵە. ئەو وەڵامی نەدامەوە. دەستم دەلەرزی، هەناسەم هێواش، بەڵام تەواو وەک گڕی دۆزەخ لە دەممەوە دەهاتە دەرێ. تەلەفۆنم بۆ کەس نەکرد و وەڵامی کەسیشم نەدایەوە وەک سیپالێک هەزار ساڵ بێت فڕێدرابێت لەوێ هەر لە تاریکیدا بێ دەنگ کەوتم. بەیانی کە بە ئاگاهاتم نەمدەتوانی دەست و پێیەکانم بجوولێنم، وەک ئەوەی پێوەندییان بە منەوە نەمابێ. ئەو ڕۆژە هەر لە جێدابووم و گوێم نەدایە بانگە بانگی داکم و نەچوومە زانکۆ و پیر پیر لێی کەوتم. من دەیان جار تەلەفۆنم بۆ کچ و کاڵ کردووە و وەڵامیان نەداومەوە، یان جنێویان داوەو هەر لەدوورەوە تفیان لێکردووم. هەرگیز بەو وەڵامانەیان دڵگران نەبووم و ژمارەیەکی دیکەم لێداوە. ئەو جارە ئەو دڵۆپە شیلە هەنجیرە لە پەلوپۆی خستووم. چەند شەو نەچوومە ماڵی مامۆستای پرۆفیسۆرم و ئاواتم دەخواست لەگەڵ داک و بابی ئەو لەکەفی ئاوێکی سپیدا بخنکێم. هەموو ئەو ڕۆژە تاڵ و تیژ وەک مووسانە لە ژووره تاریکەکەمدا لەکاتی دانیشتن و ڕاکشانمدا، لە بێ ئاگایی و نووستنمدا مۆبائیلەکەم هەر لە دەستدا بوو. تارۆژی پێنج شەممەی هەمان هەفتە، لە ئێوارەدا بایەکی پڕ تەپوتۆزی پاییزی چۆلەکەو پەڕەسێلکەی قوڕاوی و بەجێماوی وەک گەڵا بە دار و دیواردا دەدا و شەقام و کۆڵانەکانی لە خەڵک خاوێن کردبۆوە. لەو غەریبییە قووڵەدا کە بە ئێسقانمدا چووبووە خوار هەمان ژمارەی شیلەی سی ساڵەم لێدا. دەنگێک لەو سەرەوە، دەنگێکی پڕ و خەمخۆرانە و ئاڵ وەک خوێنی چۆلەکە، گوتی "بەڵێ" گوتم، "تەنها گوێم بۆ بگرە" گوتی، "خەریکی خوێندنەکەت بە" گوتم، "لەوەتەی دەنگی تۆم گوێ لێبووە، باڵام پێنج سانتیمەتر درێژ بووە، عەقڵم کراوەتەوە، بە یەکجار خوێندنەوە و وانەکانم لەبەر دەکەم، زیرەکترین پرۆفیسۆرمان بەسەیارەی خۆی دەمباتە زانکۆ. چەندت دەوێت تەمەنم ئەوەندەیە، من هەزار ساڵە، هەزار ساڵی ڕێکە چاوەڕێی دەنگی تۆ دەکەم." ئەو گوتی، "هێواش بە، کەس نییە گوێت لێبگرێ، قەت

قسەت لەگەڵ کچ نەکردووە؟" گوتم، "توخوا لێم مەگرە، نامەوێ لەگەڵ تۆ یەک درۆ بکەم، لەگەڵ چەندان کچ قسەم کردووە، لەودیو هێڵەوە چەندان کچم ناسیوە، بەڵام ئەگەر ئێستا هێڵەکە داخەی هەتا سەد ساڵی دیکەش بژیم تەلەفۆن بۆ هیچ کچێک ناکەمەوە و لە ژوورەکەشم ناچمە دەرێ" ئەو گوتی، "دەبێ ببووری لەگەڵ یەکێک لەو کچانە قسە بکە. هەی شیری خاو. تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

**بۆنی مەرگ**

دوای چەند ڕۆژ کە من ئێستاش نەمزانی چی ڕوویدا بوو، کە بەئاگاهاتم دەموچاوی درێژ و سەیر و غەمبار لەسەرم کەڵەکە ببوون. داکم کەتەنها بەدوو بسکە درێژ و گۆشتە زیادەکەی ملی ناسیمەوە زۆر پیر ببوو. لووتی وەک لا دیوارێکی کونج کونجی سەردەمی فیرعەونەکان بەسەرمدا شۆڕ ببۆوە. نەخۆشکارێک پێی گوت:

– دەوری چۆڵ کەن تەنها زەختی دابەزیوە.

سۆندەیەک ئاوێکی سارد و نایلۆنی دەکردە دەماری دەستی چەپمەوە.

ئەو پیاوە شارەزایە گوتی:

– ماستاوێکی سوێر بێنن.

هاوسێیەکمان کە ورگێکی ئەستووری هەبوو، قایشێکی قەسابی پانی لەسەر دەبەست، من هەمیشە وامدەزانی بۆ ئاودەست بەپەلەیە، گوتی:

– وامزانی مردووە، ئەو هەموو هاوار هاوارە چ بوو کردتان.

ژنێکی وەک قالۆری کون کونی کۆنە خزمان کە دیار بوو لەکاتی دروستکردنی تەرزە باریوە.گوتی:

– سەد شوکر خودایە، ئەو جارەش جەرگی دایکی نەسووتا.

هاوسێیەکی کامڵمان کە پیاوێکی ڕوح سووک بوو، بەڵام هەروا لەخۆڕا تۆزێک کەر بوو، بەوەی تەنیشتی گوت:

–پێم وابوو دەرمانی خواردووە،یان ژەهر.

وەختێک هەموان دەموچاوە باریک و درێژکۆڵەکانیان بەسەرزەنشتەوە بۆ لای سووڕاند، ئەو گوتی:

– لەبەر ڕەنگە زەردەکەی...وامزانی.

مۆبائیلەکەی دەرهێنا و گوتی:

– با بە حاجی سەمەدی مەیتشۆر بڵێم نەیەت.

هەموان هەنگاوێک لەمن دوور کەوتنەوە. من لەو پیر بوونەی داکم سەرم سوڕمابوو. دیار بوو ئەو خەڵکە زۆرە لە گریانی ئەو و خوشک و براکانم لە ماڵمان کۆببوونەوە.

زەنگی مۆبائیلەکەم لێیدا و شیلەی سی ساڵەی دڵمی لەراندەوە، تەماشایەکی هەموویانم کرد، ئەوانیش یەکەیەکە چوونە دەرێ، تەنها داکم و کابرای بەناو دکتۆر مانەوە. ئەو لەو سەری هێڵەکەوە گوتی:

– دەمویست پێت بڵێم..

من یەکسەر بەو هێزە کەم کەمەی کە مابووم گوتم:

– من مردبووم، تەنها بۆ بیستنی دەنگی تۆ گەڕاومەوە.

ئەو گوتی:

– ها..

من گوتم:

– مەیتشۆرەکەم تازە ڕۆیشت.

ئەو بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە گوتی:

– ئەو دەرگا سپییەی سەر سووچەکە ماڵی ئێوەیە، چەند ڕۆژە بۆتە پوورە ژن و هەموان دەگرین و دەڵێن کوڕەکەیان بەڕوحەوەیە.

من ویستم بڵێم تۆ لێمەوە نزیکی، چاوت لە دەرگاو دیوار و ماڵ و بۆقی بەر دەرگای ئێمەیە، کەچی لە پڕ گوتم:

– کوا تۆ لەکام ماڵدای، من یەکەیەکە خەڵکی ئەو گەڕەکە دەناسم.

ئەو گوتی:

– هیچ تێناگەم، ئەوە بۆ دەنگت نییە.

ئەوجار زانیم زمانم وشک وشکە وەک قامیشێک گڕە لێی دابێت. لێوەکانم قەڵش قەڵش ببوون، گوتم:

– چۆن! چۆن! من دەنگی ئەوپەڕی دنیا، ئی بن هەورو بن دەریا ،ئی بن خاک و قووڵایی دارستان دەناسمەوە، چۆن نەزانم، چۆن بێ هۆش و بێ ئاگابم لە تۆ.

ئەو هەر دەیگوت ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بۆ دەنگت نایە.

نەزانی داکم و دکتۆرەکە بۆ هێندە پەشۆکابوون، من ئەوەتا هاوار دەکەم و ددان بە قسەکانم دادەنێم. ئەوان هەر دەڵێن ئەو لرخە لرخ و نووزە نووزەی لەچییە. دەستیان کردەوە بە هاوار هاوار و خەڵکەکە ڕژانەوە سەرمان. من ئاگام لە هەموو شتێکە، هاوارم دەکرد من زیندووم، من باشم، ئەو هەرایەتان لەچییە؟ من هەموویانم دەدەی بێ گومان لە دەنگیانەوە، پەشۆکاو و سەراسیمە. دەمزانی نامرم ودەژیم، ئەوەی قورس بوو قسەکانم نەدەگەیشتن. دەنگم، هاوار و شەڕ و پاڕانەوەکانم نەدەگەیشتن. دەنگم، هاوار و پاڕانەوەکانم لێومیان بەجێ نەدەهێشت. هەموو ئەو هاوار و گریانە منیان نەدەترساند، هەر کە لەناخەوە دەنگە سی ساڵییەکەم هاتەوە زەین "دەڵێن کوڕەکەیان بە ڕوحەوەیە" ئەو دەنگە دەچووە ناو ڕوحمەوە و تەواو وەک دەنگی خوداوەند کە بە ئاوی گوت ببە، ئەویش بوو. ئیدی ڕوحی

خـۆم دی، زۆر ئاشکرا و ڕوون ڕوحی خـۆم دی. پێـیـە ڕووتەکانی لە لیـتـەیەک کەمن بووم گـیربـبـوون. ئا ڕوحم دەدی کـە لە خـۆم، یان سـێـبـەری خـۆم، یان پەیکەری ئێسکی خۆم، یان لە پێستم دروست کرابێ. پێیەکانی لە لیـتـاوێک، لیـتـاوی گـۆمی بۆگـەن کـە لە ئاوی ڕەشی زێرابەکـان بەجـێـمـابێ و خـەسـتـیش بووبێـتـەوە، ئا لیتاوێکی ئاوا، خەست و ڕەش و بۆگەن عـاسێ بووبێ. ئاوا ڕوحی خۆم دەدی پێیەکانی لەو لیتاوە عاسێ بووە کە من بووم. من لەو دەنگە سی ساڵییـەوە ئەو ڕوحەی خۆم دیت کـە دەیویست خـۆی ئازاد بکات و لەو لیـتـاوە ڕزگاری بێت. هەستم بە بوونی خودا کرد لە ناو خۆمدا. دیتم بەشێکم شەیتانە ڕەش و بۆگەن و خەست، بەشێکم خودایە خاوێن و سووک.

دەترسام دیسانەوە لە مەیتشۆر بدوێن و ئەو پیاوەی کە هەر کـەندووە گـوویەک بوو، بانگی مـەیتـشـۆر کـاتەوە. هەوڵم دا توند مۆبائیلەکەی ناو دەستم بکوشم، هێزم دایە بەر خۆم و داکم هاوارێکی پڕ گەشکەی کرد و گـوتی "بێ دەنگ بن ئەوەتا دەسـتم دەکـوشێ" سـوزێـک وەک دەریایەکی ماندوو دوا دڵۆپەکانی خۆی پێمابێ ئاوا من گەشامـەوە و ڕوخسـارم بۆ زەردە خەنەیەک جـوولا، وەک نایلۆنێکی ڕەقـەوەبوو بە زۆر ڕاکـێـشی. چەند دڵۆپە ئاوێک و کـەوچکە شـۆربایەکـیـان بەدەمـدا کـردم. سوێر وەک ڕزگارکار، وەک سوپایەکی مژدەبەخش. بەناو دەمار و موولوولەکانی هەموو جەستەمدا بڵاوبوونەوە. چاوەکانم کرانەوە و هەوایەکی فێنک لە سنگمەوە هاتەدەر و زمانم تەڕ بۆوە و گـوتم "دایە مـەترسـە نامـرم" گـەنجـیـەتی وەک یەکـەم بارانی سـاڵ بەسـەر ڕوخـسـاری دایکـمـدا باری. دەریایەک فـرمـێـسکی خـۆشی لە چەنەگـەیەوە کـەوتە ناو دەمم.

ئەو چیـرۆکی مـردنەم هەفـتـەیەکی کـێشـا، پێنج شـەممە هاتـبـوومـەوە سـەر خۆم و شـەممە بەهێز بـبـوومـەوە. هەمـوو ماڵەکانی گەڕەکەکەمان بـبوونە ماڵی من، دەبێ کـامیـان ماڵە ڕاستەقینەکەم بێت. دەبێ ئەو شیلە سی ساڵییە لە کـامـیـانـدا بێت. ئەو ڕۆژە باریک باریک وەک مـارێک بەپێـوە، بەڵام بەدڵی شـێـرەوە بڕوات چووم بۆ زانکۆ. کـاتژمێـر نۆونیوی تەواو تەلەفۆنم بۆ کرد و گـوتم "ئەوەتا زیندووم" ئەو گـوتی "کـوڕی شـیـرین تۆ دەبێ بژی". لە دوای ئەو قـسـەیە هیچ باکم بەوە نـەمـا ئۆکـسـجین بۆ مـێـشـکم دەچێ یان نا، هیچ باکم بەوە نەمـا ئاو لە جەسـتـەمـدا نامـێنێ. من بەوانە ناژیم، من بەو دەنگەوە دەژیم لە مۆبائیلەکەمەوە پێم دەگات. وەک دڵۆپەیەک لە شیلەی هەنجیر، هەنجیـرێکی مۆر مۆر بکەوێتە سەرم و منیش وەک مـێـروولەیەکی هەرە بچـووک و هەرە زەرد، تەنها و تەنها بۆنە پاییزییە کاملەکەی هەڵمژم.

**نوورعەلی ئافتابی**

بەشەوقێکەوە لەناخی خۆم وەرگرتبێ، بە دڵێکەوە لەو سـەری پردی سـیـرات گـەڕابێـتـەوە، چوومـە مـاڵی پرۆفیسۆری هاوڕێم، ئەو وەک کوڕی خۆی لە باوەش کات ئامێـزی بۆ کـردمـەوەو گـوتی "نەمـدەزانی ئەوەی دەمـرێ تۆی، دەهاتم بەڵام کـەس من ناناسێ" دانیـشـتم و قاوەیەکی سەر بە کوڵکی بۆ کردم. من لەبەر دەستی ئەو فێـری قـاوە خـواردنەوە بـبـووم. من هەر حەزم دەکـرد ئەو قاوە داغکات و من بۆنی بکەم. ئەو قاوەکەی بەدەستی خۆی دەهاڕی، دەنکە قاوەبییە ڕەشەکانی نیشان دەدام و دەیگوت "بەرازیلی تەواوە. هاوڕێیـەکی بەرازیلیم بە تایبـەتی بۆم دەنێـرێ" گـوتم "لە ئێـرانەوە؟" ئەو گـوتی "چۆنت زانی ئەو دەینێرێ بۆ خانمی موحیبەت لە تاران و ئەویش دەیگەیەنێتە دەستم "من بێ ئەوەی مەبەستم بێت گـوتم "ئەوە بۆیە قـوتابیـیـەکـان دەڵێن تۆ ئێـرانی" ئەو لە دڵەوە گـوتی "ناحـەقـیـان نیـیـە من ڕەگـێکی قـووڵم لە ئێـرانە، لەوێ لە سـفـرەوە دەسـتم پێکردەوە، من تـارانی تەواو تەواو بووم، ئیسلامییەکان، نوێژکەر و مەلایەکانی وەدەریان ناین. کـوچە بە کـوچەی تارانم بۆن کـردووە". گـوتم "کەواتە لەوێ خزم و ناسیـاوت هەن" گـوتی "تا لە وڵاتێک نەڕۆی نازانی چی بەجێ دەهێـڵی. من کـە لە وڵاتێک دەڕۆم ناو و ڕەنگ و سێبەری خۆم بۆ هەمـیـشـە لەوێ بەجێ دەهێـڵم. ئەوە پیـاوە سەروڕیش سپـیـیـەی بەرانبەرت دانیشتووە، لەوێ کەس نایناسێ، لەوێ کەس نازانێ مـامۆسـتـا کەیوان کـێیـە." گوتم "کـەسێک هەیە بتناسـێـتـەوە؟" گـوتی "بێ گـومـان .. ئەوان نورعـەلی ئافـتـابی دەناسن. کوڕەکـەی مـحـەمـەد ڕەزای ئافـتـابی چەرمفرۆش"

من تەنهـا وەک حـیکایەت دەمـڕوانیـیـە قـسـەکـانی مـامۆسـتاکەم، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دوور زۆر دوورم دەبات. مـامۆستاکەم بۆنی تەیرێکی لێدەهات هەمیشە لە کۆچدا بێت. تەیرێک باکی بە داوی ڕاوکـەران نەمـابێت. ئەو ڕۆژە گـوتی "دەبێ خواردنێکت بۆ دروست کـەم هەمـیـشـە بیـری بکەی" هەندێ پەتاتە و سـەوزەی جـۆراوجـۆر و هەندێ جار پاقلەی تێکەڵ دەکرد، تامی سەیری تێدەکردن کە لێی وەڕز نەدەبووم.

شـەوێک مـاسی بە لیـمـۆ و ترشەوەی سوورکـردبۆوە، گـوێمـان لە گـۆرانیـیـەکی فـارسی گـرتبـوو. دەیگوت گۆرانیبێژەکە دەڵێت "ئەوەندە بەسەر ئەو ئاوەدا گریاوی کە من تێیدا دەژیم سوێر بووە، هەناسەی تێدا نەماوە بۆ من." زەنگی مۆبائیلەکەم لێی دا. من سەیری ئەوم کرد و

ئەو گوتی "ئی تۆیە من مۆبائیلم نییە" ئەو ئامێرە پلاستیکییەی من لەوە دەچوو سی ساڵ بێت شیلەی بەسەردا بڕژێت. بەهێواشی هەستام و چوومە باخچە تاریک و چڕ و فراوانەکەی مامۆستاوە. نەمتوانی هیچ بڵێم و تەنها دەنگی قورسی هەناسم لە ناویدا دەنگی دەدایەوە. ئەو لەو سەرەوە گوتی "تەنهای" من گوتم "نا، تەنها خودا چاوی لێمە" ئەو گوتی "هەست دەکەم نزیکی" من گوتم "زۆر نزیکم ئەوەندەی مانگ" ئەو گوتی "مانگ نا، تیشکەکەی" سەرم بەرزکردەوە، مانگێکی گەورە و درەوشاوە لەناخی ئاسمانەوە سەیری دەکردین. گوتم "مانگێک ئەستێرەیەکی گەورەی لە تەنیشتەوە بێ." ئەو گوتی "پەڵە هەورێکی سپی خەریک بێت بکەوێتە سەری" من گوتم "بکەوێتە سەری و لێشی تێپەڕێ" دیارە تۆ لە ژوورەوە نیت و چاوت لە ئاسمانە" من گوتم "چاوم لە چاوەکانی تۆیە ئەوەی چاوی تۆ دەیبینێ منیش دەیبینم" دواتر گوتی "نا، تۆ لە ژووری نیت" گوتم "لە باخچەی ماڵی مامۆستاکەمم. "ئەو گوتی مامۆستاکەت مارسیدسێکی کۆنی ڕەشی هەیە؟" گوتم "بەڵام جوان، چۆن دەزانی؟" ئەو گوتی "بڕوانە پەنجەرەکەی بەرانبەرت بزانە دەلەرێتەوە؟" پەنجەرەکە نا پەردەکە لەرییەوە، گوڵە وردەکانی سەر پەردەکە وەک دڵم، وەک دەمارە هەرە وردەکانی دڵم لەرزین.

ئیدی چۆن دەکرێ عاشقی باخچە نەبم، ئیدی چۆن نافرمە ناو مانگ و خۆم بەو نووکە تیژەی سەرەتای هەورەکانی دەوروبەری هەڵناواسم. بەدوای وێنەیەکی ئاوادا هەموو دوکانەکانی شار گەڕام. کتێبخانە و دەفتەر فرۆشەکانیش. چەندان وێنەی هاوشێوەم دۆزییەوە. یەکێکیانم لە پۆلەکەم لە زانکۆ وەک دیاری هەڵواسی. وێنەی باخچەیەک بوو پڕ دار و سەوزایی، مانگ و ئەستێرە لەپشتییەوە هەڵاتبوون. جیاوازییەکە تەنها ئەوە بوو کە وێنەکە زۆر سەوز و خاوێن و ڕێکوپێک و ئەندازەیی بوو. لەو شوێنەی کە دەبوو من وەستابام و مۆبائیلەکەم بە دەستەوەبێ، سەگێکی سپی خەوتبوو. ئەوەش کێشە نەبوو، چونکە زۆر بە ئاسانی دەمتوانی بچمە پێستی ئەو سەگەوە. وێنەیەکی هاوشێوەی ئەوم بۆ مامۆستا برد، بە جیاوازی ئەوەی هەور بەشی خوارەوەی مانگەکەی داپۆشیبوو. لە ژوورەکەی خۆم تەنها وێنەی پەنجەرەیەکم هەڵواسیبوو کە تیشکێکی نادیار بە ئاستەم گوڵە سوورە کاڵەکانی دەرخستبوو. ئەو پەردەیەی وێنەی ژوورەکەی من هەرگیز نەلەرییەوە.

هەموو ئەو مۆبائیلانەی پێشتر کڕیبوومن بەو لاولای ژوورەکەمدا بڵاوبووبونەوە، تا لەکار کەوتن زەنگیان لێدا، بێ ئەوەی وەڵامی هیچ کامیان بدەمەوە، یان دابوومنە هاوڕێ سەرگەرمەکانم، من تازە تەسلیمی یەک ژمارە و یەک ڕەنگ ببووم. ئەوەی عەشقی ژنێکی سی دانە ساڵی تاقی نەکردبێتەوە، هەرگیز نازانێ بازدان لەو هەورەوە بۆو هەور مانای چییە، نازانێ لەزەتی ئەو بایە چییە خۆی لە نێو پەڕی تەیرێکی خۆ گیڤکردوو شاردۆتەوە، ئەوەی نەبووبێتەوە مێرووله، با نیوەی ئەو هەولێرەی هەبێت و باڵەخانە هەزار نهۆمییەکان هەمووی هی ئەوبن، با سەد کچی لەدەور بێت و بە فیکەیەک چاو شینەکە و بە زەنگێک چاو سەوزەکە و بە کۆخەیەک قژ ڕەشەکە بچنە لای، مادام نەبۆتە مێروولە و دڵۆپە شیلەی هەنجیرێکی مۆری کۆتایی پاییزی بەسەردا بەرنەبووبێتەوە غەرق غەرقی نەکردبێ، هەرگیز نازانێ عەشق بوون و کەڵەکە بوونی هەموو گەڵای پاییز لەسەر سینگی، زمان وشک بوونەوە و ڕوحکێشان و فڕین بۆ نهۆمی سێیەمی ئاسمان چ مانایەکی هەیە.

وەک پیاوێکی کامڵ و شارەزا لای دکتۆری مامۆستام دادەنیشتم و لاقم دەخستە سەر لاق و دووکەڵی پایپەکەیم تاقووڵایی سییەکانم هەڵدەمژی، لێم پرسی داخۆ نیازی هەیە سێبەر و ناو و بۆنی پایپەکەی ئێرەشی بەجێ هێڵێ! ئەویش باسی کتێبگەلێکی بۆ دەکردم کە لەسەر مێزەکە هەڵیچنیبوون و گوتی "من هەر بۆ خۆم سێبەرم، منی ڕاستی جارێکی دیکە ڕێکەوتی خۆشم ناکاتەوە" من توانیم بپرسم "لەوەتەی هەی هەر وای؟" ئەو کراوەتر و دۆستانەتر گوتی "نا، سەردەمێک خۆم بووم، بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆمەوە، بەڵام بە ناوی ئافتابی، زانکۆی تارانم خوێند و چوار ساڵی یەکەم ئاسایی ژیام، بێ گومان لەسەر دەمی ئارامبەخشی شاهنشاهیدا بوو. دەبێ بیووری من لە ڕوحدا شاهنشاهیم. بە عەقڵی ئەو کاتەوە لەزەتم لە زانکۆ کرد. زانکۆی تاران ئەو کاتە بۆ ئێمە واتا کتێب و مامۆستا و ئەزموون و دانیشمەندی، هەموو ئەوانە ئەگەر حەزت کردبا بە دوختەربازی و شامپانیا و گەشتەکانی شێر و خورشیدەوە." حەزم کرد بپرسم شێر و خورشید چییە و دوختەربازییەکانی چۆن بووە. لە خۆمەوە لەسەر زمانی ئەو شێت و شەیدای دوختەر بووم. ئەو گوتی "لەگەڵ ڕوحیەتە شاهنشاهییەکەشم ئەدەبیاتی مارکسی کە ئەو کاتە تەواوی زانکۆی داپۆشیبوو، وەک کرمێک بە نهێنی دەچووە ناو مێشکمەوە، نەیدەهێشت لەزەت لەو ژیانە خۆشەی خۆم وەرگرم." ئەو زانی لەو ڕستەیە هیچ حاڵی نەبووم و گوتی "ئەو ئەدیبە مارکسیانە لە کتێبەکانیاندا دوو بابەتیان دەورووژاند: هەژارییەکی تاسەر مۆخ بریندارکەر و ئازاربەخش بۆ کەسێک گەر نانی شەوی هەبێت کە تا ئێستا هیچ هەژارییەکی ڕاستەقینە هێندەی

ئەوان کاری تێنەکردم، دووەم ژیانی ناو زیندان، من زیندانم نەدیوە، بەڵام ئەوەندەم لەسەر خوێندۆتەوە هەست دەکەم ئەزموونم لە ژیانی زیندان زیاترە وەک ژیانی ئازاد. هەرچەند بەهۆی خێزانەکەمەوە شام خۆش دەویست، کەچی هەستم دەکرد هەمیشە خەریکە زیندانییەکان لە گەچ دەگرێ. ئیدی ئەو ئەدەبیاتە کە بەزمانێکی شیرین دەنووسرا، هەرگیز ڕێگای نەدام لەزەت لەو ژیانە خۆشەی ناو خانەوادەکەم وەرگرم. لەگەڵ ئەوەشدا ماستەرم لەزمانی فەرەنسی لە تاران تەواو کرد." من بێ ڕوحانە ڕستەیەکم دووبارەکردەوە و گوتم "تا ڕزگار بوونی گەلانی ئێران" ئەو گوتی "کۆمەنیستەکان ئێرانیان بەدیل گرت و ئسلامییەکان کوشتیان" من گوتم "ئەی ئێوە؟" ئەو گوتی "ئێمە؟ هەموو شتێکمان بە جێ هێشتوو چووین بۆ ئەمریکا" منیش کە حەزم دەکرد لەو بابەتە ڕزگاربم و بچم لە باخچەکەدا تەلەفۆنێک بکەم بە گاڵتەوە گوتم "لەوێش ناوی خۆت کردە میستەر جۆزیف" ئەو گوتی "نا خانەوادەی ئافتابی لە ئەمریکاش ناسراون، بەڵام من خۆم دواتر ئەوانم جێ هێشت و چوومە فەرەنسا و بەناوێکی دیکەوە ژیام" وەک قوتابییەکی گوێڕایەڵ گوتم "لە ئەمریکا ناو و سێبەرەکەی خۆت جێ هێشت؟" ئەو گوتی "ئەوەیان سەختە، ئەمریکا وڵاتێکی سادە نییە، لەوێ خۆم بەجێ هێشت. تەواوی خۆم تەسلیمی خانەوادەی ئافتابی و ئەمریکا کرد و خۆم وەک سێبەرێک وێڵ بووم" ئەو پیاوە بە حیکمەتە لەگەڵ ئەو قسانەی ڕۆنی دەقرچاند، یان پەتاتەی سوور دەکردەوە، یان زەڵاتەی دەکرد، یان دێرێکی هەرە سادەی ناو کتێبەکانی بۆ من ڕاڤەدەکرد. من زۆر جار شەرمەزار دەبووم کە هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی ئەو کێوی زانیارییەم و کەچی تەنها هاودەمێکی تەنهای وەڕزیم. هەر بۆ خۆی جلەکانی دەشووشت و ماڵەکەی پاک دەکردەوەو پەردەو پەنجەرەکانی دەڕازاندەوە. هەندێ تابلۆی لەماڵەکەی هەڵواسیبوو کە هەموویان بە شەپۆلێک ڕەنگ دروست کرابوون و جووڵەیەکی فڕینی باڵندە، یان ڕاکردنی ئەسپێک، یان سەمایەکی کاڵی نیشان دەدا.

نەمدەویست هیچ پرسیارێکی لێ بکەم، نەک بابەتێکی گرنگ سەر قاڵی بکات و لە کاتی لێدانی تەلەفۆنەکەم بوارم بۆ نەڕەخسێ بێمەدەرێ. ئەو شەوە هەستام و ڕۆیشتم. پێش ئەوەی باخچەی ماڵی مامۆستا جێ هێڵم زەنگی مۆبائیلەکەم ڕایوەستاندم و ئاوڕم دایەوە گوڵەکانی سەر پەردەکە دەلەرینەوە. گوتی "چاوەڕوانبە" هەر ئەوەندە و دایخستەوە. هەستم کرد هاتە خوارێ و لە حەوشەی ماڵی خۆیان تۆزێک وەستا و بەرەو باخچەکەی خۆیان هات کە لەگەڵ باخچەکەی ماڵی مامۆستا تەنها دیوارێک لێکی جیا دەکردنەوە. هەریەکمان بەرانبەر یەکتر بێ دەنگ بەدنیایەک لەرزین و هەناسەبڕکێوە وەستابووین. چەند توندتر پێیەکانم بە زەوییەکەوە دەنووساند، زیاتر دەلەرزین و ترپەیان لە گیایەکە هەڵدەستاند. گوێم بە دیوارەکەوە نا کوتە کوتی دڵی دەهات. چاوم نووقاند و دیتم چۆن خوێن بە دەمارەکانی سینگیدا لرفە لرفیەتی. ئەو خۆی بەدیوارەکەوە نووساندبوو، منیش وا بە دیوارەکەوە گیربووم کە بوار نەمابوو هەوا بە نێوانماندا تێپەڕێ. تەنها هەناسە لەکەلێنی خشتەکانەوە دەهات. هەناسەی ڕەنگکراو بە شیلەی سی ساڵە. ئەو ژوانی دیوارەمان چەندان شەوی خایاند، گوڵە غەمبارەکان، دار پرتەقاڵە بێ کارەکان، چڵی ڕێحانە ڕەق و پیر بووەکان، دارگوێزە گەورەو قەڵشیوەکان ئاگاداری ترسی دیوارەکەو ڕوحی لەت لەتی ئێمە بوون. لەو شەوانەدا بۆ یەکەم جار زانیم بۆنی باخچە بۆ لەزەت، بۆ ئینسان خوڵقاوە.

هەموو شەوێ گوێم بۆ چیرۆکی کیشوەرە جیاوازەکانی مامۆستا ڕادەگرت، بەو ئومێدەی درەنگانی شەو لەو سەری باخچەکە باوەش لە دیوارەکە دەم و گوێ لە هەناسە و قسە پچڕ پچڕەکانی بگرم. بۆن بۆن ئەی خودای گەورە بۆن بۆ ئەوەندە نوقسانە تا بە ژنێکی سی ساڵەدا تێنەپەڕێ تەواو نابێت. ئەو دەیگوت "لەسەر پێستی من ئاونگێک هەیە تا لێوی تۆی بەرنەکەوێت ناڕژێ، لەسەر لێوەکانم ڕەنگێک هەیە تا لێوی تۆی لەسەر سڕ نەبێ ناکرێتەوە. سەر گۆی مەمکەکانم ڕەش ڕەش ڕەشن هەر یەکەیان ڕوویان لەلایەکەو تا نەگەنە تۆ نە ڕەنگە مۆرەکەی خۆیان وەردەگرنەوە و نەڕووش لەیەکتری دەکەن"

چەند چیرۆکی ئێمە درێژ دەبۆوە، حیکایەتەکانی مامۆستا بڵاوتر دەبوون، شەوێک جورئەتم دایە خۆم وگوتم "مامۆستا..مەتەڵێک لەدڵمدایە حەزدەکەم بۆم بکەیەوە" ئەو زۆر بە شەوقەوە گوتی "هەرچی دەپرسی بپرسە" شەرمم لەو هەموو متمانەو خۆشەویستییەی کرد بەرانبەرم و تەریق بوومەوە، خەریک بوو ڕاستەوخۆ بڵێم هەموو شەوێ بەدزی تۆوە، لە ناو باخچەکەی تۆ، هەر لە ماڵەکەی تۆدا لەگەڵ کچێک ژوانمان هەیە، ئەو لەباخچەکەی خۆیانەوە و من لە ماڵەکەی تۆوە، باوەش لەیەکتر دەدەین، ڕاستە تەنها دیوارێکمان بەینە، بەڵام باوەشی شیرین و پڕ ڕێحانە. دەنگە پڕ ڕەونەق و ئەو پاکییەی مامۆستا کەیوان خەریک بوو پەلبەستم بکات و هەموو نهێنییەکانم پێ ئاشکرا کا. دیسانەوە خەتای خۆی بوو، چاویلکەکەی دانا و سەرپایەکانی لەپێ کرد و گوتی "تۆزێ سەبرکە، بابچم دوو قاوە بێنم، وەک جاران ئی تۆ شیرین و ئی من تاڵ تاڵ." من گوتم "منیش ئێستا ئی

تاڵ دەخۆمەوە" ئەو ڕۆیشت و من شەرمەکەم بەسەر چوو. دوای ئەوەی قاوەکانی دانا، گوتییەوە "بپرسە" گوتم "ببوورە..هەروا شتێک بوو بەدڵمدا هات" ئەو گوتی "ئەوەی بەدڵتدا هات بیڵێ، ئەو فیڵێت لێناکا" من گوتم "ئەوەی ڕاستی بێت چەند ڕۆژە وەک نهێنی بەرۆکی گرتووم، حەزناکەم دەست بخەمە ناو نهێنی ژیانتەوە" ئەو لەو گەورە بوونەی من شادمان ببوو، زەردەخەنەیەکی فراوان دەموچاوە سپی و فراوانەکەی داپۆشیبوو، بەئیشتیاقەوە گوتی "دەبڵێ بزانم" پرسیم "مامۆستا کە تۆ یەکێکی لە خانەوادەی ئافتابی و لەگەڵیان چوویە ئەمریکا و لە خۆشی و ناخۆشی هاوبەش بوون بۆچی بەجێت هێشتن؟"

ئەو هەندێ سەیری پەنجەکانی خۆی کرد و دەستی خستە ناو قژە درێژ و سپییەکەی کە لەپشت سەریەوە وەک کلکی ئەسپ بەستبووی و لەو تەمەنەدا هێجگار لێی جوان بوو. هەر بەچاوی نووقاوەوە گوتی "هەڵەی خۆمە بابەتەکەم بە شوێنێک گەیاند ئەو پرسیارەت لا دروست بێت" من گوتم "مەبەستێکم نەبوو"

ئەو جار وەک بۆ ناخی خۆی بدوێت گوتی "ڕاست دەکەی، من لەوێ لە ژێر تاڤگەیەکی دەستکردی شارۆچکەیەک، لەپەنا داربیەکی سەد هێندەی دارەکانی ئێرە سەوز بۆ ئەبەد خۆم بەجێ هێشت، بۆ یەکەم جارو دواجار خۆم بەجێ هێشت. من ئێستا کە پێت وایە لەگەڵ تۆ دانیشتووم و قاوە دەخۆمەوە، ئەوە نوورعەلی ئافتابی کە بەڕاستی منم، لە ژێر ئەو تاڤگەیە دانیشتووم و هەوایەک ئاوەکە ڕادەوەشێنێ و ئەوەندی پێی هەڵگیر ئاو دەهێنێ و لە ڕووی منی دەپژێنێ. هەر ئێستا من دەبینم هەوایەکە توندتر دەبێت و منیش تۆزێک دوورتر دەکەومەوە و دەچم پاڵ بەداربیەکەوە دەدەم و گەڵای بەڕەونەقی بیەکە لەبەر مانگە شەو ڕادەژێ و پێم وایە دارەکە ڕادەکات، نازانم تووشی شەبەنگ بووم"

لەوەختی قسەکردندا سەری بۆ دواوە شۆڕکردۆتەوە و چاوەکانی نووقاندووە و پشتە سەری کەوتۆتە سەر پاڵپشتی کورسییەکەی و دەبینم دەموچاوی گەنجتر دەبێتەوە و جارێک بە ئاوێکی وەک تۆز ئاوڕشێن دەکرێت و جارێک تریفەی مانگی دەکەوێتە سەر. دەمەوێت لەو بێ ئاگاییەی ئەو برۆم و ئاگام لە نهێنییەکەی ئەو نەبێت. ئەو دیسانەوە بەڕوویەکی پڕ شەوقەوە، بە چاوی نووقاوەوە دەڵێت "من لەوێم... چەند سەد مەترێک لە ماڵی خۆمانەوە دوور، لای پیاوێکی تورک کە دوکانی بەستەنی هەیە، بەرانبەر حەوزە گەورەکەی ماسی دانیشتووم، حەوزەکەی هەمیشە پڕ ماسییە، دانیشتووم و دۆندرمەیەکی تورکی بە بۆنی ڤانیلاو گوڵە کێوییەوە دەخۆم. کابرای تورکیش بە ئینگلیزییەکی ئەکسنت تورکی کە هەر وشەیەکی سێ کیلۆ دەبێت پێم دەڵێت: میستەر ئافتابی بڕوانە ئەو ماسییە سپییە مێیە کە هێلێکی سپی بەرزگی کردۆتە دوو بەش، بڕوانە چەند بەکەیفە، سێ ڕۆژ بوو غەمبار غەمبار لەبنی حەوزەکە کەوتبوو، هاوڕێ نێرەکەی لەدەستدا بوو، ئەمڕۆ چووم بە سەد حاڵ تا برادەرێکی دیکەم بۆ پەیداکرد. من هەر لەوێم و لەو دیو شووشەی جامخانەکەوە، ماهنوری ئافتابی خوشکم تێدەپەڕێت، دەوەستێ و من هەر ئاوا بە ئیشارەتی پەنجە بانگی دەکەم و ئەو هەر لەودیو شووشەکەوە تێم دەگەیەنێ برسییەتی. دەچینە قاتی دووەمی بازاڕەکەی بەرانبەرمان و لەوێ شتێک داوادەکات پێی دەڵێن گۆشتی ئاو، ئەو خواردنە گۆشت نییە نازانم چەند سەد مەتر لە ژێر ئاو دارێک هەیە بێ گومان لە زەریادا شتێک دەگرێت وەک کوولەکە و بە هەمان ڕەنگ، بەو کوولەکەیە دەڵێن گۆشتی ئاو، خەڵکی ئەوێ حەزی لێدەکەن و ئێمەش فێری بووین. من لەوێم...دەستی ماهنووری خوشکم دەگرم و دەچمە کۆنسێرتی هونەرمەندێکی فارس. چەند گۆرانییەکی عاشقانە دەڵێت و هەموو ئەوانەی لەوێن دەچنە باوەشی یەکتر. دواتر ئەو هونەرمەندە فارسە ژنە کە ماهنوور دەیگوت دەنگی بۆنی گوڵاڵە سوورەکانی ناوەندی بەهاری وەڵەنجەکی لێدێت، گۆرانییەکی دیکەی گوت، هەموو ئامادەبووانی خستە پرمەی گریان، ئەو دڵە پینە پینەی منی کردە گۆمی خوێن، شەیپووری گریان لە هۆڵەکەدا بەر شتێک دەکەوت کە دەنگی هونەرمەندەکە نە بوو، بەڵکو تەرمی ئێران بوو، گۆرانییەکە چەند وشەیەکە، کە هەر ئەو کاتە هەموومان لەبەرمانکرد و بە هاوارەوە دەمانگوتەوە، بەڵام ئاوازەکەی وەک خەنجەر دەچێتە هەموو لەشتەوە.

سەد ساڵی دیکە چاوەڕێ دەکەم...سەد ساڵ چاوەڕێ کردن بۆ ژنی ئێرانی کەم نییە.

من وەک خۆم دەمێنمەوە تاران .... من شوو بە تۆ دەکەم.

دکتۆری هاوڕێم لەگەڵ گۆرانییەکە چاوی کردەوە و گوتی "ئێستا من لەوێم براله، لەوێ، تەنها و تەنها. ڕەینکۆتێک لەبەر دەکەم و دەچمە باخچەکەی لای دەستە چەپمان، باخچەی چی دارستان، باران دەبارێت و من حەز بە ترپەی باران دەکەم، لەسەر شان و سنگ و پشتم، ئەو ترپە بارانانە تەنهاییم بیردەبەنەوە"

سات بەسات ئەو پیاوەم لا گەورەتر دەبێت، کێوێک ئەوەندەی خۆی نووشتاندۆتەوە بە قەد گوڵە گەنمێک تا من لەبچووکی خۆم دڵم دانەکەوێ.

من هەڵدەستم و بەوپەڕی بچووکی و بەئەمەکی خۆمەوە دەستەکانی دەکوشم و شەرم دەکەم ماچیان کەم و ئەو دەڵێت" بەڵێن بێت وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە"
من گوتم "مامۆستا تۆ لەوە گەورەتری، من لە نهێنییەکانی ژیانی تێ بگەم"
ئەو گوتی" نهێنییەکان هەمیشە سادەن"

**مەرگی سلێمانی**

من چوومە دەرێ و لەناو باخچەکە خۆم شاردەوە، لەسەری ئەو سەری دیوارەکە ئاودڕێک هەبوو کە دەستی منی پێدا دەچووە ئەو دیو. لە نێوان خشتەکانەوە پێم گوت "بابچینە ئەو سەری دیوارە، شوێنی ئاو دڕەکە" گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو، هەستم کرد بەوپەڕی نەرمی پێ لە گەڵا وەریوەکان دەنێت و تۆزێک ڕۆدەچن و پاشان بە هەمان نەرمییەوە بەرز دەبنەوە. لە سەر زەوییەکە پاڵ کەوتم و ئەویش لە دیوی خۆیانەوە ڕاکشا. بەو کونەی نێوان دیوارەکە، کە ئاو دەریبووی، دەستم برد و گەڵا وشک و زەردەوە بووەکانم لادا و پەنجەم بەر گڵی باخچەکەی ئەوان کەوت....دەستم لە گڵی باخچەکەدا ون کرد بوو، دەستێک چاوەڕێ وەک لە نازدا بێت ڕووەو ئاسمان کردبوومەوە، وەک شێوەی لە خاچدانی مەسیح ڕاکشابووم. دەستێکم بە کونەکەدا برد بۆ ناو باخچەکەی ئەوان و ڕووم لە ئاسمان بوو. با گەڵا وشکەکانی فڕێ دەدایە سەر بەرە دەستم، جار جاریش گیانداری بچووک بەسەریدا تێدەپەڕین، بە دەنگێک کە هەر هەناسەبێت، گوتم:
"پەنجەکانم چاوەڕێی تۆ دەکەن" بینینەکانیم لەسەر بەرە دەستم دەدیت. هەناسەی دڵە کۆتربییەکەی دەکەوتە سەر پەنجەکانم. بەئاستەم وەک باڵی پەڕەسێلکەیەک بەر ڕووکاری ئاو کەوێت، پەنجەکانی کەوتنە سەر هێڵەکانی دەستم. هێرشێکی گەرم گەرمی زبخ لە پێستمەوە بە خێرایی ڕژانی خوێنی بریندارێک هەمموو لەشمی داگیرکرد.منیش سووک و باریک لە پێستی خۆم هاتمەدەر، وەک کیسەڵێک قاوغەکەی خۆی جێهێڵێ، بەرانبەر قاوغی داغبووی خۆم وەستام. هەر کە دەستی جووڵاند و تەزووی ناخی وەک هەمان دڵۆپە شیلەی هەنجیرێکی مۆر، بە هەمان هێمنی و قووڵی و خەستی و پڕ لە بۆنەیەوە لە خانەیەکەوە دەچووە خانەیەکی دیکەی لەشمەوە. چووبوومەوە ناو قاوغەکەی خۆم و لەزەتم لەهەموو هێڵ و خشانێکی پەنجەکانی دەکرد. بە ئاستەم دەستیم کوشی و"ئۆفێک" پڕ بەدەمی سی ساڵەی کەوتە ناو جۆگەلەکانی خوێنم. لەو کاتەدا دکتۆر هاتەدەرێ و لەبەر هەیوانەکە وەستاو هەوایەکی قووڵی هەڵمژی و سەیری ئەستێرەکانی کرد کە لە نەبوونی مانگدا چاویان هێندەی دیکە کردبۆوە. گەڵایەکی لە دار پرتەقاڵەکە کردەوەو لەدەستیدا ورد وردی کرد و قووڵ قووڵ بۆنی کرد، بە نووزە نووز گۆرانییەکی گوت لەسەر هەمان ئاوازی ژنەی ئێرانی"تاران من شوو بە تۆ دەکەم" ئەو دەیگوت "لەوێم لە هەمان کافێ چاوەڕێت دەکەم". لەگەڵ چوونە ژوورەوەی دکتۆر و دەنگی دەرگای، ئەودیو دیوارەکە بۆوە قەبرستان و دەستم چۆڵ و سارد بۆوە.
ئێستا شەوانە زۆر زووتر دێمە لای دکتۆرە هەرە شیرینەکەم، نان دێنم یان پێکەوە کوببە سوور دەکەینەوە و ئاو دەخەمە سەر ئاگر بۆ چا. ئەویش لە کتێبێکی فەڕەنسی، یان ئینگلیزی دەڵێت "بڕوانە ئۆراڵ سکوێش یان براند جی دی گێلمێنت چی نووسیوە." ڕۆژێک باسی لەزەتی داهێنانی لای ئەفلاتوون دەکرد، ڕۆژێک ڕستەیەکی داروین لەسەر کەشتییەک دەربارەی توانای زۆر کردن و چاکردنی دەخوێندەوە و دەیگوت "من بە دوو چرکە ئەو ڕستەیەم بۆ خوێندییەوە، بەڵام داروین ئەو ڕستەیەی بە دوو ساڵی تەواو نووسیوە"، ڕۆژێک بەو پەڕی حەماسەوە لە گەورە داهێنەرێک دەدوێت و دواتر دەڵێت "ئەو پیاوە کوێرە ناوی بۆرخیسە". زۆرجاریش لە دەستۆیڤسکی و ڕاسکۆلینکۆف دەدوێت و من نەمزانی ئەوانە چی یەکترن.
هەندێک ڕۆژیش بەوپەڕی شەوقەوە کە ناکامییەک لەناویدا ون بووبێت لە کتێبێک دەدوا " مردن، یان خۆشەویستی لە سەر دەمی کولێرادا" زۆر حەزی دەکرد ئەو وشەی کولێرایە بگۆڕێت بە وشەیەکی کە بۆی گۆ نەدەکرا. بەگاڵتەوە دەیگوت "ئەگەر بڵێم لەسەر دەمی شۆڕشدا دەبێ بشڵێم لە سەردەمی وێرانە، یان هەڵاتندا."
مامۆستا وەک کتێبێک وابوو هەر لاپەڕەیەکی هەڵدەیەوە بۆ خۆی خۆی بخوێنێتەوە و نهێنی وشەکانی ئاشکرا کات. تاکە گرێیەک کە ڕاستەوخۆ باسی نەدەکرد، هەڵاتنی لە ئەمریکا و چوونی بۆ فەڕەنسا بوو.
بەوردی باسی هاتنەوەی خۆی دەکرد بۆ کوردستان. دوای نزیکەی نیو سەدە دەچێتەوە سلێمانی، بە خۆی و ڕیشێکی درێژ و سپی و قژە دیسان درێژ و کلکە ئەسپییەکەی (بێ گومان هەر هێندەی کلکی ئەسپێکیشی موو بەپشتە سەریەوە مابوو)، بە جانتایەکی بەچەرخ و کراسێکی سوور و پانتۆڵێکی سپی و فشەوە لەبەردەم دەرگا ئاسنینەکەی باخی گشتی پرسیاری ئوتێل لە گەنجێکی سیریلانکی دەکات، ئەویش دەیباتە ئوتێل ئاشتی. دوو کاتژمێر لەوێ دەخەوێت و دێتە دەرێ و لەبەر دەم باخی گشتی هەوڵ دەدات بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو شارەی دیوە، سەردەمێک کۆڵانەکانی

تاکە هاورێ و ئاشنای بوون. هەوڵ دەدات خۆی، ئەو مێرمنداڵە ڕووتەڵەی بە شەرواڵێکی کوردییەوە لە سابوونکەرانەوە بۆ قوتابخانە دەهاتە لای سەرا بێنێتەوە بیری. چەند پەیکەرێک وەک چیمەنتۆ لاڵ پێشی پێدەگرن، ئەو پەیکەرانە بەرد نەبوون تا بتوانن قسە بکەن، یان کەسێک لەناویاندا بە ئاگا بێت. چیمەنتۆ بوون، چیمەنتۆش نابێتە هاوڕێی کەس.

هەر ئەو ئێوارەیە برسی دەبێت و بە خۆشییەوە بۆنی چێشتخانە بەناوبانگەکەی عەلیە سووری بیردەکەوێتەوە، کە هەر لەو سەردەمی منداڵییەیدا جارێک بە هۆی هاوڕێیەکی لووسکەیەوە هەتیوبازێک دەعوەتی کردبوون، ئەوەشی بیرکەوتبۆوە کە ئەو نەیزانیبوو هیچ داواکات و هەتیوبازەکە گوتبووی" نیو ماعون گەسی بۆ بخەنە سەر قاپێک برنج" ئەو هەتیوبازە ڕێکپۆشە، چەند میهرەبان و زانا بوو، ڕاز و نیازی منداڵە لووسکەکانی پێش خۆیان هەست پێ دەکرد. ناوونیشانی چێشتخانەکە لە پیاوێکی سەر ماش و برنج دەپرسێ، ئەویش بەسەرسوڕمانەوە لە پرچە کلکە کەرەکەی پشت سەری و کراسە سوورەکەی دەڕوانێ و دەڵێت "لێرەوە بڕۆ هەمووی چێشتخانەیە" ئەو بۆنی چێشت و گەسەی بۆ ماوەی پەنجاو چوارساڵی ڕێک هەڵی گرتبوو، نە خنکانی داک و بابی و نەخوێندنی تاران و نەخواردنەکانی خانمی ئافتابی و مەحبوبە خانمی چێشتلێنەریان و بۆنە سەیروسەمەرەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و فەرەنسا لە مۆخیان نەسڕیبۆوە، هەر وەک ئەوەی ئەو ئێوارەیە بێت و لەپەنا هاوڕێ جوانەکەی جوانڕۆی حەمە پاقلە بەرانبەر هەتیوبازە میهرەبانەکە دانیشتووە و بۆنێک وەک هەڵم تەواوی هۆڵی نانخواردنەکەی پڕکردۆتەوە. ئەو بۆنەی چێشتخانەکەی عەلییە سوورە سەد هێندەی خواردنەکانی بەتام بوون.

هەی هوو ئەو سلێمانیەی ئەو، ئیبراهیم پاشا و کانیەسکان و چوارباخ وئەسحابە سپییەکەی ئەو ئاسەوارێکیان نەماوە. لەوە دەچێ ئەو شارە کەوتبێتە چاڵێکەوە و دەنگی ئەوی نەگاتێ.

بۆ بەیانییەکەی دەچێتە بەردەم سینەما دڵشاد و بۆ ئەوسەر و ئەوسەری بازاڕەکە دەڕوانێ و دێتەوە لای ئەسحابە سپی و بە وردی سەیری ڕێبوارەکان دەکات و بەشەقامەکاندا بێ پەروا دەسووڕێتەوە. سواری تەکسییەک دەبێت و دەچێتە سەیوان. مامۆستا کەیوان لە وەختێکدا خەریک بوو قاوەکەی تازە دەکردەوە، گوتی"سورێن، بۆ من سەیوان لە هەموو شارەکە دڵکراوەتر بوو، دەبێ بزانی من مردوو دۆست نیم، دانیشتووانی سەیوان بەڕاستی یەک ڕوو بوون، یەکە یەکە خۆیان بە میوانەکان دەناسێنن، تەنها لەوێ خەڵکی ئاشنام دیتەوە، حاجی مەلا مارفی عەلاف، حەمەی سەمەنی چاو بە خاڵ، عیزەدینی شێخ عەبدوڵڵای بەیتاڵ. هەر لەوێ تێگەیشتم ئەو سێبەر و ناوەی لە ئەسحابە سپی جێم هێشتووە، مردووە. بێ ئەوەی بوێرم وێنەی داک و بابم بێنمە بەرچاوم، یان بیر لەو ئاوە بە خۆڕ و هەر کەفەی ئێران بکەمەوە کە هەر دووکیانی بۆ ئەبەد لەبەر چاو هەڵگرتم. لە پەنا گۆڕێک کەناوەکەی لەسەر کاڵ ببۆوە دانیشتم و لە قووڵایی خۆمەوە گریام، گریانێک کە پەنجاو چوار ساڵی تەواو بوو پەنگی خواردبۆوە، نەمدەزانی ئەوەندە فرمێسک لە چاوی ئینساندا هەیە. هەستام، وەک تەرمی ئازیزێکم تازە ناشتبێ، کە سلێمانی بوو، ڕوانیمە شار کە شارەکەی من نەبوو، بە دەروونێکی سووکەوە هاتمە ئوتێل، لەوێشەوە یەکڕاست بۆ ئێرە. من دەمویست لە بری کۆستە گەورەکەم، شارێک لە نوێوە بناسم وەک ئەوەی بیبینمەوە."

## تامی قوڕ

ئەوە کۆتاییەکی زۆر باش بوو، هەستام و نووکەیەکم بۆ ژمارە سی ساڵییەکەم کرد و هاتمە دەرێ و چوومە ناو باخەکەی ماڵی مامۆستا، وەک شەوانی دیکە لەو سەری باخەکە لەسەر پشت وەک خاچ ڕاکشام و دەستم بە کونی شوێنی ئاوەڕۆکەدا بردە ئەو دیو. نە پەردەکە جووڵایەوەو نە ڕووناکیش ڕەنگی هەبوو. بایەک گەڵا وەریوەکانی بەیەک دادا، تۆزی سەریانی دەتەکاندو تێکەڵی یەکتری کردن و باران لەناکاو بێ پرس هاتە خوارێ. دڵۆپە وردەکان دەنگێکی بچووک و دڵۆپە درشتەکان دەنگێکی گەورەیان دەخستە دڵی منەوە. سەیرە تا ئێستا ئەو دەنگی بارانە، کە دەنگی دڵەڕاوکێ و ترسە، سەرنجی کۆمپانیاکانی مۆبائیلی ڕانەکێشاوە، تا بەناوی ترپەی عاشقان لەجیاتی مۆسیقا بەکاری بهێنن. ئەو هەر دیار نەبوو، باران چوو بووە ناو جلەکانم و وردە وردە دەگەیشتە سەر پێستم، منیش هەروا ڕاکشاوم و بەنیازم دەستێک لەو دیوەوە دەستە ڕاکشاوەکەم بلاوێنێتەوە، بەو ئومێدەی دەستی بەر دەرگای بەهەشت هەرگیز تەنها نابێت. دەمدی دڵۆپە هەرە گەورە و هەر ئاوەکان وەک قەتارەی مەل بە هەموو جەستەمدا دێتە خوارێ. ئەو دەستەی ڕامکێشا بوو بۆ باخچەکەی ماڵی ژنەی سی ساڵە پڕ پڕ ببوو لەگەڵای زەرد و تەڕ، چەند کەسێک لەناوخچەکەیان بڵاوببوونەوە، دیار بوو هەندێ شتی ئەو لاولایان لەبەر باران کۆدەکردەوە. پێیەکی قورس کەوتە سەر باسکم، منیش بێ هەست وەک تۆپەڵە گەڵایەک بێت و لەبن پێیان بخزێ دەستم کێشایەوە. دەنگێکی گڕ

گوتی "ئەوە چ بوو لەبن پێم خزی؟ جرج بوو؟"
مامۆستا هاتە هەیوانەکە و گڵۆپەکەی پێ کرد، باران وەک ئەوەی بکەوێتە سەر گڵۆپەکەو کون بەدەری کات ون دەبوو. منیش جووڵەم نەکرد و باوباران هەرچی گەڵاو لقەداری وشک هەیە لەو سووچە لەسەر منیان کەڵەکە کرد. پشیلە و مشکی هەراسان بوو، بەخێرایی بەسەر مندا تێدەپەڕین. خۆم وەک ئەو مەیتە بێکەسە دەهاتە بەر چاو لە چۆڵایی کوژرابێت و فڕێدرابێتە چاڵێکەوە، بکوژەکەی ئەرکی ئەوەی نەکێشابێت تۆزێک گڵی بەسەر داکات و دایپۆشێ.

باران سووکتر دەبێت و مامۆستا دەچێتەوە ژووری و دنیا بێ دەنگ دەبێت و منیش سووک و باریک لە بن گەڵاو ئاو دێمە دەرێ و بەهەمان هێواشی دەرگای باخەکەی ماڵی مامۆستا دەکەمەوە و دەکەومە کۆڵان و لەوێ باران توندتر و کۆڵان و شەقام لە ئاودا خنکاون. حەز ناکەم بچمەوە ژووره تەنهاکەم و پێم خۆشە لە ژێر عەموودەکان ڕاوەستم و دڵۆپە ئاوە ڕووناکەکان بەسەر شان و ملم کەون. دڵم بەوە خۆشە ئێستا ئەو بارانە وەک یەک لەسەربانەکەی ئەوان و ڕووکاری شووشەی پەنجەرەکەی و سەر گەڵای دارەکانیان و ناو ڕووناکی گڵۆپەکانیان و من وەک یەک دەبارێت.

دوو مەنجەڵی بچووک و سەوزەو ترشیات و هەندێ بیبەری سوێرکراو بە جیا و چوار نانی کوردی و دوو دەبەی دۆی خۆماڵی، داکم گوتی "هیچت لەبیر نەچووە" دوو لیمۆشم دەیە، حەزی لە لیمۆی هەولێرە "هەموویان دەپێچمەوە و دەڕۆم و دەگەمە باخەکەی ماڵی مامۆستا، دەڕوانمە سووچی ئەو سەری، ئەو شوێنەی لێی ڕاکشابووم و باران لێی دەدام، ئەو کونەی دەستم پێدا برد بۆ ئەو دیو، لەبەر خۆمەوە گوتم "هێشتا هەر لەوێم" ئەو ڕستەیە ئی مامۆستا بوو من دووبارەم کردەوە، بە چ باوەڕێکەوە ئەو ڕستەیەی دەگوت! من هەستم دەکرد بەڕاستی ئەو بەرانبەرم نییەو ئەو لەوێیە.

مامۆستا بوتڵێک شەڕابی لەسەر مێزەکە دانا بوو، کە منی دی گوتی "حەز دەکەم ئەو شەو دوا بوتڵە شەڕاب کە لەگەڵ خۆم هێنا بوو بخۆمەوە "هەر لەگەڵ نانخوادن دوو پێکی خواردەوە. ڕستەیەک لەسەر زمانم بوو بۆم نەدەکرا بیلێم، ئەو باسی شەڕابی دەکرد، سەدان جۆر و ڕەنگ و تام، باسی ئەو زمان پان و کورت، یان درێژ و باریکانەی کەتەنها بۆ تامکرنی شەڕاب دروست بوون. یەکێک لە شەڕاب ناسەکان ئەو زمانانەی ناو ناوە زمانە گەرمەکان و یەکی دیکە زمانە تەڕەکان، یان فلچەی قیامەت. هەر چۆنێ بێت ئەو زمانانە ژیانی خاوەنەکانیان مسۆگەر کردووە. گوتی "ئەو کەسانە زمانی ماریان هەیە، بەیەک قومی بچووک لەسەر زمانیان تەمەنی شەڕابەکە، پلەی خەست بوونەوەی، جۆر و تفتی شەڕابەکەت پێ دەڵێن. خۆشترین شەڕاب خواردبێتمەوە لە دێیەکی فەڕەنسا بوو، یەکێک لە خاوەنی ئەو زمانانە بۆ خۆی ئامادەی کردبوو. شەڕابەکەش هەر بەناوی دێیەکەوە کرابوو، شەڕابی تاکۆ." دواتر گوتی "ژیانی ئەو دێیە لەسەر شەڕابە، تەنها کچەکانیان شەڕاب دەفرۆشن، دوو ڕۆژ لەوێ بگەڕێی پیاوێک نابینی، یان لە کێڵگە کاردەکەن، یان خەوتوون." گوتم "لەو دێیەش تەنها ناوێکت بەجێ هێشت" ئەو گوتی "سێبەرێکیش" کاتی بوو ڕستە فەیلەسووفانەکە بڵێم کە هەر لە خۆی فێرببووم، گوتم"ئایا ئینسان خۆی تەنها لەو شوێنانە جێ دەهێڵێ کە خۆشەویستی لێ جێ هێشتبێ؟"

مامۆستا کە شەڕابە ئاڵەکەی ڕووناک ڕووناکی کردبۆوە، گوتی "بەڵێنم دابوو باسی بکەم، ئەوە هەر نهێنی نییە، خۆشەویستی هەرگیز نابێتە نهێنی، تەنها ئەوەندەیە بۆ یەک کەس یان دوو کەس، بایەخی هەیە" من ئەوپەڕی ئازایەتیم کۆکردەوە و گوتم "خۆشەویستی ئەوێیی پێ جێ هێشتی؟" ئەو گوتی "ئەو وشەیە زیاتر لە هەستمەوە نزیکە، دەنا شتێکی دیکە بوو، بە کورتی، من کوڕی سلێمانی و گەڕەکی جوولەکان و ئەسحابە سپی نیم، من ئەو کوڕە ناناسم کە لەوێ گەڕاوەو لە تۆزەکەیدا گەوزاوە. من کوڕی حەمە ڕیحانە نیم، ئەو جگە لەترس و سام لە کەفی ئاو و شتێکی کەم لەبۆنی ڕێحانە هیچی دیکەی نەداومێ. ئەو داکە ماندووەم خەجەی سلێمانە ڕەشکە بەو هەموو خۆشەویستییەی خۆیەوە نەیتوانی لام بمێنێتەوە.

من کوڕی محەمەد ڕەزای ئافتابیم، من کوڕی تارانم، من کوڕی وێڵەنجەک و خیابانی فریشتە، بلواری ناهیدم. من لە ناو جێ و بانی نوور فاتمەی ئافتابی فێری حەسانەوە و لە باخچەی قووی محەمەد ڕەزای ئافتابی فێری بۆنی گوڵ بووم و لەسەر خوانی ئەوان فێر بووم بەروانکەی خواردن ببەستم و کەوچک و چەتاڵ بەکار بێنم. من لەگەڵ ئەوان سواری فڕۆکە بووم و بەناوی ئەوانەوە وەک نەجیبزادەیەکی تارانی پێم لەسەر خاکی ئەمریکا دانا. من ئی ئەوان بووم بەناو و پێست و هەناسەمەوە"

من تازە وەسەرخۆ هاتبوومەوە کە هەموو ئەو بابەتە لە پرسیارێکی منەوە سەری هەڵداوە، بۆیە گوتم "کە هی ئەوان بووی بۆ بەجێت هێشتن؟"

ئەو تازە کاسە شەڕابەکەی لە لێوی کردبۆوە، دڵۆپەی ئاڵی هەر بە لێوەوە بوو، گوتی "خیانەت!" وەک کوپەیەک شەڕابی بەدەستەوە ڕژابێ و بواری ئەوەی نەمابێ ئەوەی

تێبیدایەتی بیشارێتەوەو گوتی "خیانەت، من خیانەتم لێکردن." من بە پەلە گوتم "بۆ لە دژی ئەوان بوویە کۆمەنیست؟" ئەو هێمنتر گوتی "ئیدی سیاسەت خیانەت نییە، من عاشق ببووم، عاشق." من سەرسام وحەیران گوتم "بۆ عەشق خیانەتە؟" ئەو لەو سەرسام بوونە سادە و گێلانە لە ناکاوەی من نارەحەت بوو، چاوەکانی نووقاند و سەری بەپشتدا خست، قژە سپییە درێژەکەی شۆڕببۆوە، لەژێر لێوەوە گوتی "ئا.. عەشق بۆ من خیانەت بوو."

هەستا سەر پێ و ڕووی کردە ئاوێنە چوارچێوە دار حەیزەرانەکەی سەر دیوارەکە، سەیری خۆی کردو پەنجەکانی خستە ناو ڕیشە درێژەکەی، وەک لەبەر دەم خودا دان بە تاوانەکەی دانێ، گوتی "من عاشقی خوشکی خۆم بووم"

من گێژ گێژ بووم، هەوڵم دا وێنەی خوشکەکانم بە تەواوی لە مێشکی خۆمدا بسڕمەوە، تاوانبار بووم و هەستم دەکرد ئەو خەتایە من کردوومە. چ خەتایەک لەو پیاوەدا خۆی حەشارداوە خودایە!

خێرا هەستام و چوومە دەرێ، ئەو گوتی"تۆ دەبێ گوێ لە کۆتاییەکەی بگری" من توند دەرگام داخست و بێ خشپە بۆ ئەوسەری باخچەکە چووم. دیتم ژنەی سی ساڵە دەستی بە کونی دیوارەکەدا هێناوەتە ئەو دیو، دەستێک لە کافوور بەناو ڕەنگی سووری گەڵاکاندا هاتبوو. بەرە دەستی پڕ پڕ ببوو لەو گەڵا خوێنیانە. دەستم خستە سەر بەرە دەستی و بەئاستەم کوشیم و ئەو لەو دیوەوە بە دەنگی مێروولەیەک و بەسەدای کێوێک گوتی "ئۆففف" ئۆفێک هەزار بەربەستی شکاندبێ تا بێتە دەرێ. ڕوومەتم خستە سەر بەرە دەستی و وردە وردە زمانم بە نینۆک و پەنجەکانیدا هێنا، توزێک جووڵا و بۆنی سەدان کانی لەجەستەیەوە بەرز بۆوە کە هەر ئێستا تەقیبوونەوە و منیان بۆ قووڵایی ئەو زەریایانە دەبرد پڕ پڕن لە دەرختی ژن.

دەنگێک لەو سەری باخچەکەی ئەوانەوە هات و من وەک مشک بێ دەنگ ڕۆیشتم و ئەویش بە هەناسەیەک لە بن هەورەوە دەریان کێشا بێ وەڵامی دەنگەکەی دایەوە.

شەوانە بێ دەنگ دەهاتمە ناو باخچەکەی ماڵی مامۆستای خەتابار و دەچووم لە پەنا ئەو کونەی ئاوەڕۆ لە دیواری نێوانیانی کردبوو، ڕادەکشام و بارانی کۆتایی پاییز بە دڵۆپەی گەورەو گەورەتر پێشوازی لێدەکردم. بە کاتژمێر سەیری ئەو هەورانەم دەکرد جارێک مانگیان دادەپۆشی و جارێک بەرەڵڵایان دەکرد. لە هاتوچۆی ئەو تەیرە بچووک و زیتەڵانە ورد دەبووەوە کە هەرگیز نەمزانی بۆ وا بەپەلە دەڕۆن و دەگەڕێنەوە. لە هەموو ئەو کاتانەدا دەستی چەپم هەر لەو دیو بوو، بێ پەروا چاوەڕێ بووم. باران بە میهرەبانییەکی بێ ئەندازە دەکەوتە سەر بەرە دەستم، هەستم بە هەموو دڵۆپەیەک و تەقینەوەیەکی دەکرد. یەکێک لەو شەوانەی هەورێکی ڕەش تا ناو دارەکان هاتبووە خوار و تاریکییەکی بێ ئامانی خستبووە سەر شار. ئەو شەوە ژنەی سی ساڵە بەهەمان شیلەی هەنجیرەوە هاتو دەستی گرتم و لەوپەڕی لەزەتەوە ڕوومەتی خستە ناو دەستم. دوای چەند چرکەیەک وەک خۆی بەهەورەوە هەڵواسێ، بەسەر دیوارەکە کەوتو هاتە ئەو دیو. من بەو تەڕییەی خۆمەوە لەناو جۆگایەکە ڕاکشابووم، بێ دەنگ و بێ هەناسە هاتە باوەشم. بورکانێک لە ناو هەر خانەیەکی لەشم تەقی و ئاسمانیش بەهەمان حەماسی منەوە دەستی بە بارانێکی بە خوڕتر کرد. چ بۆنێک لەو شان و مل و پێستە سپی و تەڕ تەڕ تەڕ و تێر ئاوەی دەهات، شیلەیەکی سی ساڵەی خەست خەست خەست و چڕ کەوتبووە سەر سنگ و شان و ناو زمانم، شیلەی ژنێکی سی ساڵە، من وەک مێروولەیەکی شەڵاڵ لە ئاو، شەڵاڵ لە باران، شەڵاڵ لە گوناه و لێستنەوە لە بن سی ساڵ چاوەڕوانیدا دەبوومە هەڵم. جلەکانمان کەوتبوونە کوێ؟ چ هەڵمێک لە بن ئەو بارانە لە ئێمە هەڵدەستا ! هەڵمێک سەرتاپای باخەکەی ئاخنیبوو. چوو بووە ناو لق و گەڵا و قەدی دار و هێلانە تەڕ و بڕ و بەجێماوەکانەوە. مەمکە توند و سەرتاپا ئاوەکەی دەکەوتە سەر سنگم، هێند توند، زۆر جار وام دەزانی ئەوانن چوونەتە ناو قەفەزەی سنگمەوەو لە جێگای دڵم لێدەدەن. قژی لە ملم ئاڵا بوو، زمانە یەکپارچە ئاگرەکەی کەوتبۆ ناو دەمم و قرچە قرچی لێ هەڵدەستاند، نازانم کوێم کەوتبووە ناو کوێی، وەختێک هەورە تریشقە بە شمشێرێک لە بلێسە ئاسمانی لەت لەت کرد، ئێمە لەو کاتەدا وەک دەیان پارچەی سوورەوە بوو بەناو یەکتردا قاڵا بووینەوە. ڕووت ڕووت ڕووت تا دنیا دنیایە ڕووت، لە باران لە دڵۆپە دوانزە چوکڵانە ڕووتتر.

لە بن دیواری نێوان هەر دووک باغ، لەسەر دۆشەکێک لەگەڵای زەرد و سوور و زبر و تلیساوەی پاییز وەک دڕندە و وەحشی، وەک وەحشی سەدەکانی ناوەڕاست، وەک ئەو ئینسانە وەحشییانەی هەر یەکتریان دیبا سواری سەری یەکتر دەبوون و یەکتریان پارچە پارچە دەکرد، وەحشی و شێت و ماخۆلیایانە سواری یەکتر ببووین و هەموو خانەیەکی لەشمان تەواو وەک دڵی بەراز لێی دەدا. وەختێک هەستایەوەو بەبازێک چووەوە سەر دیوارەکە، فریای کەوتم هەر بەسەر دیوارەکەوە پەنجەی

پێی بمژم، ئەو ڕۆیشت و دەمی منیش پڕ ببوو لە قوڕ.

ئەو شەوە تا بەیانی و بەیانییەکەی تا ئێوارە خەوتم، دڵشاد و کامەران و بەختەوەر. جۆلانەیەکیان لەو سەر و ئەو سەری ئاسمان لە پەمۆ بۆ هەڵبەستبووم، تیشکی خۆر بەو پەڕی نەوازشەوە، تۆزێک گەرم بەر پێستی تاسەر مۆخ ئاودراوم دەکەوت. چەند شیرین ببوو دەست و لێو و مووی سینگم. بە قەدرێکی چ گەورەوە سەیری ڕان و جەستەی خۆمم دەکرد. لە ناو ئەو جۆلانە سپی سپییەی خۆر خەوتبووم، هەستم کرد دنیا بێ دەنگە تا من خەوم نەزڕێ. خۆم پۆشتە کرد و هاتمە دەرێ، بەو نیازەی بێ دەنگ سەرێک لە باخەکەی مامۆستا بدەم و تا ڕووناکە سەیری شەوێنەواری دوێ شەومان بکەم.

هەرکە دەرگای باخچەکەم کردەوە مامۆستا لەبەر هەیوانەکە بانگی کرد" دەمزانی دێیەوە، وەرە ژوورێ" چوومە ژوورێ، سەر مێزە درێژەکەی پڕ کردبوو لەنامەو وێنە و گوڵی کریستاڵی یەخەو دەیان شتی دیکەی یادگاری کە من پێشتر نەمدیون.

پرسیم "چاوەڕێی کەسێک دەکەی؟"

ئەو گوتی "ئا، دەمێکە چاوەڕێی هاتنەوەی تۆ دەکەم، بڕوانە مێژووی من لەسەر ئەو مێزەیە، بیخوێنەوە چۆنی دەتەوێت، لەسەرەتاوە بڕوانە من لە منداڵی و سلێمانی و حەمە ڕێحانەوە هیچم نییە نیشانی دەم، بڕوانە لێرەوە ئەوانە ئەوکاتانەن کە تازە چووبوومە تاران، من لەو یەکەمەوە ناوم ئافتابییە، ئەو وێنەیەمان لە کێوی ئەلبورز گرتووە، بە ساڵی ئێرانی مێژووی لەسەرە، ئەوەیان باغی جەمشیدە، ئێرە دەربەندەو ئەوەیان کۆشکی شایەو ئەوەشیان باکوورە، من وەکو خوێ لەناو ئەو خێزانەدا تواومەوە، نازانم چیم لەواندا هی منە، بەڵام من هەمووم هی ئەوانە، هەندێکم چۆتە ناو ڕەزای برا بچووکم، هەندێکم بەس بەتامی هەموو دنیا، کلۆیەکم لەسەر بەرە دەستی جسووری برا گەورەمدا توایەوە، ئارەشی هاوتەمەنم تێر تێرە بەو خوێیە، دایە مەعسوومەم، داکی ڕاستەقینەم وەک کانییەک بێت و من هەر بتوێمەوە تێیدا، شەهرزادی ئافتابی دایە گەورەی هەمووومان، هەر دوو خوشکە بچووک و کوڵوکە سوورەکانم ماهنوور و عیشوە قووڵتریان بردم، ڕازی نەبوون ئەو ڕوحە خوێیەی من جگە لە دڵیان، جگە لەناو خوێن و هەناسەیان لە هیچ شوێنێکی دیکەیان بتوێتەوە، ئاخر ئەوان بەڕاستی خوشک و سەبووریم بوون"

مامۆستای بەویقارم سەری داخست و من گوتم "تۆش چوویتە ناو دڵی هەر دوو خوشکەکەت!"

بەسوور بوونەوە گوتی "ئەوە چیرۆکی منە، ژیانی منە، تۆ بۆت نییە ئاوا بەئاسانی لاقی تێخەی، ئەو خوشکانەم کەرامەتی منن."

من خۆم بۆ نەگیرا و گوتم "تا ئێستاش؟"

ئەو بەهێمنی بورکانێکەوە گوتی:

"هەوڵ دە تێبگەی، بڕوانە وێنە و نامەکان، بڕوانە یادگارەکان بەو شیرینییە ژیام، لە یەکەم ڕۆژەوە ماهنوورم خۆش ویست، قسە و پێکەنینەکەی، گاڵتە و جنێوەکانی، تەنوورە خەت خەتەکەی و دواتر مانتۆ نیلییەکەشی. کراسە گوڵ گوڵییە ئەمریکییەکەشی، پێڵاوە دەست دروەکەی عەبدولحەقی کرماشانی و جانتا چەرمە سوورە ئیتاڵییەکەی و میکیاژە زۆرە ئەمریکییەکانی. لە دڵەوە خۆشمویست، لە ناخ و لەخوێنمەوە خۆشمویست. ئەو نەبایە دەشێ ئەو هەموو ڕەنگەم لە دنیادا نەدۆزیبایەوە، ئەو نەبایە دەشێ ئەو هەموو میهرەبانییەم لەو خانەوادەیە نەدیبایەوە و ئەوەندەش میهرەبان نەبام بەرانبەریان. من ئەو خۆشەویستییەم کوشت و کوشت، کوشتم وخۆشم وەک سەگ کەلەپچەکرد. ئەو شەوانەی پێکەوە لە ژوورێک خەوتباین دەست و پێی خۆم دەبەست. هەر کاتێک بمزانیبا ئەو بەتەنها لە ماڵە لە ناو باخچە و پارکەکانی تاران دەمامەوە، لەسەرمان ڕەق ببووبام، گەرما، یان ماندوێتی بیانکوشتبام نەدەچوومەوە ماڵێ. من ئەو کوڕە سپڵە و بێ نمەکەی ناخی خۆم وەک سەگ پەت کردبوو. وەک بەراز بەستبوومەوە. هەرگیز ڕێگام پێ نەدەدا پڕ بەدڵی خۆی گوێ لەدەنگی ڕاگرێ، یان تەماشای چاوە ڕەش ڕەش تا قیامەت ڕەشەکانی کات. چەندان شەو لە هەیوان، یان لە کولانەی سەگەکەمان خەوتووم، چونکە زانیومە بچمە ژوورێ، دەبینم ماهنوور لە پەنا کورسی ئاگردانەکە خەوی لێکەوتووە و لەبەر هاڵاوی ئاگر هیچی بە خۆیەوە نەهێشتووە. من هەموو ئەو ماوەیە پاسەوان بووم، پاسەوانی خۆم، باش دەمزانی چەند برسی و بێ ئەمەک و حەرامزادەم و دەشێ لەهەر چرکەیەکدا گەورەترین هەڵەبکەم.

بەڕاستی بوومە نوورعەلی، شەرمن و دەست پاک و بەخزمەت، بوومە ئەدەبیاتناس و کۆمەڵناس و مرۆڤناس، هەموو ئەوانەم لە زانکۆ خوێند و بەشێکی بە هاوڕێیەتی ماهنوور، بوومە دارهەڵکۆڵ، شێوە و نیگار نەما لەسەری نەیتاشم، مشاری بازنەیی و کەوان، ئاسن و ئەڵماس نەما فێری نەبم و بەکاری نەهێنم. هەر بۆ ئەوەی ئەو ئینسانە عاشقە بێ وەفا و حەرامزادەیەی ناخم فورسەتی ئەوەی نەبێت دەنگی لێوە بێت و هەست بەبوونی خۆی بکات. شێوەی هەر کەسێک یان هەر شتێکم لەسەر دار هەڵکۆڵیبێ نیشانەیەکی ماهنوورم لەسەر جێ هێشتووە. قەوسێکی برۆی، خەتێکی لێوی، نیشانەیەکی سەر

روومەتی، هێڵێکی پەنجەی، یان شێوەی ملوانکەیەکی، گوڵێکی سەری، یان نەخشی سەر گوارەیەکی. ئەو نیشانانە لۆگۆو ئیمزای منن و هەر خۆشم بەتەنها دەیانناسمەوە. چەندان کارم چوونەتە ناو پێشانگا و موزەخانەکانەوە لەبەر ئەوەی ناویان لەسەر نەبووە دوای ماوەیەکی کورت چوونەتە ریزی تابلۆ بێکەسەکان، تەنها بۆخۆم بەو نیشانانە دەیانناسمەوە. (لەو کاتەدا بروشێکی کریستاڵی رەنگ خوێنینی بەناسکی هەڵگرتنی پەرەیەکی قورئان هەڵگرتو دایە دەستم و گوتی، بیدە بەو کچەی کە لەدڵەوە خۆشتویست) دووبارە دەستی پێکردەوە" دەستی ئەو عاشقە ئاژەڵەی لە پێستی من دابوو دەگرت و دوور دوورم دەبرد، دەمبردە ناو کتێبە سەیروسەمەرەکانی ئەدەبیاتی فارسی و چیرۆک و ئەفسانە و رۆمانە نەبڕاوەکانیان، کام رۆمان دەڵێی تا لەیەکەم وشەوە تادوا وشەی وەک بلبل بۆتی بخوێنمەوە. دیوانە کۆن و تازەکان لە سەعدی شیرازی و حافز و فیردەوسییەوە تادەگاتە سوهراب و شاملو، ئەوم، ئەو عاشقە سەرسەختەم لەوێ لە قووڵایی کتێبەکان، لە تاریکایی رێگا هەرە پێچاوپێچەکان جێ دەهێشت، لە باخچەکەی سوهراب لێی دەگەڕام دوای گەڵایەک کەوێت و دەنگی ئاو بگرێ، بۆ خۆشم وەک تەختەیەک، وەک داوڵێک شەرمن و بێ دەنگ لەگەڵ تەواوی خانەوادە دادەنیشتم، لە تەنیشت حەوزە گەورەکەی حەوشە سێوم قاش دەکرد. تا لەتاران بووم زۆر شوێن هەبوو ئەو عاشقە وەحشییەی لێ ببەستمەوە. لە کتێبخانەی زانکۆ دا بەرەڵلام دەکردو دنیایەک کتێبی گرینگ و سەرسامکەرم بەسەردا کەڵەکە دەکرد، لە کۆڕ و سیمیناری دوورودرێژدا دام دەنیشاند. بۆ کوێم دەبرد گوێڕایەڵ و عاقڵ دەهات، هەمیشە مات و ماتتر لە پێشوو دەهاتەوە ناوەوەی من، لەسەر جۆگەلەیەک لە جۆگەلەکانی دڵم، بە تەواوی لەسەر ئەو رەگەی ناو دڵم کەئێستا دکتۆرەکان دەڵێن لە سەدا شەستی گیراوە دادەنیشت. من دەمدی ئەو نەحلەتییە تەواو لەسەر ئەو رەگە سەرەکییەی دڵم دادەنیشت و بەوپەڕی خەفەتەوە جگەرە لەسەر جگەرەی دەکێشا و سووتووەکەی وەک کا، یان گەچ دەتەکاندە ناو خوێنم. تەنها ئەو کاتانە چاوی هەڵدەبڕی کە ماهنوور چایەک، یان دەورییەک قەنادی لەپێش دادەنام. هەر من بووم ئەو کورە سەرسەختە عاشقە، هەر من بووم درۆم لەگەڵ خۆم دەکرد و چەندان رۆژ خۆم لەدوکانەکەی بابم، محەمەد رەزای ئافتابی، لە پشتی پشتەوە خۆم بە جیاکردنەوەی چەرم و رێکخستنیان و حسابکردنیان خەریک دەکرد و دەمویست ئەو بۆنە نەحلەتییە توندەی چەرم، کە کەوڵی تەواوی ئاژەڵەکانی دنیای تێدابوو تا مۆخم بڕوات و هەستی بۆن کردنم بە تەواوی بسڕێتەوە، یان بشێوێنێ. کەچی هەر کە ماهنوور بە هەر بیانوویەکەوەبایە هاتبایە دوکان من لە دووری چەند کیلۆ مەترەوە بۆنی ئەوم جیادەکردەوە و دەمزانی قژە رەشە قورسەکەی بەچ شامپۆیەک شوشتووە. دەمزانی چ جلێکی لەبەر کردووە و دەنگی کام پێڵاوەیەتی دێت. لە سەر گردێک لە چەرم و پێستە رادەکشام و خۆم لە خەو دەکرد. ئەو بەو هەموو بۆن و خەمخۆرییەیەوە دەهاتە ژوورێ و دەیدۆزیمەوە و بێ دەنگ پەنجە باریک و سپی و درێژەکانی دەخستە ناو قژە شۆڕ بووەکەم، نەرم بانگی دەکردم. چەندی پێم کرابا خۆم لە خەو دەکرد و رێگەم نەدەدا ئەو بورکانەی پەنجەکانی بەناو مووەکانی قژمدا دەینێرن، دڵم بتەقێنێتەوە. تەنها وەلامێک بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو سەگەی لە قووڵایی قووڵایی خۆمدا بەستبوومەوە هەموو شتێک بەسەر یەکدا قلپ کاتەوە. تا یەکێک دەهاتە ژوور و بەدەنگی بەرز داوای لێدەکردین بچینە دەرێ نانەکەمان بخۆین.

**برووشی خوێنین**

من تا ئێستا نازانم ئەو مامۆستا سەد رووەم، جارێک بەدبەخت و سەد جار خەتابارەم خۆشبوێ یان رقم لێبێتەوە، ئەوەتا بۆخۆی دەڵێت عاشقی خوشکی خۆی بووە، چاوی، دڵی بەرانبەری پیس بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەو خیانەتەی هەڵاتووە و ئەوپەڕی هەوڵیداوە نەخلیسکێتە ناو تاوانەوە. بۆیە گوتم،

"من لەو هەموو حیکایەتانە تێناگەم، ئەوە دەزانم کە تۆ عاشقی خوشکی خۆت بوویت و ویستووتە..."

ئەو قسەکەی پێبڕیم و گوتی:

"نا، من رێگام بەخەیاڵی خۆشم نەداوە دەستی لێدات، هەموو ئەوانە بەتۆ دەڵێم تا رستەیەکی خۆم راست کەمەوە، من عاشقی خوشکی خۆم بووم، بەلام نەبووم."هەستم کرد ئیدی سەری لێدەشێوێ و رستەکانی خۆی بۆ ناچێتەوە سەر یەک. تۆزێک ئاوی خواردەوەو هێمنتر گوتی،

" ناخۆشترین رۆژمان ئەو رۆژە بوو لە ئێران هەڵاتین، رەنگە هەرە گەشەکانمان لەوێ بەجێ هێشت، ئەو خانەوادە داکوتراو بەهێزە، گەورەترین خانەوادەی بازرگانی چەرمی تاران، وەکو دارێکی هەزار ساڵە رەگەکانی خۆی لەبنڕا قرتاند و رۆیشت. کە لەئەمریکا دابەزین سەرەتا دایە شەهرزاد و عیشوە و ماهنوور لێویان لەرزی و لەپڕ بەکوڵ گریان، جا بابم محەمەد رەزای بەتەمەن و بەویقار بۆ یەکەم جار لەناخەوە و بەدەنگەوە گریا، فرمێسک کە دەتگوت لە ژێر ریشە سپییەکەیەوە هەڵدەقوڵێت تکایە سەر چیمەنی باخچەی فرۆکەخانەکە،

من بێ دەنگ و غەریب لەسەر شۆستەکە دانیشتم، نەتوانیم بگریەم و نەتوانیم بمرم. هەمـوو ئەو ماوەیە وەک ڕەبەنێک ژیام نەتوانیم لە کـەس نزیک ببمـەوە و نەقسەیەک لەگەڵ مەهنوور بکەم.

تا ئەو ڕۆژە ڕەشەی کە هەمـوو درۆیەکان دەرکەوتن و دێوجامەکان شکان. ڕۆژێک هاتە ئەو زانکۆیەی دەمێک بوو خۆم لی مات کردبوو، پرسی "بۆ نایەوە ماڵێ، یەک مانگە نەهاتوویەوە؟" من هیچم بۆ نەگوترا، بێ ویستی خۆم لافاوێک لە فرمێسک لە چاوەکانم هاتنە خوارێ، هەناسەم سوار بوو، تەنها گوتم "لەترسی خۆم" ئەو بەو هەموو شیرینییەی خۆیەوە فرمێسکەکانی بۆ سڕیم و بەو پەڕی موحیبەتەوە دەیگوت، "وا لە خۆت مەکە، دڵەکەی خۆت دەکوژی". لێرەوە لەو چەند وشە ژەهراوییەوە لە یەکتری ئاشکرا بووین و ئیدی لەو ڕۆژەوە تەلەفۆنمان بۆ یەکتر دەکرد و بەسەر یەکتردا دەگریاین

من بەوپەڕی تووڕەییەوە گوتم "ئەو قسانە شەرمن، تۆ باسی خوشکت دەکەی"

ئەو گوتی "کە دەسەڵاتم بەسەر خۆمدا نەما، کە ڕوومان لەیەکتری کرایەوە، دوای ماوەیەکی زۆر بەڵێنم پێدا بچمە شوقەکەی ئەو، بەتەنها لەوێ بەدزی بژین، یان برۆین و بۆ ئەبەد خۆمان بشارینەوە. هەر ئەو ڕۆژەی دەبوو بچم بۆ شوقەکەی، ئەو چاوەڕێی دەکردم، وەک شمشێری ئاگر بەدوامەوە بێت، لە خۆم هەڵاتم و چوومە فرۆکەخانە و بۆ ئەبەد لە ئەمریکا دوور کەوتمەوە. بێ ناوونیشان بووم. چەندان وڵات گەڕام و چەندان ساڵ تێپەڕین، دوای ئەو هەموو ساڵە هەر وادەزانم دەبێ خۆم بشۆم و کراسە گوڵ گوڵییەکەم لەبەر کەم و یەکراست بچمە شوقەکەی، چونکە دڵنیام تا ئێستا چاوەڕێ دەکات و هەر چەندە تێپەڕیوە، تەمەن تێپەڕیوە...."

خەریکە ئەو پیاوەم لەلا شیرین دەبێ، هەستام و دەستەکانیم کوشی کە خستبوونییە سەر مێزەکە و یەکێک لەو پەیکەرانەی بە دەستەوەبوو لە دار تاشیبووی، بێ دەنگ چوومە دەرێ.

لەبەر هەیوانەکە وەستام، هەوایەکی خۆش وریای کردمەوە، دیتم یەکێک دەیەوێ لە باخچەکەی ئەو دیوەوە بێتە سەر دیوارەکە، چوومە پشت دارێکی گەورە و خۆم شاردەوە، دیار بوو ژنەی سی ساڵە دەمێکە هاتۆتە شوێنەکەی شەوانمان و چاوەڕێ دەکات، هەر کەدیتی کەسێک لەماڵیانەوە سەر دیوارەکە دەکەوێت، هەستایە سەر پێ و بەرەو دەرگای ژووری مامۆستا هەڵات، ئەوانەی سەر دیوارەکە بوونە سێ کەس، خۆیان هەڵدایە ئەو دیو و دوای ژنەی سی ساڵە کەوتن، ئەو بەتوندی بەرە و دەرگای نیوە کراوەی ژووری مامۆستا هەڵدەهات، مامۆستا کە دیار بوو تازە کراسەکەی داکەندبوو تا جلی شەو لەبەرکات، هاتە ناوەندی دەرگاکەو ژنەی سی ساڵە بەرەو ڕووی چوو وەک ئەوەی بچێتە باوەشی، ئەو هێشتا لەناو خەیاڵە قەڵەکانی خۆیدا بوو، باوەشی بۆ ژنەی سی ساڵە کردەوە و منیش دەلەرزیم، لەو کاتەدا هەرسێ پیاوەکە هاتنە ژوورێ و ژنەو مامۆستایان بەسەر یەکدادا، دەنگێکی وەک بیبەر گوتی "کەس نەماوە ئەو پیرە گەوادە نەبێت، هەی بێ شەرەف، چەندە چاودێریت دەکەین!"


ژنە نەیدەتوانی هیچ بڵێت، چاوەکانی زەق زەق ببوونەوە، خەریک بوو دەرپەڕن، ئەوەی هەرە کەڵەگەتیان لەدواوە بە هەموو هێزی چەقۆیەکی لە ملی مامۆستادا، خوێن بۆ سەر سنگ و ڕوومەتی ژنە پەڕی و پێش ئەوەی هاوارکات دووەکەی دیکە دەمیان گرت و سنگیان پڕ کرد لە چەقۆ. بەپەلە هەڵاتن.

من وەک جووجەڵەیەکی تۆقیو، وەک کەروێشکێکی ترساو کە هەر چوار پەلی شکابێت لەسەر دارەکە دەلەرزیم، مامۆستا کەوتبووە سەر فەرشە پرتەقاڵییە تازەکەی و چاوەکانی کرابوونەوە سەیری ژنە سی ساڵییەکەی دەکرد کە ئەویش کەوتبووە سەر ئەو وێنە و پەیکەر و یادگارییانەی لەسەر مێزەکەوە کەوتبوونە خوارێ. مامۆستا هەوڵی دەدا بجوولێ و بەرەو لای ژنەی سی ساڵە خۆی بە کێش دەکرد، دەستی گەیشتە دەستی ژنە و لێوەکانی جووڵاندن و گوتی "ماهنوور چەند درەنگ هاتی"

لەدارەکە هاتمە خوارێ وەک مشکێکی تەڕ، بەوپەڕی بێ دەنگی چوومە خوارێ و جێم هێشتن.

لە ناو پۆلەکەم لە بەردەم پەنجەرەکە دانیشتووم، گەرمتر لە قوتابییەکانی دیکە چاوەڕێی هاتنی مامۆستا دەکەم، توند برووشە خوێنینەکەم لە ناو دەستم گرتووە. ئەوە سێ ڕۆژە هاوپۆلەکانم تەنها چاوەڕێ دەکەن، من لەپەنجەرەکەوە دەڕوانمە ڕێگا باریکەکەی مامۆستا لێیەوە دەهات، تەنها من دەزانم هەرگیز جارێکی دیکە مامۆستا پی بە چیمەنی ئەو باخچەیەدا نانێ و هەرگیز نایەتەوە پۆلەکەمان و جانتاکەی ناخاتەوە سەر مێزەکە و تازە هەرگیز ناڵێت "بەیانیتان باش"

**٣ تا ١٠ی ٢٠١٠**
**هەولێر**



# دوا کسپەی زامێکی بەردین

سەعید سلێمانی
(تاران)

هەر کە هانکەی هەنیسکت هاتە بەر گوێم، زەینم لەو قەرەباڵغییەدا، یەکڕاست پەڕییە ناو کزەی ساردی کۆتایی زستانێکی ساڵانی دوور... تاریک و ڕوون بوو، بەڵام نەک هی بەیانی، هی ساتێکی نە شەو و نە ڕۆژ، شتێک لە نێوان لێکترازانی تاریکی و ڕۆشنایی، سەرەتای یەکیان و کۆتایی ئەوی دی، ئەویش بە تایبەت لە زستانێکی تووشدا کە پێستیش ببێتە ئێسقانی ڕچیاو. دەرەوە هێند سارد بوو شووشەکان ئارەقیان کردبۆوە؛ لە ناوەوە. تۆ سەرت نابوو بە شووشەکەوە، هەر جارێکیش سەرت هەڵدەگرت، نەخشی ڕوومەتت بە سەر شووشەکەوە، نیگاری ئافرەتێکی ڕووتی جێ دەهێشت، لە سەر داوێنی دیواری بەردینی ئەشکەوتێکی سەرەتاکانی مێژوو.

کۆتایی ئەو زستانە هێند ئاشنایە، ئێستا ئیتر شەقامێکە، هەر ڕۆژ ڕاگوزەرێک، ڕاوێچکە بکات پێیدا، شارەزای بێت، بست بە بستی، بێ هەڵبواردنی هیچ وردەکارییەک. یان ژوورێکی تاکەکەسی کە بۆنی هەناسەکانی خاوەنەکەی بدات... ئەویش بۆ کەسێک کە تازە دواقۆناغی خوێندنی بڕیبێ، حاڵ و هەوای زانکۆ بەری نەدابێ هێشتا، وردەکاری هەر سەرنجێک بیخاتەوە داڵغەی سەردەمی لە دەست چووی خوێندن، بێ ویست و داخوازی خۆی، وەک گەڕاڵێکی قوتبی باکوور کە لەرزەی شەختە جومگەی قامکەکانی بەرنەدابێت هێشتا... ئیتر ئەوسا بە کلکەی ئەو زستانەدا توانای گەڕانەوەی نەبێ.

کە تێدەپەڕین، لە پەنای زانکۆوە، سەرنجم دا، حەسرەتیانە، وەک ئەو موسافیرە ڕزگاربووەی ناو فیلمەکان کە چوار ساڵی ڕەبەق لە دورگەیەکدا بەتەنیا ژیاوە، ، ئەوسا دەستی ڕێکەوت سواری پاپۆڕێکی کردووە و ئێستا لە ناو پاپۆڕەکەوە، بێ باوەڕانە، سەرنجی دیمەنی دورگەیەکی ئاشنا دەدات کە هێواش هێواش ون دەبێت، لە مەتەرێزی

چاوی. تاپۆی بیناکانی زانکۆ خۆنوێنیان دەکرد، لە ژێر تیشکی تازە داگیرساوی گڵۆپەکاندا، بەڵام ڕەنگیان دیاری نەدەدا. دورگەکە ئاوا دەبوو، لە مەتەرێزی چاوم. دالْغەی ئەوەی کە بە زوویی ڕەنگ و شێوەی چەندین ساڵی تێپەڕیوی ژیانم فەرامۆش بکەم دەبێ، تەوژمی خوێنی ڕاپێچی لاجانگەکانم کرد، وەستا، گرمۆڵە بوو، هەر لەوێدا مایەوە، ئێستاش هەروا دوو گریمانەی خڕن، تۆزێک دواتر لە تەختایی تەوێڵمەوە. هەر جارێک دەستم بەر لاجانگم دەکەوێ لە ناکاو، خێرایی هەناسەکانم توند دەبێت، هەروەک ئەو شەوە کە تەوژمی هەوا بە خێرایی لە سنگم هاتەوە سەر. وابزانم هەر ئەو هەناسەیە بوو سەرنجی تۆی ڕاکێشا، لە پێشمەوە دانیشتبووی، ڕوومەتت نابوو بە شووشەکەوە، هەر کە هانکەی هەناسەم هاتە بەر گوێت، سەرت لە شووشەکە کردەوە، ئارەقەی سەر شووشەکە چۆڕاوگەی بەست، وەک خوێنی پژاوی سەر تەختە شاخێک کە دواتر داغمە دەبەستێت، هەربۆیە زۆر جار هەناسەیەک، چۆڕاوگەی کورت مەودای ئارەقەی شووشەیەک، یان شتێکی زۆر بچووکتریش، چارەنووس و ئاراستەی زیندوێتیت دەگۆڕێت؛ بۆ هەمیشە!

یادەوەری ئەو ساڵانە وێنەیەک نییە پڕ وردەکاری، لێڵە، هەروەک تاپۆی مات و تاری تارمایی تاریک، بەڵام هی کۆتایی ئەو زستانە نا، ڕوونە، هەروەک نیگاری ژێر تیشکاژۆی سەدان تیرێژی بە تەوژم و بڵێسە... هەر جارێک ڕوومەتت هەڵدەگرت، چۆڕاوگەی ئارەقەی شووشەکەت لە شوێنەواری برینێکی بچووک و لەمێژینەی سەر نەرمایی مەچەکت هەڵدەسوو، سەری پەنجەت دەدا لە چۆڕاوگەی ئارەقەکە و ئەوسا دەتتکاندە سەر شوخاڵەی کۆنی برینەکە، بە وەسواسێکی زۆرەوە، چما دەتویست تەمی زامێکی لەمێژینە بڕەوێنییەوە، یان شایەد هەستت دەکرد ئەو ئارەقە مەرهەمێکی تازەیە بۆ زامێکی کۆن. زامێکی کۆنی سەر نەرمایی مەچەک کە ئینسان هەمیشە لە بەر چاویەتی و قەت یەکەمین کسپەی ئازارەکەی فەرامۆش ناکا.

ڕۆژانی پشووی نەورۆز چووبوونە سەفەر، دواتر پێم زانی، مۆبایلەکەت خامۆش بوو، دڵتەنگ نەبووم، حەقم پێ بدە، بەڵام دالْغە دەنێتەوە، لە چەشنی خۆرە، بێ دەلیل و هۆ، ئینسان دەکەوێتە بازنەیەکەوە کە لەودا گۆشە و کونجێک بەدی ناکرێ تێیدا هەڵکورمێ و خۆی سەرقاڵ بکات، هەموو لای یەکسانە و ئیتر تەنیا دیمەنی کەسێکی لەبەر چاوە کە بەردەوام خۆی خەریک دەکات بە جێگە زامێکی سەر نەرمایی مەچەکی. لەو ماوەیەدا کە دیار نەبووی زیاتر لەوەی تۆم لە بەر چاو بێ، تارمایی زامەکەی مەچەکت لە زەینمدا نەخشی دەبەست. ئەوسا نیگاری ڕووتی ئافرەتێکی بیر دێنامەوە بە سەر دیواری بەردینی ئەشکەوتێکەوە، نیگارێک کە بێ گومان دەسکردی پیاوێک بووە هاوچاخی ئەشکەوت، پیاوە یادەوەرییەکی نەبووە تا پێیدا بچێتەوە و هەڵوێستە بکا، هەر ئەوەی کە هاتۆتە بەر دیدەی کێشاویەتییەوە، یان هەستێک بووە لە ناوەوە هانی داوە، شایەد! بەڵام من چی؟! من دیمەنێک کە نەمدەدی وێنام دەکرد، دەمکێشاوە، لە سەر دیواری هەزار درزی زەینم، زەینێک کە ئەوەندە درزی هەڵگرتبێت نیگارەکان بە سەریەوە خۆ نەگرن، بڕەوێنەوە؛ بێ ئاسەوار!

هەر کە هانکەی هەنیسکت هاتە بەر گوێم، چما لە سەرسەرایەکی دوورودرێژدا بی، دەنگت لەرەی تێدا بوو: «دۆزیمەوە، دوای ئەو هەموو ساڵگارە دۆزیمەوە!». زەینم گەڕایەوە بۆ چاخە دێرینەکان، داوێنی دیوارە بەردینەکانی ئەم تونێلە پڕن لە وێنە و نیگاری ئافرەت، بەڵام هیچیان ڕووت نین، هەر جارێک ڕێم دەکەوێتە ئەم ژێرزەمینە ئەو سەرەتای شەوەم دێتەوە یاد کە نەخشی ڕوومەتت بە ئارەقەی سەر شووشەکەوە بەجێ مابوو و دواتریش دەکەومەوە بیری ئەشکەوتەکانی سەرەتای مێژوو و بیری پیاوێکی ڕووت کە خەریکە دەسکردەکانی خۆی بە جێ دێڵێ بۆ چەند هەزار ساڵ دواتر تەنیا بۆ ئەوەی ببێتە دالْغەی پیاوێکی دی لە چەشنی خۆی... گوتم شایەد من پیاوێک بووبم، ڕووت، هەزاران ساڵ پێش، لە ئەشکەوتێکی بەردین، لە هەناوی زەویدا، نیگاری ڕووتی ئافرەتێکم کێشابێتەوە، نیگاری ئافرەتێک کە یەکێک لە دەستەکانی دیار نییە، ئەوسا بە ڕەنگێک، سووراوێک، داممپۆشیبێ، بە بێ هۆ، تەنیا بۆ ئەوەی هەزاران ساڵ دواتر بگەڕێمەوە و دیسان لە تونێلکی ژێر زەویدا بە دیواری بەردینەوە، گوێم لە هانکەی هەنیسکی ئافرەتێک بێت کە ڕووت نییە، بەڵام ڕووتم بکاتەوە لە هەموو شتێک: «دۆزیمەوە! دوای ئەو هەموو ساڵگارە دۆزیمەوە! لە سەر دیواری بەردینی ئەم سەرسەرایە.»

هانکە نەبوو، کوڵی گریانێکی قەدیمی بوو، تازە پشکووتبوو، گریانێکی بە ناوەخت کە مرۆڤ وا هەست

دەکات تەنیا لە پەژارەی لە دەستدانی ئازیزترین کەسەوە دێتە بەرهەم، یان لە ئاکامی لەدەستدان و دیار نەمانی یەکێک لە دەستەکانییەوە شایەد... ئینسان کاتێک ئەندامێکی جەستەی لە دەست دەدات، خەمی دەخوا، بە حەسرەتەوە، بە تایبەت ئەگەر ئەو ئەندامە نیشانەیەکی پێوە بێت؛ خاڵێک، کوتە گۆشتێکی ئیزافی، یان جێی برینێک، ئیتر لە یاد ناچێتەوە قەت، ئەگەر ئەندامەکەش فەرامۆش کرێت نیشانەکە هەر لە زەیندایە، بێ کەم و زیاد، هەر دەمەێنێ و دەمەێنێ و ئازار دەدات، وەک ئازیزێکی بێ سەروشوێن! بەڵام جا بە حاڵی تۆ چ فەرقێکی دەکرد؟! تۆ کە لەو ژێرانە دەژیای...

سەرم هەڵسوو لە جەستەی خاک تا پێستی خاک سوکنایی بێ، تا ژاوەژاو ئۆقرە بگرێ لەو ژێرانە، کە ئارامی مزگێنی خاکە، کە سەبووری مسکێنانی نوستووی هەناوی زەوینە. هەمووان لەگەڵ خاک دەبن بە یەک، چ ئەوانەی لە لم و لێڵێکی نە شەو و نە ڕۆژدا سەرانگرێ بوون؛ بێ دەرەتان! چ ئەوانەش کە ماونەوە؛ بێ ئاگا. لە بەندێ بووم دڵمەندانە ئارام بگری، نەتگرت، سەرم هەڵسوو لە گڵی گڵکۆ، لە بۆنی وەریوی وشکی خاک، جنوونیانە، دەست لێ وەشاو، لە لم و لێڵێکدا کە ئاسمان بێدار نەبوو، تەنیا من بێدار بووم کە مەستی سپێدە بم، لە خورێنی، یان ڕەنگە شەوبێدارانی شیتاڵ لەش و پەژارەنۆشی گۆڕستانێک کە شەوپەڕان ماتەمینی گڵ دەگرن، یان شایەدیش تۆ، لەو ژێرانە...

دەهاتە گوێم، هانکەی دەنگێک، نازانم، هی تۆ بوو یا هی شەقارەکانی زەوی: «بۆنی خاک هەست پێ نەکەی شایەد، بەڵام بۆنی من بێ گومان. دەگەڕێتەوە چینەکانی خاک، دەپێوێ نهۆمەکانی گۆڕ و ئەوسا خەرمانەیەک دروست دەکات بە دەوری گڵکۆوە، شوخاڵەیەک لە ڕەگەزی بۆن، کە خوماریبیەکەی ناپەڕێ لە سەرت قەت، تەنانەت ئەگەر لە تونێلێکی دیوار بەردینی ژێر زەویشدا بی، ساڵەها دواتر.» نازانم، دەنگی تۆ بوو؟! تۆ کە لەو ژێرانە دای، بێ ڕۆچنە، تۆ کە دەمت خاک نشینە، تۆ کە خاک جێی خۆش کردووە لە پەراوێزی زمانتدا؛ مەیلبڕ و نەرم و نمدار!

لەو قەرەباڵغییەی مێتروٚدا زەینم بۆ ئەوە نەچوو ژمارەی منت لە کوێ هێناوە، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو هیچ ناسیاوێکی قەدیمی ژمارەی منی نەبوو. کاتێکیش ناسیاوێک، قەدیمی یان تازە ئاشنا، سۆراغی ئینسان دەگرێ، پیاو سەرەتا دیمەنی دەستەکانی ئەو کەسەی لە زەیندا شکڵ دەگرێ، وەک نیگارێک کە هێشتا تەنیا دەستەکانی کێشرابنەوە و دەوامەی دەستەکان بۆشایی بێت و تابلۆیەکی چۆڵ، یان تەختایی تەختە شاخێکی تەخت و بێ تەلزمی ئەشکەوتێک. دوای کارەساتەکەش من هەر ئەو هەستەم بوو، هەر ئەو دیمەنە لە زەینمدا شوخاڵەی دەبەست، خۆتم نەدەدی، دەستەکانتم دەهاتنەوە بەر چاو، بەڵام دەستەکانت، یان باشتر بڵێم دەستەکەت، دەستەکەت نەمابوو، زامەکەی دەستت ون ببوو. من هیچ شتێکم ون نەببوو، لە ماشێنەکەوە فڕێ درابوومە دەر و دواتر هاتبوومەوە حاڵ، تۆش هەر تەنیا دەستەکەت بزر ببوو، زامەکەی دەستت ڕەش ڕاهاتبوو، لە هەنیشکەوە، شایەدیش گەڕابووەوە سەرەتاکانی مێژوو و لەوێ بە سەر تەختە بەردێکەوە بۆ هەمیشە نەخشی بەستبوو؛ جاویدان و نەمر! کەچی خۆت نەهاتبوویەوە حاڵ. منیش زیاتر لەوەی پەرۆشی خۆتم بێت، پەژارەی زامەکەی دەستت دایگرتبووم، ئەوە کە جارێکی دی چاوم بەو جێگە زامە کۆنە نەدەکەوتەوە، جنوونیانە دەیدا لە کەللەم.

لە دوای ونبوونی زامەکەی دەستت، دەمزانی، لەو زێدەدا، هەموو پێدەکەنن بە ساویلکەیی پیاوێک، وەک سادەیی پەپوولەیەکی ناو ڕووتەلان و بەردەلان... ئاخر با هیچ کەسیش نەزانێ، خۆ هیچ نەبێ خۆم دەزانم کە هیچ نەبێ حەزم دەکرد دایکم و باوکم بە زوویی بمرن و ئەوسا بە زوویی حەسرەتیان بخۆم و بە زوویی لە هەموو کۆتوبەندێک ڕزگارم بێت و دیسان بە زوویی بارگەوبنەم لێک بنێم و ئەوسا هیچ نەبێ ئەو زێدە دڵگیر و قێزەونە بە جێ بێڵم کە زۆر لە مێژ بوو لە حەسرەتی جێ هێشتنیدا هێدی هێدی داچۆڕابووم و ئەوەندە زەینم پچڕ پچڕ و لەت لەت ببوو کە ئیتر زەینم نەک هەر جێگایەکی بۆ دایکم و باوکمی تێدا نەمابوو، بەڵکو ئێستا خەیاڵگەی هیچ ئادەمیزادێکی نزیک نەبوو، ئەمە بوو، هیچ کەس ژمارەی منی نەبوو.

هەر کە هانکەی هەنیسکت هاتە بەر گوێم، لەو قەرەباڵغییەی مێتروٚدا تاریک و ڕوونێکی چۆڵی لەمێژینەم بیر کەوتەوە، هی ساتێک کە تارمایی نوور لە زارکی ئەشکەوتێکەوە بدات لە نەخشی هەڵکۆڵراوی ئافرەتێک، تۆش وابزانی ئەمە ڕوحی فەرامۆشکراوی ئافرەتێکە بە سەر زەینی هەزار درزی پیاوێکی قوڵنگ بە دەست، نەک بۆ هەڵکۆڵینی نەخشی ئافرەتێک بە سەر

دیواری بەردینەوە، بەڵکو بۆ هەڵکەندنی گۆڕی ئافرەتێک کە یەکێک لە دەستەکانی لە کارەساتێکی هاوبەشدا بزر بووە، تۆ هاتوویەوە حاڵ و کەچی ئەو هەرگیز، بەڵام هەر کە یەکەم قوڵنگ دەوەشێنی زەینت دەگەڕێتەوە ناو ژووری ئەشکەوتەکە و بیری ئەوە دەکەیتەوە کە نیگارەکە کاتێ گیانی نەگەڕاوەتە بەر، پیاوە تەوێڵی خۆی داوە لە تەوێڵی بەردینی ئەشکەوتەکە، ئەو ڕەنگە سوورەی کە هێشتا شپرز و بە هەوانتە بە سەر نیگارەکەوەیە، خوێنی داغمە بەستووی تەوێڵی پژاوی پیاوێکی نیگارکێشی سەرەتاکانی مێژووە. ئیتر تۆش بکەوییە سەر داڵغەی ئەوەی کارەساتەکە، چارەنووسی پیاوی نیگارکێش، دووپات بکەیتەوە و بڵێی: «ئەو سووراوەی لە سەرمەوە سەرڕێژی کردووە خوێن نییە، زووخاوی دۆزەخە. چما دیوتە کۆتایی پاییزان، لینجاوێک، لێڵ و خەست، لە ژێر قەدی دارێکەوە، یان لە قونچکی چڵ و چێوی ڕچیاو و سەرمابردەی ناو دەستەچیلەی ئاگر، چۆڕەچۆڕ چۆڕاوگە دەبەستێت و ڕێچکە دەکات، ئاماژەیە بۆ هەناوی دار و چڵ و چێوەکە، ئاوهایە ئیتر... ئێستا ئیتر مرۆڤە ئاساییەکەی جاران نیم، لە یەک کاتدا خۆم هەم دادوەرم و هەم تاوانبار...»

... کە من ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵگارە گوێم لە لەرەی دەنگتە، دەنگێک کە لانی کەم ڕۆژگارێک چووەتە ناو خانە بە خانەی دەمارە هەست بەرەکانمەوە، ئەویش هاوڕێ لەگەڵ هانکەی هەنیسکێکی هەژێنەر، چی دێڵێتەوە جگە لە تاریک و ڕوونێکی نە شەو و نە ڕۆژ، هەر بۆیە لەم تونێل و ژێرزەمینەدا، دەرەتانێک نابینم، یان دەبێ تەوێڵی خۆم بدەم لە تەوێڵی بەردینی دیواری ئەم مێترۆیە لە ناخی عەرزدا، یان خۆم بخەمە بەر چەقۆی چەرخی یەکێک لەم شەمەندەفەرە چەقاوەسوانە کە بێ گوێدان بە هانکەی هەنیسکی دەنگێکی دوور، گوللەئاسا دێن و دەڕۆن.

**پاییزی ١٣٨٩ (٢٠١٠)**



# نەعلەتا کووچکان

**ردڤان قەرەئاسلان**
**(ئیزمیر)**

باژار د تاریێ دە وندا بووبوو. غومامێ وەکی تۆگەکێ خوە بەرا سەر پەیارێیان دابوو. د ناڤ غومامێ دە لامبێن کوچەیان ب شەوقەکە زەرین و بێجان دچرووساند. سەرما زڤستانێ وەکی مرنێ خوە ل بەدەنا باژێڕ گەڕاندبوو. بێهنەکە گەنی ژ هاویردۆرێ دفووڕیا، تە دگۆت قەی بێهنا بەرەتەیان ب سەر ئاخا ڤی باژاڕی دە باریایە... دەنگ و تەشقەلەیا ڕۆژێ بلیابوو. د ناڤا ڤێ بێدەنگیا وەکی یا مەزەلان دە، جارنان دەنگێ پسیکان و هەوتەهەوتا کووچکان دەنگ ڤەددا...

ل ڤان کوچەیێن کوفکی و د ڤێ شەڤا قرێژ دە ئەز برچیبوونەکە شووت و ڕووت بووم. پیێن من نەما دکاریبوو گەودەیێ من هلگرتا. ب گاڤێن سست، د ناڤا ڕێ دە دمەشیام. ژ کۆنجالان هەڕی دپژڤی پانتۆرێ من. لێ، نە هەڕیا مەزەلۆق و نە تەباتیا شەڤێ بالا من دکشاند. برینا زکێ من، خوە ب هشکا بەرا ڕۆڤیێن من دابوو و ئێدی ئێشێ تێکۆشین ب مێژیێ من رە دکر. سەوستیا برچیبوونێ مێڤانێ بەدەنا من بوو، ئەڤ مێڤانی سێ ڕۆژ و سێ شەڤ بوو ددۆمیا... ئیرۆ، کو من فەدی نەکرا، ئەزێ کوچە ب کوچە بگەڕیاما و منێ پارسا بێهنا نێن نکرا. گاڤا ئەز د بەر کیژان نانفرۆش رە دەرباس دبووم، بێهنا نێن ب سەر من دە دباریا. چۆنگێن من سست دبوون، دلێ من دئێشیا. ئەز ل سەر پەیاڕێ ڕوونشتم و ژ قەهران ب ساعەتان گریام... بەرێڤاری، ب پەین، من ٢٥٠ وەرەقە ژ جهەکی پەیدا کر. ئێدی پەرە د بێریکا من دە، د ناڤ لەپێ من دە بوو. ب ڤی پەرەیی هەو نانەک دهات، لێ ئەز ب نانی ترسی ژی رازی بووم... ل ڤی باژاڕێ بێبەخت، ئەڤ شەش مەه بوو، من نان و زەیتوون دخوار. دۆکتۆرێ من بەری نها ب نەه – دەه ڕۆژان ژ من رە گۆت: " تو وەری بژی، وێ نەخوەشیا ڕۆڤیێن تە ببە قانسەر... " د ڤێ تەنێتی و تونەبوونێ دە



# جنۆکە

**عومەر سەیفەددین**
**لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە**
**(کەرکووک)**

سەرمەد بەگ گەڕایەوە، بە پاسەوانی پشتەوەی گوت:

- ئەوە کۆشکێکی بەتاڵی دیکە!

لەبەردەمی دارستانێکی سنەوبەری بچووکدا، بینایەکی سپیی قشت.

وەک لە مەڕمەڕ بێ تا ڕادەی ئەوەی ڕێشکە و پێشکە بە چاو بکا بریقەی دێ.

گژوگیا جۆگەی داپۆشیوە، دەرگەی ئاسنی باخچە، تابلۆیەکی گەورەی "بۆ کرێ"ی پێوە هەڵواسراوە. پاسەوان سەری بادایەوە:

- ڕەت بە گەورەم ڕەت بە!... ئێرە بۆ تۆ دەست نادا.

- بۆچی گیانە؟

- ئەو خانووە بگرە کە ئێستە پیشانم دایت. گچکەیە، بەڵام خێرداره. کێی بچێتە ناو کوڕی دەبێ.

- دوانزە کەس لەم ژوورە چۆن جێمان دەبێتەوە! با سەیری ئێرە بکەین، ئێرە... ڕێک بەگوێرەی ئێمەیە...

پاسەوان دیسان، بەهێمایەکی یەکلاکەرەوە. گوتی:

- گەورەم ناتوانن لێرە دانیشن...

سەرمەد بەگ، ناتوانێ چاوی لەسەر کۆشکەکە لابا. لە هەموو لایەکیدا بالکۆنی بەرین بەرینی لێیە. وەک پشتی بە باغەکەی بەستبێ وا دیار بوو، وەک مریشکە نەمسایییەکی کڕ کەوتوو پان ببووەوە. بیست ساڵە، لەوەتیی بە ماڵ و منداڵ شاد بووە، هەر بە ئومێدی خانوویەکی وەها بوو. بە پەلە پەلییەکی تووڕەوە. پرسی:

– بۆ ناتوانین تێیدا دانیشین؟
– ئەم خانووە جنۆکەی تێدایە، گەورەم.
– جنۆکەی چی؟
– جنۆکەی نامەرد! بە شەو دەردەچێ. نایەڵێ کەس لە ماڵەکەدا بحەسێتەوە.

سەرمەد بەگ، لەوانە نەبوو بڕوا بەو شتانە بکا بەچاوی خۆی دەیبینین، بە گوێی خۆی دەیبیستن. بە دەستی خۆی توند توندی نەگرتبا، هەستی پێ نەکردبا، بڕیاری بوونی شتێکی نەدەدا. چاو و گوێ هەر یەکە درۆیەکی بێ ناوەرۆکن، هەمیشە بە درۆ لەم چوار دەرگایەوە دەهاتنە ژوورێ، بەڵام دەست... بەڵام دەست لێدان، قەت فریو نادا، گشت ئەفسانەکان، بڕوا پڕوپووچەکان بۆ هێرشی ناو مێشکمان بەرەو چاو و گوێ غاریان دەدا. پێکەنی، گوتی:
– جنۆکە زیان لە ئێمە نادا!

پاسەوان وەکو جنێوێکی بیستبێ سەیری دەموچاوی سەرمەد بەگی کرد.
– ئەوەی دەچێتە ژوورێ سەرەتا وا دەڵێ، بەڵام مانگێکی تێدا نامێنێ.
– بەتۆ چی. با بێرەدا بگەڕێین.
– کلیل لای خاوەنیەتی
– خاوەنەکەی کێیە؟
– خاوەنەکەی حاجی نیازی ئەفەندییە. ئەوە لەو کۆشکەی لەم لایەدا دادەنیشێ...
– دەی با کلیلەکە وەربگرین.
– باشە، بەڵام...

گەڕانەوە، بەرەو خانوویەکی کۆن ڕێیان دەکرد، لە ناو دارە چڕەکانەوە تەنیا سەربانی نهۆمی سەرەوەی بەستارەی گڵێنی بۆیاخ کراو دەبینرا، پیرە پاسەوان بەدەم ڕێوە. بەکورتی مێژووی کۆشکە سپییەکەی باس کرد. دە ساڵە ئەوانەی لێرە دانیشتوون لە مانگێک پتری تێدا نەماونەتەوە، سەرەتا جنۆکە دەبینن، ئینجا بەردی گەورە گەورە فڕێ دەدا، لەکۆتاییشدا هاتووە و جامەکانی شکاندووە. بواری حەسانەوەی بەوانەی ژوورەوە نەداوە. لە دڵی دووان لە کرێچییەکانی داوە، سێیەمیان خزمەتکارەکەی تووشی سەرسامی بووە. ژنی یەکێکیان زگی شەش مانگانی لە بار چووە. لە ژێر دارباوییە گوڵکردووەکانەوە ڕەت بوون کە لە ژێر سێبەریاندا مەرێلێک دەلەوەڕان. دەرگەی کۆشکە سوورەکەیان کردەوە.

حاجی نیازی ئەفەندی کۆنە فەرمانبەرێکی ئەوقاف بووە، لە ئازادیدا بە وەرگرتنی قەرەبوو لە کار کشاوەتەوە. بە کڕین و فرۆشتنی خانوو، دەستی بە گوزەران کردووە، بەڵام پیاوێکی زۆر سەرڕاستە،

لە کاتێکدا لەوانەیە ساڵی سەد خانوو بفرۆشێ، پێی ناکرێ کەسێکی بێئاگا لە هانیە و قۆنیەی لە دەرەوە هاتوو بە کرێ بئاخنێتە ناو کۆشکە جنۆکەدارەکەی خۆی. دەیگوت: "لە خودا دەترسم بۆ چیمە!" ئەوەی قەت نەدەشاردەوە کە خانووەکەی جنۆکەی تێدایە، بە خۆی دەرگاکەی کردەوە ,سەرمەد بەگ گوتی دەیەوێ بە خانووەکەدا بگەڕێ:

گوتی:

زۆر باشە، فەرموون!

پێشیان کەوت. بە باخچەدا ڕەت بوون. حاجی نیازی ئەفەندی لە کۆڵاندا لە بەرکی عابا زەردەکەیەوە کلیلێکی تونجی دەرهێنا. دەرگەی باخچەی کردەوە، بە سەرمەد بەگی گوت:

ئەم کلیلە کۆشکەکەش دەکاتەوە...

ڕێیان کرد، باخچە بەڕاستی تۆزێک بە گژوگیایە. لەبەر بێ خزمەتی، وەک ناو دۆڵێکی پێ بەرنەکەوتووی لێ هاتبوو، لە دارستانە سنۆبەرە گچکەکەی پشت کۆشکەکەدا، ئارامییەکی کێوبلە هەبوو. پاسەوان نەچووە ناو کۆشکەکە. لەبەر دەرگا مایەوە، سەرمەد بەگ، لەگەڵ خاوەن خانوودا گەڕا. نهۆمی خوارەوە گشتی مەڕمەڕ بوو، تانکی، حەمام، بیر، کولانە، ئاخوڕ... هەموو تەواوە.
– کرێکەی چەندە؟
– زۆرمان گەرەک نییە. سەد و هەشتا لیرە، بەڵام پێشەکیی سێ ساڵم دەوێ.
– بۆچی؟
– بڕوانە گەورەم، بۆچی: دوژمنەکانم، بۆ ئەوەی کەس بە کرێی نەگرێ لافی جنۆکەیان هەڵبەستووە، هەر کە یەکێک بە کرێی گرت و نەگرت، هەموو کەسێک لە ڕاهی خوا دەست بە پڕۆپاگاندەی فریشتە دەکا. دواییش کرێچییەکان ئەو درۆیەی دەبیەن، وادەزانن بەڕاستییان بینیوە، بۆ نموونە لە ناوەڕاستی زستاندا کۆشکەکە چۆڵ دەکەن و دەیدەنەوە بە سەرمەدا. لەوەش بەدتر، ئەوانەی

چۆڵی دەکـەن تێکەڵ بە پرۆپاگـاندەچییـان دەبن، دوو ساڵی دیکە وا بڕوا، نە دەتوانم بیـفـرۆشـمـەوە، نە کڕێچیشم پێ پەیدا دەبێ.

سەرمەد بەگ پرسی:

- گەرچی تا ئیستا هەر هیچ... بەڵام ئەوەی دەچێتە ناوی، بڕوا بە لافی دراوسێکان دەکـا. سڵ دەکـاتەوە. هەڵدێ.

- من سڵ ناکەمەوە.

- ئینشائەڵڵا.

- بەڵام سێ ساڵی پێشەکی، ئەمە هەندێک گرانە.

- چی بکەم گەورەم. بێزار بووم. گەر دەتانەوێ...

- سـەرمـەد بەگ کـۆشکەکـەی زۆر پەسند کـردبوو، هەروەها کرێکەشی هەرزان بوو، ئێستـاکە کـۆختـەیەکی سێ ژووری، سـالانەی سـەد و پەنجـا لیـرەی لێ داوا دەکەن.

هەر ئەو ڕۆژە بەڵێنەکەیان چێ کرد، دەبوو پێنج سەد و چل لیـرەی پێـشـەکـیی کـرێی سێ سـاڵان بدرێ. دوای ئەوەی حاجی نیازی ئەفەندی لە ماڵەکەی چووە دەرەوە، سەرمەد بەگ پاسەوانەکەی دەرکرد. بیست و پێنجییەکی وەک بەخشیش دایێ، پاسەوان گوتی:

- بۆ ئەو پارەیەتان مـخـابنە گەورەم، نەک سێ سـاڵ، ناتوانن سێ مانگی تێیدا دانیشن.

- دەبینی.

- دەبینین. حـاجی ئەفـەندی بەم جـۆرە لە هەمـوو کرێچییـەک پێـشەکیی سێ ساڵ وەردەگرێ، بەڵام هیچ یەکێکیان هاوینێکی تێدا نامێننەوە.

- ئەو پارەیەی داویشیانە دەسووتێ.

دوای یەک هەفتە سەرمەد بەگ بە خێزانە ئاپۆرەکەیەوە گواستییەوە کۆشکەکە. تەواوێک کابرایەکی زەوقی بوو. هەمـوو شـەوێک بەزم و چەقـەنە، خـواردن، خـواردنەوە، کەیف خۆشی بەبێ ئاگایی بەڕێوە دەچوو، هەمیـشـە لە خزمانی ژن و پیـاو، چوار پێنج میـوانی هەبوو. سەرمەد بەگ تورکیـایی بوو، بەڵام دەسـتـووری ئەورووپیـیـانی "بە ڕۆژ جەفا، بە شەو سەفا"ی پەسند کردبوو، منداڵەکانی دەچوونە قـوتابخـانە، کـچەکـانی وەک نووسـەر لە خـانە بازرگـانیـیـەکـاندا جێ کـردبوونەوە. هاوسـەرەکـەی لە قوتابخانەی کچاندا وانەی پیانۆی دەگوتەوە. ئەوەی لە ماڵەکەدا کاری نەدەکرد تەنیا دادا هەفتاو پێنجییەکەی بوو. ئەویش سەرپەرشتیی چێشتخانە و خزمەتکارەکان و ئیدیی دەکرد. نزیکەی نیوەشەو نانیان دەخوارد، دوای خواردن قەت دانەدەنیشتن یەکسەر دەخەوتن. پانزە ڕۆژی بەسـەردا تێنەپەڕی. شەوێک لە نهۆمی خـوارەوە هات و هاوارێک بەرپا بوو. ئارتەمیسیای خزمەتکار، تا هێزی تێـدا بوو قـیـرانـدی و ڕایکردە سـەرەوە. لە ناو سنەوبەرەکانی پشتەوە هەواڵی هاتوچووی شتێکی سپی درا. گوتیان:

- واتان هاتووەتە بەرچاو.

بڕوایان بەو خـزمـەتکارانەی دیکەش نەکـرد کـە بینیـبـوویان. خـاوخـێـزان، هەر هەمـوو چوونە بالکۆنی ژووری پشـتەوە، تارمـاییـەکەیان بینی کە ئارتەمیسیا بە پەنجـە پیـشـانی دان، لە ژێر دارەکـاندا وەسـتـابوو، وەک بڵێی سەیری کۆشکەکەی دەکرد. سەرمەد بەگ چاوەکانی هەڵگلۆفی. گوتی:

- وای لە دایکی! سەیری کاریگەریی قسە!

هاوسەرەکەی، کچەکانی، منداڵەکانی زەرد هەڵگەڕان. کچی گەورەی گوتی:

- قـسـەی چی باوەبەگ! ئەوەتا لە بەرانبـەرمـاندایە. نایبینی؟

- دەبینم.

- ئێ، ئیدی یانی چی قسە؟

- لەوەتی هاتووین و نەهاتووینەتە ئێرە، لە داسـتـانی جنۆکە بەولاوە هیـچی دیکەمـان بیسـتـووە؟ ئەوەی هات شتێکی وت. ئێستاکە ئێمە ئەم کارە وای لە هەمووما‌ن کردووە ئەو شتەی کە نییە، ببینین.

- ئەمە هەرگیز نابێ.

- چۆن نابێ؟

سـەرمـەد بەگ، کـازانۆڤی حەنقـەباز چۆن ئەو هونەرەی ناو گیرفانی بە هەمـوو خەڵکی هۆڵی شانۆیەکی، بەهەڵە و شـتـی وا پیـشـان دا. گـوتی: "چاوەکانمان ئەو درۆیانە دەبینن کە دەچنە ناو گوێمان، بەڵام دەستـمـان لەم شتـەی بینیـمـان نادەین، یەکـسـەر ون دەبێ." دوایی هەڵسـا، گـوێی لە هۆشـداری و مـۆشـداریـیـەکـانی هاوسـەرەکـەی نەگرت. بۆ ئەوەی دەست لە تارماییە بینراوەکە بدا بۆ ناو باخـچـەکـە دەرپەڕی. بەرەو سنەوبەرەکـان ڕۆی، بەڵام تارمـایی هەڵات. ون بوو. ئەو شـەوە لەناو مـاڵەکـەدا لە سەرمەد بەگ بەولاوە کەس نەخەوت.

ئیــدی هەمــوو شــەوێک ئەم تارمــاییــەیان دەبینی. ســەرمــەد بەگ، هەر کە دەچوو بیگرێ، تارمایی گــوم دەبوو، وەک فێر بن وایان لێهات، بەڵام شەوێکیان کە هەمــوو نوســتــبوون گــرمــەیەک کــۆشکی لەجێی خۆیدا هەژاند. ڕایان کـردە بالـکۆنەکـان، هیچ کـەسـێکیـان نەبینی، بەیانیــیــەکــەی لە بنەوەی ژووری مــیــواندا بەردێکی زلیان دۆزییەوە، دایکی سەرمەد بەگ دەستی بە قــســە کــرد: "ئەگــەر ئێــمــە لەم کــۆشکە دەرنەکــەی گەردنت ئازاد ناکەم." دوو مانگ دانیشتن بە پێنج سەد و چل لیـرە. ئەمـە کـارێ نەبوو بۆ سـەرمـەد بەگ دەست بدا، بەڵام بەردی زل زلی زیادەڕۆ نەیدەهێـشت خـەو لە چاوی دانیــشــتــووانی خــانووەکــە بکەوێ. هەمــووی دەخستە ناو خرۆشێکەوە، سەرمەد بەگ، هەر جارەیان دەچووە سەر تارماییەکە، بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی بیگرێ. ئەو دراوســیــیــانەی دەســتــپــێکردنی بەردهاوێشــتنەکــانیــان بیــست، دەیانگوت: "ئەگــەر دەرنەچن هەموو جامەکانیشتان دەشکێنێ". سەرمەد بەگ کــــە مــــاددەی "لە دەرچووندا هەمــــوو نۆژەن کــردنەوەیەکی خــانووەکــە لەســەر کــرێچیــیــە"ی بیــر دەکەوتەوە، دڵی زیاتر دەگوشرا، بیری لەوە دەکردەوە کە بەر لەم گیان تێکشکاندنە دەبێ شتێک ئەنجام بدا.

وردە وردە خــۆیشی خــەریک بوو بڕوای دەلەقی. لە کــۆتاییــدا بڕیاری گــواســتنەوەیان کــرد، بەڵام خــانووی دیکـەیان دەست نەدەکـــەوت، ئیـــدی هەزار و یەک چیرۆکیـان لە بارەی کۆشکەکەوە گوێ لێ بـوو، بە قسە ئێــرە کــۆن گــۆڕســتــان بووە، لەو شــوێنەدا کـــە چێشتـخانەکەی لێیـە چاکێکی پێنج سـەد ساڵەی لێ نوســتــووە... ســەرمــەد بەگ، ســەرەڕای بەردە فــڕێ دراوەکان و شووشە شکاوەکان، هێشتا بڕوای بە جنۆکە نەدەکرد. ئەم جنۆکەیە هەمیشـە ڕای دەکرد دەچووە ناو دارستـانە سنۆبەرەکـە، لەوێ بزر دەبوو. سەرمـەد بەگ، بیــری لەوە کـردەوە ڕۆژێـک لەناو سنۆبەرەکـاندا خــۆی بشارێتەوە، ڕاست و ڕاست بـەرامبەر جنۆکەکە ببێتەوە، یانیش بە ئەسپایی بە دوایەوە بڕوا و بیگرێ. ئەوانەی لە مــاڵەوەن هیــچــیــان ئەمــەیان لا پەسند نەبوو، دەیانگوت: "ئەو یەکسەر لەوێ دەستت لێ دەوەشێنێ!" کـەچی سەرمـەد بەگ، سەرەڕای تێکەڵبـوونی دڵی، بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە فریشتە و جنۆکە و شتی وەها نەدەکــرد. ڕۆژی دواتر چووە ناو پاوەنەکـــە. ســـواری لقــێکی خــوارەوەی سنۆبەرێکی گـەورە بوو. چاوەڕێی کــرد، چاوەڕێی کــرد بووە نیــوە شــەو. ئەوانەی ناو کۆشکیش لە مەراقـان خەویان لێ نەدەکەوت، هات و چووی بەستـەزمانانەیان لە باڵکۆنەکاندا دەبینرا. لە پڕ دڵی خورپەیەکی تێکەوت، تارمایی لەوێ وەستابوو.

لە کاتێکدا سوور دەیزانی هەر کە دەستی لێ دا وەک سێبـەر دەفـڕێ و دەسڕێتـەوە. دیسـانەوە سـەرمـەد بەگ ئەژنۆکـانی دەسـتی بە لەرزین کـرد. لە ناخـیـدا گـوتی: "من ناترسم، بەڵام هەمـوو لەشم دەترسێ!" بە هێـواشی بازی دایە خــوارێ. لە دوای تارمــاییــەکـەوە ڕێی کـرد، هێڵـەکانی شێوەی ئاشکرا دیار بوو. تارماییەکە هیچ هەستی بە نزیک بوونەوەی نەکرد، بە هێـواشی دەستی درێژ کــرد، دەســـتی لە تەنی ســپـی دا، تارمـــایی بە شێوەیەکی خراپ داچڵـەکی، بەڵام بزر نەبووەوە، ئاوڕی دایەوە، کـە سـەرمـەد بەگی بینی تا توانی دەسـتی بە هەڵاتن کرد.

لەبەر ئەوەی کـە سـەرمـەد بەگ دەسـتی لێ دا و بزر نەبووەوە یەکـســەر لە پەری و فــریشــتــە نەبوونی ئەم تارمـاییە تێگەیی. وازی لێ نەهێنا. ڕاوی نا، کـە بەو تەختەیەدا هەڵدەزنا بەدیوارە نزمەکەی کۆتایی دارستانە سنەوبەرەکەدا بوو گرتی. زۆر بەهێز بوو، تارمایی، کە زانی هاوتای نیــــــە، وازی لە پەلەپڕووزێ هاورد، سەرمەد بەگ هاواری کرد:

– من پیشـانت دەدەم چۆن گـاڵـتە بەو هەمـوو خەڵکە دەکەی، تارمایی بەستـەزمانـی نایە سـەر شانی، بەرەو کۆشکەکەی پەلکێش کرد. هاواری کرد:

– لالە بێن، با شێوەی ببینین.

– ...

خەڵکی ناو کۆشک دابەزیبوونە بەر دەرگەی باخچە.


– ئەم کەتەیە تومـەز مرۆڤە! من نەمدەگـوت جیـهان جنۆکە و منۆکەی تێدا نییە؟

تارمـایی بە هیچ شـێـوەیەک نەیدەویست چارشـێـوە سپـیـیـەکە لەسەری لادرێ، سەرمـەد بەگ بەزۆر لایدا، کە حاجی نیازی ئەفەندیی ڕیش تێکەڵی سمێڵی بینی حــەپەســا، بێــچــارە، بۆ ئەوەی ڕووی نەبینرێ بە دەستەکانی دایدەپۆشی، دزداشە لە کاڵای شام دروست کراوەکەی لە پشتەوە دڕابوو.

سەرمەد بەگ دای لە قاقا.
کیژان، منداڵان، خزمەتکارەکان دەستیان بە چەپڵە لێدان کرد.
خانمی گەورە، گوتی:
– بۆچی ئومەتی موحەممەد دەترسێنی و شێتیان دەکەی ئەفەندی؟
سەرمەد بەگ وەڵامی دایەوە:
– من هۆیەکەی دەزانم!
دوایی داوای لە کچە گەورەکەی کرد قەڵەم و مەرەکەب و لە ژووری نووسینگەکەیەوە بە پەلە کاغەزی بەڵێننامەکە بهێنێ، حاجی نیازی ئەفەندی وەک مەیی بێ، وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدەدایەوە، هەروەها ڕووی بەرەو تاریکییەکان وەردەگێڕایەوە. کە کاغەزی بەڵێننامەکە و قەڵەم و مەرەکەب هات، سەرمەد بەگ گوتی:
– دەی بزانم، قەڵەمەکە بگرە بە دەستەوە!... ئەگەر ناتەوێ سزای ئەو زراوانەی بەرت داون، ئەو منداڵانەی لەبارت بردوون ببینی، ئەوەی دەیڵێم بیاننووسە و واژۆی کە!
حاجی نیازی ئەفەندی بە جووڵەیەکی لێڕاهاتووانە قەڵەمەکەی ڕفاند، ئەو شتانەی سەرمەد بەگ وتی وشە بە وشە بەبێ دوو دڵی نووسی: "هەزار و هەشتا لیرەی پێشەکیم، کە کرێی شەش ساڵی کۆشکەکەمە لە سەرمەد بەگی کرێچیم وەرگرت."
– ئا ئەئاوها!
– ...
واژۆی کرد، ئەم جارەیان بە نیوە پێچراوی چارشێوە سپییەکە، بەرەو ئەو لایە چوو، کە هەموو شەوێکی لێ ون دەبووەوە، هەموو کەسێک سەری لەوە سوڕماوە سەرمەد بەگ چۆن توانیویەتی دوو ساڵ لە کۆشکەکەدا دانیشێ.
دراوسێکانی هەرچەند بە حاجی نیازی ئەفەندییان دەگوت:
– دەبێ جنۆکەکانی ماڵەکەی تۆ گواستبێتیانەوە خانوویێکی دیکە، کرێچییە نوێکەت قەت لەوە ناچێ چۆڵی بکا، لە پێشەوە زەرد هەڵدەگەڕایەوە، ئینجا سوور دەبووەوە، دواتر وەڵامێکی بە منگە منگەوەی دەدایەوە:
– نە دەستنوێژ، نە ڕۆژوو، نە نوێژ، نە نیاز... بە ژنەوە، بە پیاوەوە، بە ماڵومنداڵەوە، هەر هەموو لە ئێوارەوە تا بەیانی سەرخۆش! ئەیبەڕۆ نەک جنۆکە، شەیتانیشیان لێ دەرناکەوێ.

**سەرچاوە:**

**Ömer Seyfettin -Tüm Eserleri- 3 - Ferman- Berikan Yayinlari - Ankara - 2000- S.24 - 32.**



## ئەحمەد قازی:

## ئەو کوردییەی لە کوردستانی عیراقدا پەرەی پێدراوە لەژێر کارتێکردنی زمانی عەرەبیدایە.. یەکێک لە دەردە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەش جۆراوجۆری زاراوەیە

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ - ٢)**

سەیدا ئەحمەدی قازی کە سەر بە بنەماڵەی سەربەرز و تێکۆشەری قازییەکانە، ئامۆزای پێشەوا قازی محەمەدە، وەک نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسێک ناوەکەی بە خوێنەرانی کورد و فارس ئاشنایە.

ماوەی بیست و دوو ساڵی ڕەبەق سەرنووسەری گۆڤاری (سروە) بووە کە یادگاری مامۆستا هێمن-ە و لە پاش ئەو کارەکەی گرتووەتە دەست، کە بۆ کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە و بە دەیان قەڵەمی بە خوێنەرانی خۆی ناساندووە و خزمەتێکی بەرچاوی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە، بەمەش بووە بە قوتابخانەیەک بۆ پێگەیاندن و ناساندنی دەیان بەهرەداری بواری نووسینی کوردی.

لەبەر شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی و فارسیدا، زۆر شاکاری جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و کوردی، بەو کارانەی وەک وەرگێڕێکی بە سەلیقە و دەسەڵات توانیویەتی چەندین شاکاری ئەدەبی جیهانی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی فارسی، هەروەها لە زمانی ئینگلیزی و فارسییەوە چەندین شاکاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وێڕای ئەوەی خۆشی وەک نووسەرێکی بەتوانست و بە دەسەڵات بە دەیان وتاری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زمانەوانی نووسیوە.

مامۆستا ئەحمەدی قازی یەکێکە لە هاوکار و پشتیوانەکانی گۆڤاری ڕامان و هەر لە سەرەتاوە بە وتارەکانی بەشداری لە دەوڵەمەندکردنیدا کردووە، ئەو کە چەند جارێک بە سەردان تەشریفی هێناوەتە هەولێر، ڕێک نەکەوتووە گفتوگۆیەکی بە دڵی خۆمی لەگەڵدا ساز بدرێ، هەرچەندە لە ژمارە (٩)ی ڕاماندا وتووێژێکی بچکۆلەمان سازداوە، تا ئەوە بوو خۆم سەردانی شاری مەهابادی ئازیزم کرد و لەوێ بە خزمەتی (مستەفا قازی) برا گەورەی و خۆی گەیشتم و ئەو دەرفەتەم قۆستەوە بۆ ئەو گفتوگۆیە تا لە ماوەی دوو ڕۆژدا بە تێروتەسەلی کۆمەڵێک باسوخواسی دوێنێ و ئەمڕۆی لەگەڵدا بورووژێنین.

**ڕامان:** ئەو دەربڕین و وشانەی پێشتر باسمان لێوە کردن، گوتمان دەتوانرێ بێنە ناو هەموو زمانێکەوە، جەنابیشت پێت شتێکی خراپ نەبوو، عەرەبەکان زۆر کتێبی گەورەیان بۆ ئەم دەربڕین و دەستەواژانە داناوە و بە دەیان دەستەواژەی وەک (وضع النقاط علی الحروف)یان هەیە، ئەوان دەڵێن ئەوانە دەربڕینی عەرەبی نین، بەڵام هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە، کە لە بنەڕەتەوە هی زمانێکی بیانییە. لە زمانی کوردیشدا دەکرێ وەک زمانی فارسی و زمانەکانی تر ئەو دەربڕین و دەستەواژانە بدۆزینەوە؟

**ئەحمەد قازی:** قەیناکە من بەو کارە هەستام، تازە جێی خۆی گرتووە، پێشت دەرناکرێ، پێت وانەبێ ئەوانیش زۆر شتیان لەتۆ وەرنەگرتبێ. ئەوانیش زۆر شتیان لە گەل و میللەتی دیکە وەرنەگرتبێ، بەڵام لەلای ئەوانیش تەعریب بووە و تەواو بووە و هەزم بووە، تازە قووت دراوە.

**ڕامان:** بەلای ئێوەوە ئاساییە ئەو دەبڕین و دەستەواژانە لەلای ئێمەشدا هەبن؟

**ئەحمەد قازی:** ئەگەر هەبن تاک و لۆک، دەنا نابێ پێشی بەردەین، بڵێین دەی فەرموون چ دەکەن بیکەن. ئەگەر جاروبار شتێکی ئاوا جێی خۆی گرت، زۆری پێ تووڕە نەبین.

**ڕامان:** ئێمە لەلای خۆمان لە گۆڤاری ڕامان پێشمان پێگرتوون، بەڵام وەک باسمان کرد بۆ شوێنەکانیتر جارێ هەر ماون، بێجگە لەو دەربڕینانە وشەی زۆر هەن، وشەی فارسی، ترکی، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، هەندێک شت هەیە کە ڕەگوریشەی داکوتا، دوایی زۆر بە زەحمەت دەتوانی دەریبێنیتەوە. بۆ وێنە قەشەنگ، یان لە پاش ڕاپەڕین کۆمەڵێک واژە و دەربڕین هەن هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەک بەر قەرارکردن و ئەوانە، ئەوانەش پێویستە قەڵاچۆ بکرێن، یان بەو لێشاوە نەبێ کە هەیە.

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ، بە زۆری نەبێت، بەڵام باشتێک بڵێم ئێمە ئەگەر بەعزە شتێک لە فارسی وەردەگرین، ڕەوایە، چونکە فارسی و کوردی دوو زمانی ئامۆزان. زۆر شتیان وێک دەچن، پێکهاتەی زمانیمان یەکە، وشەکانمان یەکە، لە کوردیدا پیادە هەیە، پیادە دەڕۆم ئەوە لە فارسی وەرنەگیراوە. کابرا سوارە، دەڵێن پیادە بێ، یانی وەرە خوارێ. پیادەکردن، واتە لەو حاڵەتەی بیهێنیتە ئەو حاڵەتە، خراپ نییە بۆ نموونە دەڵێن: دەنگی ئەحمەد قازی لێرە دایە، لەناو ئەو کاسێتەدایە و بۆ سەر ئەو کاغەزە پیادەی دەکەین، زۆر جوانە. ئەڵبەت



**ئازاد عەبدولواحید – ئەحمەدی قازی**

عەرزم کردی، نابی بۆ هەموو زاراوەیەک دەرکە بکەینەوە کە هورژم بێنێتە سەر زمانەکەمان و تایبەتمەندییەکانی زمانی خۆمان بشارێتەوە.

**ڕامان:** ئەگەر بمانەوێ تۆزێک بەر بەو لافاوی وەرگێڕانە بگرین کە وەک باسمان کرد زۆریان خراپن، پێت وانییە کە ڕەخنەی وەرگێڕان دەتوانێ هەستی بەرپرسیارێتی لەلای ئەو وەرگێڕانە دروست بکات بۆ ئەوەی کارەکانیان باشتر بکەن؟

**ئەحمەد قازی:** هیچ گومانی تێدا نییە.

**ڕامان:** تۆ هەست ناکەی ئەم لایەنە گرنگە لەلای ئێمە بزرە و فەرامۆش کراوە؟

**ئەحمەد قازی:** وەڵڵا کەمم دیوە. ڕەخنە لەسەر وەرگێڕان زۆر کەمە و دەبێ بکرێ. ئەوەش بەخۆی ڕەهەندێکە بۆ پێش گرتن لەوەی هەر کەسە چی ئیشتیا لێ بوو وەری بگێرێ، یان بڵێین هەر قەڵەمێک توانای ئەوەی نییە وەرگێڕان بکات. وەرگێڕان زمان زانینی دەوێ، دەبێ زمانی کوردی باش بزانی، زمانی دووەم باش بزانی، ئێستا لە سلێمانی زۆر شتم دی کە لە فارسی ڕا وەریانگێڕا بووە سەر کوردی، پیاو پێکەنینی پێی دێ! ئەوە نابێ، منیش لەسەر ئەو بڕوایەم کە ڕەخنە لەو بەستێنەدا زۆر بە توندی دەست پێ بکات. ئێوەش دەتوانن دەرگایان بۆ بکەنەوە.

**ڕامان:** ئێستا وەک کەسێک کە لە دنیای وەرگێڕاندا ئەزموونێکت هەیە، چیت پێ باشە بۆ ئەمڕۆ وەریان بگێڕین؟

**ئەحمەد قازی:** وەرگێڕان بەپێی نیازی وڵاتێکی تازە دامەزراوی وەک ئێمە، وەک حکومەتی هەرێم، بەلای من دەیان ڕەهەندی هەیە، ئێمە وەک ئەدیب و شاعیر و ئەهلی قەڵەم دیارە بەشە ئەدەبیاتەکە و ئەوانەمان دەوێ، بەڵام ئێمە دەبێ مێژووش وەربگێڕین، فەلسەفە،

فیزیک، سیاسەت، کۆمەڵناسی، هەزار شت هەیە لە هەمووواندا دەبێ خانەی وەرگێڕانمان هەبێ، بەپێی نیازی حکومەت و خەڵک و وەزارەت خانە و ڕۆشنبیری و هەمووان دەبێ بڵێین کاکە تۆ ئەوە وەربگێڕە، بۆ هەر کامەش بودجە و کەسی شیاو دابنێین کە ئەو کارە بکات.

**ڕامان:** تۆ وەک کەسێک کە زۆرتر لایەنە ئەدەبییەکەت گرتووە، چەند کتێبێکم پێ بڵێ کە ئێستا بە خەیاڵتدا بێن خۆت وەریان بگێڕی، یان پێشنیاری بکەیت کەسانی دیکە وەریان بگێڕن؟

**ئەحمەد قازی:** ئەوە دەبێ دابەشی بکەین بۆ بەشی ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی نوێ، من ئێستا نازانم ئەدەبی کلاسیک و بەرهەمی نووسەرانی یۆنانی کۆنی وەک سۆفوکلیس کە شانۆنامەنووسێکی گەورەی یۆنانی بووە، ئایا ئەوانە کراونەتە کوردی، یان نەکراون!

**ڕامان:** من ئاگام لێیە هەندێکیان لە عەرەبییەوە کراون.

**ئەحمەد قازی:** قەیناکە، لە هەر زمانێکەوە کرابێ، چونکە ڕەنگە یۆنانییەکە نەبێ.

**ڕامان:** یەک دووانێکیان کراون و خراونەتە سەر شانۆکانی کوردستانیش.

**ئەحمەد قازی:** با من ئاوا وەڵام بدەمەوە، ئەوە پێویستی بە چەندین پسپۆڕ هەیە کە بزانێ چ نەکراوە و چ کراوە. ئێستا من بڵێم دۆنکیشۆت، دۆنکیشۆت کراوە. ئەدەبی کلاسیکی یۆنان، فەلسەفەی یۆنان، ئەرەستۆ، ئەفلاتوون و ئەو فەیلەسووفە گەورانەی تر، ئێستاش لە دنیادا باسیان هەر هەیە. ئایا ئەوانە کراونەتە کوردی و هەن؟

**ڕامان:** زۆر کەمیان لێ کراوە بە کوردی.

**ئەحمەد قازی:** بۆ وێنە کۆماری ئەفلاتوون هەیە؟

**ڕامان:** کراوەتە کوردی.. تاک و لۆک شت کراوە.

**ئەحمەد قازی:** من پێم وایە ئەوە دیسان هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەو (خانەی وەرگێڕان)ـە دەوڵەتییە تا بچێ لێی بکۆڵێتەوە و بزانێ لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن، لە فەلسەفەی ئیسلام، ئیسلام زۆر فەیلەسووفی هەبووە، فەلسەفەی بوودا، یان هیندوستان، ئەمانە هەموویان مەکۆی شارستانیەتن و بەرهەمیشیان زۆرە، زۆریش لەوانە کراونەتە فارسی، بەڵام ئایا کراونەتە کوردی؟ دەبێ خەڵکێک هەبن لیستەی ئەمانە وەربگرن. بزانن چ ماوە و چ نەماوە، تا بیدەن بە وەرگێڕەکان.

**ڕامان:** من پێم باشە و بۆ جەنابت پێشنیار دەکەم ماوەیەک خۆت بۆ چیرۆکی شارستانیەتی ویل دیورانت تەرخان بکەیت، ئەگەر بەو زمانە شیرینەی خۆت وردە وردە خەریکی بیت، پێم وایە کارێکی باش دەکەی.

**ئەحمەد قازی:** عەرزم کردی، ئێستا تاقەتی جاران و ئەو بڕشتەم نەماوە دابنیشم، بەڵام واش نییە دەستم لەکار کێشابێتەوە. ئەوەی ویل دیورانتیش زۆر بەرزە و زۆریشە، من پێم وایە ئەوە تیمێک دەبێ بیکات، کاری تاکەکەس نییە.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر جەنابت وەئەستۆی خۆتی بگریت و چەند کەسێکیش لەگەڵ خۆت بخەیت؟

**ئەحمەد قازی:** جەنابت بودجەیەک لە هەرێمی کوردستان وەربگرە و تەرخانی بکە، من پێنج- شەش کەس پەیدا دەکەم، من خۆم هیچم ناوێ. (پێدەکەنێ)

**ڕامان:** چەند پرسیارێکم لە تەوەری وەرگێڕاندا ماوە، چونکە تائێستا باسی وەرگێڕانمان کردووە و دوو تەوەری دیکەمان ماوە، کە ڕۆژنامەنووسی و زمانە.. ئێستا دەمەوێ ئەو پرسیارەت لێ بکەم کە بۆچی وەرگێڕانی دۆنکیشۆتت پێ یەکێکە لە شاکارەکانی خۆت، پێت وایە کارێکی گرینگە، یان خۆت هەموو هونەر و وەستایەتی خۆتت تێدا بەکارهێناوە، یان ئەو گرینگییەی لە چیدا دەبینی؟

**ئەحمەد قازی:** لە دوو سێ لایەنەوە پێم وایە ئەوە گەورەترین کاری منە. یەکیان گەورەیی و بارستایی کتێبەکەیە، کە دوو هەزار لاپەڕەیە، ئەوە گەورەترین و درێژترین کارە کە کردوومە، یەکیشیان حەز و خۆشەویستییەکی زۆری خۆم بوو کە سەبارەت بەو ڕۆمانە هەمبوو، زۆرم پێ سەرکەوتوو بوو، چونکە پێم گەورەترین تەنزی مێژووی مرۆڤایەتییە، پێم پڕ ناوەرۆکترین ڕۆمانە. بۆ خۆت دەزانی دۆنکیشۆت باسی چی دەکات، ئێستا ئەگەر یەکێک وەک دیکتاتۆرێک نەزانێ هەلومەرجی زەمانە چییە و کارێک بکات ئەو هەموو زیانە رووبدات دەڵێن دۆنکیشۆتە، یان ئێمەش هەموومان بە جۆرێک بڕێک دۆنکیشۆتین. هەریەکەمان زۆرجار دۆنکیشۆتێکین، بۆیە خوێندنەوەی بۆ هەموو کەسێک پێویستە، بۆ ئەوەی بەرگەی دۆنکیشۆت بوونی خۆمان و سەرۆکەکانمان و سیستمی دەسەڵاتەکانمان بگرین، ئەوەیە پێم وابوو خوێندنەوەی ئەو شاکارە قازانج و سوودێکی چاکی هەیە، ئەوجار ئەدەبیاتە جوانەکەی و تەنزەکەی دێت. من تەنزم پێ ژانرێکی بەهێزە، پێم وابێ گەورەترین (جسناتی) ئەدەبی- جسنات لەجیاتی ژانر بەکاردێنم- گەورەترین جسناتی ئەدەبی یەکێکیان تەنزە، جا ئەو داستانەش سەرانسەری تەنزە. پرسیارەکە ئاوا وەڵام دەدەمەوە، یەکیان گەورەیی ڕۆمانەکە بە قەبارەیە،

جوانی و تەنز بوونی ڕۆمانەکە، حەز و خۆشەویستی خۆم بۆ ڕۆمانەکە، هاندەرم بوون بۆ وەرگێڕانی.

**ڕامان:** با من ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەم، چەند بەرهەمێک هەن زۆر بۆ کورد گرینگن وەریان بگێڕین. هاملێتی شێکسپیر، چونکە کەسایەتی هاملێت کەسایەتییەکی زیندوو و نەمرە، کەسایەتییەکە بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا گشتگیر دەکرێ، نەک تەنیا بەسەر وڵاتێک و مرۆڤێکدا، کەسایەتی زۆربا، بۆیە وەرگێڕانی زۆربا بەشێوەیەکی جوان و ورد، ئەویش کارێکی گرینگە، دۆنکیشۆت گرینگە، فاوست گرینگە، کەسایەتی فاوستی، زۆربایی، دۆنکیشۆتی، هاملێتی ئەوانە ئەو کەسایەتییانەن کە تا ئێستاش لەنێو مرۆڤایەتیدا هەن، ئەوانە کەسایەتی زیندوون و لەناو خەڵکدا دەژین، بۆیە پێم وایە کارێکی باشت کردووە و دەستت خۆش بێ. ئەگەر دەربارەی ئەو ناوانە قسەیەکت ماوە بیفەرمووی؟

**ئەحمەد قازی:** قسەیەکی چکۆلەم هەیە، ئێمە بۆ ئەو ناوە جۆراوجۆرانە کە دێنە نێو وەرگێڕانەکانی کوردییەوە باسی ئەوەمان کرد، هەر کەسێک جۆرێک، ناویان دێنێ. من وەک سەرنجم دابێ زۆرتر ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو زمانەی کە ئێمە لێی وەردەگێڕین. وای دانێ ئێمە ئەگەر لە ئینگلیزی ڕا وەربگێڕین، گۆکردن و بێژکردنی ئەو ناوانە جۆرێکە، لە فەڕانسەدا جۆرێکە، لە ئەڵمانیدا جۆرێکی دیکەیە، ئەوەیە کە ناوەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ. بۆ نموونە لەلای ئێمە لە کۆنەوە زۆرتر لە ئەدەبیاتی فەڕەنسییەوە شتەکان وەردەگێڕدران و دەهاتنە ناو فارسییەوە، ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی هەندێک دەستەواژە و دەربڕین و واژە خۆیان بەسەر زمانی فارسیدا بسەپێنن و ئیتر لە کۆڵیشی نەبێتەوە. بۆ نموونە فەڕەنسییەکان بەسۆسیۆلۆجی دەڵێن سۆسیۆلۆژی، یانی بە (ژ) هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، ئایدیۆلۆجی بۆتە ئیدلۆژی بە کورتی، مۆرفۆلۆژی و هەمووی بە (ژ) هاتووە، یانی ئێمەی ئێرانی بە (ژ) وەرمانگرتووە، ئێوە کە لە عەرەبتان وەرگرتووە بە (ج) تان وەرگرتووە. ئایدیۆلۆجی، سایکۆلۆجی،...تاد هەر هەمووی لە ئینگلیزی ڕا هاتۆتە ناو عەرەبی و لە عەرەبیش ڕا کە وەری دەگێڕن، ئەنگۆ دەڵێن (ج)، ئێمە دەڵێین (ژ). ئەو جیاوازیانە ئەو ڕوون کردنەوەشی دەویست.

**ڕامان:** شاکارێکی زۆر لە دنیادا هەیە، کورد پێ ڕانەگەیشتووە ئەوانە وەربگێڕێتە سەر زمانی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا کە فریای ئەوە نەکەوتووە، زۆرجار دەبینی کارێکی ئەدەبی دوو سێ کەس پەلاماری دەدەن و وەری دەگێڕن. جاری وا هەبووە ئاگایان لە یەکتر نەبووە، جاری واش هەبووە ئاگایان لەیەکتری بووە و بابەتەکە دوو-سێ وەرگێڕانی لێ کەوتووەتە بازاڕەوە، کەچی ئەو دەچێ سێیەم و چوارەم جار دەیکاتەوە. بە ڕای تۆ ئەم فرە وەرگێڕانییە، چۆن لێک دەدەیەوە، ئایا ئەوە کارێکی باشە، یان خراپە؟

> **ڕاسپاردەی من بۆ نووسەرانی لاو و هەموو نووسەرێکی کورد ئەوەیە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە باشی بخوێننەوە**

**ئەحمەد قازی:** لە ئێرانێش ئەوە هەیە، زۆر لە شاکارە ئەدەبییەکانی دنیا، دەبینی لەلایەن چەند وەرگێڕێکەوە وەرگێڕدراوە. بۆ نموونە (دایک)ی ماکسیم گۆرکی هەیە، محەممەدی قازی کردوویە، شوجاعەدین شەفا کردوویە، دوو سێیەکی دیکەش کردوویانە. ئەوە چەند هۆی هەیە. یەکیان ئەوەیە کارەکە زۆر بەنرخە، بەیەک وەرگێڕان کۆمەڵگاکەی پێ تێراو نابێ، یەکشیان ئەوەیە کە لە یەکتر بێ ئاگان، دەبینی بەرهەمێک جەنابت وەری دەگێڕی من ئاگام لێ نییە. سەنتەرێک نییە بیبلۆگرافیایەک، یان لیستێکی کارە وەرگێڕدراوەکان بڵاوی بکاتەوە و بڵێ ئەو کتێبانە وەرگێڕدراون. بۆ ئەوەی هەموو لایەک ئاگادار بنەوە و نەیکەن، هەندێکیان لەبەر گرینگی کارەکەیە، هەندێکیان لەبەر زەوق و سەلیقەیە، دەبینی من شتێک وەردەگرم، وەرگێڕێکی دیکە دەزانێ کە چاکم نەکردووە، وەری دەگێڕێتەوە، جاری واشە بۆ پووڵ و پارە ئەو کارە دەکرێ، کارێکی خراپ نییە، بەڵام بەڕای من ئەگەر نەزم و بەرنامەی ڕێکوپێک هەبێ، نەکرێ باشترە.

**ڕامان:** من پێم وایە لە شیعردا حەقی ئەوەی هەیە چەند جارێک وەربگێڕدرێتەوە. تۆ دەبینی شیعرێکی نالی وەکو شاعیرێکی کلاسیک، شایانی ئەوەیە بە چەند جۆرێک بیخوێنییەوە و بە چەند جۆرێکی جیاواز وەری بگێڕی و لێکی بدەیتەوە، بۆیە تۆ بە جارێک وەری بگێڕی ڕەنگە دیوێکی ئەو تێگەیشتنەی خۆت وەرگێڕابێ، بەڵام وەرگێڕێکی تر دێ دیوەکانی دیکەی وەردەگێڕێ، هەر کەسەی دیوێکی ئەو شیعرە دەبینێ و وەری دەگێڕێ، یانی ئەگەر ئەمە بشێ بۆ وەرگێڕانی شیعر، ئەمن پێم وایە لە چیرۆکێکدا کە یەک ڕەهەندی هەیە و مانای دیارە، تەنیا دەبێ زەفەری پێ نەبردبێ، کە وەرگێڕی دووەم دێت و دووبارە وەری دەگێڕێتەوە.

**ئەحمەد قازی:** بێجگە لەوەی جەنابت فەرمووت، وەرگێڕی یەکەم زەفەری پێ نەبردبێ، وەرگێڕی دووەم لەبەر ئەوە دەست پێدەکاتەوە. بەڕای من هەندێ ڕۆمان ئەوەندە لێکدانەوە هەڵدەگرن و باری فەلسەفی و ئەدەبییەکەیان بەهێزە و دەچنە ئاستی شیعر، هەموو ڕۆمانەکان وا سادە و سانا نین.

**رامان:** زیاتر ڕۆمانی واقیعی شیاوی ئەوەیە جارێکی وەربگێڕین.

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ ڕۆمانێکی واقیعی، یان دەقی مێژوو ئاسایی، یەک جار ئەگەر بە خراپیش وەربگێردرێت هەر لێی حاڵی دەبی، بەڵام ڕۆمانێکی فەلسەفی، یان شاعیرانە، زۆر شتی زەریف و ناسکی تێدا هەیە و دەچێتە ئاستی شیعر و ئەوەیان هەڵدەگرێ، دوو سێ کەس وەری بگێڕن.

**رامان:** منیش ئەوە بەڕاست دەبینم، زۆر ڕۆمان هەن، بۆ نموونە ڕۆمانی (الغادیتو - رامة الشحاذ)ی ئۆستریاس کە بە حەڤدە ساڵ نووسراوە و ناوی ناوە چامەی ڕۆمان، ئەوە ڕۆمانێکە وەک چامەیەکی دوورودرێژ وایە کە بەشێکی زۆری ژیانی هەر دەستی تێوەرداوە و گۆڕانکاری تێدا کردووە، لەبەر ئەوە بە زمانێکی خەونئامێز نووسراوە، کە زیاتر زمانی شیعرە، بۆیە شایانی ئەوەیە کە چەند جار وەربگێڕدرێ. ئێستاکە با بێینە سەر مەسەلەی زمان و بچینە سەر تەوەری دووەممان، فەرمووتان ئەو شاکارەی دۆنکیشۆت کە وەرتانگێڕاوە لە ژیانی ئەدەبی خۆتاندا بە شتێکی گرینگی دەزانیت هەم لەبەر قەبارەکەی و هەم لەبەر گرینگی شاکارەکە کە ناکرێ کورد و کتێبخانەی کوردی لێی بێ بەش بن، ئەمن پێم وایە جگە لەمانەش جەنابت سەلیقەی زمانەوانی و ئەزموون و بڕستی زمانیی خۆت و ڕەوانی ئەو زمانەت زۆر خستۆتە ناو ئەو وەرگێڕانەوە، حەز دەکەم لەو ڕووەوە قسەیەکمان بۆ بکەیت.

**ئەحمەد قازی:** من هەر لە سەرەتای دەست پێکردنمەوە بۆ وەرگێڕان، یان نووسین سەرنجم بۆ شتێک ڕاکێشراوە، ئەویش ئەوەیە کە زمانەکەمان ئەو پێگەیشتووییەی نییە، یانی زمانەکەمان ئەوەندە پوخت و پاراو نەکراوە کە بڵێی من ئەو شێوازە بەکاردێنم کە فلان نووسەری کورد بەکاری هێناوە. یانی لە هەموو بەرهەمە کوردییەکاندا چ وەرگێڕان بێ، چ نووسین کەموکوڕی لە باری زمانەوە، لە باری بەکارهێنانی وشەوە، لە باری بەکارهێنانی ڕستەی جوان و ڕێکوپێک و کوردانەوە، زۆر کەموکوڕی دەبینین، هۆیەکەشی ئەوەیە جارێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کە ئێرە بێ قوتابخانە و زانکۆیە و شتی وامان نەدیوە و نەمانبووە، هەرچی هەیە لەلای ئێوەوە ڕا هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو کوردییەی کە لە کوردستانی ئێراقیش پەرەی پێدراوە. زۆر زۆر لەژێر کارتێکردنی زمانی عەرەبیدایە، ئەمەش زۆر پەسەندی لای ئێرە نییە. بۆ نموونە ئەو بەرهەمانەی کە من خوێندوومنەوە، زۆریان عەرەبین بەکوردی نووسراون، واتە داڕشتنەکە عەرەبییە، لەو لایەی ئێمە هێندێک بەهۆی هاوبەش بوون و نزیک بوونی کوردی و فارسی، زمانەکە ڕەسەنتر و خاوێنتر پاراستراوە، بەڵام ئەو کارانەی ئێوە کردووتانە، ئێمە دەرفەتمان نەبووە بیکەین. ئێوە زانکۆتان هەبووە، ژورنالیزمی کوردیتان هەبووە، کتێب چاپ کردنتان هەبووە، شاعیر هەبووە، ئازادی هەبووە، کۆبوونەوەی فلان و ئەمانە، زۆرتر لەلای ئێوە هەبووە، بۆیە بەرهەم لەلای ئێوە زۆرترە. بەهەرحاڵ من کە دەستم کرد بە نووسین، چ شیعر، چ وەرگێڕان، چ وتار نووسین، یان کاری ڕۆژنامەوانی لە گۆڤاری سروەدا، سەرنجم بۆ ئەو مەبەستە ڕاکێشراو هەر لە هەوەڵەوە لێبڕام کە زمانێکی پاک و خاوێنی کوردی بەکاربێنم، هەر ئەوەش جۆرە شێوازێکی تایبەت بەخۆمی دروست کردووە. لێرە لە کوردستانی ئێران زۆری لێ ڕازین، چونکە من زمانی ئینگلیزی و فارسیم خوێندووە، کوردییش لە باری ڕێزمانییەوە هێندێک کارم لەسەر کردووە، تەنانەت کتێبی ڕێزمانیشم نووسیوە. هەموو برادەران لەسەر ئەو ڕایەن کە کوردییەکەی من زۆر هونەرییە و زۆر دروستە و ڕێزمانەکەی تێدا لەبەرچاوگیراوە، من پێم وابووە لە سەرەتاوە ئێمەی نووسەر جا هەرکەسە و لە قوڵێک، یەک ڕۆژنامەنووسە، یەک شاعیرە، یەک ڕۆماننووسە هەر کەس ئەرکی ئەوە بووە کە زمانی کوردی بخەملێنێ و کاری بۆ بکات و هەڵیشێلێ. زمان شتێکی زیندووە، هەرچەندی کاری پێ بکەی، چالاکتر دەبێ، وەک لەشی مرۆڤ کە ئەگەر تەمبەڵ بێ و کاری پێنەکەی دەمرێ، زمانیش وایە هەرچەندی هەڵیشێلی و کاری پێبکەی و پێی بنووسی، تیژتر و کارامەتر دەبێ. من لەو کارانەی خۆمدا تێکۆشاوم، بە فکرکردنەوە و سەرنجدان بەو واژە و چەمکانەی کە لەنێو کۆمەڵی خەڵکدا هەیە، لەنێو عەشایر و خێڵەکاندا هەیە، بۆ فێربوونی زمانی کوردی، لەنێو خەڵکی ڕەسەندا هەیە، لەوانە کەڵک وەرگرم، دەتوانم بڵێم زیاتر لە سەد وشەم

داهێناوە کە ئێستا هەموو نووسەرەکان سوودی لێ دەبینن و زۆری لێ ڕازین. لە وەرگێڕانی دۆنکیشۆتدا کە دنیایەکی بەربڵاوە لە تەوسیف، لە ڕووداو و شۆڕشگێڕی و پاڵەوانبازی لە شیعر و لەو جۆرە شتانە، توانیومە مەیدانێکی هەراو ببینمەوە کە تێیدا مەبەستی خۆم تارادەیەک بپێکم، یانی هێندێک دەسەڵاتی زمانی و هێندێک هێنانی وشەی نوێ کە زۆرتر لە خەڵکم وەرگرتووە نەک بڵێی دامتاشیبێ، یان دیومە فارسییەکە بە هێندێک ئاڵوگۆڕ دەکرێ بکرێتە کوردی، بۆ نموونە لە فارسیدا، وشەی (شاهدخت)مان هەیە، شا کە دەزانی چییە و (دخت)یش یانی کچ، یانی کچەشا، کچی شا. ئێمە لە کوردیدا، لە زاراوەی کەلهوڕیدا (دۆتمان) هەیە، یانی کچ (دۆت)، لەلای ئێمە (دۆ)ش دەڵێین، وەک (دۆ)ی داوەتێ، یانی کچی داوەت و شایی. من وشەی (شاهدخت)م کردۆتە (شادۆت)، هەم شایەکە کوردییە و هەم دۆیەکە لە کوردیدا هەیە، ئەمە زمانی ئێمەی پێ دەوڵەمەند دەبێ و هیچ زیانێکیشی پێ ناگەیەنێ، جا ئێستا لەبیرم نییە، بەدەیان وشەی ئاوا هەیە، من فەرهەنگوکێکی باشم بۆ دۆنکیشۆت دروست کردووە کە لە کۆتایی بەرگی دووەمەکەیدا هەیە، زۆر دەستەواژە و وشە و زاراوەی نوێم هێناوە، هەمووشی لە جێی خۆیدایە و هیوادارم نووسەران و شاعیران و ئەوانەی دیکەش هێندە نەترسن و هێندێک لەو وشانەی کوردی بدۆزنەوە و بیهێننە ناونووسینی کوردییەوە.

**ڕامان:** جەنابت ئەزموونێکت لە نووسینی کوردیدا هەیە ئنجا زمانت پاراو بووە، ئەگەر بتەوێ ڕێنوێنی نووسەرانی کورد و ئەو خەڵکە گەنجە بکەیت کە ئێستا خەریکی نووسینن و کوردییەکەیان باش نییە، بەڕای تۆ بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی نووسین بە زمانێکی ڕەوان و پاک، ئەوانە چۆن دەتوانن کوردییەکەیان باشتر بکەن و ئەو کوردییە لەکوێوە سەرچاوە بگرێ باشە؟

**ئەحمەد قازی:** بەڕای من هیچ نووسەرێک بەبێ خوێندنەوە نابێتە نووسەر، یانی تۆ دەبێ زۆر بخوێنییەوە و کەم بنووسی، دەبێ لە سەدا هەشتا بخوێنییەوە و لە سەدا بیست بنووسی، جا تۆ مێژوو دەنووسی، دەبێ مێژوو زۆر بخوێنییەوە، شاعیری دەبێ شیعرەکان بخوێنییەوە، فەیلەسووفی دەبێ فەلسەفە بخوێنییەوە، یانی هەر کەس کاری نووسین دەکات دەبێ دە بەرانبەر ئەوە کاری خوێندنەوە بکات.، بەبێ بنەمایەکی زۆر بەهێزی خوێندنەوە حەقت نییە تۆ هەروا دەست بدەیە قەڵەم و بنووسی. ئێمە لەنێو فارسەکان دۆستمان هەیە هەر لە ژووری نایەنە دەرێ، هەر دەخوێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن وتارێکی جوان بنووسن. کارەکە وایە، کەوابوو ڕاسپاردەی من بۆ نووسەرانی لاو و هەر بۆ هەموو نووسەری کورد ئەوەیە ئەدەبی کلاسیکی کوردی زۆر شتی تێدایە، بەباشی بیخوێننەوە، ئەو دیوانە شیعرانەی مەحوی و نالی و حەریق و سەیف و هەژار و هێمن و گۆران، هەروەها شیعری شاعیرە تازەکان، باوەڕ دەکەی من بەشێکی زۆر وشەم لە ڕۆژنامەکاندا دیوەتەوە، چ ڕۆژنامەکانی زەمانی کۆمار، چ کوردستانی نوێ، چ خەبات، هەموو کات کە دەیانخوێنمەوە قەڵەمێکیشم پێیە بۆ ئەوەی ئەگەر وشەیەکی نوێ هەیە و من نایزانم دەبێ دەریبێنم و بینووسمەوە و سوودی لێ وەرگرم. ئێمە دەبێ بەو ڕوانگەیەوە بچینە پێشێ، یانی نووسەری ئێمە دوو کاری سەرەکی هەیە، لە پێشدا خوێندنەوە و نووسین و لەپاڵ ئەوانەشدا زمان فێربوون. کەوابوو نووسەرەکان دەبێ تەواوی ئەو بەرهەمانەی بە کوردی هەن، بیانخوێننەوە، بێجگە لەوە، زمانە هاوسێکان باش بزانن.

**ئێمە دەبێ بە غیرەت و بوێرییەوە، بە ورە و لێبوردنەوە یەکێک لە زاراوەکانمان وەک زمانی ستاندارد قبوڵ بکەین**

**ڕامان:** ئێمە لە باسوخواسی زمان داین، ئەو برادەرانەی لە خەمی زمانی کوردیدان و گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن، باسێکی گەرموگوڕیان سەبارەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی و زمانی ستاندارد و ئەمانە هێناوەتە ئاراوە، وەک کەسێکی خەمخۆری زمانی کوردی، بیروڕای تۆ سەبارەت بەو باسوخواسانە چییە؟

**ئەحمەد قازی:** یەکێک لە دەردە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە، ئەو جۆراوجۆری زاراوە و لەهجە و ئەمانەیە، ئەگەر بچینە سەر ئەوەی کە بۆ ئاوایە، ئەوە باسێکی دووردرێژە، کوردستان چۆنە، ئەو زمانە کوردییە و ئەو هەموو زاراوە و بن زاراوە و ئەو شێوەزارانە چین و لەکوێڕا هاتوون، ئەوە باسێکی دووردرێژە، ئێمە ناچینە سەر ئەو باسە، بەڵام واقیع ئەوەیە کە ئەم جیاوازیانە زۆرن، ئێمە دەبێ بەغیرەت و بوێرییەوە بە ورە و لێبوردنەوە یەکێک لەو زاراوانە وەک زمانی ستاندارد قبوڵ بکەین، منی مەهابادی ئەگەر سبەینێ بڵێین زاراوەی بادینییە زمانی ڕەسمی کوردی، دەبێ پێشوازی لێ بکەم، ئەگەر بە وان بڵێین سۆرانییە زمانی ستاندارد، دەبێ پێشوازی لێ بکەن، ئەوە بۆ یەکگرتوویی نەتەوەییمان پێویستە. ئێمە زمانێکی

فەرمی و ستانداردمان دەوێ کە زمانی سیاسەتە، زمانی حکومەتە، زمانی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە، زمانی زانستە، زمانی قوتابخانەیە، دەبێ شتێکی ئاوامان هەبێ، ئەوەش نابێتە هۆی فەوتانی زاراوەکان، تۆ بڕوانە لە ئێراندا لەسەردەمی قاجارەکانەوە، ئێمە بە فارسی لە قوتابخانە دەخوێنین، بەڵام هیچ زاراوەیەک لە ئێرانی ئەمڕۆدا نەفەوتاوە. هیچ بەربەستێک نییە، ئەگەر بۆ هەموو لایەک زمانێکی ستانداردمان هەبێ کە دەبێتە موورەغەی پشتی کوردستانەکەمان بۆ یەکگرتنەوە، هیچ بەربەستێک نییە، ئەدەبی بادینی، کەلهوڕی، هەورامی و..تاد هەبن و گەشەش بکەن، تەنانەت وەک دەرسیش بخوێنرێن، ئەوە ڕێگەی ئەوە ناگرێ، ئێمە چارمان ناچارە یەکێک لە زاراوەکانمان بکەینە زمانی ستاندارد بۆ هەموومان، ئەوەی کە دەشیکەینە ستاندارد بە تێرشتنی دەستەواژەی و زاراوە جۆراوجۆرەکان دەوڵەمەندی بکەین. وردە وردە حاڵەتێک پێکدێ کە ئەو زمانەی دروست دەبێ نە موکریانییە، نە بادینییە، نە هەورامییە، بەڵکو شتێکە لە هەمووان پێکهاتووە و هەمووان تێیدا بەشدار دەبن. ئەو نیگەرانییە نییە کە بڵێن ئێمە زاراوەی موکریانی بەسەر دیاربەکردا دادەسەپێنین.. نا، ئێستا ئەوەی کە هەشە نە موکریانییە، نە سلێمانییە، نە کەرکووکییە، زمانێکە وردە وردە لە هەمووان پێکهاتووە و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد دەوڵەتێکی گەورەی هەبێ کە هەموو ناوچەکان بگرێتەوە، ئەوە دەتوانێ زمانێکی زۆر دەوڵەمەندی هەبێ، هەرچەندە هەر ئێستاش دەکرێ دەوڵەمەندی بکەین. من ئێستا پێم وایە لە کوردستانی عێراق دەبێ بە بوێرییەوە ئەو کارە بکرێ، یانی زاراوەی سۆرانی بکرێتە بناغەی زمانی یەکگرتوو، بەڵام بە زاراوەکانی دیکە دەوڵەمەند بکرێ، قامووس بنووسرێ، فۆلکلۆری هەموو زاراوەکان بنووسرێنەوە و وردە وردە کاریان بۆ بکەین. ئەو زمانەی ئێستا تەواو نییە تا کاتێک بە هەموو زاراوەکان پڕ چەک نەکرێت، بەڕای من دەبێ یەکیان دەوڵەمەند بکرێ، من باوەڕم بەوە نییە، ئێستا هی وا هەیە دەڵێ: یان دوو زاراوەی سەرەکی هەبێ، یان سێ زاراوەی سەرەکی هەبێ، ئەوە خیانەتێکی گەورەیە بە نەتەوە.

**ڕامان:** هەندێکیش هەن دەڵێن زمانی یەکگرتوو بە بڕیار دروست نابێ، بەڵکو دەبێ بیدەینە دەست زەمانە و بەخۆی فۆرمێکی بۆ بدۆزێتەوە؟

**ئەحمەد قازی:** ئەگەر دەسەڵات هەبێ زۆر زوو بە بڕیار جێبەجێ دەبێ. نموونەمان هەیە، ئەڵمانیا دەوڵەتێکی فیدراڵە، لە کۆندا لە چەند دەوڵەتۆکەیەک پێکهاتبوو، پێش ئەوەی بسمارک بێتە سەر کار، هەر ناوچەیەی زمانی خۆی هەبوو، لەگەڵ ئەوانی دیکە نامۆ بوو، پرووس و باڤاریا و کوێ و کوێ و کوێ، هەرکەسی زاراوەی خۆی هەبوو، هەموو یەک بوون، خۆ کوردییەکەش هەمووی یەکە، ڕیشەمان یەکە، زۆر زوو دەتوانین هەموومان فێری زاراوەی سەرەکی بین. بسمارک بڕیاری دا زمانی ویلایەتی (باڤاریا) کە لە هەموویان جوانترە، گەرچی ویلایەتی (باڤاریا) بچووک بوو، لە چاو ئەوانی دیکە، بەڵام بڕیاری دا کە ئەوە زاراوەیەکی ڕەسەن و پاراوە و دەبێ ببێتە زمانی گشتی و بە دوو دەورە خوێندن لە هەموو ئەڵمانیادا وەرگیرا و خەڵک فێری بوو و بوو بە زمانی ستاندارد. کوردیش دەتوانێ ئەوە بکات، بەڵام دەبێ دەسەڵات نەترسێ و خەڵکیش دەبێ نەرم بن بەرانبەر بەو بڕیارە، خەڵکی کەرکووک نەڵێن ئەوە زمانی ئێمە نییە، هەورامی وا نەڵێن، دهۆک نەڵێ ئەوە زمانی ئێمە نییە، دەبێ هەموومان بڵێین لە پێناو یەکگرتوو بوونی کورد فێری دەبین، زمانی ستاندارد دەبێ زاراوەی بادینی تێ هەڵکێشین، هەورامی تێ هەڵکێشین، کەلهوڕی تێ هەڵکێشین و بە هەمووان کوردییەکی بەهێز دروست بکەین.

**ڕامان:** بڵێین زمان باشە، یان شێوەزار، جەنابت دەڵێی زمانی بادینی؟

**ئەحمەد قازی:** نا دەبێ بڵێین شێوەزار، بەڵام لەناو خەڵکدا دەڵێن زمانی هەورامی، زمانی سۆرانی، بادینی، دەنا بەشێوەی زانستی دەبێ بڵێین شێوەزار، یان زاراوە.

**ڕامان:** دەکرێ ئەو کاتە هەر کوردێک ئەو شێوەزاراوەیەی کە دەبێتە ستاندارد بە چەند دەورەیەک فێری ببێ، ئەمە چەند قابیلی جێبەجێ کردنە؟

**ئەحمەد قازی:** بە دوو دەورە هەموو فێری دەبن، لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە دەست پێ بکەین، هەموو منداڵێک فێری دەبێ، منداڵەکەش تۆرەمەی داهاتووە، بە دەست ئەوە، نەوەیەک، دوو نەوە فێر بێ تەواوە، زاراوەکان هەموو دەمێنن، نابێ نیگەرانی ئەوە بین، زۆر لە ئێستا دەوڵەمەندتریش دەبن، کە دەبێ عەرەبی، یان فارسی، یان تورکی بخوێنین، ئەودەم دەتوانین یاسا دابنێین، هیچ گرفت نییە هەورامی و دەرسی هەورامیش بخوێنین، یان بادینی بخوێنین، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ زاراوەیەکی ستانداردمان

هەبێ.

**رامان:** نازانم تۆ بەدواداچوونت بۆ ئەو فەرهەنگانە کردووە کە دێنە ناو بازاڕەوە، ئەمڕۆکە زۆر جۆرە فەرهەنگ دێنە ناو بازاڕەوە، من بۆ خۆم گلەییم لەو زۆری و بۆرییە هەیە، چونکە کاری فەرهەنگدانان کارێکی گرینگ و هەستیارە، پێشنیارم کرد لانی کەم ئەو فەرهەنگانە پێشانی کۆڕی زانیاری کورد (ئەکادیمیا) بدرێن بۆ ئەوەی لیژنەیەکی پسپۆڕ چاوی پێدابخشێننەوە، چونکە کاری فەرهەنگ بەو شێوەیە نییە کە ئێستا زۆر کەس دەستی داوەتێ. ئی وایان هەیە، دەچێ (٥٠، ٦٠) کتێبی کوردی دێنێ و دەخوێنێتەوە، هەرچی وشەی کوردی تێدایە هەمووی لە ناو کارتاندا دەنووسێتەوە، تەنانەت لێکدانەوەی واژەی وای تێدایە شێوەی نوکتەی وەرگرتووە، جەنابت چەند لەوە ئاگاداری و چی لە بارەیەوە دەڵێی؟

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ تاڕادەیەک ئاگادارم.

**رامان:** بۆچی تا ئێستا فەرهەنگێکی کوردی-کوردی بەرهەم نەهاتووە، ئەو هەموو فەرهەنگەی دەردەچن چەند خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن؟

**ئەحمەد قازی:** هۆی ئەوەی کە ئەو فەرهەنگە دروست نەبووە، نە تاوانی دوژمنە، نە تاوانی ئیمپریالیزمە، نە تاوانی کەسە، تاوانی خۆمانە، ئێمە نۆزدە ساڵە هەرێمێکمان ڕزگار کراوە، هەزار جارمان هاوار کردووە، کۆڕێک لە زانایان کۆ بکەنەوە، بودجەی بۆ دانێن با وشە کۆ بکەنەوە، بگەڕێن بە وڵاتدا و ئەو فەرهەنگە میللییە، ئەو فەرهەنگە نەتەوەییە، وەک (المنجد، لارووس، وێبستێر، دێهخودا) کە لەئێراندا هەیە، ئێمەش شتێکی وا بکەین، زۆر دژواریش نییە، بەڵام کەمتەرخەمی و دەرک نەکردن بە گرینگی کارەکە هەیە، بەداخەوە هەر ئەوەشە وای کردووە کە ڕووناکبیری دڵسۆز بەخۆی کاری تاکەکەسی دەکات، ئەو پاشاگەردانییە زۆری لە ڕووی دڵسۆزییەوەیە. من پەنجا وشە دادەتاشم، جەنابت برێک، ئەوەی دی برێک، چونکە ڕووناکبیر دەرک بەوە دەکات کە زمانی کوردی دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردابێ. وشەی تازە لە دایک بێ، بەو زمانی کۆنی خێڵایەتی و کشتوکاڵی ناکرێ مەعریفەی نوێ کە بەرهەمی ئێمە نییە، بەکاربێنین. ئەوەیە کە من پێم وایە ئەو پاشاگەردانییە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر کۆڕی زانیاری کورد (ئەکادیمیا)، سەر حکومەتی هەرێم کە گرینگییان بەو کارە نەداوە و نایدەن، هەرچەندی ئێمە هاوار دەکەین، دەزانم خەڵکێکیش لەلای ئێوە هەن کە هاواریان لێ بەرزبۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچیان بۆ نەکردووە. ئەوە کارێکە هێز و پارەی دەوێ.

**رامان:** ئەو کوردییەی ئێستا پێی دەنووسی، بێجگە لەوەی خۆت هەوڵت داوە لە عەوام فێری ئەو دەستەواژە و وشە و واژە و شتانە بیت، هیچ کاریگەریی مام هێمن و مام هەژاری بەسەرەوە نییە؟

**ئەحمەد قازی:** مام هەژار و مام هێمن دوو لووتکەی بەرزن، بێجگە لە شیعر، لە لایەنی زمانی ڕەسەنی کوردیشەوە ئەو بەرزاییەیان هەیە، من تاریفی ئەوان ناکەم، لە مامۆستا شوکور مستەفا، لە مامۆستا حوسێن عارف، لە زۆر نووسەری دیکە و شاعیری دیکەش بیستوومە کە دەڵێن ئەو زمانە زمانێکی ئەسڵ و ڕەسەن و پاراوە، هۆیەکەشی ئەوەیە هەم مام هەژار و هەم مام هێمن لەو مەڵبەندە بوون - موکریان- کە زمانەکە وەک عەرزم کردی، دەستووری زمانەکە لەگەڵ زمانی فارسی بەشداربیان هەیە و هەندێکیان یەک شتن، نەکەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی زمانی عەرەبی کە زمانێکی سامی و غەیرە ئارییایی و نامۆیە بە زمانی ئێمە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی مامۆستا هەژار و هێمن ئەو زمانەی بەکاریان هێناوە لە هەموو بارێکەوە زمانێکی جوان بێ و بۆ ئێمەش کە پاش ئەوان دەستمان داوەتە قەڵەم، بەڕاستی وەک سەرمەشق و ئولگویەک و نموونەیەک چاومان لێ کردوون. دیارە شتی تازەشمان پێوە لکاندووە، چونکە مامۆستا هەژار و هێمن بەداخەوە خوێندەواری ئەکادیمییان نەبوو، زانکۆیان نەدیبوو، ئەگەر ئەوەیان دیبا دەبوونە بلیمەتێکی عەجایبتر، بەڵام بە هەرحاڵ سەرەڕای ئەوەش کە خوێندەوارییان تەواو نەبوو، یاسامەند کاریان نەدەکرد، زمانەکەیان تا ئێستاش زمانێکی ڕەسەن و جوان و پاراوە کە من زۆرم سوود لێ بینیوون و زۆریان کاریگەری لەسەر من هەبووە.

**رامان:** وێڕای ئەوەش کە باسی زمانی یەکگرتووی کوردی دەکرێ، ناوبەناویش باس لەوە دەکرێ کە نووسینی لاتینی بێتە پێشێ و ببێتە جێگرەوەی ئەو ڕێنووس و شێوەنووسینەی کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ، تۆ لەو بارەیەوە چ دەڵێی؟

**ئەحمەد قازی:** من باوەڕم بەو کارە نییە. من تا ئەو جێیەی ئاگاداریم لە زمانەکانی دنیا هەبێ، زمانەکان لە دەوروبەری کتێبە ئاسمانییەکان و زمانە ئایینییەکان پێکهاتوون، زمانی مەسیحی لە ئینجیل، یان زمانی جوولەکە لە دەوری تەورات، زمانی ئیسلام لە قورئان،

زمـــــــانی چینی و هیندی لە دەوروبەری بوودا و کونفوشیۆس و ئەوانە پێکهاتوون، ئێمەش دەبێ لە دەوری تەوەری زمانی خۆمان کە زمانی قورئانییە، دەکەوینە ئەو مەڵبەندەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی کە تائێستاش کارمان نەکردووە و پیتەکانمان بگۆڕین، بۆ وێنە ئەو ئەلف و بایەی کە ئێستا کورد هەیەتی شکڵی عەرەبییە، بەڵام کوردێنراوە و زۆر جوانە و منداڵ باش فێری دەبێ و شتە بێ کەڵکەکانمان لێ فڕێ داوە، ئەو شتانەی لەگەڵ زمان و پێکهاتەی زمانەوانی ئێمە جۆر نابێ، وەلامان ناون و نووسینی (ص) (ض) (ط) و (ظ) و ...تاد ئەوانەمان فڕێ داوە. من ئێستا هیچ گرفتێک نابینم، نازانم بۆچی خەڵکێک بە زۆر دەیانەوێ لاتینی بسەپێنن، ڕەنگە ئەوە زۆرتر لەلای کوردەکانی تورکیا ڕا سەری هەڵدابێ کە لەسەردەمی ئەتاتورکدا ناچارکراون بە لاتینی بنووسن.

**ڕامان:** لەلای ئێمەش دەمەتەقێیەکی وا دروست بووە کە زۆر کەس لایەنگیری ئەوە دەکات بگەڕێینەوە سەر نووسین بە لاتینی.

**ئەحمەد قازی:** من نە پێم واجبە و نە پێم پێویستە، بەخۆشم لایەنگیری ئەو بیرۆکەیە نیم.

**ڕامان:** کولتوور و ئەدەبیاتی میللەتانی سەردەستە، بابڵێین لەلای ئێمە عەرەب، لەلای ئێوە فارس، لە باکوور ترک توانیویانە بەسەر کولتوور و نووسین و ڕۆشنبیری ئێمەدا زاڵ بن، بۆیە جۆرێک لە وابەستەیی دروست بووە، ئێمە بە حوکمی ئەوەی بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ لەژێر دەست و پێی ئەمانەدا بووین، بۆیە ڕۆشنبیری ئەوان باڵی بەسەر کولتوور و زمان و ئەدەبیاتی ئێمەدا کێشاوە، بۆ ڕزگار بوون لەو وابەستەییەی هەیە، بەڕای ئێوە دوای ئەو ئەزموونە درێژەی لە بواری نووسین و خوێندنەوەدا هەتانە، بۆ ئەوەی ئێمە کوردانەتر، سەربەخۆتر کارەکانمان دوور لەو کاریگەرییە زەق و هەست پێکراوە بکەین کە هێشتا لەسەر ڕۆشنبیران و کولتووری ئێمەدا تەئسیری ماوە، چ بکەین باشە؟

**ئەحمەد قازی:** ئەوە دەگەڕێتەوە سەر هەمان خەباتی نەتەوایەتی بۆ ڕزگاربوون و بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کورد، بەختەوەرانە کورد بە کاناڵی فەرهەنگ و کولتوور و زمـاندا زۆری هەوڵداوە بۆ زیندووکردنەوەی مافی نەتەوایەتی و کەسایەتی خۆی و دەرباز بوون لەو گیروگرفتانەی کە لەو دابەش کراوییەدا هەیەتی، یانی ئێمە فەرهەنگمان کردووەتە ئامرازێکی خەباتی نەتەوایەتی، ئەدەبی ئێمە لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەتوانین پۆلێنبەندی بکەین و بڵێین ئەدەبی بەرگرییە و لە ئەدەبیاتی هیچ نەتەوەییەکدا، من فارسیش چاک دەزانم و ئینگلیزی و ترکیش دەزانم، لە ئەدەبیاتی هیچ کامیاندا هێندە بایەخ بە شیعری نیشتیمانی و حەماسی نەدراوە وەک ئێمە داومانە. بەختەوەرانە فەرهەنگەکەمان بۆتە ئامرازێک بۆ بووژانەوەی کورد. کەواتە دەبێ هەوڵ بدەین ڕەسەنایەتی کوردی لە هەموو بەرهەمێکی بڵاوکراوەماندا هەبێ وەک پاڵکارێک، زمانەکەمان باش زیندوو بکەینەوە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە فەرهەنگ شتێکی نێونەتەوەییە و موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە. ئەگەر شاعیرێکی فارسی بەرهەمێکی جوانی هەیە، یان عەرەبێک، یان هەر نەتەوەیەک لە دنیادا، ئەوە ئەو بەرهەمە هی هەموو مرۆڤایەتییە. فەلسەفەی ئەفلاتوون هەموو دنیا وەریگرتووە، یان کانت و هیگڵ و کێ و کێ و ئەوانە. شیعر و ئەدەبیاتیش هەروا. دۆنکیشۆت هەر هی ئیسپانیا نییە.

**ڕامان:** بە وەرگێڕانیان و بەهۆی زمانەکەوە، دەبنە بەشێک لە ئەدەبی نەتەوەیی و زمان و فەرهەنگەکەی دەوڵەمەند دەکەن.

**ئەحمەد قازی:** ئەمانە هەموویان دەبێ بێنینە سەر زمانی کوردی و پێشمان وانەبێ زەرەر لە کوردایەتییەکەمان دەدا. کەوابوو ئێمە دەبێ زمانی کوردی لەسەر ڕێسا و یاسای زمانی کوردی پەرەپێبدەین، بەو بەرهەمە فیکری و ئەدەبییەی گەلانی دەوروبەر و جیهان دەوڵەمەندی بکەین، بەڵام بەرهەمی ڕەسەنی خۆماڵیش لەبیر نەکەین.

**ڕامان:** هێندێک پێیان وایە بایەخدانی بەو شێوە بەرفراوانە بەوەرگێڕان کە باسی دەکەیت و منیش هەر لەسەر ئەو بڕوایەی تۆم، زەرەر لە ئەدەبیاتی نەتەوەییمان دەدات، یان لەسەر حسێبی ئەو ئەدەبیاتەمانە و وا دەکات ئێمە بایەخ بە مێژوو و بە کەلەپووری خۆمان نەدەین، بۆیە ڕوودەکەینە وەرگێڕان، تۆ چەند پێت وایە ئەوە لەسەر حیسابی مێژوو و کەلەپوور و کارەکانی خۆمانە؟

**ئەحمەد قازی:** من باوەڕم بەوە نییە، ئێمە ئەگەر کەمتەرخەمیمان کردووە، ئەگەر کەمتەرخەمیمان هەیە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەدەبی و فۆلکلۆری و ئەو جۆرە شتانەی وڵاتی خۆمان، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە زۆر ڕوومان لە فارسی کردووە، ئەوە لە فارسیشدا هەر کۆڵین، یانی ئێمە دواکەوتوویییەکەمان گشتگیر و داگری زۆر لایەنە، دواکەوتوویییەکەمان هەمەلایەنەیە، ئەگەر لە نووسینی کوردیدا و لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا

کەمایەسیمان هەیە، ئەوە لە وەرگێڕانیشدا وەک باسمان کرد کەمایەسیمان هەیە و کارمان نەکردووە. ئەمانە دژی یەک نین، یانی تۆ ئەگەر کوردی بزانی و کوردی بڵاوبکەیتەوە و لە مەعریفە و زانستی دەرەوە سوود وەربگری، هیچ زەرەرێک لە زمانی کوردی نادا، بگرە دەوڵەمەندتریشی دەکات، شارستانیەتییەکەمان گەشاوەتر دەکات، ئەو پێویستییەشمان هەیە.

**ڕامان:** یەکێک لەو هۆیانەی وا لە خوێنەر دەکا لە زمانی کوردی برەوێتەوە نووسینی ئەوانەن کە بەناوی زمانەوە قسە دەکەن و دەنووسن، زمانناسەکانمان ئەوانەی خۆیان بە دکتۆر و پسپۆڕ لە زمان داناوە، لە کاتێکدا کە کوردییەکەشیان دەخوێنییەوە، کوردییەکەیان تەواو نییە و شڵۆقە، بێجگە لەوەش بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز و ناحەز دەینووسن، بەجۆرێک دەینووسن کە خوێنەری کورد لێی دەبێزرێ، تەنانەت ئەو پرۆگرام و بەرنامانەی لە خوێندندا بۆ زمان دانراون و دەخوێندرێن، ئەوەش وەک سەرنجم لێ داون کاریگەرییان کردووە، ئەوەندە هاندانی تێدا نییە خەڵکی بە پیریانەوە بچی تا وایان لێ بکات، زمانەکەی خۆی خۆش بوێ و ئیشی بۆ بکات و هەوڵ بدات لێی نزیک بێتەوە، بە قەدەر ئەوەی بەهۆی خوێندنەوەی ئەو ڕێزمان و کوردییە شڕەوە لێی دەتەکێتەوە و پاشەکشەی لێدەکات، ئەمە لە بواری مێژووشدا هەر وایە، لەبەر ئەوە دەڵێم ئێمە کارێکمان نەکردووە ئەو زمانەمان، ئەو مێژووەی خۆمان بە جوانی و بە شەوق و هاندانەوە بەخوێنەرەکانمان و بە قوتابییەکانمان بناسێنین، بۆیە لێی دەتەکنەوە، ئەوەش یەکێکە لەو عەیبانەی زمانی ئێمەی ناحەز کردووە، نازانم جەنابت چ دەڵێی؟

**ئەحمەد قازی:** دیارە ئەوەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە بێ کەس بووین، بێ دەوڵەت بووین و بەڕێوەبردنێکی باشمان نەبووە، ئەوەی دەچێ لە ئێرە و ئەوێ لە زانکۆیەک پسپۆڕی وەردەگرێ و دکتۆرا وەردەگرێ، زانکۆیەک نییە، یان سەنتەرێک نییە لە بەڵگەی خوێندنەکەی بکۆڵێتەوە و بڵێ بزانم چی دەزانی، لێرە وایە تۆ کاتێک دەچی لە زانکۆیەک دەرس دەڵێیەوە، یان بەخۆت دەڵێی من مامۆستای دواناوەندیم، هەروا بە ئاسانی ڕێت نادەن، دەبێ تاقی بکرێیەوە، دەبێ هەڵسەنگێنرێی، دەبێ بزانن ئەو بڕوانامەیەی پێتە کڕیوتە، دەستکردە، یان لە زانکۆیەکی بێ کەڵک وەرتگرتووە و بە کەڵکی هیچ نایەت، ئەوە دەبێ حکومەتی هەرێم لە جێیەکی وەکو کۆڕی زانیاری، پسپۆڕانێک لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، من ئەحمەد قازی کە هاتم دەڵێم مامۆستای زانکۆم، یان کتێب دەنووسم، هەڵم سەنگێنێ و بزانێ چی دەزانم، بۆ ئەو کارە دەبم، یان نابم، ئەو دەم ڕێگەم بدا کار بکەم، یان پێشم پێ بگرێ. ئەو دەم ئەو گلەیییەی جەنابت نامێنێ، ئەگەر ئەو کەسەی پێویستە ئەو پلەیە وەربگرێ و شایانی پلەکەی بێ، کارەکە بە دروستی بەڕێوە دەچێ، ئەمانە هەموویان دەگەڕێنەوە سەرشانی حکومەتی هەرێم، کە من پێم وایە دەبێ زیاتر بایەخ بەو بوارە بدات.

**ڕامان:** ئەی مەسەلەی مێژوو کە بەشێوەیەکی ڕوون و سەرنجڕاکێش و ئاسان و بە زمانێکی ڕەوان بیگەیەنینە نەوەکانمان، لەو ڕووەوە تۆ قسەیەکت هەیە؟

**ئەحمەد قازی:** شتێک بۆ جەنابت باس بکەم، ئێمە کە لە ئێران لە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆ دەرس دەخوێنین، مێژووی ئێران دەخوێنین. چۆنی دەخوێنین؟ لە سەرەتاییدا باسی مێژووی ئێران، بە زمانێکی ئاسان دەگوترێ ئێران ئەوە مێژووەکەیەتی، ئەو پاشایانەی هەبووە، زمانێکی شیرین و سادە و بە کورتی، کە دێیە دەبیرستان هەر ئەو بابەتانە دووپات دەبنەوە بە هێندێک شیکردنەوەی زیاترەوە، کە دەچییە زانکۆ ئیتر بە تەواوی بە شێوەیەکی بەربڵاو باسی بابەکە دەکرێ. ئێمە دەبێ بار و ڕادەی توانایی وەرگرتنی ئەو قوتابییەی کە دەرسی پێدەڵێی لەبەرچاو بگرین، دەبێ بزانین لە چ دەورەیەکی ژیاندایە، منداڵە، مێرمنداڵە، گەنجە.. تاد توانای وەرگرتنی چەندە، بەپێی ئەو ڕادەیە بابەتی دەرخوارد بدەین، بە زمانێکی سادە و پوختە تا پێدەگات، ئەوە دەبێ پسپۆڕی خۆی هەبێ، ئێمە لە ئێران و لە هەموو دنیادا بۆ دەرس گوتنەوە پسپۆڕی دەرس گوتنەوەمان هەیە. چۆن دەرس بە قوتابی سەرەتایی بڵێین، چۆن دەرس بە قوتابی ناوەندی و دواناوەندی، تا دەگاتە زانکۆ بڵێین.

**ڕامان:** ئێوە هەوڵێکتان لەو بارەیەوە هەیە، لە کتێبێکدا مێژووی کوردتان کردووە بە فارسی؟

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ من دوا کارێک کە لە ژیانمدا کردوومە، کتێبێکە بە فارسی نووسیومە، بەناوی (خلاصە تاریخ کردستان)، یانی کورتەی مێژووی کورد لە چوار هەزار هەزار ساڵدا، دوو هەزاری پێش زایین تا دوو هەزاری پاش زایین کە دەبێتە ئەمڕۆ. مەبەستم ئەوە بوو، من هەستم بەوە کردووە لەلای خۆمان و لەلای ئێوەش کە ئەگەر لە قوتابییەکی زانکۆی

سلێمانی بپرسی تۆ دە دەقیقە باسی کوردم بۆ بکە ناتوانێ، تۆ پێم بڵێ کورد لەسەردەمی ئیسلامدا چۆنی بۆ گوزەراوە؟ لە مەغوولدا چی بەسەرهات؟ پێش ئیسلام چۆن بوو؟ ناتوانێ شتێکم پێ بڵێ، ئەوە تاوانی ئێمەیە کە ئەو نازانێ، کتێبمان نەداوەتێ، من بۆ ئەوەی ئەو کەمایەسییە پڕ بکەمەوە لەسەر پێشنیاری زۆر پیاوی زانا، گوتیان ئێمە پێویستیمان بە کتێبێک هەیە، زۆر گەورەو قەبە نەبێ، زۆر نەچێتە ناو وردەکاری کە فلان پاشا چەندە ژیا و چەند ژنی هێنا و چەند وڵاتی گرت و چەند پیاوی کوشت، ئەمانەمان ناوێ، پێمان بڵێ ئێمە لە سەردەمی ئیسلامدا چیمان بەسەر هات؟ کاریگەری لەسەر ئێمە چی بوو؟ ئێمە چ کاریگەرییەکمان لەسەر ئیسلام هەبوو؟ ئێمە سەدان زانامان هەبووە لە سەردەمی ئیسلامدا کاریان کردووە. ئێمە سەلاحەدینمان هەبووە گەورەترین پیاوی ئیسلامە، بە کورتی من هاتووم ئەو چوار هەزار ساڵەم بە زۆر سەرچاوەی متمانە پێکراو کە هەمبوو، یان لە خەڵکم وەرگرتووە، ئەو ئەرکەشم ڕاپەڕاند کە لاوی کوردی ئەوڕۆکە زۆرتر کاتەکەی بە سەتەلایت و ئەتاری و مۆبایل و شت تێپەڕ دەکات و کتێب ناخوێنێتەوە، شتێکی کورت و زانستی دروست بکەم، بیدەمێ بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە.

**ڕامان:** ئەی بۆ بە فارسی نووسیوتە؟

**ئەحمەد قازی:** بۆ ئەوەی فارسەکانیش برێک بمانناسن و ئەو ڕێژە زۆرەی لاوانی کورد کە کوردی نازانن، ئەوانیش تێی بگەن.

**ڕامان:** من پێم باشە بیکەیە کوردییش، بۆ ئەوەی لەلای ئێمەش سوودی لێ وەربگرین.

**ئەحمەد قازی:** هەر کاتێک بوو بە فارسی و دەرهات، بە چاوان، یان من دەیکەمە کوردی، یان یەکێکی دیکە دەیکاتە کوردی.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە ناو باسی تەوەری ڕۆژنامەنووسی، حەز دەکەم باسێکی تەنزیش بکەین، تۆ یەکێکی لەو نووسەرانەی بایەخت بە تەنز نووسین داوە، حەزیشی لێدەکەی، بەڵام ئێمە وەکو زۆر بواری دیکە پشتگوێمان خستووە، لەکاتێکدا مەرج نییە هەموو بابەتەکانمان جددی بن، جاری وایە تەنز کاریگەرییەکەی لە نووسینی جددی زۆر زیاترە، تۆ بۆ تەنزت هەڵبژاردووە، یان چی لەسەر تەنز دەڵێی؟

**ئەحمەد قازی:** بەڕای من تەنز زمانێکە بۆ دنیای دیکتاتۆری و بەرتەسک کە تۆ ناتوانی بیروڕای خۆت ڕاشکاوانە دەربڕی. لە وڵاتی ئێمەدا دیموکراسی نییە، تا بە ئازادی قسەی خۆت بکەی، دەبێ بە توێکڵ، لەناو لەفافەی تەنز و قسەی خۆش و ئەمانەدا عەیبەکان دەربخەی، ئەوەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا لەناو ئەدەبی فارسی تەنز هەر لەکۆنەوە باوبووە و لەنێو کوردیشدا قسەی خۆش و گاڵتەوگەپی زۆر هەبووە کە تەنزن، ئەوەبوو من موتاڵاشم لەسەر تەنز لە ئینگلیزی و فارسیدا، زۆر سەرنجی بۆ لای تەنز ڕاکێشام. تەنز زمانێکی زۆر شیرینە، وێڕای ئەوەی تۆ عەیبی من دەڵێی، بەڵام من پێی توورە نابم. ئەگەر دەقاودەق پێم بڵێی تۆ ئەو کەمایەسییەت هەیە، تۆ ئەو بەدفەڕی و خراپییە لە زاتتدایە، پیاو زۆر توورە دەبێ، هەروەها ڕێژیم و دەسەڵات زۆری پێ توورە دەبن، بەڵام ئەگەر بخرێتە ناو کەپسوولی تەنزەوە، وێڕای ئەوەی کاری خۆی دەکات تووڕەییش پێکناهێنێ، لەبەر ئەوە من زمانی تەنزم پێ زمانێکی زۆر جوانە.

**ڕامان:** فەرمووت کە شیعر لەبەر ئەوەی بوارێکی زۆر بەرتەسکە و ناتوانی قسەی خۆتی تێدا بکەی، بۆیە زوو وازت لە شیعر هێنا، هاتی ڕۆمانت نووسی، (باقەبێن)ت هەیە، بۆچی لە ڕۆمانیشدا بەرهەمت کەمە و بۆ هەوڵت نەداوە لە ڕۆماندا بەرهەم و بەخششت بۆ کتێبخانەی کوردی زیاتر بێ؟

**ئەحمەد قازی:** پیاو بەخۆشی نازانێ بۆچی. ئەگەر تۆ لە کارێکەوە تێوە گلای، نازانی بۆ کوێ دەچی. هەلومەرج و توانایی و بارودۆخ دەور دەبینێ، من کە بۆ لای گۆڤاری سروە کێشرام، ئەوەندە کاری زۆر بوو کە زۆر کات و دەرفەتی لێ ئەستاندمەوە و نەمتوانی ئەو کارانەی خۆم حەزم لێیانە بیانکەم. حەقیقەت ئەوەیە کاری بەڕێوەبردنی ناوەندێکی فەرهەنگی بۆ بیست و دوو ساڵ لەو هەلومەرجە دژوارەدا، نووسین و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەو هەموو نووسەرە کە بابەتیان دەنارد، ئیدی دەرفەتێکیان بۆ من نەهێشتەوە ئەو کارانەی کە خۆم حەزم لێیان دەکرد بیانکەم.

**ڕامان:** پێش ئەوەی لە گۆڤاری سروەدا کار بکەیت، پێشتر لە کوێی دی ئیشت کردبوو؟

**ئەحمەد قازی:** لە هیچ جێگەیەک کارم نەکردبوو، وتار و شتم لە گۆڤار و ڕۆژنامە فارسییەکاندا چاپ ببوون.

**ڕامان:** مەبەستم کارکردنتە وەکو ڕۆژنامەنووس.

**ئەحمەد قازی:** نەوەڵڵا لە هیچ کوێ، ئێمە هیچ کەس لە ئێران، نازانم لەلای ئێوە چۆنە، پسپۆڕی ڕۆژنامەوانی نین، یانی دەورەیەکمان نەخوێندووە بڵێی

ڕۆژنامەوانی ئەوەیە و ئەوەیە و ئەوەیە، هەروا ئیدی بە زەوق و لێهاتوویی خۆمان چووین ئیشەکەمان کرد. ئێستاش من پێم وانییە ڕۆژنامەوانێکی پرۆفیشیناڵ لە کوردستانی ئێمەدا هەبێ، چونکە هیچ کەس ئەو دەورەیەی نەخوێندووە، لە کاتێکدا ئەوە زانکۆی هەیە و دەبێ بیخوێنی و بزانی چی دەکەی و چۆن هەواڵ بنووسی؟ چۆن سەرنجی خەڵک ڕاکێشی؟ ئێمە ئەوانەمان نەخوێندووە. ڕۆژنامەکانی ئێمە، هەر گۆڤارن، وتاری تیوریک و شیعر و ئەدەبیاتن و پڕن لە شتی ئاوا، لە کاتێکدا ڕۆژنامە نابێ وابکات. ڕۆژنامە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و شتی ڕۆژە، شتی نوێیە، تۆ چاو لە بڵاوکراوەی (ئاشتی) دەکەی نیوەی شیعر و ئەدەبیاتە، یان وتاری تیورییە، ئەوە ڕۆژنامەوانی پێناڵێن، لەلای ئێمە وایە لەلای ئێوەش تارادەیەک هەر وایە.

**رامان:** لەلای ئێمەش ڕۆژنامەمان هەیە، چەند لاپەڕەیەکی تایبەتە بە ئەدەب.. ئەو بیست و دووساڵەی کارکردنت لە گۆڤاری سروەدا پێدەچێ زەرەریشی پێت گەیاندبێ لەوەی هەندێک لە کارەکانی خۆت بەجێ هێشتبێ، جا بۆمان باس بکە ڕۆژنامەنووسیی لە ماوەی بیست و دوو ساڵدا، چەند زەرەری پێگەیاندووی، لەگەڵ ئەوەشەوە شتیشی پێ بەخشیوی، ئەو زەرەرەی کە پێی گەیاندووی چییە و ئەو قازانجەی پێی گەیاندووی چییە؟

**ئەحمەد قازی:** دەتوانم بڵێم زەرەرەکەی ئەوەیە کە بە دڵی خۆم بەرهەمم پێک نەهێناوە. وەرگێڕانی لێ ستاندوومە، کە حەزم پێی هەبوو، یان دەمتوانی زۆرتر شاعیر بم لەوەی کە هەم، ئەو شتانەی کە بە دڵی خۆمە ناچار بووم بۆ گۆڤارەکە وەلای بنێم، بەڵام گۆڤارەکەش وەنەبێ بە قەولی جەنابت زۆر شتی فێرنەکردبێتم. من ئەگەر بە زمانێکی برێک پاراو گەیشتووم، لە سایەی گۆڤاری (سروە)وەیە. ئەگەر مەشقی نووسینم کردووە لە سروەدا کردوومە و پێی گەیشتووم. زۆربەی بەرهەمەکانم لە سروەدایە، ئەوە بۆ خۆی مەشقێک بووە کە من فێری زمانی کوردی بووم. زۆر شتی لێ فێربووم و زۆر بابەتی تازەم خوێندۆتەوە. ئەو نووسەرانە لە چوارگۆشەی کوردستانەوە لە دەرەوە و لە ژوورەوە بابەتیان ناردووە، دیارە ئەوە بۆ من زۆر قازانجی هەبووە.

**رامان:** گۆڤاری سروە لە ماوەی ئەو بیست و دوو ساڵەدا، هەرچەندە تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام وەک قوتابخانەیەک وابووە کە بە دەیان قەڵەمی تێدا پێگەیشتووە و ئێوە پشتیوانیتان لێیان کردووە و ناوبانگیان پەیدا کردووە، لەو ڕووەوە حەز دەکەم ناوی چەند کەسێکمان پێ بڵێی کە لەناو سروەدا پێتان گەیاندبن، یان بۆ یەکەم جار ئەو بەهرانەتان ناساندبێ؟

**ئەحمەد قازی:** دەتوانم ناوی دەیان کەست عەرز بکەم، هەروەک فەرمووت، ئێمە لەماوەی بیست و دوو ساڵدا بە ئاگادارییەوە کوردیمان فێری خەڵکی دەکرد، یانی ئەو گۆڤارە چەند لاپەڕەی من بەخۆم دەمنووسی کە تایبەت بوو بە زمان، بۆ وێنە گۆشەیەک بەناوونیشانی (کامیان دروستە)، چونکە زۆر هەڵە کە لەنێو خەڵکدا هەیە و دروستەکەی، یان پێک گرتن و فێربوون، بۆ ئەوەی بادینی فێری سۆرانی بکەم، سۆرانی فێری بادینی بکەم، دوو دەقمان دێنا لە ئاستی یەک، بە هەردوو زاراوە دەماننووسین، سەد شتی وا ڕێزمانی و... تاد مەبەستمان ئەوە بوو خەڵک فێری زمانەکە بێ، بیست و دوو ساڵیش ماوەیەکی کەم نییە. ئەو هەڵسووڕان و چالاکییە فەرهەنگییە لە کوردستانی ئێراندا درێژخایەنترین و بەپێز و بەرەکەتترین دەورەیە کە ئێمە لە مێژووی خۆمان لەکوردستانی ئێراندا دیومانە. هیچ بڵاڤۆکێک بە قەد گۆڤاری سروە تەمەن درێژ نەبووە، تەمەنێکی چالاک و ئەکتیڤ، تەمەنێک پڕ لە هەڵسووڕان.

ئێمە لە بواری شیعردا زۆر کەسمان پێ گەیاند وەک مارف ئاغایی کە شاعیرێکی زۆرباش بوو، لەلای ئێمە پێگەیی، ئەو کە هاتە لای ئێمە هیچی نەدەزانی، یوونس ڕەزایی، ئەمین گەردیگلانی، حامید ڕەشیدی زەرزا کە ئێستا لە دەرەوەیە، ژیلا حوسێنی، کولسووم عوسمان پوور، ئەمانە هەموویان مەشقی شاعیرییان لەو سروەیەدا کردووە. ڕۆماننووسی بەناوبانگی وەک عەتا نەهایی، ناسر وەحیدی، یان وتارنووسی وەک ڕەهبەری مەحموودزادە کە لێرە دانیشتووە، ئەمانە هەموویان قوتابیی قوتابخانەی سروەن. باوەڕ بکە ئەوانە بیانژمێرم، چ لە وانەی چوون بۆ لای پۆست مۆدێرن و نووسینی تازە، چ ئەوانەی وەک فەتاح ئەمیری هەموویان لە سروەدا ئەو کارانەیان کردووە و وتاریان نووسیوە، یان ڕۆمانیان نووسیوە و ئێمە بۆمان چاپ کردوون، بەڵام دەتوانم بڵێم هەر هەمووی لەبەرەکەتی گۆڤاری سروە و ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا پێگەیشتوون.

**رامان:** بێ گومان کارکردن لە وڵاتی ئێمەدا، چ لێرە بێ لەلای ئێوە، یان لەولا لەلای خۆمان، پێم وایە ڕەوشەکەیان وەکو یەکەو بەبێ گرفت و ئاستەنگ و لەمپەر نەبووە و نابێ، ئەو لەمپەر و ئاستەنگانەی وەک ڕۆژنامەنووسێک هاتنە بەر دەمت، ئەگەر بۆمان باس بکەی کە لە چیدا خۆیان دەدیتەوە؟

**ئەحمەد قازی:** زەقترینیان (سانسۆر) بوو، سانسۆری دەوڵەتی و ئەوانەی کە لەسەر ئێمە بوون، ئەوە لە ماوەی ئەو بیست و دوو ساڵەدا زۆر ئازاری دەداین. لایەنێکی دیکەش کە لە سەرەتادا وابوو، دوایی هێندەمان سەفەر کرد و بانگەشە کرد و نووسیمان ورده ورده ئەو حەساسیەتە نەما، ئەویش ئەوەبوو لە پێشدا هەر کەس پێی وابوو دەبێ بە زمانی شارەکەی ئەو بنووسین. گلەیی زۆرمان لەسەر بوو، لەلای ئیلام و کرماشان و کەلهوڕ و سەقز و سنە و تەنانەت لە ناوچەی مەهابادیش دەیانگوت ئەو زمانەی ئێوە پێی دەنووسن زمانی هیچ کوێ نییە و نامانەوێ، ئێمە لێی تێناگەین. ئێمەش هانمان دەدان، پاشان بۆ ئەوەی لە وتارێکدا گرفتمان لە تێگەیشتندا نەبێ هەر لە وتارەکەدا فەرهەنگۆکمان دادەنا، یانی کە جەنابت وتارێکت دەنووسی چوار وشەی تێدا بوو کە هی بادینان بوون، یان هی لای سلێمانی بوون، لە مەهاباد کەس نەیدەزانی، ئێمە دەمانکردنە فەرهەنگۆک بۆ ئەوەی خەڵکەکە سڵ نەکات و نەترسێ و فێری وشەی تازەش بێ، وای لێهات دوایی خەڵک چێژی لەوە وەردەگرت و دەیانگوت ئێمە زۆر وشە و شتی تازە فێربووین، بەتایبەت تەوەرێکیشمان کردەوە بۆ ئەو وشانەی کە لە هەنبانە بۆرینەدا نییە، ئێمە زیاتر لە دە هەزار وشەمان لەو چەند ساڵەدا تۆمار کردووە و ئێستا لە سروەدا هەن، دەتوانن لە دوارۆژدا لەسەر هەنبانە بۆرینەی زیاد بکەن و پێی دەوڵەمەند بکەن. ئەو ئاستەنگانە هەبوون، بەڵام ئەگەر تۆ نەبەزی و بەرەنگاری بکەی، ئەو ئاستەنگانەی کە هەن چ لێرە، چ لەوێ نامێنن. مەسەلە کاتە، درێژخایەن بوونی کارە، بەتێپەڕبوونی کات هەموو گرفتێک چارەسەر دەکرێ.

**ڕامان:** کێشەیەکی دیکەشمان هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئەدیبان خۆشیان لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتری باش نین، یانی یەکیان کێشە بۆ ئەوەی دیکە دەنێتەوە، هەر هیچی پێنەکرێ هەوڵ دەدا ساردت بکاتەوە، ویستت لاواز بکات، ئیشەکانت بشێوێنێ و بەناشیرینی پیشانی بدات، هاوکار و پشتیوانی یەکدی نین، نازانم ئەوە لێرە تا چەند هەیە، بەکوردییەکەی نووسەران یەکتریان خۆش ناوێ، بۆیە زۆر جار نابنە پاڵپشت بۆ یەکتری، ئەوەندەی دەبنە بەربەست و هەندێ جار پیلانیش لە دژی یەکتر دەگێڕن؟

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ زۆرتر دەبنە ڕەقیب بۆ یەکتر، دژی یەکن، ئەوە قوربان دەگەڕێتەوە سەر باسێکی قووڵی مێژوویی لەنێو کورداندا، کورد فێرە بەربەرەکانێیە لەگەڵ یەکتر، یانی ئەو هەموو دژایەتی و دوژمنایەتییەی کورد لەگەڵ خۆی دەیکات، ئەو دژایەتییە لەگەڵ دوژمنە سەرەکییەکانی خۆی ناکات. ئەوە لەحزبەکاندا چاو لێکە، ئەو هەموو شەڕی براکوژییە چ لێرە لەنێوان کۆمەڵە و دیموکرات، لای ئێوە یەکێتی و پارتی، چەپ و ڕاست، ئیسلامی و نائیسلامی و... تاد ئەوەندەی کورد لەیەکتر دەکوژێ و بەگژ یەکتردا دێ، ئاوڕ لە دوژمنی ئەسڵیی خۆی ناداتەوە، جا ئەوە چۆتە نێو هەموو گۆشە و کەلێنوکەلەبەرێکی ژیانمانەوە. لەناو قەڵەم بەدەستەکانیشمان خۆی دەنوێنێ، لە حزبایەتی و سیاسەتدا، لە سەرۆکایەتیدا خۆ دەنوێنێ، ئەوەی دەبێ فێری بین، شتێکە کە لە کولتووری ئێمەدایە، یان باری نێگەتیڤی کولتووری ئێمەیە، بەڵام دەبێ کار بکەین کە پاکی بکەینەوە و بیگۆڕین، تاکو ئەو یەکبوونەی دەبێ وەک نەتەوە هەمان بێ، دروستی بکەین. ئەوە بە ڕێکەوت نییە، بەشێوەیەکی قووڵ و ڕیشەدار ئێمە لە هەموو جێگەیەک دژی یەک ڕادەوەستین و لە دژی یەک پاڵ وەدەرەوە دەدەین، ئەمە لە عەشیرەتەکانماندا، لە تەریقەتەکانمدا هەیە، یەکێک سەر بە عوسمانی بووە، یەکێک سەر بە سەفەوی بووە، قەت خۆمان پشتی یەکترمان نەگرتووە، ئەوە دەردێکی زۆر گەورەیە و دەبێ زۆر کاری لەسەر بکەین.

**ڕامان:** لەپاش ڕاپەڕین لەدیوی لای ئێمە فەزایەکی ئازاد بۆ نووسەرانی کورد فەراهەم بوو، خەڵکێکی زۆر کەوتنە سەر کەڵکەڵەی ڕۆژنامە و گۆڤار دەرکردن، ئێستا ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆک هێندە زۆر بوونە لەو سێ شارەی ئەودیو پتر لە چوار سەد ڕۆژنامە و گۆڤار بە بەردەوامی دەردەچن، وای لێهاتووە خەڵک تاقەتی خوێندنەوەیانی نەماوە، ئەمە لەلای ئێمە بەجۆرێک لە پاشاگەردانی لە قەڵەم دەدرێ، چونکە وای لێهاتووە خوێنەر هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکان (بە چاک و بە خراپیانەوە) سەرنجیان ڕاناکێشێ.. بەرانبەر بەو هەموو زۆری و بۆرییەی لەنێو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە، ئێوە بیروڕاتان چییە؟

**ئەحمەد قازی:** من باوەڕم بەو هەموو زۆری و بۆری و جۆراوجۆرییە نییە، هەرچەندە ئەوە بە ڕواڵەت دیمەنێکە لە ئازادی و دیموکراسی کە هەر کەس دەتوانێ گۆڤار و ڕۆژنامە دەربکات و ئەوە خۆی بە ڕواڵەت دیموکراسییەتە، ئازادییە، بەڵام زەرەریشی هەیە. وەک دەفەرمووی شتەکان بێ تام و بێ ناوەڕۆکن. هەر ئەوەش خوێنەر ماندوو دەکات، وای لێدەکات ڕوونەکاتە

ڕاگەیاندن، بەڕای من ئەگەر کەم و پوخت بێ باشترە.

**ڕامان:** بێجگە لەوەش زۆربەی ئەوانەی سەروکاری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەکەن، هەلومەرجی ئەو کارانەیان تێدا نییە، وەکو ئاستی ڕۆشنبیری و کوردی زانین و...تاد، یان شارەزاییان لە مێژوو و ڕابردووی میللەتی خۆیان و ڕۆشنبیری پێش خۆشیان نییە.

**ئەحمەد قازی:** دەبێ پێش بەو جۆرە بڵاوکراوانە بگیرێ، بەڵام نەک بەشێوەیەکی زۆردارانە. دەبێ ئەوانە فەرهەنگسازییان بۆ بکرێ.

**ڕامان:** لەلای ئێمە هەست دەکرێ خوێنەریش لە خوێندنەوە تەکیوەتەوە، چ لە خوێندنەوەی کتێب و چ لە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بۆ ئاشت کردنەوەی خوێنەران لەگەڵ چاپەمەنییەکانمان، بەڕای ئێوە بە چ ڕێگەیەک و چۆنت پێ باشە ئیش بۆ ئەمە بکرێ؟

**ئەحمەد قازی:** هەر ئەوەیە کە بڵاڤۆکەکان بایەخدارتر بن، نووسراوەکان بەپێز و بەرەکەتتر بن، بەناوەرۆکتر بن، ئەوکاتە وردە وردە خوێنەر دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەوە، دیارە هۆی نەخوێندنەوە هەمووشی هەر ئەوە نییە، لە ئێرانیش خوێندنەوە زۆر کەم بۆتەوە، ئێستا زۆر لە دەزگاکان کتێب بڵاوناکەنەوە، چونکە زەرەری تێدا دەکەن، یانی ئێستا شتی پڕ ئاژاوە خوێنەری هەیە. بۆ نموونە هەرایەکی سیاسی، یان هەرایەکی نێودەوڵەتی، لەو لایەن بۆ ئەو لایەن شتی ئاوا خوێنەری هەیە، بەڵام کەس لەسەر ڕۆمانێکی چاک دانانیشێ، یان لەسەر شیعرێکی باش، لەسەر ئەدەب خوێندنەوەی هەبێ، ئەوە قەیرانی خوێندنەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

**ڕامان:** کەواتە ئەم دیاردەیە هەر لەناو کورددا نییە؟

**ئەحمەد قازی:** نەخێر هەر لە ئێران زۆر بەرچاوە، هۆیەکەی هورژمی ئامرازی ئینتەرنێت و سەتەلایت و زۆر شتی دیکەیە، شتەکان ئێستا زۆرتر (بیستراو و بینراوە)، خوێندنەوە زۆر کەم بۆتەوە. ئەوە هەر لەلای ئێوە نییە، لەلای ئێمەش وایە، لەنێو فارسیش وایە، ئێستا لە ئێراندا ئەو قەیرانە هەیە. حکومەت زۆر بەرنامە بەڕێوە دەبات کە خەڵک شت بخوێنێتەوە، بەڵام نایکەن.

**ڕامان:** من نامەوێ لەوە زیاتر ماندووت بکەم، جەنابت یەکێکی لەو کەسانەی کە لە سەرەتاوە ئاگاداری گۆڤاری ڕامان-یت و ئێمەش لە ژمارە نۆ-وە، واتە پێش چواردە ساڵ، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ ساز کردووی و ناوبەناویش نووسینت لە ڕاماندا بڵاوبۆتەوە، لەوانەیە بە بەردەوامی هەموو ژمارەکانیت پێ نەگەیشتبێ، بەڵام بایی ئەوەندەت لێ خوێندۆتەوە کە بیروڕات لەبارەیەوە هەبێ، من بیروڕای جەنابتانم بۆ گرینگە، مانگی شەش کە زۆری نەماوە و یەک دوو مانگێکی ماوە ساڵێکی نوێ لە تەمەنی ڕامان دەست پێبکات، پێم خۆشە وەک نووسەرێکی خاوەن بیروڕا کە ڕامانت خوێندۆتەوە، یان کەسێکی خاوەن ئەزموون و دیدگای خۆت دوو قسەمان سەبارەت بە گۆڤاری ڕامان بۆ بکەیت و چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟

**ئەحمەد قازی:** ئەگەر چاک لێی ڕامێنین و ڕامانێک بکەین، بێ ئەوەی لەبەر جەنابت ئەو قسەیە بکەم، یەکێک لەو سەرچاوانەیە کە زۆر بەحەزەوە دەیخوێنمەوە. دیارە وەک دەفەرمووی هەموویم پێ ناگات، ڕاستییەکەش ئەوەیە بڵێی ئەوەی پێشم گەیشتووە هەموویم خوێندبێتەوە واش نییە، یانی بڵێی خاشەبڕ هەموویم خوێندبێتەوە وانییە. من هەڵدەبژێرم چ بخوێنمەوە و چ نەخوێنمەوە. زۆرجار بەعزە شتێک لەو بوارەدا نییە کە من شتی لەسەر دەخوێنمەوە، بەڵام ڕامان بەختەوەرانە لەم چەند ساڵەدا هەم ئەدەبیاتێکی ساغ و سالم و هەم زمانێکی خۆشی تێدایە و هەم قورس و بەناوەرۆکە، یانی وتاری مەعریفی و تیورێک و زانستی باشی تێدایە و زۆرم کەڵک لێ وەرگرتووە. هیوادارم تێیدا سەرکەوتووتر بن و ئێمەش زۆرتر کەڵکی لێوەربگرین.

**ڕامان:** زۆر سپاست دەکەین... تۆ وەک کەسێک لێرە ژیان تێپەڕ دەکەی، ئێمە لە ڕامان هەوڵمان داوە بەپێی توانایی خۆمان پشتیوانی لە نووسەرانی ئێرەش بکەین و بەهرە نوێیەکان بناسێنین، دەنگ و سەدا و پێگەی ڕامان لێرە چۆن دەبینی؟

**ئەحمەد قازی:** لەنێو ڕووناکبیراندا زۆر ڕێز و قەدری هەیە، بە تایبەت کە بەرهەمی خۆشیان تێدا دەبیننەوە، هەر ئەوەش کەناڵێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زمان، یانی ئەو شتەی کە من باسم کرد، زمان لێرە بەهۆی ئاریایی بوونەکەیەوە و هاوبەشی لەگەڵ فارسییەوە جۆرێک ڕەسەنایەتی هەیە. ئەوەش بەخۆی بۆتە هۆی دەوڵەمەندتر بوونی ڕامان و هەمەچەشنتر بوونی لەنێو لاوان و ڕووناکبیرانی ئێرەشدا. زۆر باس لەسەر ڕامان دەکرێ و زۆر خۆشەویستە و نێوبانگی باشی هەیە. بەهەرحاڵ سەرکەوتوو بن، ڕامان گۆڤارێکی سەرکەوتووە.

**ڕامان:** دەستت خۆش بێ ماندوومان کردی.

**ئەحمەد قازی:** سپاس، سڵاوم هەیە بۆ هەموو ئەندامانی ڕامان.

# ڕاڤەی هێرمنۆتیکی چامەیەکی مەولەوی

**عادڵ محەمەدپوور**
**(مەریوان)**

گوشراوی باسەکە: زێدهاتی دەقە شیعرییەکانی ئەوسای کوردی لە ژانری ئەدەبی «لیریکا» پێکهاتووە، وێڕای ئەمە هەندێ واتای فەلسەفی لەو تێکستانەدا دەبینرێ. ئەم نووسراوە دەیەوێ بڵێ هەوێنی ئەو سێ چەمکە «عەقڵییەتی گشتی، یان جیهانی، ڕوحی قەومی و خودئاگای مێژوویی» کە دەزگای فەلسەفی «هیگڵ»یان پێکهێنابوو، لەم چامەی مەولەوی کە دەخوێنرێتەوە و هەستی پێدەکرێ. دەستەواژە سەرەکییەکان: مەولەوی، هیگڵ، لیریکا، ڕوحی جیهانی، ئاگایی، خودئاگایی قەومی و...

وەڵێنە:

ئەم پەیلوا (بۆچوون) ڕاستە کە هەر لەمێژە باکگراوندی مەعریفە و قەڵای فەلسەفی و تەلاری ڕۆشنبیری کورد شیعر بووە، شیعر تاکە ئیستێتیکای «بوون» و شوناسی «نەتەوایەتی» بۆ کورد بووە، بە هۆی هەندێ هۆکاری سیاسی - کۆمەڵایەتی لە ڕەورەوەی مێژوودا، لە باقی ژانرە فەلسەفی، ئەدەبی و هونەرییەکانی تر بێ بەش بووە. زۆربەی ئەو دەقانەی ئەمڕۆ لەنێو ئەرشیڤی «چواردە سەدە»ی شیعری ئەوسای کورددا هەن: هەر لە «کرکە»ی هورمزگان، تا شۆڕشە مۆسیقاییەکەی فۆرم و ناوەرۆکی گۆران، هەموویان یەک توخم بەناو «لیریکا Lirika، غنایی» بە هەموو سەرچەشنەکان و واتاکانییەوە(١)، دەیانگرێتەوە. باری کۆمەڵایەتی- سیاسی، نەبوونی دەسەڵات، هەژاریی میدیا، سروشتی تایبەتی کوردستان و تەجروبە تاکییەکانی شاعیرانی کورد، بۆتە هۆکارێک کە ئەرشیڤی شیعری ئەوسامان بێ بەری بێ لە ژانری حەماسی (داهێنانی فەلسەفەی مێژوویی کورد) و نمایشی (دراماتیک) بە واتای ڕاستەکی.

زێدهاتی دەقە شیعرییەکانی ئەوسای کوردی پێکهاتووە لە ژانری ئەدەبی «لیریکا»، بە مەرجێک هەموو لایەنەکانی ئەم ژانرە لە بەرچاو بگرین. عیرفانی، تێئۆکراتی و ئەشرافی، عاشقانە، تەغەزولی-حەماسی، نەتەوایەتی- کۆمەڵایەتی، سروشتخوازی، تەجروبەی تاکی، بۆنە تایبەتەکان و... یەکدەستی چەشن و مەزموونی ئەدەبی خەسارێک بووە بۆ شیعری نەتەوەییمان، زۆربەی شاعیرەکانی ئەوسا (ئەڵبەت هەفتا هەشتاساڵ پێشتر لە ئێستا) کەمتر چووگن بە قەرەی کێشەکانی کۆمەڵگە و کەمتر پرسیان دروست کردووە. ئێمە دەقێکی «حەماسی/ پاڵەوانی» وەک «شانامەی فیردەوسی»مان نەبووە کە «فەلسەفەی مێژوو» دروست بکاتن. سەرەڕای ئەمانە هەر بەم سامانە ئەدەبییە کە



مەولەوی

هەمانە، دەبێ گەشبین بین ئەگەر بە وردی بە میتۆدی رەخنەی زانستی ئەم دەقانە بخوێنینەوە، دەتوانین توخمەکانی تر پێناسە بکەین. بۆ چەسپاندنی ئەم مەبەستە چامەیەکی غەنایی «مەولەوی تاوەگۆزی، ١٨٠٦ز- ١٨٨٠ز» بە شێوازی هێرمنۆتیک (راڤەکاری ئەدەبی) و نیشانە شناسی ئەدەبی دەخوێنمەوە و پەیلوای خۆم ئاراستە دەکەم. لەم خوێندنەوەدا هەوڵم داوە ئەو مەبەستانەی لەم چامەیەدا هەیە لەگەڵ بیرۆکەی بیرمەندی مەزنی رۆژئاوا، «هیگڵ، ١٧٧٠ز-١٨٣١ز» بەراوردکاری بکەم. رەنگە کارێکی شاز و دوور لە لۆژیک و مەنهەجی زانستی بێتە بەرچاو، تەنیا مەودای زەمانە کە لێکیان نزیک دەکاتەوە، ئەگەرچی مەولەوی پەنجا ساڵ پاش ئەم بیرمەندە ژیاوە و قەت هیگڵی نەناسیوە، بەڵام هەردووکیان لە سەدەی نۆزدەدا بە دوو بیری جیاواز و دوو کۆمەڵگەی لێکنەچوو (مۆدێرن و عەشیرەتی) ژیاون، بەڵام بیانوو و بەڵگە بۆ من تەنیا دەقەکەی مەولەوییە، کە «زیندوو، سەربەخۆ و قسەکەر» هاتۆتە رێچکەی دیالۆگ و رووگەی شرۆڤاندن بە قەولی «ربکۆر» ویستوومە کاکڵەی دەقەکە زەوت (تەساحوب) بکەم. بە تێگەیشتنی من لەم دەقەدا ئەم سێ چەمکە «روحی جیهانی، روحی قەومی و خودئاگایی مێژوویی» کە دەزگای دیالێکتیکی هیگڵ پێکدەهێنن، لەم دەقەی مەولەویدا هەستیان پێدەکرێ. ئەمە بیرۆکەی منە، چاوەڕێی بیروڕای جیاوازم، مەرج نییە هەموومان وەک یەک بیر بکەینەوە، «ئەگەر قەرار بێ هەموو کەس وەک یەک بیر بکەنەوە ئەوە هیچ کەس بیر ناکاتەوە».

## بیرۆکەی دیالێکتیکی - فەلسەفی هیگڵ

گێئۆرگ ویلهێلم فێردریش هیگڵ (١٧٧٠ - ١٨٣١ز) بیرمەندی تۆکمەی ئەڵمانی لە بەستێنەی فەلسەفەی رۆژئاوادا خاوەن هەندێ تێزی فەلسەفی خۆیەتی، بە تایبەت لە بارەی پرۆسەی «عەقڵی گشتی، ئاگاهی و خودئاگاهی مێژوویی - قەومی». «لە بیرۆکەی «هیگڵ»دا، جیهان پێکهاتە و گۆڕەپانی کردار(کنش) و هەوڵدانی خودئاگای روحی پیرۆزە (مینوی ناب)ە. کۆششی روح (سووژە) بۆ دروستکردنی جیهانی (ئۆبژە)، سیما و دەروونێکی ئاوەزمەندانەی هەیە، وەک زانایان وتەنی، ئەم هەوڵە لە رێی گریمانەی زانستی (قوانین علمی) دێتە ئەنجام. وێنای ئەم گەوهەرەش «عەقڵێکی گشتی، یان روحێکی جیهانی»یە(٢) کە لە مێژوودا بەخشراوە بە سووژەیەک بەناوی مرۆڤ کە بکەری شناسا و نموودی ئاوەز و ئاگاهی، ژیار و ژیانی فەرهەنگییە. روحی جیهانی بۆ وێناکردنی بوونی خۆی لەم «گێتی»یەدا، پێڕەوی لە یاسایەک دەکات کە ئێمە بە ناو ئاوەز «عەقڵ، خرد» دەیناسین. بە وێنای راستەکی ئەم روحە دەڵێن «ئاگاهی». ئاگاهیش گەوهەرێکی بزاڤمەند و هەوڵدەرە سەرومر وا لە هەوڵداندا بۆ گەیشتن بە «خودئاگاهی قەومی، self-conscinsness». ئەم روحە «مینە»وییە-پیرۆزە- هەوڵ دەدا تا نموودەکانی لە «جیهانی مادی»دا وێنا بکاتن، یانی ئەگەر بیەوێ گەوهەری «ئاگاهی» بە گەوهەری «مادی» بگۆڕدرێت، دەبێ بێ وچان لە هەوڵی گۆڕاندا بێ، تا لەم کێشمەکێشەدا، چەمکی «روحی قەومی» بۆ ئەو مرۆڤانە کە بە خودئاگایی مێژوویی گەیشتوون دابین بکات بەم چەشنە هەر قەوم، یان هەر نەتەوەیەک دەبێتە خاوەنی روحی تایبەتی- قەومی خۆی. «هیگڵ» پێی وایە ئەم روحە بۆ هەموو نەتەوەکان یەکسان نییە. نەتەوەکان بە گوێرەی رادەی هەوڵدان و مادیکردنی «مینە»کان(٣) وەک (ئاوەز، فەرهەنگ، رێکخراوە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و ئەفسانەییەکان و...) دەگەنە ئەم

بەهرە ڕوحی– جیهانییە و لێی بەرخوردار دەبن. واتە ئەگەر هەر نەتەوەیەک بۆ «خودئاگاهی قەومی» خۆی باشتر هەوڵ بدات زووتر دەگاتە لووتکەی هەبوون، ئەوەش لەم دۆزە هەڵەتە دەبێ بێ گومان لە بازنەی ئەو ڕوحە پیرۆزە – گشتییە دوور دەکەوێتەوە و گڵۆڵەی دەکەوێتە لێژی. بە کورتی دەزگای دیالێکتیکی فەلسەفی «هیگڵ» بۆ گەیشتن بە «لووتکەی شوناسی نەتەوەیی» بەم سێ ئاراستەدا تێدەپەڕێ: «١- ئاگاهی (نموودی ڕوحی جیهانی، سوژە، زێهن، تێز) ٢- بە شتکردنی ئاگاهی (مادیکردنی مینەکان، ئۆبژە، عەین، ئانتی تێز) ٣- گەیشتن بە خودئاگاهی قەومی، سێنتێز، فەلسەفەی مێژوویی، -self) (conscinsness(٤)هیگڵ پێی وایە ئۆبژە (عەین) یەکەی ناسینی جیهانی هەست پێکراوە (مەحسووسات)، ئۆبژە لە عەینی یەکبووندا (وحدت) بە پاژگەلێکی تر دابەش دەکرێت (کثرت) کە دەبنە وێنای سوژەکان، لە نێوان ململانێ و دژکاری (سووژە، تێز و ئۆبژە، ئانتیتێز) پرۆسەی «خودئاگاهی، سێنتێز» لە دایک دەبێ(٥).

**بیرۆکەی مەولەوی لەم دەقەدا**

مەولەوی زۆرتر وەک شاعیرێکی عارف ناسراوە، لکاندنی چەمکی فەلسەفەی «هیگڵ» بۆ ئەم زاتە پارادۆکسە لەگەڵ کەسێتی شاعیر و دۆخی زەمەن و باری شارستانی ئەم دوو زانا مەزنە، بەڵام ڕەنگە پرۆسەی ڕاڤەکاری و دیالۆگ لەگەڵ ئەم دەقەدا لە مەبەستەکە نزیکمان بکاتەوە.

«پۆڵ ڕیکۆر لە ڕەوتی ڕاڤەی دەقدا، سێ قۆناغی زنجیری بە ناو «کەوانی هێرمنۆتیکی» دەخاتە بەرچاوی ڕاڤەگەر.

**یەکەم:** ڕوونکردنەوە (تەبیین)ی پێکهاتە (ساختار)ی دەقەکە، بریتییە لە بەیان کردنی ڕەهەندی گوتار و کاکڵەی واتایی واژەکان و ڕستەکانی دەقەکە.

**دووەم:** تێگەیشتن (فەهم)، لەم قۆناغەدا ڕاڤەگەر لەگەڵ «واتا»- واتای تایبەت- ڕووبەڕوو دەبێتەوە، واتایەک کە مەبەستی دانەرەکەیە. لەم ڕوانگەیەوە نابێ واتا (معنی) لەگەڵ چەمک (مەفهووم) تێکەڵ بکرێت. چەمک (مەفهووم)، تێگەیشتنی خوێنەرە لە دەقەکە، بەڵام مانا تێگەیشتن لە مەبەستی نووسەرەکەیە (دانەر، مؤلف). لەم وتارەدا مەبەست چەمک، یان «مەفهووم»ە نەک «مانا».

**سێیەم:** زەوت کردن (تەساحوب)ی دەق، کاتێک ڕوو دەدات کە ڕاڤەگەر لە «دۆزی دانەر» تێدەگات و دەتوانێ چەمکی دەقەکە بەرەو ئاراستەی بۆچوونەکانی ڕاگوێز بکات. دەبینین ئەم سێ ڕەهەندە لە خوێندنەوەی دەقێکدا بە شێوەی زنجیری و دینامیک بە یەکەوە بەستراون، چێژوەرگرتن لە دەقێک کاتێک ڕوودەدات کە ئەم سێ قۆناغە بە سانایی بۆ خوێنەر و ڕاڤەگەر بە شوێن یەکدا تێپەڕن»(٦).

سەرەتا خوێندنەوەی دەقەکە:

**نەی گەهوارەی دەور، تای دەسرازەی خەم**
**تاکەی سەرەنگوشت خەفڵەت نە تۆی دەم!**
**بازیت پێ وەردەن هەریەک وەلایێ**
**سەدای دایەنان وە لایە لایێ**
**های! نە فەرقش هەن، ئەو سەدا و تەئسیر**
**تا ئەو لاوناو ئەو مەزەو ئەو شیر**
**هەر تفلێ بێ شک نەی بێشک خەفتەن**
**جەی دایە بریان، بەو دایە جفتەن**
**وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان!**
**بریانەوەی تۆیچ سەروەختش ئامان**
**ها وە قەفاوە یەند شی بە وێدا**
**چەم پەی بینایی مدیۆ بە وێدا**
**قەزا وە قومار نە پای بەختمەن**
**قامەت حەڵقە بەست وەخت باختمەن**
**موتریب سازەکەت، ئۆف! چ وەش تەرز بێ**
**ئی جارەیش وەک دەنگ مەجلیس هەر بەرز بێ**
**تا کوورەی زاریم بڵێسە سانۆ**
**داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ**
**داد نمەدۆ داد شین، مالوومەن لێم**
**دمای وێم پەرێم، هیچ کەس وێنەی وێم(٧)**

**ڕاڤەکاری دەقەکە**

لەم دەقەدا نیشانە زمانییەکان وەرگرتەن لە زمانی ڕاستەکی دانەر و پێوەرێک بۆ زەمەنی خۆیان و ڕەمزێک بۆ ویژدانی ناخۆئاگای کۆیی و شاعیرانە، خوازەیەک بۆ ئیستێتیکای ئەنتۆلۆژی نەتەوەیەک کە ساڵەهای ساڵە لە ناخودئاگای زیهنی نەتەوەکەیدا پەنهان و بزر ماوەتەوە،

هەنووکە لەم مەودا زەمەنییەدا توانستە بزۆزەکانی دەخەینە ڕوو. ڕێساگوریزی (هەنجارگوریزی) زمان (لادان لە ڕێسای ئاسایی) و کەڵک وەرگرتن لە پرۆسە (فەرایەند)ی خوازە-نەک فەراوردە- یەکێکە لە ڕێکارە هونەرییەکانی مەولەوی داهێنەر، شارەزایانە پرۆسەی دابەزاندن، یان «ئیجرائییەتی شیعریی» لە پێکهاتەی دەقەکەدا بەکارهێناوە، واتە سەرکەوتووانە توخمە زوانییەکانی بەرەو ئاراستەی «هەست و تەجروبە»ی شیعری لە داهێناندا ڕاگوێز کردووە. وەک دەزانین لە پرۆسەی داهێناندا، ئەمە «هەستی شیعرییە»- نە ئیحساس- کە ئاستی «بزاڤێتی» دەقەکە نیشان دەدات. ئەم «چامە»یە وەک «کومپۆزیسیۆن و ڕیتم»ێکی ئەستوونی و سیستماتیک دێتە بەرچاو. «دابەزاندن» لە داهێنانی شیعردا یانی جمەی «بزاڤێتی» بێ پسانەوەی بەیان و دەربڕینی واتا بە زوانی ئیستێتیکی و هونەری. مەولەوی ئاگاهانە بە بەکاربردنی توخمی «گێڕانەوە و لەحن، «Ton»ی حیسی، ویستوویەتی تەنیا یەک مەبەست پیشان بدات. ئەڵبەتە دەبێ لەنێوان شیعری «حیسی» و «ئیحساسی» بە جیاوازی قایل بین. لە شیعری «حیسی»دا باری دەروونناسی واژەکان لە بەرچاو دەگیرێ، واتە توخمەکان لە سەرخانەوە بۆ ژێرخانی زوان ڕۆ دەچن و لەم پرۆسە فرەچەشنی و فرەدەنگەدا «وێنە، واتا و وردە مەزموون»، شاعیر دەگاتە سەرەڕۆیی زەمان (فراروی تاریخی)، بەڵام لە شیعری «ئیحساسی»دا واژەکان لە ڕووبەری زوانی تەوسیف و هۆنراوەدا دەمێننەوە و توخمەکان تەنیا یەک دەنگ و یەک واتا دەخولقێنن(٨). لێرەدایە سنووری «شاعیر و شیعرنووس» جیا دەبێتەوە.

«فۆرمخوازەکان دوو ئەرک و هەڵوێست بۆ زمان دیاری دەکەن و ڕەوتی ئەم دوو کارکردە لە یەک جیا دەکەنەوە: کارکردی خودکاری زمان «Automatication» و بەرجەستەکاری «Foregrounding» (٩)

تی. ئێس. ئیلیەت، دەڵێ: «لە دابەزاندنی لە دەقێکی بەرجەستەی شیعریدا، سێ لەحن، یان گێڕانەوە هەست پێدەکرێ:

«یەکەم: دەنگی خودی شاعیر. دووەم: دەنگێک کە شاعیر لەگەڵ خوێنەردا دەدوێ. سێیەم: دەنگێک کە شاعیر دەکۆشێ کەسێتییەکی دراماتیکی/نمایشی بخولقێنێ» (١٠).

لەم دەقەی مەولەویدا کۆی ئەو سێ زایەڵە (لەحن) هەست پێدەکرێ. داهێنەر بە دیدێکی پێشڕەوانە ئاوڕ لە فەلسەفەی ژیان دەداتەوە و بە مەنەلۆگ و «خۆدواندن» تاکەکانی کۆمەڵگەی کردۆتە بەردەنگ و ڕۆڵی بەرچاوی «ئاوەز و ئاگاهی» نمایش کردووە، ژیان ئاراستەیەکی بێ هوودە نییە، ژیان دەبێ گەوهەری «ئاگایی، ئاوەز»ی لەگەڵدا بێ، با چاوبەستراو، ڕادەستی ئاکاری قەزا و قەدەر نەبێتن. مەولەوی، یان هەر شاعیرێکی ڕاستەقینە پێشڕەوی زەمانەی خۆیەتی، سالانێکی زۆر لە پێش خەڵکانی دیکەوە دەژێت. چما ئەم زایەڵە بۆ ئەم کۆڕە کولتووری - ئەدەبییە وتراوە. پەیام دەنێرێ، هۆشیار دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەم شوناسە دەمانێکە لە بێشکەی شارستانی و ئەرشیڤی نەتەوەیەکدا غافڵ ماوەتەوە، دایکی ڕاستەقینەی نەبووە، زڕدایک (دایە) لایەلایەی فێڵبازانەی بۆ کردووە و ئاگادار نییە کە تەنیا دەیخەلافێنێ، ئەوە خەریکە پشتی دەکۆمێتەوە، چاوی تەنیا بەرپێی خۆی دەبینێ، مێژینەیەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە، «موتریب» وەرە ئاهەنگی بێداری لێ بدە تا یاران لەم کۆڕەدا، هەستیان ببزوێت و سروودی کۆی «خودئاگایی قەومی» بڵێنەوە.

لە بەیتی هەوەڵدا:

**نەی گەهوارەی دەور، تای دەسرازەی خەم**
**تاکەی سەرەنگوشت خەفڵەت نە تۆی دەم!**

گەهوارەی دەور: یانی زەمانە، جیهان، ڕوحی جیهانی، عەقڵی خودایی ئەو زاراوانە کە پێخۆری فەلسەفەی دیالێکتیکی «هیگڵ» بوون. ئەم دێرە ئاماژەیە بە لە دایک بوونی هەوەڵ، تەوەللودی یەکەم، دەسپێکی ژیانی ماددی. مەولەوی لەم «موکاشفە»یەدا بە مۆنۆلۆگ ڕوو دەکاتە خۆی و دەست دەکات بە خود سەرزەنشتی و دەڵێ: تاکەی وەک ساوایەک لە بێشکەی زەماندا، بە دەسرازەی خەمۆکی بەستراویتەوە و قامکی غەفڵەت بە دەمتەوە دەنێی. دەیەوێ خۆی لە نائاگایی و بەفیڕۆدانی مەودای ژیان هایدار بکاتەوە و زەمینە بۆ دۆزە ڕەواکانی «عەقڵییەتی جیهانی» خۆش بکات کە مرۆڤی ئاوەزمەندی (فاعل شناسا)ی لە هەمبەر ئەو گەوهەرەدا دەرەوەست کردووە کە ناوی سووژەی «عەقڵ و ئاوەز»ی مرۆییە کەمتەرخەم نەبێ.

دووباره له بەیتی دووەمدا:

**بازیت پێ وەردەن هەریەک وەلایێ**

**سەدای دایەنان وە لایە لایێ**

دووباره جەختی مەولەوی له سەر سووژەی «ئاوەز، عەقڵ»ی مرۆڤ و ژێدەر بوونی عەقڵییەتی تاک و پارێزکردن له میکانیزمەکانی «نائاگایی» کە بە لایەلایەی بە سۆزی دایە (زرەدایک، نەفس، هێزە پاڵنەرەکانی دەسەڵاتی وەخت) ناوی لێدەبات. له روانگەی «هیگڵ»ەوه تیشکی ئەم ئاوەزە له مێژووی مرۆڤدا، هەمان بەشی خودئاگای «روح»، یان سووژەی «روحی جیهان»ییه(١١).

مەولەوی زوانی شیعری زۆر ساکار، خۆماڵی و شەقامییە. ئەمە یەکێکە له خاڵە ئەرێنییەکانی جوانخاسی شیعری مەولەوی. بەیتی سێیەم بە ناوە دەنگی هۆشیارکەرەوەی «های» کە وشەیەکی زارەکی و فۆلکلۆرییه، دەست پێدەکا.

**«های» نە فەرقش هەن ئەو سەدا و تەئسیر**

**تا ئەو لاوناو ئەو مەزەو ئەو شیر.**

مرۆڤەکان ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێ فره وریا بن سۆزی ئەو لایەلایە و ئەو لاواندنەوه هەڵخەڵەتێنەرە، کاردانەوە هەتاهەتایيه، نەکا ملکەچی ئەم فێڵکارە بن.

له بەیتی چوارەم و پێنجەمدا:

**هەر تفلێ بێ شک نەی بێشک خەفتەن**

**جەی دایە بریان، بەو دایە جفتەن**

**وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان!**

**بریانەوەی تۆیچ سەروەختش ئامان**

بایەخ و بەهاکانی «فەلسەفەی ژیان» دەخاتە بەرچاو و تاکەکان کە خاوەن بەهرەی «ئاوەز»ن، له پووچەڵخوازی و ژیانی بەتاڵ بەرگرییان لێدەکات. میسداقێک بۆ مرۆڤی ئاوەزمەند دەخاتە بەرچاو. دەڵێ هەر زارۆکێک له بێشکەی دەوردا نووستووە، بێ گومان رۆژێک ژیانی روو بە کۆتایی دەڕوات و دەنووسێ بە بەری دایەی قەبرەوه (گۆڕ بەرهەمی ژیانه). دووباره بایەخی ژیان له مێژووی مرۆڤ وەبیرمان دێنێتەوە، مادام ئینسان له بەستێنەی «روحی جیهان»ی نەگاتە «ئاگاهی» ژیانەکەی پووچەڵ دەنوێنێ. له دیدی «هیگڵ»یش «روحی گشتی هەمان سەرچەشنی ئاگاهی ئینسانه»(١٢).

له بەیتی شەشەم و حەوتەمدا:

**ها وە قەفاوە یەند شی بە وێدا**

**چەم پەی بینایی مدیۆ بە وێدا**

**قەزا وە قومار نە پای بەختمەن**

**قامەت حەڵقە بەست وەخت باختمەن**

دووباره جەختکردنە له سەر هەمان سووژەی هۆشیاری، بێداری و ژیانی مەبەستدار کە ژیان ئەوەندەی نەماوە، پشت کۆم بۆتەوە کە دەڕوانێ بە رێدا چاوی هیچ نابینێ، قەزا و قەدەریش وەک قومارچی له مەتەرێزدایه کە جەوهەری ژیانی ئاگاهانەی مرۆڤ بدۆڕێنێ و سامانەکەی بە تاڵان ببات. جەختکردن و تەئکید لەم دێرانەدا، نیشانەی دەروەستی مەولەوییە بە چرکەکانی ژیان و قۆستنەوەی ئامرازەکانی سووژەی «ئاگاهی» و تێگەیشتن له ژیانی مێژینە. مەولەوی وەک مرۆڤێکی پێشاهەنگ و پێشرەو، داوای هۆشیاری کۆیی دەکات بۆ گەیشتن بە «خۆئاگایی». داوا دەکات ملکەچی قوماری قەزا کە دژبەرە لەگەڵ ئۆبژەکانی ژیانیدا، ئاوەزمەندانە چاوبەستراوی نەریتی کۆن و بیری دواکەوتوو نەبێتن، وەک سوهراب سپێهری وتەنی: «چشم ها را باید شست، جور دیگر باید دید...». لێرەدایە بە ڕای من مەولەوی وەک شاعیرێکی ژیر و پێشرەو، بە دیدێکی جیاواز، هێڵە سوور و پاوەنکراوەکان، بە خورپەبەخشی له پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ، دابە رزیو و پێش فەرزەکان و مێشکەبەستەڵۆکی و کلیل دراوەکان، دەبەزێنێ و مرۆڤ بەرەو داوەری سووژەی «عەقڵ و ئاوەز» کە پێوەرێکی پۆزەتیڤی دنیای سەردەمە، رێنموونی دەکات.

له بەیتی هەشتەم و تا دواییدا:

**موتریب سازەکەت، ئۆف! چ وەش تەرز بێ**

**ئی جارەیش وەک دەنگ مەجلیس هەر بەرز بێ**

**تا کوورەی زاریم بڵێسە سانۆ**

**داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ**

**داد ئەدۆ داد شین، مالوومەن لێم**

**دمای وێم پەرێم، هیچ کەس وێنەی وێم**

له پێکداچوون و چنگاوەش بوونی ئاگاهی (تێز) و نائاگاهی (ئانتی تێز)دا، تەک گۆییەکانی مەولەوی قووڵتر دەبێتەوە، باشتر دەڕوانێتە هەناو و میکانیزمی خەلاق. لەم قۆناغە دەروونی – داهێنانەدا، بە شێوەی مۆنۆلۆگ روو دەکاتە مونادای «موتریب» – هێمای دەنگی نۆژەنی و سرووشی روحی تازە– دەخوازێ کە

سـازی خۆشتـەرزی بۆ لێ بدات و ڕوحـە بە خـەفڵـەت چووەکەی بە ئاهەنگی نوێ ببزوێنێ و لە کۆڕی کۆبەستەی یاراندا (ڕەمزی عەقڵی جەماوەر، کۆمەڵگە) بەرز بێتەوە و کوورەی زاری بڵێسە بسێنێ، تا لە بەستێنەی ژیاندا ماوە داخەکانی نەمێنێ، متمانەبەخش بێ بە ژیان، بۆی ڕوونە تەنیا تاک بە پشتبەستن و داوەری ئاوەز و بڕیاری خۆیەتی کە دەتوانێ گۆڕانکاری لە ژیاندا بەدی بهێنێ، ئەگینا دوای مردن شینی هەڤاڵان هیچ سوودێکی بۆ ئەو نییـە، ژێدەر بۆ خـۆی تەنیـا خـۆیەتی و بەس، تا بۆ لـەدایک بـوونـێـکـی تر و تـەوەلـلـودێـکی دووبـارە و سەعادەتێکی نەمری و هەتاهەتایی، بگات بە خولیـای «خۆئاگـایی» ، قـۆناغی سێـیـەمی دیالێکتـیکی هیگڵ «سێنتێز» .

**هەرکەس تەوەللود دووبارەش نیەن**
**ئەڵبەت سعادەت ستارەش نیەن(١٣)**

## ئەنجام

ئەمـە هەر ئەو بیـرۆکـە بوو کـە پێکهێنەری یەکێک لە چەمکە فەلسەفییەکانی «هیگڵ» بوو. «اندیشه اندیشه را می اندیشد و به خوداگاهی می رسد.» (١٤) واتە: ژێدەر بۆ ئەندێشە تەنیا ئەندێشەیە کە ئەندێشەی لێ دەبێتەوە. اگاهی بر جهان خارج، اگاهی از خویشتن است و این مـرحله تازە «خـوداگـاهی» نام دارد(١٥)، یان «اگاهی هر قوم، اگاهی از هستی خویش است» (١٦). واتە: «ئاگاهی هەر تاک و قـەومـێک یانی ئاگاهی لە هەبوونی خـودی ئەو قـەومـە و ئەم قـۆناغـە پێی دەڵێن خودئاگاهی» .

**پەراوێزەکان:**

**١- یۆنانیـیـەکـان شـیـعـریان بە چوار جـۆر دابەش کـردووە: حـەمـاسی (پاڵەوانی، Epic)، غنایی (لیـریکا، Lyric)، تالیـمی و مـۆچیـاریئـامـێـز (تعلیـمی، Etic)، و نمایشی (Dramatic) وادیارە شـاعـیـرانی کـورد تەنیـا بایەخـیـان بە لیـریکا داوە. «لیـریک (غنایی) باسکردن لە باری هەست و عـاتیـفـەی تاکی شـاعـیـرانە، بە مـەرجـێک ئاسـۆی واتاکی دوو چەمکی «هەست» و «تاکی» بەرفـراوان لە بەرچاو بگرین، یانی هەموو باری هەستەکان لە نەرمترین هەست تا زبرترینیان بە هەموو واقیعەکانی ژیانەوە. هەستی تاکی بەو واتا و کە لە ڕوحی شاعیر سەرچاوە دەگرێ و شـاعـیریش تاکێکە لە گلێرگـە و ڕوحیـشی لە هەمبەر هەموو دیاردەکانی گلێرگە بەرپرسیـارە» . (شفیـعی کدکنی، زبان و ادبیات فارسی/ل٦١).**

**٢- مەولەوی ڕۆمی لەم بەیتەدا ئاماژەی بەم عەقڵە گشتییەی کردووە:**

**این جـهـان یک فکرت است از عـقل کل/ عـقل شـاه است و صورت ها رسل**

**(بەلخی مەولەوی، مەسنەوی، دەفتەری دووەم/ بەیتی ٩٧٨).**

**واتە: ئەم جیهانە بیرۆکەی عەقڵێکی گشتییە. عەقڵ سوڵتانە و وێنەکان (شتەکان) ڕەسووڵەکانن.**

**یان ئەم بەیتە: کل عـالم صـورت عقل کل است/ کـوست بابای هر انک اهل قُل است (همایی/٤٧٣)**

**واتە: کۆی ئەم جیـهانە وێنایەکی عەقڵی گشـتییـە، هەر ئەوە باوک و سەروەری ئەو کەسەی کە ئەهلی «قول، بلێ»یێیە.**

**٣- «مـینە» واژەیەکی کـۆنی ئاوێستـاییـە بە شێـوەی(Man) هاتووە و لە پاڵەویشـدا وەک (Men) بە مـانـای «ئەندێشـە» هاتووە. (ساقیب فر/٣٥٩).**

**٤- ساقیب فر/ ١٢-٨.**

**٥- و.ت.ستیس/ ج٢، ٤٨٦.**

**٦- قایمی نیا/٤٣-٤٤.**

**٧- تاوەگۆزی مەولەوی/٤٤٩.**

**٨- ئاقاجانی، گۆڤاری نافە، ژمارە٧-٦-٥.**

**٩- سەفەوی/ش ٣٨-٣٧، ل٣٥.**

**١٠- ئاقاجانی/٧-٦-٥.**

**١١- ساقیب فەڕ/١٠.**

**١٢- هەمان/١٠.**

**١٣- تاوەگۆزی مەولەوی/٢٧٩.**

**١٤- ساقیب فەڕ/١٠.**

**١٥- و. ت. ستیس/ ج٢، ل٤٨٥.**

**١٦- هەمان/١١.**


**سەرچاوەکان:**

**(١) ئاقاجانی شەمس، گۆڤاری نافە، ژمارە ٧-٦-٥**

**(٢) ایوب ڕستم، یارسان، سلێمانی، مەلبەندی ڕۆشنبیری هۆرامان، چاپی دووەم، ٢٠٠٦ز.**

**(٣) بەلخی مەولەوی (ڕۆمی)، مەسنەوی مەعنەوی، دەفتەری دووەم، ڕینولد.ا.نیکلسون، ئینتیشاراتی ئەمیر کەبیر، تاران ١٣٦٣ ک.هـ.**

(٤) بهار ملک الشعرا، سبک شناسی شعر یا تاریخ تطور شیعر فارسی، به کوشش علیقلی محمودی بختیاری، تهران، مؤسسه مطبوعات علمی، خرداد ۱۳٤۷ ه.ش.
(٥) تاوەگۆزی مەولەوی، دیوانی شیعر، لێکدانەوەی مدرس عبدالکریم، مەهاباد، چاپ صەیدیان، ۱۳٦٤ه.ش.
(٦) جەمال رەشید ئەحمەد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری، بەغداد ۱۹۸۸ ز.
(۷) ساقیب فەڕ مرتضی، شاهنامه فردوسی و فلسفه تاریخ ایران، انتشارات قطره- معین، تهران ۱۳۷۷ ک.ه.
(۸) سەفەوی کورش، گۆڤاری فرهنگ توسعه، سال هفتم، رەشەمەی ۱۳۷۷، ژ ۳۸-۳۷، ل ۳۵ شفیعی کدکنی د. م رەزا، تازیانه های سلوک، انتشاراتی اگاه.
(۹) شفیعی کدکنی د.م رەزا، زبان و ادبیات فارسی عمومی، نشر چشمه، چاپ هفدهم، تهران، نشر چشمه، ۱۳۸۲ه.ش.
(۱۰) صفی زاده صدیق، مێژووی وێژەی کوردی (تاریخ ادبیات کردی) ج۱ و ۲، بانه، انتشارات ناجی، ۱۳۷۰ه.ش.
(۱۱) قایمی نیا علی رەزا، متن از نگاه متن، انجمن معارف اسلامی، پاییز سال ۱۳۸۰ ه.ش.
(۱۲) محەمەدپوور عادڵ، خانەبەندی شیعر کوردی هۆرامی لە دەسپێکەوە تا ئەمڕۆ (ادوار شعر کردی هورامی از اغاز تا به امروز)، ئامادەی چاپ.
(۱۳) محەمەدپوور عادڵ، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، پەخشکاری ئیحسان تاران، ۱۳۸۸ ک.ه.
(۱٤) محەمەدپوور عادڵ، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا ....، بە هاوکاری مەڵبەندی رۆشنبیری هۆرامان سلێمانی، چاپخانەی بابان، ۲۰۰۸ز.
(۱٥) محەمەدپوور عادڵ، وتاری هورمزگان سەرەتای دەسپێکی مێژووی شیعری کوردی، رامان، ساڵی دوازدەم، ژمارە ۱۲۹، ۲۰۰۸م.
(۱٦) و. ت. ستیس، فلسفه هگل، ترجمه دکتر حمید عنایت، ج۱،۲، چاپخانه سپهر، تهران ۱۳۷۰ک.ه.
(۱۷) همایی جلاالدین، مولوی نامه، بخش اول، موسسه انتشاراتی اگاه، تاران ۱۳٦۲ ک.ه.
(۱۸) هۆرامی صەیدی، دیوانی شیعر، محمد امین کاردۆخی، سلێمانی، چاپخانەی کامەران، ۱۹۷۱م.
(۱۹) یاسمی رشید، کرد و پیوستگی های نژادی و تاریخی او، تهران، انتشارات امیر کبیر، ۱۳٦۳ه.ش.

# مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی
# لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا

**ڕێبین خەلیل قادر**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

ئەم مێتۆدە ڕەخنەییە کۆنترین مێتۆدی ڕەخنەییەو مێژوویەکی کۆنی هەیەو لە بڵاوترینی مێتۆدە ڕەخنەییەکانە. لە ئەوروپا مێژووەکەی بۆ سەدەی شازدە تا سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە، کاتێک ڕەخنەگر و نووسەرە ئەوروپییەکان هەوڵیاندا لەژێر ڕوانگەی مێژووەوە لە هونەرو جۆرەکانی بکۆڵنەوە.«١» سەردەمی زێڕینی ئەم جۆرە ڕەخنەیە سەدەی نۆزدەیە، لەم سەدەیەدا کۆمەڵێک هۆکار دەوریان لە پەرەسەندنی ڕەخنەی مێژووییدا هەبوو، بەتایبەتی دەرکەوتنی ڕەخنەگرێکی وەکو (سانت بیڤ) کە بەیەکێک لە ڕابەرانی ڕەخنەی مێژوویی دادەنرێت، هەروەها بزاڤی ڕۆژنامەنووسی هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی ڕەخنەی مێژوویی بوو، چونکە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوکات بڵاودەکرانەوە، لەلایەکی تر زانکۆکانی ئەوروپاش گرنگی تایبەتیان بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەدا.«٢» ئیتر وردە وردە ڕەخنەی مێژوویی بە وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبووەوە، بەتایبەتیش فەرەنساو ئەڵمانیا.

ڕەخنەی مێژوویی گرنگییەکی تایبەتی بەمێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر سەردەمێک، یان هەر نووسەرێک دەدات، چونکە «زانینی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر ئەدەبێک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ئەدەبە و ناسینی و تێگەیشتنی و لێکدانەوەی پێویستە، زۆرجار تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی پێش لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی فراوان بۆ ڕووداو و بارودۆخ و هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە باکگراوندی دەقەکەن، کارێکی ئەستەمە».«٣»

لەبەرئەوەی ڕەخنەگرانی سەر بەم مێتۆدە ڕەخنەییە پێیان وایە کە ئەدیب کوڕی ژینگەو سەردەمەکەیەتی و ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسەری هەیەو ئەدەبیش بەرهەمی بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارانەو بە پێچەوانەشەوە کاریان تێدەکات.«٤» بۆیە ڕەخنەگرانی سەر بە ڕەخنەی مێژوویی وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەکەن، بڕوایان وایە کە دەقی ئەدەبی جیهانێکی سەربەخۆیان بەتەنیا بنیاتێکی زمانی نییە، بەڵکو ڕاستییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیشە،«٥» چونکە دەقی ئەدەبی پڕیەتی لە ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەمەش هەندێک لایەنی شاراوەی دەقەکە ڕوون دەبێتەوە.

لەلایەکی ترەوە دەتوانین بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمێک، پشت بە ئەدەب (دەقی ئەدەبی) ببەستین«٦»، چونکە ئەدەبی هەر میللەتێک گوزارشتێکی ڕاستەقینەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەو سەرچاوەی مێژووەکەیەتی.«٧» لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم مێتۆدە گرنگی بە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەدات، چونکە وەکو بەڵگەنامەیەکی گرنگ

بۆ لێکدانەوەی مێژوو و کۆمەڵگا سەیر دەکرێت، کە پڕ بێت لە زانیاری و ڕووداوی جیاواز.«٨» کەواتە دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی ڕەخنەی مێژووییەوە جیهانێکی سەربەخۆ نییە، ناکرێت لە دەقێکی ئەدەبی بکۆڵینەوە، بەبێ ئەوەی لەو هۆکارە دەرەکییانە بکۆڵینەوە کە دەورێکی سەرەکییان لە پێکهێنانی دەقەکەدا هەبووە، بۆیە دەبێت گرنگی تایبەتی بە بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی ئەو سەردەمە بدرێت کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە.

ڕەخنەی مێژوویی لەکاتی لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبیدا، پشت بە بابەتی بوون دەبەستێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە زیاتر جەخت لەسەر ڕاستییە مێژووییەکان دەکاتەوە کە بەرهەمی بابەتی بوونن، هەروەها بە ڕەخنەی لێکدانەوەش دادەنرێت، چونکە وەکو واقیعێکی دیاریکراو دەڕوانێتە دەقی ئەدەبی و هەوڵی لێکدانەوەی لەژێرکاریگەری هۆکارەکانی (ڕەگەز، ژینگە، کات ( سەردەم) دەدات، هەروەها نرخی دەقی ئەدەبی (لە ڕەخنەی مێژووییدا) لەوەدایە کە ڕەخنەگرانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لە دەق دەکۆڵنەوە و پێیان وایە هەموو دەقێکی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەیەتی و هەڵقوڵاوی مێژوو و کۆمەڵگای ئەو سەردەمەیە.«٩»

دەکرێت بڵێین ڕەخنەی مێژوویی لە زۆر بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا دەردەکەوێت:

* لێکۆڵینەوە لە هەندێک لایەنی پەیوەست بەخودی دەقەوە، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی دەقەکەو گێڕانەوەی بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی و لێکۆڵینەوە لە مێژووی دەقەکە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو زیادەو کەموکورییانەی لە ماوەی نووسینەوەیدا تێی کەوتووە، دیاریکردنی ئەو قۆناغەش کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە.

* لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی سەردەمێکی دیاریکراو، یان لێکۆڵینەوە لە ڕێبازێکی ئەدەبی لەسەردەمێکی دیاریکراو و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی و دەستنیشانکردنی شوێنی ئەم ئەدەبە، یان ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە ڕەوتی مێژووی گشتی و شوێنی لە مێژووی ئەدەبدا، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئەو سەردەمە.

* لێکۆڵینەوەی هونەرێکی دیاریکراو لە هونەرەکانی ئەدەب لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا، یان ئاراستەیەکی هونەری دیاریکراو، یان قوتابخانەیەک لە قوتابخانە هونەری و فیکرییەکان.

* لێکۆڵینەوە لە ئەدیبێک لە ئەدیبەکانی سەردەمێکی دیاریکراو و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبەکەی، ئەمەش بە پشت بەستن بە ژیانەکەی و ڕووداوو بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەردەمەکەی.

* لێکۆڵینەوە لە دەقێکی ئەدەبی، دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی، بەپشت بەستن بە مێژووی ئەو دەقەو هۆی دانانی دەقەکەو ژیانی دانەرەکەی و بارودۆخی گەشەکردنی و ئەو هۆکارە دەرەکییانەی دەوریان لە پێکهێنانی دەقەکەدا هەبووە.

* بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییەکان و جیاکردنەوەی دەقە ڕەسەنەکان لە دەقە لاساییکەرەوەکان، جیاکردنەوەی دەقی باش لە دەقی خراپ.

* پۆلینکردنی دەقە ئەدەبییەکان بەپێی قوتابخانەو جۆرو ڕێبازە ئەدەبییەکان.«١٠»

ئەمانە جۆری ئەو لێکۆڵینەوانەن کە دەچنە ژێر میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە.

جۆرێک لە تێکەڵی لە نێوان هەر سێ جۆری (ڕێبازی) ڕەخنەی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی)دا هەیە، چونکە پێوەندییەک ئەمانە لە ڕەخنەی مێژوویی نزیک دەکاتەوە. بۆ نموونە بەلای هەندێک ڕەخنەگرەوە هەردوو ڕەخنەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، یەک میتۆدی ڕەخنەیین، ئەمەش بۆ سێینەکەی (هیپۆلیت تین) دەگەڕێتەوە، کە هەندێکیان چەمکی (ژینگە)یان بە چەمکە کۆمەڵایەتییەکەی وەرگرتووە و بەسەر دوو ڕەگەزەکەی تر (ڕەگەز، سەردەم)یاندا زاڵ کردووە، هەروەها بۆچوونەکانی (سانت بیڤ) لە بابەت ژیانی نووسەرەوە، بۆتە هۆی لێک نزیک بوونەوەی هەردوو ڕەخنەی مێژوویی و دەروونی، چونکە هەردووکیان سوودیان لە ژیاننامەی نووسەر وەرگرتووە.«١١» کە بەلای ڕەخنەی مێژووییەوە وەکو کۆمەڵێک زانیاری مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کەچی بەلای ڕەخنەی دەروونییەوە ئەم زانیارییانە لە ڕووی دەروونییەوە سوودیان لێوەردەگیرێت، بە مەبەستی شیکردنەوەو تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی دەروونی نووسەرەکەی.

(هیگڵ)ی فەیلەسوفی ناوداری ئەڵمانی دەورێکی سەرەکی لە دانانی بەردی بناغەی ڕەخنەی مێژووییدا

هەبووە. ئەو پەیڕەوی پێوەری مێژوویی لە ڕەخنەی ئەدەبی و هونەردا کردووە. ئەو پێی وایە لە کاتی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا دەبێت ڕەچاوی (کات و شوێن)ی بەرهەمەکە بکەین، چونکە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بۆ کات و ژینگەی خۆیان نەگەڕێنرێنەوە، ئەوە تێگەیشتن و شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان تا ڕادەیەک ئەستەم دەبێت، چونکە ئەوکات بەرهەمەکە واتای تەواو نابەخشێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین مێژوو هونەر لێک ناداتەوە، بەڵکو ئەوە هونەرە زیادەیەک دەخاتە سەر مێژوو. کەواتە پێوەرە مێژووییەکەی (هیگڵ) بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لەژێر کاریگەری کات و ژینگەی سەرهەڵدانی لێک دەداتەوە.«١٢» ئەم بۆچوونانەی (هیگڵ) دواتر کاریگەرییان لەسەر ڕەخنەگرانی ڕەخنەی مێژوویی هەبوو، بەتایبەتیش (تین).

(سانت بیڤ- Saint Beave - ١٨٠٤- ١٨٦٩)

یەکێکە لە ڕەخنەگر و ڕابەرانی ڕەخنەی مێژوویی، لەنێوان سالآنی (١٨٤٩) تا (١٨٦١) هەموو ڕۆژانی دووشەممە لە ڕۆژنامەکاندا وتاری ئەدەبی بڵاودەکردەوە، هەموو ئەو وتارانەش دواتر لە کتێبی (ئاخاوتنەکانی دووشەممە))دا کۆکرانەوەو بڵاوکرانەوە.«١٣» (سانت بیڤ) لە هەردوو کتێبی (ئاخاوتنەکانی دووشەممە) و (ئاخاوتنەکانی دووشەممەی نوێ)دا داوای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ژیانی ئەدیبەکانی دەکرد. لێکۆڵینەوەیەک پێوەندی ئەدیبەکان بە نیشتیمان و گەل و سەردەم و باوک و دایک و خێزان و پەروەردەو ڕۆشنبیری و پێکهاتەی ماددی و جەستەیی و تایبەتمەندی دەروونی و عەقڵی و پێوەندییان بە هاوڕێ و ناسیاوانیان دەربخات، لەگەڵ زانینی هەرچی پێوەندی بە دابونەریت و بیرەوە هەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ زانینی ئەوکاتانەی ئەدیبەکان تێیدا سەرکەوتوو، یان تووشی تێکشکان بوون... تاد.«١٤» (سانت بیڤ) گرنگی بە ژیانی نووسەر (ئەدیب) داوە، هەوڵی داوە لێکۆڵینەوەیەکی وردو زانستی لەسەر ژیاننامەی نووسەرەکان ئەنجام بدات (ئەمەش لە پێناوی گەیشتن بە کۆمەڵێک هۆکاری گشتی هاوبەش تا لەگەڵ ئەدیبەکانی تر کە لەیەک ژینگەو سەردەمن یەکیان بخات، یان دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە وایان لێدەکات سەر بەشێوازێکی ئەدەبی، یان بیری دیاریکراو بێت)«١٥». لێکۆڵینەوە لە ژیانی ئەدیب هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان، چونکە ڕەخنەگرانی ڕەخنەی مێژوویی (تێبینی ئەوەیان کردبوو کە دەروونی ئەدیب ئەو سەرچاوەیەیە کە بەرهەمە ئەدەبییەکەی لێوە دەردەچێت، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لەم دەروونە بکرێت تا لێی تێبگەین، ناکرێت لەو کتێبەی کە دانراوە، یان ئەو شیعرەی کە هۆنراوەتەوە بە باشی تێ بگەین، تا لە دەروونی دانەرەکەی تێنەگەین...)«١٦». بۆیە (سانت بیڤ) لە هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئەدیبەکانی دەکۆڵییەوە، لە ڕووی کەسێتی و خێزان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی جەستەیی و تەندروستی و... تاد، تا بە هۆیانەوە بەرهەمەکانیان لێکبداتەوە.«١٧» لێرەوە ژیاننامە (بیۆگرافیا- Bio-graphia) سەری هەڵداو لەناو ئەدەبیاتی ئەوروپادا پەرەی سەندو گرنگی پێدراو بوو بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەستکەوتنی زانیاری گرنگ و نهێنی لە بارەی ژیانی ئەدیبەکانەوە.

(بیڤ لە لێکۆڵینەوەکانیدا داوای پڕاکتیزەکردنی یاساکانی زانستی ڕووەکناسی بەسەر ئەدەبدا دەکرد، هەوڵی داوە لێکۆڵینەوەکانی بخاتە ژێر باری میتۆدە زانستییەکانەوە، هەروەکو چۆن زاناکان ڕووەکەکانیان پۆلین کردووە، ئاواش (بیڤ) هەوڵی پۆلین کردنی ئەدیبەکانی داوە، ئەمەش بە گوێرەی زانینی ئەو تایبەتمەندییانەی کە خاڵی هاوبەش و جیاوازی لە نێوان ئەدیبەکاندا پێکدەهێنن.«١٨» هەروەها ڕەخنەی توند لە لێکۆڵینەوەکانی (هیپۆلیت تین) دەگرێت و پێی وایە کەسێ ڕەگەزەکەی (تین) لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن.«١٩» گوایە (تین) باسی ڕەگەزێکی گرنگی نەکردووە، کە ژیانی ئەدیبەکانە، چونکە ئەمە وا دەکات سروشتی ئەدیبەکان لە یەکتر جیا بن.

(هیپۆلیت تین - ١٨٢٨- ١٨٩٣) لەژێر کاریگەری چەمکی مێژوویی جوانی فەلسەفەکەی (هیگڵ)دا بوو، بۆیە دەکرێت بڵێین (تین لە جەوهەردا هیگڵی بوو).«٢٠» هەرچەندە مەبەستی (هیگڵ) ئەوەبوو کە لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لەژێر ڕۆشنایی مێژوو بکۆڵینەوە، واتە بەرهەمەکان بۆ ڕەوتی مێژوویی خۆیان بگەڕێنینەوە، کەچی چەمکی (مێژوو) بەلای (تین)ەوە جیاواز بوو، چونکە مەبەستی (تین) ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەرهەمەکەی لێوە بەرهەم هاتووە، بۆیە لە کاتی

لێکۆڵینەوەدا دەبێت زۆر بەوردی ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگاکەو سەردەمەکەو بارودۆخی بیری و ئاکاری بین، چونکە هونەرەکان (جۆرەکانی ئەدەب و هونەر) بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەون و پەرەدەسێنن و پاشان ون دەبن، لە کاتێکدا هەندێک بارودۆخی بیری و ئاکاری هەن، کە هەندێک جۆری هونەرەکان پێیانەوە پەیوەستن، بۆ نموونە ژانری (تراژیدیا) لەگەڵ سەربەخۆیی شارەکانی یۆنان (دەوڵەتی شار) سەری هەڵداو پەرەی سەندو لەگەڵ ڕووخانی شارەکانیشدا ون بوو.«٢١» بۆیە دەبینین (تین) هەوڵی داوە لەسەر شێوازی زانایەکی پۆزەتیڤیزمی (وضعي) لە ئەدەب و هونەر بکۆڵێتەوە، تاوەکو ئەو یاسایانەی کۆنترۆڵی پەرەسەندنی ئەدەب و هونەر دەکەن، بدۆزێتەوە، بۆیە خۆی لە لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە ڕێگەی زیرەکی تاکی داهێنەرەوە بە دوورگرتووە.

(تین) توانی ئەم میتۆدەی خۆی لەسەر سێ گرفتی جوانی پەیڕەو بکات، کە خۆیان لە (کرۆکی بەرهەمی هونەری، یان ئەدەبی و پێکهاتەو بەها)دا دەبینییەوە. خاڵی کارکردن لای (تین) ئەوەبوو کە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری واقیعێکی تاکی گۆشەگیر نییە، بەڵکو وەکو دیاردەیەک پەیوەستە بەدیاردەکانی ترەوە، کە بەرهەمەکان لێکدەدەنەوە، «٢٢» واتە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دەکەونە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ئەم هۆکارانە دەورێکی گرنگیان لە پێکهێنانی ئەدەب و هونەردا هەیەو بە گۆڕانی ئەم هۆکارانەش گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئەدەب و هونەردا ڕوودەدات.

لێکۆڵینەوەکەی (تین) بە سێینەی «ڕەگەزو ژینگەو سەردەم (کات)» بەناوبانگە، بە بڕوای ئەو هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لەژێر کاریگەری ئەم سێ هۆکارە مێژووییە سروشتییەدایەو ئەمانە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەخودی ئەدیب و بەرهەمەکەیەوە هەیە، «لەبەرئەوە کاریگەری خۆیان لەسەر ئەدەبەکە جێ دێڵن و ئەدەبەکەش بە بەرهەمی کاریگەری ئەم هۆکارانە دادەنرێت).«٢٣» بۆیە هەموو ئەدیب و بەرهەمێکی ئەدەبی (دەقی ئەدەبی) دەخاتە ژێر باری ئەم سێ هۆکارە و بە پێچەوانەی (سانت بیڤ)ەوە گرنگییەکی ئەوتۆ بۆ ژیانی ئەدیبەکە دانانێت. ئەم سێ هۆکارەش سەرەڕای پێوەندییان بە مێژوو و سروشتەوە، پێوەندییان بە لایەنی دەروونیشەوە هەیە.

(تین) لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی) ئامۆژگاری مێژوونووسان (بەتایبەت مێژوونووسانی ئەدەب و هونەر) دەکات، کە لەم هۆکارە مێژوویی و دەروونی و سروشتییانە بکۆڵنەوە، چونکە هەموو تایبەتمەندییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەرییەکانی هەر نەتەوەیەک بۆ ئەم سێ هۆکارە دەگەڕێتەوە. تین ئەم سێ هۆکارەی ناوناوە:

* ڕەگەز.
* ژینگە.
* سەردەم (کات)«٢٤».

(تین) ئەدەبی ئینگلیزی کردووە بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەی، تێیدا باسی ڕەگەزی میللەتی ئینگلیزی کردووە، پاشان لە باسی هەر ئەدیبێکدا باسی بارودۆخی کاتی و شوێنی کردووە.«٢٥» مەبەستی ئەو لە (ڕەگەز) «.... ئەو سیفەتە بۆماوەییانەیە کە ئەدیب لە گەلەکەیەوە بە دەستی هێناوە»«٢٦». پێی وابوو کە ڕەگەز کۆمەڵێک سیفاتی بۆماوەیی و تایبەتمەندی گشتییە و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانین و گوزارشتکردن و شێواز و...تاد هەیە. بەهۆی ئەم کاریگەرییەوە ئەدەبی هەر نەتەوەیەک تایبەتمەندی خۆی دەبێت لە جۆری تێڕوانین و دەربڕین و شێوازی دەربڕیندا، بۆ نموونە ڕەگەزی (ئاری) کۆمەڵێک سیفاتی بۆماوەیی هەیە و لە ڕەگەزی (سامی) جیای دەکاتەوە، هەروەها لە ژێر ڕەگەزی (ئاری) و (سامی)یشدا کۆمەڵێک ڕەگەزی تر هەن، ئەمانیش لەگەڵ یەکتر جیاوازن، ئەم سیفەتانەش لە ئەدەبی هەریەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە.«٢٧»

(ژینگە)ش بریتییە لەو شوێنە جوگرافییەی کە ئەدیبەکەی تێدا دەژی، تێکەڵییەک لەنێوان ئەدیب و خەڵک و سروشت و کەشوهەوای ئەو ژینگەیە ڕوودەدات و کاریگەری لەسەر ئەدیب و بەرهەمەکانیدا دەبێت، چونکە نەک هەر ئەدیب، بەڵکو هیچ مرۆڤێک ناتوانێت دوور لە خەڵک و کۆمەڵ و بەشێوەیەکی گۆشەگیر ژیان بەسەر ببات.«٢٨» ئەمەشیان هۆکاری دووەمە لای (تین) و بەهۆکارێکی گرنگ بۆ دیاریکردنی جیاوازی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک دادەنرێت، چونکە ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خودی ئەدیب و بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەیە و کار لە شێوازی دەربڕین و وشە و زاراوە و وێنە و..تاد دەکات، بۆ نموونە ئەدەبی ژینگەیەکی بیابانی جیاوازی لەگەڵ ئەدەبی ژینگەیەکی شاخاوی، یان شارستانیدا هەیە.

هۆکاری سێیەم لای (تین) بریتییە لە کات (سەردەم)،

مەبەست لێی ئەو بارودۆخە سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەری و ئایینییەیە«٢٩» ، کە ئەدیبەکە تێدا ژیاوە. لێکۆڵینەوە لەو سەردەمەی کە ئەدیبەکەی تێدا ژیاوە، یان ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەی کە لەو سەردەمەدا دەرکەوتووە، گرنگ و پێویستە، چونکە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاکەرەوە بە ئەدەبەکە دەبەخشێت و لە ئەدەبی سەردەمێکی تری جیادەکاتەوە. گۆڕانی بارودۆخی هەر سەردەمێک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدیب و ئەدەبەکەی دەبێت، چونکە هەر سەردەمێک مۆرکێکی تایبەتی خۆی هەیە.

(تین) نموونەی شانۆگەری کلاسیزمی فەرەنسی سەردەمی (کۆرنێی) و سەردەمی (ڤۆڵتێر)، یان هونەری ئیتالی سەردەمی (لیۆناردۆ داڤینشی) و (لوگوید- ١٥٧٥- ١٦٤٢) دەهێنێتەوە و بەراوردیان دەکات، یان جیاوازییەکانی نێوان (ئەسخیلۆس) و (یۆرپیدیس)، (لوکریتیۆس) و (کلۆدیان) دەردەخات.«٣٠» بەم جۆرە (تین) لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا پشتی بەم سێ هۆکارە بەستووە و باوەڕی وابوو ئەم هۆکارانە لە پێکهێنانی کەسێتی ئەدیب بەشدارن و جۆرێک لە تایبەتمەندی پێدەبەخشن.

(فێردیناند برۆنتییر- ١٨٤٩- ١٩٠٦) یەکێکە لە ڕەخنەگرانی سەر بە ڕەخنەی مێژوویی. ئەو ڕۆشنبیرییەکی فراوانی هەبووە، زۆر حەزی بە خوێندنەوەی زانستەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی دەکرد، تەنیا لە ڕوانگەی ڕەخنەوە سەیری ئەدەبی نەدەکرد، بەڵکو وەکو بیرمەند و فەیلەسووفێکیش مامەڵەی لەگەڵ ئەدەبدا دەکرد«٣١». لەژێر کاریگەری تیۆری (گەشەسەندن- پەرەسەندن)ی (چارلز داروین)دا بوو، هەوڵی پراکتیزەکردنی تیۆرەکەی (داروین)ی لەسەر ئەدەبدا دەدا، چونکە پێش ئەو (سپنسەر) هەمان تیۆری لەسەر زانستەکانی ئاکار و کۆمەڵناسی و دەروونناسی پراکتیزەکردبوو و توانیبووی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. (برۆنتییر)یش ویستی هەمان هەوڵی (سپینسەر) لەسەر ئەدەب جێبەجێ بکات«٣٢». لە ساڵی (١٨٩٠) کتێبێکی بەناوی (گەشەسەندنی جۆرە ئەدەبییەکان) بڵاوکردەوە و تێیدا ئەدەبی بۆ دوو بەشی (شیعر و پەخشان) دابەش کرد و هەر بەشێکیان چەند جۆرێکی ئەدەبی لێدەبێتەوە، ئەم جۆرانەش (وەکو جۆرەکانی گیانەوەر لای (داروین) لە دایک دەبن و گەشە دەکەن و زۆر دەبن، لە سادەییەوە بۆ ئاڵۆزی، تا دەگەنە پلەی پێگەیشتن، دواتر بەرەو نەمان دەچن«٣٣». تیۆرەکەی لەسەر سێ ژانری ئەدەبی تاقیکردەوە، ئەوانیش هەریەکە لە شانۆگەری و شیعری لیریکی و ڕەخنەی ئەدەبی بوون. لە ساڵی (١٨٩٠) کتێبی (گەشەسەندنی ڕەخنە)ی نووسی، لە ساڵی ١٨٩٢) کتێبی (سەردەمەکانی شانۆگەری فەرەنسی) و لە (١٨٩٤) کتێبی (گەشەسەندنی شیعری لیریکی لە سەدەی نۆزدەمدا) لە دوو بەرگدا نووسیوە، هەروەها (مێژووی ئەدەبی فەرەنسی) لە پێنج بەش و کتێبێکیش لەسەر ڕۆماننووسی ناودار (ئۆنۆری دو بەلزاک) و کتێبێکیشی لەسەر (لێکۆڵینەوە لە سەدەی هەژدەم کە دوای مردنی لە ساڵی (١٩١١)دا بڵاوکرایەوە، دوو کتێبیش لە بابەت گوتاربێژی ئایینی (بوسویێ) و (چیرۆکی سروشتی) نووسیوە.«٣٤». ئەمانە بەرهەمی چەند ساڵەی کارکردنی (برۆنتییر)ن لە بواری ئەدەب و ڕەخنەدا. ئەو لە چۆنێتی سەرهەڵدانی ژانرە ئەدەبییەکانی کۆڵیوەتەوە و ئەو هۆکارانەشی دیارکردووە کە دەوریان لە پێکهێنان و گەشەسەندنی ژانرەکاندا هەبوو، هەروەها جیاوازی و تایبەتمەندی هەر ژانرێکی ڕوون کردۆتەوە، پاشان باسی چۆنێتی گەشەسەندنی هەر ژانرێک تا پلەی پێگەیشتن و دواتر بەرەو نەمان و لەناوچوون کردووە. بۆ ئەمەش سوودی لە بنەماکانی تیورەکەی (داروین) وەرگرتووە.

– ئەو پێی وایە کە هەر یەکە لە ژانرە ئەدەبییەکان (جۆرە ئەدەبییەکان) جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، هەر ژانرێک لەسەردەمێکی دیاریکراودا سەرهەڵدەدات و دواتر بە تێپەڕبوونی کات لەناو دەچێت، پاشان لە پێوەندی نێوان ژانرە جیاوازەکانی کۆڵیوەتەوە، لەمانەش پێوەندییە مێژوویی و هونەری و زانستییەکان. مەبەستی لە پێوەندییە مێژووییەکان ئەوەیە ئایا دەرکەوتنی ژانرەکان ڕێکەوتە، یان لە ئەنجامی دەرکەوتنیانە بەهۆی یەکترییەوە (واتە یەکێکیان لەناو دەچێت و یەکێکی تر شوێنی دەگرێتەوە). مەبەستیشی لە پێوەندییە هونەرییەکان بریتییە لە پێوەندی وێنە هونەرییەکان لەنێوان ژانرەکاندا (بۆ نموونە چیرۆکی هونەری لە حیکایەت پەرەسەندووترە). مەبەستی لە پێوەندییە زانستییەکانیش ئەو یاسانەیە کە کۆنترۆڵی پێوەندی نێوان ژانرە ئەدەبییەکانیان کردووە«٣٥» ، بەڵام هەندێک لە بۆچوونەکانی جۆرێک لە هەڵە و نەشارەزاییان تێدایە، چونکە بۆ نموونە لەبارەی گەشەسەندنی شیعری لیریکییەوە، پێی وایە ئەم جۆرە شیعرە لە گوتاری ئایینی

گوتاربێژە ئایینییەکانی گۆڕستانی کەنیسەکانەوە لە سەدەی حەڤدەمدا سەری هەڵداوە، بە تایبەتیش لای گوتاربێژانی وەک (بوسۆیێ) و (بۆردالۆ)، پاشان لە سەدەی نۆزدەمدا بۆ شیعری لیریکی گۆڕاوە.«٣٦» ئەمەش هەڵەیە، چونکە بارودۆخێکی تایبەتی مێژوویی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم جۆرە شیعرەیە، نەک گوتاری ئایینی.

(گوستاف لانسۆن- ١٨٥٧- ١٩٣٤) لەژێر کاریگەری (تین و برۆنتییێر)دا بوو، بیرۆکەی (ژینگە)ی لە (تین) و بیرۆکەی (مێژوو)ی لە (برۆنتییێر) وەرگرت، بە بڕوای ئەو زانست تەنیا هۆکارێکە بەهۆیەوە لە بەرهەمی ئەدەبی بگەین، مێژووش ڕێگەی تێگەیشتنی شتەکان و لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانمان پێدەدات. چێژیش بڕیار لەسەر شتەکان دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا کە خودییە و بە گوێرەی مرۆڤەکان دەگۆڕێت.«٣٧» هەروەها لە بابەت دەقی ئەدەبییەوە کۆمەڵێک پرسیاری گرنگی ورووژاندووە (کە دەبێت لێکۆڵەر ئاگاداریان بێت)، لەوانەش: ئایا ئەو دەقەی خراوەتە پاڵ کەسەکە (نووسەرەکە)، ڕاستە، یان نا؟ ئایا دەقەکە هیچ گۆڕان و شێواندنێکی پێوە دیارە، یان زیادە و کەموکورتی هەیە؟ مێژووی دانانی دەقەکەیە؟ لە کاتی چاپی یەکەمی تا دواچاپی دەقەکە چۆن گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟ چۆن واتای وشە و زاراوە و ڕستەکان لێک دەدرێتەوە و دواتر واتای ئەدەبی دەقەکە شی دەکرێتەوە؟ پرسیار لە دانەری دەقەکە دەکرێت، کە وەڵامی چ جۆرە بابەتێکی ناو کۆمەڵگای داوەتەوە، دواتر لە سەرچاوە و کەرەستەی بابەتەکە دەکۆڵرێتەوە؟ ئایا دانەرەکە سەرکەوتووە، یان نا؟ بە چ کاریگەر بووە؟... تاد.«٣٨» (لانسۆن) پێی وایە کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی و داهێنەرەکەی، ئەوە زۆر لایەنی شاراوەی دەقەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و وەڵامەکان دەبنە ڕێ نیشاندەرێک بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردتر.

**پەراوێزەکان:**

**١- د. محمد عبدالمجيد، النص الادبي بين اشكالية الاحادية و الرؤية التكاملية، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٤، ص٧٨.**

**٢- د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٧٩، ص٣٩٨.**

**٣- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، دارالفكر، دمشق، ٢٠٠٧، ص٢٣.**

**٤- د. فائق مصطفى و د. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، مديرية دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٩، ص١٦٩.**

**٥- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٢٤.**

**٦- د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ص٤٠١.**

**٧- أحمد الشايب، اصول النقد الادبي، ط٨، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٣، ص٩٣- ٩٤.**

**٨- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٢٨.**

**٩- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.**

**١٠- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨-٢٩.**

**١١- د. محمد عبدالمجيد، النص الادبي بين اشكالية الاحادية و الرؤية التكاملية، ص٨٠- ٨١.**

**١٢- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، دارالكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣، ص٨٢- ٨٣.**

**١٣- كارلوني و فيللو، تطور النقد الادبي في العصر الحديث، ت: جورج سعد يونس، دار مكتبة الحياة للطباعة والنشر، بيروت، د. س. ط، ص٣٥.**

**١٤- د. شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، أصوله، مصادره)، ط٥، دارالمعارف، القاهرة، د. س. ط، ٨٦.**

**١٥- د. سمير سعيد حجازي، النقد العربي وأوهام رواد الحداثة، ط١، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٠٢.**

**١٦- أحمد أمين، النقد الادبي، ط٤، دارالكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٧، ص٢٦.**

**١٧- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٢٥- ٢٦.**

**١٨- د. يوسف خليف، مناهج البحث الادبي، دارغريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٢٥، هەروەها بڕوانە: د. سمير سعيد حجازي، النقد العربي وأوهام رواد الحداثة، ص٢٠٢.**

**١٩- د. محمد مندور، في الادب والنقد، دار نهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة- القاهرة، د. س. ط، ص٧٢.**

**20- Wellek, Rene: AHistory of Modern Criticism (1750- 1950), Volume 4, Cambridge University Press, Britain, P.36.**

**٢١- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص٨٣.**

**٢٢- د. سمير سعيد حجازي، النقد العربي وأوهام رواد**

الحداثة، ص٢٠٣.

٢٣- د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الي النقد الادبي الحديث، ط١، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ١٩٩٨، ص٨٤.

٢٤- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ط٣، دارالعودة، بيروت، ١٩٨٣، ص٥٦.

٢٥- أحمد أمين، النقد الادبي، ص٤٠٣.

٢٦- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٢٦.

٢٧- بۆ زانیاری زیاتر بروانە ئەم سەرچاوانە:

* د. محمد مندور، الادب و فنونه، دار نهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة- القاهرة، ١٩٧٤، ص١٥٦.

* د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ص٥٧.

* **Wellek, Rene: AHistory of Modern Criticism (1750- 1950), p.29.**

٢٨- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ص٢٧.

٢٩- د. شوقي ضيف، البحث الادبي، ص٩١.

٣٠- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ص٥٩-٦٠.

هەروەها بروانە:

**Wellek, Rene: AHistory of Modern Criticism (1750- 1950), p.31**

٣١- د. محمد مندور، في الادب و النقد، ص٩٧.

٣٢- د. شوقي ضيف، البحث الادبي، ص٩٤.

٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٩٤.

٣٤- د. محمد مندور، في الادب و النقد، ص٩٧-٩٨.

٣٥- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ص٧١-٧٢.

٣٦- د. محمد مندور، في الادب و النقد، ص٩٩-١٠٠.

٣٧- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، ص٩٦.

٣٨- د. محمد مندور، النقد المنهجي عند العرب، دارالنهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة- القاهرة، ١٩٧٢، ص٤٠٩-٤١٢.

سەرچاوەکان:


١- أحمد أمين، النقد الادبي، ط٤، دارالكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٧.

٢- أحمد الشايب، اصول النقد الادبي، ط٨، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٣.

٣- د. سمير سعيد حجازي، النقد العربي وأوهام رواد الحداثة، ط١، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٥.

٤- د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الي النقد الادبي الحديث، ط١، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ١٩٩٨.

٥- د. شوقي ضيف، البحث الادبي (طبيعته، مناهجه، أصوله، مصادره)، ط٥، دارالمعارف، القاهرة، د. س. ط.

٦- د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٧٩.

٧- د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية (دراسة وتطبيق)، داركتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٣.

٨- د. فائق مصطفى و د. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٩.

٩- كارلوني و فيللو، تطور النقد الادبي في العصر الحديث، ت: جورج سعد يونس، دار مكتبة الحياة للطباعة والنشر، بيروت، د. س. ط.

١٠- د. محمد عبدالمجيد، النص الادبي بين اشكالية الاحادية و الرؤية التكاملية، ط١، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٤.

١١- د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، ط٣، دارالعودة، بيروت، ١٩٨٣.

١٢- د. محمد مندور، الادب و فنونه، دارالنهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة- القاهرة، ١٩٧٤.

١٣- د. محمد مندور، النقد المنهجي عند العرب، دارالنهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة- القاهرة، ١٩٧٢.

١٤- د. محمد مندور، في الادب و النقد، دار نهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة- القاهرة، د. س. ط.

١٥- د. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، ط، دارالفكر، دمشق، ٢٠٠٧.

١٦- د. يوسف خليف، مناهج البحث الادبي، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٤.

- بە زمانی ئینگلیزی:

**17- Wellek, Rene: AHistory of Modern Criticism (1750- 1950), Volume 4, Cambridge University Press, Britain.**

# ڕەنگدانەوەی دیاردەی چینایەتی لە پەندی کوردیدا

**د. عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)**

**(٢ - ٢)**

ماوەی تێپەڕبوونی هەر کۆمەڵێک بە قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە دەگۆڕێ، بە حوکمی ڕادە و ئاستی پێشکەوتنی ئابووری و شارستانی کۆمەڵەکە. ئەم لایەنەش بە هەندێک هەلومەرجی ناوخۆیی بەستراوەتەوە کەوا کار لە لەناوچوونی قۆناغێک و سەرهەڵدانی قۆناغێکی تازە دەکات کە لەنێو منداڵدانی قۆناغە کۆنەکەدا نەشونما دەکات و دەبێتە کاردانەوەیەک بۆ قۆناغەکەی پێش خۆی. لێرەدا ئەوەی پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە، ماوەی تێپەڕبوونی هەر کۆمەڵێک بە قۆناغێک لەو قۆناغانەدا بەپێی بارودۆخی تایبەتی و ناوخۆیی ئەو کۆمەڵە دەگۆڕێ. بۆ نموونە تا ئێستا هەندێ کۆمەڵ لە جیهاندا لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا دەژین و هەندێکی دیکەش لە قۆناغی بۆرژوای نیشتمانی، یان سەرمایەداری، یان سۆشیالیستی دەژین.

هەرچەندە بە شێوەیەکی زانستییانە و بە دیقەت سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغی کۆیلایەتی لەناو کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە گشتی و کۆمەڵی کوردەواری دەستنیشان نەکراوە، تەنانەت بەلای (س.ا.یگیزاروف)ی ڕۆژهەڵاتناس و زانای بواری کۆمەڵناسی و کوردناسی کورد "باسکردنی کۆیلایەتی لەنێو کورددا نییە"(٢٨)، بەڵام د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کتێبەکەیدا (کوردستان و کورد) سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغی کۆیلایەتی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا بۆ سەردەمی میدییەکان - وەک بەشێک لە کۆنە باپیرانی کورد - دەگەڕێنێتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە ئیمپەراتۆریەتی مادا لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا دەبینین کۆیلایەتی بەشێوە کلاسیکییەکەی لە کوردستاندا نەبووە، بەڵکو وەک زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی دەوڵەتی کۆیلەداری هەبووە"(٢٩).

جۆرەکانی چینایەتی وەکو مێژووی مرۆڤایەتی بۆمان سەلماندوویەتی دیاردەیەک بووە لە ژیانی مرۆڤایەتی و ماوەکەشی زۆر ناخایەنێ ئەگەر هاتو سیستمەکەی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی خەڵکیدا نەگونجا. کۆمەڵی مرۆڤایەتیش پاش قۆناغی کۆیلایەتی بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر ڕۆیشت، ئەو قۆناغەش قۆناغی دەرەبەگایەتی بوو، کەوا هۆی سەرهەڵدانی لە ڕابردووی مرۆڤایەتی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- بێ هێزی و کەم دەسەڵاتی دەوڵەتی کۆنی کۆیلایەتی و هەرەسهێنانی دەسەڵاتەکەی بەسەر خاکەکەیدا و لە توانا نەبوونی پەخش و بڵاوکردنەوەی هێمنی و ئاشتی لەنێو خەڵکیدا.

٢- بێ هێزی و لە توانا نەبوونی خێزان و خزم و تیرە و هۆز لە بەرگریکردن لە مافی کەسەکانی.

٣- دواکەوتنی باری ئابووری کۆن و بەکارنەهێنانی پارە و پوول لە پرۆسیسی ئالوگۆڕی شتومەکدا و دوورکەوتنەوە لە دابەشکردنی کاروباری تایبەتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی، هەروەها دواکەوتنی ئەو بارە ئابوورییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا(٣,).

لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا دوو چینی تازە دەرکەوتن، کە ئەمانەن بوون:

١- چینی دەرەبەگ و خاوەن زەوی و زار (LAND LORDS)

٢- چینی جووتیار و خزمەتگوزار (SERFS)

چینی جووتیار زیاتر بەدەست سوخرەکێشی و باجدانی ساڵانەی بەرهەم و چەک هەڵگرتن بۆ پاراستنی موڵک و زەوی و زاری دەرەبەگەکان لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا دەتلایەوە، هەروەها چینی جووتیار کەرەسەی سەرەکی چەوسانەوەی سەردەمی دەرەبەگایەتی بوو، چونکە هێزی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بەلای کارل مارکسەوە "بە ڕێژەی قازانجیان دیاری نەدەکرا، بەڵکو بە ژمارەی ژێردەستەکانیان دیاری دەکراو، ئەمەش پەیوەست بوو بە ژمارەی ئەو جووتیارانەی خاوەن ئابووری سەربەخۆ بوون"(٣١).

هەموو قۆناغێک لە سەرەتای سەرهەڵدانی شێوەیەکی پێشکەوتووی هەیە ئەگەر لەگەڵ سیما و ناوەڕۆکی قۆناغی پێش خۆی بەراورد بکرێ، قۆناغی دەرەبەگایەتیش لە سەرەتادا لەچاو قۆناغی کۆیلایەتی شێوەیەکی پێشکەوتووی هەبوو، چونکە:

١- مافەکانی جووتیار و خزمەتکاری زەوی و زار بەپێی یاسای ئەو قۆناغە دانی پێدانرابوو. ئەو مافانەش بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

ا- سەربەستی جووتیار لە هەڵبژاردنی کاری گونجاو.

ب- سەربەستی جووتیار لە بەستنی پەیوەندی کشتوکاڵی لەگەڵ خاوەن زەوی و زارەکاندا.

ج- جووتیار هەقی هەبوو پاداشتی ماددی و مەعنەوی بەرانبەر بە کارەکەی وەربگرێ.

د- جووتیار مافی گواستنەوەی لە زەوییەکی کشتوکاڵی بۆ زەوییەکی کشتوکاڵی دیکە هەبوو.

هـ- جووتیارەکە لەگەڵ زەوییەکە لە لایەن خاوەن زەوییەکەوە نەدەفرۆشرا.

هەموو مافەکانی سەرەوەی جووتیار بەپێچەوانەی مافی کۆیلە بوون لە ژێر سایەی سیستمی کۆیلایەتیدا.

٢- جووتیار و خزمەتکاری زەوی کشتوکاڵی خاوەن شکۆمەندی خۆیان بوون، بەپێچەوانەی باری ژیانی کۆیلە لە کۆمەڵی کۆیلەداریدا(٣٢).

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کۆمەڵی کوردەواری خۆمان لە سەرەتای قۆناغی دەرەبەگایەتیدا - کەوا نزیکەی دە سەدەی خایاندو بە درێژترین قۆناغ لە مێژووی کورد دادەنرێت - لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١- چینی میرو دەرەبەگ و ئاغاکان.

٢- چینی جووتیار و خزمەتکەری زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان.

٣- توێژی خاوەن پیشە سەرەتاییەکان وەک دارتاش و چەخماخسازو..تاد.

٤- توێژی پیاوانی ئایینی.

چینی دەرەبەگی کورد یەک جۆر نەبوو، چونکە کۆمەڵی کورد زیاتر شێوازی ڕێکخستنی هۆزایەتی وەرگرتبوو، ئەم چینە بریتی بوو لە: ئاغاکان و بەگەکان و دەرەبەگە میرییەکان و هەر یەک لە مانە خاوەن دەسەڵاتێکی دیاریکراوی خۆی بوو، بەڵام دەرەبەگە میرییەکان لە گشتیان بە دەسەڵاتدارتر بوون، چونکە خاوەن هێزێکی لەشکری بوون و خۆیان بە بنەماڵەی جێنشینی (خولەفا) موسڵمانەکان دادەنا، بۆیە خاوەن دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و ئایینی بوون(٣٣).

ئەوەی زیاتر لە بارەی مێژووی کۆمەڵی کوردەوە دەیزانین بە شێوەیەکی گشتی لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە دەست پێ دەکات و ئەم دیاردەیە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کۆمەڵی کوردەواری کراون، لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکانەوە نووسراون و زیاتر شێوازی ژیانی کۆمەڵی دەرەبەگایەتی دەردەخەن، چونکە ئەو ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدانە لە کاتێکدا گەیشتوونەتە خاکی کوردستان کۆمەڵەکەمان لە قۆناغی دەرەبەگایەتی دەژیا.

٢- نەبوونی دەقێکی مێژوویی - جگە لە ئاڤێستا - سەردەمەکانی پێش قۆناغی دەرەبەگایەتی دەربخات و

لەوانەیە هۆکـــاری ئەم لایەنە بۆ نەبوونی خـــوێندەواری لەنێو کۆمەڵگاکەمـان لەو سەردەمانە بگەڕێتەوە، کەوا لایەنی نووسینیش لە ئەنجامیدا هەبوونی نییە، یان هەر زۆر کز و دەگمەن بووە.

٣- لەناوچوونی شـتـومـەکی کـۆنی مـرۆڤی کـوردی سەردەمەکانی پێش قۆناغی دەرەبەگایەتی و هۆکاری ئەم لایەنە زیاتر بۆ نەپاراسـتنی ئەو جـۆرە شـتـومـەکـانە و کەمتەرخەمی و نزمی ئاستی هۆشیاری شارستـانێتـی نەوەکانی پێشووترمان دەگەڕێتەوە.

قۆناغی دەرەبەگایەتی تاکو ئێستا ڕۆڵە مەعنەوییەکەی ماوە و تەنیـا ڕۆڵە ئابوورییـەکـەی لەناوچووە، یان کزو لاواز بووە و خۆی لە شێوەی سەرکردایەتی عەشیـرەت و هۆز، یان لە هەندێ پاشـمـاوەی بیـروباوەڕی سـەردەمی دەرەبەگایەتی دەنوێنێ، تەنانەت لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆربەی سـەرەک عـەشیـرەتە کـوردەکـان لە کـوردسـتـانی باشـووردا (کـوردسـتـانی عـیـراق) بوونە سـەرلەشکری نزیکەی سێ سەد فەوجی جاشایەتی بەناو دیفاع وەتەنی و ئامادەباشی خۆیان نواند بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی نیازە خراپەکانی ڕژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ کراو بەرانبەر بەکـورد، هەروەها ببـوون بە باشـتـرین دارەدەسـتـەی کوشندەی دەستی ئەو ڕژێمە لە ڕۆژانی شوومی ئەنفالی سـاڵی ١٩٨٨، کـەوا بووە مـایەی ڕووخـاندنی زیاتر لە پێنج هەزار گوندی ئەم پارچەی کوردستانە، هەروەها بووە مـایەی بزربوونی شـوێنی کـوشتن و لەناوبردنی نزیکەی سەد و هەشتـاو دوو هەزار کـەسی خەڵکی ئەو گـوندانە، کـەوا تا ئەم ڕۆژگـارە چارەنووسـیـان دەرنەکـەوتووە، بەم شێوەیە پیاوانی دەرەبەگایەتی کورد گەورەترین تاوانیان نواند و تۆمـارکرد لە مـێـژووی هاوچەرخی کـورددا و ئەم جۆرە ڕەفـتـارەیان لەوانەیە دوا پەلەقاژەی سەرەمەرگـیـان بێت.

چەمکی دەرەبەگایەتی ( FEUDALISM ) بەلای د. کەمـال مەزهەر ئەحمـەدەوە بریتـییـە لە: «پێکهـاتەیەکی ئابووری و کـۆمـەڵایەتی ئاسـەوارەکـانی دەگـاتە هەمـوو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ (شێوازی بیرکردنەوە و بەهاکانیشی لەگەڵیدایە) لە قۆناغـێـکی مێژوویی درێژ خایەندا»(٣٤)، هەروەها بەلایەوە لەبەر درێژخایەنی ئەم قـۆنـاغـە «ئەگـەر ویسـتـمـان لە مـێـژووی کـورد لە چوارچێوەیەکی بابەتیانەدا تێبگەین، ئەوە پێـویسـتـە لە دەرەبەگـــایەتی کـــورد لە چوارچێـــوەیەکی کـــەتواری (واقعی)یانە بکۆڵینەوە»(٣٥).

ئەوەی دەربارەی دەرەبەگـــایەتی لە نێـــو کـــۆمـــەڵی کوردەواریدا جێی سەرنج بێت، سیفەتی هێزی دەرەبەگ بە ژمارەی ئەو جووتیارانەی سەر بە ئەون بەسترابوو، ئەو گـــرنگـیـــیـــە بە مـــەســـەلەی تا چەندێ خـــاوەن زەوییـــە نەدەدرا(٣٦). ئەم لایەنەش بۆ ئەوە دەگـــەڕێتـــەوە کـــە دەرەبەگـەکـــان ســـەرەک هۆز بوون و تەنیـــا بەم شـێـــوەیە دەیانتـوانی دەسـەڵاتی خـۆیان بەسـەر دەوروبەری خـۆیاندا بسەپێنن. ئەم سیفەتە بەپێچەوانەی هێزی دەرەبەگایەتییە لەنێو کۆمەڵانی دیکەدا، کەوا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە مەسەلەی تا چەندێ خاوەن زەوی و زارن هەبوو.

زۆرانبـازییە چینایەتییـەکە لەم قـۆناغـەدا بەرە بەرە لە هەندێ شوێندا بە شێوەیەکی زەق سەری هەڵدەدا، چونکە ئەو ئەرکـانەی دەبوایە جـووتیـار بەرانبـەر بە دەرەبەگ بینواندبایە تا دەهات شێوەی جەور و ستەمەکە زیاتر پێوە دیاربوو. جووتیـارەکان دەبوایە ئەم ئەرکـانەی خوارەوەیان بەرانبەر بە دەرەبەگ بنواندبایە:

١- بەخـشـینی بەشێک لە پاداشتی بەرهەمەکەی بە دەرەبەگ،، یان دەبوایە کـرێی زەوییـەکـەی پێ بدابایە، کەوا بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکاری دەهێنا.

٢- بەرگریکردن لە دەرەبەگ لە کاتی شەڕوشۆڕدا، یان لە کـاتی هێـرش بردن بۆ سـەری لە لایەن دەرەبەگـەکـانی دیکەوە.

٣- پاراســـتنی بەرژەوەندی دەرەبەگ بەرانبـــەر بە دەرەبەگەکانی دیکە(٣٧).

ئەو ئەرکـــانەی دەبوایە دەرەبەگـــیش بەرانبـــەر بە جـووتیـارەکـانی بینواندبایە بریتی بوون لەم ئەرکـانەی خـوارەوە، هەرچەندە لە ئەنجـامـدا سـوودەکـەی هەر بۆ دەرەبەگ دەگەڕایەوە:

١- ڕێگادان و مـــۆڵەتدان بە جـــووتیـــارەکـــان بۆ بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکەی.

٢- ئامادەکردنی ئامێر و پێویسـتییـەکانی کێڵان و چاندنی زەوییە کـشتـوکاڵییـەکە، کەوا جـووتیارەکە لە کاتی کارکردندا پێویستی پێ دەبوو.

٣- پاراسـتنی مـافی جـووتیـارەکـە لە دەسـتـدرێژی کەسانی دیکەی نێو کۆمەڵەکە.

٤- ئامـــادەکـــردنی چەک بۆ جـــووتیـــارەکـــە بۆ ئەوەی

بەرگــری لە مــاڵ و منداڵەكــانی بكات، هەروەها بۆ پاراستنی ژیانی دەرەبەگەكە(٣٨).

ئەوانەی سـەرەوە، بە شـێـوەیەكی گـشـتی، سـیـمـاو ناوەرۆكی سیستمی دەرەبەگایەتی بوو لە قۆناغەكەیدا، هەرچەندە لەوانەیە سـیـفـاتی دیكە هەبن لە هەندێ كـۆمـەڵی دیكەدا دەربكەون، كە بۆ باری كـۆمـەڵایەتی و ئابووری و شارستانییەتی ئەو كۆمەڵە دەگەڕێتەوە.

قـۆناغی دەرەبەگـایەتی مـاوەیەكی زۆری لە مـێـژووی چینایەتی نێـو كـۆمـەڵی كـوردیدا خـایاند، لەم بارەیەوە (شامیلۆف) سەرنج بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە رادەكێشێت و دەڵێت: "كۆمەڵی كوردەواری لە سەدەی دە و یازدەی زایینیـدا گـۆڕانكارییـەكی دەرەبەگـایەتی بە خۆیەوە بینی و چەند مـیرنشـینێكی (امارە) كوردی لێ بەدەركـەوت لەگـەڵ ئەو سیـفـاتانەی دەرەبەگـایەتی لێی پێكدێت، بە تایبەتی ژێردەستیە جووتیار (٣٩).

تەسكی، یان بەرفراوانی پانتایی ناوچەی دەسەڵات و حوكمرانی ئەو میرنشینە كوردانە لە سەدەكانی رابردووی میللەتی كورددا، كەوا زۆربەیان سیخوڕ و نۆكەر و پیاوی عـەجـەم، یان عـوسـمـانیـیـەكـان بوون، دەبوایە بەپێی بەرژەوەندی زلهـێـزی دەوڵەتی فـارس، یان زلهـێـزی دەوڵەتی عـوسـمـانیـیـەكـان بێت. ئەوسـاش پانتـایی چەوسـانەوەی چینایەتیش لەم قـۆناغـەدا كـەم، یان زۆر دەبوو، چونكە مانەوەی دەسەڵاتی میرنشینی كورد وەک دەرەبەگـێكی گـەورەی ناوچەی خـۆی دەبووە مـایەی پاراستنی دەستڕۆیی ئەو دەوڵەتە بەسەر ئەو ناوچەیە و ئەم لایەنە زۆر جار زەمـینە خۆشكەربوو بۆ هێرشكردنی مـیـر و دەرەبەگی گـەورەی ناوچەیەک بۆ سـەر مـیـری ناوچەیەكی دیكە بەمـەبەسـتی تالانكردن و زەوتكردنی زەوی و زاری ئەو ناوچەیە و ئەوسـا چەوسـانەوەی چینایەتی جووتیاران دەكەوتە ژێر ركێفی میر و دەرەبەگی داگیـركـەر. ئەوەی جێی سەرنجە لەم قـۆناغـەدا، رادەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی هەرچەندە گەورەتر و هاندەری هەندێ چەوسانەوەی چینایەتییـە، كـەچی هۆشـیـاری نەتەوەیی لەم قۆناغەدا زۆر كزبوو لەبەر هۆكاری ئایینی و رۆشنبیری، بەڵام هەستی چینایەتی مانەوەی خۆی هەبوو و لە ژیانی كوردەواری و لەنێو پەنددا رەنگی داوەتەوە. ئاستی هەستی چینایەتی لە سەدەی بیستـەمی رابردوو گـەیشـتـە حـاڵەتی راپەڕین وەک راپەڕینی جـووتیـار و وەرزێرەكـانی نـاوچەی بۆكـان لە كـوردسـتـانی رۆژهەڵات (كـوردسـتـانی ئێـران)و ناوچەی دزەیی لە كـوردسـتـانی باشوور (كوردستانی عیراق)، كەوا لە لایەن هێزی میری ئەو سـەردەمـەی ئەو دوو وڵاتە و بە یارمـەتی كـەسـانی دەرەبەگی ئەو دوو ناوچەیە سەركوت كران.

قـۆناغی دەرەبەگـایەتی لەنێو كـۆمـەڵی كـوردەواریماندا ئێستا زۆر لاواز بووە، ئەگەر نەڵێین نەماوە، هۆكارەكانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- سـەرهەڵدانی چینی بۆرژوازی ناوەندی كـورد و بوونیـان بە خـاوەنی هەندێ كـارگـە و پیـشـە پاش رزگـاربوونی ئەو وڵاتانەی ناوچەكـانی كـوردسـتـانی تێـیـدایە، وەک رزگـاربوونی كـوردسـتـانی باكـوور (كـوردسـتـانی توركـیـا) لە رژێمی عـوسـمـانی لە ساڵی ١٩٠٨، گـۆڕینی بارودۆخی چینایەتی ئەو وڵاتە بەرەو سەرمایەداری لە ساڵانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، هەروەها گـــۆڕینـی بارودۆخی چینـایـەتی وڵات لـە كـوردسـتـانی رۆژهەڵات (كـوردسـتـانی ئێـران) بەرەو سەرمایەداری لە ساڵانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی و گۆڕینی رژێمی پاشایەتی پاش شۆڕشەكەی ساڵی ١٩٧٨، هەروەها رزگـاربوون لە رژێمی پاشـایەتی و گـۆڕینی بارودۆخی چینایەتی وڵات لە كـوردسـتـانی باشـوور (كـوردسـتـانی عـیـراق) پاش شـۆڕشی چواردەی تەمموز لە سـاڵی ١٩٥٨و رزگـاربوون لە رژێمی نۆكـەرایەتی و گۆڕینی بارودۆخی چینایەتی وڵات لە كوردستانی رۆژئاوا (كوردستانی سووریا) لە ساڵی ١٩٦٣ دا.

٢- دەرچوونی یاسـای چاكـسـازی كـشـتـوكـاڵی لە كوردستانی باشوور (كوردستانی عیراق) پاش شۆڕشی چواردەی تەمموز لە سـاڵی ١٩٥٨و دابەشكردنی زەوی و زار بەسەر جووتیاراندا.

٣- كـەمبـوونی ژمارەی دەرەبەگـەكان لە لادێیـەكـاندا، پاش سـەرهەڵدانی دیاردەی كـۆچكردنی خـەڵكی لادێ بەرەو ناو شار لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی.

ئێـمـەی كـورد، هەر لە قـۆناغی كـۆیلایەتیـیـەوە تا رۆژگاری ئێمرۆمان لەنێو كۆمەڵێكی نایەكسان لە بواری چینایەتیدا دەژین، ئەم لایەنەش بە دیاردەیەكی سروشتی لە ژیانی كۆمەڵەكەمان دەژمێردرێت، واتە كۆمەڵەكەمان لە رابردوو و رۆژگـاری ئێـسـتـامـاندا لە چەند چین و توێژێک پێكهاتووە و هەر چینێک كەسایەتی تایبەتی

خۆی لە ڕووی بیرکردنەوەی چینایەتی و ڕەفتاری چینایەتی هەیە کە تا ڕادەیەک لە بیرکردنەوەی چینایەتی و ڕەفتاری چینایەتی چینەکانی دیکەی کۆمەڵی کوردیمان جودایە. ئەم لایەنە نەبۆتە لەمپەرێکی جیاکەرەوەی یەکجاری نێوان چینەکانی کۆمەڵی کورەواریمان، کەوا گشت چینەکانی خۆیان تا ڕادەیەک بە شێوەی دەستەیەکی ڕێکخراو پیشان دەدەن و بە هۆیانەوە کۆمەڵەکەمان بووەتە خاوەن بارودۆخی چینایەتی خۆی.

بەلای فریدرێک ئەنگلزەوە "هەموو هەنگاوێک لە بەرهەم وەدەست هێناندا بۆ پێشەوە، لە هەمان کاتدا هەنگاوێکە بۆ دواوە لە بارودۆخی چینە چەوسێنراوەکە، واتا زۆرینەی خەڵک. هەموو خێرێک بۆ یەکێک لەم دوو تاقمە، هەر دەبێت شەرێک بێت بۆ تاقمەکەی دیکە. هەموو ڕزگاربوونێکی تازەی چینێک لە چینەکان چەوساندنەوەیەکە بۆ چینێکی دیکە"(٤٠). ئەم جۆرە ئاماژە پێکردنە چینایەتییە لە بارودۆخی چینایەتی کۆمەڵەکەمان پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ لە کوردستانی عیراقدا خۆی نواند، پاش هەنگاونانی چینی جووتیارانی کورد بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ڕەوای خۆیان بەسەر ئەو زەوی و زارانەی بە پێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٦٠ بە سەریاندا دابەش کرا. ئەنجامەکەشی لە بەرهەم وەدەستهێناندا بووە هەنگاوێک بۆ پێشەوە، هەروەها ئەنجامەکەی بووە مایەی جۆرە ڕزگاربوونێکی تازەی چینێک لە چینەکانی کۆمەڵەکەمان لە کوردستانی عیراقدا لە دەست جۆرە چەوساندنەوەیەکی چینایەتی، کەوا ماوەی چەند سەدەیەکی خایاند.

دەسەڵات و فەرمانڕەوایی چینێک لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەوە بەلای (بلێخانۆف)ەوە واتای دیکتاتۆریەتی چینی خاوەن دەسەڵات ڕادەگەیەنێ، لەم بارەیەوە دەڵێت: "دیکتاتۆریەتی چینێک لە چینەکان دەسەڵاتی چینێک ڕادەگەیەنێ کەوا بۆی هەیە هێزی کۆمەڵە ڕێکخراوەکە بەکاربهێنێ لە پێناو بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکەی و سەرکوتکردنی - بەشێوەیەکی پێچاوپێچ، یان بە ڕوونی - هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتییانەی دەیانەوێ زەرەری پێ بگەیەنن..."(٤١). ئەم بۆچوونەی بلێخانۆف دەقاودەق بەسەر باری چینایەتی کۆمەڵی کوردیمان ناچەسپێ، چونکە خاکی کورستان لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە لە ساڵی (١٥١٤) تا ئەم ڕۆژگارە سەرفرازی خۆی لە دەست داوە و خەڵکی کوردستان بە هەموو چینەکانەوە لە ژێر ڕکێفی ڕامیاری چینی خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوای ئەو وڵاتەن کە تێیدا دەژین، هەروەها ئەم لایەنە وەهای لە پەرەسەندنی بارودۆخی چینایەتی کۆمەڵی کوردیمان کردووە بە پەرەسەندن ببەستریتەوە، یان گۆڕانکاری سەرەوەی چین، یان توێژی خاوەن دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابووری ئەو وڵاتەی پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستانی تێدایە و خەڵکەکەی بە زۆرەملێ خۆیان ڕابهێنن لەگەڵ بارودۆخە تازەکەی ئەو وڵاتە. بۆ نموونە بارودۆخی چینایەتی کۆمەڵی کوردیمان لە کوردستانی باشووردا (کوردستانی عیراق) تا شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە سیستم و قۆناغی دەرەبەگایەتی و بارودۆخی هێزی دەسەڵاتی هەندێک سەرەک هۆز ژیانی بەسەر دەبرد، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی دەسەڵاتی ڕامیاری ئەم وڵاتە و هاتنە کایەی ڕژێمێکی بۆرژوازی نیشمانپەروەر و ڕاگەیاندنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی یەکسەر بارودۆخی چینایەتی کۆمەڵی کوردیمان لەم پارچەیە گۆڕانکاری بەسەر داهات. بەپێچەوانەی بارودۆخی چینایەتی کۆمەڵی کوردیمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، کەوا بارودۆخی چینایەتی کۆمەڵی کوردیمان لە پارچەی کوردستانی باکووردا (کوردستانی تورکیا) بەرەو دیاردەی سەرهەڵدانی پێوەندی سەرمایەداری هەنگاو دەنێت، کەچی بارودۆخی چینایەتی کۆمەڵی کوردیمان لە پارچەی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) و کوردستانی ڕۆژئاوا (کوردستانی سووریا) لە قۆناغی هەنگاونانن بەرەو دەرباز بوون لە پێوەندی چینایەتی سیستمی دەرەبەگایەتی و گۆڕینی بە جۆرە ڕەفتار و پێوەندییەکی بۆرژوازی نیشتمانی.

بێ گومان ئەم جۆرە هاوتەریب نەبوونە لە بارودۆخی چینایەتی هاوچەرخی کۆمەڵی کوردیمان ڕەنگدانەوەی خۆی لە پەندی کوردی هاوچەرخدا هەیە، بۆ نموونە گۆڕانکاری بارودۆخی چینایەتی خەڵکی کوردستانی باشوور (کوردستانی عیراق) پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بووە مایەی لەدایکبوونی هەندێ پەندی کوردی وەک:

- فەلاح ئەرزی خۆیەتی، ئاغا باوکە ڕۆیەتی.

(د.شوکریە / ل ٨٦)

- فـەلاح ئەرزی کـێـلاوە، ئاغـا جـەرگی بڕاوە.

(د.شوکریە / ل ٨٦)

مانەوەی هەر چینێک لە چینەکانی نێو کۆمەڵەکەمان بەستـراوە بە گـونجـان و نەگـونجـانی هەبوونی لەگـەڵ بەرژەوەندی ئابووری کۆمەڵەکەمان، لێرەدا نابێ ئەوە لە بیـر بکەین کـەوا گـشت چینێکی تازە لەنێو منداڵدانی قـۆناغـەکەی پێش خـۆی لەدایک دەبێ و لە ئەنجـامـدا دەبێـتە هۆی لەناو بردنی چینە سەرەکییەکەی قـۆناغی پێش خـۆی، یان دەبێـتـە مـایەی لاوازی و کـزبوونی ڕۆڵەکەی تا بەرە بەرە بەرەو لەناوچوون دەچێت.

بە لای د. کەمال مەزهەر ئەحمەدەوە سەرەتای ئاوێتە بوونی کـوردسـتـان بە بازاڕی سەرمایەداری جیـهـانی بۆ سـەدەی نۆزدەیەم دەگـەڕێتـەوە(٤٢)، بەڵام ئـێـمـە لەو باوەڕەداین چینی بۆرژوای بچووک و مامناوەندی لە پاش جەنگی دووەمی جیـهـانییـەوە دەستی بە خۆپێکەیاندن کـردووە و ئـێـسـتـا هەبوونی خۆی هەیە لە بواری کـەرتی تایبـەتی نێو هەندێ شاری کوردسـتـاندا. ئەم چینەش لە بواری چەوسانەوەی چینایەتی ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە "بۆرژوازییـەت ئەو چینە کـۆمـەڵایەتییـەیە کـەوا هەمـیـشـە سـوود لە بەرهەمی کـەسـانی دیکە دەبینێ، چونکە سەرمایە خۆی لە خۆیدا بەرهەم دروستکەر نییە، بۆیـە دەردەکـــــەوێت بـۆرژوازیـــــــەت چـیـنـێـکـی چەوسێنەرە"(٤٣).

کـۆمـەڵەکـەمـان لە پاش ئەو هەمـوو گـۆڕانکارییـەی بەسەریدا هاتووە لە ڕووی چینایەتی و مێژووییەوە و لە ئەنجـامی پەرەسـەندنەکەی لە بوارەکـانی کـۆمـەڵایەتی و ئابووری و شارستانییەوە، ئێستا لەم چەند چین و توێژانە (شرائح) پێکهاتووە:

١-چینی جووتیـار و ئەو کەسانەی لە بواری کاروباری کـشـتـوکـاڵی کـاردەکـەن. ئەم چینە لە ڕووی ژمـارەوە گـەورەترینی چینەکـانی کـۆمـەڵەکـەمـانە، کـەوا لە ڕووی ئابووری و چینایەتییەوە ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەیە.

٢-چینی کرێکار، ئەم چینەش لەڕووی ژمارەوە لە زیاد بووندایە بە حوکمی زۆربوونی ژمارەی کارگەکانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی، هەروەها بە حوکمی زیاد بوونی دیاردەی کـۆچکردن لە لادێ بەرەو نـاو شـارە گـەورە و بچـووکـەکـانەوە و پەنا بردنیـان بۆ کـارکـردن وەک کرێکارێک.

٣-چینی بۆرژوازی بچـووک و مـامناوەند، ئەم چینە زیاتر لە خاوەن کـارگـەی بەرهەمـهـێنەرە تایبـەتییـەکـان پێکهاتووە، کەوا نەیتوانییوە بە باشی پەرەبسێنێت لەبەر ڕزگار نەبوونی سەرانسەری کوردستان و مانەوەی لە ژێر کـاریگەری چینی بۆرژوازی خاوەن دەسەڵات و حوکمڕانی ئەو وڵاتانەی پارچەکانی کوردستانی بەرکەوتووە.

٤-پاشـمـاوەی دەرەبەگ و ئاغـاکـان کـەوا تەنیـا ڕۆڵە مەعنەوییەکەی ماوە.

٥-توێژی فەرمانبەران، کەوا ژمارەیان لە زیاد بووندایە بە حوکمی زۆربوونی ژمارەی فەرمانگە و دامودەزگاکانی میری و حکومەت لە پارچەکانی کوردستاندا.

٦-توێژی کـاسبکاران و خـاوەن پیشە تایبەتییـەکان، کەوا هەبوونیان زیاتر لەنێو شارەکاندا بەدی دەکرێت.

٧-توێژی ڕۆشنبیران، کەوا زیاتر لە بوارەکانی زانست و ڕۆشنبیری وەک خاوەن قەڵەم و زانیاری کاردەکەن.

٨-توێژی پیـاوانی ئایینی، کـەوا ژمـارەیان لەنێـو مزگەوتەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی لە کڵێسەکانی کوردستـان و پەرستگای تاقمە ئایینەکانی دیکەی کوردستان ڕۆڵی ئایینی خۆیان هەیە.

## بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی بار و بۆچوونی چینایەتی لە پەندی کوردیدا

### ٣-١:- ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی هەست و بۆچوونی چینایەتی

هەرچەندە ژمـــــارەی ئەو پەنـدانەی بـار و هـەست و بۆچوونی چینایەتی تێـیـدا ڕەنگی داوەتەوە زۆر نییـە، بەڵام لەنێـو ئەم جـۆرە پەندانەدا دیاردەی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی ئەم جۆرە مەبەستانە بەدی دەکرێ، تەنانەت هەندێ پەند تەنیا هەبوونی وشەی هەژار و فـەقـیـر، یان ئاغـا، یان دەوڵەمـەند تێـیـدا بەرچاو دەکـەوێت. زۆر جـار ئەم جـۆرە وشـانە لە ڕووی واتاو دەلالەتەوە ڕەهەندێکی چینایەتی بەم جـــۆرە پەندانە دەبەخشێت، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ئەم جۆرە پەندانەی خـوارەوە ڕاسـتـەوخـۆ گـوێگر، یان خـوێنەریان دەرک بە ناوەڕۆک و مـەبەسـتـە ڕاسـتـەوخۆیە چینایەتییـەکـەی دەکات. بۆ نموونە:

- ئەوەی بە فەلاح ببڕێ، دانەوێڵەیە. (خاڵ، ل٦٢)

– دەوڵەمەند ئەیەڵێ لە ئاش بێتەوە، هەژار نایەڵێ لە ساج بێتەوە. (خاڵ، ل٢٤١)

– دەوڵەمەند پیرۆزت بێ، فەقیر لە کوێت بوو !. (خاڵ، ل٢٤١)

– فەقیر سێبەریشی گرانە. (د.شوکریە، ل٨٢)

– فەقیر باری گرانە . (د.شوکریە، ل٨٢)

– تێر ئاگای لە برسی نییە. (خاڵ، ١٦٢)

– ئاغاو خزمەتکار لێک ڕاست بوونەوە، قوربانی و قوربان لەبیر چوونەوە. (خاڵ، ل١٨)

– فەلاح ئەرزی خۆیەتی، ئاغا باوکە ڕۆیەتی. (د.شوکریە، ل٨٦)

– فەلاح ئەرزی کێلاوە، ئاغا جەرگی براوە. (د. شوکریە، ل٨٦)

– خانووی فەقیر، مانگەشەو چرایەتی. (خاڵ، ل١٨٦)

– ڕەشی، رووتی، کڵاوت نییە، ئەم جەژن بەو جەژن پڵاوت نییە. (خاڵ، ل٢٥٢)

– ئاوی زۆردار سەر بەرەو ژوور ئەڕوا. (خاڵ، ل ٢٤)

– دنیا ، یان زۆردار ئەیخوا، یان بێ عار. (خاڵ، ل٢١٩)

– دەرگایەک لە فەقیر داخرێ، بۆ حەکیم ئەکرێتەوە. (خاڵ، ل٢٢٩)

– لە برسانا ئاو ئەکوڵێنێ. (خاڵ، ل٣٨٤)

– نەبوونی، شوورەیی نییە. (خاڵ، ل٤٤٩)

– نە کوتەک لەگەڵ ئاغایان نە شەرع لەگەڵ مەلایان. (خاڵ، ل٤٤٤)

– کێ کردی، کێ بردی . (خاڵ، ل٣٥٦)

– ڕەحم کردن بە زۆردار، زوڵمە لە هەژار (خاڵ، ل٢٥٢)

– زاڵم زەواڵت بۆ بێ. (خاڵ، ل٢٥٧)

– زۆردار ژنیشت بگێ، ئەبێ شوکرانە بژێر بی. (خاڵ، ل٢٦)

– شەوی جەژن فەقیریش دەوڵەمەندە. (خاڵ، ل٣)

– من ئاغاو تۆ ئاغا، کێ جێمان بۆ ڕاخا. (خاڵ، ل٤٢٤)

– بە خۆم بڵێن ئاغا، بە ژنەکەشم بڵێن ئاغا ژن. (خاڵ، ل١٠٦)

جگە لەو پەندانەی سەرەوە هەندێ پەندی دیکە هەن وەک ئەم پەندانەی خوارەوە واتای چینایەتی نابەخشن، هەرچەندە هەندێ وشەی وەک ئاغاو دەوڵەمەندو هەژار و فەقیری تێدایە، بەڵکو بۆ مەبەستی دیکە دانراوە و بەکاردەهێنرێت.وەک:

– پیاوی سەر ڕاست شەریکی دەوڵەمەندە . (خاڵ، ل١٤)

– پیری و فەقیری، هەردووم بە کیری . (خاڵ، ل١٤٤)

– جنێو مەدە بە باوکی سەگم، منیش جنێو ئەدەم بە باوکی بەگت. (خاڵ، ل١٦٥)

– ژن بە بێ کەسی هار ئەبێ، پیاو بە بێ کەسی هەژار ئەبێ. (خاڵ، ل٢٦٤)

– لە حیزبی جووتیار، گا کاوێژ ئەکا. (خاڵ، ل ,٣٥)

– گانی دەوڵەمەند جلێ لە بانی، گانی بێوەڵەت عالەم پێی زانی. (خاڵ، ل٣٦١)

بە مەبەستی شیکردنەوەی واتاو دەلالەتی چینایەتی ڕاستەوخۆ، هەندێ لە پەندەکانی سەرەوە وەکو نموونە وەردەگرین:

١– ئەوەی بە فەلاح ببڕێ، دانەوێڵەیە. (خاڵ، ل٦٢)

واتە هەموو توانای دەسەڵاتی چینایەتی فەلاح و جووتیار تەنیا ئەو دانەوێڵەیە، کەوا لە پاش دروێنە بۆی دەمێنێتەوە، کەواتە ئەم پەندە دەلالەتی هەژاری و دەستکورتی کەسانی ئەم چینە ڕەنجدەرە پیشان دەدات.

٢– دەوڵەمەند ئەیەڵێ لە ئاش بێتەوە، هەژار نایەڵێ لە ساج بێتەوە. (خاڵ، ل٢٤١)

واتە دەوڵەمەند بە حوکمی ئەوەی هەمیشە سک تێرە، پەلە لە خواردنی ئاش و خۆراک و خواردەمەنی ناکات تا باش نەکوڵێ، بەڵام جووتیاری بەدبەختی سک برسی، خوا خوایەتی پارووەیەکی زیاتری بەرکەوێ تا کڵپەی دەروونی و قۆڕەی سکی هەندێ دامرکێتەوە، ئەم لایەنە وەهای لێدەکات نەیەڵێت نان لە ساجی ببێتەوە، خێرایی دەنوێنێ لە خواردنی ئەو ئاش، یان نانەی لەسەر ئاگر، یان ساجی داندرابێت. کەواتە مەبەستی چینایەتی ئەم پەندە لە ڕێی بەکارهێنانی دەلالەتی تێربوونی دەوڵەمەندو برسێتی هەژار خراوەتە ڕوو.

٣– دەوڵەمەند پیرۆزت بێ، فەقیر لە کوێت بوو !. (خاڵ، ل٢٤١)

ئەم پەندە بێ بەختی هەژار (فەقیر) دەخاتە ڕوو، کەوا

لە کـڕینی شـتـێکی تازە یەکـسـەر دەمی خـەڵکی لێدەکرێتەوە و دەکەوێتە بەر پرسیاری لە کوێ هێنانی ئەو پارەو پوولە بۆ کـڕینی ئەو شـتـومـەکـە تازەیە، کـەچی دەوڵەمـەند کەس لێی ناپێچێـتـەوە ئەو پارەیەی لە کوێ هێناوە بۆ کڕینی ئەو شتومەکە تازەیە، کەواتە ئەم پەندە ڕاسـتـەوخۆ مـەبەسـتـە چینایەتیـیـەکـەی خۆی بەدەسـتـەوە داوە.

٤- فەقیر سێبەریشی گرانە. (د.شوکریە، ل٨٢)

ئەم پەندەش بەدبەخـتـی هەژار دەخـاتە ڕوو، کـەوا لە خوتوخۆڕایی هەژار هەست بەوە دەکات کەوا سێبەریشی گرانە، نەک هەر تەنیا گوزەرانی. لێرەدا بەخشـینی گرانی بە سـێـبـەر لە پێناو بەهێـز کـردنی دەلالەتی چینایەتی پەندەکەیە .

٥- فەقیر باری گرانە . (د.شوکریە، ل٨٢)

ئەم پەندە ڕاســتــەوخــۆ باری چینـایەتیی ژیان و گوزەرانی هەژار دەخاتە ڕوو، کەوا چەند سەخت و گرانەو دەلالەتی چینایەتی لەم پەندە ڕاسـتـەوخۆ مـەبەسـتـەکـەی پێشکەش دەکات.

٦- کێ کردی، کێ بردی . (خاڵ، ل٣٥٦)

لەم پەندەدا، هەردوو وشـەی جـەور و جـەفـای کـردۆتە هێـمـایەک بۆ ژیـان و گـوزەران و ڕەنجدانـی چەوسێنراو و کـەیف و سـەفـای کـردۆتە هێـمـایەک بۆ ژیان و گـوزەرانی چەوسێنەران و لە ئەنجامی هاوکێشەی نێو ئەم پەندە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستە چینایەتییـەکەی بۆمـان ڕوون دەبێتەوە.

٧- دەسـتت بە کـەوگـیـر بێ، چاوت لە فـەقـیـر بێ. (خاڵ، ٢٣١)

دانەری ئەم پەندە داوا دەکات لە کەسی دەستڕۆیشتوو، یان کەوگـیـر بەدەست لە ڕووی یارمـەتیـدانـەوە، یان نان بۆی پەیداکــردن چاوی لە هەژار بێت و مــەبەســتـی چینایەتی لەم پەندە دیار و ئاشکرایە، کەوا هەژار دەست کـورتە و دەبێ کـەسـانی چینەکەی، یان کـەسـانی دیکە کەمتەرخەمی لە هاریکاریکردن و یارمەتیدانیدا نەکەن.

٨- تێر ئاگای لە برسی نییە. (خاڵ، ١٦٢)

زۆر جـار مـرۆڤی دەوڵەمـەندی تێـر، ئاگـای لە دەنگی قـۆڕەی سکی مـرۆڤی هەژار و برسی نابێت و دانەری ئەم پەندە ڕەخنەی ڕاسـتـەوخـۆ لە مـرۆڤی دەوڵەمـەندی تێـر دەگرێت کەوا کەمتەرخەمە بەرانبەر باری گرانی مرۆڤی هەژاری نەگبەت، کە ئەگەر تێریشی خوارد، ئەوە هەموو ڕۆژێ بۆی نایەتە دی، تەنانـەت لـەم جـۆرە حـاڵـەتانـەدا هەســتـی چینـایەتی هەژار بەرانبــەر هەژارێکی دیکەی برسی زووتر دەجۆشێ لە کەم هەستی مرۆڤی دەوڵەمەندی تێر بەرانبەر برسی بوونی مرۆڤە هەژارەکان و بەم شێوەیە بۆمــان دەردەکــەوێ مــەبەســتـی چینـایەتی لەم پەندەدا ڕاستەوخۆ خراوەتە ڕوو.

٩- دەوڵەمــەندی هەمــوو عــەیبــێک دادەپۆشێ. (شاوەیس، ل٢٩)

مـرۆڤی بێ عـەیب لەسـەر ڕووی زەمین نیـیـە، چونکە هەمـوو مرۆڤێک کەم، یان زۆر چەند عـەیبێکی هەیە لە ڕووی جـوانی، یان ئەخـلاقی، یان... تاد. دانەری ئەم پەندە ئاماژە بەوە دەکات کەوا مـرۆڤی دەوڵەمەند ئەگەر جۆرە عـەیبێکیـشی هەبوو، دەتوانێ بە پارە و پوول ئەو عـەیبـە لابات، یان داپۆشێت، بەڵام مـرۆڤی هەژار لەبەر دەست نەڕۆیی و بێ پارەیی، خێراتر عەیبەکانی دەکەونە بەرچاوو دەکـەونە سـەر زاری خـەڵکی، کـە زۆر جـار لە ئاست عەیبەکانی دەوڵەمەند کپ و بێدەنگ دەبن، کەچی لە ئاست عـەیبـەکـانی هەژار دەمـیـان واڵاتر دەبێـتـەوە بۆ باسکردن و تەشــەنە پێکردنیـــان. کــەواتە ئەم پەندە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دیاردەیەکی چینایەتی نێو کۆمەڵی کوردەواری دەکات.

١٠- ئاغـاو خزمەتکار لێک ڕاست بوونەوە، قـوربانی و قوربان لەبیر چوونەوە. (خاڵ، ل١٨)

ئەم پـەندە لـەوە دەچێت زۆر کـــۆن نـەبێت، چونـکە بەگژداچوونی ڕاستەوخۆی ئاغاو نۆکەرانی لە پیاوانی ژێر دەستی لە یاساوڵەکـان و جووتیـارەکان زیاتر لە سەدەی بیستەم پەرەی سەندو لەم حاڵەتەدا ئیتر سەر دانواندن و بەکارهێنانی وشەی قوربان قوربان لە ئاخاوتنی نۆکەردا نامێنێت و بۆمان دەردەکەوێت مەبەستە چینایەتییەکەی نێو ئەم پەندە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خراوەتە ڕوو.

١١- فـەلاح ئەرزی خـۆیەتی، ئاغـا باوکـە ڕۆیەتی. (د.شوکریە، ل٨٦)

١٢- فـەلاح ئەرزی کـێـلاوە، ئاغـا جـەرگی براوە. (د. شوکریە، ل٨٦)

ئەم دوو پەندە وەک پێـشـتـر ڕوونمان کـردەوە تازە بابەتن و بـۆ ڕۆژگــاری پاش شـۆڕشی چواردەی تەمموزی سـاڵی ١٩٥٨ لە کـوردسـتـانی باشـوور (کوردسـتـانی عـیـراق)و

دەرچوونی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە، کەوا بە هۆیەوە زەوی و زارێکی زۆر لە دەستی دەرەبەگ و ئاغاکان سەندرایەوە و هیچیان لە دەست نەبوو جگە لە باوکە ڕۆیی بۆ نەمانی دەسەڵاتی جارانیان بەسەر جووتیارەکانەوە، کەوا یەکسەر بەپێی یاساکە خۆیان بە خاوەنی زەوی و زار زانی و دەستیان کرد بە کێلانی. مەبەستی چینایەتی لەم پەندەدا ڕاستەوخۆ پێشکەش کراوە چ لە ڕووی واتاوە، یان لە ڕووی هەبوونی هەردوو وشەی ئاغاو جووتیار کەوا خاوەن واتای چینایەتی تایبەتی خۆیانن.

١٣- خانووی فەقیر، مانگە شەو چرایەتی. (خاڵ، ل١٨٦)

ئەگەر بە شەوان بڕوانینە خانووی هەژار و دەوڵەمەندەکان ئەوسا بە ئاسانی باری چینایەتی و جۆری گوزەرانی هەردوو لامان بۆ دەردەکەوێت، چونکە جاران ماڵی دەوڵەمەند بە چەندین چرای هەڵواسراو، یان دانراو لە شوێنی شیاوی خۆیدا ڕووناک دەکرایەوە و تا ڕادەیەک وەک ڕۆژی ڕووناکی لێدەدێت، بەڵام ماڵی هەژار و بەڵەنگاز لەبەر دەستکورتی و نەبوونی چرا، تاریکی بەسەریدا زاڵە، مەگەر شەوقی مانگەشەو ببێتە مایەی ڕووناک کردنەوەی ئەم جۆرە ماڵانە. دانەری ئەم پەندە بە جۆرە ئاماژە پێکردنێک مەبەستی ڕاستەوخۆی چینایەتی پەندەکەی پێشکەش کردووە و لەوانەیە ئەم پەندە خاوەن تەمەنێکی درێژ بێت و بۆ ڕۆژگارێکی زۆر کۆن بگەڕێتەوە، چونکە ئێستا زۆربەی خانووی هەژارەکان لە ڕێی تەلەکانی کارەباوە خاوەن ڕووناکی خۆیانن.

١٤- ئاغا ڕۆ، خوا شوکر. (خاڵ، ل١٨)

ئەم پەندە ئاواتێکی پەنگخواردووی دەروونی جووتیار دەخاتە ڕوو، کەوا لە لایەک حەزی بەمردنی ئاغای ستەمکار کردووە و شوکرانەی خوا دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لەبەردەم کەسوکار و نۆکەرانی ئاغا بە درۆ باوکە ڕۆ دەکات. مەبەستی سەرەکی ئەم پەندە خستنە ڕووی جۆرە ڕق و کینەیەکی چینایەتی خەفەکراو و شاراوە لە دەروونی ستەم لێکراوەکانی سەردەستی ئاغا وەک چەوسێنەرێکی جووتیاران.

١٥- ڕەشی، ڕووتی، کڵاوت نییە، ئەم جەژن بەو جەژن پڵاوت نییە. (خاڵ، ل٢٥٢)

ئەم پەندە باری گوزەرانی دەستکورت و هەژاران دەخاتە ڕوو، کەوا لە لایەک بێ پۆشاک و جلوبەرگ، تەنانەت کڵاویشی نییە تا بچێت لەنێو پیاوان دابنشێت لەلایەکی دیکەوە ئەوەندە دەستکورتە تەنانەت ناتوانێ لە ڕۆژانی جەژنیش پڵاو بخوات. کەواتە ئەم پەندە ڕاستەوخۆ مەبەستی چینایەتی خۆی دەخاتە ڕوو.

٣-٢: ڕەنگدانەوەی ناڕاستەوخۆی هەست و بۆچوونی چینایەتی

هەندێ پەند هەیە گوێگر، یان خوێنەر، پێویستی بە جۆرە شارەزاییەک هەیە بۆ زانینی مەبەستی پەندەکە، کەوا ناڕاستەوخۆیە و پێویستی بە تێڕوانین و لێکدانەوەی باش هەیە.

ژمارەی ئەم جۆرە پەندانە زۆر نییە وەک ئەوەی لە بواری ئەو پەندانەی ڕاستەوخۆ مەبەستی چینایەتی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها لە بواری ئەو پەندانەی نا ڕاستەوخۆ مەبەستی چینایەتی دەبەخشن، دیاردەی بەکارهێنانی خواستن وخوازە بەدی دەکرێ و ئەم لایەنە لەوانەیە ببێتە مایەی نا تەبایی لێکدانەوەیان، چونکە لەوانەیە پەندەکە لای کەسێک مەبەستە چینایەتییەکەی شاراوە بێت و دەتوانێ بەپێی تێگەیشتنی خۆی بەشێوەیەکی چینایەتی لێکی بداتەوە، بەڵام لەوانەیە هەمان پەند لای کەسێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە لێکی بداتەوە و هۆکاری ئەم جیاوازییە بەلامانەوە زیاتر بۆ سروشتی بەکارهێنانی جۆری خواستن، یان خوازەکە بگەڕێتەوە. ئەم جۆرە دیاردەیە لەنێو ئەو پەندانە بەدی ناکرێت کەوا ڕاستەوخۆ مەبەستە چینایەتییەکەیان دەبەخشن، چونکە وەک پێشتر وتمان لەڕێی هەبوونی هەندێ وشەی واتادار لەڕووی چینایەتییەوە، یان لەڕێی ڕوونی مەبەستە چینایەتییەکە وەهای لێدەکات دەلالەت و عیبرەتەکەی ئاسانتر بەرجەستە بکات. ئەم لایەنە هەندێ ئاستەنگە لەنێو ئەو پەندانەی ناڕاستەوخۆ مەبەستە چینایەتییەکەی دەخاتە ڕوو، وەک:

- ئاگری پێوە نێیت، بۆسۆی لێ هەڵناستێ. (خاڵ، ل ٢٠)
- ئالیاوا لە قنگییەوە دیارە. (خاڵ، ل٢٠)
- ئەسپێ ئەکوژن لە دەوری، لە باتی کولێرە چەوری. (خاڵ، ل٢٨)
- بم نوێن بە جلی گایە، پێم بلێن ژنی ئاغایە. (خاڵ، ل٨٧)

- بۆ بەرخی هەژار، چ گورگ و چ سوار. (خاڵ، ل ٨٨)
- بۆ بەرخی هەژار، گورگ چ هێمن بێ و چ هار. (خاڵ، ل ٨٨)
- ئاغا چوو بۆ سەروپێ نەبوو، خزمەتکاری نارد بۆ دەس و پاڵو. (خاڵ، ل١٧)
- ئاغا دەس مەشۆ، نە بۆ منە و نە بۆ تۆ. (خاڵ، ل١٧)
- بۆز بە لەڕی. (خاڵ، ل٨٩)
- بەگی بێ پارە، وەک بەگی مووشین وایە. (خاڵ، ل١٢٢)
- بەندە تەڕە و ئاگر ناگرێ. (خاڵ، ل١٢٤)
- پاشای سەر تەختی، بنوارە وەختی. (خاڵ، ل١٣١)
- پڵاوخۆران پاڵداوە، جۆ خۆران هۆی داوە. (خاڵ، ل١٣٤)
- خوا سەرما بە قەدەر بەرگ ئەدا. (خاڵ، ل١٩١)
- خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە. (خاڵ، ل١٩٢)
- دەستێک نەتوانم بیبڕم، ماچی ئەکەم. (خاڵ، ل٢٣٦)
- دیاری شوان،، یان شنگە،، یان هەڵەکۆک. (خاڵ، ل٢٤٣)
- دەوڵەمەند، گووی چەورە. (خاڵ، ل٢٤٢)
- فەقیر گوو ئەکا، چیلکە ئەچێ بە قنگیا. (خاڵ، ل٣٠٧)
- فەقیر لای باوە ئەتسێ. (خاڵ، ل٣٠٧)
- ماری مار خۆریش هەیە. (خاڵ، ل٤١٠)
- مریشک لاسایی قاز بکاتەوە قنگی ئەدڕێ (خال، ل٤٢١)
- مێشێک میوانی نابێ. (خاڵ، ل٤٣٦)
- نە بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ بکە، نە بە خۆشی زستان. (خاڵ، ل٤٤٩)
- بەرز فڕین ملی پیاو ئەشکێنێ . (خاڵ، ل١١٢)
- بەرز مەفڕە، نزم ئەنیشیتەوە. (خاڵ، ل ١١٢)
- ئەوەی بە بڵند بڕوانی بە ناویادا دەکەوێ (دەشتەکی، ل١٨)
- بە قەد بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە. (خاڵ، ل١١٩)
- هەر دەوەنە ئەبێ بە دار، لە بنیا دادەنیشن فەقیر و هەژار. (خاڵ، ل٤٨٢)
- هەژاریی کراسی ئاگرینە. (خاڵ، ل٤٩٢)
- لە ئەسپ دادەبەزێ سواری کەر ئەبێ. (خاڵ، ل٢٨٣)
- حازرخۆری بەر سێبەرە. (خاڵ، ل١٨٠)
- ماڵەکەی تۆ ئەخۆم بەلاش، هینەکەی خۆم ئەخەمە پاش. (خاڵ، ل٤١٣)
- گوێرەکەی دەوڵەمەند هی فەقیری بەستەوە. (خاڵ، ل٣٧٢)
- شەرعی مار، بە دار. (خاڵ، ل٢٩٧)
- دەستت بە کەوگیر بێ، چاوت لە فەقیر بێ. (خاڵ، ٢٣١)
- تەعزیی دەوڵەمەند، شایی فەقیرە. (خاڵ، ل١٦٠)
- خوام لێ لارە و بەندەم لێ بێزارە (خاڵ، ل١٩٢)

بۆ شیکردنەوە و خستنە رووی واتای ناڕاستەوخۆی ئەو پەندانەی سەرەوە هەندێکیان وەک نموونە وەردەگرین:

١- بەرز فڕین ملی پیاو ئەشکێنێ . (خاڵ، ل١١٢)

٢- بەرز مەفڕە، نزم ئەنیشیتەوە. (خاڵ، ل ١١٢)

وەک مەعلوومە تەنیا باڵندە دەتوانێ بەرز، یان نزم هەڵفڕێت، بەڵام ئەم دوو پەندەی هەمان واتا لە ڕێی بەکارهێنانی هێمای خوازراوی بەرز فڕین، واتای ئەوە ڕادەگەیەنێ کەوا مرۆڤی هەژار ئەگەر لە چینەکەی هەڵگەڕایەوە و ویستی بەهەر شێوەیەک بگاتە ئاستی چینە پایە بەرزەکان، ئەوسا لەوانەیە لەبەرزاییەوە بکەوێتە سەر زەوی و ملی بشکێ. کەواتە ئەم پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی هەندێک ڕوون، مەبەستە چینایەتییەکەی ڕادەگەیەنێت.

٣- لنگی خۆ قاس پەرداخۆ درێژکە. (بایەزیدی /ل)

٤- پێت بە قەد لێفت درێژکە. (جیاوگ / ل٢١)

ئەم دوو پەندە وشەی پێ، یان لنگ دەکاتە هێمایەک بۆ جۆری چینەکە، کەوا لێرەدا دیارە مەبەست لە چینی هەژارە، هەروەها وشەی پەر، یان لێفە دەکاتە هێمایەک بۆ سروشتی دەسترۆیی چینەکەو ئەوسا هەر مرۆڤێک بەپێی ئەم پەندە دەبێ بزانێت چۆن چۆنی ڕەفتاری چینایەتی خۆی بەپێی سروشتی چینەکەی بکات. کەواتە ئەم دوو پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی هەندێک ڕوون، مەبەستە چینایەتییەکەی ڕادەگەیەنێت.

٥- لە ئەسپ دادەبەزێ سواری کەر دەبێ. (خاڵ / ل٢٨٣)

ئەم پەندە وشــەی ئەســپی کــردۆتە هێــمــایەک بۆ دەوڵەمـەندی و وشـەی کـەری کـردۆتە هێـمـایەک بۆ هەژاری، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەخاتە ڕوو کەوا چۆن ڕۆژگـار بەسـەر دەوڵەمـەندەکـە هەڵگەڕاوە و ناچاری کـردووە لە سـواری ئەسـپەوە پەنا ببـاتەوە بەر سـواری کـەر. کەواتە ئەم پەندە بە شـێوەیەکی ناڕاسـتـەوخـۆی هەندێک ڕوون، مــەبەســتـــە چینایەتیـــەکــەی ڕادەگەیەنێت.

٦- حازرخۆری بەر سێبەرە. (خاڵ، ل١٨٠)

دەکرێت ئەم پەندە بە شـێـوەیەکی ناڕاسـتـەوخـۆ بۆ چینی چەوسـێنەر بەکـار بهـێنین، چونکە ئەم جـۆرە مرۆڤانە لە ڕێی دەسەڵاتی چینەکەی وەک حازر خۆری بەر سێبەرە، کەوا کەسانی چەوسێنراوانی ژێردەستی و لەبەر خۆر ڕەنج دەدەن و چەوسێنەرەکە لە شوێنی خۆی و لە ژێر سێبەر ئەنجامی ئەو ڕەنجە بۆ خۆی دەخوات. کەواتە ئەم پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی هەندێک ڕوون، مەبەستە چینایەتییەکەی ڕادەگەیەنێت.

٧- مـاڵەکـەی تۆ ئەخـۆم بەلاش، هینەکـەی خـۆم ئەخەمە پاش. (خاڵ، ل٤١٣)

ئەم پەندەش واتای چەوســـانەوەی چینایەتی، بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆی هەندێک ڕوون دەخاتە ڕوو، لە ڕێی بەکـارهێنانی هەر هێـمـای خـواردنی مـاڵی خــــەڵکی هەژار بە بێ پارەو بـە بەلاش لـە لایەن چەوســــێنەرەوە، هەروەها لە ڕێی دەست نـەدان لە پاشکەوت لە لایەن چەوسـێنەرەوە و هەڵگرتنی، یان فرۆشتنی بەمەبەستی زیاتر قازانج کردن

٨- گـوێرەکەی دەوڵەمەند هی فەقیـری بەسـتـەوە. (خاڵ، ل٣٧٢)

وا دیارە زەبری چینایەتی تەنیــا لە لایەن مــرۆڤ بەرانبـەر مـرۆڤـێکی دیکە نانوێنرێت، بەڵکو هەندێ جـار گـیـانلەبەری مـاڵی دەوڵەمـەندانەش خـاوەن ئەو جۆرە زەبرەن کاتێـک پارچەیەکی باشی پڕ لە گژوگیای بۆ تەرخان و دابین دەکرێت، کەچی گیانلەبەری ماڵی هەژار وەک خـاوەنەکـەی بەدبەختـــە و بێ بەشــە لە لەوەڕان لە نێو پارچەیەکی باشی پڕ لە گژوگیا. کەواتە ئەم پەندە لە ڕێی جــۆرە ئامــاژە پێکردنێـک جــۆرە چەوسانەوەیەکی چینایەتی دەخاتە ڕوو.

٩- بۆز بە لەڕیی. (خاڵ، ل ٨٩)

بۆ یەکـێکە لە پاش هەژاری دەوڵەمــەند باو لە خـۆی بگۆڕێ.

**ئەنجام**

١ - لەو باوەڕەم هەمـــوو ڕۆژگـــارێک خـــاوەن پەندی خـۆیەتی و تەنیـا لە سـەدەکـانی ڕابردوودا پەند سـەری هەڵنەداوە تا تەنیـــا زاراوەی پەندی پێــشــینان بەکــار بهێنین، بەڵکو ڕۆژگاری ئێستا و داهاتووشمان دەبێتە خـاوەن پەندی خـۆی، کـەوا مـرۆڤـێکی دنیـا دیدە، یان دەمڕاستێک بە شێوەیەک دایدەڕێژێت و دەبێتە زمانحاڵی ڕاگەیاندنی جۆرە حیکمەت و عیبرەتێک تا نەوەکانی پاشتر سوودی لێ ببینن، بۆیە بەکارهێنانی زاراوەی پەند زیاتر بە لامەوە لۆژیکیترە.

٢- ئەگەر پەندی پێشینان خاوەنەکەی نەناسراو بێت بە حوکمی فێر نەبوونی نووسین، یان بەحوکمی نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن، ئەوە لەوانەیە ئەم لایەنە لە پەندی داهاتوومـان نەمـێنی بە حوکمی نەمانی ئەو هۆکـارانەی دەبوونە مـایەی نەناسـراوی خـاوەنەکـەی. لێـرەدا جـەخت لەسـەر ئەوە دەکەین کەوا پەندی پێشـینان، یان قسـەی باڤـانی کوردی هاوچەرخ تا ئەم ڕۆژگـارە، لە بێ ناسـینی خـاوەنەکـەی دەرباز نـەبووە، هەرچەندە کـەرەسـتـەکـانی نووسین و چاپکردن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیسـتراوو بینراو لەم ڕۆژگارەدا زۆر بوونە.

٣- جـۆرەکـانی چینایەتی وەکـو مـێـژووی مـرۆڤـایەتی بۆمانی سەلماندووە، دیاردەیەک بووە لە ژیانی مرۆڤایەتی و مـاوەکەشی زۆر ناخـایەنێ ئەگەر هاتو سـیـسـتـمەکـەی لەگەڵ بەرژەوندی گشتی خەڵکیدا نەگونجا.

٤- پەندی پێـشـینان بەشێکی گـرنگی نێـو گەنجینەی ئەدەبی فــۆلکلۆری هەمـــوو مـــیللەتێکە و خـــاوەن ڕابردوویەکی دێرینە لە ڕووی سەرهەڵدانی مێژووییەوە و دیاردەی چینایەتی لەنێو هەندێکیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بە حـوکمی ئەوەی پەندی پێـشـینانیش جۆرە ئاوێنەیەکی ڕەونەقداری خستنە ڕووی هەست و هۆشیـاری چینایەتی سەردەمی خۆیەتی.

٥- هەبوونی هەندێ سـیـمـا و سـیـفـاتی تایبـەتمەند بە چینەکـانی نێـو کـۆمـەڵی کـوردەوارێمان بووەتە مـایەی بەخـشـینی جـۆرە جـیـاوازییـەک بە سـروشـتی دیاردەی چینایەتی لەنێـو کۆمـەڵی کوردەوارێماندا و ئەم لایەنە بە

شێـوەیەکی ڕاسـتـەوخۆ، یان ناڕاسـتـەوخۆ لەنێو پەندی پێشـینانی مـیللەتەکـەمـان لە پارچەکـانی کـوردسـتـاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**پەراوێزەکان:**

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل١، ٢.

٢٩- د. عـبـد الرحـمن قـاسـملو - کـوردسـتـان و کـورد، لێکۆڵینەوەیەکی سـیـاسی و ئابوورییـە، وەرگـێـڕانی: عـەبدوڵلا حەسەن زادە، بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣، ل١١٥.

٣٠- د.احسـان محمد الحسن و د.فوزية العطيـة- الطبقـية الأجتماعية، ص١٨٧.

٣١- عـرب شـامـيلوف - حـول مـسـألة الأقطاع بين الكرد، ص٨٥.

٣٢- د.احسـان محمد الحسن و د.فوزية العطيـة- الطبقـية الأجتماعية، ص١٨٨.

٣٣-عرب شـاميلوف - حول مسألة الأقطاع بين الكرد، ص ٦٤-٦٥.

٣٤- هەمان سەرچاوە، پەراوێزی ل٦.

٣٥- هەمان سەرچاوە، ل٦.

٣٦- هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

٣٧- د.احسـان محمد الحسن و د.فوزية العطيـة- الطبقـية الأجتماعية، ص١٨٩.

٣٨- هەمان سەرچاوە، ل١٨٩.

٣٩- عـرب شـامـيلوف - حـول مـسـألة الأقطاع بين الكرد، ص٤٣-٤٤.

٤٠- ل. سـيغـال - لمحة عن تطور المجتمع منذ بدء التـاريخ، ص٢٣.

٤١- جورج بليخانوف - حول نظرية الصراع الطبقي، ص٩٣.

٤٢- عـرب شـامـيلوف - حـول مـسـألة الأقطاع بين الكرد، هامش ص١٠٢.

٤٣- بيـيـر انسـار - مـاركس والفـوضـوية، الجـزء الثـاني (بوردون)، ترجمة: ذوقان قرقوط، دار الطليعة للنشر، بيروت، ١٩٧٥، ص٨١.


**سەرچاوەکان:**

١- ئاوارە - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٧.

٢- د.احسـان مـحـمـد الحسـن ود.فـوزية العطيـة- الطبـقـيـة الأجتماعية، جامعةالموصل، ١٩٨٣.

٣- برهان قـانع - فـەرهەنگی نوێ، مطبـعـە الحوادث، بەغـدا، ١٩٨٥.

٤- بيـيـر انسـار - مـاركس والفـوضـوية، الجـزء الثـاني (بوردون)، ترجمة: ذوقان قرقوط، دار الطليعة للنشر، الطبعة الأولي، بيروت، ١٩٧٨.

٥- جـەمـال بابان - قـسـە هەزارە دووانی بە کـارە، گـۆڤـاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٠.

٦- جـواهر لال نهـرو - لمحـات من تأريخ العـالم، نقله الى العربيـة لجنة من الأساتذة الجامعيين، منشورات الآفاق الجديدة، بيروت، ١٩٨٢.

٦- جورج بليخانوف - حول نظرية الصراع الطبقي، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الأولي، ١٩٨٧٥.

٧- د. شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم - پەندی پێشینان و قسـەی نەسـتـەقی کـوردی (ناوەڕۆکی فـیکری و ئەدەبی)، د. شـوکـریە ڕەسووڵ و جەلال تەقی لە زمانی ڕووسییەوە کردوویانە بە کوردی، مطبعە الادیب، بەغدا، ١٩٨٤.

٨- د. شوکریە ڕەسـووڵ ئیبراهیم - ئەدەبی فـۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤.

٩- شـێخ مـحـەمـەدی خـاڵ - پەندی پێـشـینان، چاپـخـانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧١.

١٠- فؤاد طاهر صادق - هۆشیـاری، مطبعة الأرشاد، بەغدا، ١٩٨٧.

١١- د. عـبـدالرحـمن قـاسـملو - کـوردسـتـان و کـورد، لێکۆڵینەوەیەکی سـیـاسی و ئابوورییـە، وەرگـێـڕانی: عـەبدوڵلا حەسەن زادە، بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣.

١٢- عـرب شـامـيلوف - حـول مـسـألة الأقطاع بين الكرد، ترجمة: د. كمال مظهر أحمد، مطبعة الحوادث، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٤.

١٣- د. عـیـزەدین مـسـتـەفـا ڕەسـووڵ - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کـوردی، مطبـعـة جـامـعـة السليـمـانيـة، چاپی دووەم، ١٩٧٩.

١٤- ل. سـيغـال - لمحة عن تطور المجتمع منذ بدء التـاريخ، دار دمشق للطباعة، الطبعة الثالثة، ١٩٧١ ١٥- نجم خالد نجم الدين - لێکۆڵینەوەیەکی پەندو قسـەی نەستـەقی کوردیی شاری خانەقین، نامەیەکی ماسـتەرە پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە، ١٩٩٢.

# پڕۆلیگۆمینا: چەند پێشەکییەک بۆ هەر میتافیزێکیکی دوارۆژ


**ئیمانوێیل کانت**
**لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

**٢٥٥** ئەم پێشەکییانە نەک بۆ سوود و قازانجی قۆتابییان، بەڵکو بۆ مامۆستایانی پاشەڕۆژ نووسراون و نابێ بۆ مەبەستی ڕێکخستنی ئەو زانستەی ئێستاکە هەیە بەکاربهێنرێن، بەڵکو پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا ئەم زانستە خۆی دابمەزرێت.

چەندین زانا هەن کە مێژووی فەلسەفە (کۆن و نوێ پێکەوە) دەکەن بە فەلسەفەی خۆیان، ئەم پێشەکییانەی ئێستا بۆ ئەوان نەنووسراون. پێویستە لەسەریان چاوەڕوان بن، تاوەکو ئەوانەی سەرگەرمی هەڵهێنجانن لە سەرچاوەکانی ژێر خۆی لە کارەکانی خۆیان دەبنەوە و ئیتر بە ڕیز سەرەیان دێت مرۆڤ لەوە ئاگادار بکەن چی کراوە و چی لە جیهاندا قەوماوە. بە باوەڕی ئەوان هیچ شتێک ناتوانرێ و ناکرێ بوترێ ئەگەر پێشتر نەگوترابێ و ئەوی ڕاست بێ، دەشێ و دەکرێ هەر ئەمە وەک پێشبینییەک کە هەرگیز بە هەڵە ناچێ، بۆ کارەکانی پاشەڕۆژ ڕەوا و گونجاو بێت، چونکە مێشکی مرۆڤ بە درێژایی چەندین سەدە بە ڕێگای جیاواز دەربارەی بابەتی لە ژماردن نەهاتوو، قسەی کردووە و دواوە، بۆیە لەوە سووک و ئاسانتر نییە بەرانبەر بە هەموو کارێکی داهاتووی نوێ کارێکی کۆن بدۆزینەوە کە لەلایەکەوە لە یەکتری بچن.

نیازی من ئەوەیە هەموو ئەوانەی لەخۆ خەریک کردن بە میتافیزیکەوە جۆرە سوود و بایەخێک دەبینن، قایل و قانیع بکەم کە ئەوپەڕی پێویست و ناچارەکییە دەست لە کارەکەیان هەڵبگرن و ئەوی ئێستا کراوە بە نەکردوو دابینێن و لەسەرەتاوە لەخۆیان بپرسن: ئایا شتێک وەک میتافیزیک هەمیشە و لە هەموو جێگایەکدا تەنیا شیاوەکییە و لەکردن دێت؟

ئایا ئەو زانستە، کەوابوو بۆچی وەک زانستەکانی تر



**کانت**

به گشتی و بێ پسانەوە پەسند نەکراوە؟ ئەگەر یەکێک نەبێ لەوان، بۆچی لەژێر ڕوخسار و پەردەی زانستی زڕدا بێ کۆڵدان شانازی دەکات و بە بەڵێنی وا تەفرەی مێشکی مرۆڤ دەدات کە ئەوپەڕی تامەزرۆیانە و کەچی هەرگیز نایەنەدی؟ ئیتر مرۆڤ بیەوێ زانین، یان نەزانی خۆی نیشان بدات، پێویستە جارێک دەربارەی سروشتی ئەم زانستە لووت بەرزە بە باشی دڵنیایی بەدەست بهێنرێت، چونکە ناکرێ ماوەیەکی درێژتر لەگەڵ ئەم دۆخ ٢٥٦ و ڕەوشەدا بخایەنرێت. وادەردەکەوێ جێگای پێکەنین بێت، لە کاتێکدا هەموو زانستێک بێ پشوودان بەرەو پێش دەچێ ئەم زانستەی کە دەیەوێ خۆی دانایی بێت و هەموو مرۆڤێک سرووش و پێشبینییەکانی پەیڕەو بکات لە جێگای خۆی بەردەوام خول دەدا و دەسووڕێتەوە، بەبێ ئەوەی تاکە هەنگاوێک بەرەو پێش بچێت، هەروەها لایەنگیرانی زۆر دۆڕاو و پەرشوبلاوبوون، مرۆڤ تێ ناگات چۆن ئەوانەی لە زانستەکانی تردا کە هەست بە دەست ڕۆشتنیان لەم بابەتەدا دەکەن، کە تێیدا کەسانێک کە هیچ شتێک نازانن لافی بڕیاری بەلایەکدا خەرانە لێدەدەن، ناوبانگی خۆیان دووچاری مەترسی دەکەن، چونکە ئەوی ڕاست بێ لەم مەیدانەدا تائێستا هیچ پێودانگ و کێشێک نییە جێگای دڵنیایی کردن بێت بۆ ئەوەی بەهۆیانەوە قووڵی و وردەکاری لە قسەی ساکاری بێ سەروپا جیا بکرێتەوە.

ئیتر شتێکی سەیر نییە کە سەرسامی مرۆڤ دابگرێت کە چۆن دوای کارێکی دووردرێژ، زانست وا بەرەو پێش چووە، پرسیارێکی بەبیردا بێت: ئایا و چۆن بەگشتی ئەم جۆرە زانستە شیاوەکییە؟ ژیری مرۆڤ ئەوەندە شەیدای دامەزراندنە، زۆرجار باڵەخانەیەک دادەمەزرێنێ و لە دواییدا هەڵی دەوەشێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ چۆن بناغەکەی وەک ویستراوە، دانراوە. هیچ کاتێک بە درەنگ نەکەوتووە و دەرفەت لە دەست نەدراوە مرۆڤ ژیر و دانا بێت، بەڵام هەمیشە گران و سەختە مرۆڤ درەنگ ژیر و هێزی شت لە یەکتری جیاکەرەوە دەست بەکاربخات.

ئەو پرسیارە، ئایا زانستێک شیاوەکییە، هەر لە سەرەتاوە گومان لە ڕاستەقینێتی ئەو گریمانە دەکات. ئەم جۆرە گومانە ساردی و سووکی بەو کەسانە دەکات کە لەم گەنجینە زڕە بەولاوە شتێکی تر شک نابەن، ئیتر ئەو کەسەی دەوێرێ و ڕێگا دەدات ئەم گومانە دایگرێ، لە هەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی بەربەرەکانی دەبێتەوە. هەندێک کەس کە هۆشیارانە بە موڵکی کۆنیانەوە کە بە موڵکێکی ڕەوای دادەنێن شانازی دەکەن، نامیلکەی میتافیزیک بەدەستیانەوەیە و بەوپەڕی چاوی سووکەوە سەرنجی دەدەن، کەسانی تر هەن تەنیا ئەو شتە دەبینن کە پێشتر لەلایەک دیتوویانە، لێی تێ ناگەن، ئیتر ماوەیەک هەموو شتێک وەک خۆی دەمێنێتەوە، هەروەک ئەوەی ئەو شتە نەقەوماوە کە دەبێتە مایەی خەم و پەژارە، یان هیوامان بۆ گۆڕینێکی نزیک.

بەم پێیە من بڕوا بەخۆم دەکەم پێشبینی بکەم کە خوێنەری بیرمەندی ئەم پێشەکییانە بە ئاسانی گومان لەو زانستەی ئێستای ناکات، بەڵکو بە تەواوەتی دڵنیا دەبێ لەوەی ئەم جۆرە بابەتە ناکرێ ببێ، بەبێ ئەوەی ئەو ئەنجامانەی باس کران بەدی بێن کە مەرجی شیاوەکی بوونی پێیانەوە بەندە و لەو باوەڕەدا بێ، لەبەر ئەوەی ئەمە هیچ جارێک ڕووی نەداوە، تائێستا میتافیزیک نییە، لەبەر ئەوەی داخوازی کردن لە بارەیەوە هیچ کاتێک لە دەست نادرێت(١)، چونکە ئارەزووی ژیری

هەمەکی توندوتۆڵی پێوە بەندە، ئەوە دەبێ دانی پێدابنێ کە چاککردنێکی تەواوەتی، یان پتر لە دایک بوونێکی نوێی ئەمە بەپێی پلانێکی تائێستا نەزانراو ناچارەکی دێتــە پێــشــەوە، ئەگــەرچی دەکــرێ مــاوەیەک ئەوەی دەویستریێ بەربەرەکانی بکرێت.

لە سەردەمی هەوڵەکانی لۆک و لایبنیتسەوە، یان پتر لەوکاتەوە میتافیزیک پەیدابووە، ئیتر چەندە ئەو مێژووە دووربێت، شــتــێک نەهاتۆتە کــایەوە بەشــێــوەیەکی بەلایەکداخەرانە کاری لە چارەنووسی ئەو زانستە کردبێ ئەوەندەی ئەو هێرشەی داڤید هیوم کردوویەتییە سەری. ئەو هیچ تیشکێکی نەخستۆتە سەر ئەم جۆرە زانینە، بەڵام ئەو پریشکێکی بەردا دەتوانرا ئەگەر فتیلەیەک لەبەردەستدا ببایە، رووناکییەکی لێ دەستگیر ببایە و فتیلەکە نەدەسووتا، بەڵکو تیشکی دەپژاند و رووناکی دەبەخشی و پتریش دەبوو.

هیــوم بەگــشــتــی بەتاکــە چەمکێک، بەڵام گــرنگ و بایەخداری میتافیزیک، واتە بەیەکەوە بەسترانی هۆکار و ئەنجــام دەســتــی پێ کــردووە و (ئینجــا ئەو چەمک و بۆچوونانەی لێی دەکــەونەوە وەک هێــز و کــردار...تاد) داوای لەژێر کـردووە، کـە لافی لێ داوە ئەم چەمکانە لە چرۆ و شکۆفەی ئەو پەیدا دەبن، بدوێ و وەڵام بداتەوە، بە چ هەقــێک ئەو پشت بە بۆچوونی شــتــێک دەبەســتێ ســروشــتــەکــەی واپێــویــست دەکــات دەبێ بەناچارەکی شتێکی تری وەک پێویست لەگەڵدا بێت. ئەمە خۆی ئەوەیە کە چەمکی هۆکار دەیڵێ. ئەو بە جۆرێک کە رەت ناکرێتەوە ساغی کردەوە: بۆ ژیر لە کردن نایەت پێشیانە (apriori) و لە چەند چەمک و بۆچوونێک بیــر لەم جۆرە بەیەکەوە بەسترانە بکاتەوە، چونکە ئەمە ناچارەکی تێــدایە، هەروەها بە هیچ جــۆرێک ناکــرێ چاو لەوە بپۆشرێ، چۆن تەنیا بە بوونی شتێک بوونی شتێکی تر ناچارەکی پێــویست بکات و چۆن دەکــرێ و دەتوانرێت چەمک و بۆچوونی ئەم جــۆرە پێــوەندی و بەیەکــەوە بەسترانە پێشیانە دابمەزرێنرێ.

لەمەوە ئەم ئەنجامەی بەدەست هێناوە، کە ژیر بەگشتی بەم بۆچوون و چەمکە بە تەفــرە چووە و بە هەڵە وای داناوە ئەمــە کــۆرپەی تایبــەتی خــۆیەتی، کــەچی ئەمــە دوورەگێکی هێزی ئەندێشـەیە کە بەهۆی شـارەزاییـەوە (ئەزمــوون) ئاوس بووە و هەندێک بۆچوونی پابەندی قـانوونی بەدوای یەکـتریدا هاتنی کـردووە و ئینجـا وای داناوە کـە ئەو خۆیەتییـە ناچارەکـییـەی لەو کـەوتۆتەوە، ٢٥٨ واتە خـو و دابونەریت، بە ناچارەکی بابەتیــانەی پشت ئەســـتــــوور بە زانین و ژیر داناوە. هەروەها ئەو گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە: ژیر هیچ جۆرە تواناییەکی نییە بەگشـتی بیر لەم جۆرە بەیەکەوە بەسترانانەوە بکاتەوە، چونکە چەمک و بۆچوونەکـانی لە چەند وەهم و ئەندێشـە بەولاوە نین و هەمـوو زانینەکـانی کـە گـوایە پێـشـیـانە پێکهاتوون، بریتین لە چەند ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی باو کـە بە هەڵە مـۆریان لێ دراوە و لەمـە پتـر ناڵێن: لە هیچ جێگایەک میتافیزیک نییە و ناشکرێ هەبێ(٢).

هەرچەندە ئەو ئەنجـامـەی پێی گـەیشـتـووە، خـێـرا و ناراست بێت، ئەوە لەسەر بنچی لێکۆڵینەوە شین بووە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش بایەخ و نرخی ئەوەی هەبووە ببایە بە مایەی یەکگرتنی مێشکە رووناکبیرەکانی سەردەمی خۆی بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە کە دەست نیشـان کراوە خۆشبەختانە بە چاکـترین شـێـوەیەک لە توانادا بێ جـێبەجێ بکەن، ئەنجــامــەکــەشی دەبــوو چاک کــردنی زانست ببــایە لە رەگوریشەوە.

ئەو چارەنووسە نالەبارەی هەمیشە میتافیزیک هەیبووە وای کـردووە کـەس لێی تێناگـات، مـرۆڤ بەبێ هەست کـــردن بە جـــۆرە ئازارێـک، ناتوانێ تێ بگات چۆن ناحـەزەکـانی: رید، ئۆز والد، بیـتی و ئینجـا پریسـتلی نەیانتــوانیــوە لە خــاڵی ئەرکــەکــەی تێ بگەن و چۆن هەمـوویان لە تێگەیشـتنیـدا بە هەڵە چوون و ئەو شتـەی ئەو گــومــانی لێ کـــردووە، ئەوان بە شــتـــێکی دان پێدانراویان داناوە، بەپێچەوانەوە هەوڵیان داوە بە توندی و بەشی زۆری و بەوپەڕی لووت بەرزییەوە ئەو شتە ساغ بکەنەوە کە هەرگیز بەبیریدا نەهاتووە گومانی لێ بکات، نکوڵیـیان لەو چاکەکارییە کردووە کە کردوویەتی، ئیـتر هەمـوو شـتێک لە دۆخە کـۆنەکـەیدا مـاوەتەوە، هەروەک شتێک رووی نەدابێ. پرسیار و کێشەکە ئەوە نەبووە ئایا چەمـکی هۆکـــار راست و دروســـتـــــە، یان نـاو ئایا ســوودبەخــشــە و ســەبارەت بە تێکڕای زانینی ســروشت دەسـتی لێ هەڵناگیـرێ؟ هیـوم هەرگـیـز گـومـانی لەمـانە نەکردووە، بەڵکو بریتی بووە لەوەی ئایا پێشیـانە بەهۆی ژیرەوە رێی پێ دەبرێ و بەم پێیە ئایا ئەمە راستییەکی خۆیەکی سەربەخۆ لە هەمـوو ئەزموونێکە ئینجا ئایا سوود

**٢٥٩** و کەڵکەکەی بەربڵاو دەبێ و تەنیا هەر بابەتەکانی ئەزموون بە تەنیا ناگرێتەوە: لەم بارەیەوە هیوم چاوەڕێی وەڵام و کرانەوەیەکی کردووە: بە گشتی لە بارەی بنجوبناوانی ئەم چەمکە قسەکراوە و پێوەندی بەو سوود و قازانجەوە نەبووە کە لێی دەکەوێتەوە، ئەگەر ئەمە دیار و دەستنیشان بکرێت، ئەوە بەهۆی هەلومەرجەکانی بەکارهێنانیەوە و بەهۆی قەوارەکەیەوە لەخۆیەوە دەردەکەوێ لەچیدا دەکرێ دەستبەکار و جێبەجێ بکرێت.

پێویست بووە لەسەر شانی ناحەزانی ئەم پیاوە بەناوبانگە بە قووڵی، بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، لە سروشتی ژیر بکۆڵنەوە، لەوەدا کە تەنیا خەریکی بیری ڕووتە، بەڵام ئەمەیان بۆ نەکراوە، ڕێگا و شێوازێکی سووک و ئاسانیان داهێناوە، بەبێ ژیر و کەللەڕەقانە پەنایان بردۆتە بەر تێگەیشتنی ناوکۆیی مرۆڤ. ئەوی ڕاست بێت، ئەمە بەهرەیەکی ئاسمانییە مرۆڤ تێگەیشتنێکی ڕاستی مرۆڤیی هەبێت (یان لەم سەردەمەدا بە سادە و ساکار ناونراوە). پێویستە ئەو بە کردەوە و بە بیرکردنەوە و وتەی ژیرانە ساغ بکرێتەوە، نەک پەنای بۆ بەرین وەک چۆن پەنا بۆ پێشبینیکار دەبەین. کاتێک لە تواناییماندا نابێت وتەیەکی ژیرانە بدۆزینەوە خۆمانی پێ ڕەوا بکەین. کاتێک زیرەکی و زانست بەرەو کۆتایی دەچن، هەر ئەوکاتە نەک پێشتر، دەکرێ پەنا ببردرێتە بەر تێگەیشتنی مرۆڤ. ئەمە داهێنانێکی ناسکی ئەم سەردەمەمانە، زۆر بلێیی بێ تاموچێژ شان بەشانی مێشک و ژیری ورد و بەتوانا بێ سڵ و پارێز وەردەگیرێ و لەگەڵیدا هەڵدەکات، ئەگەر بێتو تۆزە پاشماوەیەکی زیرەکی و تێگەیشتن بمێنێ مرۆڤ خۆی لەوە دەبوێرێ پەنا بەرێتە بەر ئەم یارمەتییە.

ئەگەر لە نزیکەوە سەرنج بدرێت، دەردەکەوێت کە ئەو پەنابردنە لە پشت بەستن بە بڕیاری کەسانی سادە و زۆروبۆر بەولاوە نییە. ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی فەیلەسووف شەرم بیگرێ، کەچی خەمڕەوێنی میللی پێی دڵخۆش دەبێت، پێویستە لەسەرم وا بۆی بچم هیوم دەیتوانی بڵێ وەک بیتی خاوەن مێشکێکی وردە و بگرە شتێکی تری هەیە بیتی نییەتی ژیرێکی ڕەخنەگرە کە سنوور بۆ هەستی ناوکۆیی ڕەنگ دەڕێژێ بۆ ئەوەی لەسەرنجدان و وردبوونەوە تیۆرییەکاندا گیر نەخوات، یان کاتێک قسەکردنەکە لە بارەی ئەمەوە دەبێ نایەوێ بڕیارێک بدات، چونکە ئەو لە تواناییدا نییە بنەماکانی خۆی ڕەوا بکات، تەنیا بەپێی ئەم هەلومەرجە خۆی ژیرێکی ساغ دەمێنێتەوە. مقەست و چەکووش بە چاکی بۆ ئیش و کاری تەختە سوودیان لێ وەردەگیرێ، بەڵام بۆ نەخشو نیگاری زەرد وزیو درەوشە پێویستە، هەروەها مێشکی ساغ و مێشکی تیورییانە هەردووکیان، هەریەکە لە بواری تایبەتی خۆیدا بەکاردێن و سوودبەخشن. ئەویان پێوەندی بەو بڕیاردانەوە هەیە کە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەدا ڕاستەوخۆ بەکاردێت و ئەمەیان پێوەندی بەگشتی بەو لایەنەوە هەیە کە بەهۆی چەند چەمکێکەوە دەبێ بڕیار بدرێت. بۆ نموونە لە میتافیزیکدا کە ئەو ژیرەی بە ناهەق خۆی بە مێشکی ساغ ناودەبات، بۆی نییە لێرەدا هیچ بڕیارێک بدات.

من بە ئاشکرا پێی لێ دەنێم، ئاگادارکردنەوەکەی داڤید هیوم ئەوە بوو چەند ساڵێک لەمەوبەر لە خەوی غەفڵەت بە خەبەری هێنامەوە و لێکۆڵینەوەکانمی لە مەلۆی فەلسەفەی تیوریدا بەلایەکی تردا ئاراستە کرد. من زۆر لەوە دوور بووم ئەنجامەکانی پەسند بکەم، چونکە ئەو لە هەموو لایەنێکەوە سەرنجی بابەتەکەی نەداوە و تەنیا لەیەک لایەنەوە بۆی چووە، ئەمەش ئەگەر سەرنجی تێکڕایی نەدرێت، هیچ شتێک ڕوون ناکاتەوە. ئەگەر مرۆڤ بە بیرۆکەیەکی دروست دەست پێ بکات کە خاوەنەکەی هەتا سەر لێی نەکۆڵیوەتەوە، دەکرێ مرۆڤ بەو هیوایە بێ، بەبیرکردنەوەی بەردەوام بەرەو پێشی بەرێت، پتر لەوەی ئەم مرۆڤە بەهرەمەندە کە ئێمە قەرزداری یەکەم پڕیشکی تیشکەکەین، کردوویەتی.

من لە سەرەتادا هەوڵم دا ڕوونی بکەمەوە ئایا دەکرێ بەگشتی دەربارەی گازندەکەی هیوم بۆچوونێک ڕەنگ برێژین. دەستبەجێ بۆم دەرکەوت: چەمکی پەیوەستی هۆکار و ئەنجام تاکە چەمکێک نییە کە مێشک دەربارەی پەیوەستی شتەکان پێشییانە بەبیر خۆیدا بهێنێ، جگە لەمە میتافیزیک خۆی لەمە پێکدێت. هەوڵم دا لە ژمارەکەی دڵنیابم، وەک بەهیوای بووم بۆم ڕەخسا، بەتایبەتی لەوەدا بیگەڕێنمەوە سەر یەک بنچینە، ئینجا چوومە سەر چەمکەکانی دیدەکشن و بۆم ساغ بۆوە و دڵنیابووم کە ئەمە وەک هیوم وتوویەتی لە ئەزموونەوە نەکەوتۆتەوە، بەڵکو لە مێشکی بێگەردەوە هەڵقوڵاوە.

ئەم دیدەکشنە کە بۆ ئەو کەسەی پێش من ناشیاوەکی دەرکەوتووە، پێش ئەو بەبیر و مێشکی کەسی تردا نەهاتووە، ئەگەرچی هەر یەکێک لە ئەوان بە تەواوەتییەکی دڵنیایی کردنەوە ئەم چەمکانەیان بەکارهێناوە، بەبێ ئەوەی بپرسێ دەستبەکاری و بایەخە بابەتییەکەی بە چ بنەمایەکەوە پشت ئەستوورە، دەڵێم، ئەمە، گرانترین ئەرکێک بووە لە پێناوی پشتگرتن و ڕاستکردنەوەی میتافیزیکدا ڕامپەڕاندووە، ئەوی لەم کایەدا ئەوپەڕی سەخت و ناهەموار بووە و ئەو میتافیزیکە کە ئێستاکە دانی پێدادەنێین هیچ سوودبەخش و بەکەڵک نییە، چونکە ئەو دیدەکشنە شیاوەکی هەبوونی میتافیزیک دەستەبەر دەبێت.

لەبەر ئەوەی، نەک تەنیا هەر لە پرۆسەی بەلایەکدا خستنی ئەو کێشەیەی هیوم بەرپای کردووە لە ڕەوشێکی تایبەتیدا، بەڵکو لە مەبەست و ڕەوشی توانای ژیری بێگەردیشدا سەرکەوتم، ئەوە توانیم بە دڵنیاییەوە، ئەگەرچی لەسەرخۆیێ هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێم، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی و لە کۆتاییدا ڕادەی مەودای ژیری بێگەرد چ لە سنوور و چ لە ناوەڕۆکدا بەپێی چەند بنەمایەکی گشتی دەستنیشان و دیاری بکەم، ئەوە میتافیزیک پێداویستێتی بۆ ئەوەی سیستەمەکەی بەپێی پلانێکی جێگای بڕوا پێکردن ڕەنگی بۆ بڕێژدرێ، بەڵام من ترسی ئەوەم لە دڵدایە ئەوەی بەسەر ئەم بابەت و کێشەیە هاتووە کاتێک هیوم بۆ یەکەم جار بۆی چووە و باسی کردووە بەسەر ئەو بابەت و کێشەیەدا بێت کە من بەپێی ئەو فراوانکردنە مەزنەی لە تواناد‌ا هەیە (لە ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا) کردوومە. بڕیاری ناڕاستی لەبارەوە دەدرێ، چونکە لێی تێناگەیشترێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ ئەم کتێبە بەدەستەوە بگرێ و لاپەڕەکانیشی هەڵبداتەوە، ئەوە ئارەزووی ئەوەی نییە بە وردی بیری لێ بکاتەوە و مرۆڤ نایەوێ ئەو کۆششەی تێگەیشتنی بکات، چونکە زۆر وشکە، تەمومژاوییە و بە پێچەوانەی هەموو چەمک و بۆچوونە ئاساییەکانەوەیە و سەرەڕای ئەمانە ناوەڕۆک و بابەتێکی دووردرێژی هەیە. ئێستاکە من پێی لێدەنێم، کە من چاوەڕێی ئەوە نیم بەهۆی لاوازی ئەو لایەنەی ڕوو لە مێشکی سادە دەکات، چونکە سووک و ئاسان و ڕەوان و هێمن و لەسەرخۆ نییە لەلایەن فەیلەسووفێکەوە گازندە بکرێت. ئەمە پێوەندی بە زانینێکەوە هەیە کە بە بایەخدار دانراوە و ناکرێ مرۆڤ دەستبەرداری ببێت. هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە تەنیا بەپێی ئەو ڕێوشوێنە ساغ و پتەوە ڕێکوپێکانە دەبێت کە بەپێی دەستووری قوتابخانە و ڕێبازەکان ڕەنگیان ڕێژدراوە و ورده ورده بەپێی کات خۆی دەبێ بە بابەتێکی میللی، بەڵام ناکرێ بە نیازی ئەوەوەبین هەر لە سەرەتاوە وای لێ بکەین وابێت. دەربارەی هەندێ لە لایەنی تاریک و تەمومژاوییەکەی لەو نەخشە فراوان و سەرتاپاگیرەوە کەوتۆتەوە کە هەیەتی و دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بە ئاسانی خاڵە سەرەکییەکەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بایەخی پێدەدەین، بە باشی نەبینێ، بۆ ئەوان لەو گازندەیاندا هەقیان بەدەستە. من لەم پێشەکییەدا هەوڵ دەدەم لەم بارەیەوە یارمەتیدەر بم.

ئەو کتێبەی توانای ژیری بێگەرد بە هەموو فراوانی و سنوورەکانییەوە دەکاتە کەرەسەی خۆی، هەمیشە ئەو بنەمایە دەبێ کە من ئەم پێشەکییانەی وەک چەند مەشق و تاقیکردنەوەیەکی پێشیانەی لەسەر دەنووسم، چونکە ڕەخنەکە پێویستە وەک زانست ڕێکوپێک سیستم ئاسا بێ و هەموو لایەنە ورد و وردەکارییەکان بگرێتە خۆ بەر لەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ڕێگای دەرکەوتنی میتافیزیک بدرێت، یان لە پاشەڕۆژی دووردا هیوای هەمان شت بخوازین.

مرۆڤ لەمێژە خووی بەوەوە گرتووە زانینی کۆن و بەکارهاتوو بەو ڕێگایە نوێ بکاتەوە کە لە پێوەندییە پێشووەکانی خۆی دایبڕێت و بیخاتە نێو کاڵایەکی ترەوە کە بە شێوازێکی تایبەتی خوازراو بۆی دروست کرابێ و لەگەڵ ناوی نوێدا بگونجێ: دووریش نییە بەشێکی زۆرزۆربەندەی خوێنەران لەمە بەولاوە لەم کتێبی ڕەخنەیە چاوەڕێی شتێکی تر نەکەن. ئەم چەند پێشەکییانە تەنیا ئەوەیان بۆ ڕوون دەکەنەوە تێبگەن کە ئێمە سەرگەرمی زانستێکین کە نوێیە و هیچ کەسێک پێشتر بە بیریدا نەهاتووە و هەروەها بیرەکەی نەزانراو بووە و ئەو کەرەسەیەش کە بۆی بەکارهێنراوە ئەوە بووە کە گومانەکەی هیوم سەرنجی بۆ ڕاکێشاوە و ئەو خۆی شیاوەکی هەبوونی ئەم زانستە فۆرمەکییەی بەبیردا نەهاتووە و نەزانیوە. بۆ ئەوەی لە کەشتییەکەی دڵنیا و بێ خەم بێت (گومانەکەی) لە لێواری دەریا ڕاگرتووە، بۆیە تووشی ڕزین بووە و زیانی پێگەیشتووە، بەلای

منەوە لە جیاتی ئەمە، گرنگە ئەمە بە کەشتییەوانێک بسپێردرێ کە پەیڕەوی بنچینە دڵنیاییی لێکراوەکانی کەشتییەوانی پشت ئەستوور بە زانینی زانستی گۆی زەوی دەکات و نەخشەیەکی ڕێکوپێکی دەریا و قیبلەنومای Kompass پێ بێت، کەشتییەکە، بە تواناییەوە، بۆ ئەو جێگایە دەبات کە مەبەستێتی.

بۆ توێژینەوەی زانستێک کە نوێ بێ، بە تەواوەتی لەوانی تر جیا و سەربەخۆ و لە جۆری خۆیدا تاقانەبێت و وا دابنرێت گوایە بۆ پێشەکی بڕیاردان لە بارەیەوە دەتوانرێ پشت بەو زانیارییە ببەسترێ کە پێشتر بەدەست هاتووە کە دەبێ ئەگەر و گومانیشی لێ بکرێت، ئەوە تەنیا هەر ئەوەی دێتە بەردەم کە لێرەدا لە هەموو لایەکەوە هەر ئەو شتانە دەبینێ کە پێشتر دیتوونی و زانیوونی، چونکە بەلای کەمەوە چەمک و دەربڕی و چوارچێوەکان کە بەکاردێن وەک یەکن و لەیەکتری دەچن؛ بۆیە دەبێ هەموو شتێک بە شێواوی و بێ واتایی و تەمومژاوی و قسەی بێ سەروپا بێنە بەرگوێ و چاوی، چونکە لێرەدا مرۆڤ بۆ بڕیاردان لەو بارەیەوە پشت بە بیروبۆچوونی نووسەر نابەستێ، بەڵکو بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی کە ماوەیەکی دوور و درێژ خووی پێوەگرتووە و لەگەڵیدا ڕاهاتووە دەکات بە بنەما دەربارەی فراوانی و گەورەیی کتێبەکە لە سروشتی زانستەکە خۆیەوە، نەک لە شێوازی دانانییەوە کەوتۆتەوە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی وشک و سەخت و وردەکاری سکولاستی تێیدا بن کە نەدەکرا خۆیان لێ بپارێزرێت، ئەم تایبەتمەندییانە بەبێ ئەگەر و گومان تاڕادەیەکی زۆر سوود بە بابەتەکە دەگەیەنن، بەڵام بە ڕاستی زیان لە کتێبەکە خۆی دەدەن.

هەموو کەسێک وا بە وردی و جوانی و سەرنجڕاکێشەرانە وەک داڤید هیوم لە توانای نووسین بەهرەمەند نییە، یان وەک موسا مندلسون توانای دەست ڕەنگینی و ورد و بنچینەیی نووسینی نییە. ڕاستە دەمتوانی وابکەم کتێبەکەم شێوازی میللی هەبێ و هەموو کەسێک تێی بگات (وەک من ئەم شانازییە دەکەم) ئەگەر مەبەستی من تەنیا ئەوەبایە ڕەنگی نەخشەیەک بڕێژم و بە کەسانی ترم سپاردبایە جێبەجێی بکەن و ئەگەر بە دڵ مەبەستم چاککردنی ئەم زانستە نەبایە کە ماوەیەکی دووروودرێژە پێوەی خەریکم، ئیتر

پێویست بە پشوودرێژییەکی زۆر و خۆنەویستییەکی بێ پایان هەبوو بۆ ئەوەی ئەو هیوایە بە بەر خۆم بنێم کە هەر زوو لە دواڕۆژدا پەسندو بەردەوام پێشوازی لێ بکرێت.

دانانی پلان و نەخشە زۆرجار بە کارێکی ئەوپەڕی لووت بەرزی و کەش و فشی گیان (ژیر) دادەنرێت کە مرۆڤ خۆی بە بلیمەتێکی داهێنەر بێتە بەرچاو و داوا لە کەسانی تر بکات ئەوەی خۆی بۆی نەکراوە، بیکەن و ئەگەر باشتریان نەکرد گازندەیان لێ بکات و پێشنیاری ئەو شتە کە خۆشی نەزانێ چارەسەرەکەی لە کوێ دەدۆزرێتەوە: لەگەڵ ئەمەشدا نەخشەیەکی زیرەکانەی ڕەخنەیەکی هەمەکی لەمە پتر و زەبەندەتر دەبێ ئەگەر مرۆڤ تەنیا مەبەستی بە بەرداکردنی ئاسایی هیوای چاکخوازی نەبێت. ژیری بێگەرد کۆیەکی جیاوازی، یەکەیەکی بەیەکەوە گرێدراوی تەواوە بە جۆرێک، مرۆڤ ناتوانێ دەست لە بەشێکی بدات ئەگەر دەستی بەر هەموو بەشەکانی تری نەکەوێت و ناتوانێ هیچ شتێک بکات ئەگەر بێتو شوێن و ناوەندی هەر یەکێک لەم بەشانە و ئەو کارەی لەوانی تر دەیکات پێشتر دیار و دەستنیشان نەکردبێت، چونکە هیچ شتێک لە دەرەوەی نییە بتوانێ بڕیارەکانمان لە ناوەوەیدا ڕاست بکاتەوە، بایەخ و دەستبەکاری و بەکارهێنانی هەر بەشێک پابەندی ئەو پێوەندییە دەستیاوییەیە کە لەگەڵ ئەوانی تردا لە مێشکدا هەیەتی، هەروەک چۆن لە پێکهاتەی ئەندامەکانی لەشی ئۆرگانێکدا مەبەستی هەر ئەندامێک تەنیا لە چەمک و بۆچوونی تەواوەتییە هەمەکییە گشتییەکە دەکەوێتەوە، ئاوەهایە. ئیتر لەمەوە مرۆڤ دەتوانێ دەربارەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە بڵێ: هیچ کاتێک جێگای دڵنیایی کردن نابێت ئەگەر ئەو بە تەواوەتی و تا دەگاتە وردترین ڕەگەزی ژیری بێگەرد تەواو نەکرێت و پێویستە و دەبێ مرۆڤ کوێ ئەم توانایە، یان هەمووی دیار و تەواو بکات، یان هیچ نەکات، بەڵام ئایا ئەم جۆرە پلانە ساکارە تێی ناگەیشترێ و بڕوای پێ ناکرێت و سوودبەخش نابێت ئەگەر پێش ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد ڕەنگی بڕێژرێ، ئەوە بە پێچەوانەوە پتر سوودبەخش دەبێت ئەگەر بەدوایدا بێت. بەم پێیە مرۆڤ لەو ڕەوش و دۆخەدا دەبێت بتوانێت یەک بەیەک تێکڕای خاڵە سەرەکییەکان کە ئەم زانستە لێیان پێکهاتووە دەستی پێیان بگات، پارچە پارچە تاقییان بکاتەوە

هەندێکیان باشتر دابڕێژێت لەوەی ئەگەر ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار بنووسرێت.

ئەوەتا لێرەدا ئەو نەخشەیە کە بەپێی ڕێبازی شیکاری داڕێژراوە، دوای تەواوبوونی کتێبەکە کە دەبوو بەپێی ڕێبـــازی لێکدراوەیی Synthetischer Lehrart دابنرێت، پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەم زانستـە هەمـوو بەشـەکانی وەک ئەندامی پێکهێنەری تێکڕای توانای تایبەتی زانین لە چوارچێوەی پێوەندی بەیەکەوە بەسترانی سروشتییەکەیدا بخرێتە پێش چاو. ئەگەر مرۆڤێک ئەم نەخشەیەی کە من وەک چەند پێشەکییەک Prolegomena بەر لە هەموو میتافیزیکێکی دوارۆژ دامناوە، جارێکی تر بە تاریک و تەمومژاوی ببینێ، ئەوە دەبێ بیر لەوە بکاتەوە: ئەوە هیچ پێویست ناکات هەموو کەسێک خۆی بە میتافیزیکەوە خەریک بکات، کەسانێک هەن زیرەکی و بلیمەتە زگماکییەکان دەبێتە مایەی سەرکەوتنیان لە زانستە قووڵ و ڕێکوپێکەکاندا کـە لەبەرچاون، بەڵام ئەوان لەو لێکۆڵینەوانەدا کـە بە چەمک و بۆچوونی ڕووتەوە بەندن سەرناکەون و لەم بار و ڕەوشەدا پێویستە ئەوان بەهرەی ژیربیان لە بابەتێکی تردا بەکاربهێنن، بەڵام ئەوکەسەی بیەوێ دەربارەی میتافیزیک بڕیار بدات و لە بارەیەوە بنووسێ، پێویستە لەسـەری بەپێی پێویست پەیوەست و پابەندی ئەو ڕێوشوێنانەی ئێرە بێت، دەشێ و دەکرێ ئەو چارەسەرەی من لێرەدا داومەتە دەست پەسندی بکات، یان ڕەتی بکاتەوە و یەکێکی تری لە جێگا دابنێ، چونکە ئەو ناتوانێ بە یەکجاری دەستبەرداری ببێت، ئینجا ئەو تاریکییەی لێی کەوتۆتە هاوار هاوار (ئەمەش داوای لێبووردن کردنی تەمبەڵی و دەستکورتییە) سوود و قازانجی خۆی هەیە: هەموو ئەوانەی بەسڵ و پارێزەوە لەبەرانبەر زانستەکانی تر بێ دەنگ دەوەستن، لە کێشە و بابەتەکانی میتافیزیکدا وەک مامۆستا دەدوێن و چاوقـــایمانە لـە بارەیەوە بڕیار دەدەن، چونکە نەزانینەکەیان، لێرەدا، نەک دژی زانستەکانی تر شتی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو دژی بنەما ڕاستەقینەکانی ڕەخنەگرتن کە دەکرێ بەم جۆرە پێیاندا هەڵبڵێ:

ignavum, fucos, Pecus a Praesepibus arcent.

Virgel.

هەنگ لە گەوڕەکەیان دەردەکەن ئەو گاڕانە نەزانە!

«ڤرجیل»

## چەند پێشەکییەک:
## وەبیرهێنانەوەی پێشیبانەی تایبەتمەندییەکانی هەموو زانینێکی میتافیزیکی

پ: ١: دەربارەی سەرچاوەکانی میتافیزیک:

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ زانینێک Erkenntnis وەک زانست Wissenschaft پێشکەش بکات، ئەوە پێویستە بتوانێ لەپێشدا خەسڵەتی جیاکەرەوە لەگەڵ هیچ بابەتێکی تردا کە بەناوکۆیی نییەتی و ئەوانەی تایبەتن بەخۆی، بە تەواوەتی دیار و دەستنیشان بکات: بە پێچەوانەشەوە سنووری زانستەکان تێکەڵ بە یەکتری دەبن و هیچ یەکێکیان بەپێی سروشتەکەی ناتوانرێ بە وردی لێوەی بکۆڵرێتەوە.

ئەم تایبەتمەندییە جا ئیتر لە جیاوازی بابەت، یان لە سەرچاوەکانی زانینەکەوە، یان بەپێی شێواز و جۆری زانینەکە، یان بەهۆی چەند شتێکی ترەوە کەوتبێتەوە کە لەنێوان ئەم بەشانەدا ناوکۆیی یەکەم جار لەسەر ئەم بنەمایە بیرۆکەی زانستی شیاوەکی و پاوانەکەی دادەمەزرێت.

لە سەرەتادا، دەربارەی ئەوەی پێوەندی بە سەرچاوەکانی زانینێکی میتافیزیکییەوە هەیە، بەپێی ناوەڕۆکی چەمک و بۆچوونەکەی ناکرێ ئەزموونی (ئیمپری) بێت. بنەماکانی (لێرەدا مەبەستمان تەنیا لە بەڵگەنەویستەکانی نییە، بەڵکو چەمکە بنەڕەتییەکانیشی) هیچ جارێک ناکرێ لە شارەزاییەوە Erfahrung بکەونەوە، چونکە نابێ زانینێکی فیزیکی، بەڵکو دەبێ میتافیزیکی بێت، واتە، سنوورەکانی شارەزایی ببەزێنێ، ئیتر نە شارەزایی دەرەکی، کە تاکە سەرچاوەی تایبەتی فیزیکە و نە ناوەکی کە بنەماکانی ڕەواناسی ئیمپری پێکدەهێنێ، دەکرێ ببنە بنەما و بنچینەکەی. کەوابوو زانینی میتافیزیکی زانینێکی پێشیبانەیە apriorie، یان لە تێگەیشتنی بێگەرد، یان لە ژیری بێگەرد کەوتۆتەوە.

بەڵام بەم پێیە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بیرکاری ڕووتدا (ماتماتیک) نییە، کەوابوو دەبێ بە زانینی بێگەردی فەلسەفەیی ناوببرێت، دەربارەی واتای ئەم

چەمکە پشت بە کـتـێـبی ڕەخنەکـردنی ژیری بێگەرد (لاپەڕە: ٧١٢) دەبەسـتـم لەوێدا بە ڕوونی و باشی و ڕێکوپێکی جیاوازی نێوان دوو جۆری بەکارهێنانی ژیر نیشان دراوە.- ئەمەندە دەربارەی سەرچاوەکانی زانینی میتافیزیکی بەسە.

پ: ٢: دەربارەی ئەو جۆرەی زانین کە دەکرێ بە تەنیا بە میتافیزیکی ناوببرێت:

## أ- جیاوازی نێوان بڕیارە لێکدراو و شیکارییەکان بەگشتی:

دەبێ زانینی میتافیزیکی تەنیا لە بڕیارە پێشبیانەکان پێکبێت، ئەمە تایبەتمەندی سەرچاوەکانی خۆی بە پێویستی دەکات. تەنیا بڕیارەکان خۆیان دەتوانن بنەمایەکیان هەبێ کە خۆیان دەیخوازن، یان بەپێی فۆرمە مەنتیقییەکەیان چۆن خۆیان دەیانەوێ دابڕێژرێن، هەروەها بەپێی ناوەرۆکیان جیاوازییەکی تریشیان لەنێواندا هەیە، بەم پێیە، یان ڕوونکردنەوەی سادە و ڕووتن (blos erlauternd) هیچ شتێک ناخەنە سەر ناوەرۆکی زانین، یان فراوانکارن و (erweiternd) زانینە هاوردەکە پتر دەکەن. دەکرێ جۆری یەکەمیان بە شیکاری و دووەمیان بە بڕیارە لێکدراوەکان ناوببردرێن.

بڕیارە شیکارییەکان لە بارەکەیاندا (Pradikat) هەر ئەوە دەڵێن کە بە ڕاستی لە چەمکی بنەکەیاندا Subjekt هەیە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی تەواوەتی لە هۆشدا ڕوون نەبێت. کاتێک من دەڵێم: هەموو لەشێک درێژبووەوەیە، ئەوە من بەلای کەمەوە چەمکی لەشەکەم فراوانتر نەکردووە، بەڵکو تەنیا ئەوم توێ توێ کردووە، لەوەدا کە بەر لە بڕیارەکە درێژبوونەوە خۆی لە بۆچوونی لەشدا بەبیردادێت، ئەگەرچی بە ڕاشکاوی دەرنەبڕابێ، کەوابوو ئەم بڕیارە شیکارییە. بەپێچەوانەوە ئەم ڕستەیە: هەندێک لەش قورسن، بارەکەی شتێکی تێدایە کە بە ڕاستی لە بۆچوونی گشتی لەشدا بەبیردا نایەت، ئەمە زانینەکەم پتر و گەورەتر دەکات لەوەدا شتێک دەخاتە سەر بۆچوونەکەم، بۆیە دەبێ بە بڕیاری لێکدراو ناوببرێت.

## ب- بنەمای هاوبەشی هەموو بڕیارە شیکارییەکان بنچینەی ناکۆکییە:

هەموو بڕیارە شیکارییەکان بە بنەمای ناکۆکییەوە Widerspruch بەندن و بەپێی سروشتەکەیان زانینی پێشیانەن، ئەو بۆچوون و چەمکانە ئەو چەمک و بۆچوونانەی کەرەسەکەی پێکدەهێنن، دەکرێ ئەزموون بن، یان وانەبن، چونکە بارەکەی بڕیارێکی شیکاریی کراو پێشتر لە چەمک و بۆچوونی بنەکەدا بەبیردا دێت، بۆیە بەبێ کەوتنە ناو ناکۆکییەوە ئەمەی لێنا ناکرێت. بە هەمان شێوە پێچەوانەکەی لە بڕیاری شیکاریدا جێبەجێ دەکرێت. ناچارییانە بەپێی بنچینەی ناکۆکی پێچەوانەی بارەکە لە بڕیاری شیکاری ناکراودا لە بنەکەدا نا دەکرێت. ئیتر لەم ڕستەیەدا: هەموو لەشێک دەکشێ و هیچ لەشێک کشاوە (درێژ بووەوە) نییە (ساکارە) لە سروشتەوە.

هەربۆیە هەموو ڕستە Satz شیکارییەکان چەند بڕیارێکی پێشیانەن، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا چەمکەکانی ئەزموونیشن، بۆ نموونە زێڕ کانزایەکی زەردە، بۆ زانینی ئەمە پێویستیم بە هیچ شارەزاییەکی تر نییە لەوە بەولاوە کە لە بۆچوونەکەمدا دەربارەی زێڕ هەمە بریتییە لەوەی ئەم لەشە زەرد و کانزایە: ئەمە ئەو واتایەیە کە لە بۆچوونەکەیدایە و من لە توێ توێ کردنی بەولاوە پێویست ناکات هیچی تر بکەم و لە دەرەوەیدا بەدوای شتێکی تردا سەرگەرم بم.

## ج- بڕیارە لێکدراوەکان پێویستیان بە بنەمایەکی تر، نەک بە بنچینەی ناکۆکی هەیە:

چەندین بڕیاری لێکدراوی پاشیانە aposteriori هەیە کە سەرچاوەکەیان ئەزموونییە، بەڵام هەروەها هی تریان هەیە کە بێ ئەگەر و گومان پێشیانەن و لە تێگەیشتنی Verstand بێگەرد و ژیرەوە سەرچاوە دەگرن. هەردوو جۆریان لەوەدا وەک یەکن کە هەردووکیان تەنیا هەر بەپێی بنەما بنەڕەتییەکەی شیکردنەوە، واتە ڕستە و بنەمای ناکۆکی ناکەونەوە، بەڵکو بنەمایەکی تر پێویست دەکەن، جا ئیتر ئەم بنەمایە هەرچییەک بێت دەبێ بەپێی بنەمای ناکۆکی لێوەی بکەونەوە، هیچ شتێک نییە لەگەڵ ئەم بنچینەیەدا ناکۆک بێت، ئەگەرچی ناکرێ هەموو شتێک لەوەوە بکەوێتەوە. دەمەوێ هەر لە سەرەتاوە بڕیارە لێکدراوەکان پۆلێن بکەم:

١- بڕیارە ئەزموونییەکان هەمیشە لێکدراون. ژێر

نایگرێت بڕیارە شیکارییەکان پشت بە شارەزایی ٢٦٨ببەستن، لەبەر ئەوەی من ناکرێ سنووری بۆچوونەکەم ببەزێنم بۆ ئەوەی بڕیار بدەم و ئەوە بۆ ئەم مەبەستە بەهیچ جۆرێک شایەتی شارەزایی پێویست ناکات: لەشێک دەکشێ، ڕستەیەکە بە دڵنیاییەوە پێشیینانەیە و بڕیارێکی ئەزموونی نییە. پێش ئەوەی من پەنا بۆ شارەزایی بەرم لە چەمکی بابەتەکەدا هەموو مەرجەکانی بڕیاردانەکە دەبینم و ئەوە دەمێنێتەوە بەپێی بنەمای ناکۆکی بارەکەی لێوە بخەمەوە، هەر بەم پێیە لە هەمان کاتدا دەتوانم لە ناچارەکی بڕیارەکە ئاگادار ببمەوە کە هیچ جارێک شارەزایی ئەمەم فێر ناکات.

٢- بڕیارە بیرکارییەکان هەموویان بە تێکڕایی لێکدراون: ئەم ڕستەیە واپێدەچێ تا ئێستا لە تێبینییەکانی توێ توێکاری ژیری مرۆڤ بەگشتی دەرباز بووبێ و واپێدەچێ بە پێچەوانەی هەموو مەزندەکانیانەوە بێت، ئەگەرچی خۆی بەبێ هیچ ئەگەر و گومانێک جێگای دڵنیاییکردنە و ئەنجامی زۆر گرنگی هەیە.

لەبەر ئەوەی هەست پێکراوە ئەنجامەکانی بیرکار هەموویان بەپێی بنەما و بنچینەکانی ناکۆکی بەرەو پێش دەچن (ئەمەش کە سروشتی هەموو دڵنیاییەکی ناچارەکی پێویستی دەکات) مرۆڤ هاتۆتە سەر ئەو بڕوایە کە بەڵگە نەویستەکانیش لە ڕێگای بنەمای ناکۆکییەوە دەزانرێن، لەمەشدا زۆر بە هەڵەچوون؛ چونکە ئەگەر بکرێ بە دڵنیاییەوە بەپێی بنەمای ناکۆکی ڕستەیەکی لێکدراو دەرکی پێ ببردرێ، ئەمە تەنیا کاتێک دەبێ کە ڕستەیەکی تری لێکدراو و وەک مەرج گریمانە بکرێت و بکرێ ئەوی لێوەی بکەوێتەوە و ناکرێ لێکەوتنەکەیان لە هەمان ڕستە خۆی بێت.

لەپێش هەموو شتێکدا پێویستە تێبینی بکرێت کە ڕستە بیرکارییە تایبەتییەکان هەمیشە چەند بڕیار (حوکمێک Urteil)ی پێشیینانەن، بەڵام ئەزموونی نین، چونکە ئەوان ناچارییەکیان تێدایە کە ناکرێ لە شارەزاییەوە بکەوێتەوە. ئەگەر کەسێک نەیەوێ ئەمە بۆ من بسەلمێنێ کەوابوو من وا دەکەم ڕستەکەم تەنیا بیرکاری ڕووت بگرێتەوە کە چەمکەکە و بۆچوونەکەی لەخۆیدایە، هیچ جۆرە زانینێکی ئەزموونی تێیدا نییە، بەڵکو زانینێکی ڕووتی پێشیینانەی گرتۆتە خۆ.

هەر لە سەرەتاوە دەبێ مرۆڤ بیربکاتەوە ئەم ڕستەیە ٧+ ٥=١٢ ڕستەیەکی ڕووتی شیکارییە کە لە بۆچوونی کۆی حەوت و پێنج بەپێی بنەمای ناکۆکی کەوتۆتەوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە نزیکەوە سەرنج بدات، دەبینێ کە بۆچوونی کۆی (٧) لەگەڵ (٥) لەوە بەولاوە کە هەردوو ژمارەکە لە یەکێکدا یەک دەخات شتێکی تری تێدا نییە و بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ بەبیردا بێت جەوهەری ئەم یەک ژمارەیە کامەیە کە هەردووکیانی کۆکردۆتەوە. چەمکی ژمارە دوازدە بە هیچ جۆرێک بەو پێیە بەبیردا نایەت کە من کۆکردنەوەی حەوت و پێنج بە بیری خۆمدا دەهێنم و چەندە من هەوڵ بدەم ئەو بۆچوونەی دەربارەی ئەم کۆیە شیاوەکییە هەمە بەو جۆرەی بۆم دەلوێ توێ توێ بکەم، ئەوە ژمارەی دوازدەی تێدا نابینم، بۆیە دەبێ مرۆڤ لەم بۆچوونە تێبپەڕێ و چاوەڕێی یارمەتی تەماشا کردن بکات کە لەگەڵ ژمارەیەک لەو دوو ژمارەیە کۆکە وەک پێنج ئەنگوستەکەی، یان (وەک سیگنەر لە کتێبی ژمێرەکەیدا دەڵێ) پێنج خاڵ ئینجا وردە وردە یەک لەدوای یەک پێنج یەکە کە دەخەینەسەر بۆچوونی حەوت. ئیتر مرۆڤ بەهۆی ڕستەی ٧+٥=١٢ بەڕاستی بۆچوونەکەی فراوان دەکات و یەکێکی تر دەخاتە سەر چەمکی یەکەم، کە لەودا بەبیردا نەهاتووە، واتە ڕستەی ژمێرە Arithmatik هەموو کاتێک لێکدراوە، ئەمەش پتر بۆ مرۆڤ ڕوون دەبێتەوە ئەگەر بێتو ژمارەیەکی گەورە بەکاربهێنێ؛ ئەوکاتە دەردەکەوێ کە ئێمە بە هەر بارێکدا بمانەوێ ئەم بۆچوونە بگۆڕین بەبێ یارمەتی سەرنجدان Anschauung، بەهۆی توێ توێ کردنی ڕووتی بۆچوونەکەمان هیچ جارێک ناتوانین ئەو کۆیەی ژمارەمان دەستگیر ببێ.

بەهەمان شێوە بە کەمی و بە دەگمەن بەڵگەنەویستێکی Grundsatz ئەندازە شیکارییە. هێڵی ڕاست لەنێوان دوو خاڵدا کورتترینیانە، ڕستەیەکی لێکدراوە، چونکە بۆچوونی من لەبارەی ڕاست هیچی دەربارەی گەورەیی و قەبارە تێیدا نییە، بەڵکو بریتییە لە چەندێتی. چەمکی کورتترینیان دەهێنرێ و دەخرێتە سەر و بەهۆی هیچ تاووتوکردنی هێڵی ڕاستەوە پەیدا نابێ و دەستگیر و ناکەوێتەوە، بۆیە دەبێ لێرەدا پەنا ببردرێتە بەر سەرنجدان، هەر بەهۆی ئەوەوە لێکدان شیاوەکی دەبێت.

هەندێک بەڵگەنەویستی تر، کە ئەندازیاران وەک مەرج دایاندەنێن، ئەگەرچی بەڕاستی شیکارن و بە بنەمای ناکۆکییەوە بەندن، بەڵام تەنیا، وەک بنەمای وەک یەک و لەیەکچوو سوود و کەڵکی زنجیرەی بەدوای یەکتریدا هاتنی پەیڕەویان هەیە و بە بنچینەکان دانانرێن، بۆ نموونە: ئا= ئا، هەموو ئەوەندەی خۆیەتی، یان (ئا+ ب) > ئا، واتە هەمەکی لە بەشەکانی گەورەترە. بگرە ئەگەر ئەمانە خۆیان بەپێی چەند چەمکێک بڕ بکەن و دروست بن، ئەوە لەبەر ئەو هۆیە لە بیرکاریدا بەکاردێت، چونکە بەشێوازێک بە چاو ببینرێن نیشان دەدرێن و دەخرێنە بەرچاو. ئەو باوەڕە گشتییەی وای لێکردووین وای دابنێین کە باری ئەم بڕیارە گومان هەڵنەگر و بەڵگەنەویستانە لە چەمک و بۆچوونەکەماندان و ئەو بڕیارە (حوکمە) شیکارییە لە دوو واتایی و تەمومژی دەربڕینەکەوە کەوتۆتەوە. ئەگەر ئێمە بەناچاری چەمکێکی دراوی لەبەردەستدا بخەینە پاڵ بارێکی دیاریکراو ئەو ناچارییە خۆی بە چەمکەکانەوە بەندە، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە ئێمە دەبێ بەبیر چی بخەینە سەر چەمکە دراوەکە، بەڵکو بریتییە لەوەی ئێمە بە ئەو بەڕاستی، ئەگەر تەمومژاویش بێت، بیر لەچی دەکەینەوە، ئەوکاتە دەردەکەوێ کە باری Pradikat ئەو چەمکانە ئەگەرچی ناچارەکی پێوەیان بەندە نەک ڕاستەوخۆ، بەڵکو بەهۆی سەرنجدان و بۆچوونێک کە دەبێ بخرێتە سەر.

جەوهەر و جیاوازێتی زانینی بیرکاری بێگەرد لە هەموو زانینەکانی تر ئەوەیە کە پێشییانەیە، تاڕادەیەکی زەبەندە نەک لە چەمکەکان، بەڵکو هەمیشە بەهۆی ڕۆنانی (Konstruktion) چەمکانەوە بەرەو پێش دەچن (بڕوانە ڕەخنەی ژیری بێگەرد: ٢. ل: ٥٨١ بەدواوە)، چونکە ئەو دەیەوێ کێشە و بابەتەکانی لەو چەمکە کە سەرنجدانی لەگەڵ خۆیدا گونجاوی تێدایە، سنوور تێبپەڕێنی، ئەوە ناکرێ هیچ جارێک کێشە و بابەتەکانی بەهۆی توێ توێکردنی چەمکەکان دەستگیر ببێ، واتە شیکارییانە، بۆیە ئەوان بە تێکڕای لێکدراون.

هیچ شتێک ڕێگام لێناگرێ باسی ئەو زیانە بکەم کە لە فەلسەفە کەوتووە کاتێک ئەم تێبینییە ئەگەرچی سووک و ئاسانە و وادێتە بەرچاو گرنگ نەبێت پشتگوێ خراوە. کاتێک هیوم هەستی پێ کردووە ئەو پیشەیەی هەیە: کە شایستەی فەیلەسووفە و دەبێتە مایەی ئەوەی سەرنجێکی ورد لە پاوانی زانینی بێگەردی پێشییانە بدات، کە تێیدا مێشکی مرۆڤ وا لاف لێدەدات خاوەنی ئەو قەدەغە و پاوانە گەورەیەیە، بە شێوازێکی بێ خەمانە تێکڕاو سەرجەمی هەرێمێکی دابڕیوە، هەرێمی بیرکاری ڕووت، چونکە لە خەیاڵەوە کەوتۆتەوە گوایە سروشتەکەی، یان وەک دەوترێ دەستوورە ڕەسمییە دەوڵەتییەکەی پابەندی چەند بنچینەیەکە، بە تایبەتی تەنیا یەک بنچینە کە بنەمای ناکۆکییە، ئەگەرچی و ئاخۆ بە ڕاستی ڕستە و کێشەکان وا ڕوخسارەکی و گشتییانە دابەش و پۆلێن نەکراون وەک من لێرە کردوومە و ئەو ناوانەشیان لێ نەنراوە کە من بەکارم هێناون، بە ڕادەیەک هەروەک بە زمان وترابێ: بیرکاری ڕووت تەنیا ڕستەی شیکاری تێدایە، بەڵام میتافیزیک ڕستەکانی لێکدراوی پێشییانەن. ئەو لێرەدا هەڵەی گەورەی کردووە و ئەنجامی زیانبەخشی لێکەوتۆتەوە و کاریان لە تێکڕای بۆچوونەکەی کردووە. خۆ ئەگەر ئەو ئەمەی نەکردبایە، دەیتوانی پرسیارەکەی دەربارەی بنچوبناوانی بڕیارە لێکدراوەکان فراوانتر بکات و لە بۆچوونی میتافیزیکی هۆبەکی تێپەڕێنێ و بیگەیەنێتە بواری شیاوەکی پێشییانەی میتافیزیک، هەروەها پێویست بوو لەسەری ئەمە بە لێکدراو دابنێ، بەڵام نەیتوانیوە ڕستە و کێشە میتافیزیکییەکان بە پشتیوانی شارەزایی و ئەزموون دابمەزرێنێ، چونکە ئەو دەبوو بەڵگە نەویستەکانی بیرکاری ڕووت پابەندی شارەزایی بکات، فراوانی بیر و تێگەیشتنەکەی einsehend دەرفەتی ئەمەی نەداوەتێ. دۆستایەتی باش کە دەکرا میتافیزیک لەگەڵیدا هەیبایە لە هەموو ڕەفتارێکی بەد کە لەگەڵیدا کرابایە دەیپاراست، چونکە هەر دەستێک لەوەی دواییان وەشێنرابایە بەر ئەوەی یەکەمیشیان دەکەوت، بەڵام ئەمە مەبەستی ئەو نەبووە، نەشدەکرا ئەمە مەبەستی ببایە، ئەو مرۆڤە بیرومێشک تیژە دەیتوانی سەرنجی بۆ ئەو لایەنە ڕاکێشرابایە کە من پێی گەیشتووم و سەرگەرمیم و بەهۆی شێوازی گوفتارە جوانەکەی کە لاسایی ناکرێتەوە، دەسکەوتی زەبەندەی دەبوو.

بڕیارە میتافیزیکییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی بەگشتی لێکدراون. دەبێ مرۆڤ ئەوانە سەر بە میتافیزیکن لە

بڕیاره میتافیزیکییەکان جیابکاتەوە، لەنێوان یەکەمیاندا شیکاری زۆر و زەبەندەیان تێدایە، بەڵام ئەوان وەک ئامراز و ڕێگایەکی میتافیزیکین بۆ گەیشتنە ئامانجی زانست و هەمیشە لێکدراون، خۆ ئەگەر چەند چەمکێک سەر بە میتافیزیک بن بۆ نموونە وەک چەمکی جەوهەر (Substanz)، ئەوە بڕیارەکان کە لە ئەنجام و بەهۆی توێ توێکردنەوە لە هەمان سەرچاوەوە دەکەونەوە، ئەوە ناچارەکی سەر بە میتافیزیکن، بۆ نموونە جەوهەر ئەوەیە کە تەنیا وەک بنە، هەیە،... تاد، ئێمە بەهۆی زۆر لەو بڕیارە شیکارییانە خۆیان هەوڵ دەدەین لە پێناسەی چەمکەکان نزیک ببینەوە، لەبەر ئەوەی شیکردنەوەی چەمکێکی تێگەیشتنی ڕووت بە شێوازێکی تری جیا لە شێوازی توێ توێکردن (وەک ئەوانەی لە میتافیزیکدان) لە کردن نایەت، هەروەها چەمکی ئەزموونیش سەر بە میتافیزیک نییە، (بۆ نموونە ئاو جۆرە شلەیەکی شلی نەرمونیانە و هیچ ڕادەیەکی زانراوی سەرما ئەم شلی و نیانییەی لانابات) ئەوە چەمکەکە، بەڵام نەک بڕیارە شیکارییەکە، بە ڕاستی و تایبەتی میتافیزیکی دەبێت، ئەم زانستە تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی لە بەدەست هێنانی زانینی پێشییانە هەیە کە لەگەڵ ئەوانی تردا ناوکۆیی هەیەتی، دەبێ جیای بکاتەوە. تەنانەت، بۆ نموونە، ئەم ڕستەیە: «هەرچی لە جەوهەردا هەیە نەگۆڕاوە» ڕستەیەکی لێکدراوە و بەڕاستی ڕستەیەکی میتافیزیکییە.

ئەگەر مرۆڤ پێشتر پێشییانە چەمکەکانی کە مادده و بابەتی میتافیزیک و کەرەسەی بنیادنانەکەیان لێ پێکدێت، کۆکردبێتەوە، ئەوە توێ توێکردنی ئەم چەمکانە بایەخێکی گەورەیان هەیە، دەکرێ ئەمانە وەک بەشێکی تایبەتی (جۆرێک لە- Philosophia def- initiva) فەلسەفە کە شیکارین و ئەو ڕستانەی سەر بە میتافیزیکن تێیدان و لە ڕستە لێکدراوەکان کە میتافیزیکیان لێ پێکدێت، جیاوازن، بخرێنە بەرچاو. بەکردەکی ئەم توێ توێکردنانە لە هیچ جێگایەکی تردا ئەوەندەی لە میتافیزیکدا وایە سوودبەخش نین، واتە سەبارەت بە ڕستە لێکدراوەکان کە دەبێ هەر لە سەرەتاوە لە توێ توێکردنی چەمکەکان بکەونەوە.

کۆتایی ئەم پەرەگرافە بەم جۆرەیە: میتافیزیک بەشێوەیەکی تایبەتی پێوەندی بە ڕستە لێکدراوە پێشییانەکانەوە هەیە و ئەمە بە تەنیا ئامانجەکەی دیار و دەستنیشان دەکات، ڕاستە ئەو بۆ ئەمە پێویستی چەند توێ توێکردنێکی چەمکەکانی هەیە، واتە پێویستی بە چەند بڕیارێکی شیکارییانە هەیە، بەڵام پەیڕەو و ڕێبازەکەی لەوە بەولاوە نییە کە لە جۆرەکانی زانیندا دەگیرێنە بەر کە تێیدا مرۆڤ بەهۆی توێ توێکردنی ڕووتەوە دەیەوێ ڕوونیان بکاتەوە. تەنیا بە دەست هێنانی پێشییانەی زانین بەپێی سەرنجدان و چەمک و بۆچوونەکان ئینجا لە کۆتاییدا ڕستە لێکدراوە پێشییانەکان و زانینی فەلسەفەیی ئەو کەرەسەیەن کە ناوەرۆکی جەوهەری میتافیزیک پێکدەهێنن.

**پ: ٣ تێبینی دەربارەی دابەشکردنی گشتی بڕیارەکان بە شیکاری و لێکدراو:**

ئەم دابەشکردنە سەبارەت بە ڕەخنەکردنی مێشکی مرۆڤ، ناکرێ دەستبەرداری ببێت، کەوابوو شایستەی ئەوەیە لەودا کلاسیکی بێت ئیتر من نازانم ئایا لە شوێنێکی تردا سوودێکی گەورەی هەیە، یان نا، هەروەها من لەوێدا ئەو هۆکارەم دۆزیوەتەوە، بۆچی فەیلەسووفە دۆگماتییەکان کە سەرچاوەی بڕیارە میتافیزیکییەکانیان هەمیشە تەنیا لە میتافیزیک خۆیدا نەک لە دەرەوەیدا، لە قانوونەکانی ژێری بێگەرددا بەگشتی سۆراغ کردووە. ئەم دابەشکردنە کە لە خۆیدا ڕوون و ئاشکرایە پشت گوێیان خستووە، هەروەها ڤۆلفی بەناوبانگ و باومگارتنی بیرتیژ کە شوێن پێی هەڵگرتووە هەمان هۆکار وای لێکردوون کە لە بنەمای ناکۆکیدا بەدوای سەلمێنەی بنەمای هۆکاری بەسوودا بگەڕێن کە بە ئاشکرا لێکدراوە، کەچی بەپێچەوانەوە لە هەوڵەکەی لۆکدا دەربارەی مێشکی مرۆڤ هێمایەکی ئەم دابەشبوونە دەبینم، لە فەسڵی سێیەمی کتێبی چوارەمی بڕگە ٩ و بەدواوە دوای ئەوەی پێشتر بەیەکەوە گرێدانی جیاوازی نێوان بۆچوونەکانی لەبڕیارەکاندا و سەرچاوەکانی باس کردووە کە ئەو یەکێکیان لە بنەمای خۆیەتی، یان لە ناکۆکیدا داناوە (بڕیارە شیکارییەکان)، ئەوی تریانی لەنێو بوونی بۆچوون لە خۆیەکدا (بڕیارە لێکدراوەکان) داناوە، ئەو دانی پێدا دەنێ: پ: ١٠ کە زانینی ئێمە (پێشییانە) دەربارەی ئەوەی دوایی زۆر تەنگەبەرە و لە هیچەوە نزیکە. کە دەربارەی ئەو جۆرەی زانین دواوە

تەنیـا زۆر کـەم شـتی دیاریکراو کـە بە چەند قـانوون و ڕێوشـوێنێک پشت ئەسـتـوور بێ، دەبینرێت و ناکـرێ مرۆڤ سەری سوڕنەمێنێ کە هیچ کەسێک و بە تایبەتی تاکـە جـارێکیش هیـوم ئەو دەرفـەتەی بەخـۆی نەداوە دەربارەی ڕسـتـەکـانی ئەم جـۆرە سـەرنج بدات و وردبیێتەوە. مرۆڤ ئەو بنچینە گشتی و دیاریکراوانە لە کەسانی ترەوە کـە بە شێوەیەکی تاریک و تەمومژاوی بۆیان دەچن فـێـرنابێت. پێـویسـتـە مـرۆڤ بەهۆی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی بگاتە ئەوەی پەیان پێبەرێت و ئەوکاتە لە شوێنێکی تر دەیاندۆزێتەوە کە یەکەم جار نەدەکـرا پێـیـان بگات، چونکە نووسـەرەکـان خـۆیان نەیاندەزانی کە ئەم بیرۆکەیە بنچینەی تێبینییەکانیانە. ئەوانەی خۆیان هیچ جارێک بیرناکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە زیرەک و بیرتیژن، دەتوانن هەمـوو شتێک، دوای ئەوەی نیـشـانیـان دراوە، لەوەدا بدۆزنەوە کـە پێـشـتـر باسکرا، کە پێشتر هیچ کەسێک نەیتوانیوە ببینێ.

## پێشەکی

### پرسیارێکی گشتی

ئایا مـیـتـافـیـزیک لە هەمـوو سـات و جـێگایەکـدا شیاوەکییە؟ ئەگەر میتافیزیک، کە وەک زانست بتوانێ خۆی بسەپێنێ، بەڕاستی هەبێت، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: ئەوەتا ئەوە لێرەدا میتافیزیکە پێویستە ئێوە تەنیا فێری بن و بەشـێـوەیەک کـە هیچ بەربەرەکـانی و گـۆڕانێک هەڵنەگرێ دەربارەی ڕاستییەکەی قەناعەتتان پێدەکرێت: ئەوکـاتە پرسـیـارەکـە گـرنگ نامـێـنێ لەوە بەولاوە نامێنێتەوە کە پتر بیرتیژی خۆمان ساغ و پشت ڕاست بکەینەوە لەوەی پێوەندی بە سەلمێنەی بوونی بابەتەکـە خۆیەوە هەبێ، بەتایبەتی چۆن ئەو شیاوەکییە و چۆن ژێر دەست پێدەکـات بۆ ئەوەی بەمـە بگات. ئێـسـتـا ژێری مرۆڤ لەو ڕەوشەدا وا باش نەبووە. مرۆڤ ناتوانێ تاکە کـتێـبـێک نیـشـان بدات وەک ئەوەی ئۆیکلید نیـشـان دەدرێ و بڵێت:

ئەمە میـتـافـیزیکە، لێرەدا مەبەستی سەرەکی زانست دەبینرێت، زانینی جەوهەری بەرز و دنیایەکی دوارۆژ کە بە چەند بنەمـایەکی ژێر سـاغ کـراونەتەوە دەکـرێ مـرۆڤ زۆر ڕسـتـە کـە ئەوپەڕی جـێگای دڵنیـایین و گـومـان هەڵنەگرن و هیچ کـاتێک کێشە و بەرەیان لەسەر نییە نیـشـانمان بدات، بەڵام ئەمـانە هەمـوویان بە تێکڕایی شـیـکارین و پـتـر پێـوەندییـان بە چەند بابەت و کـەرەسـەیەکی بنیـادنانی مـیـتـافـیـزیکەوە، نەک بە فراوانکردنی زانینەوە هەیە کە ئەگەرچی ئەمە لەودا دەبێ مـەبەستی تایبـەتی ئێـمە بێت (پ: ۲. پیـتی- ج -). چەند ئێـوە هەوڵ بدەن چەند ڕسـتـەیەکی لێکدراومـان بخەنە بەرچاو (بۆ نموونە بنەمای هۆکاری بەس بوو) بەبێ ئەوەی بەژێر پێشـیـیانەکەی ساغ بکەنەوە کە ئەمەش بە خـۆشـیـیەوە بە ئێـوە دەسـپـێـردرێ. ئەگـەر بتـانەوێ بۆ خزمەتکردنی ئامانجی سەرەکی خۆتان ئەو بەکاری بهێنن، ئەوە دەکـەونە چاڵی چەندین بڕیاردانی ناشـایسـتـە و دڵنیـایی لێ نەکـراو، ئیـتـر ئەگـەر لە هەمـوو کـاتێکدا میتافیزیکێک بەپێی بڕیارەکانی کە خۆی داویەتی، یان لە سـەلمێنەکـانیـدا بە پێـچـەوانەی ئەوانی ترەوە بووە و ناکـۆک بووە لەگـەڵیـاندا و بۆتە مـایەی ئەوەی مـافی بەردەوام پەسند کـردن و ئافـەرین کـردنەکەی خـۆی لەناو بـەرێت. تـەنـانـەت ئـەو هـەوڵانـەی بـۆ دامـــەزرانـدن و بنیادنانی ئەم زانستە دراون بەبێ هیچ گومان و ئەگەرێک یەکـەمین هۆکاری پەیدابوونی پێشـوەختـانەی ڕێبـازی گومان Skeptizimus بووە. واتە جۆرێکی بیرکردنەوە کە ژێر بەوپەڕی توندوتیژی و سەختی دووچاری دژایەتی کـردنی خـۆی دەبێت کە دەبوو سەبارەت بە وەدی هێنانی گـرنگتـرینی مەبەسـتـەکانی و بۆ ڕازی کـردنی خـۆی هیچ جارێک دووچاری بێ هیوایی نەبووبایە، چونکە پتر پێش ئێستا، پێش ئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی پەیڕەوی سروشت بخاتە بەردەم پرسیار و لێپێچانەوە، مرۆڤ تەنیا ژێری جیاکراوەی خۆی، کە بەهۆی تاقیکردنەوە شارەزاییەکی ناوکۆی دەستگیر بووە، خستۆتە بەردەم لێپێچانەوەوە، ئەگەرچی ژێر هەمـیـشـە لەلامان ئامادەیە، کەچی گەڕان بەدوای قانوونەکانی سروشتدا پێویست بە کۆششێکی زۆر و زەبەندە دەکـات: مـیـتـافـیـزیک وەک کەف سەرئاو دەکەوێ، کـە دەسـتـبـەجێ پەیدا دەبێـتـەوە کەسانێک بە پەرۆشەوە ئەمەیان کۆکردۆتەوە، کەچی هەندێک کەسی تر بۆ دۆزینەوەی هۆکـاری ئەم دیاردەیە خـۆیان مـانـدوو نەکـردووە لە قـوولاییـدا بگەڕێن و وا بە بیـر و ئەندێشەیاندا هاتووە کە گوایە دانان، چونکە گاڵتەیان بە کۆششی نەپساوەی بە فیرۆچووی کەسانی یەکەم کردووە.

بێـزاربوون لە دۆگـمـاتیـزم کـە هیـچـمـان فـێـر ناکـات،

هەروەها لە گومانکاری کە بە هیچ جۆرێک هیچ بەڵێنێکمان پێنادات، تەنانەت ئەو دڵنیاییەش کە نەزانین ڕێگای دەدات دابین ناکات، بۆیە لەوکاتەدا کە هەوڵی گەیشتنە ئەو زانینە ئەوپەڕی گرنگە دەدەین کە هەست دەکەین پێویستیمان پێیەتی دوای ئەوەی وامان لێ هات دوای تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژ گومان لەو هەموو زانینە بکەین کە بڕوامان وابوو ڕاستن و کە لەژێر ناوونیشانی ژیری بێگەرددا هاتبوە بەردەممان تەنیا پرسیارێکی ڕەخنەگرییانە ماوەتەوە بیکەین کە وەڵامەکەی دەرفەتی ڕێکخستنی هەڵوێستی دوارۆژمان دەداتە دەست: ئایا میتافیزیک شیاوەکییە؟ بەڵام نابێ ئەم پرسیارە بەهۆی چەند گازندەکردنێکی گوماناوی هەندێک لە بڕیارەکانی میتافیزیکی ڕاستەقینە (کە ئێمە هیچ یەکێکمان پەسند نەکردووە) وەڵام بدەینەوە، بەڵکو دەبێ لە چەمکی تەنگوچەڵەمە ئامێزی ئەم جۆرە زانستەوە وەڵامەکەی بەدەست بهێنین.

لە کتێبی ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد-دا بەشێوازی لێکدراوییانە لە ڕێگای توێژینەوەی ژیری بێگەرد خۆیەوە لەم پرسیارەم پێچاوەتەوە، هەوڵم داوە هەر لەو سەرچاوەیەدا ڕەگەز و قانوونەکانی بەکارهێنانە بێگەردەکەی بەپێی چەند بنەمایەک دیار و دەستنیشان بکەم. ئەم کارە سەختە و پێداویستی بە خوێنەرێک هەیە بڕیاری دابێت وردە وردە خۆی ڕابهێنێ لە چوارچێوەی سیستمێکدا بیر بکاتەوە کە لە ژێر بەولاوە بەهیچ بنەمایەکی تر بەند نەبێت و بەجۆرێکیش کە بە هیچ ڕاستەقینەیەک Faktum پشت ئەستوور نەبێت و کە سەرگەرمی پەرەپێدانی زانین لە بنە تۆوەکەیەوە بێت. بەپێچەوانەوە پێشەکییەکان دەبێ چەند تاقیکردنەوەیەکی پێشوەختیانەبن، پێویستە پتر نیشانی بدەن، مرۆڤ دەبێ چی بکات بۆ ئەوەی زانستێک لەو جێگایەی شیاوەکییە، بەڕاست بگیرێ لە جیاتی ئەوەی کە باسی بکات. پێویستە ئەوان بە شتێک پشت ئەستووربن کە مرۆڤ وەک باوەڕپێکراوی دایبنێ، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە دڵنیاییەوە لەمەوە دەست پێ بکات و بتوانێ بەرەو سەرچاوەکان کە لەمەوبەر مرۆڤ نەیزانیون سەربکەوێ و دۆزینەوەیان نەک تەنیا هەر لێکدانەوەیەکی زانینی بە دەست هێنراو، بەڵکو لە هەمان کاتدا، هەروەها لێکدانەوەی کۆیەکی زۆر لە زانینەکان کە بە تێکڕایی لە هەمان سەرچاوەوە دەکەونەوە، دەداتە دەست. پەیڕەوی ڕێبازی پێشەکییەکە، بەتایبەتی ئەوەی دەبێ ڕێگای میتافیزیکێکی دوارۆژمان بۆ خۆش بکات پێویستە شیکاری بێت.

خۆشبەختانە ڕاست و دروستە ئاخۆ ئێمە ناتوانین وای دابنێین کە میتافیزیک وەک زانست بەڕاستی شیاوەکییە، هەروەها بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە چەند زانینێکی لێکدراوی پێشییانە شیاوەکین و هەن بەتایبەتی لەماتماتیکی بێگەرد و زانستی سروشتی (فیزیک)ی بێگەرددا هەردووکیان چەند ڕستەیەکیان تێدایە کە لەلایەکەوە بەهۆی ژیری رووتەوە ڕاستن و لەلایەکی ترەوە بەهۆی یەکدەنگی پشت ئەستوور بە شارەزاییەوە، هەروەها سەربەخۆ لە شارەزایی و ئەزموونەوە دەکرێ دانیان پێدا بنرێت. کەوابوو ئێمە بەلای کەمەوە زانینێکی لێکدراوی پێشییانەی گومان هەڵنەگرمان هەیە و ناشێ بپرسین ئایا ئەو شیاوەکییە، یان نا (چونکە ئەو بەڕاستی هەیە)، بەڵکو دەبێ تەنیا بپرسین ئایا ئەو چۆن شیاوەکییە، بۆ ئەوەی بتوانین لە بنەمای شیاوەکی ئەو دراوەدا و هەروەها شیاوەکی هەموو ئەوانی تر بخەینەوە و دەستگیر بکەین.

## چەند پێشەکییەک

### پرسیارێکی گشتی: چۆن زانین بە ژیری بێگەرد شیاوەکییە؟

پ: ٥

لەمەوبەر جیاوازی مەزنی نێوان بڕیارە شیاکاری و لێکدراوەکانمان دیت. شیاوەکی ڕستە شیکارییەکان دەکرێ بە سووک و ئاسانی بن دەرکی پێ ببردرێ، ئەوان تەنیا هەر لەسەر بنەمای ناکۆکی دامەزراون. شیاوەکی ڕستە لێکدراوە پێشییانەکان، واتە ئەوانەی کە تەنیا لە شارەزاییەوە کەوتوونەتەوە، پێویستی بە روونکردنەوەیەکی تایبەتی نییە، چونکە شارەزایی خۆی لە کۆکردنەوەیەکی بەردەوامی دەرکبردنی هەستەکان (لێکدان Synthesis) بەولاوە نییە. ئیتر هەر ڕستە لێکدراوە پێشییانەکانمان بۆ دەمێننەوە کە لێیان بپێچنەوە و دەبێ شیاوەکییەکەیان لێوەی بکۆڵرێتەوە، چونکە ئەوان دەبێ بە چەند بنەمایەکی ترەوە نەک بە ڕستەی ناکۆکییەوە بەند بن.

ناکرێ ئێمە لێرەدا لە شیاوەکی ئەم جۆرە ڕستانە

بپێچینەوە، واتە بپرسین ئاخۆ ئەوان شیاوەکین، چونکە ئەوان بەپێی پێویست هەن و بە جۆرێکی گومان هەڵنەگر دراون، لەبەر ئەوەی ئەو پەیڕەوەی ئێمە ئێستا دەیگرینەبەر دەبێ شیکاری بێت، ئەوە ئێمە لەوەوە دەست پێدەکەین ئەو شیکارییە خۆی، زانینی ژێری بێگەردی ڕاستەقینەیە و پێویستە ئێمە لە بنەمای ئەم شیاوەکییە بکۆڵینەوە و بپرسین، چۆن ئەم زانینە شیاوەکییە، بۆ ئەوەی لە تواناماندا بێت لە بنەماکانەوە شیاوەکی مەرجەکانی بەکارهێنانی و کایە و قەوارە و سنوورەکانی خۆی دەستنیشان بکەین. ئەرکی گرنگ و تایبەتی کە بە شێوازی وردی سکولاستی دەرببڕدرێ و کە هەموو شتێک پێوەندی پێوەی هەیە ئەمەیە:

## چۆن ڕستە لێکدراوە پێشییانەکان شیاوەکین؟

ئەم بابەتە، پێشتر بۆ ئەوەی بەرگێکی میللی بە بەردا بکەم بە جۆرێکی تر، بە تایبەتی وەک پرسیارێک دەربارەی ئەو زانینەی لە ژێری بێگەردەوە پەیدا دەبێ، دەرم بڕی ئەم جارە بەبێ ئەوەی بەو مەبەستەی لێی دەپێچینەوە زیان بگات لە کردن دێت، چونکە لێرەدا تەنیا میتافیزیک خۆی بە تەنیا و سەرچاوەکانی مەبەستە هیوادارم کە مرۆڤ هەموو کاتێک ئەوەی لەبیر بێت کە پێشتر وەبیرم هێنایەوە، کە ئێمە لێرە باسی زانین بە ژێری بێگەرد دەکەین، هیچ جارێک باسی شیکارییەکان ناکەین، بەڵکو تەنیا لەسەر لێکدراوەکان قسە دەکرێ(٣).

جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە، مانەوە، یان لادانی میتافیزیک پێویست دەکات و ئیتر بوونەکەی بە تەواوەتی پێوەی بەندە. دوور نییە یەکێک هەوڵ بدات بڕیارەکانی لە هەمان شتدا بەوپەڕی دروست نیشان بدات ئەنجامەکانی بەجۆرێک یەک بەدوای یەکدا کەڵەکە بکات. باری سەرشانی پێ قورس و سەخت بکات، بەڵام ئەمە هەمووی فەلسەفەیەکی پووچی بێ بنەمایە و داناییەکی هەڵە و چەوتە:

تۆ بەناوی ژێری بێگەردەوە دەدوێی و وا لاف لێدەدەی کە زانینی پێشییانە دابهێنی لەوەدا کە تۆ چەمکە دراوە لەبەردەستەکان توێ توێ ناکەی، بەڵکو تۆ پێوەندی و بەیەکەوە بەسترانەوەی نوێ، کە بە بنەمای ناکۆکییەوە بەندنین پێشەکییانە دەدەیە دەست و سەرەڕای ئەمە تۆ وا بە خەیاڵتدا دێت کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە هەموو شارەزایی و ئەزموونێک دەرکیان پێدەکەی، ئیتر تۆ چۆن بەم ئەنجامە گەیشتووی و چۆن پاکانە بۆ ئەو لاف لێدانەت دەکەیت؟ ڕێگات نادرێت پەنا بەریتە بەر ژێری هەمەکی ناوکۆیی مرۆڤ، چونکە ئەمە شایەدێکە شکۆمەندییەکەی تەنیا بە پڕوپاگەندەی گشتی پشت ئەستوورە:

Quodcum que ostendis mihi sic, incredulus odi.

Harat.

من ڕقم لەوە دەبێتەوە کە بەو شێوازە دەیخەیە بەردەستم، چونکە ناتوانم بڕوام پێی هەبێت- هورات.

ئەگەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ناچارەکی بێت، ئەوە لە هەمان کاتدا سەخت و گرانە، خۆ ئەگەر هۆکاری سەرەکی کە بوویێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرگەرمی گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە بووبێ، لەوەوە بووە مرۆڤ تاکە جارێک بەبیریدا نەهاتووە ئەم پرسیارە بکات. هۆکارێکی تری ئەمە ئەوەیە وەڵامدانەوەیەکی تەواوەتی ئەم پرسیارە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و بەردەوام و کۆشش ئامێزی دەوێ پتر لەوەی کتێبێکی میتافیزیک کە لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنیدا بەڵێنی نەمری بە نووسەرەکەی دەدات، پێویستی دەکات، هەروەها پێویستە خوێنەری بە ئاگا، ئەگەر بیەوێ دەربارەی ئەم ئەرکە بەپێی داواکارییەکانی بەمشوورەوە بیربکاتەوە، لە سەرەتادا بەهۆی گرانییەکەیەوە واقی وڕدەمێنێ و وای دادەنێ چارەسەر ناکرێت و ئەگەر زانینی لێکدراوی بێگەردی پێشییانە بەڕاستی نەبووبێ، ئەوە ئەمە بە تێکڕایی بە ناشیاوەکی دادەنێ: ئەمەیە کە بە ڕاستی ڕووبەڕووی داڤید هیوم بۆتەوە، ئایا ئەو ئەم پرسیارەی لە چوارچێوە فراوانەکەیدا بەبیردا هاتووە وەک ئەوەی لێرەدا وایە و دەبێ وابێت، ئەگەر بێتو پێویست بێت بۆ تێکڕای میتافیزیک چارەسەرێک بڕیار بدرێت. چۆن دەکرێ شیاوەکی بێت، ئەم پیاوە وردبینە وتوویەتی، سنووری چەمکێک کە لەبەردەستم دابێت ببەزێنم بیخەمە سەر چەمکێکی تر کە لەناو ناوەرۆکەکەیدا نەبێت، هەروەک ئەوەی ناچارەکی سەر بەو بێت؟ تەنیا شارەزایی دەتوانێ ئەم خستنەسەر و

بەیەکەوە بەستنەوەمان بداتە دەست و (ئەو ئەنجامەی ئەو لەو گرانی و سەختییەی بەدەستی هێناوە و بەناشیاوەکی داناوە) هەمـوو ئەوانەی لافی ناچارییـان لێـدراوە، یان ئەوی یەکلایەنەیە، بە زانینی پێشییانە دانراوە، لەخۆیدا لە دابونەریتێکی دوورودرێژ بەولاوە نییە کە وا لە مرۆڤ دەکـات شـتـێک بەڕاسـتی دابنێ و ئینجـا ناچارەکی خۆیەتی بە بابەتی بزانێ.

ئەگەر خوێنەر گازندەی ئەوە بکات کە چارەسەرکردنی ئەم بابەتە دووچاری شـەکـەتی و مـانـدووبوون و کۆششێکی زەبەندەی دەکات، ئەوە دەکرێ ئەو خۆی هەوڵ بدات بە جۆرێکی ئاسانتر ئەم چارەسەرییە بکات. دوور نییە ئەو کاتە پابەندی ئەو کەسە بێت کە لە جیاتی ئەو، ئەم ئەرکەی کە بریتییە لە کارێکی قووڵی لێکۆڵینەوە، گرتۆتە ئەستۆ، هەروەها سەرسام ببێ کە: کۆششی درێژی ساڵانەی ویستووە تاوەکو ئەم ئەرکە بە تێکڕایی جێبەجێ کراوە (بەو جۆرە ماتماتیککاران لەو وشەیە گەیشتوون، واتە چارەسـەرکـردنێک کـە بۆ هەمـوو لایەک بەس بووبێت). ئیـتـر لە دواییـدا توانیم لێـرەدا بەرگـێکی شیکارییانەدا کە خوێنەر دەیبینێ بخەمە بەرچاو.

بەشـێـوەیەکی ڕەسـمی و بەپێی قـانوون هەمـوو میـتـافـیـزیککاران لە کـارەکـەیان دەبوردرێن تـاوەکـو بە تەواوەتی و بەپێی پێـویست دەتـوانن ئەم پرسـیـارە وەڵام بدەنەوە: چۆن زانینە لێکدراوە پێشییانەکان شیاوەکین؟ تەنیـا وەڵامـدانەوەکە بارمـتـەیە Kredit دەبێ بیـخـەنە بەرچاو ئەگـەر بیـانەوێ بەناوی ژێری بێگەردەوە لەلای ئێـمـە شـتـێک پێـشکەش بکەن، بەڵام لەکـاتی نەبوونی ئەمـەدا ناکرێ لە کـەسـانێکی ژێر کـە زۆرجـار سـاتمەیان کردووە و کەوتوون لە لادانیان بەولاوە چاوەڕێی شتێکی تر بکەن بەبێ ئەوەی لە ئەنجـامـەکـانیـان بکۆڵنەوە کـە پێشکەشیان کردووە.

بەپێـچەوانەوە ئەگەر بیـانەوێ کـار و ئەرکەکـەیان نەک وەک زانست، بەڵکو وەک هونەر خـەڵک ڕازی بکـات بەوەی سـوودیـان پێـدەبەخـشێ و لەگـەڵ تێگەیشـتـنی مرۆڤدا دەگونجێ، ئەوە ناکرێ ئەم چالاکییـەی بەدڵیـانە، لێیـان قەدەغـە بکرێت. ئەوکـاتە بە زمانێکی سـاکـار کە زمـانی بڕوایەکی ژیرانـەیە دەدوێن و دەگـەنە ئەو ڕادەیەی دانی پێـیـدا بنێن کـە ڕێگایان نـادرێت بە گـریمانە و مـەزەندەش ئەوەی کـەوتۆتە ئەودیو سنوورەکـانی هەمـوو شارەزاییەکی شیاوەکییەوە ببەزێنن، یان شتێک بزانن، بەڵکو تەنیـا بیـسـەلمێنن چ شـتـێک بۆ ڕابەریکردنی تێگەیشتن و خواستن Wellen لە ژیاندا شیاوەکییە و بگرە دەسـتی لێـهـەڵناگـیـرێ (نەک بۆ بەکـارهێنانی تیـۆرییـانە کـە دەبێ لەمـە دەست هەڵبگیـردرێ، بەڵکو تەنیـا بۆ بەکـارهێنانی کـردەوەیی). تەنیـا بەمـە دەکـرێ ناوی مرۆڤی سوودبەخش و دانایان هەبێت، ئەم ناوە پتر گونجاویان دەبێت ئەگەر دەست لەناوی میـتـافـیـزیکیکار هەڵبگرن: ئەمانە دەیانەوێ فـەیلەسـووفی تیـۆرییـانە بن، بۆیە ئەگـەر بابەتەکە دەربارەی بڕیارە پێشـیـیانەکـان بوو ناکـرێ بە ڕوخـسـاری ڕێتـێـچـوونەکـان بووەستن (ئەوی وادادەنرێ بەپێی پێشییانە دەزانرێت، دەبێ هەر بەم پێیە وەک ناچارەکییـانە ڕابگەیەنرێت)، بۆیە ڕێگایان نادرێت یاری بە مەزەندە و گریمانەکان بکەن، بەڵکو دەبێ قسە و لاف و بڕیارەکانیـان زانست بێت، یان هیچ شـتـێک نین. مرۆڤ دەتـوانێ بڵێ: تێکڕای فـەلسـەفـەی ترانسندنتـالی کە ناچارەکی لەپێش هەموو میتافیزیکێکەوە دێت، خۆی تەنیا لە چارەسەرێکی تەواوەتی و کاملّی ئەو پرسیارەی لێـرەدا قسـەی لێـدەکرێ بەولاوە شـتـێکی تر نییـە کـە بە سەرتاپاگیری و ڕێکوپێکییەکی سیستم ئاسا دەخرێتە بەرچاو، پێش ئێـستـا هیچ فـەلسـەفـەیەکی ترانسندنتالی نەبووە. ئەوی ئەو ناوەی هەیە بەتـایبـەتی بەشـێکە لە میـتـافـیـزیک، ئەو زانسـتە دەبێ شـیاوەکی ئەوەی دوایی دیار و دەسـتنیـشـان بکات و لەپێش هەمـوو میـتافـیزیکێکەوە بێت. نابێ مرۆڤ بە لایەوە سەیر بێت کە ئەمە لە هەموو یارمەتییـەکی ئەوانی تر بێ بەش بووە و لەخـۆیدا زانسـتـێکی نوێـیـە و گـرنگ و پێـویسـتـە بۆ ئەوەی تەنیـا تاکـە پرسـیـارێک بە تەواوەتی وەڵام بدرێتـەوە، ئەگـەرچی چارەسـەرکـردنی ئەم کـێشـەیە خـۆی پێـوەندی بە کـۆشش و زەحـمـەت و سـەخـتی و بگرە هەندێک تەمومژییەوە هەیە.

لەکاتێکدا ئێمە بەپێی پەیڕەوی شیکارییانە بەرەو ئەم چارەسەرکردنە هەنگاو دەنێین، ئەو مەرجە گریمانە دەکەین کە ئەم زانینەی ژێری بێگەرد هەبووی ڕاستەقینەیە: ئێمە دەتوانین تەنیـا پشت بە دوو زانسـتی زانینی تیـۆرییـانە ببەستین (ئەوەی لێرەدا بە تەنیا باسی لێوە دەکەین) بە تایبـەتی بیرکـاری بێگەرد و زانسـتی سروشـتی ڕووت، تەنیـا ئەمـانە دەتوانن بابەتەکـان لەبەرچاو بخـەنە ڕوو،

هەروەها، ئەگەر لەواندا بە نزیکەوە زانینێکی پێشییانە بێتە بەردەست، ڕاستی (هەقیقەت)، یان بەیەکەوە هەڵکردن و گونجانی هەمان شت خۆی لەگەڵ بابەتەکەدا بە کۆنکرێتی، واتە ڕاستەقینەییەکەی نیشان بدەن کە بە ڕێگای شیکارییانە دەکرێ بە بنەمای شیاوەکییەکەیان بگەیشترێ. ئەمە ئەرکەکە لەوەدا پتر ئاسان دەکات کە سەرنجدانە گشتییەکان نەک هەر بەسەر ڕاستەقینەکاندا (فاکتەکاندا) جێبەجێ دەکرێن، بەڵکو لەوانەوە دەست پێ دەکرێ، کەچی دەبێ لە پەیڕەوی لێکدراودا بەتەواوەتی بەشێوەیەکی ڕووت (ئەبستراکت) لە چەمکەکانەوە بخرێنەوە.

بۆ ئەوەی لەم زانینە بێگەردە پێشییانە ڕاستەقینەوە بەرەو شیاوەکییەک کە ئێمە سەرگەرمی بەدواگەڕانیداین، بە تایبەتی میتافیزیکێک کە وەک زانست وابێ، بالاّ بڕۆین پێویستە لەسەرمان لە پرسیارە سەرەکییەکەماندا بەدوای هاندەری پەیدابوونی و بنەماکەیدا بگەڕێین بەو پێیەی کە زانینێکی پێشییانەیە و بەشێوەیەکی سروشتی بە ئێمە دراوە، بەڵام ئەو زانینەی جێگا و مایەی گومانە و لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە دوورە و وەک باوە بە میتافیزیک ناودەبرێت بە تاکە وشەیەک ئامادەیی سروشتی Naturanlage دەمانکاتە شایستەی ئەم زانستە. بەم جۆرە پرسیارە سەرەکییەکەی ترانسندنتالی بۆ چوار پرسیار دابەش دەبێت کە وردە وردە وەڵام دەدرێتەوە:

١- چۆن ماتماتیکی بێگەرد شیاوەکییە؟
٢- چۆن زانستی سروشتی بێگەرد شیاوەکییە؟
٣- چۆن میتافیزیک بەگشتی شیاوەکییە؟
٤- چۆن میتافیزیک وەک زانست شیاوەکییە؟

مرۆڤ دەبینێ ئەگەر چارەسەرکردنی ئەم ئەرک و بابەتانە بەگشتی دەبێ جەوهەر و پوختەی ناوەڕۆکی ڕەخنەکە پێک بهێنێ، ئەوە ئەو سروشتێکی تایبەتی خۆی هەیە شایستەی بایەخ پێدان و سەرنجڕاکێشانە بە تایبەتی گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی ئەو زانستانەی لەبەردەستدان لەژێر خۆیدا بۆ ئەوەی بەهۆیەوە توانای زانینی پێشییانەکەی بدۆزیتەوە و بپێوین. هەر بەهۆی ئەمەوە ئەم زانستانە خۆیان نەک لەلایەنی ناوەڕۆکیانەوە، بەڵام بەلای کەمەوە لە لایەنی ڕاست و ڕەوایی بەکارهێنانیانەوە سوودمەند دەبن و بە ڕوونکردنەوەی کێشە و پرسیارێکی وا گرنگ و بەرز بەهۆی بنجوبناوانە گشتییە ناوکۆییەکەی دەرفەتمان دەستگیر دەبێت سروشتە تایبەتییەکەی، بە تیشک خستنە سەر باشتر ڕوون بکەینەوە.

**پەراوێز:**

**١- جوتیار هەر چاوەڕێ دەکات تاوەکو لافاوی ڕووبار دەنیشێتەوە، بەڵام ئەو ڕووبارە بە تەوژمە بە درێژایی چەرخەکان هەر بە تەوژم بەردەوام دەبێ.**

**«هۆراس»**

**٢- هیوم ناوی میتافیزیکی لەم فەلسەفە تێکدەرە ناوە و بایەخێکی زۆری پێ بەخشیوە. لە بەشی چوارەمی وتارەکانیدا لەلاپەڕە- ٢١٤ چاپی ئەڵمانی، دەڵێ: «میتافیزیک و ئاکار» گرنگترین لقی زانستن، «بیرکاری و فیزیک تەنیا نیو ئەوەندەی ئەوان بەنرخن». ئەم پیاوە بیرتیژە تەنیا سوودی نالەباری لەبەرچاو بووە کە بەدەست دەگات، ئەگەر ژێری تیوری لە داخوازییەکانیدا، لە جیاتی ئەوەی پێی لێ هەڵبگرێ، میانڕەو بێت بۆ ئەوەی ڕادەیەک بۆ ئەو مشتومڕە بێ کۆتاییانە دابنێ کە هەمیشە بەدوامانەوەن و ڕەگەزی مرۆڤایەتییان سەرگەردان کردووە، بەڵام ئەو زیانی ڕاستەقینەی نەدیوە کە دەکەوێتەوە ئەگەر بێتو ژێر گرنگترین دیدەکانی لێ بستێندرێ کە تەنیا بەهۆیانەوە دەتوانێ لەبەردەم خواستدا بەرزترین ئامانجی هەوڵ و کۆششەکانی دابنێ.**

**٣- لە توانادا نییە، کاتێک زانین وردە وردە بەرەو پێش دەچێت، لەو چەند دەربڕینانە کە بوون بە کلاسیکی و هەر لە منداڵی زانستەوە لەگەڵیدا بوون و لە ئەنجامدا وەک بەس نەبوو و نەگونجاو ببینرێن خۆ بپارێزدرێ و لە هەندێک دەربڕینی نوێ کە پتر لە بەکارهێناندا گونجاون لەبەر مەترسی تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆنەکەدا ڕێگایان لێ بگیرێ. پەیڕەوی شیکاری لەوەدا کە بەرانبەر بە لێکدراو دانراوە لە تێکڕای شیکارییەکان جیایە: ئەوان تەنیا هەر ئەو واتایەیان هەیە کە مرۆڤ لەو شتەدا مەبەستێتی، هەروەک ئەوەی لەبەر دەستدا بێت، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو مەرجانەی کە بوونەتە مایەی شیاوەکییەکەی دەست پێدەکات. لەم ڕێبازە فێرکارییەدا مرۆڤ بەگشتی تەنیا ڕستە لێکدراوەکان بەکاردەهێنێ، شیکاری بیرکاری نموونەیەک لەوان دەداتە دەست دەکرێ باشتریش بێت ئەگەر بە ڕێبازی فێرکاری بەرەو دواوە re-gressive Lehrart بۆ جیاکردنەوەی لە لێکدراو، یان بەرەو پێشچوو Progressiv ناو ببردرێت. ناوی شیکاری بەشێکی سەرەکی مەنتیق پێک دەهێنێ ئەمە مەنتیقی ڕاستییە (حەقیقەت) بەرانبەر بە دیالێکتیک دانراوە بەبێ ئەوەی بە تایبەتی سەرنج بدرێت ئایا ئەو زانینەی سەر بە ئەوە شیکارییە، یان لێکدراوە.**

**سەرچاوە:**

**Immanuel Kant.: Prolegomena Zu einer jeden Kunftigen Metaphysik die als Wissenschaft wird auftreten konen. Konemann. Koln 1995. S.7-31.**

# چۆن له جەسته تێبگەین..؟

پێشڕەو عەبدوڵڵا

(٢ - ٢)

**(٤-٣) جەستەی بایۆلۆژی و زانستی پزیشکی:**

«زانست بە کەمتەرخەمی و پێنەکەوتنێکی زەبەندەوە دەست لەو شتە هەڵ دەگرێت، کە نابوونەو نییە.»(١١) هایدیگەر لێرەدا شتێکی گرنگمان پێدەڵێت لەسەر زانست، ئەویش ئەوەیە کە زانست خۆی بە شتانێکەوە سەرقاڵ دەکات کە هەن. واتا (هەبوو - موجود) واتا ئەو شتانەی کە وەک جەستەیەکی واقیعی هەن و لەشکلێکدا شێوەگیر بوون و لەگەشەکردن وەستاون. ئەم کۆنکرێت بوونی شتەکان و نەگۆڕانیان وای کردووە کە ئەم شتە وەک جەستە خۆی بەیان بکات. زانست لێرەدا کارایە و هەوڵەکانی خۆی چڕ دەکاتەوە، هەر بەوەندەش ناوەستێت کە وەسفی ئەو شتە بکات، بەڵکو هەموو ئەو خەسڵەتە شاراوانەش دەدۆزێتەوە کە ئەو شتە هەیەتی. جەستەی بایۆلۆژی وەک ئاگادارین کە تەنێکە و هەیە، کاتێک زانستی پزیشکی هەموو توێژینەوەکانی خۆی ئاراستەی ئەم جەستەیە دەکات، دیارە هەر بەوەندە ناوەستێت کە ئەم جەستەیە بناسێ و وردودرشتی بخاتە بەرچاو، بەڵکو هاتووە جەستەشی خستۆتە ناو کۆمەڵێ بواری جیاجیاوە تا زانیاری لەسەر جەستە دەست بکەوێت لە بوارە جیاجیاکاندا. واتا تەواو ئەو گۆڕانکارییانە بزانێت کە لە حاڵەتە جیاجیاکاندا جەستە بەسەریدا دێت، تا هیچ شتێک بەشاراوەیی نەمێنێتەوە. دیارە لەم خستنە باری جەستەیەدا کۆمەڵێک دەرکەوتەی جەستە بەدەردەکەون و هەموو ئەم دەرکەوتنانە حاڵەتێک بەجەستە دەدەن، کە چ بارێک وەربگرێت، ئەمەش هەمووی بەتاقیکردنەوە ڕوودەدات. لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکاندا زانستی پزیشکی بەشوێن ئەو حاڵەتە دووبارەبووانەدا دەگەڕێت کە لەسەر جەستە ڕوودەدەن. ئەم

حاڵەتە دووبارەبووانەش ڕێگەی سەرەتایین بۆ دانانی قانوونێکی گشتی لەناو جەستەدا، یان بۆ دۆزینەوەی ئەم یاسا گشتییانە. ئەگەر ئێمە سەیر بکەین جەستەمان خاوەن کۆمەڵێک یاسای گشتییە، کە لە بوارە جیاوازەکاندا دەردەکەون. بۆ نموونە ئێمە نەخۆشی ئەنفلۆوەنزامان هەیە، لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی ئەم نەخۆشییە بەتاقیکردنەوە قانوونێکی گشتی کەشف کراوە، کە بە چ دەرمانێک جەستە لەو حاڵەتەدا ئاسایی دەبێتەوە، ئەم قانوونە بەسەر تەواوی جەستەکاندا دەچەسپێت، بە هەموو جیاوازی جەستەی مرۆڤەکانەوە، ئەم قانوونانەش ڕاستی بە خستنە ناو بواری جەستەوە کەشف دەکرێن. لێرەدا زانستی پزیشکی وەک هەموو زانستێکی تر سەرکەوتوویی خۆی لەوەدا بەدەست دەهێنێت کەوا گشتیترین یاسای جەستە کەشف بکات، تا بتوانێت بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا بڵاوبکرێتەوە. هەرچەندە زانستی پزیشکی بەرەو بەشەکی بڕوات، ئەوەندە دەکەوێتە ناو گومانەوە. ئێستا با ئەوە بپرسین بۆچی زانستی پزیشکی دەیەوێت هەموو قانوونەکانی جەستە بزانێت؟ دیارە ئێمە باش دەزانین کە مرۆڤ هەر جەستە نییە، بەڵکو سایکۆلۆژیا و ڕوحیشە. زانستی پزیشکی هەروەک هەموو زانستەکانی تر سەرەتاترین مەبەستی کۆنترۆڵکردنی جەستەیە، بگرە لەوەش دەترسێ کە نەتوانێت جەستە کۆنترۆڵ بکات. دیارە زانستی پزیشکی بەبێ غیابی ڕوح ناتوانێت ئیش لەناو جەستەدا بکات، بۆیە سەرەتا مرۆڤ وەک جەستەیەکی ڕووت دەهێڵێتەوە تا بتوانێت بە ئارەزووی خۆی کاری تێدا بکات. (بەنج) یەکێکە لە ڕێگەکانی غافڵ کردنی ڕوحی مرۆڤ لە جەستە، هەتا جەستەی مرۆڤەکە خۆی بداتە دەست ئەم زانستە و کاری تێدا بکات. ئێمە نامانەوێت باسی خراپە و چاکەی ئەم زانستە بکەین، بەڵام دەمانەوێت بزانین جەوهەری جەستە ئەوەیە کە لە زانستی پزیشکیدا هەیە، یان نا؟ ئایا جەستە وەک هەر ماددەیەکی تر جەوهەری هەیە؟ دیارە دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین جەستە هەر ئەوە نییە کە لە زانستی پزیشکیدا هەیە، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە جەستە پێوەندییەکی گەورەی بەسایکۆلۆژیاو ڕوحەوە هەیە، بەڵام زانستی پزیشکی لە یەکەم هەنگاویدا ئەم پێوەندییانە دەپچڕێنێت و جەستە بەتەنیا وەردەگرێت.

زانستی پزیشکی قانوونە گشتییەکانی ناو جەستە پێ دەزانێت و خەسڵەتە دیار و نادیارەکانی جەستە کەشف دەکات. ئەگەرنا ناتوانێت لە جەوهەری جەستە نزیک بێتەوە، چونکە جەوهەری جەستە شتێکی ماددی و بەرجەستە نییە و ئەندامێکی جەستە نییە تا زانستی پزیشکی بتوانێت کەشفی بکات. زانست لە بواری هەستەکی بەولاوە (هەبوو- موجود) ناتوانێت هیچمان دەربارەی شتێک بداتێ کە ناشتە (بوون- وجود). هایدیگەر لێرەدا زانست دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ناتوانێت لە ناشت تێ بگات.

زانست خۆی لە سەرەتادا بیرکردنەوە بووە لەبوون، بەڵام کاتێک خۆی لە فەلسەفە جیاکردەوە، ئیدی خۆی بەهەبووەوە خەریک کردووە. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو بەردەوام ناشت وەک وەهم و وەک شتێکی نامۆ ڕەت دەکاتەوە. «مەڵۆ و مەیدانی زانستەکان زۆر لە یەکترییەوە دوور و جیاوان، جۆری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتەکانیان لە بنەڕەتدا لە یەکتری جیان. ئەو شپرزەیی و پچڕ پچڕییەی پەیڕەوی زانستەکان تەنیا بەهۆی ڕێکخستنی تەکنیکانەی زانکۆی کۆلیژەکانەوە ڕاگیر کراوە. بەپێچەوانەوە ڕەگوڕیشەی داکوتانی زانستەکان لە بنجوبناوانەوە وشک بووە» (١٢) هایدیگەر لێرەدا بەوە لە زانست بێ تاقەتە، ڕەگوڕیشەی خۆی کە فەلسەفەیە لەبیرکردووە، بەڵام کاتێکیش دەکەوێتە ناو ئەوەی بەرەو پووچەڵبوونەوە بڕوات، جارێکی دیکە پەنای بۆ دەباتەوە. «زانست دەیەوێ لە بارەی عەدەم هیچ نەزانێت، بەڵام شتێکی دڵنیاکراو هەر دەمێنێتەوە لەو جێگایەی کە دەیەوێت زانینە تایبەتییەکەی خۆی دەربرێت، پەنا دەباتە بەر عەدەم و ئەوەی بەلاوەی ناوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ لایسسسسص» (١٣) لە ڕاستیدا جەوهەری شتەکان لەو بەشەیاندا نییە، کە وەک شت دەردەکەوێت، بەڵکو هەمیشە لەوەدایە کە دەرنەکەوتووە. ئەوەی کە هەیە ماهییەتە (ماهیەت) دەرکەوتووترین خەسڵەتی ئەو شتەیە کە هاتۆتەدەر. بۆ نموونە ئاسن ماهییەتەکەی، ئەو حاڵەتە ڕەقەیەتی کە لەباری ئاساییدا هەیەتی، واتا ئەوەی هەیە لەباری سروشتی ئاسندا ماهییەتە، بەڵام جەوهەری ئاسن لەوێدا نییە، چونکە ئاسن باری هەیە تێیدا شل دەبێ و دەکشێ و سووردەبێتەوە، بەڵام لەناو

هەمـوو ئەمـانەدا ئاسنیـەتی ئاسن هەیە. واتا یەک شت هەیە کە هەموو ئەو بوارانە وەردەگرێت. ئەگەر بێتو وەک زانست جەخت بکەینە سەر ئەوەی کە هەیە، ئەوکاتەی کە دەبینین ئاسن لەباری سـروشـتیـدایە ئەوە دەبێت بڵـێین ئاسن ڕەقە، بەڵام لەناو کوورەدا دەبێت بڵێین نەرمە. واتا دەبێت بەپێی گۆڕینی بارەکانی ماهییەتیشی دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی کـە دەبێت و دەردەکـەوێت، ئەوە جـەوهەری ئەوشتەیە. جەوهەریش نا شتە و زانست لەتوانایدا نییە هیچ دەربارەی بزانێت، بەڵکو زانست لەشـتـەکـاندا دەتوانێت مـەیدانەکـانی خـۆی بخـاتە کـار و لێکۆڵینەوەکانی دەست پێبکات. لەم بارەشدا ئەوەی کە چنگی دەکەوێت ماهییەتەو خەسڵەتەکانی ئەم شتەیە و جـەوهەر نییـە. زانسـتی پزیشکی ناتوانێت جـەوهەری جـەسـتـە بزانێت، چونکە جـەوهەری جـەسـتـە ناشـتـە و هەمیـشـە لەپشت جەسـتـەوە جـەسـتـە تۆکـمـە دەکـات و بارەکانی پێدەبەخشێت. ئەوەی لەو بارانەدا کە لە جەستە دەردەکەوێت زانستی پزیشکیش دەتوانێت ماهییەتەکەی بزانێت، چونکە دەرکـەوتووە و هاتۆتە ناو دنیـاوە و بووە بەشـتـێکی واقیـعی. ئیـتـر ئەم زانسـتـە خـاسیـەت و سـیـفـەتەکـانی ئەزمـوون دەکـات، دواتر ئەم جـەسـتـەیە دەخاتەوە ناو هەمان بوار و بە ڕێگەی تاقیکردنەوە و ئەو گـۆڕانانەی کـە دووبارە دەبنەوە لەتاقـیـکردنەوەکـاندا زانستی پزیشکی وەک یاسا ئەزموونی دەکات. لێرەوە جۆرەکانی نەخۆشی و جۆرەکانی چارەسەری دەدۆزێتەوە. زانستی پزیشکی لە دەرکەوتنی ماهییـەتی جـەسـتـەدا کارایە و نیشـانەکانی کۆنکرێت دەکات، بەڵام نازانێت ئەوەی کە لە هەموویان یەک شتە و هەر جارە و بەشێوە و فۆرمێک دەردەکەوێت چییە؟ چونکە جەوهەر هەمیـشـە پەنهانە و زانستیش لەگەڵ پەنهانیدا هەڵناکات. ئەوەی زانست لە مـەیدانی شـتـدا چالاکـە هەمـووی بۆ کۆنترۆڵکردن و کۆنکرێت کردنی جەستەیە، تا بتوانێت ئیشی تێدا بکات و هەموو زانیارییەکی دەست بکەوێت، بەڵام بۆ نا شت فـەلسـەفـە وەک دەقـیـقـتـرین زانست دەکەوێتە وێزەی نا شتەوە و هەمیشە پرسیار لەبەشی نا شـتی شـتـەکـان دەکـات، ئەمـەش بۆ ئەوە نییـە کـەوا کـۆنتـرۆڵی ئەم شتـە بکات، بەڵکو ئەو نا شـتـە وەک خـەمـێکی قـووڵی مـرۆڤ دەکـەوێتـە ناو کـرانەوە و دەرکەوتنەوە. جـەوهەر وەک خەمێکی گەورە و ڕەسـەنی مرۆڤ دەبێتە خەون و خەونێکی پڕ لە بەها و مانا، دوور لە هەمـوو بێ مـانایی و پووچی و بۆشـییـەک. لەوەدا لە حاڵەتی کرانەوەی ئەو شتە و مرۆڤدا، ئەو نا شتە لەباری نا شتەوە دێتە باری شتییەوە. واتا یەکەم جار وەک نا شت هەیە لەباری کـرانەوەدا کـە مـرۆڤ دەکـەوێتـە بەردەم زانینەوە، ئەم نا شـتـە دەبێـتـە شت، ئەو چێـژە قـوولەی مـرۆڤـیش بۆ زانین لەوەدایە کـە خۆی لە بەرانبـەر ئەم نا شتە دەبینێتـەوە. بە دوور لەچاوی هەموو ئەوی ترێک، یان ئەم کـەشف کـردن و زانینە مـرۆڤ بەرەو ئەوە دەبەن مەعریفەی دروستی بەرانبەر بە شتەکان و جەوهەرەکانیان هەبێت. ئەوکاتە مرۆڤ وەزیفەی خۆی و هەموو شتەکان دەزانێت، بۆیە فـەلسـەفـە وەک قـووڵتـرین و وردترین زانست، بێ مـەبەسـتـە لە هەمـوو پێـبڕین و سـوود و قازانجێک. فەلسەفەش نایەتە ناو ڕوحێکەوە کە خەمی ئەوەی هەبێت خۆی لەچاوی بەرانبەرەکاندا ببینێتـەوە. فەلسەفە بۆ ڕوحێکە کە خەمی قووڵی زانینە بەتەنیا و بەشوێن بوونی خۆیەتی، بەشوێن ئەوەیە کە خۆی چییە و بێ باکە لەوەی چۆن دەردەکەوێت، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم فەلسەفە زۆر قووڵترو وردترە لە زانستی پزیشکی، نەک دەربارەی جەستە، بەڵکو دەربارەی هەموو شتەکان، بەڵام زانسـتی پزیشکی دەتوانێت دروست بێت، بەو مـەرجـەی حـاشـا لە بنجـوبنەمـای خـۆی نەکـات کـە فەلسەفەیە.

### ٤-سایکۆلۆژیا:

جـارێ بابزانین سـایکۆلۆژیا چییـە؟ ئێـمـە زانیـمـان جەستەی بایۆلۆژی ڕایەڵی پێوەندی ئێمە بوو بە دنیاوە، واتە ئێـمـە لەگـەڵ دنیـادا دەکـەوینە ناو بەریەککەوتن و مامەڵەوە. هەر جەستەی بایۆلۆژیش خۆی خاوەنی کۆمەڵە هێـزێکی جیـاواز بوو لەوەی ئەم واقـیـعـە بگوازێتـەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی مـرۆڤ کـە ئەویش سـایکۆلۆژیایە. دیارە سایکۆلۆژیا شوێنی ژیانی مرۆڤە لەناو خۆیدا، واتا ژیانی مرۆڤ بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووەوە کە مرۆڤ خەیاڵی دەکات لەناو سـایکۆلۆژیادا هەیە. سـایکۆلۆژیا وەک جەستەی بایۆلۆژی خاوەنی بەش و هێزی جیاوازە، وەک یادگـە و خـەیاڵ و زەین و...تاد هەمـوو ئەمـانە بەشەکانی ئەم ناوچەیەی مرۆڤن. لەکاتێکدا لە زانستی دەروونناسیدا هەمووی لە (نەست)دا کورت کراوەتەوە.

به ئاگا لەوەی نەست بەشە و گشت نییە، چونکە نەستی مرۆڤ بەرانبەر بەیادگە دەوەستێتەوە کە شوێنی یادەوەری مرۆڤە، بەڵام سایکۆلۆژیا وەک چەمکێکی گشتی خاوەنی کۆمەڵە بەشێک و هێزی تایبەت بەخۆیەتی کە بەژیانی ناوەوەی مرۆڤەوە خەریکە، واتا ئەگەر مرۆڤ ژیانی واقیعی خۆی بە جەستەی بایۆلۆژییەوە بەسترابێتەوە و لەدەرەوە مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا بکات، ئەوە سایکۆلۆژیا ژیانی مرۆڤە لەگەڵ وێنەی شتەکان لەناوەوەی خۆیدا. واتا هەم خۆیەتی هەم ئەوی تریشە. خۆیەتی بەوەی ڕووتەختی ئەوانی ترە، ئەوی تریشە، چونکە لەناویدا ئامادەی هەیە، بۆیە کێشە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ زۆر قورستر و سەختترن لە کێشە واقیعییەکانی مرۆڤ، چونکە کێشەی واقیعی، مرۆڤ دەتوانێت خۆی لێبدزێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی کێشەکە لە دەرەوەی خۆیەتی و زانراوە، بەڵام کێشەی سایکۆلۆژیا لەناو مرۆڤدایە و مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێ جیا بکاتەوە. بۆ نموونە ئێمە دوو جۆر ترسمان هەیە، ترسێکمان هەیە لەدەرەوەی مرۆڤە، وەک ترسانی مرۆڤ لە ئاژەڵێکی دڕندە، ئەم کەسە دەتوانێت خۆی لەم ئاژەڵە ڕزگار بکات و ڕێوشوێنی تایبەت بگرێتە بەر بۆ دوورخستنەوەی ئەو ئاژەڵە، بەڵام ترسێکی سایکۆلۆژی هەیە کە لەناوەوەی مرۆڤدایە، وەک گیرۆدە بوونی مرۆڤێک بۆ ئەوەی هەمیشە وابزانێت کەسێک بەشوێنییەوەیەتی، لە ڕاستیدا کەسەکە وەک واقیع نییە، بەڵکو وەک وێنە لەناو سایکۆلۆژیایدا هەیە، بۆیە ڕزگاربوون لەم ترسە زۆر سەختترە لەترسی یەکەم، هەر لێرەشەوە دەڵێین سایکۆلۆژیا شوێنی ژیانی مرۆڤە لەناو خۆیدا، مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ دنیایەکدا کە هەمووی وێنەیە. واتا واقیعە، بەڵام لەناو سایکۆلۆژیادا. لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە هەر نەست نییە بەتەنیا، بەڵکو خەیاڵ و یادگە و یادەوەری و زەین هەموو ئەوانە بەم ناوچەیەی مرۆڤەوە وابەستەن. سایکۆلۆژیا بۆ خۆی وەک بەشێکی مرۆڤ هەیە، ئیتر کە مرۆڤ دەکەوێتە ناو واقیعەوە، ئەم ناوچەیەش دەست بەگەشەکردن دەکات، واتا مرۆڤ لەگەڵ ژیانی واقیعی خۆیدا ژیانی سایکۆلۆژیاشی دەست پێدەکات. ئیدی مرۆڤ ئامادەبوونی لە کامیان زیاترە، ئەوە لە بەشەکانی دیکەدا ڕوونی دەکەینەوە. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە بەشەکانی سایکۆلۆژیا وەک خەیاڵ و زەین و یادگە و یادەوەری وەک یەکەیەکی سەربەخۆ هەن، یادەوەری کە لەیادگەدایە مرۆڤ لە دەرەوە بۆی دروست دەبێت بە یارمەتی جەستەی بایۆلۆژی، یان لەناوەوە بۆی دروست دەبێت بە یارمەتی عەقڵ. لە ڕاستیدا یادەوەری کە بەشە، وەک سایکۆلۆژیا ناسراوە کە گشتە، چونکە هەموو ڕووداوەکانی مرۆڤ کە لەیادگەدا هەن وەک یادەوەری حیکایەتی منداڵی و حیکایەتی گەنجی و پیری، ئەوانە هەموویان لە یادگەدا وەک یادەوەری هەن. ئیتر مرۆڤ زۆرجار دەکەوێتە ناو دووبارەکردنەوەی ئەم حیکایەتانە، یان لەناویاندا دەژیت و لە واقیع دادەبڕێت.

ئەم یادەوەریانە بە یارمەتی یادگە و خەیاڵ و زەین جموجووڵ دەکەن و گوشار دەخەنە سەر جەستەی بایۆلۆژی. دەتوانین وەک جەستە و ماددەیەک مامەڵە لەگەڵ سایکۆلۆژیادا بکەین، چونکە جەستە لێرەدا ئاماژەیە بۆ شتێکی حازر و ئامادە بوو (هەبوو)، واتا هەرشتێک لە گەشەی خۆی دەوەستێت و لە فۆرمێکی تایبەتدا شکڵ دەگرێت کە جەستەیە، چونکە دەکەوێتەبەر هەستەکان، جا ئەم هەستکردنە لە واقیعدا بێت، یان لە سایکۆلۆژیادا. لە واقیعدا وەک ئەوەی کورسییەک دەبینین ئەم کورسییە سەرەتا حاڵەتی بیرکردنەوەی کەسێک بووە، دواتر بۆتە کورسییەک و دەرکەوتووە. ئەم دەرکەوتنە لەباری واقیعدا جەستەیە و لەو بارەشدا کە مرۆڤەکە وێنەی کورسییەکە لەیادگەیدا هەیە، پێش دروست کردنەکە هەر جەستەیە، بەڵام جەستەیەکی وێنەیی و سایکۆلۆژی. ئا لێرەدا دەتوانین سایکۆلۆژیا وەک جەستە و ماددە ناو بنێین، چونکە شتەکان کە دەبنە یادەوەری، وەک جەستەیەک هەن لەناو یادگەدا، واتا کۆنکرێت بوو، چونکە گەشە و بیرکردنەوەی تێدا نەماوە، هەر بۆیە سیفەتی کشان وەردەگرن و دەبنە ماددە. لێرەدا چەمکی ماددە مانایەکی فراوانتر وەردەگرێت کە بیرکردنەوەش دەگرێتەوە دوای تەواوبوون و کامڵ بوون، واتا لە باری هەبوویەتیدا. ئایدیۆلۆژیاش کە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی بیروباوەڕێکە هەر ماددەیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین سایکۆلۆژیا ماددەیەکی ناواقیعییە، بەهێزەکانی جەستەی بایۆلۆژی ناتوانین درکی پێ بکەین، بەڵکو بەهێزەکانی سایکۆلۆژیا دەتوانین وەک خەیاڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

## (٤/١) سایكۆلۆژیا وەک سروشتی مرۆڤ:

دیارە هەر مرۆڤێک سروشتێكی دیاریكراوی هەیە، کە وەک حەز خۆی نمایش دەكات. ئەم سروشتە نەک لەناو مرۆڤەكاندا، بەڵكو لەناو گەل و میللەتەكانیشدا جیاوازە، هەر گەلێک خاوەنی سایكۆلۆژیا و سروشتێكی جیاوازە. لەپاڵ ئەمەشدا هەر مرۆڤێک سروشتی لە مرۆڤێكی دیكە جیاوازە. پرسیارەكە ئەوەیە: ئایا ئەوەی ئەم هەموو جیاوازیانە كۆدەكاتەوە چییە؟ ئایا هیچ هیوایەک بۆ كۆبوونەوەی گەلان لەگەڵ یەكتریدا هەیە؟ با واز لەو كۆبوونەوانە بێنین كە دنیای بەرژەوەندی شتەكان ڕێكی دەخات، چونكە لێرەدا هیچ زەمانەتێک لە ئارادا نییە. لە ڕاستیدا لێرە دەبێت زۆر قووڵتر بەرەو ئەو تیۆرە بڕۆین، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ عەقڵ. دواجار عەقڵ ئەو ماڵەیە كە شتەكان دەخاتە باری هارمۆنییەتەوە، عەقڵ لەپشت تەبیعەتەوە وەستاوە، تەبیعەت و سایكۆلۆژیا بەبێ عەقڵ تووشی پێكدادان و لێكدژی دەبن. عەقڵ ئەو بنەمایەیە كە مرۆڤ وەک مرۆڤ دوور لە جیاوازی خێڵ و ڕەنگ و....تاد سەیر دەكات، بەڵام پێوەندی عەقڵ بەتەبیعەتەوە ئەوەیە كاتێک عەقڵ دێتە دنیاوە بەناو تەبیعەتدا دەڕوات، ئەوجا دەچێتە سەر جەستەی بایۆلۆژی. واتا عەقڵ بەناو سایكۆلۆژیدا دەڕوات ئەوجا دەچێتە سەر جەستەی بایۆلۆژی و دێتە دنیاوە. كاری گرنگی سایكۆلۆژیا و تەبیعەت چۆنایەتی دەركەوتنی عەقڵ دەگۆڕن، دیارە لێرەدا هەر عەقڵ خۆی چۆنایەتی دیاری دەكات، بەڵام پێكهاتە و كەرەستەی ئەو چۆنایەتییە تەبیعەت دایدەڕێژێت. لێرەدا جیاوازی دێتە كایەوە، بەڵام بەبێ عەقڵ جیاوازی نییە، ئەوەی هەیە لێک دژی و بەگژدا چوون و سڵەمینەوەیە. عەقڵ كە دەردەكەوێت و بەناو تەبیعەتدا دەڕوات و جیاوازی دەخاتەوە. ئەگەر سەیری فەیلەسووفەكان بكەین، بەتایبەتی ئایدیالیستەكان هەموو ئەمانە لە فەلسەفەكانیاندا گوزارشت لە عەقڵ دەكەن، بەڵام كاتێک ئەم عەقڵە بەناو تەبیعەتیاندا ڕۆیشتووە، چۆنایەتییەكی وەرگرتووە كە لە یەكتر جیاوازن. دیارە تەبیعەت زمان و كولتوور دەگرێتەوە، بەڵام لەناو هەموویاندا یەک شت هەیە دەركەوتووە ئەویش عەقڵە. بنەماكانی بیركردنەوەی ئە م فەیلەسووفانەش هەموویان لەگەڵ یەک تەبا دێتەوە، بەڵام دەبێت لەعەقڵەوە سەیری بكەین نەک لە چۆنایەتییەكانەوە، چونكە سەیركردن لە چۆنایەتییەكانەوە تووشی كێشەمان دەكات، بەڵام لەعەقڵەوە ئەوە دەزانین كە چۆنایەتییەكان هیچ نین جگە لە كەرستەی جیاجیای دەركەوتنی عەقڵ. لێرەدا گرنگی سایكۆلۆژیامان بۆ دەردەكەوێت كە چەندە كاریگەری دنیای بوونەوەی عەقڵدا هەیە. تەنانەت ئایینە ئاسمانییەكان بۆ خۆیان هەموویان تەعبیر لەیەک بنەما دەكەن، هیچ ئایینێک بنەماكەی دژی ئەوی دیكە نییە، بەڵكو تەبا و گونجاوە، بەڵام هەریەكان چۆنایەتییەكی جیاوازی هەیە، ئەوەش تەبیعەت لێرەدا ئەو كارە گرنگەی بەردەكەوێت كەوا عەقڵ بە كەرستەكانی خۆی بار دەكات. جا زمان بێت، یان كولتوور، تەنانەت لە هونەریشدا بەمانا هایدیگەرییەكەی هەموو یەک شتە ئەویش بە ڕووداوكردنی هەقیقەتە، ئیتر ئەو ڕووداوە لە تەبیعەتدا دەگۆڕێت وەک ڕوودان لەناو ڕەنگدا، یان زماندا، یان هەر كەرستەیەكی تر. ئێستا با بپرسین بۆچی تەبیعەتەكان و جیاوازییەكانی هەن؟ دیارە بە بڕوای ئێمە بەدەر لەوەی هەر مرۆڤێک بۆ خۆی شتێكە جیاوازە لە ئەوی تر. هەر مرۆڤێک خولیای، یان خودان شتێكە كە بەختەوەری ئەو لەوەدایە ئەو شتە وەدی بێت. مرۆڤ كە دەگاتە ئەو شتە، یان ئەو خەونە ئەنتۆلۆژییەی بەدی بێت دەگاتە بەختەوەری ڕاستەقینە. بە ئاگا لەوەش هەر كۆمەڵگایە، یان هەر نەتەوەیەک كە جیاوازن لە تەبیعەت و سایكۆلۆژیادا هەمووشیان بۆ ئەوە هاتوون كەوا عەقڵ دابەزێننە ناو دنیاوە. جیهان لەسەر بنەمای عەقڵ ئاوەدان بكەنەوە بەو جیاوازیانەی خۆیانەوە كە عەقڵ لەناویاندا دەردەكەوێت و وەزیفەیەكی گەردوونی هەیە كە مرۆڤایەتی بۆی دەژیت، بەڵام گرینگ ئەوەیە هەر نەتەوەیەک وەزیفەكەی خۆی ئەدا بكات، تا لەگەڵ وەزیفە گەردوونییەكەدا تەبابێتەوە. وەک ئەوەی هەموومان خەریكی دروستكردنی خانوویەک بین هەموومان ئایدیالی ئەم خانووەمان لە زەیندایە، بەڵام بەشێكمان دیوار و بەشێكمان سەقف و بەشێكمان بناغە و.....تاد دروست دەكەین، هەریەكەمان كە كاری بەشەكی خۆمان دەكەین، كارە گشتییەكەشمان ئەنجام داوە.

ڕاستی ئەم جیهانەش لە جووڵەی خۆی ناكەوێت و بەرەو ئەو خەونە هەنگاو دەنێت، ئەمەش عەقڵ تێیدا

بڕیاردەرە و عـەقڵ بنەمـای شـتـەکـانە، نەک وەک لای ڕۆشنبیری ئەمەریکی (فۆکۆیاما) هەیە کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (کـۆتایی مـێـژوو دوایین مـرۆڤ) باسی ئەوە دەکات، کە ئیتر هیچ مۆدێلێکی دیکە نییە مرۆڤایەتی لەیادگـــەیدا مـــابێت تا وەدی بێت. ئەو مـــۆدێلە ئەمەریکەییە و ئەو جۆرە لە مرۆڤی ئەمەریکی دوایەمین دەرکەوتەی عـەقڵ بێت لە جـیـهـاندا. ڕاستی ئەم دیدە تەسکە بیرێکی تەواو کوێرە بەرانبەر بە عەقڵی مرۆڤ کە پێی وابێت دیموکراسییەتی لیبراڵ دوایەمین شتێک بێت کە عـەقڵی مرۆڤایەتی تێیدا مابێت و لە ئەمەریکاشدا دەرکەوتبێت. وەک لەبەشی کۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێت «لە کۆتاییدا، پێم وایە ڕەگەزی مرۆیی وەکو کاروانێکی درێژ لە عـارەبانەی دار وایە کـە کـۆمـەڵە ئەسـپـێک بە ڕێگایەکی ساراو ناخـۆشدا ڕایدەکـێشن، هەندێک لەو عـارەبانانەی بەوردی ڕووگەی خۆیان دیاری کردووە و بە زووترین کـاتیش دەگـەنە شـوێنی مـەبەست، هەندێکی تریشیان دووچاری هێرشی هیندییە سوورەکان بوونەتەوە و ڕێگایان ون کـردووە، هەندێکی تریشـان ڕێگای دوور هیلاکی کردوون و بڕیاریان داوە لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا و لەنێـو سـارادا جـێنشین بن و دەسـبـەرداری بیـرۆکـەی گەیشتنە شار بن، بۆیە مادام ڕێگای شاریان ون کردووە، ئێستا هاتوون بەدوای ڕێگای ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لەمـیـانەییدا بگەنەوە شار، لەکـۆتاییشـدا هەموو ناچارن هەمـان ڕێگا بگرنەبەر- ئەگـەر پێـچـاوپێـچـیش بێت- تـاوەکـو بگەنە ئامـانج و مـەبەسـتی خـۆیان. بەڕاسـتـیش زۆربەی ئەو عـارەبانانە لەکۆتاییـدا دەگـەنە شـار، کـاتێکیش دەگـەنە جێ، هیـچ شـتـێکیـان لەیەکـتـر جیاواز نییە، تەنیا لە کاتی گەیشتن و درەنگ و زوویی نەبێت. درەنگ و زوویی گـەیشتن بەرەو دیمکراتیـیـەتی لیـبـراڵی کـاروانە درێژەکـەی دەگـاتە کـۆتایی، کـۆتایی مێـژوو.» (١٤) ئێمـە واز لەوە دەهێنین کـە چۆن عـەقڵی ئەمـەریکی و پیـاوی ئەمـەریکی تووشی کـێشەی گـەورە گـــەورە هاتوون، هەر خـــۆی تەواوی ئەم کـــتـێـــبـــە بە سـوپەرمـانکردنی ئەمـەریکایە و بەردەوام سـیـسـتـمی ئەمـــەریکی وەک ئایدیال وێنا دەکـــات و پێی وایە ئەمـەریکییـەکان یەکەمین گـەلن گـەیشـتـوونەتە کـۆتایی عـەقڵ و هەمـوو گـەلانیش بەرەو ئەوێ دڕۆن. ئێـمـە بە داخەوە لە مێژوودا هیچ دەوڵەتێکمان نییـە کـە عـەقڵی بێت، جا چۆن شـتێک کە هێشتا دەرنەکـەوتووە کۆتایی دێت. وەڵێ ئەو باسە باسێکی گەورە و قـووڵە دەرفـەتی ئەوەمـان نیـیـە لەگـەڵی بڕۆین، بەڵام ئەوەی هەیە ئەم تەبیـعـەتە جیـاوازی شـتـەکـان دەخوڵقێنێت، ئەویش ئەو وەزیفـە گـەردوونییـەیە ئاراسـتـەی ئەم جیـاوازی و لەیەک نەچوونی شـتـەکـان دەکات لەپێناوی کـامڵبـوونی دنیـا و دەرکەوتنی عەقڵدا.

### (٤/٢) ســایکۆلۆژیا وەک جـەســتـەیەک بە ڕووی دەرەوەدا:

ئەوەمـان زانی کە سـایکۆلۆژیا وەک جەستـەیەک لەناو مرۆڤدا هەموو بەشەکانی خۆی هەڵگرتووە، وەک خەیاڵ و زەین و یادەوەری و یادگە. ئەم سایکۆلۆژیایەی مرۆڤیش هەر بەوەندە کۆتایی نایەت، بەڵکو دەرکەوتەشی هەیە لە دەرەوەی خـۆی کە پەخش دەبێـتـەوە بە ڕووی دەوروبەردا. کەسایەتی مرۆڤ یەکێکە لە دەرکەوتەکانی سایکۆلۆژیای مرۆڤ، کە وەک جەستەیەک بەیانی دەکات بەڕووی ئەوی تردا. کـەسایەتی کـۆمەڵگاش بەشێـوەیەکی گشـتی وەک جەستەی نەتەوە لەبەرانبەر نەتەوەکانی تردا دەردەکەوێت، کە هەردووکیـان وەک وێنەیەکی نەگۆڕە، وەک مرۆڤێکی موسڵـمان و کۆمەڵگایەکی ئیسلامی ئەم دوو وێنەیە کە هەن، وەک جەستەیەکی سایکۆلۆژی کەسایەتی شوناسی نەتەوەکـە دەگـرنەوە. ئیـتـر ئەم وێنانە کـاتێک دەکـەونە بەرانبـــەر یەک بـەریەک دەکـــەون و دەکـــەونە ناو پێـوەندییـەوە. هەروەک پێـوەندی نێـوان مـرۆڤـەکـان و کۆمەڵگاکان، کە هەریەکەیان بە وێنەیەکەوە دەچنە بەردەم یەکـتـری و لەسـەر ئاسـتی ئەم وێنانە دەکـەونە ناو مامەڵەوە. زانستی سۆسیۆلۆژیا زیاتر وابەستەیە بە جۆر و پشـکنینی پێـوەندی ئەم جـەسـتـانە بەیەکـەوە. وەک پێوەندی تاک و کۆمەڵگا و پێوەندی تاک و تاک لەسـەر ئاستی خێـزان و قـوتابخـانە...تاد. ڕاستی ئەم زانسـتە چەند بتـوانێت ئەم پێـوەندییـانە کـەشف بکات، ئەوەندە جێگەی باوەڕ و ئەوەندە وەک زانسـتێکی گشتگیر خۆی دەنوێنێ. گـرنگی ئەم وێنانە لەگـەڵ یەک وای کـردووە مـرۆڤ قـوربانی بکات لەپێناو چەسپـاندنی وێنەی خۆی لەزەینی بەرانبـەرەکـانیـدا. ئەم وێنانەش هەمـیـشـە وەک مـوقـەدەسـێک چ لەلایەن تاک و چ لەلایەن کـۆمـەڵگاوە گوزارشتی لێکراوە.

### (٤/٣) کەسایەتی وەک جەستەی سایکۆلۆژی تاک:

ئاشکرایە سایکۆلۆژیا بەوەی کە توانای کشان و درێژبوونەوەی هەیە وەک جەستەیەک دەردەکەوێت. واتا لەناو مرۆڤ دەردەچێت و دەچێتە دەرەوەی مرۆڤ. سایکۆلۆژیا لەڕووی دەرەوەدا زیاتر ئەو حاڵەتەیە کە وێنەی خۆی نیشانی دەرەوە دەدات. ئێمە هەموومان وێنەیەکمان لەناو کۆمەڵگادا هەیە، جا لە ئەنجامی وەزیفە، یان حەز، یان کار و پیشە دروست بووە. وەک (مامۆستا، هونەرمەند، ئاسنگەر، سەرۆکی عەشیرەت...تاد) هەموو ئەمانە وێنەی مرۆڤن کە نیشانی دەرەوەی دەدەن، لە حاڵەتی ناردندا. واتا کە کەسەکە دەبێتە مامۆستا، لەدەرەوە ئەم وێنەیە وەردەگرێت دواتر ئەم وێنەیە دەچێتە زەینی کەسەکەوە و پانتاییەکی زۆر داگیر دەکات، بەوەی کەسەکە ئەم وێنەیە بەردەوام نیشانی بەرانبەر دەدات و وەک جەستەیەک هەوڵی کشان و درێژبوونەوەی دەدات. ئەگەر ئەم حاڵەتە لەناو چەمکێکدا کۆبکەینەوە و ئەوە پێش ئێمە ناونراوە و لەلای فرۆید بە (من) گوزارشتی لێکراوە، یان کەسایەتی. دیارە ناونانی ئەم وێنەیە لای فرۆید بە من بۆ ئەو باوەڕەی فرۆید دەگەڕێتەوە کە جەوهەری مرۆڤ و هەموو کاروکردەوەکانی لەسایکۆلۆژیاوە دێت، بۆیە ئەمە بەدوایەمین جەوهەری مرۆڤ دەزانێت. فرۆید لەباسی مندا دەڵێت: «من لەناوەرۆکی خۆیدا نوێنەری جیهانی دەرەوەیە» (١٥) بەو مانایەی (ئەو) کە مانای غەریزەکان دەگەیەنێت لای فرۆید کە دەیەوێت بێتەدەر، ئەوە دەبێت بە فلتەری مندا بڕوات، چونکە من ئاگادارە بەوەی دەرەوە چۆن ئەم کردارەی دەوێت. ئەم منە باڵانسی وێنەی مرۆڤ ڕادەگرێت و هاوسەنگی دەپارێزێت «ئیدراکی ئەوە دەیکەین کە (من) ئەو بەشەیە لە (ئەو) کە هەندێک ڕاستکردنەوەی بۆ کراوە لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی جیهانی دەرەکی، بەهۆی گونجانی ئیدراک و هەست. بەشێوەیەکی تر درێژکراوەی جیاکردنەوەی ڕووەکانە. ئەمەش هەوڵ دەدا درێژکراوەیەک بێت لەجیهانی دەرەوە بۆ ئەو و کێشەکانی.» (١٦) ئێستا با پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی ناومان ناوە کەسایەتی؟ لە ڕاستیدا کەسایەتی مرۆڤ ئەو وێنەیەیە کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا هەیەتی، دیارە ئەم وێنەیە نەگۆڕەو وەک ئایدیال لەناو ئەم کەسەدا هەیە، ئەم کە بەردەوام هەوڵی درێژکردنەوەی خودی خۆی دەدا، لێرەدا کەسایەتی دەچێتە ژێربابی جەستەی سایکۆلۆژییەوە، چونکە نەگۆڕە و وێنەیەکی نەجووڵاوە و دەرەوە دەستی لە دروستکردنیدا هەیە و بەدەرەوە کەسایەتی دروست بووە. مرۆڤ ئەوی تر ئەم خودەی پێ بەخشیوە، ئەگەر سەیر بکەین ئەمڕۆ شەڕی مرۆڤ لەسەر کەسایەتییە، چونکە مرۆڤ لە حاڵەتی گەورەکردن و پاراستنیەتی، لەکاتێکدا کەسایەتی گوزارشت لە جەوهەری مرۆڤ ناکات، بەڵکو وێنەیەکی کۆمەڵایەتییە کۆمەڵگا بەمرۆڤەکانە دەبەخشێت. بە ئاگا لەوەی مرۆڤ بەردەوام ئەم وێنەیەی ئاراستەی دەوروبەری دەکات و بەم وێنەیە دەچێتە ناو بوارەکانەوە. بۆ نموونە کابرایەک، کە کەسایەتییەکی ئایینی هەیە لەجیاتی ئەوەی جەوهەری ئایین ئەم وێنەیە ئاراستە بکات و بیخوڵقێنێت، ئەوە ئەم خودە کە وێنە کۆمەڵایەتییەکەیە ئایینەکەی ئاراستە دەکات. واتا نوێژ و حەج دەکات بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی لە کۆمەڵگادا بچەسپێنێ، نەک بۆ ئەوەی خوا ڕازی بکات، بەڵکو دەیەوێت خەڵک ڕازی بکات، بۆیە ڕاستی خود ئەمڕۆ لەسەر ئاستی تاک تێپەڕیوە و بۆتە گەورەترین پاڵنەری مرۆڤ. هەوڵەکانی مرۆڤی ئێمە لەبەر ئەوە نییە تا چی هەیە لە ئیمکانیدا وەدی بێت، بەڵکو بەردەوام داواکارییەکانی ئەم خودە جێبەجێ دەکات تا گەورەترین پانتایی لەسەر زەینی کۆمەڵگا داگیر بکات. دیارە پێوەندی نێوان کۆمەڵگا و خود پێوەندییەکی دوو لایەنە و گەرموگوڕە، کەوا کۆمەڵگا خۆی لەهێزێکی واقیعی و بەرجەستەوە کە خۆی لەدەموچاوی باوک و مەلاو مامۆستا و....تاد نمایش دەکات، دەکاتە هێزێکی نا بەرجەستە و نادیار کە خۆی لەدەموچاوەکانی دەدزێتەوە و وەک هێزێک دێتە ناو مرۆڤەوە و جەستەی مرۆڤەکە دەکاتە دەموچاوی خۆی و ئاراستەی دەکات. مرۆڤەکەش لە حاڵەتی دانەوەی کۆمەڵگادا خود دروست دەکات، واتا وێنەیەک دادەتاشێت بەم وێنەیە کۆمەڵگا لەخۆیدا هەڵدەگرێت و دواتر دەیداتە دەوروبەرەکەی. لەم پێوەندییەدا کۆمەڵگا و تاک لەناو گرێبەستێکی گەورەدان، بەوەی مرۆڤەکە دەبێت ڕازی بێت بە عەقڵی کۆمەڵگا بجوولێتەوە، کۆمەڵگاش دوای قوربانیدانی ئەم کەسە کە عەقڵی خۆی لەبەرانبەر عەقڵی کۆمەڵگادا فڕێ دەدات، کۆمەڵگا

کەسایەتی، یان خودی بۆ دروست دەکات. واتا خود لەلایەک قبووڵی کەسەکەیە بۆ دروست بوون هەم قبووڵی کۆمەڵگایە بۆ کەسەکە. دیارە مەسەلەی کەسایەتی و پاراستنی خود لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر سەخت و دیارە تەنانەت پاراستنی ئەم خودەیە، یان ترسان لە شکانی ئەم خودەیە لەناو کۆمەڵگادا مرۆڤی کوردی بۆ دوژمنداری و کوشتار و هەرا ڕاپێچ کردووە. هەمووی لەپێناوی نەڕووشانی خود و پاراستنی بووە، تەنانەت بەشێک لە مەسەلەی کوشتنی ژنان پەیوەستە بەپاراستنی ئەم وێنە کۆمەڵاتییەوە. واتا ئەوە کۆمەڵگایە ئەوکەسە ئاراستە دەکات ژن کوژی بکات. ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە کەسەکەش قبووڵیەتی کۆمەڵگا ئاراستەی بکات. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە مرۆڤ بزانێت (خود- کەسایەتی) خۆی نییە و وێنەیەکە ئەوی تر بەخشیویەتی بەئێمە، تەنانەت ئەگەر سەیری حیکایەتی «پێغەمبەرەکان» (١٧) بکەین خودا زۆرجار پێغەمبەرانی لەنێوان خود و منی خۆیاندا بەرانبەر کردۆتەوە، لەپێناوی ئەوەی کۆمەڵگا وەک هێزێکی ئاراستەکەر فێڵ لە پێغەمبەران نەکات و منی خۆیان ئاراستەیان بکات. لێرەدا تاقیکردنەوەی خودا بۆ پێغەمبەرەکان وەک ئیبراهیم و سەربڕینی ئیسماعیلی کوڕی، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەن مرۆڤ ئینتیمای بۆ ئەوە بێت هەقیقەتی چۆنە ئەوها دەرکەوێت، نەک مرۆڤ خەیاڵی بەرەو ئەوە بڕوات سەیری دەوروبەر بکات کە چۆن ئەو کارە بکات. لێرەدا خود زاڵ دەبێت بەسەر مرۆڤدا، ئەم بنەمایە لای فەیلەسووفانیش هەیە، لەلای سوکرات زۆر بەئاشکرا باسی شکانی ئەم وێنەیە دەکات و جەخت دەکاتەوە کە نابێت مرۆڤ ئینتیمای بۆ ئەم وێنەیە هەبێت، چونکە ئینتیماکردن بۆ ئەم وێنەیە ئینتیماکردنە بۆ ئەوی تر و ئەو نوێنییە، بەڵام بۆ کەسێک کە لەبوونی ڕەسەنی خویدا دابڕاوە و هەموو خولیای ئەو گەورەکردن و کشان و درێژبوونەوەی خودی خۆیەتی کە ئەم خودەش کۆمەڵگا بەمرۆڤ دەیبەخشێت، مرۆڤیش دەبێت بەردەوام پاسەوانی لێ بکات، چونکە کۆمەڵگا دەتوانێت بیشێوێنێت و تێکی بدات. ئەو حیکایەتانە زۆرن کە چۆن کەسانی خودپەرست لەبەردەم کەسانی خۆ نوێندا بچووک بوونەتەوە، وەک بچووکبوونەوەی سەدام حوسێن لەبەردەم مەلا مستەفادا، بچووکبوونەوەی ئینگلیز لەبەردەم شێخ مەحموودا.

هەموو ئەمانە چ ئینگلیز چ سەدام بەو وێنە ساختەیە هاتوون مامەڵەیان کردووە، لەبەردەم ئەمەدا شێخ مەحموود و مەلا مستەفا تەعبیریان لەبوونی ڕەسەنی خۆیان کردووە و ساختەیی ئەوان لەبەردەم هەقیقەتی ئەواندا چۆکی داداوە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەرکەوتنی هەقیقەت و وێنەدا حاڵەتی ملکەچ بوون هەیە، ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە ئەخلاقێکی ناوەکی لەبەرانبەر ئەخلاقی کۆمەڵگادا لەدایک دەبێت و بەردەوام ئەخلاقی کۆمەڵگا دەکەوێتە حاڵەتی ملکەچبوون لەبەردەم ئەم ئەخلاقە ڕەسەنەدا، چونکە ئەخلاقی ڕەسەن بەبێ هیچ ئامانج و مەبەستێک لەدایک دەبێت و کەسەکە بەس خۆی دەبینێت و ئەوی تر نابینێت، بەڵام ئەخلاقی کۆمەڵایەتی دەبێت کۆمەڵگا قبووڵی بکات، واتا خود دەبێت ڕێورەسمی کۆمەڵگا بزانێت، هەتا ئەم مرۆڤە بۆی دەرکەوێت کە چۆن هەڵسوکەوت بکات، بەڵام ئەخلاقی ڕەسەن و ناوەکی بە قانوونی عەقڵ لەدایک دەبێت، بۆیە هەمیشە پێکدادان لەسەر ئاشکرابوون و دەرکەوتنی هەقیقەت لەگەڵ عەقڵی کۆمەڵگادا هەیە. هەمیشە کەسانی بیریار و فەیلەسووف کەسانێکن لە دەرەوەی کۆمەڵگا، کۆمەڵگا خۆشی ناوێن، چونکە ئەم کەسانە ئینتیمایان بۆ خودی خۆیان نییە، بەڵکو بۆ عەقڵیانە. خود هەموو قانوونەکانی کۆمەڵگا و هەموو چۆنایەتییەکانی کۆمەڵگای تێدا خەزن کراوە، بەڵام عەقڵ بارە بەسەر قانوونەکانی خۆی و مەرج نییە لەگەڵ عەقڵی کۆمەڵگادا تەبابێتەوە. ڕاستی خود جەستەی سایکۆلۆژی مرۆڤە، واتا کەسایەتی مرۆڤە کە ئەمەش وێنەیە و لە ڕێگەی جەستەی بایۆلۆژییەوە خۆی نمایش دەکات. ئەم وێنەیەش کە وێنەیەکی وەستاو و نەگۆڕە لەیادگەی مرۆڤدا، مرۆڤ ئەم جەستەیەی درێژ دەکاتەوە و گەورەی دەکات. وەک ناوبانگ کۆکردنەوە و چەپڵە و داگیرکردنی زەینی کۆمەڵگا. لەبەر ئەوەی خود جەستەیە و قابیلی بریندداربوون و لەناو چوونیشە، وەک حەیاچوون و ئابڕووچوون و.....تاد

## (٤/٤) شوناسی نەتەوەیی وەک جەستەی سایکۆلۆژی کۆمەڵ:

لەباسی پێشوودا باسی کەسایەتیمان کرد، کە مرۆڤ دروستی دەکات وەک وێنەیەک نیشانی دەرەوەی خۆی

دەدات، بەڵام هەر دەرەوە بۆ خۆی سەرچاوەی ئەم وێنەیەشە، واتا مرۆڤەکە چاودێری ناو کۆمەڵگا دەکات ئەم وێنەیە ئاراستەی عەقڵی کۆمەڵگا دەکات، تا ئەوکەسە شوناس لەناو کۆمەڵگادا وەربگرێ. دیارە ئەم وێنەیە کاتێک تووشی شکان و ڕووشان و برینداربوون دێت تاکە ڕێگایەک بۆ چاکبوونەوە و هاتنەوەسەر باری ئاسایی، گەڕانەوەیە بۆ عەقڵ، بۆیە دەبێت هەست بکات کە ئەوەی بریندارە لەناو ئەودا خۆی نییە و خودی خۆیەتی کە چۆتە شوێنی منی ئەو، هەر ئەم جەستەیەشە کە وەک کەسایەتی مرۆڤ بە ڕووی دەرەوەدا دەردەکەوێت. ئەمە لەسەر ئاستی تاک، بەڵام بۆ کۆمەڵ هەروەک چۆن یادەوەری تاک هەیە کە سۆز و عاتیفەکانی تاک دیاری دەکات، هەروەها یادەوەری گشتیش هەیە کە کۆی کۆمەڵگا تێیدا بەشدارە، واتا کە کۆمەڵێک تێی کەوتوون و دواتر ئەم ڕووداوە بۆتە یادەوەرییەکی گشتی بۆ ئەو کۆمەڵە، پاشان جەماوەرێک پێکدێت کە هەموو پێکەوە تووڕە دەبن و خۆشەویستی دەگۆڕنەوە، لە ئەنجامی گشتی بوونەوەی یادەوەری ئەو کۆمەڵە، وێنەیەک دروست دەکات کە وەک شتێکی پیرۆز و مەرجەع بەهای خۆی هەیە و دەتوانرێت ناوی بنێین (کۆخود) کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١، یان کارەساتی هەڵەبجە یەکێکە لە یادەوەرییە گشتییەکانی کورد، کەوا هەموومان بێ تاقەت دەبین ئەگەر یەکێک سووکایەتی بەم یادەوەرییە گشتییەمان بکات، ئەوە هەموومان دەکەوینە بەرگری کردن لەم یادەوەرییە، ئەوەشی کە بریندار دەکرێت جەستەی گشتی ئێمەیە. زانای فەرەنسی گۆستاف لۆبۆن کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی و بەوە لە فرۆید جیادەکرێتەوە کە دەروونزانی لەسەر ئاستی کۆمەڵگا تاووتوێکرد، لەبەشێکی کتێبەکەیدا بەناوی سایکۆلۆژیای جەماوەر دەڵێت: «کۆی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی کە لەلایەن هەریەک لە ژینگەی دەوروبەر و بۆ ماوەوە بەسەر هەموو تاکەکانی گەلێکدا دەسەپێت، ڕوحی ئەو گەلە پێکدەهێنن)(١٨) لۆبۆن لێرەدا زۆر بەوردی باسی ڕوحی گەل دەکات کۆمەڵە دەستەواژەیەک هەن جێگای تێڕامانن (ژینگە - بۆماوە - تایبەتمەندی هاوبەش)

هەموو ئەمانە بەجۆرێک یادەوەری گشتین، لای لۆبۆن نەتەوە کاتێک دروست دەبێت کە یادەوەرییەکی هاوبەشیان هەبێت، دیارە ئەم دیدە لەناو تیۆرەی نەتەوەناسیدا تیۆرێکی گەورەیە و گەلێک نووسەر پشتگیری دەکەن و پێیان وایە ڕوحی گەل ئەو یادەوەرییە هاوبەشە پێکی دەهێنێت کە ئەو کۆمەڵە هەیانە. ئەم تێڕوانینە ئەگەر بیبەینە ناو پێوەندی دەوڵەتان ئەوە تەواو لەواقیعدا دەچەسپێت. شەڕ و ئاژاوەی نێوان دەوڵەتان، یان ناکۆکی نێوان ئایینەکان سەرچاوەکەی ئەوە بووە کە کۆ خودی یەکتریان بریندارکردووە. ئەو کاریکاتێرەی دەرحەق بە پێغەمبەری ئیسلام کرا، لێدان بوو لە جەستەی گشتی موسڵمانەکان و ئەو جەماوەرەی دروست کرد و هەموو دنیای گرتەوە (کۆ خود ) ئەو جەستە گشتییەیە لەیادگەی کۆمەڵگادا کە تەواوی ڕووداو و کارەساتەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە. واتا وەک جەستەیەکی گشتی یادەوەری گشتی هەڵدەگرێت. دواتر کۆ خود وێنەیەک بۆ دەرەوەی خۆی بەرجەستە دەکات، ئەم وێنەیە دەبێتە ڕەمزی یادەوەرییە گشتییەکان. بۆ نموونە ئەم وێنەیە لە ولاتێکی وەک ئێراندا وێنەیەکی ئاییینییە. لە تورکیادا وێنەیەکی نەتەوە پەرستانەیە. ئەم وێنەیە وەک جەستەیەکی گشتی بۆتە بەرگی ئەم نەتەوانە بە ڕووی دەرەوەدا. هەر سووکایەتی کردنێک بەم وێنەیە لێدانە لە ڕوحی جەماوەر بەمانا لۆبۆنییەکەی.

ئەگەرنا لە بنەمادا لێدان لە جەستەی گشتی ئەو کۆمەڵگایەیە نەک ڕوحی گەل. ئەم جەستە سایکۆلۆژییە گشتییە خۆی وەک ڕوحێکی وەهمی نیشان دەدات و هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە ئاراستە دەکات. ئەو ئەندامانە کاتێک بەرگری دەکەن، بەرگری لەو وێنەیەی خۆیان دەکەن کە نیشانی دەرەوەیان داوە. ئەگەر بنۆڕین کاتێک کچێک لە کۆمەڵگای کوردیدا بەدوو دەکەوێت، ئەوە جەستەی گشتی ئەو عەشیرەتە بریندار دەبێت، کاتێک براکەی ئەو کچە دەکوژێت تووشی پەشیمان بوونەوە دێت، لەباری پەشیمان بوونەوەیدا کەسەکە دەزانێت کە ئەو کارەی پێکراوە خۆی نەبووە، بەڵکو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیە کە وەک وێنەیەک خۆی خزاندۆتە ناو یادەوەری ئەو کەسەو جەستەی بایۆلۆژی ئەوکەسەی ئاراستە کردووە، کە ڕووداوی کوشتن ئەنجام بدات. کاتێک کەسەکە کارەکە دەکات، ئەوکاتە هەست بەو هێزە دەکات کە ئاراستەی کردووە. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەم کۆ خودە جەستەیە و ڕوح نییە، چونکە جەوێکی دەرەکی

بۆ ئەم کەسەی دروست کردووە «بەڵام زاراوەی جەماوەر لە ڕوانگەی دەروونییەوە واتایەکی تەواو جیاوازی هەیە. لەهەندێک هەلومەرجی دیاریکراودا، بەتایبەتیش لەو جۆرە هەلومەرجانەدا ڕەنگە کۆمەڵە خەڵکێک ببنە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی نوێی ئەوتۆ کە لە تایبەتمەندی هەریەکەیان بەجیا زۆر جیاوازبن، لەوکاتەدا ئەوەی پێی دەگوترێت کەسایەتی تاکی هۆشیار لەئارادا نامێنێت و لەبری ئەوە سۆزمەندیی بیروبۆچوونەکانی ئەو یەکە بچووککراوانەی جەماوەر پێکدەهێنن.» (١٩)

لێرەدا لۆبۆن باسی ئەوە دەکات کە تاک هۆشیاری نامێنێت، چونکە یەکەمین پێوەندی نێوان کۆمەڵگا و تاک لەم بارەدا ئەوەیە ئەوتاکە هۆشیاری خۆی فڕێ بدات، تا جەستەی بایۆلۆژی سایکۆلۆژیای تەواو ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا وەک هێزێکی نادیار بێتە ناو ئەم جەستانەوە. کۆمەڵگا سەرەتا کۆمەڵێک بیروباوەڕ و کۆمەڵێک وێنە و ئایدیۆلۆژیا ئاراستەی سایکۆلۆژیای کەسەکە دەکات، کەسەکەش وەک وەرگر یادگەی خۆی بار دەکات بەتەواوی ئەو یادەوەریانەی کە لە زەینی کۆمەڵگادا هەیە. لە قۆناغی دووەمدا ئەم یادەوەریانە دادەبەزێتە ناو جەستەی بایۆلۆژی کەسەکە و ئاراستەی دەکات. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک ئایین وەک حیکایەت وەربگرێت، سەرەتا ئەم کەسە ئایین دەکاتە کۆمەڵێک ڕێوڕەسم و یادەوەری و حیکایەت. واتا وەک یادەوەری لەیادگەیدا دایدەنێت و لە قۆناغی دووەمدا ئەم هێزە ئایینییە کە کۆمەڵایەتی بۆتەوە دادەبەزێتە سەر جەستەی بایۆلۆژی. بۆ نموونە کەسەکە شێوازی جەستەی خۆی بەو شێوەیە لێدەکات کە کەسە ئایینییەکان هەیانە، پاشان هەر هێرشێک بکرێتە سەر ئەم ئایدیۆلۆژیایە، ئەوە ئەم کەسە بێ ئاگا لە خۆی دەکەوێتە بەرگری کردن لێیان. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کەسە نەک هەر لە ئایین تێناگات، بەڵکو ناشگاتە بەختەوەری، چونکە ئەم کەسە خۆی نییە و ئەوی ترە.

## ٥- سایکۆلۆژیا وەک جەستەیەک بەڕووی ناوەوەدا:

لە باسی پێشوودا باسی سایکۆلۆژیامان کرد کە وەک جەستەیەک بەڕووی دەرەوەدا دەردەکەوت و لەسەر ئاستی تاک دەبووە کەسایەتی و لەسەر ئاستی کۆمەڵیش وەک ناسنامە و شوناس دەردەکەوت. ئەم وێنەیە شتێکی بەرجەستە نییە، بەڵکو شتێکی زەینییە و خۆی لە کۆمەڵێک بیروڕا و کۆمەڵێک وێنە و سرووتدا دەبینییەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە سایکۆلۆژیا بەڕووی ناوەوەشدا جەستەیەکە پانتاییەکی زۆری مرۆڤی لەناو یادگەی مرۆڤدا داگیرکردووە، لێرەدا دوو جۆری ئەم جەستەیە دەخەینەڕوو.

### ( ٥/١ ) وێنەی ئێمە کە لە ئەوی ترەوە گەڕاوەتەوە ناومان:

ئەمەش ڕاستی ئەو شوناسەیە کۆمەڵگا بە ئێمەی بەخشیوە، ئەم شوناسە ئەسڵ و فەسڵی دیار نییە، کە ئایا خۆمانین، یان نا، بەڵام ئەوەندە هەیە کەوا لەم حاڵەتی هاتنەوەی ئەم وێنەیە بۆ یادگەی مرۆڤ، ئەوە نییە ئەم وێنەیە وەستاو و جێگیربێت، بەڵکو ئەم وێنەیە کە ئەویتر بە ئێمەی بەخشیوە و دەبێت جارێکی تر نیشانی دەرەوەی بدەینەوە کە خۆی لەکەسایەتیدا دەبینێتەوە، بەڵام لەناو یادگەی مرۆڤدا هەیە و بەردەوام پەل بۆ ناو هەموو قسە و کردار و هەڵوێستەکانی مرۆڤ دەهاوێت، چونکە بەردەوام دەبێت پاسەوانی ئەم وێنەیە بکات و هەر کاتێک لەگەڵ دەوروبەردا کەوتە پێوەندییەوە، ئەم وێنەیە نیشان بدات، چونکە بە بزربوونی ئەم وێنەیە کەسەکەش لەناو کۆمەڵگادا بزر دەبێت. پاراستن و دانەوەی ئەم وێنەیە هەمووی وەک پرۆسەیەک لەناو مرۆڤدا ڕوودەدات، لەم بارەدا مرۆڤ نابێت بەدڵی خۆی بکات، بەڵکو دەبێت بە دڵی کۆمەڵگا بکات. هەموو هەڕەشەی کۆمەڵگاش لە مرۆڤ ئەوەیە مرۆڤەکە بێ مانا بکات، بۆیە مرۆڤ ناچارە لەترسی بێ ماناکردنی خۆی لەلایەن کۆمەڵگاوە هەموو مەرجەکانی کۆمەڵگا بەهەموو شەڕ و هەرا و ناخۆشییەکانی قبووڵ بکات. کاتێک مرۆڤ گەیشتە ئەم قۆناغە بەردەوام لەو کەسانە نزیک دەبێتەوە کە دەزانن مامەڵە لەگەڵ ئەم وێنەیەی ئەو بکەن، ئەو ناچێتە ناو پێوەندی دەوروبەرێکەوە کە مەترسی هەبێت لەسەر ئەم شوناسە. لەکاتی مامەڵەشدا مرۆڤەکەش هەوڵی گواستنەوەی ئەم وێنەیەی بۆ زەینی بەرانبەرەکەی دەدات، ڕێگاکانی گواستنەوەش زۆرن وەک ترساندن - چاکە کردن - هاوسۆزی....تاد

کە هەموو ئەم ڕێگایانە تۆخکردنەوەی وێنەی کەسەکەیە

لە یادگەی بەرانبەردا. ئەوی تر و مرۆڤەکە لە حاڵەتی دان و دانەوەی ئەم وێنەیە و پێوەندییان لە یەک ئاست و لە یەک تایمدا جێگیر دەبێت و گۆڕانکاری رووناداتـ، چونکە ناچنە ناو شوێنێکەوە کە لەیەکتر بزربن، بەڵکو دەبێت هەمیشە ئەنجامی شتەکان بزانن، ئینجا دەچنە بەردەمی یەکترەوە. ئەم جۆرە لا پێوەندییەی ڕۆژانە لەنێوان حزبەکان و سیاسییەکان و عاشقەکان و رۆشنبیران و ژن و مێردەکاندا دەبینین و هەستی پێدەکەین.

**( ٢/٥ ) وێنەی ئەوانی تر لەناو ئێمەدا:**

ئاگادارین کە یادگەی ئێمە پڕە لە وێنەی کەسانی دەوروبەرمان، ئنجا هەر لە چۆنایەتی کەسەکان و تەبیعەتیان، ئێمە لەناو خۆماندا لەکاتی حزوور و غیابی کەسەکەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم وێنانەدا دەکەین. واتا هیچ جیاوازی نییە کەسەکە لێرە بێت، یان لێرە نەبێت، چونکە لە هەردوو بارەکەدا مامەڵە لەگەڵ وێنە وەستاوەکە دەکرێت، کە لەناو یادگەماندایە، ئەم حاڵەتەش تووشی کوێربوونمان دەکات، چونکە ئێمە کەسەکان یەک جۆر دەبینین و بۆ ئەم باسەش دواتر بەدرێژی لەسەری دەڕۆین.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١١- کتابات اساسية، الجزء الثاني، ما الميتافيزيكا، مارتن هيدجر، ت: اسماعيل المصدق، المجلس الاعلى للثقافة - القاهرة، الطبعة الاولى، س ٢٠٠٣ ص٢٤.**

**١٢- هـ.س، ل٢٧.**

**١٣- هـ.س، ل٢٦.**

**١٤- کۆتایی مێژوو دوایین مرۆڤ، فرانسیس فۆکۆیاما، و: ئیسماعیل کوردە، خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨، لاپەڕە٤٢٧.**

**١٥- ئیگۆ و ئید، سیگمۆند فرۆید، و: یووسف عوسمان حەمەد، سەنتەری نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥ لاپەڕە٤٦.**

**١٦- هـ. س. ل٢٩.**

**١٧- رووداوی بوختان هەڵبەستن بۆ (عائیشە)ی ژنی پێغەمبەری ئیسلام (محمد) راستە بەدەستی کافرەکان بوو، بەڵام خودا لە رێگەی ئەم رووداوەوە پێغەمبەری خستە ناو تاقیکردنەوەوە، کە ئەوە بوو پێغەمبەر کەوتە ژێر سیحری کۆمەڵگا و عائیشەی ناردەوە ماڵی باوکی و دڵی کەوتە گومان. لێرەدا پێغەمبەر منی خۆی لەبیرکرد و ئەوی تر وەک هێزێک خەیاڵی داگیرکرد، هەربۆیە کاتێک خودا پاکێتی عائیشەی ڕاگەیاند، عائیشە دەستی پێغەمبەری ماچ نەکرد و گوتی من سوپاسی خودای خۆم دەکەم، چونکە ئەو بە تەنیا لەپشتم بوو. واتە پێغەمبەریش لەبەرەی دژی عائیشە بوو. بۆ ئەو ساتە خۆی لەبیر کردبوو.**

**١٨- سایکۆلۆژیای جەماوەر، گۆستاف لۆبۆن، و: ئارام جەمال سابیر، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦، لاپەڕە٥٩.**

**١٩- هـ. س. ل٧٣.**

# سانەوی هەولێری کوڕان و چەند بیرەوەرییەک

**باکووری**

(ثانوية أربيل)- ناوی تاکە قوتابخانە بوو لەم شارە شیرینەدا.. لەم هەولێرە دێرینە کە هەردوو قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی، (یان ئامادەیی) دەگرتەوە.

قوتابییانی شارۆچکە و شارەدێ و گوندەکانی دەوروپشتی هەولێریش وەکو شارۆچکەی کۆیە و ڕواندز و مەخموور و شارەدێیەکان و گوندی عەنکاوە، ئەوانەی کە لە قۆناغی سەرەتایی سەردەکەوتن، ئەگەر نیازی تەواوکردنی خوێندنیان هەبوایە، دەبوایە بێنە هەولێر و لەو قوتابخانەیە دەوام بکەن، کە خوێندنی ناوەندیشیان تەواو کردبایە، بۆ دوو ساڵی تر هەر لە هەمان بینایە، (ثانوية أربيل) دەوامیان دەکرد، واتا پۆلی چوارەم و پێنجەمیشیان هەر لێرە دەخوێند، ئەوسا قۆناغی ئامادەیی دوو ساڵ بوو، نەک سێ ساڵ بێ وەک ئێستا(١). ئەمە تا ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو وابوو. تا باڵەخانەیەکی تازە بۆ (سانەوی) لەسەر ڕێگای کۆنی مووسڵ دروست کرا، ئیتر لەوەودوا قوتابیان لەوێ دەوامیان کرد و سانەوییە کۆنەکە بووە (قوتابخانەی موزەفەرییەی سەرەتایی)، ئینجا دوای شەستەکان، موزەفەرییەش لەوێ نەما و بینایەکەیان کردە سەربازگەی هێزی (القوة السيارة)، کە (القوة السيارة)ش کەڵکی نەما و لابردرا، بیر لەوە کرایەوە بینایەکە تێک بدەن، وەک عادەتی نەگریسی ڕژێمی بەعس، بۆ ون کردنی شوێنەوارە دێرین و کۆنەکان کە تایبەتمەندییەکیان هەبوایە و پێوەندییەکی بە نەتەوەی کورد و مێژووی کوردستانەوە هەبوایە تا ماوەیەک دوای تێکدانی، هەروا عەرد بوو بۆ وەستانی ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆر کردیان بە گەراج، پاش حەفتاکان کرایە بینایەی پارێزگای ئێستا!

بە بڕوای من، تێکدانی ئەو بینایە کۆنەی (سانەوەی

هەولێر) كارێكى ناپیرۆز و ناڕەوا بوو! ئایا پارچە زەوییەكى دیكە نەبوو لەو هەولێرە پانوبەرینە، بكرێتە (باڵەخانە بۆ پارێزگا)؟ كە هەر لە بنەڕەتەوە نەدەبوو باڵەخانەی پارێزگا لێرە لە ناوەڕاستی شار بوایە، چونكە دەبێتە مایەی پەیدابوونی قەرەباڵغی و پشێوی هاتوچۆی خەڵك و موراجیعەكان كە بۆ جێبەجێكردنی ئیشوكاریان سەر لەو تەلارە دەدەن!

لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٨/١٩٤٧، لەبەر ئەوەی باوكم گوێزرایەوە هەولێر و بە ماڵەوە هاتین و لە گوندی عەنكاوە خانوویەكی قوڕمان بەكرێ گرت و تێیدا حەواینەوە و منیش ئەوساكە لە پۆلی (سێ)ی ناوەندی، لەو قوتابخانەیەدا دەوامم دەكرد، دەبوایە لە پۆلی پێنجەم بومایە! بەڵام دوو ساڵ لەسەر یەك لە پۆلی (سێیەم) لە ناوەندی كۆیە مامەوە. ساڵێك كەوتم (ڕاسب) بووم، كە ساڵی ١٩٤٦/١٩٤٥ بوو، ساڵێكیش بەهۆی گواستنەوەمان بۆ هەولێر، خوێندنم بەجێ هێشت و لە (هاوینەواری سەلاحەدین) بەكرێی ڕۆژانە، لە دەزگای (پۆستەخانە) وەك (فەرمانبەری بگۆڕی تەلەفۆن) كارم كرد، كە ئەویش ساڵی ١٩٤٧/١٩٤٦ بوو، ئینجا وەك لە سەرەوە باسم كرد، ساڵی ١٩٤٨/١٩٤٧ گەڕامەوە پۆلی (سێ)ی ناوەندی و لە (سانەوییەی هەولێر) دەوامم كرد. هەموو بەیانییەك لەگەڵ چەند قوتابییەكی دیكەی خەڵكی عەنكاوە، بەپێیان دەهاتینە هەولێر و تا كاتژمێر دوازدە، چوار وانە دەخوێنرا، پاشان قوتابیان بۆ خواردنی (نیوەڕۆ) دەچوونەوە ماڵێ، ئینجا كاتژمێر (دوو و نیو) دوو وانەی دیكە دەخوێنران، دەبوایە هەموو قوتابییەكان پێش ئەوكاتە، لە قوتابخانە ئامادەبن. ماوەی (وانە) چل و پێنج خولەك بوو. لەدوای هەر وانەیەك دە خولەك پشوودان هەبوو، بەڵام لەنێوان وانەی دووەم و سێیەم لە دەوامی بەیانیان، پشووەكە بیست خولەك بوو كە پشوویەكی باشمان دەدا. قوتابییە دەوڵەمەند و گەورەكان، لە چایخانەی قوتابخانە، كە لە بەشی دواوەی باڵەخانەكە بوو، دادەنیشتن چایان دەخواردەوە و یەك دوو جگەرەیان دەكێشا و باسی فیلمی (دوێنێ شەو)یان دەكرد كە لە سینەمای (سەلاحەدین)، یان سینەمای (حەمرا) بینیبوویان و باسی ئەكتەرەكان و گۆرانییەكانیان دەكرد.

ئێمەی ئەو قوتابیانەی كە لە عەنكاوە بووین، نەماندەتوانی بچینە سینەما، چونكە كاتی عەسر ئێمە لە



**(١) دائیرەی پۆستەخانەی هەولێر (٢) شوورە و باخچەكەی قوتابخانەی سانەوی (ثانویە)ی هەولێر (٣) شەقامی نێوان سانەوی و سەرا، بۆ مووسڵ دەچێ.**

ڕێگادا بووین و دەگەڕاینەوە ماڵەوە. ئەگەر بمابایەنەوە، دوای سینەما، شەو دادەهات- دژوار بوو لەو ڕێگا پڕ خۆڵ و بەرد و تاسەیە بدەین كە لە هەولێرەوە تا دەگەیشتینە گوندەكەمان، یەك كاتژمێری دەخایاند. خۆ بەشەوان هەر یەكجار دژوارتر دەبوو، بەڵام من هەندێك جار ئەگەر فیلمێكی خۆش پیشاندرابایە، ڕۆژانی هەینی، بۆ ئاهەنگی سبەینان كە كاتژمێر دە فیلمەكە دەستی پێ دەكرد، بۆ دوازدەی نیوەڕۆ تەواو دەبوو، دەچووم فیلمەكەم دەبینی، ئینجا دەگەڕامەوە عەنكاوە، واتا ئەو هەفتەیە پشووی هەینیم لە كیس دەچوو، هەروەك دەوامم لە قوتابخانە كردبا، وا بوو! جا بە زستان لەو ڕێگەیە زۆر ئەزیەتمان تووش دەبوو، جاری وا بوو هەر لەماڵ دەركەوتباین، باران دایدەگرتین تا دەگەیشتینە بەردەم سانەوی ئەوسا جلەكانمان یەكپارچە دەبوونە ئاو وەك جلی (شەمووڵە!) ئاومان لە لەش دەچۆڕایەوە. هەندێك جار لەماڵ دەردەكەوتین و بەرەو هەولێر دەكەوتینە ڕێ، كەچی كە دەگەیشتینە ئەو (بەستە ئاوەی) كە لەو شوێنەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن (كوورانی عەنكاوە)، ئەم (بەستە)یە وەك نیمچە (زێ)یەكی لێ دەهات، ئاوێكی زۆری پێدادەهات و پانوبەرین بڵاودەبووەوە، جا یان دەبوایە ئەو ڕۆژە نەچووباینە قوتابخانە، یانیش دەبوایە پانتۆڵمان لەپێ كردبایە و لە ئاوەكەمان بدابایە و تا نیو مەتر زیاتر، لەش و قاچمان لە ئاودا نقوم دەبوون، زۆریش ئاسایی بوو لە سەرەوەش باران دایبگرتباین و ئێمە لەناو ڕووبارەكە بە هێواشی دەجوولاینەوە تاكو نەخلیسكێین و بەربینەوە، چونكە لە ڕۆژی ئاوادا، ئاوی ڕووبارەكە دەبووە قوڕاو، بەرد و بنی ئاوەكە دیار نەدەبوو!

بۆ مێژووش ناوی ئەو قوتابییە عەنكاوەییانەی پێكەوە

هاتوچۆمـان دەکـرد بۆ سانەوی، ئەوانەی لەبیـرم مـاون، لەخوارەوە دەنووسمەوە:

١- یووسف حەنا عەسکەر.
٢- هورمز سبۆ.
٣- مەتی فرەنسیس.
٤- یووسف مەنسوور.
٥- یووسف گۆرگیس.

ئەم ناوانەی سەرەوە و خۆشم لەگەڵیاندا، هەر شەشمان لە پۆلی سێیـەم بووین، ژوورەکـەشمان بەلای چەپەوە لە دەرەوەی حەوشـەکـەبوو، بەرانبـەر باخچـەی قـوتابخـانە بوو.. حەوشیان لەنێواندا بوو، ئینجا با ناوی ئەو برادەرە هەولێرییانەی بهێنمەوە کە لە هەمان پۆلی سێی ناوەندی لەو سـانەوییـەدا، سـاڵی خـوێندنی ١٩٤٧/١٩٤٨، لەگـەڵمـان بوون ئەوانەی لەبیـرم مـاون، جگە لە خـۆم و عەنکاوەییەکان:

١- ئەحمەد شێخ عەبدولکەریم.
٢- بەشیر ئیسماعیل چیچۆ.
٣- جەلال غەریب.
٤- تەحسین نوورەدین.
٥- عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا کوبەچی.
٦- عەبدولڕەحمان نووری قەساب.
٧- عەلی حەسەن ڕەزا.
٨- عەبدولڕەزاق شەهاب دەباغ.
٩- فاتح شێخ محەمەد.
١٠- کەمال مستەفا.
١١- موحسین محەمەد ئەمین دزەیی.
١٢- محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا ئاغا.
١٣- مەعرووف ڕەئووف.
١٤- نیهاد نوورەدین ئاغا.
١٥- عەبدولقادر داود یەعقووبی.
١٦- جەمال عەتائوڵڵا.

ئێـمـە هەمـوومـان لە هۆبەی (أ)= ئەلف بووین، ژمـارەیەکی دیکەش لە هۆبەی (ب)= باء بوون، ناوی هەمـووم لەبیـر نەمـاون، بەڵام ئەوانەی خـوارەوە هەندێکیانن:

١- خالص شێخ جەواد.
٢- ئەنوەر عەزیز دزەیی.
٣- عەبدوڵڵا (پاشا) عەزیز دزەیی.
٤- هەمزە عوسمان.



به بۆنەی جەژنی (قیامە)ی مەسیح چەند برادەرێکی هەولێری کە کاتی خۆی لە سانەوی هەولێر بەیەکەوە دەمانخوێند، هاتبوونە ماڵمان لە کەرکووک ساڵی ١٩٥٢، لە ڕاستەوە: باکووری، عەبدولڕەحمان عەبۆی کوبەچی، کەمال مستەفا، فاتیح شێخ محەمەد - لە دواوە وەستاوە، ئەوانی دیکە خزمی خۆمن.

٥- خالید لەفتە.
٦- جەوهەر عەزیز دزەیی.
٧- مەحموود کاوانی.
٨- محەمەد شێخۆ.
٩- مووسا خەلیل.

ئەو برادەرە ئازیزانە، هەندێکیان هێشتا ماون و ئەوانی دیکە کـۆچی دواییـان کـردووە، خـوایان لێ خـۆش بێ. ئەوەندە پێوەندیمان لەگەڵ یەک توند و خۆشەویستانە بوو، هەمـوومـان وەک برا وابووین..خـوێندن و سەعی کردن و سەرکەوتن، تاکە ئامانجی سەرەکی داهاتوومان بوو.

جا دەبێ، دیسـان بۆ مێـژوو ناوی ئەو مامۆسـتایانەش بنووسمەوە کە ئەو ساڵە وانەیان پێ دەگوتین:

١- عەرەبی= سەلاح خالس.
٢- ئینگلیزی= عەبدولئەحەد فرەنسیس.
٣- مێژوو = عوسمان قۆجە.
٤- ریاضیات= صدیق خەلیفە.
٥- فیزیا= سەعید خضر.
٦- جوغرافیا= عەزیز دامیرچی.
٧- وەرزش= عەلی حوسێن کەسرە.
٨- ڕەسم= جەواد ڕەسوول.

ئەوانەی ماون، خوایە تەندروستیان باش بێ و ئەزیەت لەژیاندا نەبینن، ژیانێکی ئاسـوودە و هێمن بەسەربەرزی بەسەربەرن. بەڕاستی مامۆستای لێهاتوو بوون و مرۆڤی ماندوونەناس و ڕۆشنبیـر بوون و هەریەک لە (بابەت)ی خۆی، پرۆفیسۆرێک بوو.


یەکێک لەو بیرەوەرییانەی لە یادم ناچێ دەگێڕمەوە:

دنیا بەهار بوو.. ڕێگەی عەنکاوە تا هەولێر، ئەوبەر و ئەوبەر بە دەغڵ: گەنم و جۆ چێنرابوو.. هەتا چاوت بڕی بکردایە لەم لاو لەولا ســـــەوزایی بوو، بەڵام لە ڕۆخ جادەکە، جادە خۆڵ و بەردەڵانەکە، گوڵی نیسان: زەرد و ســوور و بنەوشـەیی و لە هەمــوو ڕەنگێک بە شنەبای بەیانیـان دەلەرینەوە، منی گەنجی خوێن گەرم و دڵ پڕ هیـوا و خـۆشـەویسـتی بۆ (جـوانی)، جـوانی ئەو دیمەنە سـروشـتـیـیـە سـەرسـوڕهێنەرە، بە هەسـتـێکی ناسکی هونەریانە، کاتێ ئەو بەیانییـە لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەرەو هەولێر هەنگاومـان دەنا، لە شـوێنێکدا نووشـتـامـەوە و چەند گوڵە حاجیلە و یەک دوو گوڵە نیسانی سوورم لێ کردەوە و بە دەمبـووسێک لە یەخەی چاکەتەکەمم قایم کردن. ئیدی لەگەڵ برادەرەکان خەریکی قسە و نوکتە و پێکەنین بووین و دەڕۆیشتین و لە شار نزیک بووینەوە و چووینە ناو کۆڵانەی کە دیواری قوتابخانەکەمـان لەوێوە دەستی پێ دەکرد، ئینجا بەرەو دەستەچەپ سووڕاینەوە و دوای چەند هەنگاوێک بە دەرگـای حـەوشـەدا چووینە ژوورەوە، زانیـمـان زەنگی دەرسی یەکەم لێی دابوو، ئەو ڕۆژە کـەمـێک درەنگ گـەیشـتین، یەکسـەر چووینە بەر دەرگـای پۆلەکـەمـان و وانەی مـێـژوو (مـێـژووی نوێی ئەوروپا)مان هەبوو، مامۆستا عوسمان قۆجە (خوای لێ خۆش بێت) لە ژوورەوە بوو، قـوتابییـەکی هەڵسـاندبوو وانەکـەی دەگـوتەوە و خـۆشی هەردوو دەسـتی وەک ڕاهاتبوو لە پشتەوەی گرێ دابوون. ئێمە لە دەرگامـان دا و ئەویش سەیری کردین.. من لە پێشەوە بووم، یەکسەر بەرانبەرم وەستا و لە پشت چاویلکەکانییەوە لە سەرەوە تا بنی پێم سەیری کردم، هەستم کرد سەیری ئەو گوڵانە دەکات کە لە یەخەی چاکەتەکەم دا بوون، دەستەکانیشی هەر لەدواوەی بوون: ئینجا پرسی:

– های شنو؟ (پەنجـەیەکی هێنا و لە گـوڵەکـانی یەخەکەمی دا– ئەوکاتە خوێندن و شەرح و گفتوگۆ لەناو پۆل هەر بە عـەرەبی بوو)، منیش سـەیرێکی سـینگی خۆمم کرد و گـوڵەکـانم لەبیـر چووبوون، ئینجا کە دیمن، چاوم بەرز کردەوە و سەیری دەموچاوی مامۆستام کرد و دەشترسام! ئەویش ئەفەندییەکی کەڵەگەت و درێژ بوو، سیدارەکەشی هەمیشە لەسەر بوو کە وای دەکرد، هەست بکەیت درێژترە!

**وتم:** استاذ ورد!

**وتی:** استاذ ورد، ها ؟–



**قوتابخانە موزەفەرییە لە هەولێر ساڵی ١٩٦٠، کە پێشتر لە ساڵانی چلەکانەوە قوتابخانەی سانەوی هەولێری کوڕان بوو.**

**وتم:** نعم.

ئینجا ڕووی کەمێک کرایەوە.. گرژییەکەی لە دەموچاو نەما و گوتی:

– جای متأخر و شایل حدیقة ورود علی صدرک؟

– استاذ... (ویستم شتێ بڵێم. ئەو قسەی کرد.)

– إبني لازم تجون قبل الجرس. هذه المرة اعفيکم. مرة ثانیـة في درسي مـا أقـبـل أی طالب یدخل بعـدي– افتهمت؟

– نعم – استاذ. شكرا–

تفضل علی مکانک–

خێـرا چوومـە سەر ڕەحلەکەم، کە یەکـەم ڕەحلە بوو لە ڕیزی دیواری لای ڕاسـتی تەختـەڕەشـەکـەوە بوو، باوەڕم نەکرد ئاوا بە سەلامەتی دەرچووم– ئیدی هەرگیز ڕۆژێکی دیکە درەنگ نەهاتین.

ئەو سـاڵە هەمـوومـان سـەرکـەوتین و چووینە پۆلی چوارەم.

(لێرەدا ڕادەوەستم، تا لە ژمارەیەکی دیکە باسی پۆلی چوارەم و ساڵی خوێندنی ١٩٤٨/١٩٤٩)تان بۆ بکەم، کە ساڵێکی پڕ لە ڕووداو و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش بوو.

* * *

**(١) لە کۆتایی شەستەکاندا قۆناغی ئامادەیی بوو بە سێ ساڵ، واتە پۆلی چوار و پێنج و شەشەمی ئامادەیی جێبەجێ کرا. (ڕامان)**

# شوێنەوارە دێرینەکەی دوین و ڕیشەی بنەماڵەی سەلاحەدین

عەباس سلێمان سمایل

هۆزانی کورد هەر لە کۆنەوە بەشێکیان مەڕدار و دوور لە شارستانیەت و سیاسەت ژیاون، هەندێک لەم هۆزانە تا ساڵانی شەستەکان ژمارەیەکی زۆریان لەسەر مەڕداری مابوون و گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، لەوانە: هەرکی، مەنتک، زراری، کورد، زێدکی و ژیرکی و سورچی و ڕەوەندۆک و چەند هۆزێکی دیکە.

بەشەکەی دیکەش شارستان و سیاسەتمەدار و خوێندەواریان زۆر تێدا بووە لەوانە: زەنگەنە، ڕۆژبەیانی، ڕۆژەکی و بنەماڵەی شێخی بارزان و شەددادی و بەدرخانی و ئەردەلانی و بابانی و ڕەوادی، کە بەدەیان زانای ئایینی و سیاسەتمەدار و ئەفسەریان لێ هەڵکەوتووە، هەروەها چەندین میرنشینیان دروست کردووە، جا بنەماڵەی ئەیووبی ڕۆڵی سەرەکییان لە بەڕێوەبردنی میرنشینی شەددادیدا هەبووە، کاتێک میرنشینی شەددادی لەناو دەچێت، ئەم بنەماڵەیە بەرەو باشوور کۆچ دەکەن، تا لە تکریت دەگیرسێنەوە و سەلاحەدین ئەیووبی (یووسف) لە تکریت لە دایک دەبێت، تاکو ئەمڕۆش بەشێک لە نەوەی ئەم بنەماڵەیە لە تکریت ماون و بە بنەماڵەی ئەیووبی دەناسرێن، بەڵام بەداخەوە بە زمانی عەرەبی دەدوێن و ئەوان دەڵێن نەمانزانیوە بنەماڵەی ئێمە لە دوین نیشتەجێ بووبێ.

میرنشینی شەددادی، کە لە ساڵی ١٠٧٦زدا کۆتایی پێهات دوا پایتەختیان شاری ئانی بوو کە دوین و گەنجەیان لە دەست چوو (ئانی)یان کردە پایتەخت. بەقسەی دکتۆر وەزیری ئاشۆ، تاهیر سلێمان، دکتۆر چەکەرزێ ڕەشی خوالێخۆشبوو و پیرەدیمای مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی گورجستان و مرازی ئۆزۆی جەوەری ڕۆژنامەنووسی گورجستان، (دوین) کە دووەم پایتەختی شەددادییەکانە، دوای ئەوەی گەنجە لەلایەن گەلانی خاچپەرستەکانەوە داگیر دەکرێت، (دوین)ی

بناری ئارارات نزیک شارەدێی ڤێدی بەدیوی ئەرمەنستانەوە دەکرێتە پایتەخت، کە ئەمڕۆ پاشماوەی شار و کۆشک و زیندانی هەر ماون، کەواتە (٩٣٠) ساڵە بنەماڵەی ئەیووبی لە دوین ئەرمینیا و ئانییەوە هەڵکەنراون و دواتر لە تکریت گیرساونەتەوە و (سەلاحەدین)یش کە ناوی یوسف بووە هەر لەم شارە لە دایک بووە و هیچ پێوەندییەکیان بەهۆزی زراری ناوچەی ڕۆژئاوای پیرمامەوە نییە، هەروەها هیچ پێوەندییەکیش لەنێوان هۆزی ئەمڕۆی ئەیووبی تکریت و هۆزی ئەمڕۆی زراریدا نییە، نە ئەیووبییەکانی تکریت ئاگایان لە زراری هەولێر هەیە، نە زرارییەکانی هەولێر ئاگایان لە ئەیووبییەکانی تکریت هەیە.

هۆزی زراری بە قسەی خۆیان ٢٥٠ ساڵ نابێت، کە لە گوندی (زرارا)ی نزیک شانەدەری بارزانەوە بۆ ناوچەکانی سەر بەستۆڕە و ناو سورچیان کۆچ دەکەن و ناوی هۆزەکەشیان نوێیە و لەناوی گوندی (زرارا)ی بارزانەوە هاتووە. بە تەمەنەکانی هۆزی زراری دەڵێن: سەرەتا سێ برا لە گوندی زرارا بەماڵەوە دەردەکەون کە ناویان (میرزا، ڕەزاق و زاهیر)ە کە بە مەڕداری بەرەو باشوور دەکشێن و نەوەی میرزا لە باکووری بەستۆڕە نیشتەجێ دەبن و بەرەی ڕەزاق لە سێ گوندی ناو سورچیان (کێلێ، بیبرەڕەش، کورکان) و هەندێکیشیان لە گوندی (گەویلان)ی نزیک بجیل نیشتەجێ دەبن، کەچی نەوەی زاهیر لەناو (کروی) یان لەنێوان هۆزی سورچی و بەرەی میرزا نیشتەجێ دەبن، دواتریش هەندێک لەبەرەی میرزا لەسەر بەستۆڕە نیشتەجێ دەبن. نەوەی هەرسێ برا، ئەم تیرانەیان لێ کەوتووەتەوە! مارە پیربار، توخمی باسی، مارە ڕەش، توخمی ڕەشاغەی، توخمی میرەک.

کەوابێ سەلاحەدین ئەیووبی سەر بەم هۆزەی زراری هەولێر نییە و هەرگیز ئەم دوینەی نزیک پیرمام شار نەبووە، لەهیچ سەرچاوەیەکدا ناوی بەشار نەهاتووە و تەنیا بریتییە لە چوار سەنگەر لەنێوان دوو ملەچیان لەسەر ڕێگای هەریر، یان ڕێگای شاهانە هەڵکەوتووە، مێژوونووسەکان دەڵێن بەر لە زایینەوە بەدرێژایی ئەم ڕێگایە ناوە ناوە بنکەی پاسەوانی و کاروانسەرا هەبووە، ئەمڕۆ تەنیا شوێنەواری چەند ژوورێک و شوێنی جۆنی و ئاگردان دەبینرێت، بەڵام هیچ تاسولقەیەک، یان پارچەی کەلوپەلی لەبەرد دروستکراو لەم شوێنەدا بەدی ناکرێت، بەڵام بە گوێرەی کورکەکانی جۆنی و ئاگردان دەبێ بەر لە چەند هەزار ساڵێک ئاوایی بووبێ و دووریش نییە جار جار بووبێتە گوندێکی گچکە، جا ئەگەر بنەماڵەی ئەیووبی لەو کاتی کە لە ئەرمینیاوە هاتوونەتە خوار بۆ ماوەیەکی کاتی لە دوین نیشتەجێ بوونە دواتر بەرەو تکریت کەوتوونەتەڕێ، کەواتە بنەماڵەی ئەیووبی لە ئاوارەیی ئەم قەڵات و سەنگەرانەیان پێویست نییە تا دروستی بکەن.

مرۆڤ کە سەیری شوێنەواری دوین دەکات، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە لەسەر ڕێگەی حەریر (هەولێر- ئازربایجان) بۆ پاسەوانی ڕێگاوبان وەک شوێنی پشوودانی کاروانچیان و پاسەوانی سنوور ئەم سەنگەرانە لەسەر ئەم ملەچیایە و ڕێگا ستراتیژییە دروست کراون، کە هەردوو دیویان لێوە دیارە، دۆڵی خەیلانەتی و دۆڵی کۆڕێ و جا چەندین حکومەت ئەم شوێنەیان وەک بنکەی پاسەوانی هەر لەپێش زایینەوە تا یەکەمین جەنگی جیهانی و کردنەوەی ڕێگەی هاملتۆن بەکارهاتووە، میرانی سۆران و حکومەتی عوسمانیش وەک سەنگەری پاسەوانی بەکاریان هێناوە.

ئەربیل (حدیاب) هەروەک سەرچاوە یۆنانییەکان ئاماژەی پێدەکەن شوێنێکی ستراتیژی گرنگی هەیە، بە تایبەتی ئەو ڕێگایەی کە هەولێر بە ئازربایجان و چینەوە دەبەستێتەوە، کە بە ڕێگەی حەریر، یان پاشایی ناسراوە، کە کاتی خۆی داریوش بەم ڕێگایەدا ڕای کردووە، بۆیە بە (پاشایی) ناسراوە.

(هیرۆدۆت)یش لەم ڕێگەیە دەدوێت و دەڵێت؛ لە کۆتایی هەر چوار فەرسەخێکی ئەم ڕێگەیەدا وێستگەیەک و چەندین خانی فراوان هەیە، کەوابێ (دوین)یش یەک لەم وێستگە و خان و کاروانسەرایانەیە.

گۆڕستانەکەی دوین و چەندین گۆڕستانی نێوان پیرمام و شەقڵاوە و بێخمە و گوندەکانی نزیک زێیێ، کێلەکانیان بۆ سەردەمی جۆراوجۆر دەگەڕێنەوە، ئەوانیش بەو نەخشونیگارانەی، کە لەسەریان هەڵکەنراوە دەردەکەوێ، هەندێک لەو کێلانە لە بنەڕەتدا کێل نین، بەڵکو پەیکەری خوداوەندن، کە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێنەوە، کە ئەوکاتەی ڕەگەزی مێینە پەرستراوە بۆیە هەندێک لەم کێلانە بەشێوەی ئافرەت داتراشراون، یان وێنەی ئافرەتیان لەسەرهەڵکەندووە، بەتایبەتی ئافرەتی دوو گیان و ئەندامەکانی مێینەیان بە زەقی دەرخستوو وەک سینگ و.. وەک نیشانەی بە پیتوبەرەکەتی ئافرەت و هەندێ جار خاچێکیشی لەسەر هەڵدەکەنرا، خاچی ئەوکاتی واتای خۆر و بە پیتی

گەیاندووە، جا دوو کێل کە کراونەتە کێلی دوو گۆڕی ئافرەتان یەکێکیان لە شێوەی ئافرەت داتراشراوە و ئەوی دیکەش وێنەی ئافرەتێکی دوو گیانی لەسەر هەڵکەنراوە و نیشانەی (+)ی لەسەر هەڵکەنراوە، ئەمانەش بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێنەوە، هەروەها هەندێک لە کێلەکانی گۆڕستانەکانی دوین وێنەی تاوس و نەخشونیگاری جۆراوجۆریان لەسەر هەڵکەنراوە، لەوانە لە گوندی فلوت کێلێکم بینی وێنەی مرۆڤێکی پیری لەسەر هەڵکەنراوە، جا دەوروبەری دوین پڕە لە شوێنەواری چاخی بەردینی، پێویستە چەندین تیمی شوێنەوار توێژینەوە لەم ناوچەیە بکەن.

خوالێخۆشبوو عەبدولخالق سەرسام زۆر خۆی بەم ناوچانەوە ماندوو کرد و پەردەی لەسەر زۆر شوێنەواری شاراوە لادا، بەڵام لە هەندێکیاندا سەرچیغ دەچوو، ئەو هەموویانی بۆ بنەماڵەی ئەیووبی دەگەڕاندەوە.

منیش بەهۆی بەدواداچوونم بۆم دەرکەوت بەر لەوەی خەیلانی و زراری و هۆزانی دیکە لەم ناوچەیە نیشتەجێ بن، ئێزدی و فەڵەی تێدا نیشتەجێ بووە، ئەگەر بۆ ڕابردووی دوور بگەڕێینەوە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە دوای پەرستنی ئافرەت ڕووناکییان پەرستووە و دواتر ئایینی زەردەشتی و مانی و ئایینی جوولەکە و فەڵە لە ناوچەکە بڵاودەبێتەوە.

تا ساڵی ١٨٣٦-١٨٣٧ ئێزدی لە ناوچەکە هەر مابوون، هۆزانی ناوچەکە بە فەرمانی میری گەورەی ڕەواندز پەلاماریان دەدەن و ئەوانیش بەرەو بادینان ڕادەکەن و هۆزی خەیلانی (١٤) کچیان لێ بەدیل دەگرن و لەخۆیان مارە دەکەن، کەواتە جێی باوەڕ نییە بنەماڵەی ئەیووبی لە ناوچەی ئێزدیان قەڵا دروست بکەن و لەناو ئەوان نیشتەجێ بن.

دوینی ئەرمینیا لە بنار چیای ئارارات نزیک ڕووباری ئاراس لەسەر شوێنەواری شارێکی ئورارتوانەوە دروست کراوە.

لەسەردەمی ساسانیان مەڵبەندێکی سەرەکی ئەرمەنیان بووە و لە ساڵی ٢٩٠ک- ٦٤٩ک لەلایەن موسڵمانانەوە کراوەتەوە و لە ساڵی ٩٥١ز بووەتە پایتەختی شەددادییەکان، بەڵام دوینەکەی باکووری ڕۆژئاوای پیرمام کە دەبێت بە دوینی داسنیان ناوببرێت، دوای کەم بوونەوەی ئێزدیان لە ناوچەکە خەیلانی و سورچی و زراری لەناوچەکەیان نیشتەجێ دەبن و دواتریش دەبێتە موڵکی ماولیان و ڕەواندزیان، کەواتە ئەم دوینە هیچ پێوەندی بە ئەییووبیانەوە نییە و چاک و پیرەکانی ناوچەکەشی پێوەندیان بە باپیرانی سەلاحەدین ئەیووبییەوە نییە، لەوانە خوالێخۆشبوو عەبدولخالق، پیری ماولیانی بەپیری مەڕوان گۆڕیوە، دوور نییە ئەم پیرانەی ئەم ناوچەیە پیرانی داسنی، یان پیرانی زەردەشتی بووبن.

تێبینی: دوین: لە دوو بڕگەی (دوو+ین، وین) پێکهاتووە، کە واتای نێوان دوو ئاوان دەگەیەنێت، ئاوی دۆڵی کۆڕێ و ئاوی دۆڵی خەیلانەتی، ئەگەر واتای دوو دیو، یان هەردوو ڕوو نەگەیەنێت، چونکە لەم شوێنە هەردوو ڕوو، یان دیو دیارە- گوندێکیش لەناوچەی بارزان لەسەر سنوور بەناوی (دۆین) هەیە، هەروەها (دوینە) واتای چێشتی (دۆینە)ش دەگەیەنێت.

* تاهیر سلێمان-ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی دیپلۆمات- باکو کە لە بنەڕەتدا دانیشتووی ناحیەی ڤێدی ئەرمەنستانە و لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ کوردانی ڤێدی و گوندەکانی دەوروبەری، کە کوردی موسڵمان بوون ئاوارەی کۆماری ئازربایجانی کران، جا کاک تاهیر دەڵێ کاولگەی دوین نزیک ناحیەی ڤێدی بووە و چەند جارێکم دیوە، پیرەمێرد مامۆستای زانکۆی گورجستان دەڵێت کە هاتمە هەولێر منیان بردە دوین، بەڵام ئەم دوینە پێوەندی بە بنەماڵەی ئەیووبییەوە نییە و هەرگیز شارنەبووە، کەچی دوین لە بنار ئاراراتە، هیوادارم هیچی دیکە ئەم دوینە بە دوینی سەلاحەدین نەناسرێت.

دوور نییە دوین لە دەو هاتبێت، چونکە شوێنەکەی نزمە و ئەودیو و ئەودیوی شاخە و وەکو دەوی لێهاتووە، هەر لەم دەوەوە دەتوانی ئەودیو و ئەودیو بکەین.

هەندێک لە مێژوونووسە ئیسلامییەکان وەک ئیبن حەوقەل ناوی قەڵای دوینی بەحبتون و حەفتیان و هفتون هێناوە. ساڵی ٥٢١ک- ١١٢٧ز شادی لەگەڵ دوو کوڕەکەی بەناوی ئەیووب و شێرکۆ دوین بەجێ دێڵێ و بەرەو تکریت دەچن. شێرکۆ بەدرێژایی جەنگی خاچپەرستان چالاکی هەبووە، کەواتە تەمەنی شێرکۆ لەنێوان (٥٠-٦٠) ساڵی بووە، کەواتە کە شێرکۆ و ئەیووب چوونەتە تکریت دەبێت شێرکۆ ١٥ ساڵان بووبێت، بۆیە شادی بەم ماوە کەمە ناتوانێت ئەم قۆنگرە و سەنگەرانە دروست بکات، دواتر ئەو لە دوین و ئاتی بنار ئارارات ڕای کردووە و ئەم سەنگەرانەی دژی کێ لەناوچەیەکی داسنیان دروست کردووە. کەواتە شادی ئەگەر لە دوینی هەولێر مابێتەوە هەر (٥ تا ١٠) ساڵ ماوەتەوە، ئەم ماوەیەش مرۆڤ جێگیرنابێت هەتا ئەم سەنگەرانە دروست بکات.

* کێلێک لە گوندی بابەگیسک (بابغیش) دەبینرێت کە شێوەی دەرگایەکی لێ هەڵکەنراوە و لەسەر دەرگاکە وێنەی تاوسێک هەڵکەنراوە، ئەمەش نیشانەی شوێن، یان دەرگای تاوس گێڕانی داسنیان بووە.

* لە قەزای حەزۆ کە سەر بە ئوستانی باتمانە لەو ڕێگایەی کە لە حەزۆ دەچێتە قەزای ساسۆن هەمان شێوەی گەرووی (دوین)ت دێتە بەردەم لە خوارەوە ڕووباری ساسۆن و لەسەر ملە چیایەک هەڵکەوتووە، کە هەردوو دیوی لێ دیارە، چەند سەنگەرێکی دێرین دەبینرێن، کە هەمان شێوەی سەنگەرەکانی دوینە، هەروەها لەنێوان سەنگەرەکان پاشماوەی خانووبەرە دەبینرێت، کە بە کەلا حەزۆ دەناسرێت، دوور نییە کەلا حەزۆ و کەلا دوین بۆ سەردەمی یەک فەرمانڕەوا بگەڕێنەوە، کەواتە قەڵای دوین پێوەندی بەسەڵاحەدین و باب و باپیرییەوە نییە و پێویستە شوێنەوارناسان لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بکەن.

* لەسەردەمی سەفەوییەکان هۆزی زەرزا (زەرزاری) لە کوردستانی باکوور لەنێوان دیاربەکر و مەلاتیە نیشتەجێ بوون و ژمارەیان دەوروبەری (١٠,٠٠٠) هەزار ماڵ دەبوو، بەهۆی ناکۆکییان لەگەڵ عوسمانییەکان ئەوێ بەجێ دێڵن و دێنە ناوچەی هەریر، لەوێش قولی خانی میری سۆران لێیان دەدا و ناچار دەبن بچنە دەشتی لاجانی موکریان و تاکو ئەمڕۆ لە موکریانن، جا ئەم زەرزاریانە نە زرارینە و نە پێوەندییان بە بنەماڵەی ئەیووبییەوە هەیە و نە دانیشتوانی ناوچەی دوینیشن.

* کورد: هۆزێکە تاکو ئەمڕۆ گەرمیان و کوێستان دەکەن، ژمارەیەکی زۆریان لە دەشتی کۆیە دەبینرێن بۆ نموونە لە گوندی سوێرەلەی دەشتی کۆیێ دەوروبەری (٢٠) ماڵ لەم هۆزە نیشتەجێن و هاوینانیش دەچنە کوێستانێ.

* سێ بنەماڵەی کوردی ڕەسەنی تکریت بەناوی (ئەیووبی، ئەبوخەشمان، شیاشە) لە دێرزمانەوە لە تکریت نیشتەجێن و ئەمڕۆ بە عەرەبی دەدوێن.

* تیرەیەک لە هۆی زراری لە گوندی تۆبزاوەی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ نیشتەجێن و بەزاراوەی شەبەکی دەدوێن، هەندێکیان دەڵێن لە گوندی (زرارا)ی بارزانەوە چوونە ئەوێ، هەندێکی دیکەیان دەڵێن لە زرارییەکانی سەر بەستۆڕە جیابوونەتەوە.

* خاچ ڕەمزی میتانی و هوری و ئایین میترایی بووە، کە چەند شێوەیەکی هەبووە: (+، + ) دوای ئەوەی ڕۆم واز لە ئایینی میترایی دەهێنێ ئەم ڕەمزە دەگوازێتەوە نێو ئایینی مەسیحی، گوایە ڕەمزی لە داردانی مەسیحە، هەروەها ڕۆژی لەدایک بوونی میهر، کە (١٢/٢٥)یە دەگوازێتەوە بۆ ڕۆژی لەدایک بوونی مەسیح.

**پەراوێزەکان:**

*** بەهۆی ئەوەی شاری هەولێر لە شارە هەرە کۆنەکانی جیهانە و ژیانی تێدا بەردەوامە، بە گوێرەی قسەی شوێنەوارناسان دروست بوونی شاری هەولێر بۆ دەوروبەری (٨) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و لەناوچە شاخاوییەکانی باکووری ئەم شارە بۆ دەوروبەری (٥٥) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بە درێژایی مێژوو چەندین ئایین لەم پارێزگەیە بڵاوبووەتەوە، جا شوێنەواری چەندین ئایین وەک ئێزدی، دیان، جوولەکە و ئافرەت پەرستی و درەخت پەرستی لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەم پارێزگەیە دەبینرێن، کە دوین یەک لەم ناوچانەیە، بەهۆی دەرکەوتنی چەندین شوێنەواری ئەم ئایینانە.**

*** ڕێگای ئاوریشم، کە بە (دوین)دا تێدەپەڕێت و دەگاتە هەولێر بە ڕێگەی (پاشا)ش ناسراوە، بەهۆی ئەوەی داریوش بەم ڕێگەیەدا ڕایکرد بۆ ئازربایجان.**

**هیرۆدۆت دەڵێت لە هەر چوار فرسەخێکی ئەم ڕێگەیە بە وێستگەیەکی پاشایی و چەندین خانی فراوان هەیە، کەوابێ (دوین)یش یەک لەم وێستگەی پاشایی، یان کاروانسەرایانەیە.**

*** میهرداد دەڵێت: هۆزی هەزبانی کە لە چەند جێگە، سەرچاوە گریکی و لاتینییەکان ناویان هێناوە، لە سەدەی یەکەمی پێش زایینەوە تا سەدەی سێیەمی دوای زایین لە ئەدیابین کە پایتەختەکەی هەولێر بوو حوکمیان گێڕاوە، لقێکی ئەم هۆزە دوای نۆ سەدە، واتە لە ساڵی ٩١٥ زایینەوە لە دوین و ئاتی باکووری ئەرمەنستانەوە تا ساڵی (١٠٧٦ز) حوکمیان گێڕاوە و بنەماڵەی ئەیووبی کە لەم هۆزەن گەڕانەوە ئەدیابین و سەلاحەدین-یش لە تکریت لە دایک بووە.**

**سەرچاوەکان:**

**١- چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە، میهردادی ئێزەدی، ئەمین شوان لە ئینگلیزی کردوویە بە کوردی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی، ٢٠٠٧.**

**٢- کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵات، د. ئەندازیار کارل میولەر، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: عەبدولمۆئمین دەشتی، سلێمانی ٢٠٠٢.**

**٣- هەولێر لە نووسراوەکانی یۆنانی و ڕۆمانیەکاندا - نوری بوترس، گۆڤاری هەولێر، ژ(١٦)، ٢٠٠٢.**

**٤- لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە ناوچەکە.**

**٥- لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە هۆزەکانی تکریت و سامەڕا.**

**٦- سوود وەرگرتنی لە چەند بابەتێکی خوالێخۆش بوو عەبدولخالق سەرسام و بەڕێز عەبدولڕەقیب یووسف.**

# فۆرمالیسمی ڕووسی

لە فارسییەوە: ئەحمەد چاک
(بۆکان)

فۆرمالیسم یەکێک لەو ڕێبازە فیکری و ڕەخنەییانە بوو کە هەوڵی دەدا ئەدەبیات لە ڕوانگەی زمانناسییەوە تاووتو بکات. لە ساڵی ۱۹۱۹ لە شاری پێتریسبۆرگی ڕووسیا ئەنجوومەنێک بەناوی (ئەنجوومەنی تۆێژینەوە لە زمانی ئەدەبیدا) (Society for the study of liter-ary language) دامەزرا، یان (ئەنجوومەنی تۆژینەوەی زمانی شیعری) (Society for investigation of Poetic) کە کورتکراوەکەی دەبێتە (Opojaz). ئەندامانی بەناوبانگی ئەو گرووپە کەسانێکی وەک (بوریس ئاخێن باوم- شیکلۆفسکی- یاکوبیسکی) بوون. هاوکات لەگەڵ ئەوانە گرووپێکی تر (1915) ئەنجوومەنی زمانەوانی مۆسکۆیان (Moscow lin-gustic circle) دامەزراندبوو. چالاکی ئەوانە زیاتر لایەنی زمانەوانی دەگرتە خۆ. ئەو دوو ئەنجوومەنە بەیەکەوە هاوکاریان هەبوو و هەردووکیان لەژێر سەردێری فۆرمالیسم پێناسە کراون.

بە بڕوای فۆرمالیستەکان ئەدەبیات تەنیا کێشەیەکی زمانییە. کەوابوو دەتوانین بڵێین کە زمانی ئەدەبی یەکێکە لە جۆرەکانی زمان و دەبێ لە ڕوانگەی زمانناسییەوە تۆژینەوەی بۆ بکرێ. ئەوان پێیان وابوو بەرهەمی ئەدەبی تەنیا فۆرمە و لەسەر ئەوە جەختیان دەکردەوە کە دەبێ بۆ تاووتوکردنی بەرهەمی ئەدەبی فۆرم گرینگ بێ نەک ناوەرۆک.

ئەوان لە بنەڕەتدا دژی دابەشکردنی بەرهەم بەدوو تەوەری فۆرم و ناوەرۆک بوون. ڕەنگە ناوەرۆک هەڵگری هەست و عاتیفە و بیرۆکە بێ، بەڵام هەموو ئەوانە لە ڕاستیدا وەک بەشێک لە ماکەکانی زمانی دێنە ئەژمار.

ئەو شتەی یارمەتی بەرهەمی ئەدەبی دەدا هەتا شکڵی ئەدەبی بەخۆیەوە بگرێ لە ڕاستیدا فۆڕمی بەرهەمی هونەری و چۆنیەتی چنینی ماکەکانی زمانییە. ئەوان

بەپێچەوانەی (فۆتۆریستەکان) کە بە هیچ شێوە ئاوڕیان وەسەر ناوەرۆک نەدەداوە، لە هەوڵی دۆزینەوەی پێوەندی نێوان فۆرم و ناوەرۆکدا بوون کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

هاوسەنگی وشەی فۆرمالیسم، یان دەستکەوتی فۆرمالیسم لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوادا قوتابخانەی (ڕەخنەی نوێ new critics)ە و لە زمانناسی گشتیدا (Synchronic)ە، بەڵام شەپۆلی هاوچەرخی ئەو زاراوەیە لە ئەوروپای ئەوکاتدا قوتابخانەی ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی دەق (explication de texte) لە فەرەنسە بوو.

دەمارگرژی ئیستالیستەکان کە لە ڕادەبەدەر هەوڵیان دەدا هەموو دیاردەیەک و لەوانە ئەدەبیات بە پێوەری ئابووری هەڵسەنگێنن، هەروەها کەسانێکی وەک «لیۆن ترۆتسکی» کە بڕوای وابوو داهێنانی هونەرمەندانە دنیای ڕاستەقینە چەواشە دەکات، یان بە جۆرێک داگۆڕان لە ڕاستەقینەدا بەدی دێنێ، بووە هۆی ئەوەی ئەو ڕێبازە هەر لە هەرەتی لاویدا لەناو بچێ و لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٣٠دا بە کۆتایی ژیانی بگات. ئەمە لە کاتێکدایە کە کەسێکی وەک «سادقی هیدایەت» لەو بڕوایەیە کە ئەدەبیات چەشنێک (transpostion)، یان داگۆڕانی ڕاستەقینەیەک بە ڕاستەقینەیەکی ترە. «شیکلۆفسکی» دەڵێ: «بەردەوام هونەر لە ڕاستەقینە دابڕاوە». بە وتەی «تۆرترۆپ فرای»: هیچ کەس متمانەی لە سەتاسەتی بە بابەتی کتێبە ئەدەبییەکان نییە.

شێوازی بەرهەمی ئەدەبی لادان لە ڕێسای باوی زمانی ڕۆژانە و بەرهەمەکانی ترە. ئەو لادانە دەتوانێ هەڵسەنگێندرێ، شی بکرێتەوە و شرۆڤە بکرێ. کاتێک لەو دوو لایەنەی خوارەوە بدرێتە بەر سەرنج:

١- بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی لە ڕواڵەتی زمانی ڕۆژانەدا (deformation)

٢- جوانکارییە ئەدەبییەکان کە دەبنە هۆی بەدیهاتنی ئاشنایی سڕینەوە لە دەقێکی ئەدەبیدا.

کەسایەتییەکانی فۆرمالیسم: figures of speech ڕۆمەن یاکوبسن:

- ڕۆمەن یاکوبسن سەرەتا ئەندامی بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ بوو. دواتر دوای ئەوەی بزووتنەوەی فۆرمالیسم لەناو دەچێ کۆچ دەکا بۆ (پراگی چیکۆسلوڤاکیا). دواتر ئەزموونی فۆرمالیستی گوازتەوە بۆ وڵاتی ئەمریکا.

زاراوە گرینگەکانی یاکوبسن بریتین لە:

١- بیردۆزی پێوەندی زمانی: (بنێر- وەرگر- پەیام- کۆد- پێوەند- تەنراو (بافت)).

٢- جێنشینی و هاونشینی (مەجاز- خوازە)...

شاعیران بە ئەنقەست دەست لە تەوەری جێنشینی و هاونشینی وەردەدەن.

### دێڤید لاج:

- دێڤید لاج: «کورتکراوەی بیردۆزی یاکوبسن ئەوەیە کە لە هەر شێوەیەک لە وتاردا بابەتێک پێوەندی دەدرێ بە بابەتێکی ترەوە. ئەو دوو بابەتە، یان لە لایەنێکەوە وەک یەکتری دەچن، یان لە پەنا یەکتری هاونشین دەکرێن.

کەوابوو بە بڕوای یاکوبسن هەموو جۆرەکانی زمان، یان بۆ لایەنی خوازەیی دەگەڕێنەوە، یان بۆ لایەنی مەجازی. بۆ وێنە ڕیالست و بەگشتی پەخشان و داستان بۆ قوتبی مەجازی و ڕۆمانیسم و بەگشتی شیعر بۆ قوتبی خوازەیی دەگەڕێتەوە».

### رینی ویلک:

- لە باشی شیعردا زیاتر جەخت لەسەر ئاهەنگ و مۆسیقی شیعر دەکات و چەمکی ئۆرکێستریشن (or-chestration) کە کارتێکەری گشتی شیعری لە ئەستۆیە لە زاراوەکانی ئەو کەسایەتییەن.

### ڤیکتۆر شیکلۆفسکی:

- (ڕاسانی وشە) بەرهەمی ئەو کەسایەتییەیە. لە بواری مێژووییەوە ئەو وتارە، (هونەر وەک جوانکاری) وەک بنچینەی فۆرمالیست دێتە ئەژمار. لە ڕوانگەی شیکلۆفسکییەوە ئەدەبیات کۆمەڵە ئامرازێکی (device) شێوازییە کە لەودا بەکار دێت و کەڵکی لێوەردەگیرێ.

وەدەرخستن (laying bare): ڕۆمان دەبێ هونەر و تەکنیکەکانی بۆ خوێنەر وەدەرخات. هەرچەند ئەو تایبەتمەندییە بە پێچەوانەی بیری سوننەتە کە پێیان وابوو هونەر دەبێ جوانی و سەناعاتی خۆی بشارێتەوە (ars celare artem) ئەو زاراوەیە وێڕای زاراوەی ئاشنایی سڕینەوە بە وتەی «ڕامان سیلدێن» لە بەدیهاتنی چەمکی بێگانەسازی «بێرتۆڵت برێشت»دا کاریگەرییان بووە. بە بڕوای شیکلۆفسکی ناوەندی کاری هونەری بەدیهێنانی

ئاڵوگۆڕ لە ڕاستەقینەدایە (deformation ofreal-ity)یان بە وتەی خۆی (making strange) «ویلیام ئیمپسۆن) شاگردی «ئی. ئی ڕیچاردز» بەبێ ئەوەی نێوی شیکلۆفسکی بێنێ دەڵێ: «هونەر دژوار دەکات» و تێگەیشتن لەو دژوارییە کێشەیەکی هونەرییە.

یەکێکی تر لە باسەکانی، باسێکە لە بارەی (plot) ناوکی چیرۆک کە بەبڕوای وی دەبێتە هۆی ئاشنایی سڕینەوە لە چیرۆکدا (dfamilization) یانی تێگەیشتن لە چیرۆک تووشی گرفتی کاتی دەکات.

میخاییل باختین بە سەرنجدان بە باسەکانی شیکلۆفسکی دەربارەی (لیکۆژی وتوویژ) چەمکی (نێوان دەقی) بنیاد دەنێ -intertextuality re) lationship)

ئەو دەقانەی کە بابەتی هاوبەشیان هەیە، لە هەموو کاتێکدا پێوەندییان هەیە، وتوویژ دەکەن. لە وتاری (هونەر بە وێنەی جوانکاری)دا شیکلۆفسکی دەڵێ: هەرچەندە ئاشنایی ئێمە لەگەڵ ئەدەبیاتی ڕابردوو زیاتر بێ، زیاتر متمانە دەکەین کە هیچ بابەت و وێنەیەک بێ پێشینە و تازە نییە، بەڵکو شێوەی دەربڕینەکەی جیاوازە. کەوابوو کێشەکە لە زماندایە یانی بەشێکی زۆری داهێنان لەشێوەی دەربڕین و بەکارهێنانی زماندایە.

کەسانێکی لە چەشنی بۆریس ئاخێن باوم، بۆریس توماشێفکی کە وتارێکی لەمەڕ عەرووزەوە هەیە، یوری تینیانۆف، ئوزیب بریک، وینۆ گرادۆف، ژیرمونسکی کەسایەتییەکانی تری فۆرمالیستن.

«بەرهەمی پێکەوە لکانی (مارکسیست- فۆرمالیست) کەسانێکی وەک ویلۆشینۆف، باختین و وینۆگرادۆفە».

**فۆرم:**

بەو کۆمەڵە ماکانەی کە بەگشتی تەنراوی (بافت) بەرهەمی ئەدەبی پێکدێنن فۆرم دەوترێ. کەوابوو (کێش، قافیە، نەبزۆک، بزۆک، برگە، شێوەکانی خەیاڵ، جوانکاری ئەدەبی، ڕوانگەی دیتن، پلات و...) هەموویان بەشێکی فۆرمی بەرهەمی ئەدەبین. بەو مەرجەی هەرکام لەوانە لە پێکهاتە، یان تەنراوی بەرهەمی ئەدەبیدا ڕۆڵی خۆیان هەبێ. هیچ ماکێکی بەرهەم نابێ زیادی بێ، یان بە وتەی ڕەخنەگران بێکار بێ. دەبێ بۆ ڕۆڵی هەرکام لەو ماکانە ئاماژە بکرێ و ئەرکی جوانیناسی ئەوان ڕوون کرێتەوە.

هەر ماکێکی ئەدەبی لە کۆی سیستمی (System) ئەرک و کردەوەیەکی لە ئەستۆیە، بەشێکە لە فۆرم. فۆرمی نوێ بۆ دەربڕینی ناوەرۆکی نوێ بەدی نایە، بەڵکو فۆرمی نوێ دێ هەتا جێنشینی فۆرمی کۆن بگرێ کە بەشێکی زۆری لە وزە و تایبەتمەندی جوانیناسی خۆی لە دەستداوە.

تینیانۆف دەڵێ: «ئاڵوگۆڕی ئەدەبیات و کێشەی مێژووی ئەدەبی لە ڕاستیدا هەر کێشەی جێنشینی فۆرمەکانە».

**تەنیا دەق:**

بەرهەمی ئەدەبی لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکانەوە سەربەخۆیە. بەتەنیا دەق دەتوانێ کێشەکانی خۆی ڕوون کاتەوە. دەبێ بزانین بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئەدەبییە و چ تایبەتمەندییەک بۆتە هۆی ئەوەی کە نووسراوەیەک ئەدەبی بێ. بەرهەمی ئەو بیردۆزییە بەدیهاتنی قوتابخانەگەلێکی لە چەشنی (ڕەخنەی نوێ، قوتابخانەی شیکاگۆ)یە کە لەوانیشدا جەخت هەر لەسەر دەقی ئەدەبییە نەک کێشەگەلی دەرەوەیی.

**لادان لە ڕێسا، یان نۆرم: (deviation from the norm)**

زمانی ئەدەبی لادان لە زمانی پێوەرە، کەوابوو شێوازی ئەدەبی دەبێ لە سۆنگەی لادان و هاتنەدەرێ لەو ڕێسایانە تاووتو بکرێ. ئەو لادانانە شیاوی وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنن. ئەو بابەتە یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانی فۆرمالیستە کە ئەورۆکە بنچینەی سەرەکی باسەکانی شێوازناسی دەگرێتەخۆ. ئەو بابەتە بە جۆرەکانی «دەنگی، وشەیی، سینتاکسی و واتایی و...» پۆلێن بەندی کراوە.

**نامۆکردن، ئاشنایی سڕینەوە:**

ئەرکی سەرەکی هونەر بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ڕاستەقینەدایە. ئەرکی زمانی ئەدەبی ئەوەیە کە خووی ئێمە لەمەڕ تێگەیشتن و هەستکردنی ئێمە بەکەڵک وەرگرتن لە شێوەی نامۆ و نائاسایی تێک بشکێنێ و هەر لەو تێک شکاندنەشدایە کە فۆرمی (form) بەرهەمی ئەدەبی زەق دەکرێتەوە و خۆیا دەبێ. زۆربەی دیاردە جوانیناسییەکان ئەورۆکە بۆ ئێمە بەهۆی

بەکارهێنانی زۆرەوە ئاسایی بوونەوە و کاریگەری خۆیان لە دەست داوە، بەڵام بەنامۆکردن دەتوانین سەرلەنوێ کەڵکیان لێوەرگرین. شیکلۆفسکی لەوبارەیەوە دەڵێ: «ئەو کەسانەی لە قەراغ دەریا دەژین گوێیان لە دەنگی دەریا نابێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دێنە ئەوێ، دەنگی زەریا ئاشکرایە». مەبەستی ئەوەیە کە زۆربەی ماکە کۆنە ئەدەبییەکان چ دیاردەی جوانی و چ عەرووزی و چ بەیانی و... بۆی هەیە ئەورۆکە بۆ ئێمە ئاسایی بووبێتەوە.

«ویلیام ئێمبسۆن» لە کتێبی حەوت جۆر ئاڵۆزی (ئیبهام)دا دەڵێ: «هونەر دژوار دەکاتەوە، تێگەیشتن لەو دژوارییە و لەنگەر گرتن لەسەر ئەوە کە سەرچاوەی چێژ و ئەزموونی جوانیناسییە».

ئەورۆکە لەبری زاراوەی نامۆکردن (defamiliarization) زاراوەی ئاشنایی سڕینەوە برەوی پەیدا کردووە. هونەر خووەکانی دەگۆڕێ و ئاشناکان نامۆ دەکاتەوە.

**شێوەکانی ئاشنایی سڕینەوە:**

١- مەجاز، خوازە، کینایە: لادانی وشەکان لە واتای سەرەکی. شیکلۆفسکی دەڵێ: «یەکێک لە شێوەکانی ئاشنایی سڕینەوە ئەوەیە نێوی شتەکان نەبەین، بەڵکو ئەوان بەجۆرێک پێناسە بکەین کە وەک ئەوە وابێ بۆ یەکەم جار دەیانبینین.

٢- جوانکاری ئەدەبی.

٣- پێناسەی سەرلەنوێ: بە گێڕانەوەیەکی نوێ، یان ئاراستەکردنی وێنەی نوێ.

٤- دەستێوەردان لە تەوەری هاونشینی: هەر جۆرە دەستکاری لە پێوەندی ئاسۆیی وشەکان پێکەوە.

**مۆسیقا:**

(ئوزیب بریک) جەخت لەسەر دووپاتەکردنەوەی دەنگەکان لە شیعردا دەکات.

(sound repetition). دواتر (ڕینەوێلک) وتی کە کارتێکەری سەرەکی شیعر لە ئەستۆی ئاهەنگەکەیەتی، یان (ئۆرکێستریشێن) (orchestration) و بە کورتی پەیامی شیعر هەر ئۆرکێستریشێنە. مۆکاروفسکی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لەنێوان شیعر و پەخشاندا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، بەڵام شیعر سیستماتیکتر و سەقامگیرتر لە پەخشانە. بەگشتی جیاوازی ئەو دووانە لە کێش و ڕادەی ئاهەنگی بوونی ئەواندایە. ئەوان هەروەها زاراوەی (euply) یانی (دەنگ خۆش)یان گەڵاڵە کرد.

**زەق کردنەوە: foregroanding:**

forefrounding بە واتای ڕواڵەت و پێشەوە بە قیاسی background بە واتای زەمینە و پشت و دواوە سازکراوە کە لێرەدا گەڵاڵەی زمانی ئاساییە. فۆرگراندینگ لادانی بەرچاو لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەیە. (هالیدیی) زمانناسی بەناوبانگ لە پێناسەی ئەو زاراوەیەدا دەڵێ: «ئەو زەق کردنەوەیەی کاریگەر بێ و خوێنەر داچڵەکێنێ». هەر بەو شێوە زمانناسێکی تر بەناوی (لیچ) زەق کردنەوە ئاوا پێناسە دەکات. (Artistically motivated deviation) یانی لادان و سەرپێچی هونەرمەندانە، لادانێک کە ئەنگیزەی هونەری تێدابێ.

لە قوتابخانەی (پراگ)دا ڕۆڵی (function)ی هونەری لە گرەوی فۆرگراندینگ دایە، چونکە بە بڕوای ئەوان زمان، ساکار و ڕەوان، یان بە ناو خودکارە و لە بنەڕەتدا سەرنجی کەس بۆ خۆی ڕاناکێشێ، هەربۆیە لە سەری لەنگەر ناگرین. فۆرگراندینگ دەبێتە هۆی ڕاوەستانی ڕەوان بوون de- automatization. یانی وشە و دەستەواژەی لە پەرتاو و نامۆ و بەرجەستە لە ڕەوتی خودکاری زماندا مەودا بەدی دێنن و بە وتەی یاکوبسن (Parazit) کەوابوو دەبێتە هۆی سەرنجی خوێنەر. لەلایەکی تریش ئەو تەمهیدانە دەبنە هۆی ئەوەی، ئەو وزە پێشبینییەی کە لە خوێنەر دایە و بێ تام بووە تاڕادەیەکی زۆر لە سستی بدات. فۆرگراندینگ گرینگترین جۆری لادان لە زمانی ئاساییە و دەبێتە هۆی ئەوەی وتار لە چنگ کلێشەبوون و دووپات بوونەوە نەجات بدات و سەرنجی خوێنەر لە (What is said) بۆ بابەت یانی (What is it said?)، یان تەکنیک و شێوەی دەربڕین و خودی زمان کە بابەتی ئەدەبیاتە ڕادەکێشێ، هەربۆیە لە ڕۆژگاری ئەورۆدا ئەو زانایانەی لە ڕوانگەی زمانناسییەوە دەڕواننە بەرهەمی ئەدەبی فۆرگراندینگ وەک بنەمای شێوازی ئەدەبی دەخەنە بەر سەرنج. لە ڕاستیدا فۆرگراندینگ یەکێک لە گرینگترین ماکەکانی پێکهاتەی ئەدەبییە چونکە:

١- لە هەموو وتارێکی ئەدەبیدا فۆراندینگ بەرچاو ناکەوێ.

٢- هەمیشه لادان فۆرگراندینگ نییه.

٣- باسی فۆرگراندینگ هەر بۆ شیعر و بەشی زمان نییه و جاری واش هەیه لە چیرۆکیشدا لە بواری بابەت و کەسایەتی و توخمی داستانییەوە دەکرێ بە شوێن فۆرگراندینگ بگەڕێین.

بە وتەی لیچ فۆرگراندینگ بە دوو شێوە دێتەدی.

١- لادان لە ڕێسا (deviation): لە ئاستی دەنگ، وشە، سینتاکس، واتایی و... و زۆرجار لە بواری بەدیعی واتایی و شیعردا.

٢- زیادکردنی ڕێسا (extra regularity): کە زۆربەی کات لە بواری بەدیعی لەفزی دایە و نەزم (بە واتا نەریتییەکەی) ساز دەکات. لە ڕاستیدا زۆرجار ڕێساگەلێک بەسەر زمانی ئاسایی ئاخافتنیدا زیاد دەکات. «زمان ڕێسا وەردەگرێ».

**چەند خاڵی جێی سەرنج:**

أ- نیشاندانی فۆرگراندینگ لەسەر بنەمای زمانی ئاخافتنی ئەوڕۆیە و زمانی کۆن بۆ ئێمە بە شێوەی خودکار فۆرگراندینگە.

ب- زۆرجار بەشێوەی ئاگایانە و جاری واش هەیە شێوەی نائاگایانە بەکاردێت. بابەتی یەکەم بۆ شاعیرانی بە ئەزموونە و بابەتی دووەم بۆ شاعیرانی پلە دوو و بێ ئەزموونە.

ج- بەشێوەی سەڵت و یەکجاری فۆرگراندینگ ناتوانێ وەک بنەمای شێوازی ئەدەبی بناسرێ، چونکە هێندێک لە شاکارە ئەدەبییەکان ئەو تایبەتمەندییەیان نییە.

د- هەموو لادانێک فۆرگراندینگ نییە.

هـ- فۆرگراندینگ لە بواری واتاشەوە بوونی هەیە.

**ئەدەبییەت: literariness/ Poeticalness**

کاتێک دوو دەقی ئەدەبی و نائەدەبی بەیەکەوە هەڵدەسەنگێنین، جیاوازی ئەو دووانە دەتوانرێ وەک (ئەدەبییەت) پێناسە بکرێت. دیاری کردنی ئەدەبییەتی دەق بەسەرنجدان بە زانستی ئەدەبی مەیسەر دەبێ. بە بڕوای تینیانۆف ئەدەبیات کاتێک زانستەکە بابەتی بەرباسی ئەدەبییەتی کەلام بێ. یاکوبسن دەڵێ: «بابەتی ئەدەبیات باس لە ئەدەبی بوونی دەقەکەیە».

**زانستی ئەدەبی:**

بابەتەکانی زانستی ئەدەبیات جۆراوجۆرە و بەستێنەکەی لە ڕەوانبێژییەوە هەتا شێواز و ڕەخنەی ئەدەبی و جۆرەکانی ئەدەبی دەگرێتە خۆ.

**چیرۆک و ناوکی چیرۆک:**

أ- چیرۆک تێگەیشتنی گشتییە، بە نیسبەت هەموو گێڕانەوە چ ئەو ڕووداوانەی باسیان لێوە دەکرێ چ ئەوانەی باسیان لێوە ناکرێ، بەڵام ناوکی چیرۆک ئەو بەشەیە کە نووسەر هەڵیبژاردووە و دەیگێڕێتەوە. مەودای کاتی زۆری هەیە کە دەبێ بەهۆی خوێنەرەوە پڕ بکرێتەوە و ڕووداوەکان بەیەکەوە گرێ داتەوە.

ب- خوێنەر لە ناوکی چیرۆکەوە دەچێ بۆ لای چیرۆک و لێی تێدەگا.

داستان لە زەیندایە و لە ناخدا هەڵگرە، بەڵام ناوکی چیرۆک عەینییە و بە کردەوە گێڕدراوەتەوە.

ج- ناوکی داستانی ماکێکە بۆ تۆێژینەوە و بیچم گرتنی چیرۆک، کەوابوو دەکرێ ناوکی چیرۆکەکان پۆلێنبەندی بکرێن، چونکە لە ئارادان، بەڵام خودی چیرۆکەکان پۆلێنبەندی ناکرێن، چونکە بە هەزاران شێوە بوونیان هەیە.

د- ناوک لێکدانەوەی درێژەی ڕووداوەکانە، داستان بەسەرهاتی ئینتزاعیيە (داماڵراوی).

هـ- ناوک لایەنی ئەدەبییە و چیرۆک هەوێن و ماکی لەگەڵ دەرنەهاتوو.

و- لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکانەوە ناوکی چیرۆک دەبێ وێڕای ئاشنایی سڕینەوە بێ. تۆماشێفسکی بە چکۆلەترین بەشی ناوکی داستانی دەڵێ «موتیڤ» بە بڕوای ئەو دوو جۆرە موتیف هەیە:

١- موتیڤی ئازاد (free): بۆ داستان پێویست نییە، بەڵکو لایەنی ئەدەبی و هونەری چیرۆک بەدەستەوە دەدا.

٢- موتیڤی پێوەندیدار (bound): بۆ چیرۆک پێویستە.

**سەرچاوە:**

**کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی، سیرووس شەمیسا، بەشی فۆرمالیسم.**

# عەبدوڵڵا جەوهەر، نووسەرێک لە پەراوێزدا

ئارام سدیق
(سلێمانی)

**سەرەتا**

ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی ئەدەب و ڕووناکبیری کوردی بکەین، دەیان شاعیر و نووسەری پەراوێزخراو و دووره پەرێز دەدۆزینەوە، کە زۆرجار شیعر و چیرۆک و نووسینەکانیان لە شیعر و چیرۆک و نووسینی زۆر لەو کەسانەی تر باشتر و بەپێزترە، کە ناوبانگێکی گەورەیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە، یان لە هەوڵی پەیداکردنیدان. هاوکات زۆرجار دەبینین بەهۆی ئەوەی ئەو نووسەر و شاعیرە، هەڵپەی خۆدەرخستن و چاپکردنی بابەتەکانی نییە ئیتر لە سووچی پەراوێزخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا دەمێنێتەوە و هیچ بڵاوکراوە و نووسەرێک ئاوڕی جیدی لێناداتەوە. پێدەچێت لەنێو هیچ گەل و نەتەوەیەکدا هێندەی گەلی ئێمە خەمساردی بەرانبەر بەرهەمی نووسەران و شاعیران نەبینرێتەوە، چونکە تا ئێستاش وەکو سامانێکی فەرهەنگی گرنگ سەیری بەرهەمی شاعیران و نووسەران ناکرێت، بۆیە دەبینین تا ئێستاش دیوانی چەندین شاعیری کلاسیکی کوردی ساغ نەکراونەتەوە و چاپ نەکراون و هەوڵەکانیش بۆ چاپ کردنیان، یان هەر دیار نین، یان زۆر لاوازن و جێی دڵخۆشی نین، ئەمە بێجگە لەوەی کە نووسین و چیرۆکی دەیان نووسەر و ڕۆشنبیری تر هەر لە پەراگەندەییدا ماوەتەوە و چاپ و بڵاونەکراونەتەوە.

یەکێک لەو نووسەر و چیرۆکنووسانەی لەو نێوانەدا وەک نووسەرێکی پەراوێزکەوتوو دەیبینین (عەبدوڵڵا جەوهەر)ە، کە زۆرجار بەناوی (ع. چالاک)یشەوە بابەتەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردووەتەوە. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین چەند لایەنێکی نووسینەکانی ئەم نووسەرە پەراوێزخراوە بخەینەڕوو، کە ساڵانێکی زۆرە



عەبدوڵڵا جەوهەر

کـەس هەر ناویشی ناهێنێت، لەکـاتێکدا سـاڵانێک بە نووسـینەکـانی خـزمـەتێکی زۆری بزاڤی ڕۆشنبـیـری و ڕۆژنامەوانی کوردی کردووە.

## عەبدوڵڵا جەوهەر و چیرۆک

چیـرۆکی کـوردی لە سـەرەتای چلەکـانی سـەدەی ڕابردوودا لە دۆخێکی زۆر هەژاردا بووە و ئەگەر گۆڤاری گـەلاوێژ نەبوایە ڕەنگە نەیتـوانیـایە هەنگاوی بەرەو پێشچوون هەڵبنێت. گۆڤاری گەلاوێژ بە دوو شێوە توانی چیـرۆکی کـوردی بەرەو پێشـەوە ببـات، یەکـەمـیـان بە وەرگێڕانی بەرهەمی چیرۆکنووسانی جیهـانی، کە ئەمە کـاریگەرییـەکی زۆر باش و دیاری لەسـەر دنیـابینی و ڕوانیـنی چیـرۆکنووسـانی کـورد هەبوو، دووەمـیـشـیـان بڵاوکـردنەوەی بەرهەمی کـورد بـوو، کـە گـرنگی تایبـەتی پێدەدرا.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەو چیرۆکە کوردییانە بکەین، کە لە گەلاوێژدا بڵاوبوونەتەوە، دەبینین بەشێکی زۆریان ئاستی هونەرییان لاوازە و گێڕانەوەکانیـان، گێڕانەوەی زۆر سـادەن، بەڵام بە لەبەرچاوگـرتنی تەمـەنی چیـرۆکی کوردی لەو سەردەمەدا دەتوانین بڵێین هەموو سەرەتایەک بەو شێوەیە دەست پێدەکات و ناکرێت بڵێین نەدەبوو ئەم گۆڤارە ئەو چیرۆکانە بڵاوبکاتەوە.

یەکـێک لەو نووسـەرانەی کـە لە گـۆڤـاری گـەلاوێژدا چیرۆکی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە (عەبدوڵڵا جەوهەر)ە. ئەم نووسەرە ئەگەرچی چیرۆکەکانی لە ڕووی هونەرییەوە وەک زۆرێک لە چیرۆکەکانی ئەو سەردەمە لە ئاستێکی لاوازدایە، بەڵام هەوڵی تایبـەتین لە بواری هونەری گێڕانەوەدا، کە تا ئەوکات لای ئێمە بە بایەخەوە تەماشا نەکـرابوو. بۆ ئەوەی زیاتر لە دنیـای چیـرۆک و دنیابینییەکانی ئەم نووسەرە نزیک بینەوە، لێرەدا باس لە سێ چیـرۆکی ئەم نووسـەرە دەکـەین، کـە ئەوانیش چیـرۆکـەکـانی (ناڵەی هەژارێک) کـە لە ژمـارە (٩ و ١٠)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری گەلاوێژدا لە (١٩٤٢)دا بڵاوبۆتەوە، هەروەها چیرۆکی (من و یارم) کە ئەویش لە ژمـارەی دواتردا بڵاوبـۆتەوە و هاوکـات چیـرۆکی (چوار هەژار)یش لە ژمـارە (٦)ی سـاڵی (٦)ی حـوزەیرانی (١٩٥٤)دا بڵاوبۆتەوە.

هەردوو چیرۆکی (ناڵەی هەژارێک و چوار هەژار) باس لە دەردی هەژاری و دەست کورتی دەکات و نووسەر وەک دەردێکی هەنووکـەیی نێـو کـۆمـەڵگەی کـوردی دەیناسێنێت. چیرۆکی (ناڵەی هەژارێک) بە وەسفێکی ئێوارە دەست پێدەکات کە زیاتر زمانێکی شیعرییە کە بەم شـێوەیەیە (ڕۆژێک سەر لە ئێوارەی زەردەپەڕ لەگەڵ شنەی شـەمـاڵا، بەسـەر تارای ئاڵو واڵای خـاکـا...) چیرۆکەکە باس لە کچێکی هەژار دەکات، کە کۆمەڵگە ئاوڕی لێناداتەوە و پەراوێزی خسـتـووە و کـۆمـەڵگە لە ئاست ئەم جۆرە مـرۆڤـە نەدارانەدا کـوێرە. چیـرۆکـەکـە بە تووڕەیی نووسەر لە کۆمەڵگە کۆتایی دێت، کە لە چەرخی بیستەمدا هاوخوێنەکانی یەکتری لە برساندا بمرن و ئاوڕ لە یەکدی نەدەنەوە. هاوکات چیرۆکی (چوار هەژار)یش، باس لە خانەوادەیەکی هەژاری شاری سلێمانی دەکات کە لە (دوو کـوڕ و کـچـێک و دایکیـان) پێکهـاتووە و لە شـەوێکی تۆفی زسـتـاندا خانووە کـۆنەکـەیان بەسـەریاندا دەڕووخێت و هەر چواریان پێکەوە گیـان دەسپێرن. پاش خوێندنەوەی ئەم دوو چیرۆکە دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکانە هەوڵـی نووسـەرن بۆ خـسـتنەڕووی ئەو ناعـەدالەتیـیـەی لەنێـو هەردوو چینی هەژار و دەوڵەمـەندی ئەو کـاتی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە و نووسەر وەک فۆتۆگرافێک

واقیعی حاڵی ئەو سەردەمەی گێڕاوەتەوە.

هەرچی چیرۆکی (من و یارم)ە، ئەم چیرۆکەش باس لە هەناسەکانی گەنجێک دەکات، کە چۆن عاشقی کچێک بووە. چیرۆکەکە زیاتر لە پەخشانەوە نزیکە تا گێڕانەوەیەکی هونەری، بەڵام وەک لە سەرەتاشدا خستمەڕوو ئەم هەوڵانە بناغەی هونەری چیرۆکی ئەمڕۆن و ناکرێت بە چاوی کەم سەیریان بکەین.

بەگشتی دەتوانین لە پاش خوێندنەوەی ئەم سێ چیرۆکە ئەوە بخەینەڕوو، کە چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا جەوهەر)، ئەگەرچی لە ڕووی هونەری گێڕانەوە و تەکنیکەکانی چیرۆکەوە لە ئاستێکی نزمدان، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە خاوەنی ناوەڕۆکێکی تۆکمەن، کە دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی دەخەنە ڕوو، بۆیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بایەخێکی گرنگیان هەیە.

### وتارە کۆمەڵایەتییەکانی عەبدوڵڵا جەوهەر

لەگەڵ ئەوەی ئەم نووسەرە چیرۆکی نووسیوە هاوکات بەشێکی گرنگی نووسینەکانی (عەبدوڵڵا جەوهەر) وتارە کۆمەڵایەتییەکانیەتی، کە ئەوانیش وەکو چیرۆکەکانی هەم گێڕانەوەی واقیعی حاڵی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردین، هەم هەوڵێکی سەرەتایین بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو دەردە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگە بە دەستیەوە ناڵاندوویانە.

لێرەدا بۆ قسەکردن لەسەر وتارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم نووسەرە نموونەی وتاری (ژنی ئازاد) دەهێنینەوە، کە لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی (٤)ی تەمووزی (١٩٤٣)دا بڵاوبۆتەوە. لەم وتارەدا نووسەر تیشکی خستۆتە سەر ئەو کۆتوبەندانەی کە بۆ ئازادبوونی ژن لەلایەن کۆمەڵگەوە دروست دەکرێت و هاوکات ئەو تێگەیشتنە باو و هەڵانەی کۆمەڵگە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و ئاستەنگ بۆ ئازادی ژن دروست دەکەن. نووسەر ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ناکرێت پیاو و ژن بخرێنە یەک تای تەرازووەوە، چونکە ئافرەت خاوەنی تایبەتمەندی جەستەیی عەقڵی خۆیەتی، بەڵام ناشکرێت بڵێین ژن ناتوانێت دەستگیرۆیی پیاو بکات و یارمەتی بدات. نووسەر ئەوەش دەخاتەڕوو کە بۆ سەلماندنی ئەوەی ژن توانای وەک توانای پیاوانە، دەکرێت سەیری ڕابردوو بکرێت، کە چۆن لە کار و فرماندا هاوکاری پیاو بوون. لە هەمان وتاردا نووسەر تەمەنای ئەوە دەکات کە خۆزگە کەسوکاری کچەکانی ئێمەش لاساییکردنەوەی سەربەستی کچانی گەلە پێشکەوتووەکانیان فەرامۆش نەکردایە و نیوەی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتیان ڕەنجەڕۆ نەکردایە. ئەگەرچی لەم وتارەشدا هەست بە سادەیی دەربڕین و دیدگاکانی نووسەر دەکەین، بەڵام ناوەڕۆکی وتارەکە و پەیامەکەی بەسن بۆ ئەوەی بڵێین ئەم نووسەرە وەک نووسەرێکی ئازادیخواز و خاوەن باوەڕ بە مافەکانی ژن بناسین و دەتوانین وەک هەوڵێکی تایبەتمەندی ئەم نووسەرە لە بواری نووسینی وتاری کۆمەڵایەتیدا سەیری بکەین، کە بێ گومان بۆ ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕۆژنامەوانی کوردی لەو سەردەمەدا پێویستی زۆری بەو جۆرە وتارانە هەبووە، چونکە زۆر کەم بوون ئەو نووسەرانەی وتاری کۆمەڵایەتییان نووسیوە، بۆیە دیسان بایەخی نووسینەکانی عەبدوڵڵا جەوهەر لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە لەو سەردەمەدا هەوڵی نووسینی وتاری کۆمەڵایەتی داوە تا لە ڕێیەوە هۆشیاری لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاوبکاتەوە.

### عەبدوڵڵا جەوهەر و قوتابخانە

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە پێویستە لەم نووسینەدا فەرامۆشی نەکەین، ئەو وتارانەی (عەبدوڵڵا جەوهەر)ە، کە تایبەتن بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و هاندانیان بۆ خوێندن و باسکردنی گرنگی قوتابخانە و کاریگەری لەسەر پێشخستنی کۆمەڵگە. لێرەدا بۆ زیاتر وردبوونەوە لە مەبەستی ئەم بەشە نموونەی وتارێکی نووسەر دەهێنینەوە، کە ئەویش وتاری (قوتابی و قوتابخانە)یە، کە لە ژمارە (٣ و ٤)ی ساڵی (٣)ی مارت و نیسانی (١٩٤٢)دا بڵاوبۆتەوە.

لە وتاری (قوتابی و قوتابخانە)دا نووسەر باس لەو پێشکەوتنانە دەکات، کە بەهۆی قوتابخانەوە هاتوونەتە دی و نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە لە ساڵانی پێشوودا گەیاندنی هەواڵێک، یان ناردنی نامەیەک بۆ شوێنێک چەندین ڕۆژ و شەوی پێویست بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی تەلەفۆن و تەلەگراف و ڕادیۆوە تۆڵەی هەزاران ساڵی بۆ کردووینەتەوە و زەمینیان پێ کردۆتە ماڵێک. ئەگەر بە

تەنیا لەم پەرەگرافە وردبینەوە دەبینین نووسەر لەو کاتەدا (واتە ساڵی ١٩٤٢ کە ساڵی بڵاوبوونەوەی وتارەکەیە) هەستی بە جیهانگیری و پێشکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی تەکنۆلۆژیا کردووە، کە چۆن کاریگەری لەسەر بچووکردنەوەی دنیا دەبێت نەک بۆ گوندێک، بەڵکو بۆ ماڵێک.

لە بەشێکی تری هەمان وتاردا پاش خستنەڕووی ئەو پێشەکییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئەوەی پێویستە قوتابخانە بکەینەوە و ژمارەیان زیاد بکەین، بەڵام دەبێت بزانین بۆچی و بە چ مەرامێک منداڵەکانمان دەنێرینە قوتابخانە و پێویستە بۆ مەرامی خزمەتکردن و پێشخستنی وڵات بێت. هاوکات باسی لەو جیاوازییە چینایەتییەش کردووە، کە زۆرێک لە منداڵە هەژارەکان بەهۆی دەستکورتییەوە ناتوانن بخوێنن، بۆیە ڕوو لە دەوڵەمەندان دەکات، کە یارمەتی منداڵە هەژارەکان بدەن بۆ ئەوەی بخوێنن و درێژە بە خوێندن بدەن.

ئەگەر بە وردی سەیری دیدگاکانی ئەم نووسەرە بکەین لە مەڕ خوێندن و گرنگی قوتابخانە، بۆچوونەکانی ئەم نووسەرەش لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەریەک لە (ئەحمەد موختار جاف و بێکەس و قانیع) لەو سەردەمەدا بانگەشەیان بۆ دەکرد و دەکرێت ئەم وتارەش وەکو پشتگیرییەک لەو هەوڵە دەستەجەمعییەی نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەو کات بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی و لە گرنگیدان بە خوێندن و قوتابخانە بنرخێنرێت.

### بەر لە کۆتایی

ئەگەرچی بەشێک لە دیدگە و نووسینەکانی (عەبدوڵڵا جەوهەر) ڕەنگە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا زۆر نوێ نەبن و هەندێک لە گرنگیان لە دەستدا بێت، بەڵام بۆ کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دیدگەگەلی گرنگ و بە سوود بوون و لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی ئێمە هەر هێندەی توانا بووە کە بەو زمانە سادەیە لەگەڵیدا بدوێیت. بێ گومان ئەمەش لە توانا و گرنگی دیدگەکانی ئەم نووسەرە کەم ناکاتەوە و پێویستە بە بایەخەوە لێی بدوێین و هەوڵی ئەوە بدرێت برەخسێنرێت وتارەکانی کۆ بکرێنەوە و توێژینەوەی جۆراوجۆریان لە بارەوە بکرێت تا چیتر ئەم نووسەرە و چیرۆکنووسە پەراوێزخراوە لە پەراوێزدا نەمێنێتەوە.(*)

**(*) هەرچەندە بەندە لە پێش ڕاپەڕین و هەر دوای کۆچی دوایی مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر وتارێکم بە زمانی عەرەبی لەبارەیەوە نووسی و بەناوی: (الأستاذ عبدالله جوهر.. الأنسان والأديب) بڵاوم کردەوە، هەروەها لە باخچەی یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی لە ساڵیادی کۆچی دوایی عەبدوڵڵا جەوهەر لەگەڵ (ئومێد ئاشنا) کۆڕێکمان بۆ سازدا، هەر ئەو ساڵە لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک ماوەی سەعاتێک جارێکی دیکە یادم کردەوە، لە پاش ڕاپەڕینیش لە تەلەڤزیۆنی کوردستان - کەناڵی سلێمانی لە ماوەی سەعاتێکدا جارێکی دیکە یادم کردەوە، بەڵام پێم وایە هێشتا هیچمان بۆ ئەو نووسەرە پێشەنگە نەکردووە، چونکە ئەو پیاوە کوردپەروەر و نووسەرە بە هەڵوێستە زۆر هاوڕێی من و مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی بوو، بەرپرسیارەتی کۆکردنەوەی نووسینە پەرشوبڵاوەکانی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ئێمەوە، هیوادارم لە دەرفەتێکی نزیکدا ئەو کارە بکەم، کە زۆرم لێ بەجێ گەیاندووە و کەمی ماوە بڵاوی بکەمەوە.**

**«سەرنووسەر»**

# کتێبا جەلوە و مەسحەفا ڕەش «کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکان»

ئاسۆس محەمەد قادر
(ئەڵمانیا)

پەڕتووکی جەلوە، یان هەروەک لە ناو ئوولی ئێزدییەکان و سەرچاوەکانیشدا بە «کتێبی جەلوە» ناسراوە، بریتییە لە کتێبێکی پیرۆزی ئوولی ئێزدییەکان.

گۆهارتۆ هەرە کۆنەکانی ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار بە شێوەی نووسراو لە کۆتایی ساڵانی ١٨٨٠دا لەگەڵ دەقەکانی مەسحەفا ڕەش دۆزرانەوە. دەقە هەرە کۆنەکانی ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی تۆمارکراون، نەک بە شێوەزاری کرمانجی کوردی، کە بریتییە لە زمانی زگماکی کوردە ئێزدییەکان. ئەم دوو کتێبە خۆیان لە کورتە دەقی کۆکراوەدا دەبیننەوە و جێگەی بایەخی ئێزدییەکانن و بە پیرۆزیان دادەنێن.

لە ساڵی ١٨٨٠دا ئەناستاز ئێن. سیوفی فەڕەنسی توانی گفتوگۆیەک لەگەڵ بابە شێخی پێشەوای ئوولی ئێزدییەکاندا ئەنجام بدات و لە زاری ئەوەوە ببیستێت کە کۆمەڵگەی ئوولەوەری ئێزدی دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە و بە عەرەبی نووسراون و ناویان «کتێبا جەلوە و مەسحەفا ڕەش»ن. لە ڕاستیدا هەندێک لە توێژەران پێیان وایە مەسحەفا ڕەش تەنیا ڕاڤەیەکی کتێبا جەلوەیە.

ئەگەر باشتر لە پرسەکە وردببینەوە، ئەوە بەشێوەیەکی خۆیا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە مەسحەفا ڕەش تەنیا ناوێکی کۆگیری کتێبێکی پیرۆزە.

هەرچی کتێبا جەلوەیە، ئەوە لە مەسحەفا ڕەش کۆنترە و ئیبن تەیمییەی حەنبەلی بە «کتاب الجلوه لارباب القلوه» ناوی دەبات و خاوەنەکەی بە حەسەنی کوڕی عادی- عەدی (١٢٤٦) دادەنێت (ئیبن تەیمییە، ب. ١، ل. ٢٦٢-٣١٧)، ئەم حەسەنەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا پێشەوایەکی ئوولی ئێزدییەکان بووە، کاریگەری ڕاستەوخۆی سۆفیەتی بەسەرەوە بووە. هەرچی کتێبا جەلوەیە بەم شێوەیەی هەنووکە هەیە بریتییە لە گێڕانەوەی قسەکانی مەلەک طاوس «طاوسێ مەلە» ئەمەش گومانی ئەوەمان لا دروست دەکات کە کتێبی ناوبراو بەم شێوەیەی لەبەردەستی ئێمەدایە کاری حەسەنی کوردی عادی بێت.

گەر بپەرژێینە سەر مێژووی توێژینەوەی ئەم کتێبانە، ئەوە دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت و بپرسین: ئایا مێژووی دەرکەوتنی ئەم دەقانە لە چ کاتێکەوە دەست پێدەکات و لە ڕێگەی چ دەستێکەوە گەیشتوونەتە وڵاتانی ڕۆژئاوا؟ کەوابوو سەربوردەکەمان بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی هەنووکە لەبەردەستدان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات، کاتێک لەسەروبەندی سەدەی ناوبراودا شەش- حەوت دەستنووسی کتێبی ناوبراو گەیشتنە وڵاتانی ڕۆژئاوا، توێژەران ئەمەیان بەلاوە وەک مەتەڵێک وابوو و گەلێک بە تەنگ ئەوەوە بوون کە ئەم مەتەڵە هەڵبهێنن، ئەوەبوو دواتر بۆیان دەرکەوت ئەم کارە لەبن سەری کۆنە قەشەیەکی مەسیحیدایە بەناوی ئەرمینا شەمیر، کە پیشەی کڕین و فرۆشتنی کتێب بوو و بژێوی ژیانی لەم سەرچاوەیەوە بەدەست دەکەوت.

لە ساڵی ١٨٩١دا بۆ یەکەم جار وەرگێڕانێکی وشەیی بڕگەکانی «کتێبی جەلوە و مەسحەفا ڕەش» بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەم وەرگێڕانە وشەییە بێ نووسەر بوو، کەچی واپێدەچێ هی (ئا ئێن ئەندرۆس) بێت. لەساڵی ١٨٩٥دا ئێدوارد براون وەرگێڕانێکی سەرلەبەری دەقەکانی بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٠٩دا ئیسیا جۆزێف دەقە عەرەبی زمانەکەی هەردووک کتێبی «کتێبی جەلوە و مەسحەفا ڕەش»ی شان بەشانی وەرگێڕانێکی ئینگلیزی بڵاوکردەوە.

لەساڵی ١٩١١دا (Pere Anastase Marie de saint Elie) پێی وابوو سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێناوە و توانیویەتی دەقە نووسراوەکانی کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکان بە کوردی بدۆزێتەوە.

ئەم دەقەی قەشە ئەناستاز دەستی کەوتبوو بە ئەلف و بێیەکی نەناسراو نووسرابوو لە ئەلف و بێ ناسراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدەچوو، هەروەها سەیر لەوەدابوو ئەم ئەلف و بێیە جۆرە تایبەتمەندییەکی توندکردنی دەنگی پیتە نەبزوێنەکانی زمانی عەرەبییان تێدابوو، نەک وەک ئەو پیتە نەبزوێنانەی لە زمانی کوردیدا دەردەکەون.


قەشە ئەناستاز ئەم نووسینانەی پێشانی ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی ماکسی میلیان بیتنەر دا و ئەویش لە ساڵی ١٩١٣دا هەم دەقەکانی بڵاوکردەوە و هەم وەریشی گێڕانە سەر زمانی ئەڵمانی و چەند سەرنجێکیشی لە بارەی دەقەکان و ئوولی ئێزدییەوە نووسی، کە لە چەندین خاڵدا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنن و لایەنی نازانستییان تێدا باوە.

هەرچەندە ماکسی میلیان بیتنەر توێژینەوەکانی ئۆسکارمانی لە بارەی شێوەزاری موکریانییەوە بەچنگ کەوتبوو، بەڵام ئەو نووسینانەی لە کتێبی جەلوە و مەسحەفا ڕەشدا بەکارهاتبوون، بە تێڕوانینی ئەو لە شێوەکانی دیکەی کوردی نەدەچوون، بۆیە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە دەقەکانی ئەم کتێبانە ڕاست بن، ئەمەش کەم شارەزایی ماکسی میلیان بیتنەر لە زمانی کوردیدا دەردەخات.

چەند ساڵێک دواتر ئەلفۆنسە ئێم. ئنگەنە تێڕوانینەکەی بیتنەری لەمەڕ ڕاستی و بێ فڕوفێڵی دەقەکانەوە خستە ژێر پرسیارەوە و چەندین پاساوی ژانری لەم ڕوانگەیەوە خستە ڕوو، کە ئەم نووسینانە تایبەتمەندی دەستنووسێکی کۆنیان تێدا نییە و لەم سۆنگەیەشەوە ئەوەی هەڵهێنجا، کە ئەرمیا شەمیری کۆنە قەشە خۆی ئەم دەقانەی هەڵبەستووە.

دواجار (cecil John Edmond) بۆی دەرکەوت کە کوردیی ئەم دەقانە کرمانجی نییە، بەڵکو بریتییە لە شێوەزاری سۆرانی (ڕاستتر: کرمانجی ناوەڕاست) ناوچەی هەولێر.

لە کۆتاییدا دەکرێت قسەکانی تاوس مەلەک وەک ستووڤێک بخرێنە بەرچاو کە دەڵێت: «ئەز بەبێ نووسین فێر دەکەم»
(Gest 1993, P.209).



**سەرنج: بۆ نووسینی ئەم وتارە نووسەرەکەی پشتی بە چەند سەرچاوەیەکی ئەڵمانی بەستووە کە نزیکەی (٣١) دێرە، لەبەر هۆکارێکی تەکنیکی ئەو سەرچاوە ئەڵمانیاییەمان لابرد.**
**(ڕامان)**

# ماغوت جۆرێکی تری شیعر

سەنگەر قوباد
(کەرکوک)

دەشێ مرۆڤ هەموو کاتێک فریای ناسینی شاسوارەکان نەکەوێ، بەڵام خوێنەری شیعر دەبێ بە محەمەد ماغوت ئاشنا بێت، ئەو بە تەنیا شاعیری عەرەب نەبوو، چونکە کاریگەری لەسەر زۆر لە رۆشنبیرانی جیهان بەجێ هێشت، باشترین ئاماژە ئەم رستە شیعرییەیەتی: (ئاخ چەند دەمەوێ بەندەیەکی راستەقینەبم، بەبێ خۆشەویستی و نیشتیمان)، سەرباری ئەوەیش وتوویەتی: (من رستەیەکی خۆتێهەڵقورتاوی نێو رۆشنبیری عەرەبیم).

محەمەد ماغوتی شاعیر و شانۆنوسی سووریایی، یەکێکە لە گەورە شاعیرانی عەرەب و جیهان، لەم بابەتەدا وەک شاعیرێک رۆشنایی دەخەینە سەر، نەک شانۆنووس. بۆ ئاگاداربوونمان لە بەرایی پرۆسە شیعرییەکەی دەبێ بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو بگەرێینەوە، کاتێک بەهۆی پێوەندی بە حزبی نەتەوەیی سووریەوە زیندانی کرا، بەبێ ئەوەی ئامادەی تەنیا کۆبوونەوەیەکی حزبەکە بێت، یان دوو لاپەڕەی مەبدەئی بخوێنێتەوە، یان هیچ چالاکییەکی بۆ ئەنجام بدات. هۆکاری دەرچوونەکەیشی بەرسڤی پرسیارێک بوو: (یانی چی کەشتییەکی ئەنیقی بتوانێت ئۆقیانووسەکان تێپەڕێنێت، من نەتوانم پەرژینێکی دوو مەتری ببڕم؟).

ئەگەر راستگۆییەکەی بۆماوە بێت، ئەوە ئەزموونی گرتووخانەی کە لە نۆ مانگی ساڵی ١٩٥٥ و سێ مانگی ساڵی ١٩٦١ تێپەڕی نەکرد، بۆ هەمیشە ئەشکەنجە و ترسی تێدا بەجێ هێشت، وەک خۆی دەڵێت: (کاتێک زەنگی دەرگە و تەلەفۆنەکەم دەبیستم، هەست بە ترسێکی زۆر دەکەم، دۆش دادەمێنم). هەرچەندە گرتووخانە ترسێکی لەپاش بەجێ هێشت، هاوکات بەرایی پرۆسەی شیعریشی بوو. نەیدەزانی ئەوەی دەینووسێ شیعرە، ئازارەکانی دەنووسییەوە، پاش دەرچوونی لە گرتووخانە کاغەزەکانی خستە بەردەم ئەدۆنیس و بە ئەرێ بەرسڤی دایەوە و وتی: ئەمە شیعرە! دواتر کۆمەڵەی گۆڤاری شیعر نووسینەکانی ماغوتیان



**ماغوت**

خوێندەوە و شڵەژان، دەیانویست خاوەن ئەو دێرە نوێیانە ئاشکرا بکەن کە لە شیعری باو ناچن. پاش پەنجاکانی سەدەی بیستەم، ماغوت شیعری عەرەبی بە نوقمبووی نێو دەریای مەتەڵی گفتوگۆ لەسەر بوون و نەبوون ناوزەد کرد کە هەندێک لە ڕەخنەگرانی عەرەب پێیان وایە گشتاندنێکی ستەمکارانەیە، چونکە ڕەتکردنەوەی سەیاب و بەیاتی و عەبدولسەبوور و حیجازی و ئەوانی تره.

شیعری ماغوت زیاتر لە بارەی ئەسپی زیندان و پێی بەردینی زیندانییەکان و تابووت و گۆڕەپانی لە سێدارەدانەوە دەدوێ، هەروەک چۆن باس لە خەونی کوژاوە دەکات. ئەو قەسیدەی پەخشان بە پێویستییەکی تەندروست بۆ سڕینەوەی دیکتاتۆرییەتی شیعری کلاسیک دەزانێ و کێش و سەروا بەجۆرێک لە ئاژەڵی کێوی لێک دەداتەوە.. دیدگەیەکی دی جیهانییە لەنێو جەنجاڵی زەردهەڵگەڕاو بە لاسایی و لاساری و سەمای وشە.

بێ دەنگی داهێنان، بەهانە نییە و شاعیر باوەشێنێکی ڕۆژانەیە کە هەزاران لاپەڕەی خوێنینی ژیانمان وشک دەکاتەوە، ماغوتیش بە درێژایی ژیانی هیچ کارێکی نەکردووە، جگە لە نووسین، چەشنی زیندانییەک، کە بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ژوورەکەیدا تونێلێک هەڵدرێ، دواتر بۆی دەرکەوێت کە تونێلەکەی بۆ زیندانێکی تری دەبات.

ئەو گشت جارێک لە نووسینی هەر شیعرێکیدا پەرجووی دەخوڵقاند. لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوەی ترسەوە دەڵێ: (بووە بە پیشەم، کەسراویم و هەرگیز خۆشیم لە ژین نەبینی، من پیاوی تاریکیم.. هەمیشە گۆشەگیر و دوورەپەرێزم). خەم جەوهەری ئەفراندن و پێشکەوتنە، تەنانەت لە کۆمیدیای بەهیبەتیشدا، ئەگەر جەوهەری خەم نەبێ، گاڵتەجاڕییە.

زمانی ماغوت تێر بوو لە وێنەی نوێ و ئەکتیڤ و بوێری و بەهێزی گوزارشت. وێنەی ڕووکەشی شیعرەکانی پێکهاتەیەکی چاوەڕواننەکراون بۆ دید، کاتێک باس لە ڕوح دەکات، بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی گەردوون، جێ خەو لەنێو گوێی منداڵدا ڕادەخات، یان لەبن هەورەکان. وێنەکانی بە هەست لەمس دەکرێن، بۆ خوێندنەوەیان پێویستە پشتێنەیەکی هەستی قووڵ ببەستی، تێکهەڵکێشێکە لە مانا و دەلالەت. ڕەونەقی ماغوت لە نزیک کردنەوەی وێنەی قووڵی نێو هەناوی بابەتەکانیدایە.

**من لە گوندەوە فڕیوم**
**وشەم قازی سپییە**
**گۆرانیش باغی فستقی سەوزە**

دەچێتە نێو هەستێکی سروشتی لە فەزایەکی کراوە لە پێوەندی هەستەکی و دیدگەیی و دەنگییەوە، بەبێ ئەوەی خوێنەر هەست بکات و لەو فەزا خەیاڵییەدا خولابێتەوە، یان شتێکی لە پێکهاتەکانی وێنەگرتنەکە لە پێشدا بینیبێت.

چ جای ئەوەی نیوەکانی پەخشانە شیعری ماغوت پرسیارێک دێنێتە پێشێ، پەخشان ئەو پەخشانە ماغوتییەیە؟ ئەو جۆرێکی تر بوو، ئەو دەمە پەخشانەکانی لە هیچ پەخشانێکی تر نەدەچوو، سەرباری تایبەتمەندییە وێنەییەکانی، هەر زوو ڕەواجی پەیدا کرد و وەک ئەستێرەیەکی شیعری عەرەبی ناسرا.

**دەمەوێ چەشنی تەل لەشم بلەرزێ**
**لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی دوورەشار**
**بکەومە نێو بیرێکی قووڵەوە**
**تەژی بێت لە دێو و میللەتان**
**شێوەی کەوچک و تامی خوێ و**
**ڕۆشنایی مانگ و بۆنی منداڵانم بیرچووەوە**
**هەناوم تەژیوە لە قاوەی سارد و**
**ئاوی کوێری**
**گەرووم پڕکراوە لە وردە کاغەز و قاشە بەفر**
**ئەی ئاوی کۆن**
**ئەی ئاوی لێڵ... چەندم خۆشەوێی.**

تایبەتمەندییەکی تری پەخشانی ماغوت و خاڵی ڕاکێشانی، ئەوەیە کە گێڕانەوە نییە، بە «قەسیدەی دیدگە» ناسرا، ئەوەی لای ژمارەیەکی زۆری شاعیران بە ئینجیل وەسف کرا و بە تیوری بەرگریان لێکردووە،

هۆکارەکانیش ئەوەیە بە سروشت بەهرەمەندە و کەسایەتییەکی جوان و ڕۆشنبیری هەبووە، ڕووی نەداوە ماغوت قەسیدەیەکی بێ دیدگەی نووسیبێ. شیعری نوێ دیدگەیە و شیعرەکانی ئەویش تەسەوفێکی درەوشاوەیە و دیدگەی تێدا بالآیە، دیدگەش بە سروشتی خۆی خۆهەڵدانە لە دەرەوەی چەمکە سەقامگیرەکان و گۆڕان لە سیستمی شتەکان دەکات. دەتوانین بڵێین شاعیر هیچ شتێک ناخولقێنێ، بەڵکو بە تیژبینی خۆی شتە شاراوەکانی پشت وێنەکان ئاشکرا دەکات، مانا و شێوەکانی ئەودیوی شتەکان دەخاتە ڕوو، بەو جۆرە دیدمان لە بەرانبەر وردەکاری نێو وێنەکان ڕۆشن دەکاتەوە، چونکە کەسانی ئاسایی ڕەنگە کەمبین و کەم درک بن.

ماغوت لە تەقاندنەوەی وزەی مەزنی گوزارشتدا مامۆستا بووە، هەروەها لە کوودەتای شیعریشدا، زگماکییەکەشی بەلایەک، کە زگماکی شیعرێکی پاراو و سروشتی و سەیرە، زگماکییەکی بنیادنەر، نەک ڕووخاندنی ئەگەرەکانی شێوە، بەتایبەتی دابەشکردنی ماددە شیعرییەکەی بەشێوەیەکی نایاب، ڕێکخستنی ڕستە و ڕیتمێکی هەمەجۆر لە پێکهاتە ڕێزمانییەکەیدا، دوور لە کێش. وێڕای ئەوەی ماغوت وەک هەندێک لە شاعیران ڤایرۆسی ئەدەبی ڕۆژئاوا نەیگرتۆتەوە، لێرەدا مەبەست لە کەمکردنەوەی ئەدەبی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو کرۆکی مەبەست ئەوەیە، کە پێویستە نووسەر پتر واقیعی خۆی بە هەوێنی نووسینەکانی بکات.

لەلایەکی دیکەوە ئەرکی گواستنەوەی شیعری لە زیهنی و میتافیزیکییەوە بۆ کاروباری قەدەغەکراو و خەم و ترس گواستەوە، بەربەستی سمبۆلە قەدەغەکراوەکانی تێکشکاند. خەون و ترس و خواستی خەڵکی سەر شەقامی گواستەوە. وەک باس دەکرێ جگە لەو، کەسی تر شیعرەکانی لەلایەن خوێنەری شەقامەوە پێشوازی لێ نەکرا.

ئەم پارچەیە لە قەسیدە بەناوبانگەکەی «گۆرانییەک بۆ دەرگەی توما» کەفوکوڵی ناخی خەڵکی سەر شەقام دادەمرکێنێ:

**خۆزگە بەردی هەمەڕەنگی سەر شۆستە بوومایە**
**یان گۆرانییەکی درێژی نێو کۆڵان**
**لەوێ لە بۆشایی قوڕی لووسدا (...)**
**بریا گوڵی جوری دەبووم لە باخچەیەکدا**
**شاعیرێکی دڵتەنگ لە کۆتاییەکانی ڕۆژئاوا دەیکردمەوە**
**یان مەیخانەیەک لە داری سوور**
**باران و غەریبان بەرم دەکەوتن**
**شەیدای پێشوازی منداڵێکی بچووکم لە دەرگەی توما،**
**لە لێوانی پەمەیی**
**بۆنی ئەو مەمکەی شیری پێداوە، بڵاوبێتەوە،**
**هێشتا ڕەق و تەنیام**
**دایکە من نامۆم**

بەری دەقەکە سەر بە زیهنییەتێکی نوێیە، گرتەی ئاوابوونی ویژدانە لە سەردەم. سەر بە شۆڕشە فۆرمی و زمانەوانی و وەرگرتنەکەیەتی، هەروەک سەر بە ڕۆمانتیکییە (ڕکابەری نوێگەری!).

لەسەر ئاستێکی تریش، پێشەنگ بوو لە پێوەندیکردن بە نوێگەرییەوە. لە بەرجەستەکردنی فرەیی و سەربەخۆییشدا وێنەیەکی زەق بووە، سەرەڕای داخستنی هەستی بە ڕووی سەرووی نوێگەریدا.

**باوکە زۆر بێدارم**
**نانووم**
**ژیانم ڕەشە، کۆیلایەتی و چاوەڕوانییە**
**منداڵیم پێ ببەخشەوە**
**پێکەنینە کۆنەکانی سەر درەختی گێلاس**
**سەندەڵی هەڵواسراوم بە بۆڵە ترێوە**
**تا ئەسرینم، خۆشەویستەکەم و شیعرەکانم**
**بە تۆ بدەم**

بنیادی زمانەوانی لەم دەقەدا، لە جیهانی منداڵی و پێکهێنانی جووڵەی گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو پێکهاتووە، ئەو جیهانەی کە ژیانی خوڕەسە، ئازادی ڕەها، هیچ بەربەستێک لەپێش ئەو ئازادییە نییە، جووڵەی گەڕانەوەکە ئامادەکردنی ئەو جیهانەیە کە تێیدا گوزەرا و لەسەر ئەو بنەمانە دروستبوو. هەر لەو دەقەدا شاعیر پەنجە ئاراستەی خاڵێک دەکات، کە بێدارییە، بێداریش حاڵەتێکی ئاساییە و زۆر لە مرۆڤەکان بێدارن، بەڵام مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە نازانێت چ بێداری کردووە، نەخۆشی لە نووستنی بێبەش کردووە، تەنگژە، سروشتی کارکردن لە شەودا...؟ بەڵام ئەم ماستە بێ موو نییە، هۆکارێک لە پشت بێدارییەکەیەوەیە کە گۆشتی لە ئێسقان جیادەکاتەوە. (ژیانم ڕەشە، کۆیلایەتییە، چاوەڕوانییە) ئەوە دەردەخات، کە پرسێکی گرنگە و پێوەندی بە ئازادی مرۆڤ و بەشەکانی ترەوە هەیە. وشەی چاوەڕوانیش، واتا شاعیر هێشتا لە چاوەڕوانیدایە و ئومێدی بە فراوانبوونی پانتایی ئازادی مرۆڤ و پرسەکانی دی هەیە. ئای کە جوانە، ئەوە چ وشەیەکی داهێنەرانەیە، نانووم؟ بۆ داهێنەر لە نووستن بێبەش بێت؟

ماغوت لە بەرسڤی پرسیاری ڕەخنەگرێکدا سەبارەت بە تاکدەنگی و نایابی وێنەی شیعری، ڕاستگۆیانە

دەبێژێت: (ئەز لە ڕاڤەکردن خۆم بەدوور دەگرم، ناتوانم لە شیعر بڕوانم، من شیعر دەنووسم... ئەوەیش گرفتە). (هەست دەکەم جیهانی بەچپەم شڵەژانە، ئەوەیە شەرمەزاری.. کایەیەک هەر لە بەراییەوە وای لێکردم شێوازێکی دیاریکراو و ئاکارێکی دڕندە لە جیهان وەرگرم). خوڕەس و دڕندایەتی و پاکیزەیی، لایەنێکی دی شیعری ماغوتە، بەڵام ئەو ڕاستبێژ و ڕاشکاو بوو، هەرگیز بۆ جەماوەر و خوێنەر و ڕۆژنامە و ڕەخنەگر و ناوبانگ نەینووسیوە، بۆ خۆی دەنووسی. کەس درێژەپێدەری ڕێبازە شیعرییەکەی نەبوو، بە تاکە دەنگ و تاکە ڕەنگ مایەوە، زۆربوون دەیانویست شوێنەواری نەهێڵن، کەچی وەک حاڵەتێکی شیعریی تایبەت مایەوە، لە ڕووی شوناس و ئەزموونی ژینی و ئەو دیدگەیەی کە وێنەی فەزای خۆی پێ کێشا، لەژێر بنیچمەی ژیانێکی خاودا.

مەحەمەد ماغوت لە ڕێگەی گۆڤاری شیعرەوە ئەدۆنیسی گەورە شاعیری ناسی و لەو دەروازەیشەوە هاوسەرگیری لەگەڵ «سەنییە ساڵح»ی کچە شاعیردا ئەنجام دا، کە خوشکی «خالیدە سەعید»ی هاوسەری ئەدۆنیسە، واتا ماغوت و ئەدۆنیس ئاوەڵزاوان. دوو کچی هەیە بەناوەکانی (شام و سلافە) کە یەکەمیان پزیشکە و ئەوی تریان دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی دیمەشقە. ئەوەی جێی سەرنجە ماغوت لەگەڵ ئەدۆنیسدا هاوڕا نەبووە و حەزی بەشیعرەکانی نەبووە، لەو بارەیەوە وتوویەتی: (شیعری ئەدۆنیس فیکرییە، باشتر وایە فیکر لە ڕێگەی وتارەوە بخرێتە ڕوو، نەک شیعر، قەسیدە کۆنەکانیم پێ خۆشە، چونکە بە مانایە، هەرچی شیعرەکانی دیکەیەتی تێیان ناگەم، ئەو لە ڕۆژهەڵات مامۆستایە و لە ڕۆژئاوا فێرخواز).

هەروەها شیعری نەزار قەبانی بە هەڵچووی ڕووداو ناوزەد دەکات و پێی وایە لەگەڵ هەر لێدوانێکی بەرپرسێکی حکومیدا جیاوازی نییە. (ئەو لە شیعرە شۆڕشگێڕانەکانیدا چەشنی یاسر عەرەفات و مەتڕان کەبوجی دەردەکەوێ. لە دانیشتنە تایبەتەکانیشیدا لە فرۆشیارێکی جونیە، یان ئەشرەفییە دەچێت). قەبانیش، ماغوتی بە ڕاستگۆی نێویان لێک داوەتەوە. مەحموود دەرویش بە شاعیرێکی بەهرەمەند دەزانێ، بەڵام بە ڕاستگۆی نازانێ! دەرهەق بە سەیاب دەڵێ: (سەیاب هاوشێوەی من سادە و ڕاستگۆ بوو، ڕاستگۆیی دەفرۆشێت و جگە لە درۆ هیچی تری نەدەکڕی). هەرچی بەیاتییە (چتاقی شکۆمەندایەتییە ئەدەبی و سیاسییەکانی بنیادنا لەسەر ئەو بنەمایەی کە چتاقی دەزگە ئەمنییەکانی جیهان ڕاوی دەنێن، کەچی بۆ تەنیا ڕۆژێک بنکەی پۆلیسی نەبینیوە و تەنانەت پۆلیسی هاتوچۆیش ڕێگەی پێنەگرتووە). لە وەسفی خۆیشیدا دەڵێ: (هەرگیز لەنێو ڕاستی پۆل و سینەما و شانۆ و چاخانەدا دانەنیشتووم، هەمیشە گۆشەگیر بوومە، لەسەر شۆستەکان دانیشتووم و تەئەموولی پێی پەتیم کردووە). لە هەر خەونێکدا خۆی بە پێی پەتی بینیوەتەوە، خۆی بە دەشتەکییەک هەژمار دەکات، کە لە ئۆرکسترای بیاباندا ستران دەبێژێ. دەربارەی ئافرەت:

**ئەو ئافرەتەی خەونی پێوە دەبینم**
**نە دەخوات، نە دەخواتەوە، نەدەخەوێ**
**تەنیا دەلەرزێ**
**چەشنی شمشێر لە دوا لەرینەوەیدا**
**لەنێوان باسکەکانمدا درێژ دەبێت**

ئەم شاعیرە مەزنە، ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سەلیمە لە دایک بووە کە دەکەوێتە باکووری سووریاوە. لەبیرەوەرییەکانیدا تەنیا قوڕ و سەرما و خەون و هەور و مانگا و «با»ی ئەو شارە مابووەوە. دەبێژێ: دەبوایە مارکس لە سەلیمە لە دایک بووایە، نەک ئەڵمانیا، تا تیوری ململانێی چینایەتی دابهێنایە! لە هەمبەر خەڵکی دەڤەرەکەیش ئەوەی لەبیری بووبێت، زۆربەیان لە ساڵی ١٩٠٠ بەهۆی مریشکێکەوە کوژراون و جەنگەکە ڕۆژانە تەرمی سەدان کەسی بەرهەم هێناوە. یەکەم وێنەی منداڵی لە سەلیمە کە لە زەینیدا مابێتەوە، وێنەی ئاسمانێکی کاڵ و تۆزاوییە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دایکی بۆ یەکەم جار لەگەڵ ڕانەمەڕدا دەینێرێتە دەرەوەی ماڵ. لە ڕاستیدا ڕانەمەڕەکە گەڕایەوە، کەچی شوانەکە نەگەڕایەوە.

کاریگەری ماغوت نەوە بە نەوە گواسترایەوە، ئیستێتیکای نووسینەکانی و شێواز و پرۆژە چاکسازییەکانی کاریگەرییان بەجێ هێشت، هاوکێشەکەی ئەو لەوانی تر، شاعیرێکی ڕەها، مامۆستا، ڕەهەندێکی مەعریفی قووڵ، زۆر خەسڵەتی دی.

**(گەر ئازادی بەفر بووایە، بە ڕووتی تێیدا دەنووسم).**

**سەرچاوەکان:**

**سایتی ئەلیکترۆنی/ الجهة/ صبحي حديدي- وسيط النشر، اداء الشاعر، وجدل القصيدة/ راسم المدهون- الماغوط وقصيدة النثر السورية.**

**سایتی ئەلیکترۆنی/ الأدب والفن/ ذياب شاهين- البناء النصي عند الشاعر محمد الماغوط**

**ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)، ژمارەی ٨٧٨٧/ ممدوح عزام- محمد الماغوط: انا جملة معترضة في الثقافة العربية.**

# هونەرمەندە نەمرەکانی هۆرامان، هەر بە نەمری دەمێننەوە!

دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی
(بەڵخە - هۆرامان)

هونەری ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی هۆرامان، پارێزگاری لە ڕەسەنێتی نەتەوەییمان دەکات.

دیارە هونەرمەندیش کاتێک بەبێ ماندووبوون لە بواری هونەری خۆیدا کاربکات، ئەوە بێ گومان بەرهەمی باش و پوخت پێشکەش دەکات. مەرجی سەرەکی بۆ هونەری ڕەسەن ئەوەیە میدیاکان زۆر بە پەرۆشەوە، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی، ئەو هونەرە بڵاوبکەنەوە، چونکە ڕاگەیاندن دەوری کاریگەری لە هۆشیارکردنەوەی نەوەکانی ئەو نەتەوەیەدا دەبێت. هەموو کەسێک دەتوانێت گوێ لە هونەری ڕەسەن بگرێت، چونکە لەگەڵ سروشتی ئەو خاک و خۆڵە هەڵقوڵاوە کە زێد زادەیەتی، هەردەم لە هۆش و بیر و ڕەسەنایەتیدا ئەو هونەرە بەنەمری دەمێنێتەوە. ئاواز و گۆرانی هەر بۆ ئەوە نین، کە بازرگانی پێوەبکرێت، بەڵکو هونەر بۆ مانەوەی هەر نەتەوەیەک حەتمیەتی خۆی سەپاندووە، دەبێ ئەوەش بزانین کە گەلان بەهۆی هونەری ڕەسەنی خۆیانەوە ماونەتەوە. ئاواز و هونەری هەورامان وەک سەرچاوەیەک بۆ مۆرکی نەتەوەیی بووەتە قەڵغانپارێزی فۆرمەلەی زمانی کوردی، چونکە کاریگەریی ئەم لاو ئەولا نەیتوانیوە یەک تۆزقاڵ جێ بەو هونەرە لەنگ بکات. لە مێژووی موزیکی کوردیدا لە لاپەڕە (٤٣)دا نووسراوە: (لەبەر ئەوەی لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئەو هونەرمەندە کوردانەی، کە شارەزایی و نزیکایەتییان لەگەڵ موزیکی کۆنی ئارییاییدا هەیە، بەرهەمەکانیشیان بۆنوبەرامەی ڕەسەنی کوردییان پێوەیە و ئەوانەش کە ئاگاداری و شارەزاییان لەم ڕووەوە کەم بێت، بە پێچەوانەوەن و بۆ بەڵگەی زیندوویی قسەکەشمان دەڵێین زۆربەی ئەو ئاواز و گۆرانییە کوردییانەی هەوێنیان لە

مـوزیکی ئـاریایی وەرگـرتووە)«١» هۆرامـان چەندین لەو ئاوازانەی ئاریایی تێـدایە، بەڵام تائێـسـتـاش زیندوو نەکراونەتەوە، زۆربەی زۆری هونەرمەندەکانی هۆرامان کە میراتگری ئەو ئاواز و گۆرانییـە ڕەسەنانەن، هەلی وایان بۆ نەڕەخسـاوە، کـە هونەرەکەیان پێشکەش بە دەرەوەی وڵات بکەن، بە تایبـەتی ئەمڕۆ کـەناڵـەکانمان لە مـۆرکی ڕەسـەنی نەتەوایەتی لایان داوە. ڕوخـسـاری ئاواز و گـۆرانی و هەڵبـژاردنی بابەتی هونەری ڕەسـەن لەو دەڤەرەی هۆراماندا سەقامگیر بووە، بۆیە هونەرمەندی ڕەسـەن ئالوودەی هونەری ڕەسـەن دەبێت. لێـرەدا پرسیارێک دێتە مەیدانی بابەتەکەوە ئەویش ئەوەیە ئاخۆ هونەرمـەندانی هۆرامـان توانایان نییـە، یان ڕێگـیـری دەکـرێن بۆ ئەوەی خـزمـەتی هونەری خـۆیان، وەک هونەرمـەندانی جـیـهـان پێـشکەش بکەن؟ من دەڵێم نەبوونی هۆکارەکانی تۆمار کردن، نەبوونی دارایی بەهێز، نەبوونی توێژینەوەی مـەیدانی، نەبوونی کـارئـاسانی بۆ هونەرمـەندان، بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو هونەر و ئـاوازە وەک تەرامـپـووە کۆنەکـانی دەقی گـاتاکـان و سـروودی موگـانی ئایینی سیاچەمانە و ئاوازی، لەو دەڤەرەدا ڕۆژ بەڕۆژ تەپوتۆز لەسـەری بنیـشێ و ئەو خـەرمـانە بە بێ بەهایی بمێنێـتـەوە، ئەگـینا تاوانی هونەرمـەندانی ئەو دەڤەرە چییـە، کە تا ئێسـتـاش هەندێک لە دەڤەرەکانی دی وڵات مـانـای سـیـاچەمـانە نازانن، کـە لە بناغـەدا سەرمایەیەکی گەورەی مۆرکی نەتەوەییمـانە؟ یان بۆچی خـەڵکی ناوی لالۆ ئەحـمـەدی نازاری و لالۆ حـسـێن نارنجلەیی و لالۆ ئەلیلەی نەوسوودی نازانن؟

ئەگـەر ئامـاژەیەک بۆ هونەرمـەندە نەمرەکـانی هۆرامـان بکەین ئەوە (حـاجی نەسـروڵڵا کـەیکاوس) (١٩٢٧- ١٩٨٠) ئەم هونەرمـەندە نەمـرە لە شـاری تەوێڵـەی سـەرکـەش چاوی هونەری کـراوەتەوە، لە سـاڵـەکـانی (١٩٥٠ - ١٩٥٤) لە بەشی کـوردی- ڕادیۆی بەغـدا چەند گۆرانییـەکی بە موزیکەوە وتووە، وەک: (ئای دادە وەی ڕۆ ڕۆ، گـوڵ وەی حـاجی مـریەم، کـەڵمل باوانم، بەلەنجـە گـیـان بەلەنجـەم. ئەم چوار ئاوازە ئاوازی هونەرمەندی ڕەسەنی هەورامان حاجی نەسروڵڵایە، دوو ئاوازیشی، یان دوو گـۆرانی فـۆلکلۆری هەورامـانیـشی بەناوی (کـۆڕپەی قـەدباریک، ئامـان مـیم گـورجی) بۆ هەمـان ئێزگـەی کوردی لە بەغدا تۆمار کـردووە. ئەی بۆ تائێستا یادێکی نەکراوەتەوە؟ ئەی بۆچی هونەرمەندانی هۆرامـان نە دەنگیـان هەیە و نە ڕەنگیـان هەیە، منیش نازانم هۆکەی چییە؟

بڕوانە (سرووتە ئایینی و کۆمـەڵایەتییـەکانی خەڵکی هۆرامـان لاپەڕە (١٨٢- ١٨٦)«٢»، ئەو هونەرمـەندە نەمـرە یەکـەم هونەرمـەندە، کـە گـۆرانی هۆرامـانی بە موزیکەوە وتووە، تا ئێستاش ئاوازەکانی بەدەم خەڵکی هۆرامـانەوەن، ئەوەندە بە جـۆشوخـرۆشن. دیارە هونەری هۆرامـان مـایەی نارەواجە، یان بازاڕی کـەسـاسـە، یان قـافـڵـەی لەنگە، یان تەلەڤـزیۆن و ڕادیۆکـان هونەری هۆرامـانیـان خـانەنشین کـردووە؟ ئەگـەر بپـرسی هونەری هۆرامـان کـانگای لە کوێوە هاتووە، ئەوە بێ سێ و دوو خـەڵکی دەڵێن ئەو هونەرە سەرچاوەی عـیـشقی ئەڤینی ئایینی و موگانی ئاڤێستای پێشی عیسابییە، ئەی بۆچی مـایە نارەواجە؟ ئەی بۆچی هونەرمەندانی هۆرامان مەزار و پەیکەریان نەبێ؟! تۆ بڵێـیت تاوانی خـۆمـان بێ؟ بێ گـومـان نـا؛ نەخێر، هۆکـەی نەبوونی هۆشیـاری و کـەمی ڕۆشنبیرییمانە، بۆیە هۆرامان بێ نازە.

نموونەیەک لەو هۆنراوە فۆلکلۆرییانەی هۆرامـان، کە بە دەنگی زوڵاڵی حـاجی نەسـروڵڵا لە ڕادیۆی کـوردی (بەغـدا)وە بۆ ئاوازی کـەڵمل باوانم- پێکی هێناوە فـەرمـوویەتی، دیارە ئاوازەکـە هی خـۆیەتی، دێرە هۆنراوەکـان فـۆلکلۆرن، کـە وەسـفی (دەرە و گـەڕیاتی) دەکات بەم شێوەیە دەڵێت:

**(بیمەکۆ«٢» مەدیۆ سەرکەلو خاڵا«٣»**
**ماوە زاو سانی(٤) شادیش بەتاڵا**
**سەیی گەڕیاتێ گیر و گیانەوە**
**بایێ ویەرۆ بە عینوانەوە**
**قەلا مسێن مدیۆ نەرە سەردەرە**
**واچدێ ئازیزیم بینۆ کەمەرە)«٣»**

هەڵبـەتە هونەرمـەند هەسـتی ناسکی، گـیـانی پاکی وەسفی زێدزادەی خۆی، وەسفی شاری تەوێڵە و باخچە و سـەیرانگە ڕەنگینەکـانی ئەو دەڤەرەی هۆرامـان دەکـات، هەروەها ئەوەندەی تر ئاوازەکـەی ڕازاندووەتەوە، ئەم ئاوازە دەچێتـە ڕیزبەندی گۆرانی (دەرەیی)، هەروەها ئەم هونەرمـەندە بە چاوەکـانی، بەدڵی جـۆشـدراوی وێنەی فۆتۆگرافی هۆرامـانمان بۆ دەکێشێ، کـەواتە ئەو ئاوازەی کـە وتوویەتی بەزبرەکـانە، وێنەی دیمەنە جـوانەکـانی

هۆرامانی کێشاوە.

یەکێکی تر لەو گۆرانیبێژانە کە تائێستا هیچ ڕاگەیاندنێکی کوردی بەسەری نەکردووەتەوە، ئەو هونەرمەندە کوچ کردووەیە، ئەویش (ئەحمەدی نازارێ)ی بەناوبانگە. ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە ڕەسەنە (ئەحمەد حسێن حەمە موراد)ە، دایکی بەناوی (خانوو نازارێ) ژنێکی ژیری دەمڕاست بووە، هەر لەوەوە لەناو خەڵکدا بە (ئەحمەدی نازارێ) ناسراوە، ساڵی (١٨٩٤ز) لە گەڕەکی (تەکیە)ی سەر بە شارۆچکەی (بیارە) لە دایکبووە، بە منداڵی نێردراوەتە حوجرە و لە خزمەت (مامۆستا مەلا بەها) لە خانەقای بیارە قورئانی پیرۆزی خوێندووە و فێری خوێندن و نووسین بووە. زۆربەی شوێنەکانی کوردستان گەڕاوە. ئەم کەڵە هونەرمەندە چەندین ئاوازی جۆربەجۆری بە خۆی داناوە و هەر لە سیاچەمانەوە تا گۆرانی چەپڵە و گۆرانی گۆشی و هەموو ئاوازە خاوەکانی زانیوە. چەندین جار لە دیوەخانی شێخ و بەگزادەکانی هۆرامان و جافەکاندا خەڵاتی وەرگرتووە، دیارە لەو کاتەدا وەک ئێستا کورد قەوارەی سیاسی خۆی نەبووە لە بری وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەزگا هونەرییەکانی ئێستا دیوەخانەکان مەڵبەند و شوێنی ڕۆشنبیری بوون، لالۆ ئەحمەدی هونەرمەند سیاچەمانەیەکی تایبەتی هەبووە، هەر بەو سیاچەمانەیەش ناوبانگی دەرکردووە، سەرەتای سیاچەمانەکەش بەم دێرە شیعرە دەستپێدەکات و دەڵێت:

**(بدیە پێچ پێچا ڕاکو بیارێ**
**ئینەن بەزمەکە و ئەحمەد نازارێ)«٤»**

جۆرێکی تر لە ئاوازی خاو ئەویش: ئەی خاڵۆی ڕێبوارە، ئەم بەزمە مەگەر هەر بە دەنگە بەسۆزەکەی ئەو بوترێ. ئاوازێکی تری بەناوبانگی ئەم هونەرمەندە ئەو ئاوازەیە کە بەسەر زاری هەموو هونەرمەندەکانی هۆرامان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەیە، بە تایبەتی (کامگارەکان) موزیکی زۆر نایابیان بۆ داناوە، کە ڕوحیان بە بەری ئاوازەکەدا کردووە، هەروەها ئەرجومەن هۆرامی ئەویش کە لەگەڵ تیپی گەڕیاندا بە هەمان شێوە ئەو ئاوازەی وتووەتەوە، دەتوانم بڵێم هەموو هونەرمەندانی هۆرامان ئەو ئاوازەیان وتووەتەوە. ناوی ئەو ئاوازەی هونەرمەندی نەمر (با من بلوۆ قاسم خان) زۆربەی ئەو ئاوازانەی کە ئەم هونەرمەندە ڕەسەنە وتوویەتی: شیعری خۆی بوون، بە مانایەکی تر ئەم هونەرمەندە شاعیر بووە. ئاوازێکی تری ئەم هونەرمەندە، ئاوازی (چەمەکەم پووشین لار)ە، ئەم ئاوازە، ئاوازێکی خاوی گۆرانی هۆرامانە، واتە ئەم هونەرمەندە دەسەڵاتی هونەری بەرزی هەبووە، واتە شیعری تێکەڵ و پێکەڵ نەکردووە. ئاوازەکانی بەشێوەی داستانی وتوون. زۆر بە داخەوە تەنیا چەند ئاوازێکی ئەم هونەرمەندە نەمرە دەست دەکەون، (کاسێتێکی) لە ئەرشیڤی خۆمدا پارێزراوە.

(ئەحمەدی نازارێ) لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٧٨ز) مەرگ تەنگی پێهەڵدەچنێ، گیانی بەخاکی پاکی دیمەنە ڕەنگینەکانی (تافان و کاوات و کەمەر سەرلارەو دەرە و قواجایێ و بەنەن سەردانی، ملەی عاشوور بەخشیوە و لە گۆڕستانی (ملەی چنار) بەخاک سپێردراوە. بڕوانە سرووتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هۆرامان، ئەیووب ڕۆستەم، ل١٥٨- ١٦٠«٥».

هەرچەندە توێژینەوە لە بابەت هونەرمەند و هونەری هۆرامان بکرێت، ئەوە، وەک ئەوە وایە، کە یەک دڵۆپ مەرەکەبت کردبێتە ناو دەریایەکەوە. بەڕای خۆم هونەر لە هۆرامان سەرچاوەی گرتووە، چونکە مەڵبەندی ئایینی کوردستان بووە، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە (٩٩) پیرەی هۆرامان (٧٢) پیرەی سوڵتان سەهاک، ئاڤێستا بە هەموو بەشەکانییەوە، بەتایبەتی شیعری (گاتاکان)، کە پیاوانی موگانی دینی ئەو ئاوازە بەرزە چڕانەیان لەئاتەشگەدەکاندا چڕیوە، بەتایبەتی لە ئاتەشگەدە بەناوبانگەکاندا، وەک ئاتەشگەدەی دەروازەی دەرەوەی، ئاتەشگەدەی بەناوبانگی ئازەر گشنست، ئاتەشگەدەی سەرکێوە بەرزەکانی باشووری (پاوە). ئاتەشگەدەی گونبەد کەلایی لە ڕێژاو لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو- کرماشان، ئاتەشگەدەی گومەی مەلیک (ڕێژاو)، ئاتەشگەدەی کێوەکانی «بازیان»ی نزیک دەربەندی بازیان، کە ئێستا کراوە بە ڕێگای ئۆتۆمبیل، ئاتەشگەدەی «ئانەشدان»ەکەی ژوور قەڵبەزی ڕێژاوی سەروو، ئاتەشگەدەی دەرە شەهر- ئیلام... چەندین ئاتەشگەدەی دی کە لە سەرتاسەری کوردستاندا شوێنەواریان دیارە، وەک ئاتەشگەدەی بیارە، کە هەموو جارێک هونەرمەندانی هۆرامان، دەچن بۆ سەیران، گۆرانی سیاچەمانەی زەردەشتی دەچڕن، بەیادی هونەرمەندی گەورەی هۆرامان هونەرمەندی نەمر

(ئەحـــمـــەدی نازاریّ). شـــایانی وتنە ئەگـــەر ئێـــمـــەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان، توێژینەوەی مەیدانی بکەین، ئەوە ئەو کاتە بۆمان دەردەکەویّ کە هونەری ئێمە چەندە دوکـیـومـێـنتی تایبـەتی خـۆی هەیە. بۆ نموونە لە گـۆڤـاری هەورامـانی ژمـارە (١٩)دا، ئەیووب ڕۆسـتـەم دەڵێت: (من وەک خـۆم لە گـوندی (سـەرگـەت دێرە شیـعرێکم بەسەر کـێلێکەوە خوێندووەتەوە و وێنەیشم گـرتووە کـە مـێـژووەکـەی بۆ (١٢٩٦) سـاڵ لەمـەوبەر دەگەڕێتەوە و نووسراوە:

**(ئەگەر مەزانی ئینە چی مەردەن**

**نازە ناخوونەش ئاودزش کەردەن)«٦»**

دیارە ئەدەبی هۆرامـــان ســـەرچاوە و فـــەرهەنگی نەتەوەییـمـانە، ئەگـەر ئێـمـە بە وردی لێکۆڵینەوەیان بۆ بکەین، ئەوە دەیان نموونەی زیندوومـان بەرچاو دەکەون، کـە مـرۆڤ بتـوانیّ شـانازی پێـوە بکات. لە هەمـان سەرچاوەدا لەلاپەڕە (١٠)دا دەڵێت: (سەرئەنجام کتێبی پیـرۆزی یارسـانەکـانە، خـۆیان بە (کـەلاّم کـەلامی خەزانە)ش ناوی دەهێنن و بریتـییـە لە شـەش بەش، یان دەتوانین بڵێین شەش کتێب بەم ناوانە:

١- بارگە بارگە

٢- دەورەی هەفتەوانە

٣-گڵێم و کۆڵ

٤- دەورەی چل تەن

٥- دەورەی عابدینی جاف

٦- وردە سەرەنجام.

٧- ئەم شەش کتێبە و چەندان کتێبی ترمان هەیە، کە بۆ ئێـمـەی خـەڵکی کـوردسـتـان جـێگەی شـانـازین، ئەو کتێبانە سەرچاوەی نەمرییان دەڤەری هۆرامانە، ئەوەش دیسان نیشـانەی زیندوویی نەتەوەکەمان دیاری دەکات، هەر لەو سەرچاوانە هونەرمەندی هۆرامان دەقی شیعری بۆ ئاوازەکـــانی فـــەراهەم دەهێنیّ، هەر هونەرمـــەندی هۆرامان دەتوانیّ (فۆرمەلەی) ئەو شیعر و ئاوازانە، بە جـوانی بە فـــۆنیـــمی زارەکی ڕێک بخـات، دیارە ئەو کەسانەی کە ئێستـا گۆرانی هۆرامان دەڵێنەوە، ئەگەر خـــەڵکی ناوچەکــــە نەبن، ناتوانن ئەو ئاوازانە وەک خەڵکی هۆرامان (ئەدا) بکەن.

هۆرامـــانێک هونەری ڕەســـەنی پەروەردە کـردبیّ، لەو ســـاتەوە هونەر پەیدابووە، ئاواز و گـــۆرانیش پەرەی سەندووە. لە زێدزادەی ئاریانشاچەکاندا هۆرامان لانکەی هونەری ڕەســـەنی ئەو ســـەردەمـــە بووە، کـــە چەندین هونەرمـەند و ئاوازدانەر پەیدابوون، لەمـێـژووی مـوزیکی کوردی، محەمەد حەمەباقی لەلاپەڕە (١٥٦)دا، دەڵێت: (دیارترین موزیکزانەکانی ئەم سەردەمە، نەکیساو باربەد بوون، کە وەک دەگێڕنەوە نەکیسا، جگە لەوەی لە چەنک ژەنیندا زۆر بەناوبانگ بووە، لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە داهێنانی مـوزیکیی کـردووە، بۆ هەر ڕۆژێکی هەفـتـە، ئاوازێکی تایبـەتی داناوە و بەم پێـیـەش بۆ ڕۆژەکـانی مـانگ و سـاڵیش، واتە بۆ هەمـوو ڕۆژەکـانی سـاڵیش، ژمـارەی (٣٦٠) ئاوازی جـیـاوازی داناوە، کـە ناوی هەندیّ لەو ئاوازانە، تائێـسـتـاش مـاون و پارێزراون و هەندێک نووسـەر تەقـەلای پەیداکردنی ناوی (٧٢) لەم ئاوازانەی داوە.)«٨» ئاوازدانان بەها و نرخێکی تایبەتی خـۆی هەیە، لێـرەدا پرسـیـارێک سـەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە، ئایا ئاواز دانان لە سەردەمی نەکیـسـادا ئاوازی ئایینی بوون، یان سـروودی ئایینی بوون، کـە پیـاوە ئایینییەکانی زەردەشتی لە ئاتەشگەدەی زەردەشتیدا ئەو سروودانەیان بە سـیـاچەمـانە چڕیوە؟ ئایا شـیـعـری ئەو ئاوازانە هەمـان شـیعری ئێستـان، یان شیـعری گاتاکان بوون؟ سەرچاوەی شیعر بەڕای خۆم دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەو بەشەی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا، کە شیعری گاتاکانیش، بەشێکن لەو کـتێبـە. دیارە ئایین وەک بەشێکی گـرنگ لەناو کـۆمـەڵدا زۆر گـرنگە، ئایینیش ئاواز و گـۆرانی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە سروود چڕین چ ئێستا و چ لە زەمـانی دێریندا پلەو پایەیەکی تایبـەتی خۆی هەیە. ئەو ئاواز و سروودانەی کـە چڕاون هەر یەکەیان گـرنگی خۆی هەیە، هەر بۆیە «نەکیـسـا» بۆ ڕۆژ و هەفـتـە و مـانگ و ساڵ ئاوازی تایبەتی چڕیوە. ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەی «نەکیسـا» بۆ سەردەمی ئێستا کاریگەری هەیە. بۆیە ئەو ئاوازانە هەر بەنەمـری مـاونەتەوە. لەسـەرچاوەی پێشـوو لەلاپەڕە(٦٧) دەڵێت: (مـاشـەڵلا سـووری، کـە خـۆی (ئەهلی هەق) و نامـیـلکەیەکی لە بارەی سـەرئەنجـام (سروودی یارسان) و ئەم دەفتەرانەوە نووسیوە، سەبارەت بە سـەرئەنجـام دەڵیّ: (یارسـان) زنجـیـرەک سـروودی ئاییـنیـیــە، کــە بە کــەلاّم ناســراوە، (کــەلاّم)یش، شیعرگەلێکن کێشی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەم سروودانە لە جـەمـخـانەدا بە تەمـوور و لەسـەر ئاوازی تایبـەتی

دەوترێن). جەم لەلای یارسانەکان زۆر بەهای بۆ مەبەستی تایبەتی هەیە، ئەو جەمە کە دەبەسترێ، ئەو مانا و مەبەستەی خۆی دەپێکێ. لە گۆڤاری هەورامان، ئەیووب ڕۆستەم لەلاپەڕە (٢٤)دا، دەڵێ:

**(قیبلەی یارانەن قیبلەی یارانەن**
**جەم کەعبەی شەریف قیبلەی یارانەن**
**جەم غەزەب پەخشان ڕەحمەت ڤارانەن**
**جەم بۆرت کردار نیاز دارانەن**
**جەم یەعنی مەسجید یاری یارانەن**
**جەم حەلی موشکیل مەتڵەبدارانەن)«٩»**

ئەو ئاواز و ئەو سروودەی ئەو هونەرمەندە ڕەسەنانەی هۆرامان، هەر هەموویان دیاردەی نەتەوەیی ئێمەیان بەنەمری هێشتووەتەوە، ئەو دەقانەی ئەمڕۆ هونەرمەندانی وڵات دەیکەن بە ئاواز و گۆرانی، هەر هەموویان دەقی زیندوون لە فەرهەنگ و ئەدەبی ڕەسەنمان، چونکە ئەو دەقانە قەڵغانپارێزی سامانی نەتەوەییمانە. کەواتە: ئاوڕدانەوە لە هونەرمەندە نەمرەکانمان کە هەر لە دێرزەمانەوە، تا ئەمڕۆ ئەو هونەرەیان، بە پاکژی هێشتووەتەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ هەرچەندە توێژینەوەی مەیدانیی زۆر نەکراوە بۆ دەڤەری هۆرامان، بەڵام هونەرمەندان هەر لە گۆسانەکانەوە وەک: بامشاد، نەکیسا، بارەبوود، موگانی سیاچەمانە چران. هەڵدانەوەی ئەو لاپەرە مێژووییانە، بە تایبەتی بواری هونەری تا لالۆ ئەلیلەی نەوسوودی، ئەحمەدی نازارێ و، نەسروڵڵا کێکاوس و حەمە حسێن کێمنەیی و جەمیل نەوسوودی تا ئەمڕۆش چەندین هونەرمەندی لاو وەک (فەرزین و بەهرۆز و ڕەمزی و ئاوات هەورامی و ئەرجوومەن هەورامی) چەندانی تر، ئەو هونەرەیان بە ساغی بە بەرهەم هێناوە، هەرچەندە وەک پێویست لەلایەن میدیاکانی کوردستانەوە خزمەتی هونەری ئەو هونەرمەند و گۆرانیبێژانە نەکراوە، بەڵام گۆڤاری (ڕامان) هەر لە ژمارە (١)ییەوە تا ژمارە (١٦٤) زنجیرە بە زنجیرە، ئاوڕێکی زانستی و وێژەیی لە هەموو بوارەکانی هونەری ڕەسەنی هۆرامان داوەتەوە، چونکە ئەو گۆڤارە ئەرکی نەتەوەیی خۆی، وەک چەپکە گوڵێک، ئاراستەی سەرتاسەری کوردستان کردووە.

**پەراوێز:**

**١- دەرە و گەریاتی: چەمێکی پڕ درەختی دارگوێزە و لە هەمان کاتدا هاوینەهەوارە.**

**٢- بیمەکۆ: ئەو ڕێگەیەیە کە لە تەوێڵەوە بۆ نەوسوود و شۆشمی دەچێ.**

**٣- سەرکەلوخالآ: چەند باخێکی ڕازاوەیە، بەرانبەر بە بیمەکۆ.**

**٤- سان: خانەوادەیەکی گەورەی هۆرامانن، کە شۆڕشی هۆرامانیان دژی ڕژێمی قاجاری کردووە.**


**سەرچاوەکان:**

**١- محەمەد حەمەباقی، مێژووی موزیکی کوردی، چاپی سێیەم هەولێر، ساڵی (٢٠٠٩)ز، ل٤٣.**

**٢- ئەیووب ڕۆستەم، سرووتە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی (٢٠٠٧)ی عیسایی، (٢٧٠٧) کوردی.**

**٣- ئەیووب ڕۆستەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.**

**٤- ئەیووب ڕۆستەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.**

**٥- ئەیووب ڕۆستەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.**

**٦- گۆڤاری هەورامان، ژمارە (١٩) وتاری گوڵبژێرێک لە سرووده پیرۆزەکانی یارسان، ئەیووب ڕۆستەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠ زایینی، ل٢٤.**

**٧- گۆڤاری هەورامان، ژمارە (١٩)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.**


**٨- محەمەد حەمەباقی، مێژووی موزیکی کوردی، چاپی سێیەم هەولێر، ساڵی (٢٠٠٩)ز، ل١٢١.**

**٩- گۆڤاری هەورامان، ژمارە (١٩) وتاری گوڵبژێرێک لە سرووده پیرۆزەکانی یارسان، ئەیووب ڕۆستەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠ زایینی، ل٢٤.**

# هەڵکشان بەرەو ڕۆشنایی

## خوێندنەوەیەک بۆ دیوانە شیعری (بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم)

**پشکۆ نەجمەدین**
**(سوێد)**



**دەروازە:**

ئەفراندن و نووسینی شیعر چەند سەختن، قسەکردن لەمەڕ شیعر و هەوڵدان بۆ هەڵاواردنی شیعر لە ناشیعر، بە مەبەستی خوڵقاندنی دەقێکی ڕەخنەیی و دۆزینەوە و ڕۆشنکردنەوەی پردەکانی نێوان نووسەر/دەق/ خوێنەر، سەختترن!

خوێندنەوەی دەقی شیعری، ئەگەر لە فەزایەکی تەندروستدا ئەنجام بدرێت و خوێنەر ئامادەییەکی ڕۆحی، زەینی و ڕۆشنبیریی بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی خوێندنەوە هەبێت، دەشێت فەزایەکی بۆ بخوڵقێنێت کە لەوێدا بەرهەمی تێرامان و تێهزرینەکانی لە «دەق» بچنێتەوە و بەو خاڵە ئامانجدارانەی بگەیەنێت کە کردەی «خوێندنەوە» دەیانخوازێت.

خوێندنەوە، لەکن خوێنەری زیرەک، کردەیەکی لە خۆڕا و هەڕەمەکی نییە و پێوەستی چەند ڕێسایەکی نەبینراون کە دەشێ لە زەینی خوێنەردا و پێش دەستپێکی هەڵبژاردنی دەق، ئامادەییان هەبێت. سەلیقەی دۆزینەوەی دەقێکی باڵا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی خوێندنەوە، دیاردەیەکی خۆڕسک نییە کە لای خوێنەرێکی گریمان بوونی هەبێت و لای ئەوی دی نەبێت! ئەم سەلیقەیە هەڵقوڵاوی پاشخانێکی فیکری و مەعریفییە و پێبەستبوونی خوێنەریش بە تیور و میتۆدەکانی خوێندنەوەوە، واتە هەڵبژاردنی تیورێک کە ئازادییەکی بێسنووری لە بواری بیرکردنەوەدا، بۆ گەیشتن بە لایەنە نهێن و شاراوەکانی دەق بۆ مەیسەر بکات، ڕۆڵێکی گرنگ لە ئەنجامدانی پرۆسەی خوێندنەوەیەکی تەندروستدا دەگێڕێ.

دەقی شیعریی باڵا، خوێندنەوەی سەرپێیی و تیژپەڕ هەڵناگرێت و ئەگەر وەهامان کرد، ئیدی ناتوانین لە سروشتی باڵایی دەقی داهێنراو بگەین و پێکهاتەکانی شیکار بکەین، کە لەبەردەم کارێکی وەهایشدا ناتوانا و دەستوەستاو بووین، ئیدی لە بینین و هەستپێکردنی مانا و وێنە سیحراوییەکانی شیعر، زەینخاڵی و مایەپووچ دەبین.

دەقی شیعریی باڵا کامە دەقە و چۆن دەتوانین ئەم خەسڵەتە بە

دەقێک ببەخشین و بەوی دیکە نا؟ بە دیویێکی تردا، ئەو ڕەگەزو کارەکتەرانەی کە دەتوانین پێناسەی شیعربوون بە دەقێکی نووسراو بدەن، چین و چۆنیان دەناسینەوە؟

ڕەنگە شیعرناسان و توێژەرانی هونەری شیعر، لەسەر ئەوە کۆک بن کە زمان بناخە و بنچینەی ڕۆنانی تەلاری دەقی شیعرییە و ئەو کەرەستە و ئاتاژیە کە داروپەردووەکانی دیکەی سازکردنی شیعری لەسەر دادەنرێن، بەڵام زمانناسین و زمانزانینی شاعیر بە تەنها ناتوانن دەقێکی بالآمان بۆ بخوڵقێنن و ئەو وێنانەمان نیشان بدەن کە ئێمە دەیانخوازین و چاوەڕێیان دەکەین.

دەشێ کارایی لە زانستی زمان و دەوڵەمەندیی ئەنباری زمان لای نووسەر، بۆ نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەدەبی مەرج بن، بەڵام زمانی شیعر (ڕێساکانی ڕێزمان و ڕێنووسی لێ وەدەرنێی) ناچێتە نێو بازنەی زانستی زمانەوە، بەڵکە سەروکاری لەگەڵ ئەزموونی شاعیردا هەیە بۆ دۆزینەوە و بەکاربردنی ئەو وشە و «دال»انەی زمان کە میتافۆرەکان دەیانخوڵقێنن، ئەو وشە بە ڕیتم و موزیک بارگاوییانەی کە لەسەر سەکۆی زەینی خوێنەر سەما دەکەن و بۆ قووڵاییەکانی کردەی چێژوەرگرتن پەلکێشی دەکەن.

لێرەوە، لە هونەری بەکاربردنی زمان و نهێنییەکانییەوە کە دەبنە مەکۆی تەوزیفکردنی «بیر» لە فۆرم و ئیستێتیکیی شیعردا، لە دەرکەی دیوانی (بلآچەیەک درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم) وە ژوور دەکەوین..

**ناساندن:**

دیوانی (بلآچەیەک درز دەخاتە...)ی فەرهاد شاکەلی کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەی چوار کۆمەڵە شیعری پێشتر چاپکراون، کە تاڵێک لە تیشکی بیر و دنیابینی، زمان و میتافۆرەکانی، عەشقی مەعشووق و سووتانەکانی پێکەوەیان دەبەستن و خوێنەر لە خوێندنەوەیاندا هەست بە قووڵیی ئەزموون و جوانیی سەلیقەی شاعیر بۆ پێکەوە گرێدانی پاژەکانی پرۆسەی خوڵقاندنی شیعر دەکات، دیوانی شیعر کە زۆر جاران وا دەبێ کۆکردنەوە و پێکەوە بەستنەوەی چەند کۆمەڵە شیعر بێت و لە زەمەن و زەوینی جیادا نووسرابن، بەڵام ئەم کۆکردنەوەیە ناکرێت بێ نەخشە و هەرەمەکی بێت. مەبەستمە بڵێم، ساحێبی «دیوان» و خاوەنی تەلارێکی بڵندی جوان، پلانێکی نەخشەسازیی لێکچوویان هەیە.. هەرتک لا هەموو ئەزموونی جوانکاریی خۆیان بۆ ڕۆنان و پێکرا گرێدانی بەشەکانی موڵکی خۆیان بە گەڕ دەخەن و هەوڵ دەدەن باشترین باڵانس و هارمۆنیای شتەکان، کەرەستەکان، ڕەنگەکان و بیرەکان بخوڵقێنن. فەرهاد شاکەلی، لە هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی ئەو چوار کۆمەڵە شیعرەدا، بۆ ئەوەی «خاوەنی چوار موڵک» بێت و دیوانی هەبێت، وەهای کردووە!

ئەم دیوانە، دکتۆر محەممەد کەمال پێشەکی بۆ نووسیوە، پێشەکییەکە خوێندنەوەیەکی پڕ مەعریفەیە لە ڕوانگەی فیکری سۆفیزم و دال و مەدلوولەکانییەوە.. د. محەممەد کەمال، مێژووی سەرهەڵدانی سۆفیزم، بیر، ڕێباز، چەمک و تێگەیشتنە جیاوازەکانی سۆفییە دیار و ناودارەکانی لە سەردەم و قۆناخە جیاکاندا شی کردوونەتەوە و باسێکیشی لە مێژووی تەسەوف لە کوردستاندا کردووە. پێشەکییەکە بە وردی و وردبینییەوە، دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دنیای بیری سۆفیزم و بێ ئەم زانیارییانەش، تێگەیشتن لە تەسەوف و شیعرێک، یان دیوانە شیعرێک کە تیشکی ئەم ڕێباز و بیرەی لێ دەرژێ، کارێکی مەحاڵە.

دیوانی «بلآچەیەک..» ١٥٧ شیعری کورت و درێژی لەخۆ گرتووە کە مێژووی نووسینیان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٨ و ٢٠٠٥ دایە..

- کۆمەڵەشیعری ژێ، ٣٥ شیعر و لە بەرایی دیواندا جێگای گرتووە.
- کۆمەڵەشیعری «نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم»، ٣٣ شیعر، لاپەڕەکانی ١٧٥ بۆ ٢٢٢.
- کۆمەڵەشیعری «هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز»، ٤٩ شیعر، لاپەڕەکانی ٢٢٥ بۆ ٣١٦.
- ئەم چرایە دڵم ڕووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ، دوا کۆمەڵە شیعری دیوانەکەیە، ٤٠ شیعرە و لە لاپەڕەکانی ٣١٧ بۆ ٣٩٠دا جێ کەوتوون.

لە سەرجەمی شیعرەکانی شاکەلیدا، کەمتر وا دەبینین کە شیعرێک ڕەگەزەکانی شیعربوونی لە دەرەوەی خۆی قەرز بکات، ئەمەش

بە مانای ئەوەیە شیعر و حاڵەتەکانی خوڵقاندنی شیعر لای فەرهاد، زادەی نیگەرانییە ڕوحییەکان و تێرامانێکی قووڵی ئاوەزئامێزە بۆ هەموو دیاردە و شتەکان، ڕیشەکانی دەقی خوڵقێنراو لە قووڵاییەکانی بیر و پاشخانێکی مەعریفی گشت لایەندا ڕۆ دەچن و پێویستییەکانی بوونی خۆیان دابین دەکەن.

**«یا بێ دەنگی پڕ ئاوازت، یا دەنگت بێ،**

**یا هەناسەت لە دوورەوە مێشکی ماندووم سەرخۆش بکات،**

**یا بە ئاستەم بکرێتەوە گوڵهەناری دەمولێوت.**

**یا بێ دەنگت..!**

**بەسەر هەستی مات و خەمباری ئەمشەوما**

**نەرمەبارانی دڵداری ببارێنە!»**

(بۆنی باران، ژێ، ل٥٦)

دووری و لێکدابڕان لە ئەوی دی، تاسەی بیستنی دەنگێک، دەنگێک جیا لە دەنگەکانی تر، هەناسەیەک لە دوورەوە کە پێشتر، لە ساتەوەختە سەختەکاندا، مێشکێکی ماندووی مەست کردووە و ئێستا ئیدی بەرامەی ناگات، گوڵهەناری دەمولێوێک کە بەچاوی خەیاڵ وێنای دەکات و تەمەننا دەکات بە ئاستەم بکرێتەوە.. تامەزرۆی دەنگێک، ئەگەر بێت، دەشێ نەرمەبارانی دڵداری بەسەر هەستی مات و خەمباری شەوێکی شاعیردا ببارێنێ! ئەم وێنە بزۆکانەی «دەنگ» کە پڕاوپڕن لە جوانی و هارمۆنیایەک لە ڕەنگ، وەزیفەیەکیان پێ دەبەخشرێت کە وەزیفەی بە سفرکردنی مەوداکانی دابڕان و هەوڵدانە بۆ پێکگەیاندنی زەمەن و شوێن لە خەیاڵی شاعیردا، سڕینەوەی مەوداکان تا بەیەکگەیشتنی دڵدار و دولبەر، لە چوارچێوەی وێنەکاندا کە زمان دەیاننەخشێنێت!

لە درێژایی خوێندنەوەی شیعرەکەدا، کە مێژووی ٢٨ی ٥ی ١٩٧٨ی لە بندا دانراوە و لە هامبۆرگ نووسراوە، تێ دەگەین کە شیعرێکە لە سەرەتاکانی ئەزموونی شیعریی فەرهاد لە تاراوگەدا و ئیدی ترس، تەنهایی، نیگەرانی و دڵەڕاوکێکانی ژیان دەبنە ڕایەڵەکانی بینای شیعر..

**«شەوی دڵدارێکە تەنێ**

**هەرچی مەرگی سەرزەوییە**

**وەکو پۆلیس ڕاوی دەنێن و نایگەنێ..»**

هاودەردێ، هاوخەمێ لە نیشتمانەوە بێتە ئێرە و (قۆزاخەی خەونەکانی بکاتەوە).. فەرهاد، جوانیی هەموو دارستانەکانی ئەورووپا سۆکنایی ناداتێ و چاوەڕێیی.

**(کچە دملی،**

**کچە ڕووبار،**

**کچە زازایی گوڵهەنار...)** دەکات و لە شەوێکی نامۆییدا، تاسەباری بۆنێکی تایبەتە..

**(بۆنی دارستانت پێیە،**

**بۆنی شار و گوندی کوردستانت پێیە...)**

عیشق چ حەقیقی بێت و چ مەجازی، لە دابڕاندا ڕوحی شاعیر هەڵدەقرچێنێ و دەیکاتە سۆفیی خەرابات و بادەی شیعری پێ دەخوڵقێنێ.. فەرهاد، لە سەرەتاکانی ئەزموونەکانی تاراوگەدا، جارێ لە بازنەی بیری سۆفیزم نەکەوتووە و ئەو لە شیعری «بۆنی باران» و چەند شیعری دیکەی «ژێ»دا، وێڕای شیعربوونی دەقەکان و باڵایی زمانەکەی، سۆفیی کۆڕی زیکری جوانییە لە دەستچووەکانی نیشتمان و یادەوەرییەکانیەتی.

لەگەڵ هەڵکشانی ئەزموونی شاعیردا، تێمای شیعر، زمانی شیعر، تەکنیک و هونەری تەلارسازیی شیعر، چڕیی وێنە و میتافۆرەکان بە جێگایەکی دیکە دەگەن و شیعر لای فەرهاد بوونەوەرێکە لەناو جەرگەی تاریکییەوە، ئەودالی ڕووناکاییە و بەرەو ڕۆشنایی هەڵدەکشێ..

**(کێوی دڵم**

**بە تیشکی ئاشناییت ڕۆشن کەوە!**

**دڵ و گیان**

**دەکەمە بەردەبازی ڕێگەکەت.**

**وای، کە بێتۆیی چ ساڵانێکی شەوەزەنگە،**

**وەی کە شاری گیان**

**بێ یادی تۆ،**

**چ گۆڕێ، چ گۆڕستانێکی بێدەنگە.)** (شیعری کێوی دڵ، نیگاری تۆ.. بلاچەیەک..، ل١٩٦.

مەودای نێوان «کێوی دڵ» و «بۆنی باران» دە ساڵان ئەزموونی شیعرییە و لەم زەمەنەدا، هەموو شتەکانی شیعر گۆڕدراون، تێما، بیر، زمان، وێنە و خوازەکان.. لێرەدا، فەرهاد سۆفیی فیکر و دنیابینییەکی دیکەیە، لێرەدا، خەم و نیگەرانییەکان، دابڕان و تاسەی

پێکگەیشتن و توانەوە، جوانییەکانی نیشتمان دەبەزێنن و مەودایەکی گەردوونی لەخۆ دەگرن..

شاعیر، لە سۆنگەی ئەو ئاشنایەتییە رۆحییەی لەگەڵ (مەعشووق، خالیق، خوا)دا هەیەتی، چاوەڕێیە کێوی دڵی بە تیشکی ئەو رۆشن بێتەوە و بۆ ئەمەش، هەم دڵ و هەم گیان دەکاتە بەردەباز.. دڵ کە لە فیکری سۆفییەکاندا، کانیی رۆشناییە، ساتێ وەکو «کێو» بڵندە و چەند پلەیەکی «پەیژەی تیشک» سەرکەوتووە و بە هیوای یەکگرتن و توانەوەیە لە «رۆشناییە ئەبەدییەکە»دا.

لە خوێندنەوەی دیوانی «بلاچەیەک..»دا، منی خوێنەر، هەنگئاسا، شەیدای مژینی شیلەی زمان، لە گوڵی شیعرێکەوە بۆ گوڵەشیعرێک، لە خەرمانەی مانگی وێنەیەکەوە بۆ رۆژنەی شیعرێکی سەرریێژ لە رووناکایی کە لە تاریکایی تەمەندا «چۆڵەچرا»یەک پێ دەکات، دەفڕم و لە جامۆلکەی کۆپلەیەکدا، چۆڕێک زمان دەخۆمەوە و دڵی تاسەباری شیعرم ئۆخژن دەکات.. لە خوێندنەوەدا، دڵم لە «کوپەی کۆنەشەرابێک» تیشکبار هەڵدەکێشم و حەرفەکان لە زەینمدا دادەگیرسێن، داگیرسانیش مانایەک بە تاریکایی «شاری دڵمان» دەدات و پێمان دەڵێ:

لە گەردووندا، گەردوونێک کە پەرژینی تاریکایی لێمانی دەشێرێتەوە، کانی تیشک و کانیی هومێدێک بۆ بێ هومێدان هەیە و هەر هێندەت گەرەکە، تۆ بە عیشقی پەیکەری تیشکینەوە، لە شاتیشکی رووناکایی بڕوانیت، خۆت فێری ئەم پرۆسە سەختەی توانەوە لە عیشقدا بکەیت.. عیشقی هەموو جوانییە بالاکان.


**تشرینی دووەمی ٢٠١٠**
**ستۆکهۆڵم- سلێمانی**

# مەسیح لە خاچ دەدەنەوە

هاشم سەڕاج

دلاوەر قەرەداغی ئەم ڕۆمانەی «نیکۆس کازانتزاکیس»ی بە دارڕژانێکی شیعرییەوە وەرگێڕاوە، بۆیە خوێنەر لە دەسپێکی نووسینەکەوە ناتوانێت دەسبەرداری تێکستەکە بێت، نیکۆس لە ڕێگەی گێڕانەوەی «منی نووسین»ەوە چۆنیەتی ژیان و خووڕەوشت و خەسڵەتی یەکە بە یەکەی دانیشتوانی گوندی لیکۆڤریسی و پەنابەرانی ئەشکەوتەکانی بناری چیای ساراکینا و کلێسای ئەلیاسی پێغەمبەر دەخاتە ڕوو و بەهۆی بەکاربردنی ڕەگەزەکانی دیالۆگ و وەسف و خەیاڵ، درێژە بە ڕووداوەکان دەدرێت، گوفتارە دەگمەن و جوانەکانی «مەسیح» تا دوایین چرکەی تەواوبوونی ڕۆمانەکە پانتاییەکی بەرفراوان لە پرۆسەی نووسیندا داگیر دەکەن، ڕۆمانی [مەسیح لەخاچ دەدەنەوە] کارکردنە لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی مرۆڤ و دەرخستنی باری دەروونی و خەسڵەت و مۆرک و سیفاتی یەکە بە یەکەی کارەکتەرەکان.

ئەم ڕۆمانە کارەکتەر و کەسایەتییەکی هێجگار زۆری بەخۆوە گرتووە، هەر لە گریگۆریسی قەشەوە بگرە تا «مانۆلیۆس»ی شوانکارە، «یاناکۆس»ی دێوەرە، ماریۆری کچی قەشە، «میکیلیس»ی کوڕی خودان، «لێنیۆ»ی دەسگیرانی مانۆلیۆس کە دوای گەڕبوونی مانۆلیۆسی وازی لێ دێنێ و حەز لە نیکۆلۆسی شاگردەشوان دەکات، نیکۆلۆس تازە سمێڵی گووگرە بووە، حەزی لە خواردن و خواردنەوە و گۆرانی و سێکسە، هەندێ سیفاتی زۆربایی تێدا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی ئەو ساتەوەختەی لە نزیک مەڕ و ماڵاتەکە «لێنیۆ» دەگەوزێنێت و بەوپەڕی شادی و خۆشەویستی ئیرۆتیک دەکەن، «کاترینا»ی بێوەژن، ئافرەتێکی سۆزانییە و گەنجەکانی گوندی لیکۆڤریسی خەنی کردووە هاوکات هەندێ سیفاتی مەریەمی مەجدەلییەی تێدایە، کاترینا هەمیشە کۆمەکی پەنابەرانی چیای ساراکینا دەکات و دوایین جاریش داکۆکی لە مانۆلیۆس دەکات و دەیەوێ لە مردن ڕزگاری بکات، بەڵام ئاغای تورک بەر شمشێری دەدات و لە پەیژەی کۆشکەکەی هەڵیدەدێرێت، ئەنتۆنیۆس سەرتاشە و بڕێک جار



بە خۆڕایی سەری پەنابەرەکان دەتاشێ، «لاداس»ی عەلاف مرۆڤێکی پووڵەکی و سووخۆرە، باوە فۆتیس قەشەی ئاوارە و پەنابەرەکانە، پانایۆتیس کە بە یەهوزا نێوزەد کراوە و عاشقی کاتریانیە، «مارتا»ی کارەکەری ئاغا، ئاغای تورک کە حوکمڕانی دەڤەرەکە دەکات مرۆڤێکی دنیا پەرستە و بڕوای بەهیچ نییە بەردەوام کوڕێکی لووسکە سەبیلەکەی بۆ دادەگیرسێنێ و گۆرانی بۆ دەچڕێ، ئەویش پەیتا پەیتا عەرەق دەنۆشێ ئاغا دەڵێ: ئەڵڵا ئەڵڵا! دنیا جگە لە خەو و خەیاڵ چ شتێکی تر نییە، میراخوڕی ئاغا کە ناوی ڕاستەقینەی «حوسێن موختارە» ئامادەی مەجلیسەکەیەتی و کاروباری بۆ جێبەجێ دەکات، بەڵام مەرگی یووسفی لووسکە گەورەترین جموجووڵ و چالاکی لەنێو فەزای ڕۆمانەکەدا دەخولقێنێت.

ئاغا تا دوایین چرکەسات دەسبەرداری تەرمی یووسف نابێت و خەریکە تەرمەکەی بۆگەن دەکات و بڕیاری داوە ڕۆژێ یەکێک لە ڕۆمەکان هەڵبواسێت، پاشان مانۆلیۆس لەپێناو ڕزگارکردنی خەڵکەکە خۆی بە قاتڵی یووسفۆک تاوانبار دەکات، مانۆلیۆس لێرە و لەم دیمەنە و دواجاریش هەر ڕۆڵی مەسیح دەبینێت، بەڵام ئەوەی لە بنیادی قووڵی تێکست گوزارەی لێ دەکرێت درکاندنی حەز و هەوەس و خولیای دانیشتوانی دەڤەرەکەیە، خۆ فیداکردنی مانۆلیۆس لەلای خەڵکانێک هێمای ڕێز و بەها و شکۆمەندییە، هاوکات خەڵکانێکی خۆپەرست چێژ لەو فیداکارییە وەردەگرن و بە گەوج و گەمژە و دەبەنگی لە قەڵەم دەدەن، کازانتزاکیس لەم ڕۆمانەدا وێڕای لایەنی سایکۆلۆژی مرۆڤ، کاری لەسەر ڕووبینی و دووفاقێتی قەشەکان و کێشە و ململانێی چینایەتی و کارەساتی برسێتی و نەداری و مەرگەساتی ژیانی پەنابەر و دەربەدەران کردووە، بەڵام پرسیارێک لای خوێنەر دەمێنێتەوە، تا کۆتایی ڕۆمانەکە کەس نازانێ بۆ میراخۆڕ یووسفۆکی کوشتووە، ئاغا دوای کوشتنی میراخوڕ هەمدیس ڕووە و ئەزمیر دەڕوات، تا لە گەڕەک و چایخانەی تورکان لووسکەیەکی تر پەیدا بکات، هەڵبەتە «مارتا»ی کارەکەری ئاغا جلوبەرگی خوێناوی میراخوڕ دەدۆزێتەوە و ژیانی مانۆلیۆس لە مردن ڕزگار دەکات، لەلایەکی دیکەوە کازانتزاکیس زۆربەی گوفتار و پەرجووەکانی «مەسیح» دەداتە پاڵ «مانۆلیۆس»، یان بەشێوەیەکی تر مانۆلیۆس بەردەوام لە دەشتودەر خەریکی «ئینجیل»ە و نوقمی ژیانێکی ڕوحانییە و کوتە تەختەیەکی پێیە و ئەیکۆنی مەسیحی لەسەر هەڵدەکۆڵێت، پاشان مانەندی «ئەیووب»ی پێغەمبەر دووچاری نەخۆشی پێست دێت و بەشێوەیەکی سەیر «گول» دەبێت، دواجار هەر خۆی بەهۆی هێزی ڕوحی و ئارامگرتن چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکات، هەروەها میکیلیسی کوڕی پاتریارکاسی پیر دوای مەرگی باوکی ڕەز و باغەکانی بە پەنابەرانی چیای ساراکینا دەبەخشێت، لێرەوە کێشەی سەرەکی لەنێوان قەشەکان سەرهەڵدەدات، مەبەست گریگۆریس و باوکە فۆتیسە، گریگۆریسی قەشە میکیلیس بە مرۆڤێکی شێت و سپی لە قەڵەم دەدات، پێی سەیرە چۆن دەبێ موڵکی باوکی بداتە هەژار و پەناهەندان، گریگۆریس پێی وایە ئەگەر میکیلیس ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەوە ئایین و نیشتمان و شەرەف و موڵکداری دەکەوێتە مەترسییەوە،.

نیکۆس کازانتزاکیس لەم ڕۆمانەدا سەرەڕای ئەو پرس و بابەتانەی ئاماژەم بۆ کردن، لە خودی مرۆڤ و نێو کۆمەڵگەدا بەدوای چەمکی دادپەروەریدا دەگەڕێت، پەیتا پەیتا لایەنی شەڕ و توندوتیژی نێو ڕوح و دەروونی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، دەق ناڕاستەوخۆ، یان بە شاراوەیی ئاماژەیەک هەڵدەدات کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە وەهمێکی شێن و لە هیچ کات و شوێنێکدا بوونی نییە، گریگۆریسی قەشە لەسەر ئەوە سوورە کە پێویستە «مانۆلیۆس» بکوژرێت، چونکە ئاکار و ڕەفتاری خەڵکی لیکوڤریسی و بیروبۆچوونەکانی «مەسیح»ی شێواندووە، لە کاتێکدا مانولیۆس داکۆکی لە هەق و جوانی و مرۆڤی هەژار و بێ دەرەتان دەکات، لێرەدا کەسایەتی مانۆلیۆس ئاماژەیە بۆ «سوکرات»، دواجاریش بە هەمان چارەنووسی سوکرات دەگات و لەنێو کڵێسا و بەدەستی قەشە گریگۆریس دەکوژرێت، هاوکات باوکە فۆتیسی قەشەی پێشەوای پەنابەرانی ساراکینا، مرۆڤێکی سۆفی تەبع و لاواز و بنێسە، بەڵام ئەویش لە ڕابردوودا بە

گاڵتە مرۆڤێکی کوشتووە کە ئاماژەیە بۆ «مووسا»، کەواتە زۆربەی کارەکتەر و کەسایەتییەکانی ڕۆمانی «مەسیح لە خاچ دەدەنەوە» گیانیان لێوانلێوە لە تۆوی «کارامازۆفییەت» یەهوزای گەچخۆر دواجار دەبێتە میراخوری ئاغای تورک، ئاغا دوای مەرگی یووسف دەچێتە ئەزمیر و برایمۆکی لووسکە لەگەڵ خۆی دێنێت، قەشە گریگۆریس بە فرمانی ئاغا پێویستە ئافرەتێکی شۆخوشەنگ بۆ برایمۆک پەیدا بکات.

ئەم ڕۆمانە وێڕای ئەو کارەکتەرانەی ئاماژەم بۆ کردن چەندین کەسایەتی و کارەکتەری تریشی لەخۆ گرتووە کە ڕۆڵێکی چالاک و ئەکتیڤ لە فەزای ڕۆمانەکەدا دەبینن، چونکە نیکۆس کازانتزاکیس لە دەڤەری لیکۆڤریسی و بناری چیای ساراکینادا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی خەیاڵ و کردەی نووسینەوە سەرتاسەری چالاکی و جموجووڵەکانی ژیان بنوسێتەوە، جوانی و مەینەت، خۆشگوزەرانی و بێ دەرەتانی، بۆ نموونە قاوەخانەکەی کۆستانتیس هەمیشە بۆنی قاوە و تووتن و گوڵمەریەمی لێ دێت و خەڵکی ڕووی تێدەکەن و نێرگەلە بانگ دەکەن و شەوانی زستانیش دەبێتە مەفتەنی قسە و باس و وتی وتی...، یان دوکانی گۆشتفرۆشی دیمیترۆسی شەلە کە تابلۆی «وەرنەوە بۆ سەروپێی تازە»ی هەڵواسیوە، [دیمیترۆس هەموو ڕۆژێکی شەمووان گوێرەکەیەک سەردەبڕێت، بەڵام بەر لەسەربرینی قۆچی گوێرەکەکە بە ڕەنگێکی زەرد بۆیە دەکات. نێوچەوانی ڕەنگ دەکات، پەتێکی سوور بە ملییەوە گرێ دەدات، ئەوسا شەلە شەل ئاژەڵەکە بە کۆڵانەکانی گونددا دەگەڕێنێ و پێیدا هەڵدەدا.]، یان وەسفی دوکانی ئانتۆنیسی سەرتاش و ددانکێش، چارا لامبۆسی زێوانی کڵێسا، هاجینیکۆلیسی برای قەشەی گوند و مامۆستایە، مەرگی کاپتن تۆفان، تۆفان لەگەڵ ئاغا و میراخور دەدادەنیشت و دەیخواردەوە، دواجار پێش مردنی هەموو کەلوپەلەکانی خۆی بە خەڵکی بەخشی، ئەوەی ڕاستی بێ کازانتزاکیس لەم ڕۆمانەدا چەندین بابەتی جۆراوجۆری فیکری ورووژاندووە و ژیانی هەر کەسایەتییەکی ئەم ڕۆمانە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەتە، بۆ نموونە یاناکۆسی چەرچی و بووقەکەی، لاداسی پیری پارەپەرست و سووخۆر، کاترینای شۆخوشەنگ کە چۆن مێردە پیرەکەی دەمرێت و دەبێتە بێوەژنێکی سۆزانی، پانایۆتیسی گەچخۆر - کە بە یەهوزای ئەسخریۆتی ناودەبرێت، میکیلیس و عیشقی ماریۆری.. میکیلیس دوای بەخشینی ماڵ و موڵکی باوکی بە پەنابەرەکان ڕوو لە چیاوچۆڵ دەکات و حەز دەکات وەک زاهیدێک بژێت، بە تایبەتی دوای مەرگی ماریۆری حەز ناکات، ڕووی هیچ کەسێک ببینێت و هەڵبەتە پرچی ماریۆریشی لای خۆی پاراستووە و بەردەوام لەگەڵ چرکەساتە لە دەستچووەکانی عیشق و حاڵەتە گیانییەکان دەژێت، هەروەها شالاو و پەلامارەکانی تورک بۆ سەر ڕۆمییەکان لەپێناو تالان و بڕۆ، یان بەرپابوونی پەتای تاعوون و مەرگەساتی بوومەلەزرە، هێرشی پەنابەرانی چیای ساراکینا ڕووەو دەشتی لیکۆڤریس و تالانکردنی کۆگای ئازووقەی نێو ماڵی لاداسی پوولەکی و سووخۆر، پاشان ئاگر تێبەردانی لەلایەن یاناکۆسەوە، یان گۆڕەوی چنینی پەنلوپ و داوودەرمانەکانی مادلینای پەرستاری پیر..

ئەمانە و چەندین بابەتی تر هەن پێویستە خوێندنەوەی تایبەتییان بۆ بکرێت، یان ئاغای تورک پێی خۆشە شەڕی ناوخۆیی لەنێوان ڕۆمییەکان بەردەوام بێت، تا یەکدی لەنێوبەرن و زۆرترین کوشتاریان لێ بکەوێتەوە، من بەشبەحاڵی خۆم دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەستم کرد نیکۆس کازانتزاکیس هەوڵی داوە وەک پسپۆر و دەروونناسێک خەیاڵی زمان بخرۆشێنێت و لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان و لایەنی دەروونی و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بەشێوەیەکی شیکاری بخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەوە دەق جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە دەسەڵات هەمیشە بەهۆی ستەم و زەبروزەنگ، ئاژاوە و دووبەرەکی دەنێتەوە و لێناگەڕێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوونی هەبێت، جگە لە ڕەفتاری توندڕەوانەی مرۆڤ و خەسڵەتی هەڵپەرستانە و پوولەکییانەی، کەواتە لە کۆمەڵگە نادادپەروەرەکانی ئەم جیهانەدا ڕۆژانە مەسیح لەخاچ دەدەنەوە!

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: مەسیح لە خاچ دەدەنەوە.**

**ڕۆمانی: نیکۆس کازانتزاکیس.**

**وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.**

**چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.**

# دیوانە نوێیەکەی سامی عەودالّ و چەند ڕاستییەک

**جەواد حەمەد بەگ سالّح**
**(کۆیە)**

بەڕێز دکتۆر کەمال مەعرووف لە دووتوێی کتێبێکی قەبارە گەورە (٢٤×١٧)سم کە (٦٣١) لاپەڕە لەخۆ دەگرێت، دیوانە تازەکەی (سامی عەودالّ)ی خستە بەر دیدی خوێنەرانەوە کە (٣٢١) چوارینە و (٥٢٧) هۆنراوەی هەمەجۆرەی تێدا تۆمار کراوە، وێڕای کۆکردنەوە و نووسینی پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە، بەخۆی پیتچنی و نەخشەسازی بەرگەکەی کردووە. ئەم کارە مەزنەی دکتۆر بەڵگە و پاساون بۆ ماندوویەتی و شەونخوونی ئەو دەنوێنن و گەواهی بۆ دەدەن، بۆیە لە ئاستی خۆمەوە دەستخۆشی لێدەکەم و سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم.




پاش دەرچوونی ئەم کتێبە زۆر بە وردی یەکە یەکە چوارینە و سەرجەم هۆنراوەکانم خوێندەوە، لە کاتی خوێندنەوە و دوای خوێندنەوەی، کۆمەڵێک ڕاستی و تێبینیم لەلا بەرجەستە بوون، دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم ڕاستی و تێبینییانەی من هەرگیز تۆزقاڵێک لەم کارە بەرز و بە نرخەی دکتۆر کەمال و بایەخ و بەهای کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەچێتە خانەی ئەوەی کە هیچ کارێک لە دنیا نییە لە کەموکوڕی بەدەر بێت، بەتایبەتی کارێکی وا گەورە کە لێوانلێوە لە ماندووبوون و شەونخوونی. لێرەدا هەندێک لەو ڕاستی و تێبینییانەم دەخەمە ڕوو:

(١) لە هەمبەر ژمارەی هۆنراوەکان، بەڕای دکتۆر ئەم دیوانە تازەیە هەموو شیعرەکانی سامی عەودالّی لەخۆ گرتووە، ئەوەتا لە لاپەرە (٧)یدا دەڵێت: (شیعرەکانی ئەم دیوانە کە کۆکراونەتەوە، هەموو شیعرەکانی شاعیری بەخۆ گرتوون، تەنیا هەندێ لە چوارین و شیعرە هزرییەکانی نەبن، کە گوڵبژێرم کردوون، هەندێ شیعری لاواز و هەندێ دەستەواژە و وشەی دزێوم فەرامۆش کردوون کە بۆ بلاوکردنەوە ناشێن...)

بەر لەوەی بچمە سەر گفتوگۆکردن لەسەر ئەم ڕایەی دکتۆر، خاڵێکی گرنگی پەیوەست بەم بابەتە هەیە کە شایستەی ئاماژە پێدانە:

مامۆستا ڕەفیق مەجید عەبدولّلا لە بەهاری ١٩٨٤دا شیعرەکانی سامی عەودالّی کۆکردەوە، سامی

عەودالّ سەرجەم دەفتەرە دەستنووسەکانی پێداوە، ژمارەیەکی زۆریشی لە شیعرەکانی لەم لاو ئەولا کۆکردەوە، لەم کاتانەدا من ژمارەیەکی زۆری شیعرەکانی سامی عەودالّم لابوو، کە لە سالّی (١٩٦٧) و ئەوکاتەی قوتابی خانەی مامۆستایانی هەولێر بووم و هاموشۆیم دەکرد و هۆنراوەکانیم وەردەگرت و بە گوێرەی توانام دەمنووسینەوە، کاتێک مامۆستا ڕەفیق کە ئەو کاتە مامۆستای زمانی عەرەبی قوتابخانەی دواناوەندیی کوڕانی کۆیە بوو ئەو کارەی کرد، من سەرجەم شیعر و دەفتەرە دەستنووسەکانی تایبەت بە سامی عەودالّ کە لای من پارێزراو بوون خستنمە ژێر دەستی شاعیر خۆیەوە، ئەویش لەلای خۆیەوە گەیاندییە مامۆستا ڕەفیق مەجید، مامۆستا ڕەفیق مەجید توانی شیعرەکانی سامی لە دووتوێی دەفتەرێکی دەستنووسی گەورەدا (٣٠×٢٠)سم کۆ بکاتەوە کە (٤٠٥) لاپەڕەی بۆ شیعرەکانی تەرخان کردبوو (١٧٨٩) شیعر و چوارینەی لەخۆ گرتبوو، هەروەها (٦٢) لاپەڕەشی بۆ پێرست تەرخان کردبوو، لەسەر ڕەزامەندیی شاعیر بەناوی (حدیقة الأفکار) ناوزەد کرا (باخچەی بیران)، شاعیر بۆیە بەم ناوونیشانە ڕازی بوو، چونکە پێشتر کۆمەڵێک کتێبی دەستنووسی ئامادە کردبوو، گەورەترین دەستنووسی کە زۆرترین ژمارەی هۆنراوە و چوارینەکانی لەخۆ گرتبوو. لەبەرایی سالّی (١٩٨٥) دوای ئەوەی مامۆستا ڕەفیق مەجید کۆتایی بە کارەکەی هێنا و (حدیقة الأفکار)ی ڕادەستی سامی عەودالّ کردەوە، شاعیر دایە من و داوای لێکردم کە پێداچوونەوەی بۆ بکەم و ڕاو و بۆچوونەکانمی لەسەر تۆمار بکەم، خەت ناخۆشی شاعیر، کۆنی و ڕزینی هێندێ لە دەفتەرە دەستنووس و هۆنراوەکانی، زۆری هۆنراوەکانی و لێک چوونیان، کە تەنانەت وا ڕێککەوتووە بۆ پێنج هۆنراوە، یان پتر یەک ناوونیشانی بۆ داناون ئەمانە وایان کردووە مامەڵەکردن لەگەڵ هۆنراوەکانی سەخت و ئاستەنگ بێت، هەرچۆنێک بێت ئەوەی بۆم کرا کردم، خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم و ڕاستی بکەمەوە ئەویش ئەوەیە: مامۆستا ڕەفیق مەجید لەسەر بەرگی (حدیقة الأفکار- باخچەی بیران) وای بۆچووە کە سامی عەودالّ لە (١٩٤٧ تا ١٩٧٥) لە هەولێر ماوەتەوە، ڕاستییەکەی سامی عەودالّ لە سالّی (١٩٥٠) چووەتە هەولێر و لە (١٩٧٢) گەڕاوەتەوە کۆیە، لەم کاتانەی کە پێداچوونەوەم لە (باخچەی بیران) دەکرد، داوام لە شاعیر کرد ڕێگام پێبدا هەندێک لەو هۆنراوانەی کە مامۆستا ڕەفیق مەجید لەنێو دەستنووسەکەدا ئامادەی کردووە، بنووسمەوە، زۆر بە خۆشحاڵییەوە ڕێگای پێدام و منیش ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە هەزار شیعر و چوارینە نووسینەوە، جگە لەو شیعرانەی کە پێشتر لام بوون و تاوەکو ئێستاش لەلام پارێزراون، مەبەستم لە خستنەڕووی ئەم کارە جوامێرییەی دکتۆر ڕەفیق مەجید بۆ ئەوە بوو کە بە بەڵگە بیسەلمێنم شیعر و چوارینەکانی سامی عەودالّ گەلێک لەم شیعر و چوارینانە زیاترن کە لە دیوانە تازەکەیدا بلاّوکراونەتەوە، ڕاستییەکی تریش هەیە کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە کە زیاتر لە سەد چوارینە و دوو سەد هۆنراوە لەناو دیوانە تازەکەی شاعیردا هەن، کەچی نە لەلای من و نە لە دەستنووسەکەی (باخچەی بیران- حدیقة الأفکار) کە لەلایەن دکتۆر ڕەفیق مەجیدەوە ئامادە کراوە نین، ئەگەر ئەم ژمارەیە لەو چوارینە و هۆنراوانە بخرێتە سەر ئەم (١٧٨٩) چوارینە و هۆنراوانەی کە لە میانی لاپەڕەکانی (باخچەی بیران)دا تۆمارکراون، ئەو کاتە ژمارەی شیعر و چوارینەکانی سامی عەودالّ لە (٢٠٠٠) چوارینە و هۆنراوە تێدەپەڕێ، کەچی لە دیوانە تازەکەی سامی عەودالّ تەنیا (٨٤٨) چوارینە و هۆنراوە هەن، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لە چوارینە و هۆنراوەکانی دووبارە کراونەتەوە کە دواتر ئاماژەیان پێدەدەم و ڕوونیان دەکەمەوە.

٢- هۆنراوەی (بۆ فریبی عاشقان) هۆنراوەی مستەفا بەگی کوردییە، لە لەلاپەڕەی (٢٦٩)ی دیوانە تازەکەی سامیدا دراوەتە پاڵ سامی عەودالّەوە، وێڕای ئەوەی شاعیر ئەم هۆنراوەیەی کردووەتە پێنج خشتەکی (پێنج خشتەکی سامی لەسەر شیعری مستەفا بەگی کوردی) لەلاپەڕە (٥٥٣)ی دیوانە تازەکەیدا شاعیر تۆمارکراوە.

٣- بوونی دووبارە بوونەوە: لە کاتی خوێندنەوەی چوارینە و

هۆنراوەکـــان کـــۆمـــەڵێک دووبارە بوونەوەم بە شـێـوازی هەمـەجـۆرە بەدیکرد، لەمانە:

١- هـۆنراوەی (کـــراس کـــەتان) لەلاپەڕە (٣٠٠)ی دیوانە تازەکـەی شـاعـیـر تۆمـارکـراوە، هەر هەمـان هۆنراوە (کـــراس کـــەتان) لەلاپەڕە (٣٤١) دووبارە تۆمارکراوەتەوە.

٢- ئەم هۆنراوە بێ ناوونیشـانەی کە بە نیوەدێری (وا زوڵفی دەژێ لەو دەمی دێ بایی شـەمـاڵا) دەسـتـی پـێـکـردووە لـە لاپـەڕە (٢٠٠) تۆمـارکـراوە، هەمـدیسـان لە لاپەڕە (٢٣٢) دووبارە تۆمارکراوەتەوە.

٣- هۆنراوەی (جارەکی نەبوو) لە لاپەڕە (٣٤٢) تۆمـــارکـــراوە، هەر هەمــــان هۆنراوە لەلاپەڕە (٣٦٦) دووبارە تۆمارکراوەتەوە.

٤- ئەو چوارینەیەی کـە بە نیـوە دێـری (بـە یـادی لـەیـلا و چـاوە بازەکـــەی) دەســـتـی پێکردووە لە لاپەڕە (٤٢٩) تۆمار کراوە، هەمان چوارینـە لەلاپـەڕە (٤٨٠) دووبـارە تۆمار کراوەتەوە.

٥- ئەو چوارینەیەی کـە بە نیـوە دێری (باریان گـەوهەرە ئالیکیـان کـزن) دەسـتـی پێکردووە، لەلاپەڕە (٤١٧)دا، هەمـــدیســـان دووبارە لەلاپەڕە (٤٧٧) تۆمار کراوەتەوە.

٦- ئەو چوارینەیەی کـە بە نیـوە دێری (کـــارت ناشــیـــرین و وەها بزێوی) دەسـتی پێکردووە، لەلاپەڕە (٤٤٢) تۆمـــار کـــراوە، هەمـــان چوارینـە لەلاپەڕە (٤٧٩) دووبـارە تۆمارکراوەتەوە.

٧- ئەو چوارینەیەی کـە بەنیـوە دێری (نەفـــسـی خـــۆ بەردان باش نیـیـە) دەسـتی پێکردووە، لەلاپەڕە (٤١٧)دا، هەمـان چوارینە لەلاپەڕە (٤٩٦) دووبارە تۆمارکراوەتەوە.

٨- ئەو چوارینەیەی کـە بەنیـوە دێری (تێگەیشتن نەبێتن زانا قەدری چی هەیە)، دەســـتی پێکردووە و لەلاپەڕە (٤٢٠)دا تۆمـــار کـــراوە، هەمـــان چوارینە لەلاپەڕە (٤٧٩)دا دووبارە تۆمار کراوەتەوە.

٩- هەندێک لە چوارینەکـــان لە خـــانەی (بەشی) چوارینەکــــان سەربەخۆ تۆمارکراون، کەچی هەمان ئەم چوارینانە وەک دەســـتـــپـــێـک خـراونەتە سـەر هۆنراوەی دیکە، ئەم دۆخـــە زۆر بەرچاو دەکـــەوێت و ناکـرێت لێـرەدا هەمـوویان بخـەمـە ڕوو، تەنیا دوو نموونە دەهێنمەوە:

**نموونەی یەکەم:**

١- لـەلاپـەڕە (٦٨)ی دیـوانـە تازەکەی شاعیردا، لە هۆنراوەی (بۆ چاوت پڕ نابتـــەوە) ئەم چوارینەیە وەک دەســـتــپـــێـکی هۆنراوەیەک تۆمـارکـراوە، هەر هەمـان چوارینەش لە خـانەی تایبـەت بە چوارینەکـان سـەربەخـۆ لە لاپەڕە (٤٠٢) تۆمـار کراوەتەوە.

ئەمــــــانەش نموونەی هـۆنراوە و چوارینەکەیە:

هۆنراوەکـــە لەژێر ســەردێری (بۆ چاوت پڕ نابتەوە)

**(دەوجا بەسە سەرمایەدار**
**هەتا کەینێ زێڕ و دۆلار**
**تابوتیشت وابوو بە زێڕ**
**هەتاکەی زێڕ و زەوی و زار**
**بەسیە موڵک و خۆ تۆ خوا نی**
**ببیە یەزدانی ئینسانی**
**ببیە خاوەنی جەهەننم**
**یا بەهەشتی گوڵ و گوڵزار)**

... بـەم چەشـنـە تـا کــــۆتایـی هۆنراوەکە.

لاپەڕە (٤٠٢) خـــانەی (بەشی) چوارینەکان:

**(دەوجا بەسە سەرمایەدار**
**هەتا کەینێ زێڕ و دۆلار**
**تابوتیشت وابوو بە زێڕ**
**هەتاکەی زێڕ و زەوی و زار)**

* * *

٢- **نمــوونـــەی دووەم:** ئـــەویـــش چەشنی نموونەی یەکــــەم دووبارە بـووەتـەوە. لـەلاپـەڕە (١٥١) ئـەم چوارینە وەک دەسـتپێکی هۆنراوەکە تۆمـارکـراوە و لەلاپەڕە (٤٢٢) لە خـــانەی بەشی چوارینەکـــان وەک چوارینەیەکی سەربەخۆ تۆمار کراوە:

لاپەڕە (١٥١):

**(من بەبێ بابو تۆ بەبێ داکی**
**یارێ پەیدا کـەین وەک عـەمـەل چاکی**
**تا ڕەفیق بێتن بۆ من و بۆ تۆ**
**بۆ وەقت بڕوا وابەبێ باکی**
**لە شەودا ماتم خەو وەکو مەرگە**
**خــــــۆ بـەیـان واهات ڕێـی بە ڕووناکی)**

بەم چەشنە تا کـۆتایی هۆنراوەکە.

لـەلاپـەڕە (٤٢٢) کــــــــە وەک چـوارینـەیـەکی ســــــەربـەخــــۆ تۆمارکراوەتەوە:

**(من بەبێ بابو تۆ بەبێ داکی**
**یارێ پەیدا کـەین وەک عـەمـەل چاکی**
**تا ڕەفیق بێتن بۆ من و بۆ تۆ**
**بۆ وەقتت بڕوا وا بەبێ باکی)**

١٠- لە وشـە و دەسـتـەواژەکـاندا هەڵـەیەکی زۆر بەرچاو دەکــەوێت، ئەگـــەر ئەم هەڵانە هەڵەی تایپ و کـۆمـپـیـوتەریش بن ناکـرێت ڕاست نەکرێنەوە.

**لێرەدا ناکرێت سەرجەمیان بخەینە ڕوو، تەنیا دوو نموونە دەهێنمەوە،**
**نموونەی یەکەم:**
(باخچەی بیران- حدیقة الأفکار). لە لاپەڕەی (٣١١) دیوانە تازەکەی شاعیردا بەهەڵە بە (باخچەی پیران) تۆمارکراوە، هەمان هەڵەش لە پێرستی لاپەڕە (٦٢٢) دووبارە کراوەتەوە.
**نموونەی دووەم:**
لەلاپەڕە (١١٠)ی تایبەت بە هۆنراوە کۆمەڵایەتییەکان وشەی یەکەمی نیوە دێری هۆنراوەی یەکەم نووسراوە: (ئەخلاقی پیاوی گچکە دیارە بە قەد خۆیەتی، پیاوێکی زل غەلەت کا عالەمی زۆر ڕۆ ڕۆیەتی) (ئەخلاقی) هەڵەیە، ڕاستییەکەی (ئەغلاتی پیاوی گچکە)یە، هەمان هەڵەش لە پێڕستی ڕیزبەندی (ژمارە ٧٩) تایبەت بە خانەی شیعری کۆمەڵایەتی لاپەڕە ٦٠٦، دووبارە بووەتەوە.

١٠- لەکاتی خوێندنەوەی هۆنراوەکان، بەتایبەتی ئەو هۆنراوانەی کە لە دێرزەمانەوە کاریگەرییان لەسەرم نواندووە، تێبینیم کرد هەندێک لەم هۆنراوانە چەند وشە و زاراوەیەکیان گۆڕاون و قرتانیان پێوە دیارە، لێرەدا هۆنراوەیەک دەکەمە نموونە کە ناوونیشانی (عەشقی لەیلا) لەخۆ دەگرێت، وەلێ ئەم هۆنراوەیە لە دیوانە تازەکەی سامی عەودالّدا کە لەلاپەڕە (٢٨٥) بەبێ ناوونیشان تۆمار کراوە، لەنیوەدێری سێیەمی هۆنراوەکە بەم شێوەیە تۆمار کراوە:
**(کفنم بدرویّ بە زولفانی کۆریکا چاوی حەسودان)**

بەڵام لەلای من و باخچەی بیران (حدیقة الأفکار) و دەستنووسێکی تردا کە بە خەتی بەڕێز مودریک ژاڵی نووسراوەتەوە، ئەم نیوەدێرە بەم شێوەیە تۆمار کراوە:
**(کفنم بدرویّ بە زولفان، لەجێی زەمزەم و ئاوی گولاّن).**
هەر هەمان هۆنراوە لە دەستنووسەکەی لای من و دکتۆر ڕەفیق مەجید بەم دێرە کۆتایی پێهاتووە:
**(عاشق بە سام و مەردانە، لەناو ناڵین و دەردانە**
**عاشق نەگەن بەمەخسوودیان لە ژیندا کورت و درێژن)**

وەلێ ئەم دوادێرەی هۆنراوەکە لە هۆنراوەکەی ناو دیوانە تازەکەدا نییە و بەدی ناکرێت، من وای بۆ دەچم کە ڕاستییەکە لای ئێمە بێت بە بەڵگەی ئەوەی کە سامی عەودالّ لە کۆتایی هەر هۆنراوەیەکیدا ناوی خۆی هێناوە. جگە لە قافیەی هۆنراوەکەش.

١١- بەرای من دەبوایە دکتۆر کەمال مەعروف سەرجەم شیعرەکانی سامی عەودالّ بە چاک و خراپەوە تۆمار بکردابایە، چونکە تەنیا شاعیر خۆیەتی لێیان بەرپرسە، هەروەک پێشینان دەڵێن: (ماڵی قەڵپ سەر بە خاوەنەکەیەتی)، باخوێنەر و باسکاران زیاتر وێنەی سامی عەودالّ و واقیعی ژیانیان بەدی بکردایە، با خوێنەر و باسکاران شیعرەکانی شاعیریان تەتەڵە بکردبایە، مەرج نییە شاعیر و نووسەران سەرجەم گوتە و نووسینەکانیان چاک و پاک و لە هەڵە و کەموکوڕی بێگەرد بن، هەڵە و کەموکوڕی بەشێکن لە ژیان و ڕەفتار و کار و نووسینیاندا.

لە دووماهیدا دەڵێم: ئەگەر ئەم کارەی دکتۆر کەمال مەعرووف زۆر لام مەزن و پیرۆز و گرنگ نەبوایە، هەرگیزاو هەرگیز بەم شێوازە ورد نەمدەخوێندەوە و ئەم ڕاووبۆچوونانەشم لا بەرجەستە نەدەبوون، هەر نووسینی بەهێز و بەپێز و سەرکەوتووە لەسەری دەنووسرێت و دەنگدەداتەوە.

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# «ڕامان» وەک ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی نووسینی کوردی

**وریا ئەحمەد**

ئەمڕۆ گۆڤاری ڕامان لە دنیای ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ناوێکی دیارە و بگرە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانەکەشیەتی، گۆڤاری ڕامان لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندی خۆی پاراستووە و دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ خاوەن کەسایەتی خۆیەتی، چ لە ڕووی ئەلف و بێی نووسین و نەبوونی هەڵەوە بێت، یان لە ڕووی ئاستی ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکاتەوە، تا دەگاتە هەڵسوکەوتی ستافی گۆڤارەکە کە بە ڕوویەکی خۆش و بەڕێز و حورمەتەوە پێشوازی لە میوانانیان دەکەن، بە تایبەتی کاک ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسەر کە خەمە گەورەکەی ئەوەیە گۆڤارەکە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاواز بێت، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە شەونخوونی دەکات و بەو پێیەی چەندین ساڵە هاموشۆیان دەکەم، لە ڕاستیدا کەسێکی لە ڕادەبەدەر ماندوونەناس و دڵسۆز و عاشقی کارەکەیەتی، دەبێ هەموو نووسینەکان بخوێنێتەوە و تێبینی خۆی لەسەریان بنووسێت، بەداخەوە بەو هۆیەوە هەست دەکەم جار دوای جار چاوی ڕووی لە کزییە.

لە گۆڤاری ڕامان شوێنی (هونەر) جێگیرە و هەر جارەی نووسەرێک، یان زیاتر لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا بۆی دەنووسن، بۆ خودی خۆیشم کاتێک دوای (٧-٨) ساڵ ئاوارەیی و دوورە وڵاتی بە یەکجاری بۆ باوەشی کوردستان گەڕامەوە، کاک ئازاد چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ئەنجامدام، ئینجا چەندین ژمارەی گۆڤارەکەیشی بە سوپاسەوە بە دیاری پێشکەش کردم، بە تایبەتی ئەو ژمارانەی تێیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ هونەرمەندانی وەک: شڤان پەروەر، ئەنوەر قەرەداغی، ناسری ڕەزازی و هی دیکەیش ئەنجام دابوو، لە ڕاستیدا ئەو چاوپێکەوتنانە کە بە نەفەسێکی درێژ ئەنجامی داون، سەیرم کرد وەک هونەردۆستێک زۆر زیرەکانە پرسیاری ئاراستە کردوون و بە وردی دوای وەڵامەکانیشیان کەوتووە و لەوانیشەوە پرسیاری دیکەی دروست کردووە و ئاراستەی کردوون، دواتریش هەندێ لەو چاوپێکەوتنە درێژ و نایابانەی وەک (نامیلکە)ی سەربەخۆ بڵاوکردووەتەوە.

ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور بەدەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە و...تاد دەردەچن و بڵاودەبنەوە، زۆرێک لەوانە تا ئەمڕۆ دیمانەیان لەگەڵدا کردووم، بەڵام بە ئەمانەتەوە دەیڵێیم: تا ئەمڕۆ کەم چاوپێکەوتنی وەک ئەوەی کاک ئازادم لەگەڵدا ئەنجام دراوە! کە لە زۆر ڕووەوە وەک ئەو چاوپێکەوتنەی ئەو باش بووبێت. بۆ نموونە لەو چاوپێکەوتنەی کاک ئازاددا کەمی، یان دەگمەنی هەڵەی نووسین لە کاتی بڵاوکردنەوە بەدی دەکرێت، بۆ ئەو پرسیارانەش کە دیارە هەڵیان دەبژێرێ و دیارە زووتر پلانی بۆ داڕشتووە و بیری لێ کردوونەتەوە، بۆیە دەزانێت چی لەهونەرمەندەکە دەپرسێت، دواتریش وەک گوتم: پێ بەپێ ئاگاداری وەڵامەکانی هونەرمەندەکەیە و زیرەکانە لەگەڵی دەبێ و دواتر لە وەڵامەکانییەوە پرسیاری تری زیرەکانە دەوروژێنێت، کە ئەمەش بەڕای من لەوەوە هاتووە ئەو مرۆڤە هونەردۆستە و لە دنیای موزیک و ئاواز و مەقامیش بەتایبەتی باکگراوندێکی باشی هەیە، بۆیە بەو پێیە بە قووڵی دەچێتە ناو کاکڵەگوێزی بابەتەکانەوە و بەو نەفەسە درێژەش دەیکا، ئەمەش بێ ئەوەی هونەرمەندەکە بێ تاقەت بکات، یان لەسەر دڵی گران بێت.

بۆیە بەو هۆیانەوە ڕامان چاوەنواڕی زیاتری لێ دەکرێت و خۆزگە لێرەودوا وەک (دەزگا) ئاوڕی دڵسۆزانەی لێ بدرێتەوە، مەبەستم وەک هەندێک دەزگای دی ببێتە خاوەنی جێگە و ڕێگەی شیاوی خۆی، تا بتوانێت لەو کەشە لەبارە نوێیەدا ئەسپی داهێنانی خۆی زیاتر تاوبدات و وەک هەمیشە و وەک ئەمڕۆ جێگەی شانازی هەمووان بمێنێتەوە.



# نامەیەک لە شاعیری جوانەرگ (دڵشاد مەریوانی)یەوە

**ئا: تاهیر عوسمان**

ساڵی ١٩٨٣ کە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم نامەیەکم بۆ خوالێخۆشبوو دڵشاد مەریوانی شاعیر نارد، بەڵام دیار بوو من بە ئەدرێسێکی هەڵە ناردبووم، بۆیە شاعیری جوانە مەرگ نامەکەی زوو بەدەست ناگات و درەنگ وەڵام دەداتەوە. بەداخەوە نە من بوارم هەبوو نامەی زیاتری بۆ بنێرم و دڵنیای بکەمەوە کە وەڵامەکەیم وەرگرتۆتەوە، نە دەستی ڕەشی دوژمنان مۆڵەتیان پێدام ئەوکاتە سەردانێکی سلێمانی بکەم و ڕووبەڕوو ببینم، چونکە هەر زوو ئەو دەنگە زوڵاڵەی شیعری کوردی کپ کراو بە ناهەق شەهید کرا. هیوادارم ئەو نامەیە یادکردنەوەیەکی بچکۆلەی ئەو شاعیرە جوانەمەرگە بێ.

**تاهیر عوسمان**
**هەولێر**
**٢٠١٠/١٢/١٥**

**برای ئازیز کاک تاهیر عوسمان ڕێز و نەوازش**

سڵاوی گەرم و ڕێز

چاوەکەم... ڕۆژی 17/8/1983 لە سەردانێکی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی نامەیەکی تۆیان دایە دەستم، بەداخەوە کە تێم ڕووانی بەمێژووی 26/6/1983 نووسیوتە، دیارە ئەمە ماوەیەکی زۆرە و پێی سەخڵەت بووم.. لە ترسی ئەوەی نەوەکو تۆ وات لێک دابێتەوە گوایە من لەبەر هۆیەک «ناشایستە» وەڵامەکەم دواخستبێ. بە هەرجا داوای بەخشین دەکەم وا هەر لێرە دانیشتم و ئەم وەڵامە خاکییەم بۆ نووسین.

خۆشحاڵم بەناسینت، خۆشحاڵم بە خولیای پیرۆزی ئەدەب دۆستیت. ئامادەی هەر کار و خزمەتێکیشم لە سنووری دەسەڵاتی مندا بێ.

ڕێزم بۆ خێزان و هاوڕێ و دۆستانت.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن

**براتان: دڵشاد مەریوانی**
**17/8/983**

ئەدرێسم: السليمانية، ثانوية سرچنار للبنين، المدرس دڵشاد مەریوانی.






# ئایا شیعر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی وەردەگێڕدرێ؟

ئەحمەد دڵزار



زۆرجار ئەم پرسیارەیان ئاراستە کردووم و گەلێ کەس بەلایانەوە زەحمەتە وەرگێڕ بتوانێ هەست و سۆز و جوانکارییەکانی شیعر بگوازێتەوە و ئیستێتیکای شیعرەکە بپارێزێ.

بەڵێ شیعر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی وەردەگێڕدرێ ئەگەر ئەو وەرگێڕە بە باشی هەردوو زمانەکە بزانێ و بە تەواوی لە دەقە شیعرییەکە گەیشتبێ و حەز بکا وەری بگێڕێ و ئاگادارییەکی لە هونەری شیعریشدا هەبێ. من هەندێ جار شیعریش وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی، بەو مەرجەی باشی تێگەیشتبم و کاری تێ کردبم، وەک (١٠٨) لە دوو بەیتییە شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی کە لە زاراوەی لوڕییەوە کردوومن بە کرمانجی خواروو و هەندێ پارچە شیعری دیشم وەرگێڕاوە.

ئەمەش چەند نموونەیەکن:

**١- مسلسل زلف بر رو ریته دیری**
**گل و سنبل بەهم آمیته دیری**
**پریشان چون کری آن تاری زلفان**
**بەهر تاری دلی آویته دیری**

(باباتاهیر)

**بەسەر رووتا زوڵف قەف قەف ڕژاوە**
**کەوا سومبول بەگوڵ تێکەڵ کراوە**
**پەرێشان چون دەکەی تۆ تاری زوڵفان**
**بە هەر تارێ دڵێ هەڵواسراوە**

**٢- دوچشمونت پیالە پر زو می بی**
**دو زلفونت خراجی مولکی ری بی**
**همی وعدە کری امروز و فردا**
**خدا زونە کە فردای تو کی بی**

(بابا تاهیر)

**دوو چاوت پیاڵەی لە باڵەب مەیە**
**دوو زوڵفت خەراجی وڵاتی ڕەیە**
**هەموو دەم دەدەی وەعدی ئەمڕۆ سبەی**
**خودا خۆی دەزانێ سبەی تۆ کەیە؟**

٣- موتەنەبی وەسفی ئازایەتی سەیفولدەولە دەکا لە مەیدانی شەڕدا:

**وقفت وما فی الموت شک لواقف**
**کانک في جفن الردی وهو نائم**

(موتەنەبی)

**وەستاوی بەڵام هەچ کەسی بوەستێ بێ شک مردووە**
**دەڵێی لە پێڵووی چاوی مەرگدای، ئەویش نووستووە.**

٤- ئەمەش وەرگێڕانی شیعرێکی بایرۆنە کە دەقەکەیم لەلا نییە:

**هەزار بریا دەمی تێکڕای کچانی جوانی دنیایە**
**دەمێ بوایە و بە کامی دڵ ئەمن ماچم بکردایە**

٥- فیردەوسی دەڵێ:

**ترقها تروقی عمودی گران**
**زمین شد ببازاری آهنگران**
**لە زرمە و تەق و تۆقی گورزی گران**
**زەمین بوو بە بازاڕی ئاسنگەران**

بەلای منەوە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر لە دەقەکان نزیکن.